# گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق

## "دەستەی کورد"

KITAB - I ARZAN
Barnarpsgatan 31
553 16 Jonkoping/Sweden
Tel. (+46) 36-14 80 31
Telefax: (+46) 36-71 09 99
Mobil: (+46) 70-492 69 24

بەرگی هەژدەهەم و نۆزدەهەم ١٩٨٨

---

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق

بەغدا

**دەستەی نووسەران :**

دکتۆر جوامێر مجید سلیم ـ سەرۆك

دکتۆر حسن کتانی ـ ئەندام

عبداللطیف عبدالمجید گلي ـ ڕازگر

# مێژووی ئەردەڵان

نووسینی :

ماهشەرەف خانم «مەستوورە»ی ئەردەڵانی

د. حسن جافو شوکور مستەفا لە فارسی‌یەوە
کردوویانە بە کوردی

سوپاس شایانی خودایێکە لە کەس نەبووەو نامرێ ، هەر دەمێنێ‌و لە نەمان نایە ، ئەفرانکارێکی لە پاکیدا بێ‌هاوتا ، ڕۆزی‌دەرێکی لە هەموو ئاکارێکی‌دا تاک‌و تەنها . « سبحان الذی لم یلد ولم یولد ولم یکن له کفوا أحد » ، هەبوویێکە سەرپەنجە لە ڕوونکردنەوەی سوپاسی‌دا لاڵ ، پەرستراوێکە خامەو زمان لە سوپاس‌نووسینی‌دا شەرمەزارەو ئارایشتی‌ڕوخساری ئاخاوتن لە پەسن‌و پێداهەڵگوتنی ئەوە ، ڕازاندنەوەی ئەگریجەی قسان بە پەرستنی ئەوە . چامەی شایستەی سوپاسی ئەوێ بە بیری هیچ کەسێک‌دا نەهاتووە ، زمانی هیچ خاوەن هۆش‌و بیرێ بە هیچ هەڵبەستێ ، شیاوی سوپاسی ئەو بێ هەڵنەهاتووە ، ئاوەزی بە ئاوەزان لە ستایشتی‌دا گێژو سەراسیمە ، بەهرەی بەهرەمەندان لە پێداهەڵدانیدا پەشێوو سەرگەردان ، دیباچەی بەرەبەیان لە پرتەوی نووری حەزرەتی خۆیەتی ، تیشکی سەردێری ئەوین لە ڕۆشنایی گەشی پێشەنگی ڕوخساریەتی « الله نور السموات والأرض مثل نوره کمشکاة فیها مصباح ، المصباح في زجاجة » ، بە هەستی پەستو نزمەوە دەم لە وەسپو ئاکارگێڕانەوەی کارێکی بێ‌جێ‌و ناشایانەو بەم هەستە پەستەمان پەسن‌و ستایشتی ئەو وەهم‌و خەیالە،پەسن‌و وەسپی بە ترازووی هۆش هەڵناسەنگێ‌و

ناساندنی له بنچینه‌ی بیردا ناگونجیٔ ، « سبحانك لا أحصی ثناءاً علیك أنت کما اثنیت علی نفسك ، فلك الحمد حتی ترضی ، ولك الشکر حتی رضیت » •

هه‌لبه‌ست

که وه‌سپی ئه‌و به گوتن دوایی نایێ
ئه‌وه چاکه زمان له مه‌لاشوودا بمایێ

دروودی بێ پایان بۆ یه‌کەم به‌ری خامه‌ی توان ، بنیچه‌ی بنه‌ماڵه‌ی په‌یامبه‌ری ، هۆی داهێنانی هه‌ردوو گه‌ردوون‌و شاسواری مه‌یدانی هه‌ردوو دنیای جنۆکه‌و ئینسان ، گه‌وره‌یێکی ئه‌گه‌ر له‌به‌ر بوونی ئه‌و نه‌بوایه ، هیچ بوویێك نه‌ده‌بوو ، به کام‌گه‌یشتوویێکی ئه‌گه‌ر مه‌به‌ست له ئه‌فڕاندنی دنیا زاتی به‌خته‌وه‌ری ئه‌و نه‌بوایه ، خامه‌ی چاره‌نووس هیچ ئه‌فڕانده‌یێکی له‌سه‌ر تاتی توانی بوو نه‌ده‌نووسی ، هۆی ئه‌فڕاندنی دایکه حه‌واو باوکه ئاده‌م ، مایه‌ی گووراندنی تات‌و خامه هه‌ر ئه‌وه « لولاك لما خلقت الجن والانس والأفلاك » •

هه‌لبه‌ست

محمد شه‌هه‌نشایی دنیاو دین
شه‌فیعی گوناه ، شافیعی موزنیبین

اللهمّ صلّ علی رسوله المبشّر وآله المکرم المطهّر

ئه‌وجا له پاشان :

منی هه‌ژاری هیچ ، مه‌ستووره‌ی ئازاد ، کیژی خودالیخۆشبوو ئه‌بولحه‌سه‌ن به‌گ‌و نه‌وه‌ی نیهادپاکی موحه‌ممه‌د ئاغای کوردستانیم خودا گلی گۆڕیان پڕ گوڵاوکا ، عه‌رزی زانایانی به‌ده‌م‌وپل‌و به‌هره‌مه‌ندانی هونه‌ر فره‌وانان ده‌که‌م،پاش ئه‌وه‌ی له سای لاسامه‌ی سه‌رڕێژی خودای هه‌مووشتێ هه‌ورازترو له په‌نای به‌زه‌یی‌و میهره‌بانیی داوه‌ری بێ‌هاوتا له زگی دایکمه‌وه که‌وتمه باوه‌شی په‌روه‌رده‌ی باوکمه‌وه‌و،نیوه‌شیر.ڕه‌حمه‌ت له‌و گۆڕه پاکه‌ی له فه‌ڕی نه‌خشی تیوچاوانی به‌هره‌و هێزی بینای به خشنده‌گی‌و له به‌ره‌که‌تی

ئـەو ئەختـەری چلەپۆپەی زانستو خۆری گەردوونی ئاوەزە کە مەیلی سروشتیو شەوقی ڕاستەقانیی لە پەروەردەکردنی منداڵانو بەهێـزکردنی جگەگۆشاندا زۆربوو ، بە تایبەت منی یەکەم گوڵی ئەو گوڵشەنەو نوخشە نەمامی ئەو چەمەنە کە دەستم خامەی ئاشنایی گرتو چاوم بە نامەی ڕۆشنایی هەڵێنا ، ناوبەناو مەیلی سروشتیمو ئارەزووی زگماکم بە متاڵای کتێبان دەبزووت ، تا ڕۆژێکیان ڕێم کەوتە دیوانەکانی پێشینانو تۆمارو بەیازی پاشینان ، مێژوویێکم لە کوردان دە ستاوێژێکم لە نیشتمانەکەم بەرچاوکەوت . پاش متـاڵاو دوای نامەگۆڕینەوە ، تەماشـام کردو خوێندیشەوە کـە شەرحێکیان لەمەڕ چۆنیەتیی حاڵوباڵی فەرمانڕەوایانی وڵاتی کوردستان(۱) نووسیوە . ئەم نووسینانە ئەگەرچی بە دوورودرێژی نووسراون ، بەڵام بە هۆی ئەوەی ، کە کورتەیێك لەمانەی ماونەوە دوڕی نەسمراو بوو ، منی کەمینە ، کە کەمترین دارخورمای گوڵشەنی ئەم گوڵزارە وەك ئێرەم بنیات نراوە ، پشتاوپشت نەمامی سـایە پەروەری ئەم بنەماڵەیەمو ئێستا بەژنی بەهرەم بـە زێوەری چەندین پشت لەگەڵ ئـەو زنجیـرە پایە بڵینـدەدا ڕازاندۆتەوەو بە سەر قەڵاندۆشکانی شانازیی بە بەزەکی هاوپێوەندی لەگەڵ ئەو بنەماڵە ستایشتکراوەدا ڕازاندراومەوەو بە سروشتی بڵیـسەدارو زەینی ڕەخنەگرانەوە بە دووی درێژەپێدانەوە چوونم بە پێویست زانیو پەرژامە سەر نووسینی ئەم چەند دێڕەو دەنگو باسی پاشەڕۆژ بە خێرو خۆشیو بەختەوەری گوزەڕێنیی زنجیرەی پایەبڵیندی بەنی ئەردەڵانم بە بەشێك کە لە مێژووم هەڵێنجاوەو لە پێشینانم بیستووەو بەرچاوی منی کەمینە کەوتووە، لەم نوسخەیەدا ڕوونکردۆتەوەو لە خوێنەرەوە چاوەڕوانی نزای چاکەم .

**لەمەڕ بنەچەکەی بابا ئەردەڵان**

ئەگەرچی لەمەڕ ڕوونکردنەوەی بنـەچەکەیاندا کێشەیێکی بەربڵاو هەیەو بەشێکی کە لە ماکی بنـەچەکەی ئـەو زنجیرە پایـەبڵیندە پشتی

پێ‌دەبەسترێ ئەوەیە کە : ڕۆژگارێکی زوحاکی ناپاك لە سۆنگەی دڵپیسی ئەهریمەنی‌و هانەهانەی خواستی دەروونی سەرپێچی لە گوێ‌ڕایەڵیی خودای گەورەو لە هەمووشت سەرووتر کردو دەبدەبەی یاخی‌بوونی لە سەرانسەری دنیادا دەنگی دایەوە ، لە تۆڵەی ئەو کردارەی دوو پارچە گۆشت ، وەکو حەزیا لەسەر شانی ئەو شۆفارە نەگریسە دەڕوێ‌و لە ڕادەبەدەر ئێش‌وئازاری ئەو نموونەی شۆفاری‌یە دەدەن ئیبلیسی نەحلەتی دەچێتە کڵێشەی حەکیمێکی بەبەزی‌یەوە کە گوایە چارەسەری دەردی بێ دەرمانی ئەم سپڵەی بێ‌دینە بە لای ئەوەوەیە ، دەڵێ دامرکاندنەوەی نەوس‌و ئاڵهای ئەم حەزیایە لە مێشکی سەری مرۆ دابین‌دەکرێ ، یەکسەر بۆ ئەزموون‌و تاقی‌کردنەوە سەری کابرایێك لە لەشی جوێ‌دەکرێتەوە ، مێشکی ئەو بێ‌گوناهە زۆرلێ‌کراوە دەکا بە هەتوانی ئەو دوو مارەو مارگەلی تایەن دەسرەون .هەنگێ بڕیار دەدرێ هەموو ڕۆژێ دوو کەس لە بێ‌گوناهان بەردەوام بە ئاشپەزی ئەو خوێنخۆرە شۆفارە بسپێردرێ‌و مێشکیان بکرێ بە خۆراکی ئەو دوو مارە . لەبەر ئەوەی کە ئاشپەزی ئەو دڕندەیە لاوێکی بەئاکارو پەسند دەبێ، هەموو ڕۆژێ لاوێکی لە کۆتی مەرگ لەوان ڕەهادەکردو مەڕێکی لە بری وی سەردەبڕی‌و مێشکی لەگەڵ مێشکی ئەو لاوەدا تێکەڵ دەکردو پێشانی دەدا .

ئەوانەی لە تێخی زۆرداری ڕزگاربوون لە ترس‌و سامی زوحاکی ناپاك‌و چەپەڵ بە شەوی تاریك‌و ئەنگوست‌لە چاو ڕوویان لە دوندو ترۆپکی کەژوکێو لاچەپ‌و کەلاوەو بیابان‌و کۆسارانی سەخت‌و دژوار دەکردو لەو شوێنانە خۆیان حەشار دەداو ڕۆژگارو ساڵان‌و چەرخ‌و چاخی دوورودرێژیان بەو ئاوایە دەگوزەراند .

قسەی بەناووبانگ ئەوەیە کە یەك لەوان نێوی کورد بووە ، پاش زاوزێ‌و زنوزن‌خوازی کوردان سەرتۆپیان لەو نیهادپاکە سروشت‌خاوێنە

کەوتوونەوە[٢] لە گەورەگەوران‌و کەلەپیاوانی ئەو هۆزە مەزنە چوار تیرە هاتوونە گۆڕێ : یەکەم‌و هەرە مەزنیان تیرەی گەورەی بەنی ئەردەڵانە کە لەگەڵ سەرتۆپی هۆزو تیرەکانی کورددا ، لە خووورەوشت‌و گەورەیی‌و خوێندەواری‌و کەلەمێردی‌و جوامێری‌و دەهندەیی‌و دەستبلاوی‌دا دەسکیان لەدووناکرێ‌و کەس بە تۆزی قولەپێیان‌دا ناگا • خۆیان بە سایەچەوری سەرلەبەری هۆزو تیرەکان زانیوەو دەزانن .• دووەمیان تیرەی لوڕە کە لە لوڕستان هێوریون‌و هێندیکیان فەرمانڕەوان •

سێیەمیان تیرەی کرماجە[٣] کە بە دەماودەم‌و لە تێو ڕەشەخەلکان بە بابان تێویان ڕۆیشتووە • چوارەمیان تیرەی گۆرانە[٤] کە ئێستاکانێ لە کرماشان نیشتەجێن‌و کوڕەکوڕەی ئازاو دلێریان لێ‌هەلکەوتوون‌و هەمیشە کەلەوەکێشی‌و سەرپێچی‌یان لە زۆرینەی فەرمانڕەوایان کردووەو سەریان بۆ کەس دانەنەواندووە • بەلام زۆربەی پێشینان لەو بڕوایەدان‌و پشتیان بەوە بەستووە کە زنجیری پایەبلندی بەنی‌ئەردەلان لە ڕەچەلەک‌دا دەگەنەوە ئەردەشیری بابەکان[٥] بە گەڕوخولی ڕۆژگار بەرەو ولاتی شام[٦] راکشیون لەوێ‌یان بەسەربردووەو لە سەروبەندی ئیمام حەسەنی موجتەبادا (د) بە فەرمانی ئیمامی سەردەم بە فەرمانڕەوایی ئەیالەتی کوردستان سەرفرازبووەو ئیتر لەو سەردەمانە بەدواوە تەنها تا ئێستاکە ، کە سالی ١٢٦٢ی کۆچی‌یە ، لەم دەوروبەرانەدا لە پیرۆزیی دەستەوداوێن‌بوونی دەروونیی ئەو پشتاوپشت دەبن بە فەرمانڕەواو حوکمڕان • بۆ ڕاستیی ئەم قسەیەیش ئەو گوستیلکە ئاقیقەیە کە بە خەتی کووفی لە سەری هەلکەندراوەو بە ناوی پیرۆزی‌و موفەڕکەوە لەو سەروەرە پایەبەرزە بە دەستی بابا ئەردەلان گەیشتووەو تا ئێستایش بە دەست بنەمالەی شان‌و شکۆداری ئەردەلانەوە ماوەتەوە ، خودا دەولەت‌و شەوکەتیان تا ڕۆژی قیامەت هەر پایەدارکا .• لە کتێبێکی مێژوودا کە مەلا موحەممەدی شەریفی قازیی ئەردەلان دای‌ناوەو

لە نوسخەیەکیش‌دا کە هی خودالێ‌خۆشبوو خوسرەو بەگی کوڕی موحەممەد بەگی ئەردەڵانە ، دەربارەی ئەم بەشە ، نووکی قەڵەم وای ڕوون‌کردۆتەوە کە سەرەتای دەوڵەت‌و فەرمانڕەوایی ئـەم بنـەماڵەیە ، لـە سـەردەمی حوکمڕانیی چەنگیزخانی‌یەکان‌دا ، لە هەرێمی مووسڵ‌و دیاربەکرو ئـەو دەوروبەرانە بـووە • بە گەڕوخولی ڕۆژگارو ڕووداوی ئاسـمانی بابا ئەردەڵان لـە هۆزو خێڵەکانی خـۆی دوورکەوتۆتەوەو بەرەو ڕووکاری شارەزوور هەڵکشیوە • پاش ئەوەی کە لە سایەی فەڕی خودای دادگەرو بەیارای بەهرەو توان‌و لێ‌هاتوویی‌و یارمەتیی بەخت لەو ناوچەو هەرێمانەدا سەربەخۆیی وەدەست‌هێناوەو بووە بە فەرمانڕەواو ماوەییێکیش بە سـەر پالنگان ڕاگەیشتووەو لەو شوێنەدا کە مۆڵگەی کوردی گۆران بووە ، فەرمانڕەوایی کردووە •

لە ئاخروئۆخـری دەسـەڵاتداریتیی چـەنگیزی‌یەکان‌دا ، لە سـای ئازایەتی‌و نیهادپاکی خۆیەوە توانی کۆیەو هەریرو شارەزوورو بابان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی‌و سالانی ساڵ بەشی زۆری کوردستانیان بە دەستەوە بووە •

دەگێڕنەوە : ئـەمیر تەیمووری گورگانی فەرمانڕەوایی کوردستانی جار لە دوای جـار بەرەوڕووی بابا ئەردەڵان کردۆتەوە • بـەڵام ئەقڵی بێ‌خەووش‌و چێژو سەلیقەی ڕاست ئەم قسەیە ناسەلمێنێ ، چونکە سەردەمی فەرمانڕەوایی چەنگیزخانی‌یەکان تـا سەردەمی دەسەڵات‌و توانی ئەمیر تەیـووری گورگانی ماوەییێکی دوورو درێژەو لەگەڵ ئـەم قسـەیەدا ڕێك‌ناکەوێ • خودا هەر خۆی لە ڕاستیی هەموو شتێ ئاگادارە •

بابـا ئـەردەڵان (٧) میرێکی بیروبڕواپاك‌و نیهادخاوێن‌و خـوداێکی سروشت‌چاك‌و باوەڕپتەو بووە ، سەرلەبەری کاتی خۆی بـە خوداپەرستی

بەسەربردووەو هەرگیز هەڵپەی کاری دزێوو ناپەسندی نەداوە • وڵات لە سایەی دادیدا ئاوەدان ، خەڵك لە دەهندەیی‌و دڵاوایی شادمان ، لــە تێو ڕەشەخەڵکاندا بە گەورەو ئاکارچاك بەناووبانگ ، وێڕای دەسەڵاتداری سەرپێچیی لــە دەستوورو گوێبەفەرمانیی کردگار نەکردووەو هەرگیــز دەورو خولی کاری گەنی نەداوە • چەندین ساڵ لە ناوچەکانی کوردستاندا خۆی بە حوکمڕانی‌یەوە سەرقاڵ کردووەو سەرەنجام شەربەتی مەرگی بــە دەسی ساقیی ڕۆژی خۆی نۆشیوەو ڕەختی بەرەو ئاخــرەت تاو داوە • فەرمان هەر هی خۆیەتی‌و هەموو بەرەو ڕووی ئەو دەبینەوە •

### فەرمانڕەوایی کلۆڵی بەنی‌ئەردەڵان

پاش مردنی بابا ئەردەڵان،کلۆڵی کوڕی چووە سەر تەختی فەرمانڕەوایی دام‌ودەزگای ســتەم‌و زۆرداریی لــە قەڵەمڕەوی وڵاتەکــەی پێچایەوە • تەلاری داد لــە سایەی ئــەوەوە دامەزرا ، بناخەی دەهندەیی لــە پەنای بەختەوەری‌یەوەی پایەدار ، سێبەری میهرەبانیی بەسەر خەڵکەوە سەیوان ، هومای بەزەیی بوو بە چەلەنگی سەری خەڵك‌و خوا ، سەرتۆپی تێکڕای خەڵك شادمانی دیداری ، سەلەبەری مەردوم بە هەویای خزمەتی ، دەستی بە تەنگەوەهاتنی دەرووی هەموو چاولەدەست‌بووتێکی بەستووەو لە فرەیی دەهندەیی‌و دەس‌بڵاویی‌دا سەرپاکی نیازمەندانی لــە کۆتی دەســـــکورتی ڕزگارکردووە ، سەروەرێکی بەخشندەو دڵاوا ، دادگەرێکی ســەرڕاست بوو • لە نەریت‌و داوودەستووری باووباپیرانی‌دا گۆی گرەوی بردۆتەوەو هەرگیز خۆی لــە قەرەی کردەوەی ناشایستەو ناپەسەند نەداوە ، یاساو دەستووری وڵاتداری لــە سای ئەوەوە پایە ئەستوور ، بنکەی کرداری پەسەندو شایان لــە هیمەتیەوە پایەدار • چەندین ساڵ بــەم تەرزو ئاوایە وڵاتداری کردووەو سەرەنجام بە پێی وتەی خودای گەورەو مــــەزن

« كل نفس ذائقةالموت » بەرەو بەهەشتی بەرین چووەو لە پەنای کاروئاکاری چاکی خۆی‌دا گیانی بە ئەمری شاد بووە •

### سەرداریتیی خدری کوڕی کلۆل

پاش مردنی باوک خدری کوڕی چووەسەر تەختی حوکمڕانی • دەرکی دووزمانی‌و ئاژاوەگێڕی‌و چەپەلکاریی لە ڕووی ژێردەستانی خۆی پێوەدا •

میرێکی پاوەخێرو پاتشاییێکی دەسبلاوو دڵاوابووە • ڕێگای باووباپیرانی گرتۆتەبەرو خوداییێکی بەخشندەو دادگەرو بەپەرۆش بووە ، هەمیشە هاودەمەکانی زاناو خاوەن بەهرە بوون • لە دژ زۆرداروئاکارپیسان بە ڕک‌و کینە ، ژێردەستان لە سای چاوێری‌یەوەی کامەران بوون • گەورەو بچووك لە فەڕی پەرۆشی شادمان ، لە چەسپاندنی بناخەی دادبڵاوکردنەوەو خێڵ پەروەری‌دا بێ‌مانەند ، لە کاروباری وڵاتداری‌دا خاوەن ڕاوتەگبیر ، لە ڕێ‌وڕەسمی دادگەری‌دا پەیڕەوی فەرمانڕەوایانی پێشووی ، ژێردەستانی لە کردەوەی جوانی‌دا سوپاس گوزارو ڕەزامەند •

لە پاش ماوەییێك فەرمانڕەوایی ، لەم دنیای بۆ کەس نەماوە ڕەختی بەرەو کۆشکی هەتاهەتایی تاو داوە •

### فەرمانڕەوایی ئەلیاس کوڕی خدر

کاتێکی خدر ڕۆژی کۆچی دوایی هات ، ئەلیاسی کوڕی لەسەر بالیفی وڵاتداری پاڵی داوەتەوەو بە شێوەی دادگەری ڕازاوەتەوەو بە زێوەری بەخشندەیی‌و دەهندەیی‌و نیهادپاکی ئارایشت دراوە • بە خاوەن وێژدان بەنامی ، خێرەومەند لە نێوان خەڵك‌وخوادا ، لە ناو سەروەران‌دا بەڕەوشت‌بەرزی ناسراو • پایەبڵیندان‌و ناسراوانی وڵات لە هیمەت‌بڵیندی‌و

سروشتخاوێنی ئەودا شانازی‌یان دەکردو بەردەوام لە پێناوی بەدادگەیشتن‌و دادخوازی‌دا ، خاوەنڕەفتاری بەرزو ئاکاری پەسند • لـە فرەبەخشندەیی ئەودا حاتەمی تەی باروبنەی پێچاوەتەوە •

هەیت‌وهووتی شان‌وشکۆی گاڵتەی بە دەبدەبەی جەم‌وکەی کردووەو لە خۆش‌گوزەرانی سپایی‌و ژێردەستانی‌دا گـەیوەتـە ئەوپەڕی‌و چـاوی لە خەیانەتکاری‌یان پۆشیوە • لـە برەوپێدانی شەریعەتی پاکدا تاک‌و لـە ڕێ‌وڕەسمی وڵاتداری‌دا خاوەن‌بیرو فرەزان • بـە کرداری شـایان‌و ئاکامخێر پاشـــماوەی ژیانی پێچایەوەو بـــەرەو باخـــاتـی ڕەزەوان بەڕێ‌کەوت • ( بەر بەزەیی خوداکەوێ ) •

## لەبارەی خدری دووەمی کوڕی ئەلیاسەوە

ئەویش لەسەر ڕەوشتی باووباپیرانی سەردەمی خۆی بـە ئـارامی‌و بێ‌ئاژاوەو هـــەرا ، بـــە هێزو توانەوە بەسەربردووە ، هەمیشە لەگەڵ خاوەن‌هۆش هاونشین‌و هاودەم • لەسەروبەندی میرایەتیی‌دا سەربەخۆییەکی تـــەواوو دەسەڵاتێکی بێ‌چەندوچوونی هـــەبووە • فەرمانڕەواییەکی سەردەم‌پیرۆزو پاتشاییەکی ئاکاربەفەڕ ، ســـتەم‌و زۆرداری لـەوەختی حوکمڕانیی‌دا چیرۆکی ســـیمرخ ، زوڵـــم‌و ناڕەزایی لەســـەروبەندی فەرمانڕەوایی‌دا وەک ئیکسیر ، بە زێوەری ئەقڵ ڕازاوە ، نیشانەی زۆرزانیی لە ڕەنگ‌وڕووی دیاری ، دنیاو هەرچی‌یەکی تێدایە لەکن وەک با وا بووە ، گەورەو بچووک بە بوونی دڵخۆش‌و شادبوون‌و سەرڕای ئەم هەموو دادە بە پێی ئایەتی « کل‌شیءهالک‌الاوجهه » ماڵاوایی لـــە دنیای فانی کردووەو ڕێگای مەرگی وەبەرگرتووە •

## لەبارەی فەرمانڕەوایی حەسەنی کوڕی خدری دووەمەوە

دوای کۆچی دوایی باوکی ، ئـــەو پاتشا دادگەرە بـــە پلەکانەی پایەبڵندی‌دا بەرەو سەروو هەنگاوی هەڵێناوەو دەرووی چاکەو نوازشتی

لە ڕووی خەڵك كردۆتەوە • دەگێڕنەوە : میرێكی نیهادپاكو ئاكارپەسند بوو ، تێوو تێورۆك لێك جووتبوون • لە ڕێوڕەسمی فەرمانڕەوایی‌دا ، لە فەرمانڕەوایانی پێشووی لەبەرتر بــــوو • لەبەر ئەوەی لاوێـــكی خاوەنڕاوتەگبیرو قسەزانێكی بێ‌هاوتا بوو ، لە داوودەستووری باووباپیرانی بستێ نەترازا • لە خێروخۆشی بۆ ژێردەستان فەراهەم كـــردن‌دا هێندەی چاو بترووكێنی ئۆقرەی نەدەگرت • هەركەسەی بە پێی پلەو پایەی خۆی ڕێزلێ‌دەناو هەموو كەسێكی بـــــە پێ‌ودانی لێ‌وەشاوەیی خۆی سەربەرز دەكرد ، هەرگیز مەیلی بـــــە لای گوناهو خراپەدا نەدەبزووتو دەرگای ڕابواردنی لە ڕووی خۆی نەدەكردەوە • ئاشقەخوداپەرستی‌بوو زۆر بـــە پەرۆشی ئەوەوە بوو كـــــە ملكەچی پەروەردگاربێ • بـــــە ڕاستبێژی‌و كرداریاكی ناسراوبوو ، ناووبانگی دادگەریی بــــە گوێی دوورو نزیــــك گەییوو • لە داوودەستووری ئازایەتی‌دا تاكو تەنیاو لە ڕەوشتی جوامێری‌دا بێ هاوتا بوو • سەرەنجام لەم دنیا باروبنەی بۆ ئەو دنیا پێچایەوەو فەرمانی دادگەری بێ‌هاوتای بەجێ‌هێنا •

هەڵبەست

سەرپێچی لە كەسێ ناكەم دۆستی خۆش بوێ

ئەوەی ئەوی خۆش دەوێ خۆشم دەوێ

ذلك تقدیر العزیز العلیم

**لەمەڕ دادگەریی بابلوولی كوڕی حەسەن**

دەگێڕنەوە بابلول لاوێكی جوانخاسی بــــە زێوەری دلێری ڕازاوە بووەە • زۆربەی گەنجینەو دراوی باووباپیری بە ژێردەستانو پایەبڵیندانو

پیاوماقوولاّن بەخشیوە • کاو کێوی لـە پێش چاو وەك یەك بوون • زۆر جـاران لەشکری هەڵدەکـردە ســەر یاخیو سەرپێچانی دەوڵـــەتو بـە سەرکەوتوویی دەگەڕایەوە • خەلکی ولاّتو میرەکانی لـە بەرەکەتی هیمەتو سامو شکۆیەوە لەترسو هیوادا دەژیان • سەروەرێکی دانـاو دادگەرێکی بەفەڕو هونەرو توانا بوو • لە دەسبلاّویو دلاّواییدا دەبدەبەو ناووبانگی لە مەعنی شەیبانیی تێپەڕاندبوو ، لـە دەهندەییو سەخاوەتدا گۆی گرەوی لــە یەحیاو جەعفەری دووەمبردبۆوە • لـــە ناو بێشەی هیچوپووچان نەڕەشێرو لــە مەیدانی شەڕدا شمشێری تیژیبوڕاو لـە مەردایەتیو ئازایەتیدا ، لە سەرانسەری ولاّتدا ، بەناووبانگو لە دادگەریدا دنیا بە تاسەی دیداریەوە بوو • چون ماوەیێکی بـە ڕاپاکیو نیهادخاوێنی بەسەربرد مەرگ بەرۆکی گرتو گیانی پاکی بۆ بەهەشت ڕەوانەکرد •

## چیرۆکی سەروەرایەتیی مونزیری کوڕی بابلول

دوای مردنی باوك جەنابی مونزیر بە سەرکەوتوو ییو بەختەوەرییەوە تەختی میرایەتیی بـە خـۆی ڕازاندەوەو فـەڕودادی بـە دنیا بەخشیو خەلکی ولاّتو ســەرسنوورو دەوروبەر کەمەری خزمەتیان بـۆ بەستو بۆ گوێڕایەڵیی ئـەو گەورەیە بە گیانو بەدڵ ئامادەبوون • گەورەپیاوان لە هەمــوو گۆشـــەو کەنارێکەوە بە ناردنی دیاریو شتی گرانباییو موژدەو شادی دەربڕین دەستی خزمەتیان درێژ کردو میرو لێپرسراوان بە پێشکێشی شایان بە خزمەتی شەرەفمەند بوونو ڕوویان لە هاسانەی کردو ئەویش بـە خەلاّتی گرانبەهاوەی بەڕێکردن • ســەبارەت بەوە کە زۆر سەرگرانو دووربین بوو ، لە داوودەستووری گەورەییدا لە باووباپیرانی لە پێشترو ، تەنها نیهادخاوێنێك بوو ، ولاّت لە سای دادیدا ئێکجار ئاوەدانو خەلك لە ڕادەبەدەر ، ڕەزامەندو سوپاسگوزاربوون • لە ڕێورەسمی ئازایەتیو کەلەمێردیدا بێهاوتاو لە شێوەی کۆڵنەداندا کەس شانی لە شان نەدەدا •

گەورەو مەزنان زۆر بە دڵەوەی گوێبەفەرمان بوون • چاكو خراپ لە سروشتپاكیی شادو كامەران ، لە سایەی دادی‌دا مەڕو گورگ پێكەوەیان ئاودەخواردەوە ، لە سای نوازشتی‌دا بازو مەلیچك هاوڕێبوون •

پاش ماوەیێك لە حوكمڕانی ، كاتێكی ڕۆژی دوایی هاتو نیشانەی مەرگی لە خۆدا بەدیكرد ، مەئموون بەگی كوڕی كرد بە جێنشینی خۆیو ئەو پایە بەرزەی سەرفرازكرد • دوای ماوەیێ مەلیچكی گیانی بەرەو بەهەشتی بەرین هەڵفڕیو لەگەڵ ڕەوشتو ئاكاری خۆی‌دا سەری ئاسایشتی نایەوە •

## لەمەڕ فەرمانڕەوایی مەئموون بەگی كوڕی مونزیر

بە یەغباڵ بەختەوەرو بە ئەستێرە بەرزو بە سەردەمو كات سەركەوتووو ئەختەری پیرۆزی بووكی فەرمانڕەوایی لە باوەش گرتووەو نازەنینی حوكمڕانیی لە تەنیشتی خۆیەوە داناوەو وڵاتی لە چەپەڵیی دژمنان خاوێنكردۆتەوەو یاخی‌یانی لە ناوبردووەو خۆشەویستانی دەوڵەت لە دیداری شادمانو هاوڕێو هاودەمانی لە پیرۆزیی هیمەتی بڵیندی كامڕەواو كامەرانو ئاوازەی دەسبڵاویی دنیای سەرلەبەر تەنیوەو دەبدەبەی دەهندەییو دڵاوایی لە گوێی لاووپیران دەزرینگایەوەو تێخی ئاوداری كوشندەی گیانی ڕۆستەمو ئەسفەندیارو تیری پریشكهاوێژی لەتكەری گیانی دژمنی نالەبار • لە شێوەی زانستو وزانیاری‌دا لە باووباپیرانی گەورەو مەزنی بەهرەتر بووو لە ئایینی سەرگرانیو بوردەباریو ژیری‌دا لە هەموان بەشدارتربوو • سپاهی‌یانی پێ پشتئەستوورو لە سایەی سەرڕێژی‌یەوە تاجیك لە دوویەوە وشووچنی خەرمانی شەوكەتێنو لە ڕۆژگاری كۆنەوە كاری چاكو كردەوەی پەسندی زۆری بە یادگار لێبەجێماونو بەسەر زۆربەی وڵاتی باوكی ڕاگەیشتووەو كەس سەرپێچیی لە فەرمانی نەكردووەو وردودرشت گوێڕایەڵو گوێبەفەرمانی بوون •

پاش ئەوەی ماوەی سی‌و دوو ساڵی خشتی لە حوکمڕانیی پشتاوپشت بۆ بەجێ‌ماوی بەوپەڕی سەربەخۆیی‌یەوە بەسەربردووەو ڕێگای ڕاستی‌و بیروبڕواخاوێنی‌و گەورەیی گرتۆتەبەرو گەورەپیاوان‌و کەلەی وڵاتی لە خزمەتی خۆی کۆکردووەتەوەو بە زمانی گەوهەرباری فەرموویەتی : وا کاتی کۆچی دوایم لەم دنیایە نزیك‌بووەتەوەو دەستی چارەنووس بەرۆکی گرتووم، ئاواتم ئەمەیەو ئارەزووم ئەوەیە ، ژێردەستان کە ئامانەتی پەروەردگارن ، پێویستە بەخۆش گوزەرانی‌و سەرئاسوودەیی بژین‌و لە چەرمەسەرێی ڕۆژگار قوتاربن‌و لە بشێوی‌و ئاژاوە بە دووربن • لەبەر ئەوە چاکتر وایە وڵات لە نێوان کوڕەکانمدا دابەش‌کەین • بۆ ئەوەی لەپاش ئێمە بێ ناکۆکی‌و دووبەرەکی‌هەریەکە بە کاروباری ڕەعیەت‌پەروەری‌یەوە خەریك‌بێ‌و هەر کەسە بە ڕێ‌وڕەسمی دادپەروەریی ژێردەستانی خۆی سوپاس گوزارکاو ستەم‌لێ‌کراوان نەبن بە پێشێلی ئاشووب‌و ئاکارپیسی‌و دانیشتوان بە ستەم‌و کێشەوبەرە لە ناونەچن •

دانشوەران وایان بە چاکزانی ئەیالەتەکانیان بەم شێوەیە بەسەر کوڕەکانیدا دابەش‌بکا • ژێردەستانیان بە ئامانەتی‌بەم جۆرە پێ‌سپاردن • چونکە بیگە بەگ ، کە کوڕەگەورەی باوك بووو لە هەموو کوڕەکانی ژیرترو لە پێشتر بوو ، ناوچەکانی زەلم‌و گولعەنبەرو شەمیران‌و هاوارو دەودان‌و نەوسووی بە فەرمانڕەوایی پێ‌سپێردران‌و سورخاب‌بەگی کوڕە ناوەنجیی بوو بە فەرمانڕەوای (نوێ)و مەریوان‌و تەنوورەو ئەورامان‌و میهرەیان‌و کلۆکلاس ، بە وتەیێکی تر کلاشیش‌و نەشکاشیشی پێ‌سپێردران ، کە ئەم وڵاتانە هەندێکیان ئەمڕۆکە ڕوون نین • بەڵام وەك مێژوونووسان نووسیویانە ئێمەیش هەر بەو جۆرەمان نووسین • سروچك‌و قەرەداغ‌و ئالان‌و شارەزووری بە محەمەد بەگی کوڕە گچکەی سپارد .• پاش دابەش‌کردنی وڵات بەسەر کوڕەکانیدا ماوەیێکی تر بە کاروباری دادگەری‌و ژێردەست‌پەروەری‌یەوە خەریك‌بووەو دەبدەبەی نێووبانگ‌چاکێتیی لە

سـەرانسەری دنیـادا دەنگی داوەتەوە • لەبـەر ئـەوەی میرێکی دادگەرو کیشوەرگیرێکی دادپەروەر بـوو ، زنجیرەی بەنیئەردەلآن تا ئەمڕۆکە بـە ناوی بەناووبانگی ئەوەوە ، بە « مأمونی » ناویان ڕۆیشتووە • سەرەنجام بانگی « کل من علیها فان »ی بە گـوێی گیان بیسـتو فـەرمانی مردنی بەجێهێنا ، ڕەحمەت لەو گۆڕە پاکەی بێ •

## لەبارەی سەربەخۆیی بیگەبەگەوە

پاش مردنی باوک کوڕەکانی هەریەکە بە پێی وەسیەتی باوکیان بوو بە فەرمانڕەوای ناوچە • بیگەبەگ کە تەمەنی لـە براکانی تری زیاتر بووو لەوان پایەبڵند تر بوو ، تێکڕا بە گەورەو دەمڕاستی خـۆیان هـەڵبژاردو کەمەری خۆبەبچووكزانیو گوێبەفەرمانیان بـۆ بەستو هەریەکە لـە سنووری قەڵەمڕەوی خۆیدا خەریکی کاروباری ڕەعیەتپەروەری خـۆی بووو ڕێوڕەسمی گرتەبەرو لـە ڕاستەڕێی باووباپیری خـۆی لای نەدا • ئاوازەی ڕەوشتچاکیی بە بەدکاری نەدۆڕاندووە ، وڵات لە دادی ئاوەدان بووە • لە بەخشندەییو دڵاوایی‌دا ژێردەستانی پێخۆشحاڵو شادمان بوون • هەمیشە بـۆ ڕەزامەندیی بیگەبەکی براگـەورەیـان تێکۆشیونو مـافی خۆبەبچووك زانینیان هەرگیز لەبیرنەکردووە • بیگەبەگیش بەش بـەحاڵی خـۆی پێداویستی گەورەییی خۆی لـە ڕاستیان نواندووەو هەرگیز بـە پێچەوانەی بیروڕای ئەوانەوە نەجووڵاوەتەوە • لە ئەیالەتی خۆیدا ماوەی چلو دوو ساڵی فەرمانڕەوایی کردووەو پاشانەکێ ماڵاواییی لە دنیای فانی کردووە • « منها خلقناکم وفیها نعیدکم ومنها نخرجکم تارة اخرى » •

## لەبارەی فەرمانڕەواییی مەئموون بەگی دووەمەوە

پاش کۆچی دواییی بیگەبەگ مەئموون بەگی دووەمی کوڕی بوو بە جێنشینی • دەرگای دووزمانیو شۆفاریی لە ڕووی دووزمانوگیرەشێوێن

بەست • لاوێکی تا بڵێی ڕووخۆش و ئاکارنەرم و ڕەوشتخاوێن و نوکتەزانێکی قسەخۆشی زاتچاک و نیهادپاکیکی بە غیرەت ، بە دەهندەیی و دەسبڵاوی بەناووبانگ ، بە ئازایەتی و گەڕناسی و مێرخاسی بە نامێ ، لە لاوچاکی و قۆزی و قۆچاخیدا بێهاوتا ، لە ڕەوشتباشی و زمانشیرینیدا بێمانەند ، ژێرستانی پێدڵخۆش و شادمان ، دەست و پێوەندانی لە سای ڕەفتاری بەرزی و ئاکاری بڵێندیەوە بە ختەوەر و خۆش گوزەران •

پاش مەرگی باوکی دووساڵی بە سەربەخۆیی تەواوو بە دەبدەبەو شان و شەوکەتەوە بەسەر وڵات ڕاگەیشت ، تا سوڵتان سەلیم[8] خونکاری ڕۆم کەوتە سەر کەڵکەڵەی داگیرکردنی کوردستان و شارەزوور • بە پێی قسەی خوسرەوبەگی موسەنیف[9] حوسێن[10] پاشا ناوێکی بە سوپایێکی زۆروزەوەندەوە بۆ داگیرکردنی ئەو وڵاتانە بەڕێخست • حوسێنبەگ کاتێ گەیشتە خاکی شارەزوور لەگەڵ مەئموون بەگ بەشەڕهاتن ، بەڵام هیچ لایێکیان بەسەر لایەکەی تردا سەرنەکەوت • مەئموون بەگ زانی گوڕو توانی بەرەنگاربوونی هێرشەکەی بەبەرەوە نییە ، ناچار خۆی لە قەڵای زەڵم قایم کرد • حوسێن پاشا ماوەیێك ئەو قەڵا سەخت و دژوارەی گەمارۆداو بە لەشکرێکی گەورەو گرانەوە لە دوورەوە هەواری گرت و دەرگای لە خەڵکەکە پێوەدا • سەرەنجام مەئموونبەگ لەبەر زۆرخایاندنی گەمارۆکە تەنگەتاوبووو توانی شەڕکردنی لەخۆیدا نەدیت و ناچار لە شەڕ کشایەوەو لە ناکاو لە قەڵا وەدەرکەوت و لەگەڵ برێ خەڵكدا ڕووی لە بارەگای سوڵتانی خونکار کرد • سوڵتانیش بەپێچەوانەی ڕێورەسمی سوڵتان و پاتشاو خاقانەکان ئەو لاوە نائومێدەی خستە زیندانەوە • بە پێی کتێبەکەی مەلا محەمەد شەریفی قازی سوڵتانی ڕۆم فەرمانی داگیرکردنی ئەو وڵاتەی بە سوڵتان عەلی بەگ ناوێ داوە • دوای ڕاکردنی مەئموون بەگ و بە بارەگای سوڵتان گەیشتنی زۆری ڕێزلێگرتووە بەڵام بە ناچاری قەڵەمی نائومێدی بە سەر مافی فەرمانڕەوایی وڵاتی باووباپیرانیدا کێشا • ناوچەی

حیللەی (١١) سەر بە ویلایەتی بەغـدای پێبەخشیوەو ئاخرونۆخری ژیانی لەوێ بەسەربردووەو تا ڕۆژی خـــۆی هاتووەو مردووە • پاش ئەوەی مەئموون بـــەگ گەیشتە ڕۆم ، سورخابی مامی وڵاتەکەی خـــستە ســەر قەڵەمڕەوی خۆیو بە نەرمو نیانی لەگەڵ لەشکری ڕۆمدا جوولایەوە (١٢) •

## لەبارەی فەرمانڕەواییی سورخاب بەگو ئاگاوڕووداوەکانی

سورخاببەگ پاشهەڵاتنی مەئموون بەگی برازای قەڵای زەڵمو شارەزوورو سەرانسەری ئەیالەتەکانی تری خستە سەر قەڵەمڕوی وڵاتەکەی خۆی • بۆ بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ ڕۆمەکاندا ڕێك کەوت • پاش ماوەیێك کە لە کاروباری فەرمانڕەوایی‌دا بە تەواوی سەربەخۆیی وەدەستهێنا ، سەرپێچیی لە سولتانی ڕۆمکرد • سولتانی ڕۆمیش سەبارەت بەم کردەوەیەی بڵێسەی تووڕەییی بە جارێ بەرزبۆوەو بۆ لەناوبردنی دەسبەکاربوو • وا مەشهوورە ، مەئموونبەگی دووەم تا ئەو سەروبەندە لە بەندیخانەی سولتاندا بووە • پاش ئەوەی سولتان ئەم ڕووداوەی بیستەوە وای بە بەرژەوەند زانی لـــە بەندیخانەی ڕەهاکاو فـــەرمان ڕەوایی حیللە بـــە خۆیو فـــەرمانڕەوایی سروچك بە ئیسماعیلبەگی کوڕی بسپێرێ • بۆ ماوەیێك هەردووکیان لـــەو دوو ناوچەیەدا فـــەرمانڕەوایی‌یان کردووە • وەك دەگێڕنەوە ، تـــا سالی ١٠٠٤ی کۆچی ، نەوەو نەتیژەکانی لە حیللە حوکمڕان بوون • خودا بۆ خۆی دەزانێ •

سورخاب بـــەگ پاش بەسەرڕاگەیشتنی ناوچە بـــە میرات بـــۆ بەجێماوەکانی ، توانی بەشە وڵاتەکەی محەمەد بەگی برایشی بە زۆر لـــە دەست دەرێنێو وەسەر قەڵەمڕەوی وڵاتەکەی خـــۆیخا • بەمە بوو بـــە فەرمانڕەوای سەرانسەری وڵاتی لـــە باووباپیرەوە بۆ بەجێماوو ئاوازەی هیممەتبلیندیی لە سەرتاسەری دنیادا دەنگی دایەوەو دەبدەبەی شـــانو شەوکەتی بەرگوێی لاوو پـــیران کەوتەوە • ئەلقاس میرزای بـــرازای

شاتاهماسپ ڕووی له دەوڵەتی ئێران وەرگێڕا بوو ، پەنای وەبەر دەوڵەتی عوسمانی بردبوو • سوڵتانی ڕۆمیش ئـەم هەڵاتنەی ئەلقاسی بـە هەلو دەرفەت زانی ، بەوپەڕی ڕێزلێنانو دڵنەوایی کردنەوە پێشوازی لێ کرد • سەرلەشکرێکی بەناووبانگی لەتەك سوپایەکی گەورەوگراندا بەگەڵخستو بەرەو کوردستانو سەرسنووری ئێرانی بەڕێخستو پاش هەوڵو تەقەلایەکی زۆرو لەشکرکێشییێکی بێ شومار ، چونکە ئەختەری بەختی ڕوولەکزیو ئەستێرەی یەغبالی ڕوولەکشان بـوو هیچی پێنەکرا • سپاهییەکان لەوەی کـە بەرەو ڕۆم بڕۆن پەشیمان بوونەوە • ئەلقاس میرزا ناچار پەنای بـۆ سورخاببەگ هێناو داوای لێ کرد ، لە خزمەت شادا پوزشتی بۆ بێنێتەوەو لە گوناهی خۆش بێ • شاتاماسپیش لە بەر دڵی سورخاببەگ لێی خۆشبووو چاوی لە تاوانەکانی پۆشی • فەرمانی سەرداریتیی شیروانی وەك جـاری جاران لەگەڵ برێ خەڵاتی شاهانەدا بۆ ڕێزلێنانو سەربەرزکردنی پێبەخشی • ناوبراو بە ترسو ئاواتەوە بەرەو شیروان بەڕێ کەوت • پاش ئەوەی گەیشتە شیروان پاتشا بیروڕای لێ گۆڕی • شـا نیعمەتوڵڵای قەهستانیو بـرێ پیاوماقووڵو هەمەکارانی دەوڵەت فـەرمانی بەندکردنی ناوبراویان پـێ سپێردراو ئەوانیش کۆتو زنجیریان کردو لـە قەڵای قەهقەیان بەندکرد • پاش ساڵێکی ڕەبەق ئـەنجا فـەرمانی کوژرانی دراو لەسەر قـەڵاکەوە هەڵیانداشتە خوارێو بەم شێوەیە لەناوبرا • سورخاب پلەوپایەی بـەم کارە هێندەی دیکە بەرزبۆوەو ساڵانەیێکی هەزار تمەنیی لە خەزینەی پاتشاوە بۆ بڕایەوە ، هەموو ساڵێ بەرێكوپێکی وەریدەگرت •

هەروەك لە پێشەوە گوتمان سورخاببەگ قەڵەمڕەوی موحەممەد بەگی برای لە دەست دەرێناو خستیە سەر قەڵەمڕەوی فەرمانڕەواییەکەی خۆی • هەرچی موحەممەدبەگ بوو ، کە توانی بەربەرەکانێی سورخاب بەگی برای بە خۆیەوە نەدەدیت ، ناچار ڕووی لـە دەرباری سوڵتان سەلیم کردو لـە بێویژدانیی سورخاببەگی برای کەوتە سکاڵاو گلیو گازن • جا سوڵتانی

ڕۆم یارمەتی‌دانی ئەوی بە ئەرکی سەرشانی خـۆی زانی ، ڕۆستەم پاشای سەرەک‌وەزیرو چەند پاشایەکی تر هەروەها عوسمان پاشای میرمیرانی لـە تەك لەشکرێکی گەورەوگران‌دا بەگەڵ موحەممەد بەگ خست‌و لەشکرەکە بەرەو جێگای مەبەســـت بەڕێ‌کەوت‌و بۆ هێمنی‌و ئاسایشت‌دابین‌کردن گەیشتە شارەزوورو دەوروبەری . هەرچی سورخاب‌بەگ بوو ، چونکە توانی بەربەرەکانێی لەشکری ڕۆمی بە خۆیەوە نەدەدیت ، ناچار لە قەڵای زەڵم خۆی حەشارداو لەسەر بورجی قەڵاوە دەستیان بە شەڕکرد . لـەو کاتەداگوللەیێکی وێڵ لە لایەن یەکێ لە شەڕکەرانی قەڵاوە بەر موحەممەدبەگی کەساس‌کەوت‌و لەناوچوو . لەشکری ڕۆمیش کەوتە تاڵان‌و بڕۆی ناوچەکەو ئاڵای زۆرداری‌و ستەمیان هەڵکرد . بەم جۆرە گەمارۆدانی قەڵادوو ساڵی خشتی خایاند ، تا هەواڵی لەشکرکێشی بە شاتۆماسپ گەیشت . حوسێن‌بەگ ناوێکی بە لەشکرێکی گەورەوگرانەوە بـۆ یارمەتیی ســورخاب نارد . سەرلەشکرو پاشایانی ڕۆم کاتێکی ئـەم هەواڵەیان بیست ، وازیان لـە گەمارۆدانەکە هێناو عوسمان پاشای میرمیرانیش هەر لەو شوێنەدا کۆچی دوایی کرد . خەلکی قەڵایش کە ماوەیێکی دوورودرێژ بوو لە ژێر باری گەمارۆدانەکەدا بوون ، پشوویێکیان داو کەوتنەوە سەر کاروباری ژیانی خۆیان . لەو دەمەدا موحەممەد پاشا ناوێ کە یەکێ لە سەردارانی لەشکرەکە بوو دەرفەتی هێنا ، سەربازێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوەو ساڵی ٩٦٩ پێی ئازایەتی‌و مەردایەتیی لە ڕکێفی کەلەمێردایەتی توند کردو خۆی هاویشتە نێو قەڵای زەڵمەوە . هەرچی سەرەڕۆو کەلەوەکێشی نێو قـەڵا هەبوون ، سەرلەربەری فڕاندن‌و ناووبانگی ئازایەتی‌و گەڕناسیی بەرگوێی دوورو نزیـك کەوتەوەو زەڵـم‌و شارەزوورو دەوروبەری ، سەرانسەر گرتەدەست . سورخاب‌بەگیش ناچار داوای ڕێك‌کەوتنی لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆم‌دا کردو بەشێ لـە ئەیالەتەکانی خرانە ســـەر قەڵەمڕەوی دەوڵـەتی عوسمانی (١٢) .

سورخاب یازده کوڕی هەبوون : حەسەن بەگو ئەسکەندەر بەگو بەهرام بەگو زولفەقار بەگو سەلماس بەگو شاسوار بەگو ساروخان بەگو قاسم بەگو بسات بەگ و یەعقووب بەگو سولتان عەلی بەگ •

دەگێڕنەوە : سولتان عەلیبەگی کوڕی سورخاب بەگ بە مەردایەتیو ئازایەتیو دلێری ناووبانگی ڕۆیشتبووو لەسەردەمی باوکیدا بە زۆری بازووی کەلەمێردیی خۆی توانی زەلمو دەوروبەری لە ژێر چەنگالی عوسمانییان دەرێنێو خۆی بێ بە فەرمانڕەوای ناوچەکە •

بارام بەگ ، کوڕەکەی تری سورخاب بەگ ، لە ژیانی باوکیدا لە ڕەواندزو ئامێدی بووە بە فەرمانڕەواو بەوەندە بەشە داکەوتووە • لەو سەردەمەوە تا ئەمڕۆکە سالی ١٢٤٢ی کۆچییە ، کوڕانو نەوەو نەتیژەکانی هەر حوکمڕانن •

هەرچەندە لە کتێباندا بەرچاونەکەوتووە ، بەلام وەك لە بەرینانم بیستووە ، سورخاب بەگ لە ژیانی خۆیدا ولاتەکەی بەسەر کوڕەکانیدا بەشیوەتەوە • ناوچەی ئێلاخی بە سەلماس بەگ سپاردووە • ئێوبراو لەو ناوچەیەدا گەرماوو کۆشكو تەلارێکی بەهەیبەتوهووتو دەبدەبەو سەنسەنەی بنیات ناوەو ئاوەدانییەکیبەرچاوی خستووەتەوە • گوندیسەلماس ، ئێستاکانێ ، لە کاتی نوسینی ئەم چەند لاپەڕەیەدا لەوپەڕی ئاوەدانیدایەو بووە بە هەوارگەی فەرمانڕەواو حوکمڕانانی ئێلاخو تیرەی سلێمانی کە ئەمڕۆ لەوێ دەژین لە کوڕانی ئەون • هەروەها ناوچەی مەریوانی بە کوڕەکەی تری ، ئەسکەندەربەگ ، سپاردووەو کوڕەکانی تا ئەمڕۆیش لە مەریوان ماون • ( خودا هەر بۆخۆی دەزانێ ) •

سورخاب بەگ ماوەی شێست سالێ ، یا وەك دەلێن ، شێستو حەوت سالێ ، لە ئەیالەتی کوردستانو شارەزوور ، ئازادو سەربەخۆ ، فەرمانڕەوایی کردووە ، تا فەرمانی خودای ، بە فەرمایشتی « ارجعی الی ربك راضیة مرضیة » مالاوایی لە دنیای ناپایەدار کردووە •

## فەرمانڕەوایی سوڵتان عەلی بەگ کوڕی سورخاب بەگ

پاش باووباپیرانی دادپەروەرو بە هونەرانی خۆی ، تەختی سەروەریی ڕازاندۆتەوەو ماوەی سێ ساڵێ بەوپەڕی سەربەخۆیی‌و سەربەستی‌یەوە بەسەر ئەردەڵان‌و شارەزوور ڕاگەیشتووە ، تا لە هەرەتی لاوێنی‌دا ئەو نوێباوی باخی کامەرانی‌بە ماڵاوایی لە دنیای فانی کردووەو باروبنەی بەرەو سەرای هەتاهەتایی کێشاوە • دوو کوڕی بەختیاری بە ناوی تەیموورخان‌و هەڵۆخانەوە لەپاش بەجێماون ، کە بەهۆی تەمەن‌بچووکی‌یانەوە نەیان‌توانیوە ئەرکی فەرمانڕەوایی لە ئەستۆ بگرن • لەبەر ئەوە ، بسات بەگ ، برا هەرە گچکەی سوڵتان عەلی پێی هاویشتە سەر پلەوپایەی بڵیندترو چووە سەر تەختی فەرمانڕەوایی •

## میرایەتیی بسات بەگی کوڕی سورخاب بەگ

لاوێکی خووڕەوشت‌چاك‌و میرێکی شۆخ‌و شەنگ‌و قۆچاخ‌و بە بیروبڕوادروست بوو • وڵاتی بە فەڕی پی‌وقەدەمی پیرۆزی خۆی ئاوەدان کردەوەو ژێردەستانی لە دادپەروەری لە خۆی دلشادکرد • زۆربەی کاتی بە خوداناسی‌یەوە بەسەردەبرد • شەووڕۆژ بە دادپەروەری‌یەوە خەریك بوو • لە شێوەی دانایی وفەزڵ‌و هونەردا لە هەمووان لەپێشترو لە ئادابی زانست‌و ئەقڵ‌و زیری‌دا بێ‌نیاز بوو • لەگەڵ ئەمیندارو میران‌دا نموونەی گەورەیی‌و لەگەڵ خەڵك‌وخوادا شیمەی دادی لەپەڕەی دڵان‌دا بووە • ماوەیێ بە ڕێ‌ورەسمی پەسندەوە حوکمڕانی کردووە ، تا ئەو دەمی تەیموورخان‌و هەڵۆخان بە تەمەنی لاوێتی گەیوون ، هەوای فەرمانڕەوایی‌و سەرۆکایەتی‌یان کەوتۆتە سەرو بە نیازو ئامانجی دادخوازی‌یەوە ڕوویان لە بارەگای شاسمایلی سەفەوی کردووەو ماوەیێ لەوێ ماونەوە ، تا شاسمایل فەرمانی خودای بەجێ‌هێناوە • تەیموورخان‌و هەڵۆخان بێ ئەوەی بە ئامانج بگەن بە نائومێدی بەرەو وڵاتی خۆیان گەڕانەوە • لەم هەنگامەیەدا تەیموورخان

کەوتە تالانو بڕۆی وڵاتی ئەردەڵانو بڕیاری دا مامی لەناوبەرێو قەڵەمڕەوی وڵاتەکە سەرلەبەر بەتالاندا و نیشتەنیانی هەموو بێنێتە ژێر تێخی سیاسەتو بە شەڕو ئاژاوە ناوچە بە میرات بۆ بەجێماوەکانی لە چەنگالی بسات بەگ دەرێنێ • لەبەر ئەوەی کە بسـات بەگ میرێکی نیـازپاکو رەفتارخاوێنو ڕەوشت پەسندو حوکمدارێکی دادخوازو ژێردەستپەروەر بوو ، لە ژیانی خۆیدا ، سەرەڕای ئەوەی کە تەیموورخان هەمیشە خەریك بوو لەناوی بەرێ، گەورەو بچووك گوێ بەفەرمانی بوون ، تا گەردوون باروبنەی پێ پێچایەوەو دوایی بە بەزمی ژینی هێناو گیانی بەگیان ئافەرین سپارد •

## تەیموورخانی کوڕی سوڵتان عەلی

تەیموورخان پاش کۆچی دوایی مامی لە ساڵی ٩٨٦دا بە ئەختەری بەختەوەریو سەردەمی شادیو خۆشییەوە تەختی لە باوکەوە بۆ بەجێ ماوی بە جەستەی خاوەن هەستیو پیاوەتی ڕازاندەوەو سەریری سەروەریی بـە پیرۆزیی هاتنە سەر تەختەوە ئارایشتدا • پاتشایێکی دادپەروەرو خوداێکی دەسبڵاوو دڵاوا بوو • لە مەردایەتیو ئازایەتیدا ڕۆستەمی زاڵی دووەمو لە پیاوەتیو دەهندەییدا بێ هاوتاو بێ وێنە بوو • خودای داوەر پشتیوانی بووو بە یارمەتیو کۆمەگی پەروەردگاری مەزن سەرکەوتبوو ، تیشکی ئاوڕی بە سەر گەورەو چووکەوە سەیوانو سێبەری نوازشتی بە سەر هەموانەوە چەلەنگو تانجبوو •

لە پاش داگیرکردنی ناوچەی ئەردەڵان بە پێی بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ خونکاری ڕۆم نێوانی خۆی خۆش کرد • لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە سێ نیشانەی ، کە بە زمانی ئـەو وڵاتە توغی پێ دەڵێن ، بۆ گەورەکردنو ڕێزلێنان پێ بـەخشراوەو نوازشـتێکی ئێکجار زۆرکراوەو نازنـاوی « میرمیران »ی پێ خەڵاتکراوە (١٣) • ناوچەی (سەنقەر) دینەوەری وەسەر قەڵەمڕەوی وڵاتەکەی هاویشتووەو بەسەر بەخۆییەوە لەوێو لە ئەردەڵانو

شارەزوور بووە بە فەرمانڕەوا • بە هۆی بەلای‌عوسمانی‌دا داتاشینیەوە سەت هەزار ئاقچەی خەرج‌وباجی ناوچەی شارەزووری بە سالآنە بەردەوام پێ دەبەخشرا • بەلآم بە پێچەوانەی ڕێورەسمی مەزنایەتی‌یەوەو بەرەوازی ڕەوشتی دادپەروەری‌یەوە هەمیشە ئەو ولآتەی بە تالآن‌و بڕو بردووەو زۆری حەز لە ئازارو ئەشکەنجەدانی دراوسێکانی بووە • لە ئاکام‌دا سەرپێچیی لە فەرمانی ئێران‌و ڕۆم کردووەو ئازادو سەربەخۆ لە ولآتەکەی‌دا حوکمڕانیی کردووە • تەیموورخان ولآتەکەی بەسەر کوڕەکانی‌دا بەشی‌یەوە • فەرمانڕەوایی سنەو حەسەن‌ئاباد‌و قزلجەو زەلم‌و شارەزووری بە سولتان‌عەلیی کوڕە گەورەی ، کە بە ناوی بە نامێی باوکیەوە ناوزرابوو ، سپارد • کوڕەکەی دیکەی ، بوداق بەگیش لە ناوچەی قەرەداخ دانا • ناوچەی مەریوانیشی بە موراد بەگ بەخشی • هەرچی ناوچەی شاربازێریش بوو (١٤) بە ئەمیر عەلەمەددین بەخشی ، کە بە تەمەن لە هەموان منداڵتر بوو .•

تەیموورخان پاش ماوەیێ کە بە سەربەخۆیی لە ولآتەکەی خۆی‌دا فەرمانڕەوایی دەکرد ، دەستی بۆ کرماشان‌و زەرین‌کەمەریش ، کە ئەمڕۆ بە گەڕووس بەناووبانگە ، درێژکردو هەردوو ناوچەکەی داگیرکرد •

ئەم ناودارە زۆربەی کاتی بە ڕاووڕووت‌و تالآن‌وبڕۆ بەسەردەبرد ، تەنانەت دوو سێ جار هۆزی عومەربەگی کەلهوڕی تالآن کردو ئەو بێدەرەتانانەی ئاتاجی نانی شەوێ کرد • لە دواجاردا عومەربەگ پەنای وەبەر شاوێردی‌خانی لوڕ بردو داوای کۆمەگی لێ‌کرد • شاوێردی خانیش بە پێی ڕێورەسمی دراوسێتی‌و بەدەمارییەوە هۆزەکی لەشکرێکی لە ئازاو کەلەمێردانی هۆزەکەی خۆی پێکەوەناو بە هاواری عومەربەگ‌و هۆزەکەوەی نارد•لەدەربەندێک‌دا کە لەسەرەڕێی لەشکرەکەی تەیموورخان‌و لەشکرە بێ‌شومارەکەی ئەردەلآن‌دا بوو ، خۆیان لە بۆسەداو لە کاتێک‌دا کە لەشکرەکەی تەیموورخان بەوپەڕی دڵنیایی‌یەوە ، خەریکی تالآن

دابەش‌کردن بـوون ، هۆزی لوڕو کەلهوڕ لێیان ڕاپەڕین و هـەلیان‌کوتایە سەریان‌و کار بەدەسەوبەرۆك بوون گەیی‌و شەڕ گەرم بوو • پاش هەلایسانی ئاگری شەڕ ، چونکە بواری شەڕەکە تەنگ‌و سەخت‌بوو ، دلێرە ناودارو گەڕناسـەکان لەبـەر شەکەتیی ڕێگاوبان ، دەرگەی ڕزگاربوونیـان لێ وەتەنگ‌هات ، ناچار تەیموورخان دەستی لـە شەڕەکە هەل‌گرت ، چونکە شـوێنەکە نـە ڕێی هەلاتنی هەبووو نە بە دەستی خـۆی بوو ، برێ لە پیـاوماقوولان‌و کەلەمێردان لەگەل تەیـموورخان‌دا بەدیل‌گیران‌و هەرچی تالانی‌یەکی وەختی خۆی کردبوویان لەگەل دەسکەوتێکی زۆری دیکەدا بۆ خاوەنەکانیان گەڕایەوەو خەلکی کەلهوڕ لە ئەشکەنجەو ئازاری ڕابردوو سەر ئاسوودە بوون • پاش چەند ڕۆژێ شاوێردی‌خان‌و عومەربەگ بەوپەڕی ڕێزلێنان‌و حورمەتەوە تەیـموورخان‌و دەس‌ودایەرە کەیان ئازادکردو بـۆ ئەردەلانیان ناردنەوە • سە رەڕای ئەوەی کە هێشتا گەردی پەشیمانی بـە سـەرووڕووی کەلەمێـردانـەوە مابـووو هێشـتا لە ماندوێتیی شـەڕ نەحەسـابوونەوەو چـون پێشتر ئەیالەتی زەڕین‌کەمەر لە ژێر دەستی ئەو میرە کینەتۆزەدا بووو لە لایەن دەرباری سەفەوی‌یەوە دەو لەتیار سـولتانی سیامەنسووری بۆ سەرپەرشتیی ئەو ناوچەیە داندرابوو ، تەیموورخان ئەمەی بەدژی خۆی زانی‌و بە مانای لە پایەکەم‌کردنەوەی دایەقەلەم ، لەبەر ئەمـە سالی ۹۹۸ی کۆچی سپایێکی‌سـازکردو دەولەتیار سولتان سیامەنسـووری ئەم ڕووداوەی بە دەرباری پاتشای ئێرانێ ڕاگەیاند • لە ئاکام‌دا هێزێکی لە بـارو کۆکی بـۆ یارمەتی‌و کۆمەك نێردرا • کاتێ تەیموور بـەڕێ‌کەوت دەولەتیار سولتان سیامەنسووری پێشدەستیی خۆی‌کردو بـە لەشـکرێکی گەورەوگرانەوە بەرەنگاری سوپای تەیموورخان بوو • پاش شەڕوشۆڕێکی گەورە لە نێوان هەردوولادا ، تەیموورخان سەرکەوت‌و نەیارانی ژێرکەوتن • بەم شێوەیە سوپای ئەردەلان زال‌بووو قزلباش‌و سولتان سیامەنسـووری بەزین‌و ڕوویان لە مەیدانی شـەڕو نەبەرد وەرگێڕاو زۆربەی لەشکرەکەی

بەدیل گیرانو ئەودواکەی بە شیر لەتوپەتکرانو ئەوانەی مایشنەوە پەنایان وەبەر قەلای زەرین کەمەر بردو شوورەو وارشەکانیان کرد بە سەنگەری خۆیان •

تەیموورخان بە هۆی ئازایەتیو کەلەمێردایەتی یەکی پێی ناسرابوو ، بەوپەڕی شانازی یەوە ، بێ ئەوەی گوێ بە وتەوتەو پڕوپووچی دەوروبەری بگرێ قەلاکەی گەمارۆدا • دژدارو قەلاچی یان ئەگەرچی داوای ئامانیان کرد ، هیچ سوودی نەبوو ، سەرەنجام لەسەر دیواری قوللەو وارشەکانەوە تەقەو لێکدان گەرم بوو ، لەم کاتەدا ، بە پێی « چارەنووس ناگۆڕێ » لە گەرمەی شەڕوشۆڕدا ئەو میرە خوێندەوارە بوو بە قوربانی گوللەیێ • پاش ئەوەی سوپا ئازاو دلێرەکەی چاویان بەم ڕووداوە پڕمەترسی یە کەوت تۆلەیان لە کێلان هاویشتەوەو تەرمی تەیموورخانیان بەرەو ولات گەڕاندەوە « ذلك تقدير العزيز العليم » •

## هەلۆخان

پاش ئەوەی تەیموورخان لە سالی ۹۹۸ی کۆچی دا کوژرا هەلۆخانی برای بووکی ولاتی لە باوەش کرد ، چوون فەرمانڕەوایی بە پێوقەدەمی پیرۆزی فراژی بووو گەشایەوەو گولشەنی پاشایی لە دەهندەیی و دلاوایی تەڕوپاراو بووو ولات لە سەروبەندی دا ئاوەدانو ژێردەستان لە دادپەروەری یی دا کامەران بوو • لە کەلەمێردیو ئازایەتی دا سەت پلە لە براکەی لەپێشتر بووو لە خەلك نەوازیو بدەیی دا ، لە سەرانسەری ولات دا بیوو بە داستانی سەرزاری گەورەو بچووك • سپاییو لەشکری لە پیرۆزیی پێوقەدەمی شادمانو ڕەعیەتو ژێردەستان لە فەیزی بەزەیی و نوازشتی جمرانەی ئاسوودەییو سەرسووکی • چیمەنی فەرمانڕەوایی لە هەوری دادپەروەری یەوەی تێرو نەمامی کامەرانیی لە زولالی بەزەیی یەوەی تەڕوپڕاو • ئەویش وەك برا ناودارەکەی هەر لە سەرەتای کارەوە لەگەل

سوڵتان مورادی پاتشـــای ڕۆم‌دا ڕێك‌كەوت .• هەروەها لەگەڵ شاعەباسی سـەفەوی‌دا لـە ڕووی بـەرژەوەندەوە دەرووی دۆسـتایەتیی کردەوە • سـەروساماتێکی زۆرو گەنجێکی بێ شوماری لە سەروبەندی خـۆی‌دا پێکەوەنا • زۆربەی کاتی پرمایـەی بە قەڵاڕۆنـانو مزگەوت‌بنیـات‌نانو قوتابخانەدروست‌کردنەوە بەسەربرد • هەروەها قەڵای زەڵمو قەڵای پاڵنگان کە بە ئەسڵ پێتەختی تیرەی گۆران بۆوەو بە گەردوخولی ڕۆژگار وێرانو خاپوور ببوو ، ئاواکردەوە • دەڵێن ، قەڵایێکی تـا بڵێی سەخت‌و دژێکی ئێکجار قایم بووە ، تەنانەت لەبەر سەختیو دژواریی ڕێڕەوەکەی دژمنو نەیار زۆر بە زەحمەتی لێ‌پەڕیونەوەو لە کاتی قەڵاپارێزی‌دا بوو بە کۆسپو لەمپەر لە ڕێی هێرشکەران‌دا • هەروەها قەڵای حەسەن‌ئاوایشی ئاواکردووە ، کە بەڕاستی خودای ئەفرانکار ، سەرانسەری دنیابگەڕێی ، قەڵاو مەڵبەندێکی وا بەم شانو شکۆیەی لە هیچ شوێنێ دروست‌نەکردووەو هیچ دنیادیتەیێك چاوی بە شتی وا نەکەوتووە • ئەمەیش باس‌وخواسی لە هەموو دێرۆكو مێژووی دنیادا تۆمار کـراوەو پەسنو وەسپی لـە پەرتووكو دەفتەری زۆرینەی جیهان‌دا نووسراوە • من‌ئەم کەمینەیە ، خۆم بە چاوی خۆم‌دیتم باڵیۆزی ڕووس‌و ئینگلیس لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئامانو للاخانی‌والی‌دا بەناوی دیتنی ئەم قەڵایەوە ، بەسەر کوردستان (سنە)دا تێ‌دەپەڕینو لە گەڵ ئەوەش‌دا کە قەڵاکە وێرانەبوو ، سەیرانی شوێنەوارو کەلاوەکەیان دەکرد • (١٥) لە شاری مەریوانیش ، قەڵایەکی سەخت‌و قایـمو بازاڕو گـەرماوو قوتابخانەو مزگەوتێکی دڵگیری بنیات ناوە .•

وەك دەڵێن ، ئاسەواری ئـەم خانووبەرەو ئاوەدانی‌یە تـا ئێستایش هەر ماوە • بەرە بەرە قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی‌یەکەی فرەوانتر بووەتەوەو شانوشکۆی بە ڕادەیەگەیشتووە خەیاڵی هیچ‌کەسێ توانی ژماردنی نەبووە • لەبەرئەوە دەرووی ڕێك‌کەوتنی لەگـەڵ پاتشایانی ڕۆمو ئێران‌دا بەست‌و بەوپەڕی سەربەخۆیی‌یەوە لـە وڵاتی خـۆی فـەرمانڕەوایی دەکـرد •

ناوبەناوێکیش دەستی دەدایە تالآنوبڕۆی دەوروبەری خـۆیو ئاوازەی شانو شەوکەتی خۆی بە گوێی دوورونزیك دەگەیاند ، تا لە سالّی ١٠١٩ی کۆچیدا حوسەینخانی لوڕ (١٥) کەلکەلەی تۆلّەساندنی کەوتەسەر ، بـە لەشکرێکی زۆرەوە هەلّیکوتایە سەر هەلّۆ خان ، لـە قەلاّی حەسەنئاباد شەڕو شۆڕێکی گەورە دەستی پێکرد • هەلّۆخانیش نەیکردە نامەردی لەشکرێکی بۆ تەمێکردنی حوسەینخان لەسەر ئەم بێئەقلّیو ملهوڕییەی بەڕێخستو زۆر چاکیان گوێڕاکێشا ، ئەویش کـە دیتی ئالآی بەختو خواستی کەچو سەرەوژێرە ، بە سەرشۆڕییەوە هەلاّتەوە بۆ ولاّتی خۆی • ئیتر هەلّۆخان ، بـەم جۆرە پێی لـە فەرمانڕەواییو حوکمڕانیدا پتـــر چەسپیو دەسەلاّتی قایمتر بوو •

دەگێڕنەوە ، شاعەباسی ســـەفەوی چەنـــد جارێ لەشـــکرێکی گەورەوگرانی بـــۆ ژێردەستخستنی هەلّۆخانو وێرانکردنی قـــەلاّو قەلاّیچەکانی ئەو هەرێمە بەڕێخستووە ، بەلاّم بێئەوەی بە هیچ ئامانجێ بگا ، بە سەرشۆڕی گەڕاوەتەوە بۆ بارەگای سەفەوییان • سەرەنجام ئەمە بووە بـە هۆی زێتر باوەشێنکرانی ئاگری توورەیی پاتشای سەفـەویو تەنانەت ، پاتشا ، خۆی بـــە لەشـــکرێکی بێ شومارەوە ، بە نیـــازی گوێڕاکێشانی هەلّۆخانەوە ، پێی هاویشتۆتە سنووری ولاّتی هەلّۆخانو لە گوندی مەیهەم ، کە کەوتۆتە ناوچەی ئەسفەندئابادەوە ، تەشریفی هەواری گرتووە •

ڕۆژێکیان ، بـە نیازی ئەوەی شـــارەزای ناوچەکە بێ تەماشای کەژوکێوانی کوردستانی دەکرد ، بە سەر کەژێکەوە گیرسایەوە • زۆربەی بەرپرسیارانی دەولّەتی پاتشایی دەستەونەزەر ڕاوەســـتابوون ، ( ئالـی بالیزەنگەنە ) کە جەلّەوکێشی پاتشا بوو ، جەلّەوی ئەسپەکەی پاتشای بـە دەستەوە گرتبوو ، لە خزمەتیدا ڕاوەستابوو •

لەبەر ئـەوەی هۆزی زەنگەنە لـە کوردستانەوە نزیکنو دراوسێی

یەکن ، شاعەباس لـە ئالی‌بالی‌زەنگەنەی پرسی ، داخوا ئـەو مەڵبەندەو قەڵاکانی لە چ حاڵ‌وباڵێکدان ، باری سوپای هەڵۆخان لە چ ڕادەیەکدایە ؟ ناوبراویش لە وەڵامدا ، گوتی ، ئەوەی شیاوی باسە ، کوردستان قـەڵاو قەڵایچەی زۆر سەخت‌و کەژوکێوی تا خەیاڵ بفەرمووی دژواری هەن ، تەنانەت مەلی خەیالیش ناتوانێ بیان‌گاتێ‌و داگیرکردنی لە وزەو توانی هیچ خاوەن دەسەڵاتێکدا نی‌یە . لەو بێشەیەدا نەڕەشێرو هوژەبرانی کینەوەری وا هەن لافی هاوشانیی ڕۆستەمی داستان‌و ئەسفەندیاری پاڵەوان دەدەن ، مەترسی لەوەدایە سوپای پاتشا بە نیازی تەمێ‌کردنی هەڵۆخان بەڕێ‌کەوێ‌و خودانەخواستە ماوەی گەمارۆدانی قـەڵا درێژە بکێشێ‌و لەبەر سەختی‌و دژواری قەڵا لە گرتنی نائومێد بێ‌و بێ ئەوەی بە هیچ ئامانجێ بگا ، لـە هەڵکوتانەسەری پاشـگەزبێتەوەو بـە بێ هیچ دەسکەوتێ ڕێی‌هـەڵاتن بگرێتەبەرو ئەمەیش ببێ بە مایەی نەنگ‌و شوورەیی بۆ دەسەڵاتی پاتشایی‌و دیارە شتی وایش لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتدا ناگونجێ‌و لەوانەیە ئـەم کزی‌و بێ‌دەسەڵاتی‌یە ببێتە هۆی ئەوە کە هەڵۆخان بە جارێ دەست بەسەر هەموو ناوچەکانی وڵاتدا بگرێ . جـــا لەبەر ئەوە چاك ئەوەیە خودانی دنیا ، پاتشا دەستی نوازشت‌و لاواندنەوە بە سەریدا بێنێ‌و بە تەگبیرو ڕاو پرس چارەسەری کارەکەی بکاو بەمە بخرێتە ڕیزی نۆکەرانی دەوڵەتەوەو ڕێگای خزمەت‌و سەرڕاستی بگرێتە بەر . شایش بـیری وردو سەرنجی ڕاستی ئالی‌بالیی پەسندکردو پلەو پایەی زیادکردو لە چوونەسەرهەڵۆخان پەشیمان بۆوە[١٦] .

هەڵۆخانیش پاش ئەم کەین‌وبەینە خان ئەحمەدخانی کوڕی ، کە لە ناو کوڕەکانیدا ، بـــە ئازایەتی‌و دەهەندەیی‌و شـۆخی‌و قۆچاخی ناووبانگی ڕۆیشتبوو ، بە دەس‌ودیاریی گرانبایی‌یەوە نارد بۆ دەرباری شاعەباس . خان ئەحمەدخانیش پاش ئەوەی بەخزمەت شاعەباس گەیشت ، خەڵاتێکی زۆر کراو لە ڕادەبەدەر چاودێری‌کراو پەیتا پەیتـا ئـەو پاشـا دادگەرە

ناوبراوی بە نوازشتی زۆرو زەوەند سەربڵیند دەکرد • پاش ماوەیێ کە بەهرەو توانی خان ئەحمەد خان لە شاعەباس ڕوون بۆوە ، لە پایەوپلەی زیادکردو خوشکە گەوهەرە درەخشانەکەی ئێو گەوهەردانی شاهێتیو ئەستێرە پرشنگدارەکەی ناو بورجی سەڵتەنەتی ، کەناوی زەڕین‌کولاە بوو پێ بەخشیو سەری بەزاواو خەزووریی شا بەرزبۆوە • وێڕای ئەوەی کە مێژوو لەم بارەوە زۆری لەسەر نەڕۆیشتووە ، بەڵام وەك لە پێشینانم بیستووە ، دوای نیشان‌کردنی زەڕین‌کولاە ، ئەو گەوهەرە گرانبایی‌یە ئەختەربڵیندە بە هاوسەریی خان ئەحمەد خان قاییل نەبووە •

حەزرەتی پاتشا کە لاوچاکیو ئازایەتیی خان ئەحمەد خانی لێ‌ڕوون‌بووو دلێرییو کەلەمێردیی کە جێگەی شانازیی بنەماڵەی ئەردەڵان بوو ، لە ئاوێنەی بیری‌دا ڕەنگی‌دابۆوەو سەردەرانەی تالاری بە بوونی بەختەوەرانەیەوە ڕازاندبۆوەو بە فەڕی هێنابوو • زەڕین‌کولاهی بۆ ئەو جێگایە کە ئاسمانێ بوو لەسەر زەوی جێگیر ببوو ، لە تەنیشت خۆیەوە دانا ، ئەنجا فەرمانی‌دا کە لە دەرگای حەوشەوە خان ئەحمەد خان بێنن‌و لە دەرگایەکی دیکەیشەوە ، نەڕەشێرێکیان کە چەندین ساڵ بوو لە کن شێرەوانەکانی شالە زنجیر درابووو بەرەڵاکرد ، شێری تایەن لەو چەقی مەیدانەدا هەڵی‌کردە سەر خان ئەحمەد خانو پەلاماری‌دا •. ئەو هۆژەبرە چاونەترسە نەسلەمی‌یەوە ، یەکسەر شمشێری دلێریی هەڵکیشاو بە هێزی بازووی شێرانەیو دەمی شمشیری دلێرانەی شێرەکەی کوشتو لەناوی‌برد • شای سەفەوی ئەگەرچی ئازایەتیو دلێریی خان ئەحمەد خانی لەبەرچاو زیاتر بوو ، بەڵام لە کوشتنی شێرەکەو بێباکیی ئەو دلێرە ، ناوبراوی سەرزەنشت‌کرد • خان ئەحمەد خان لە وەڵام‌دا فەرمووی ، ئێمە دوو شێری هاوتاو دلاوەر پەلاماری یەکترمان‌دا ، یەغباڵ هێنایو بەخت سواربوو ، من ئەوم بەزاند • شا فەرمایشتە جوانەکەی ئەو لاوچاکەی زۆر بە دڵەوە چووو زەڕین‌کولاە بە هاوسەریی ئەو هومای کەشکەڵانی بڵیندی‌یە شاد بوو •

ئینجا به ڕێورەسمێکی شایانی شاریاران بێو به بەزەكو دۆزەكو دەبدەبەو سەنسەنەیێکی لـە شانی گەورەپیاوان بوەشێتەوە هـەردوو پرشـنگدار جووتبوونو به یەكگەیشتن[١٧] که ماوەیێکی زۆر خان ئەحمەد خان لـە باوەشی پەروەردەکردنی شادا ئۆقرەی گـرت ، شا ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پلەوپایەی بلیندتر دەکـردەوەو چەندین ساڵ بـوو شا زۆر بـە ئارەزووی دیدەنیی هەڵۆخانەوەبووو لەمێژبوو مرخی له داگیرکردنی کوردسـتان خۆش‌کردبوو ، بەڵام سەبارەت به سەختیو دژواریی قەڵاو قەڵایچەکانی کارەکەی به شەڕوشۆڕ بۆ جێبەجێ نەدەکرا . سەرەنجام له دووی خـان ئەحمه دخانی ناردو دووبەدوو به یەكگەیشتن . ڕایەخی بەزمو ڕابواردنیان ڕاخستو لەپاشـی خۆشـەویستیدەربڕینو دڵسۆزیو نوازشـت دەرخستن مەبەستو نیازی ڕاگەیاندێو گـەنجینەی ڕازی بۆکردەوە ، فەرمووی : لـە مێژە من به ئارەزووی دیدەنیی باوکتەوەم ، بـەڵام لەبەر سـەختو دژواریی قەڵاو قـەڵایچەکانی کوردسـتان نەمانتوانیوە ئەم ئارەزووەمان بەدی بهێنینو لەم ڕووەوە شەرمەزارین . جا ئێستا ، که تۆ پێوەندییەکی تەواوت لەگەڵ ئەم دەولەتە بەرزەدا هەیە ، هەر کاتێ گەڕایتەوە بۆ کوردستان ، سا به هەر فێڵێ بێ ، هەڵۆخانمان بۆ دەربار بۆڕەوانە بکەو خۆت سەری کارەکە بگرەدەست . بێ گومان ئەم کردەوەیەت دەبێ به مایەی ڕەزامەندیی پاتشاو بەرزبوونەوەی پلەو پایەتو سەری پێوەنازینت دەگاتە ئاسمان .

خان ئەحمەد خان به هۆی زاوایەتیی پاتشاو تەماحی حوکمڕانییەوە بەڵێنی دا که خواستی شا بەجێبێنێو بەم جـۆرە به دڵنەوایییەکی زۆرو خەڵاتێکی گرانبەهاو بەخششێکی فرەوە له دەرباری سەفەوی ترازاو بەرەو کوردستان بەڕێکەوت . کاتێ گەیشتە ئـەوێ هەڵۆخان له مێژبوو کوڕە بـەڕێزکـەی نەدیتبوو ، وەکـو ڕۆحی خۆی لێی نزیك بۆوەو بەوپەڕێ ئاسوودەیییەوە ڕایان دەبوارد . خان ئەحمەد خان کەوتبووە سـەر ئـەو

نیـازه باوکی بگرێتو بـۆ دەرباری ئەسـفەهانی بنێـرێ •. خـۆی لە پیـاوماقوولانو گەورەپیـاوان نزیکخستەوەو دەرووی خۆشـەویستیو میهرەبانیی بۆ خستنە سەرپشت • هەریەکەیانی بە پێی پلەوپایەی خۆی بـە خـەڵاتی گرانبەهاو ڕێزو بەزەیی زۆورەوە نرخلێدەنا ، تـا ڕۆژێـکیان هەڵۆخان کۆڕێکی بۆ کوڕەکەی ڕازاندەوە ، لەو کۆڕەدا پیاوماقوولانو سەرانی سەرلەبەر هەموو کۆکردبوونەوە • خان ئەحمەد خان سەرکارەکەی ڕاسپارد شیرینیو نوقڵو نەباتی زۆری ئەسفەهانی بۆ دانیشتوان هێنا ، تا دەمیان شیرینکا • هەڵۆخان گورجێ ، لە کارەکە گەیشتو دڵی زۆر نارەحەت بوو ، فەرمووی ، بە شیرینیو فڕوفێڵ دەمی منت لە گوژاڵك تاڵتر کرد • گوایە دەتەوێ ، هەر وا بەم زمانلووسیبە چلكو داوێنی فەرمانڕەواییکەم لە دەست دەرێنی ؟ کار گەیشتە ناخۆشیو کێشەوبەرەو خان ئەحمەد خان کۆڕەکەی بەجێهێشتو لەوێ هەڵبڕا ، چوو سـواری ئەسپەکەی بوو • لەتەك هاودەستانیدا لە دەرەوەی قەڵا گیرسایەوەو لە دژی باوکی ڕاپەڕیو دەرووی مافی بابو فرزەندیی لە خۆی بەجارێ پێوەدا • قەدەرێ لە دەرەوەی قەڵا بە شەرمەزارییەوە مایەوە • ئینجا لەوگفتو بەڵینەی بە شای دابوو ، دەستەپاچە وەستاو لە دەشتی بەرینی سەرگەرداندیو ڕووزەردیدا هەر وا دەتلایەوەو بۆ خۆیشی نەیدەزانی چی بکا ••• هەڵۆخانیش لەم ماوەیەدا دەرگای قەڵای داخست • مـاوەی گەمارۆدانی قەڵا زۆری درێژەکێشا ، لە ئاکامدا دایکی خان ئەحمەد خان یاساوڵو دژدارانی قوللەو بورجەکانی فریوداو لە ژێرەوە لەگەڵیان دەستی تێکەڵ کردو بڕیاری دا لە نیوەشەودا دەرکەی قەڵا بکەنەوە تا خان ئەحمەد خان بێتە قەڵاوەو کاری باوکی تەواو کاو فەرمانێکی لە ئەستۆی خرابوو جێبەجێیکا • بۆ ڕاگەیاندنی ئەم موژدەیە مەلا یەعقووبی ، کە باوەگەورەی مەلا عەباسی شیخولئیسلامە ، ناردە کن خان ئەحمەد خانو بە گفتو بەڵێنی خۆش دڵی خۆش کرد • پاش ئەوەی مەلا یەعقووب گەڕایەوە بۆ ناو قەڵا ، پیاوێکی سـەر بە هەڵۆخان بەم کەینو

بەینەی زانیو ڕاستیی مەسەلەکەی لە خان گەیاند • هەڵۆخان یەکسەر فەرمانی بەندکردنی مەلا یەعقووبی دا • بڕیاردرا ، هەر بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە بە سەختی سزا بدرێ • چونخوا وای فەرمان لە سەربوو ، مەلا یەعقووب ڕۆژی تەواو نەبێ ، سەرلەئێوارە کە لەشکری تاریکی هێرشی هێنایە سەر ڕۆشنایی خۆر ، شاهەنشای مانگ لەگەڵ سوپای ئەستێراندا هەڵیانکردە سەر ڕووناکیی خۆری تاوناك • خان ئەحمەد خان بە پێی تەمێی دایکیو پشتیوانی خودای دادگەر هاتە بن قەڵاکەو بە یارمەتیی پەیژەی بەزەیی خوداوەند بەرەو قوللەکانی قەڵا وەسەرکەوت • بڕێکی لە دڵسۆزانی دەوڵەت بۆ پاسەوانیی دەرکەی قەڵاو بورجو بارۆو وارشەکان هەڵبژارد • خۆیشی هاتە ناو سەرای دەوڵەتەوە ، چووە ناو حەرەمسەراوە ، لە کاتێکدا هەڵۆخانی باوکی لەسەر جێگای حەسانەوە پاڵی دابۆوە ، خان ئەحمەد خان لەگەڵ چەند هاوڕازێکی خۆیدا هەڵیکوتایە سەریو چاوی لە مافی باوكو فرزەندی پۆشیو باڵبەستیکردو هەر لەو کاتەدا لەگەڵ چەند یاساولێکی ئازاو چاونەترسدا ڕەوانەی ئەسفەهانی کرد • مەلا یەعقووبیشی لە بەند ڕەهاکردو دڵنەوایییێکی زۆری کرد • پاش گەیشتنی هەڵۆخان بە دەرباری سەفەوی ڕێزێکی زۆری لێنراو خرایە ژێر ئەوپەڕی چاوێریو بەزەیی پاتشایانەوە • لە کتێبەکەی خوالێخۆشبوو مەلامحەمەد شەریفدا بەم شێوەیە باسیکراوە : هەڵۆخان پاش ئەوەی گەیشتووەتە ئەسفەهان بە چەندین جۆر بەزەیی شاریاری دڵشاد کراوەو تا ئەو ڕۆژەی مردووە ڕۆژگاری ژیانی بەوپەڕی ڕێزلێگیرانەوە بەسەربردووە • بەڵام بە پێی نووسینی خوسرەوبەگی بەنی ئەردەڵان ، هەڵۆخان پاش ئەو هەموو ڕێزو دڵنەوایییانەی کە ئەمەیش ڕێوڕەسمی پاتشایانەو ڕەوشتی خوسرەوانەیە بە خەڵاتێکی زۆرەوەیان ناردووەتەوە بۆ وڵاتی خۆیو بڕیاردراوە کە هەرگیز دەست لە کاری فەرمانڕەوایی وەرنەداتو دوورەپەرێز بژی • ( خودا هەر بۆ خۆی لە هەموو کاران ئاگادارترە ) •

**لەبارەی جیهانەوانیی خان ئەحمەد خانی کوڕی هەلۆخانو کورتەیێك لەسەربهووردی ئازایەتیو کەلەمێردیی ئەو خودانە .**

چون لە سالی ١٠٢٥دا خان ئەحمەد خان بێ ئەشکەنجەو ئازار بووکی ولاتی بە هەزار ئازەوە لە باوەش گرت ، شنەی خۆشیو شادی بە سەرگەورەو بچووکدا هەلیکرد ، بلیندو نەوی بە بەزەیی هەمەتەرزی ئاسوودە بوون ، پیاوماقوولانو ژێردەستان سەرلەبار ، لە سامی لوتفی بێ پایانیەوە ، بەوپەڕی شانازی گەیشتن . ماوەییکی زۆر لە پێناوی کامەرانیو خۆش گوزەرانیی خەلکی ولاتدا تێکۆشا . هەریەکەی بە پێی پلەو پایەی خۆی نازدەکێشا . خزمو بیانی لە لێشاوی دەهندەیی بەهرەمەندبوون ، داراو نەدارا لەبەر چاوی یەکسانو خۆشەویستبوون . تا کاتێکی کەلکەلەی وەدەستهێنانی ولاتی ڕۆمی کەوتە سەرو[١٨] بە لەشکرێکی لە ژمارەی ستێران بەدەر هێرشێکی توندو تیژی بردە سەر تیرەی بلباسی شەڕخوازو هەلیکردە سەر مەلبەندی ئەو بەدئاکارانەو ناوچەکەیانی داگیرکردو ئالای سەرکەوتنی هەلکرد[١٩] . تیرەی بلباسیش پاش بیستنی ئەم هەوالە لەشکرێکی لە لەژمارەبەدەری کۆکردەوەو بە هەزار ترسو سامەوە دەستیاندایە شیروتیرو ڕێیان لە خان ئەحمە دخان گرتو بەرەوبەرییان لێکرد . سوپای سەرکەوتووی ئەردەلان لە ترسی ئەو میرە ولاتگیرە ، بە پێی ڕێوڕەسمی زگماکی لە خۆبوردوویی یەکسەر تیغی زاخاودراوی لە کالان هەلکێشاو بەوپەڕی بێباکییەوە هەلیانکوتایە سەر لەشکری وەك دەریای بە جۆشیوخورۆشی بلباسو بە هێرشی مەردانەو نرکەی دلێرانە ئەو سپا لە ژمارەبەدەرەیان بەزاندو سەرەنجام زۆربەی سەرۆكو یەکەپیاوانی ئەو هۆزە کوژرانو چەندین لەو کینەلەدلو بەدبیرانە بەدیلگیرانو سەرشۆڕکران . هێندێکیش لەوانەی ، لەو تەنگو چەلەمە پڕمەترسییە ڕزگاربوون ژیایێکی سەرلەنوێیان وەدەستهێنایەوەو بەرەو ولاتی خۆیان گەڕانەوە .

بلباسەکان مالوکۆچو پەڕەوانی خۆیان کۆچپێکردو لە جێگاییێکی

سەختدا ، کە لە کاتی ئەم جۆرە ڕێکەوتنانەدا پەناگایان بووە ، جێگیربوون‌و ئەوانەی لەو شەڕەدا بە زیندوێتی مابوونەوە بەرەوبڕیان لە لەشکری نەبەزی ئەردەڵانی‌یەکان کردو دەستیان بەشەڕکرد • لە یەکەم هەڵمەتدا چەند شێردلێکی ئەردەڵانیان تخێلی زەوی کرد ، سەرەنجام ئەردەڵانی‌یەکان هێرشێکی دلێرانەیان بردە سەریان‌و هیمەتێکی پیاوانەیان بۆ تەفروتوناکردنیان نواندو ئەو تیرە شەڕخوازەیان بە جارێ لەناوبردو دوایان بڕینەوە • بلباسەکان کە چاویان بەم حەشروهەنگامەیە کەوت ، هەر بە یەکجاری دەستەجلەوی خۆڕاگری‌و بوردەباری‌یان لە دەست ترازاو هەموو هەڵاتن • هەرچی دلێرانی ئەردەڵان بوون ئەسپی تیژڕۆیان هێنایە جووڵەو دەسکەوتێکی زۆریان لە ماڵ‌و سامانی ئەو بەدمەزەبانە وەدەستهێناو لەوێڕا ئەسپی عەزمیان تاوداو تا ئەو جێگە سەختەی خۆیانیان تێدا قایم کردبوو ڕێشمەیان شل‌نەکرد • چەند ڕۆژێ گەمارۆیان‌دان‌و ڕێی هاتوچۆو کاروباریان لێ‌بەستن ، تا بەم شێوەیە داوێنی دان‌بەخۆدا گرتن‌و سەبریان لەدەست‌بدەن‌و واز لە لووت‌بەرزی بێنن‌و ملکەچی قوبووڵ‌بکەن • ئەگەرچی ، دوایی ، هێرشەکەیان ڕاگرت ، بەڵام ئەم ڕووداوە لە هەموو کانگای دڵیانەوە نەبوو • لەبەر ئەوەی ڕێگای بەوێ گەیشتن یەکجار سەخت‌و تووش‌بووو بواری شەڕوشۆڕیان نەبوو ، لە سەروبەرنانی ئەم کارەدا سەریان سوڕماو لەو دەشتەدا سەرگەردان مانەوە • سەرەنجام ڕۆژێکیان کەڵەژێکی جوانی ژیروزیرەکی ئەو تیرەیە ئارەزووی گەشت‌و سەیران دەکا • دەوروبەری سوپا بێ سەنگەرو سوپەربوو • بە ڕێکەوت تووشی بوو بە تووشی کاربەدەستی خانەوە ، لێی پرسی هۆی لێرە هەوارگرتنیان لەبەرچی‌یەو ئەم هەموو خۆئامادەکردن‌و خۆسازکردنە لەبەر کێ‌یە؟کاربەدەستەکە لە وەڵامدا گوتی ، هۆی هەوارگرتنمان لێرە ئەوەیە ڕێگاوبان نی‌یەو ڕێڕەوەکە زۆر تەنگەبەرەو بە ئاسانی توانی لێوەدەربازبوونمان نی‌یە• ئەو ئافرەتە شەنگە بە تانووت‌و پلارێکی نازو عیشوە ئامێزەوە ، بوو بە باوەشێنی بڵێسەی ئاگری

تووڕەیی‌و ڕکی خان • هـەر دەم‌ودەست فەرمانی ئامادە بوونی لەشکری سەرکەوتووی داو چیرۆکی ئەم ژنە نیهادپاکەی لە نووکەوە بۆ سەردارانی سوپا گێڕایەوە • سەردارانی سوپایش دەسبەجێ دەستیان لە گیانی خۆیان شوشت‌و دەستیان بـە قلفی توندوتۆلی فەزلی خوداوەندی دوو جیهانەوە گرت‌و لاوانی خەنجەربەدەست بـە تێخی ئـاودارەوە چـاکی ئازایەتی‌یان لێ‌هەڵکردو دەستیان دایە شیرو ڕم‌و بە یارمەتیی خودای بێ هاوتا ڕوویان کردە سەر لوتکەی چیاکان‌و لە نشێوانەوە بـەرەو هەورازان هەڵکشین‌و دەرووی شەڕوشۆڕیان لە ڕووی دژمنان هاویشتە سەر گازی پشت • ئەم تیرە چارەبەدە ئەم هەنگامەیەیان دیت دەسبەجێ دەستیان بە شەڕ کردو بە تەقەکردن‌و گابەردگلۆر کردنەوەوە تێ‌هەڵچوون‌و ئەو دلێرە ڕۆستەم ئاکارانە بە تێخ‌و تیرو تەورەوە خۆیان گەیاندە سەنگەرە بەسامەکانیان‌و تیرو مێ‌یان لە تێخ کێشان[٢٠]و پاشماوەی ماڵ‌و سامانیان بوو بە دەسکەوتی ئەو سوپا سـەرکەوتووەو لەشکری زاڵبوو بە دیـل‌و یەخسیرێکی زۆرەوە ، لەوە زێتـر پێـوەنەچوون‌و بە سـەرکەوتـن‌و زاڵبوونەوە گەڕایـەوە[٢١] • فەومانڕەوایانی سابلاخ‌و مەراغەو ئەو ناوچانە بە بیستنی ئەم سەرکەوتنانە بێ چەندوچـوون بە دیاری‌و پێشکێشی نایابەوە دەستەونەزەر ڕوویان لە بارەگای کردوئەوپەڕی لە خۆبردن‌و خزمەتگوزاریی خۆیان نواند • سەرکاری خان ئەو ناوچە بەدەستهێندراوانەی یەکە بە یەکە بەرەوڕووی فەرمانڕەوا دلسۆزەکانی دەوڵەت کردەوە • پاش دوایی‌هاتنی کاروباری خان لەو ناوە ، بە سەربەرزی‌یەوە لە ڕێگای کۆیەو هەریرەوە بەرەو ڕەواندزو عیمادی‌یە دای کێشا .• چەندکەسێ لە کوڕانی بارام بەگی کوڕی سـورخاب بەگ کە پێشتر باسـمان‌کردن‌و لەسەردەمی حوکمڕانیی باوکی‌دا فـەرمانـڕەوایی ڕەواندزو عیمادی‌یەیان پێ‌سپێردرابووو بـە هۆی ناسـازیی ڕۆژگـارو چارەنووسی پەروەردگارەوە لە فەرمانڕەوایی کەوتبوون‌و پەست‌و سەرشۆڕ بیوون ، بـە بەزەیی‌و نوازشتی خوسرەوانەیەوە کۆی کـردنەوەو دوو سێ

کەسێکی لە سەرۆکەکانیان لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی جێگیرکرد • لە ئاکامی بارانی بەزەیی‌یەوە چیمەنی دوواڕۆژیان گەشەی‌کردو لە سای لێشاوی چاوێری‌یەوەی تەلاری بە شان‌وشکۆیان ئاوەدان بۆوە • هەروەها ڕەواندزی بە قەرەحەسەن بەگ‌و خۆشناوی بە خالید بەگ‌و عیمادی‌یەی بە عوسمانی بەگ سپاردو لەسەر تەختی حوکمڕانیی چەسپاندن‌و ژەنگی پەستی‌و خواریی لە ئاوێنەی دەوڵەتیان سڕی‌یەوە •

سەبارەت بەوەی حەسەن بەگ لە ڕووی شۆخ‌و شەنگی‌و دلێری‌یەوەو لە ئاکارپەسندی‌و فەزڵ‌و کەماڵ‌و ڕەوەشتی مەردایەتی‌و ئازایەتی‌دا لە سەرووی ئەوانی دیکەوە بوو ، خەڵات‌کراو بە سەرکردەی ئەو هۆزو تیرەیە هەڵبژێردراو بە گەورەیی خۆی فەرمانڕەواو سەرلەبەری ئەو بنەماڵەیەی خەڵات‌کردو تا ئیمڕۆکەیش کە ساڵی ١٢٦٢ی کۆچی‌یە فەرمانڕەوایانی ڕەواندز وەچەی ئەون •

دەگێڕنەوە ، تیرەی حەمە ڕەشید بەگی وەکیل بە ڕەچەڵەك ، لە چەند سەرێکەوە ، دەچێتەوە سەر خالید بەگی میری خۆشناو(٢٢) • لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خان ئەحمەد خان‌دا هێندێکیان هاتوونە کوردستان(٢٣)و بە پلەی وەکیلی سەربەرزکراون • پاش ئەوەی خان ئەحمەد خان کاروباری ناوچەی بلباسەتی‌و ڕەواندزو عیمادی‌یەی سەروبەر ناو ئاسوودەو سەرسووك بوو ، بڕیاری‌دا هەڵکاتە سەر تیرەی داسنی(٢٤)و خالیدی • کاتێ گەیشتە نزیکی وڵاتی ئەم تیرەو هۆزانە یەکسەر لەم هەڵکردنەسەرە ئاگادار بوون‌و زۆر پیاوانەو بەو پەڕی ئازایەتی‌و دلێری‌یەوە هۆزەکانی خۆیان خڕکردەوەو بڕیاری شەڕیان‌دا • هونەروەرانی ئەردەڵان وەك سەمەندر(٢٥) بەرەو ئاگر هەڵیان‌کوتاو ڕیزیان تێك‌وپێك شکاندن‌و لە یەکەم هەڵمەت‌دا بنەڕەتی بوون‌و توانیان لە بێخ‌وبنیچەوە لەبەریەك هەڵتەکاندن‌وهەرچی‌یەکیشیان ڕزگاربوون بەم‌لاو بەولای وڵات‌دا ئاوارەبوون‌و پەرت‌وبڵاوبوونەوە • یەك‌سەلەفانی مەیدانی ئازایەتی بە یەغبالی ڕوونەوە شەووڕۆژێ وەدووی داسنی‌و خالیدی

کەوتن‌و دیل‌و بەرزەولاخ‌و ساماتێکی زۆرو زەوەندیان لێ‌وەدەست‌هێنان‌و زاڵبوون‌و بەسەریاندا سەرکەوتن • هەر لەو شوێنــەوە خان هەمەکارانی بەرەو کۆیەو هەریر ناردو خۆیشی بە سەرکەوتنەوە بەرەو مووسڵ چــووو ئاوازەی هاتنی لەشکری بە گوێی فەرمانڕەوای مووسڵ گەیشت • ئەویش کە بەمەی زانی پەشۆکا • نەی‌توانی بەرەوبڕی لێبکا ، ناچار بـۆ حەڵەب هەڵات .• پیاوماقووڵان‌و ســەرۆکانی مووســڵ بە دەس‌ودیاری‌یەکی زۆرو گرانبایی‌یەوە چوون بۆ خزمەتی ئەو میرە وڵات‌گیرەو سەری گوێ‌بەفەرمانی‌و مل‌کەچی‌یان بۆ دانەوانــدو خانیش زۆری ڕێزلێ‌گرتن‌و یەکە یەکەیانی بــە خەڵاتی گرانبایی خەڵات‌کردو ســەری بڵیندکردن‌و لەتــەك فەرمانڕەوای تازەیاندا گەڕانەوە بۆ جێی خۆیان •

دەس ودایەرەی خانی سەرکەوتوو بێ هیچ کۆسپ‌و شەڕوشۆڕێ ، بێ هیچ بگرەوبەردەیێ ناوچەکەی بە پێ‌وقەدەمی ڕازاندەوەو بە دیــدەنی‌و زیارەتی یونس پێغەمبەر شەرفمەندو بەهرەدار بوو • نامەی سەرکەوتنی بە هەموو لایەکدا بڵاوکردەوەو خۆیشی لــەو مەڵبەندەدا چل ڕۆژێ مایەوە • پاشان فەرمانی بۆ خەڵکی مووسڵ دەرکرد کە کارگەران‌و دەس‌وپێوەندانی خویان بنێرن خەلەو خەرمانی حەسەن‌ئاباد بکوتن‌و دانەوێڵەکەی خڕکەنەوە • کە لەو ڕۆژانەدا ســەربازە دلێرەکان ، پاش ڕێ‌کردنێکی زۆرو ماندووبوون خۆیان‌و ئەسپ‌و ولاغەکانیان پشووییێکی چاکبدەن‌و تێکڕا سەرئاسوودە بن .• ئەوجا فەرمانی بە میرزاو نووسیارانی‌دا ، ڕووداوی ئەم سەرکەوتنەو ڕاستیی ئازایەتی‌و بوێریی لەشکری ئەردەڵان بە دووروودرێژی لە دەرباری ئەسفەهان ڕاگەیێنێ ، ســەرەنجام خان ئەحمــەد خان لە لایــەن دەرباری ئەسفەهانەوە بە پشتوێنی گەوهەردارو ئەسپی ڕەسەن‌و چەك‌و زینی زێڕین خەڵات‌کراو ، دنەدرا بەغدا داگیرکا • خان ئەحمەدخانیش پاش سەروبەرکردنی باری ئــەو ناوچانــەی بە دەستی‌هێنابوون ، لەشکری کردەسەر ناوچەی کەرکووك‌و قەڵاکەی • هەرچی تیرەو هۆزی ئەو ناوە هەبوون سەرلەبەری

خستنە ژێر قەڵەمڕەوی خۆی ، تا گەیشتە دەوروبەری بەغدا • بەغدا ئەگەرچی شارێکی یەکجار ئاوەدانەو قەڵایەکەی زۆر سەختو دژوارەو نیشتەنی یەکانی لەوپەڕی توانو ئامادەیی دان ، بەڵام گرتنی لەسەردەمی هیچ کەڵەپاتشایێکی تاجداری ئازاو گەڕناس دا سەری نەگرتووەو هەرگیز ملی بۆ کەس نەداوە • ئەوەندە هەیە ، لەو سەروبەندەدا ، چونکە دەبدەبەی ئازایەتیو کەڵەمێردیی ئەو کەڵەمیرە بەرگوێی پیرو لاو کەوتبوو ، خەڵکی بەغدا وێڕای ئەو هەموو توانو خۆتەیارو ئامادەکردنە ترسوسامێکی لەکێشبەدەری ئەو خودانە خوسرەونەژادەیان چووبووە دڵەوەو هەرچەندیان دەکردو دەکراند ، زاتیان نەدەکرد بەرەنگاری بنو لێی ڕاسێن • هەروەکو لە سەرەتاوە بە هەزار ترسو دڵەلەرزەوە هێرشێکیان برد ، بەڵام زۆری نەبرد وازیان هێناو ملی ڕێککەوتنیان دا •

بە پێی نووسینی مەلامحەمەد شەریف ، دەروێش محەمەدبەگی سوباشی بەغدایی ، لە دڵی خۆیدا مەیلی ملکەچیی هەبووە ، لەبەر ئەوە ، ئەم ڕێککەوتنە بوو بە هۆی دڵبەهێزکردنی سەربازانی ئەردەڵانو پاڵپشتێ بۆ سوپاکەیو بەم جۆرە چوونە ناو قەڵای بەغداوە • لەبەر ئەوەی کە خەڵکەکە حەزیان لە شەڕ نەبووو شەڕکردنیان لە بەرژەوەندی خۆیان نەدەزانیو سەرپێچییان بە مایەی سەرلێشێوانو لەناوچوونی خۆیان دەزانی بۆ ڕێککەوتن هاتنە پێشەوە • کەتخوداو خاوەن پلەوپایەکانو گەورەپیاوان بە دەسوەدیارییەکی زۆرو گرانباییەوە هاتنە خزمەتو گوێبەفەرمانیو ملکەچیی خۆیان لە ڕاستی دەربڕی • پاش ڕەزامەندیی هەردوولاو شەڕو شۆڕکوژانەوە والیی ( دار السلام ) بە خزمەتی جەنابی خان گەیشتو تانوپۆی دڵسۆزیو یەکدڵی خۆیان لێکڕایەڵکردو چەندین ئەسپی کەحێلەی ڕەسەنی عەرەبیو کەلوپەلێکی زۆری گرانباییو چەندین جۆر دەستودیارییان پێشکێش بە خزمەتی کرد • ئیتر بەم جۆرە سەرکێشیو یاخێتی بە گوێبەفەرمانیو ملکەچی گەڕاو ئاشتی جێگای ناکۆکیو کێشەو

بەرەی گرتەوە •

هەر بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە میری بەختـــەوەر بە خۆشیو شانوشکۆو دەبدەبەو سەنسەنەوە تەشریفی گەیشتە ( دار السلام )ی بەغداو ئـەو سەرزەوی‌یە پیرۆزە بە فەڕی پێوقەدەمی خۆی شەرەفمەند کرد • لەو کاتەدا وەزیری بەغــدایش چەندین پێشکێشی شایانی بــۆ خزمەتی هێناو لەگەڵ ئـەمیرانو بــەرپرسیارانی دەولــەتیش‌دا کەوتــە چاکوخــۆشی‌کردنێکی گەرموگوڕ • پاش چەند ڕۆژێ کە دەستی لە کاروباری بەغدا بەتاڵ بووو بە هەموو ئامانجێکی خۆی گەیشت ، بەرەو ئەردەڵان گەڕایەوەو پیرولاوی بە پێو قەدەمی پیرۆزی شادمانو دڵخۆش‌کرد • مێژوونووسان ماوەی ئەم سەفەرەیان بە حەوت ساڵ لەقەڵەمداوە • هەرکە دەنگوباسی گرتنی بەغدا بە شاعەباس گەیشت ، شا لەو بنەماڵەیە بە ژنوژن خوازی نزیك بوونەوەی بە مایەی شانازیو شانوشکۆ بەرزبوونەوەی خۆی زانیو سەرلەنوێ بە دەس‌وديارىی گرانبایی‌و خەڵاتو نوازشت دەربڕینی دڵسۆزانە پایەو نرخی هێندەی دیکە بەرزکردەوە • ئەویش بەوپەڕی توانیەوە فەرمانڕەوایی ، بە ئارەزووی خۆی ، لە وڵاتی پشتاوپشت‌بۆبەجێماوی‌دا بەڕێوەدەبرد ، تا ئەو ڕۆژەی کە شاعە باس فەرمانی خـودای بەجێ‌هێناو بە پێی گوتەی خودای گەورە « كل من عليها فان ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام » گیانی بە بەهەشتی بەرین شادبووو شا سەفی جێگای ئەوی گرتەوە •

شا سەفیش هەر لەسەر ئەو بەندوباوو ڕێورەسمەی کە باوکی لەسەری دەڕۆیشت لەگەڵ خان ئەحمــەد خان‌دا مایەوە • هەروەها سورخاب بەگی کوڕی خان ئەحمەد خان کە گەوهەرێ‌بوو لەسەدەفی زەڕین‌کولاە دەرچوو بووو لە باوەشی شــاعەباس‌دا گەورە بـوو لەسەر یاسای کۆنی باوکی خزمەتو هاودەمیی شاسەفیشی لە ئەستۆگرتبوو • شاسەفی چونکە نیشانەی زیرەکی‌و زانایی تێدا بەدی‌دەکرد دڵی لێی کرمێ بووو کەلکەڵەی لەناوبردنیی کەوتە کەڵلەوە ، تا ڕۆژێ شاوێردی خانی لوڕ کە پێشتر باسمان کرد ، (بە

یارمەتیی عومەر بەگی کەلهوڕ لەشکری کردە سەر تەیموورخانی مامی خان ئەحمەد خان‌و نێـوان هەردووبنەماڵەکە لە نوێژەنـەوە تووشی کێشـەو دووبـەرەکی بوونـەوە ) • شـاوێردی خان چونکە ڕکوکینەی کۆنی لە دڵداهەبوو ، لەم سەردەمەدا هاتە خزمەتی شـاسـەفی ، پاش وتووێژێکی دوورودرێژ لە هەموو بابەتێ شامەسەلەکەی خستە دەستی شاوێردی خانەوەو داوای ڕاوتەگبیری لێ‌کرد • ئەو بەدبەختـە بەدئاکارە ، کە هێشتا تاڵاوی شمشێری ئاوداری دلێرانی ئەردەڵانی لەزاردا مابوو ، پێی‌گوت ، سورخاب بەگ لاوێکی ئاکارپەسندەو تا بلێی پیاوەو خاوەن ئەقڵ‌و ئاوەزە ، چەندی بفەرمووی ژیرو وشیارە ، سەرباری ئەمەیش باووباپیرانی دەستی دەسەڵاتیان لە زۆربەی وڵات‌و ناوچەکاندا درێژبووەو خۆیان بە سەروەرو خودان زانیوە، تەنانەت ئەگەر خۆی بە خاوەن‌هەق‌و ماف بزانێ سەبارەت بەو بەندوبارەی لەگەڵ سەڵتەنەت‌و خیلافەت‌دا بوویەتی ، هەقیەتی‌و بەجێیە •

لەبەر ئەوە دەبێ بە هەر نرخێ بێ ، تازووەو دەرفەت لەدەست نەچووە ، بە لاوێتی لەناوببرێ • ئەم ئەفسانەیەی شاوێردی خان چوو بە مێشکی شاوەو دەسـبەجێ فەرمانی چاوهەلکۆلینی‌داو میرغەزەو بێ سێ‌وودوو چاویـان هەلکۆلی‌و پیشانی شایان‌دا • پاش چەند ماوەیێ ئەم خەبەرە شوومە گەیشتە خان ئەحمەد خان ، پەنا بە خوا ، خان ئەحمەد خان لە ژیان بێزاربووو بـە دەم ئاخ‌و ئۆخ‌و ناڵەوفیغانەوە ئارام‌وئـۆقرەی لێ‌برابووو خـەوی لەچـاو نەدەکەوت‌و لە وەسفی ئەو نووری چاوەدا ئەم چەند بەیتەی گوتووە :

بێ تۆ ئەی گیانی جیهان بەم دلی خوێناوی‌یە چ بکەم !

لە تاو بێ چاوی تۆ ئەی چاوی دنیا بین چ بکەم !

بێ گوناه چاویان هەلکۆلیت •

کوێرایم دایێ بلێ منی بێچارە چ بکەم ؟

سەرەنجام بە نەخۆشی سەوداو ماخۆلان گرفتار بووو ماوەی ساڵێکی

ڕەبــەق ، ســەرەڕای هەزار داودەرمانو پزیشــكوپزیشــككاری هیچ چارەسەرێكی نەبوو • تەنانەت كار بەڕادەیێ گەیشت ناچار كۆتوسندمیان كرد •

دەگێڕنەوە ، ئیسماعیل بەگی عینایەتوڵڵا بەگ كە لەو سەردەمەدا بــە پلەوپایەی وەزیری گەیشتبوو ، بە ڕاوتەگبیری جوانی ، لەو ماوەیەدا خان لــە كۆتو زنجیردرابوو ، ئــەو كاروباری وڵاتی بــەڕێوەدەبردو هیــچ كەموكووڕی یەك نەدەكەوتە كاریەوە • تا پاش ساڵێك بە یارمەتیی خودای گەورە ، خانی مەزن چاكبۆوەو بە خــۆهاتەوە • شــاعیران ، مێــژووی نەخۆشكەوتنی خانیان بە حیسابی ئەبجەد بەم تاكە شیعرە تۆماركردووە : « در غلط گشت ابله و مجنــون »[٣٦] • پاش ئەوەی لەم بێهۆشی یە بــە هۆشهاتــەوە جارێكی دی دڵی بۆ كارەساتی كوڕەكەی بەجۆشهاتەوە ، سەرەنجام ، ناچار سەرپێچیی لــە شا ســەفی كردو لەگەڵ سوڵتانی ڕۆمدا ڕێككەوتو لە ئێران دەستی بە تاڵانو بڕۆ كردو هەرچی یەكی لەو تاڵانــە وەگیردەكەوت دەیدایە هاوسەنگەرانی خۆی • خان ئەحمەد خان كرماشانو هەمەدانو گەڕووسو ورمێو سەنقەری گشت خستە ســەر قەڵەمڕەوی وڵاتــەكەیو هەرچی ناوچــەكانی دەوروبەریش بوون سەرلەبــەری تاڵان كردن[٣٧] • هەركە ئەم هەواڵە بە شا سەفی گەیشت ، زاڵخانو سیاوەشخان كە هەردووكیان لە شاوە نزیك بوون ، كران بە سەركردەی سوپایەك ، لە هەڵمەتو نەبەرددا وەك شەپۆلی جەیحوونو لە بێ شوماریدا لە پێكوڕەو مێروو زۆرتر بوو ، بۆ لەناوبردنی شەڕی خان ئەحمەد خان • خان ئەحمەد خان بە بیستنی ئەم هەواڵە بەجارێ ڕێگای سەرپێچیی گرتە بەرو لەشكری خۆی خڕكردەوەو خەبەری لەشكركێشیی شای ئێرانی ڕاگەیاندە دەرباری سوڵتانی عوسمانیو داوای كۆمەكو یارمەتیی كرد • لە لایەن پاتشای ڕۆمەوە مەنووچەرخانێكی بە یاریــەوە هات • پاش ڕێگاوبانبڕینێكی دوورودرێژو چەندین قۆناخ هەردوولا لــە كن دەریاچەی مەریوان ، كە هەمیشە شوێنی

شەڕو لێکدانی ئازایانی ئێرانو ڕۆم بووە ، دەگژ یەکڕا چوون • ئـە دوو لەشکرە گەورەو گرانە بە توندوتیژی خرۆشانو بانگی « ان زلزلة الساعة لشيء عظيـم » بـەرگوێ کەوتو شێرانی بێشەی ڕکوکین دەستیان دایە شیروتیرو هەڵیانکوتایە سەر یەکتر • لە یەکەم هێرشدا بێ‌گوناهێکی زۆر لە هەردوولا سەریان تێداچووو سوپای قزلباش شکستیان هێناو هەڵاتن • ئێرانی‌یەکان کە دیتیان سوپای دژمن لە پشتیانەوەیەو زۆنگاوو زەمەندی مەریوان لە پێشیانەوەیەو خـۆ لە ڕمو شمشێری پاڵەوانانی مەیدانی شەڕ بواردن کارێکی لەکێش‌بەدەرەو ڕێی هەڵاتنیان نی‌یەو لەو تێداچوونە ناتوانن خۆیان ڕزگارکەن ، ناچار بە تەگبیری زاڵ خانی سەردار دەستیان لە گیانی خۆیان هەڵگرتو شمشێری کینو تۆڵەیان لە کالان دەرکێشاو هەڵیانکردە سەر سوپای خان ئەحمەد خانو لەشکری ڕۆم • لەبەر ئەوەی سەرکەوتن بەدەست خـودای گەورەیە ، شنەبای سـەرکەوتن ئاڵای ئێـرانی‌یەکانی شەکاندەوەو سوپای ڕۆمو لەشکری خان ئەحمەد خان وێڵو سەرگەردانی هەڵدێری پەرێشانی بوونو هێندێکیان بە هەزار فرو‌فێڵ سـەری خـۆیان ڕزگارکرد • سەرەنجام لەشکری ڕۆم بە سەرشکاوی گەڕایەوەو خان ئەحمەد خانیش لەگەڵ برێ لە خەڵکی کوردستان ڕەوانەی مووسڵ بوونو هەر لەو ساڵەدا فەرمانی خودای بەجێ‌هێنا •

### هەڵبەست

حەیف بۆ لاویی ئەو شێرە پیاوە
بۆ زۆری بازووو بۆ دەستوبردی
ئێستایش نەمزانی ئایینی ئەم گێتی‌یە چی‌یە ؟
کەسی بە نەمری تێدا نەژیا •

بەڕاستی میرێکی ئازاو دلێرو دڵدەریاو خوداێکی بە دادو دەس‌بڵاو بوو • بە ئاکاری جـوان ڕازاوەو بەڕەوشتی پەسـند ناسرابوو • تا بڵێی

پیاوێکی بەسەلیقە بوو • دەگێڕنەوە : جل‌وبەرگی کوردەواری کە یەکێ لە جل‌وبەرگی پیاوانە یە ، داهێنانی دەستی ئەوە • دەڵێن یەکێ لە جۆلاکانی ئەسفەهان پارچە شاڵێکی پێش‌کێش بە سەرکاری پاتشا کردبوو ، چون خان ئەحمەد خان لەو شوێنەدا حازر دەبێ دەی‌دەنێ‌و ئەویش بە سەلیقەی خۆی کوردەداری‌یانە هەڵی‌دووری‌و لەبەری‌کردو هاتە خزمەتی شاو هەزار جاریان ئافەرین‌لێ‌کرد[٢٨] •

**سلێمان کوڕی میرعەلەمەددین خان کوڕی تەیموورخان‌و چەند لاپەڕەیێ لە دەنگ‌وباسی •**

پاش نەمانی خان ئەحمەد خان سالی١٠٤٦ك سلێمان خان هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی • سلێمان خان فەرمانڕەوایەکی دەهنـدەو دەریادڵ‌و خـۆش ئاکاربوو • لە ئـازایەتی‌و دلێـری‌دا بێ‌هاوتابوو • لە کاروبـاری سەرۆکایەتی‌و گەورویی‌دا خاوەن ڕاو تەگبیری خۆی بوو • لە گەڵ هەموو خەلکی ولاتدا ، هەریەکە بە پێی پلەوپایەی خۆی دلی ڕادەگرت‌و لەگەڵ ژێردەستانی‌دا زۆر چاك‌بوو • مەیلی زاناو خوێندەواری زۆر بوو بەشی زۆری کاتی بە خوداپەرستی‌یەوە بەسەردەبرد • دەگێڕنەوە : میرعەلەمەددین خان کوڕی تەیموورخان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خان ئەحمەد خانی کوڕی هەلۆخان‌دا کە ئامۆزای یەکتر بوون ، پەنای وەبەر سولتان مورادی ڕۆم بردووە• کاتێ ڕۆژی خۆی هات هیچ کارێکی ئەوتۆی ڕانەپەڕاندو لەدەرباری سولتانی ڕۆم‌دا دنیای ڕۆشنی بەجێ‌هێشت •

سلێمان خانی کوڕی ، ماوەیێ لە خزمەتی خان ئـەحمەد خان‌دا گوزەرانی کرد .• چونکە لە زۆربەی شەڕوشۆڕەکانی خان ئەحمـەد خان‌دا ئازایەتی‌و پیـاوەتیی نواندبـوو ، نیشانەی گەورەیی‌و مەزنایەتیی لە ڕەنگ‌وڕوودا بەدی‌کردبوو ، هەر لەبەر ئەمە لێی پرینگایەوەو ویستی سا بە هەر دەك‌و دەهۆیەك بێ لەناوی‌بەرێ .• سلێمان خان کە سوێسەی ئـەوەی‌کرد خـان ئەحمەد خان چ نیازێکی خراپی لەدڵ‌دایە ، لە ناکاو ڕووی لە دەرباری شـا

سەفی کردو ماوەیێ لەوێ بە هەزار ناخۆشی وەختی بەسەربرد • تا شا سەفی بە نیازی گوێڕاکێشانو ملکەچ کردنی ڕۆمییان کە لـە ئێرەوان بوون ، لە پێتەختەوە بـەرەو ئـەو ناوچەیە جمی • لـە کاتی گەمارۆدانی دژمنو شەڕوشۆڕدا سلێمان خان بە تەنها ئەسپی ئازایەتیی تاوداو هەڵیکردە سـەر ئێرەوانو چەند کە سێکی لە ئازایانی ڕۆم سەرپەڕاندو لە خاکی سەرشۆڕیو خواریدا گەوزاندنیو پاتشا بەمە ، زۆری ڕێزلێناو پلەوپایەی بەرزکردەوە •

پاش مەرگی خان ئەحمەد خان لە لایەن دەرباری ئەسفەهانەوە خەڵاتی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانی پێسپێردراوەو بەرەو ویلایەت چووەو بە فەرمانی پاتشـا قەڵاکانی زەڵمو پالنگانی وێرانکردووەو لە سـەنەندەج کە ئـەو سەردەمە گوندێ بووە بە ناوی سینەو جێگای تیرەی کەفشزەڕینە بووەو بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر تووسیو نەوزەر(٣٩)و ئێستایش ژمارەیێکی زۆر لەم بنەماڵەیە ماونەوەو لەوپەڕی چەرمەسەرییێ ڕۆژگاردان •

سلێمان لەم شوێنەدا بناغەی چەندین خانومانو مزگەوتو فێرگەی لێداوەو شارەکە بەرە ــ بەرە ڕەنگورووی شارستانێتیی تێگەڕاوەو لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ پێتەختی والییە مەزنەپایەدارەکانی ئەردەڵانە •

چون جێگای ئاوەدانییەکە لە شوێنەکانی دەوروبەری بلیندترەوە ، ئاوبۆڕاکێشانی کارێکی هاسان نەبووە ، سەرەنجام ئاوێکیان کە ئێستا بـە ئاوی پلبەند بـە ناووبانگە بە شێوەی وشترگەروو سەرخستووەو ئاویان گەیاندووەتە شارەکە • دوای فەرمانڕەوایی ئەو ، ئاوەڕۆکەی خراپ بوو • تا حەسەن عەلی خان لە ساڵی ١٢١٠دا ، هەر بەو شێوەیەو لەو ڕێگەیەوە ئاوەکەی سـەر خستووەو گەیاندوویەتیە تێوەندی فـەرمانڕەواییەکەی • زۆربەی باخوباخاتی ماڵەمیرو ئەمیندارەکان لەم ئاوە ئاو دەخۆنەوە • پاش چەند سـاڵێ بە سەر تێپـەڕبوونی فەرمانڕەوایی سلێمان خاندا سوڵتان موراد ،(٣٠) خونکاری ڕۆم ، بە لەشکرێکی گەورەوگرانەوە ، بۆ داگیرکردنی بەغـدا بزووتو توانی ئەو قەڵای وەك ئێرەمـە لە دەسـت ئێرانییـەکان

دەڕێنێتەوە • پاش ئەم سەرکەوتنە خوسرەو پاشـای وەزیر ئـەعزەم بە لەشکرێکی گەورەوە هەڵیکوتایە سەر قەلەمڕەوی وڵاتەکەی • خوسرەو پاشا پاش چەند قوناخێ گەیشتە سەر سنوورەکانی ئێرانو ڕۆمو لەگەڵ لەشکری قزلباش‌دا بەشەڕهاتنو لەو شەڕانەدا سەرکەوت • دوای ئەم شەڕە ناوچەکانی زەڵمو شارەزوورو شارباژێرو قەرەداغی خستە سەر قەلەمڕەوی خۆی • لەو سەردەمەوە تا ئێستا ئەو ناوچانە بە بەشێ لە وڵاتی ڕۆم دادەنرێن •

ئیتر بەمە سلێمان خان بە فەرمانڕەوایی کوردستانو[٣١] دەوروبەری داکەوتو ماوەی ٢٢ ساڵ بە فەرمانڕەوایی‌یەوە خەریك بوو ، بەڵام لەبەر ئەوە کـە سەرسنوورەکان بەدەست ڕۆمەوەبوونو سلێمان خان توانستی ئەوەی نەبوو بەرەنگاریان بێتەوە ، شـا سەفی لێی‌بەگومان کەوتو بـۆ ئەسـفەهانێی بانگ‌کردو لەوێی هێشتەوەو نەی‌هێشت جارێکی دیکە بـۆ کوردستان بگەڕێتەوە ، هەر لەوێ مایەوە ، تا فەرمانی خودای بەجێ‌هێنا • بە قسەی مەلامحەمەدی قازی ، لابردنی سلێمان خان لە سەردەمی شاعە باسی دووەم‌دا بووە[٣٢] • خودا خۆی ئاگادارە •

## کەلبعەلیی کوڕی سلێمان خان

پاش لابردنی سـلێمان خـان مریدوەیس سوڵتان کـە فەرمانڕەوای کەلهوڕ بووو پایەی سەرپەرشتی‌کردنی ناوچەی ئەردەڵانیشیان پێ‌سپاردبوو، نەی‌هێشت بیـانی پێ باوێتـە نێو وڵاتی ئەردەڵان • ئەم مریدوەیسە بـۆ کەلبعـەلی خـانی کوڕی سلیمان‌خان تێ‌کـەوتو کەوتە تکاوتکاکاری فەرمانڕەوایی‌یەکەی باووباپیری پێ‌بسپێرنـەوە • سـەبارەت بـەوە کـە مریدوەیس لە دەرباری سەفەوی‌دا خاوەن ڕێزو پلەوپایەی بەرز بووە لـەم لایەنەوە لە پێشتربوو ، ئەم بۆ تێ‌کەوتنەی سـەری‌گرتو کەلب عەلی لـە ساڵی١٠٦٨دا فەرمانڕەوایی کوردستانیان پێ‌سپاردو لە لایەن دەربارەوە بە خەڵاتێکی زۆرو فەرمانی حوکمڕانیی ئەیالەتی کوردستانەوە بەرەو وڵاتەکەی

گەڕایەوەو چووە سەر تەختی حوکمڕانی • کەلبعەلی خان پیاوێکی دڵچاكو ڕاستگۆو سینەچاك بوو • لاوێکی بێ ڕكوکینەبوو • مرۆیێکی بەبەزەییو بە وەفابوو • میرێکی خووڕەوشتجوانو میهرەبانبووو فەرمانڕەوایێکی دڵسۆزو دەمودووشیرین بووو لە زمانلووسیو قسەخۆشیو دەوڵەتزۆریو شانوشەوکەت فرەیی‌دا لە هەموو فەرمانڕەوایانی دیکە لە پێشتر(٢٣)و لە زۆریی گەنجینەو نەختینەو زێڕوزێودا لەناو وڵاتدا بە ناووبانگ بوو • بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو سەروەتو سامانو شانوشکۆو هەیتوهووتە لە بدەییو دڵئاواییو دەسبلاویدا لاوازو بێ دەستوبردبووو دەرووی دەسبلاویی لە ڕووی کەس هەرگیز نەدەکردەوە ، ئەمەیش لە ڕەفتارو ئاکاری پاشایان نایەو ناوەشێتەوەو ئاکارێکی پەسند نی‌یەو ڕێوڕەسمێکی ناشیرینو دزێوە • لە سەرەتای فەرمانڕەواییی کەلبعەلی خانەوە حوکومەتی مەریوانی بە خوسرەوخانی برای سپاردو ناوچەی سەقزی بە زۆراوی کوڕیو ناوچەی هەورامانیشی بە سانەکانی خۆیداو میروەییسیشی‌کرد بە هەمەکارەی پاڵنگانو سەفی خانی سوڵتانیشی کرد بە فەرمانڕەوای جوانڕۆو محەمەد سوڵتانی گەڵباخیو هەموو پیاوە گەورەو ماقووڵەکانی دیکەش لە خزمەتی‌دا کاروباری دیوانیان بەڕێوەدەبردو بەوپەڕی ڕێكوپێکیو دڵپاکیو دەسپاکیو یەكزمانی‌یەوە ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ‌دەهێنا • کاتێکی خەڵکی کوردستان لە شا یاخی‌بوونو دەرگای سەرپێچیو یاخیگەریو بێ‌فەرمانی‌یان لە دژ بەرپرسیارانی دەوڵەت خستە سەرگازی پشت ، بە دیاردیی دەرباری ئەسفەهان کەلب عەلی خان بۆ گوێڕاکێشانی ئەو کۆمەڵە یاخی‌یە بەخۆکەوتو لەشکرێکی گەورەوگرانی بەرەو جێگای مەبەست بەڕێخست• هۆزی یاخی‌بوو سەرێکیان بزواندو لە پێشان هەڕوگیفو لافوگەزافێکی زۆریان بەبادا ، پاش سووکە شەڕێك ئاڵای سەرکەوتنی کەلب عەلی خان شەکایەوە • کاتێکی نیشانەی شکستیان لی‌بەدیارکەوت دەستیان لە بەرەنگاربوون هەڵگرتو ڕێی هەڵاتنو قووچاندنیان وەبەرگرت • ئەو

سەروەرە ، پاش گوێڕاکێشانی ئەم هۆزە ناوچەکەی داگیرکردو لە ڕێکخستنی ناوچەکەدا کۆششێکی زۆری بە خەرجدا • پاشان بە یارمەتیی خودای بەدادو بە دەستهێنانی سەرکەوتن ، گەڕایەوە بۆ مەرکەزی ئەیالەتەکەی خۆی • کارامەیی‌و لێزانی‌و زرنگیی لە کن شا دەنگی دایەوەو بە قەدرزانین‌و نوازشتی زۆر ، بەرانبەر بەم سەرکەوتنە ، سەربەرز بوو • کەلب عەلی خان لە ماوەی ٢٢ساڵدا بەوپەڕی سەربەخۆیی‌یەوە لە کوردستان حوکمڕانیی بەسەربردووە ، تا ڕۆژی خۆی هاتووەو گیانی پاکی بەرەو بەهەشت ڕۆیشتووە •

**لەبارەی فەرمانڕەوایی خان ئەحمەد خانی دووەم‌و لەدەستدانی فەرمانڕەوایی لەبەر بێ‌ئەزموونی‌و لێ‌نەزانی •**

کاتێ کەلب عەلی خان لە دنیای ناپایەدار بەرەو کۆشک‌و سەرای نەمری ڕەختی کۆچی هەڵبەست ، خان ئەحمەد خانی دووەمی کوڕی لە جێی دانیشت • وا مەشهوورە هێند دەسبلاوو سەخی‌تەبع بووە ، هەرچی سەروەت‌و سامانێکی باوکی وەختی خۆی کۆی کردبۆوە ، ئەو بێ‌ئاوەزە لە ماوەدایێکی زۆر کورتدا سەرلەبەری بە فێڕۆداوە • سەخاوەت‌و دەهندەیی هەرچەندە ئاکارو ڕەوشتی میرو سەروەرانە بەڵام ئەم میرە هەرگیز ئەو دەسبلاوی‌یەی لە جێی خۆی‌دا بە کارنەدەهێناو زۆر بێ‌جێ بوو • چاوی لە ڕێ‌وڕەسمی گەورەیی پۆشییو خۆی لە پێداویستی پلەوپایەی میرایەتی گێل‌کردبوو • زوربەی کاتی‌بە ڕابواردن‌و نائاگایی‌دا بەسەردەبردو هەمیشە خەریکی هاونشینیی سەرسەری‌و هیچ‌و پووچ‌و لەگامان بوو •

ئەوی خۆی بە پیاو دەزانی لێی‌دوورکەوتەوەو کەسی وای بەدەورەوە نەما بۆنی پیاوەتی‌و گەورەیی‌یێکی لێ‌بێ ، بەڵام وێڕای ئەوەش لە دەسبلاوی‌و بەخشندەیی‌دا وێنەی نەبوو • لە نێو خەڵکدا بە ناوی خانەزەڕینە بەناووبانگ بوو • لەبەر ئەوەی بە کاروباری فەرمانڕەوایی‌یەکەوەی کەمتر

خەریك بوو • خوسرەوخانی مامی بە دەرفەتی زانی ، بەهرەی لە بارودۆخی بشێوی وڵاتو لەخــۆڕایی سامان بەفیڕۆدانی خان ئەحمــەد خانی دووەم وە رگرتو بە تــۆمەتی یاخیبوون لێیخستو خــۆی لە جێی بــوو بــە فەرمانڕەوا • هەرکە فەرمانی فەرمانڕەوایی وەرگرت ، هەر بۆ شــەوێ ، لە مەریوانەوە چــوو بۆ سنەو ، دەمــەوبەیانێکی زوو گەیشتە ئــەیالەتو دەسبەجێ خان ئەحمــەد خانی گرتو بە کۆتو زنجیرەوە بۆ ئــەسفەهانی بەڕێکردو خۆی بوو بە فەرمانڕەوای وڵات •

**ماویەتی**

❋ ★ ❋

# پەراوێز

(١) مەبەستی مەستوورەی کوردستانی ، ئەردەڵان یا ئەیالەتی «سنە» یە ، کەشارەکانی سنەو بیجارو سەقزی ئەمڕۆبووە .
سەرەڕای ئەوەی کە لە باشوورو باشووری ڕۆژاوای لەو سەردەمەدا لە ئێستای بەربڵاوتربووەو کەوشەنی لە نزیکی شاری کرماشان‌و قەسری شیرین دەگەڕێتەوە .

(٢) سەرچاوەی ئەم داستانە بەڵگەی کۆنەو نرخی مێژوویی‌نەیشی هەر بەو ئەندازە داستانەکەی « ئەژدەهاك = ضحاك »ە . لەم بارەیەوە فیردەوسیش بەدەم باس‌کردنی ڕووداوەکانی ڕۆژگارەوە دیاردیی بۆ کردووەو لەپاش چۆنێتیی نەخۆشیی ئەژدەهاك‌و هەڵاتنی خەڵکەکە ئاوها دەڵێ :
کنون « کرد » از آن تخمه دارد نژاد
که آباد باید بدل برش یاد

(٣) لە کوردستانی باکوورو ڕۆژاوا بە شارنشینان ونیشتەنی‌یانی گوندان کرماج‌و کرمانج‌و کوردمانج دەگوترێ ، هەروەکو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات‌و باشوور ( کرماشان‌وئەردەڵان ) گۆرانیان پێ‌دەگوترێ .

(٤) شارنشینان‌و نیشتەنی‌یانی گوندی کوردستانی ئەردەڵان‌و کرماشان (کە بە پێچەوانەی کوردی ڕەوەندەوە کە بە پێی پێداویستی وەرزی لەوەڕگاو زستانەوار « ئێلاخ‌و قشلاخ » گەرمیان‌و کوێستانیان دەکرد ) لە کۆنەوە « گۆران »یان پێ‌گوتراوەو شێوەزاری گۆرانیش کە تا ئەم دوواییی‌یانەیش زمانی شیعرو ئەدەب بووەو هێشتا هەر بە بڕەوو ڕمێنە ، زارێکی تایبەکاری زمانی کوردی‌یەو لە زاری هەورامی یەوە زۆر نزیکە .

(٥) سەبارەت بەوە کە زنجیرەی ساسانی لە کوردی شوانکارە هەڵکەوتووە ، ڕەنگە سەرچاوەی ئەم داستانەش ، واتە : سەربە ئەردەشێری بابکان بوونی بابائەردەڵانیش هەر لەم سەرچاوەوە ئاو بخواتەوە .

(٦) بەشی گەورەی نیشتەنی‌یانی ئێستای کوردستانی ئەردەڵان ئەو کوردە کۆچ‌کردووانەن کە لە سەدەی دەیەمی ز. یا زووتر ، لە سەروبەندی جیاجیادا لە کوردستانی باکوورو ڕۆژاواوە کۆچیان کردووەو بە هۆی لە نیشتەنی‌یە ئەسڵی‌یەکانەوە نزیکیی تەواویان ، بەبێ لێك‌هەڵەنگوتن‌و

کێشەهەرا لە ئەردەڵان جێ گیربوونو لەگەڵ خەڵکی دیکەی ئەو ناوچەیەدا تێکەڵ بوون وەك ئەردەڵانیانو گەلباخیانو شامەنسووریانو بۆرەکەیی یەکانو ...

(٧) لەبارەی بنەچەکەی بنەماڵای ئەردەڵانەوە « شەرەفنامە» دەنووسێ : « لە کوڕانی فەرمانڕەوایانی دیاربەکر ، لە سۆرەوتۆرەی ئەحمەدی کوڕی مەروان ... بابائەردەڵان‌ناو ... لە ئاخروئۆخری دەولەتی جەنگیزیەدا بە سەر ویلایەتی شەهرزول ( شارەزوور )دا ڕاگەیشتووە » ...

(٨) « شەرەفنامە » سولتانی ڕۆم ( عوسمانی )ی لەم سەردەمەدا بە سولتان سلێمان خان نووسیوەو سەرداری سپاکەیشی بە سولتان حوسێن بەگ ، فەرمانڕەوای عیمادی یە لە قەڵەم داوە کە لەگەڵ هێندێ میرانی کوردستان‌دا ویلایەتی شارەزووریان گرتووە .

(٩) کتێبەکەی خوسرەو بەگ سەرچاوەیێکە لە بارەی مێژووی کوردستانو ئەردەڵانەوە کە مەستوورە کەڵکی لێ‌وەرگرتووە . ئەم کتێبە خوسرەو کوڕی محەممەدی بەنی ئەردەڵان لە ١٢٤٩ی قەمەری‌دا نووسیویەو بە کتێبخانەی فەرمانڕەوای ئەردەڵان خوسرەوخانی ناکامی پێشکێش کردووە .

(١٠) واتە : فەرمانڕەوای عیمادی یە .

(١١) بە قسەی « شەرەفنامە »لە ساڵی «١٠٠٥»دا سنجاقی «حلە»بە دەست مەئموون بەگەوە بووە .
مەبەست لە (حلە) حەلەبجە ـ هەڵەبجەیە ، (حلە)ی باشووری بەغدا نی یە ( ڕۆژبەیانی ) .

(١٢) ئەمیر شەرەفخان لە کتێبەکەی خۆی‌دا ئەم مەسەلەیەی ڕوونتر لێك‌داوەتەوەو دەنووسێ : « ئیدی لەو سەردەمەوە شارەزوور بوو بە بەشێ لە زەوی‌وزاری عوسمانی » .

(١٣) « شەرەفنامە »دەڵێ : « ... نێوی نرا تەیموورخان پاشا » . ( پاشا وشەیێکی کوردی‌یە ، ئەسڵەکەی « پادشا » یە . ئەم وشەیە تورك‌و لەپاشان عەرەب وەریان‌گرتووەو کردوویانە بە نازناوی سپایی‌و زاراوەی سیاسیی خۆیان ) .

(١٤) سەربە پارێزگای سلێمانی‌یە لە کوردستانی عیراق .

(١٥) ئەم قەڵایە لە دووریی ٦ کیلۆمەتریی باشووری سنەیەو لە سەر کێوێ هەڵنراوە .

(١٦) بەپێی مێژووی « مەلامحەممەد شەریف قازی » بە بۆنەی ئەم چاك

بیرکردنەوەیە شاعەباس پایەی سەرەکوەزیری ( وزیر اعظم ) بە ئالی بالی باپیرەی شێخ عەلی خانی زەنگەنە دەبەخشێ .

(١٧) لەبارەی خەیانەتی « کلاوزەڕخانم » ( زەڕین کولاه ) بە خان ئەحمەد خان و چۆنێتیی ئیعدام کردنی «یوسوپاسکا» وەرگێڕی تایبەکاری خانی ئەردەڵان هێشتا هەر بە سەرزاری خەڵکی کوردستانەوە دەگەڕێ و پیروپیرێژن سپی پانیش ئەو شیعرانەیان کە لەم بارەوە گوتراون ، هێشتا هەر لەبەرە .

(١٨) سەبارەت بەوە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خاوەنی خاکی ڕۆمی ڕۆژهەڵات بوو ، بە هەموو وڵاتەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی خاکی ڕۆم دەگوترا .

(١٩) ئەوەی ڕوونە هەر تیرەو هۆزێ کەلە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بووبن مەستوورەی کوردستانی بە دژمنی داوەتە قەڵەم و لەم دژمنایەتییەدا وەک مێژوونووس ، بێ لایەنی خۆی نەنواندووە (وەرگێڕ) .

(٢٠) نووسیار لێرەدا بێ لایەنیی خۆی لەدەستداوەو کەوتۆتە ژێر کاری هەستوخوستی تایبەکاری خۆوە .

(٢١) لە مێژووی قازیدا نووسراوە کە : تیرەی بڵباس هەرگیز باجیان بە کەس نەداوەو سەریان بۆ کەس شۆڕنەکردووە ، سەرەنجام ملیان بۆ خان ئەحمەد خانی کوڕی هەڵۆخان کەچ کرد و لە گۆیڕایەڵی و فەرمانی نەدەچوونە دەر .

(٢٢) بە پێی ئەم قسەیە دەبێ بنەماڵەی وەکیل کە لە بنەماڵە کۆنەکانی سنەن ، بە ڕەچەڵەک لە ئەردەڵانییەکان بێ .

(٢٣) مەبەست ناوچەی «سنە»یە .

(٢٤) گیانلەبەرێکە لە کۆمەڵەی بۆقگەل ، لەشی درێژو چوارپەلی هەیەو کلکی درێژە .

(٢٥) ئەم تاکە شیعرە لە پارچە چامەیێکدا کە لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵان ، نووسینی شەریفی قازیدا نووسراوە ، هاتووە . ئەم شیعرە وەک بەرچاو دەکەوێ مێژووی لە دایکبوون ، چوونەسەرتەخت ، نەخۆشی ، چاکبوونەوەو تەنانەت مردنی خان ئەحمەد خانیشی تێدا بەدیارخراوە . ئەمەش پارچە شیعرەکەیە :

خان اکراد یعنی خان احمد
سال بخت آمد از عدم بیرون ( ١٠٠٢ك )

سال کج بخت یافت حکم جلوس ( ۱۰۲۵ك )
در غلط گشت ابله و مجنون ( ۱۰۳۹ك )
باز صحت بیافت اندر غم ( ۱۰٤۰ك )
یافت حکمی ز بیشتر افزون
سال غم‌ها هزیمتش دادند ( ۱۰٤٦ك )
رفت بیرون از این زمانه دون

(٢٦) لە جەژنێـکدا کە خان ئەحمەد خان بە بۆنەی چوونەسـەر تەختەوەی گێڕابووی شێخ شەمسەددین خودبەیێکی بە ناووتاوی خوێندەوە . بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەم خودبەیە بڕوانە کتێبی ( سنەاردلان ) نووسینی مەردۆخ « کوهستان » .

(٢٧) نیسبەت درانی ئەم بەرگەو داهێنانی بە خان ئەحمەد خان ناچێتەوە سەر هیچ دەساوێژێکی مێژووو هیچ بەلگەیێکی لەسەر نی‌یە . مەگەر مەبەستی مەستوورە جل‌وبەرگێکی کوردیی تایبەت بێ .

(٢٨) لـە ڕۆژهەلاتی سنە گردێکە بـە ناوی تووسی نەوزەر کە گۆیا تیرەی « کۆشەزەرینە » سەربەوە ، ئەمەیان ڕاستترە .

(٢٩) مورادخانی چوارەم ، کوڕی محەمەد خان .

(٣٠) مەبەست لە کوردستان ئەردەلانە .

(٣١) قازی محەمەد شەریف لە مێژووەکەیدا بەدەم گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەوە باسی ئەو خزمەتگوزاری‌یە گەرم‌و دلسۆزانەیەی کە بۆ ڕێزلێنانی سلێمان خان کراوە بە درێژی دەکا .

(٣٢) کەلب عەلی خـان غەزەلی‌یاتی جـوانی بە شێوەی گۆرانی گوتووە کـە هێندێکیان تا ئەم چەنانەی دووایش هەر بەسەر زارانەوە بوو .

## ملخص المقال

بين يدي القارىء الكريم الترجمة الكردية للقسم الاول من كتاب « تاريخ اردلان » لمؤلفه « ماهشەرفخانم » المعروفة بـ « مستوره » الكردستانية وهي الشاعرة المعروفة ، من سلالة أمراء بني اردلان •

تناول هذا القسم الحديث عن نسب بابا اردلان وحكمه وامارة كل من « كلول » ورئاسة « خضر بن كلول » وحكومة « الياس بن خضر » و « خضر الثاني بن الياس » و « حسن بن خضر الثاني » وعدالة « بابلول بن حسن» ورئاسة «منذر بن بابلول» وحكومة «مأمون بگ بن منذر» واستقلالية حكومة « بيگەبگ » وأيالة « مأمون بگ الثاني » وايالة « سلطان على بگ بن سرخاب بگ » وامارة « بساط بگ بن سرخاب بگ » و «تيمور خان بن سلطان على » و « هلوخان » وحكومة « خان أحمد خان بن هلوخان » وحكومة « سليمان خان بن امير علمالدين خان » •

وقد القت المؤلفة الضوء على كثير من سير اولئك الامراء وما جرى من الأحداث في عهود حكمهم من خلال العلاقات المتشابكة بينهم وبين شاهات ايران وسلاطين آل عثمان من جهة والعلاقات الايرانية العثمانية الملتهبة من جهة أخرى •

# سەرنجێك لە
# فەرهەنگۆكی هۆنراوەی ئەحمەدی
# لــەگــەڵ
# دارِشتنەوەی لــەسەر شێوەی فەرهەنگ و
# پێداچوونەوەی
# عبدالرزاق بیمار

## بەشی یەکەم

## سەرنجێك لەفەرهەنگۆكی
## هۆنراوەی ئەحمەدی

### پێشەكی :ـ

( ئەحمەدی ) فەرهەنگۆکێکی هۆنراوەی عـەرەبی ـ کوردی یە شێخ مارفی نۆدەیی ( ١٧٥٣ـ١٨٣٧ )بە ناوی ( ئەحمەد )ی کوڕی یەوە کە پاشان بە شێخ کاك ئەحمەد ناسراوەو لە ١٧٩٨ هاتۆتە ژیان دای ناوە بۆ ئەوەی لــە سەرەتای خوێندن دا فێری عـەرەبی بێ • فـەرهـەنگۆکەکە هـەمووی (٣٧٠)دێرە هەڵبەستە بە (١٣)دێری پێشەکی یەوەش ئەم فەرهەنگە بەو پێ یە کە کوردێك لە ڕۆژاێك دا دای ناوە کە کوردی نووسین باو نەبووەو بووەتە سەرەتای تۆمارکردن و بەکارهێنانی وشەگەلی کوردی بەرهەمێکی بەنرخ و مایەدارە .• ئەم جۆرە فەرهەنگانە « سامانێکی ئێجگار گەورەن لە مێژووی فەرهەنگ ـ نووسیی کوردی داو هـەروەها بــۆ نووسینی فـەرهـەنگی

کوردی ـ کوردی لـه بەشە کوردی‌یـەکانیان ئەتوانێ کـەڵکی باشــ وەربگیرێ•••»[1] •

هەر ئەم فەرهەنگۆکە جگە لەو دەست‌پێشکەری‌یە پیرۆزەی کە زەنگی هوشیارکردنەوەبوو بـۆ نووسەرو ڕۆشنبیران لـە ناوچەی باباندا « بـە سەدان وشەی کوردیی بۆ چەسپاندووین کـە وەکو دەنکی مرواری لـە تێو گەنجینەی زمانەکەماندا دەدرەوشێنەوە••»[2] لـەڕاستی‌دا ئەوانـەی فەرهەنگی عەرەبی‌ـکوردی یان کوردی‌ـکوردی‌یان داناوە ، کـەم‌وزۆر وەکو سەرچاوەیەك کەلکیان لێ‌وەرگرتووە ، جگەلەوە کە هەر لە سەرەتای دانانی‌یەوە لە قوتابخانەکانی ئاینی‌دا خوێندراوەو پێویست‌کراوە قوتابی‌و فەقێ‌یان لەبەری‌بکەن ، هەروەها سەردەماو سەردەم نووسەرانو ڕۆشنبیران کەلکیان لێ‌وەرگرتووە •

**کوردایەتیی ئەحمەدی :**

بێ‌گومان فەرهەنگۆکەکە عەرەبی‌ـکوردیە ، بەڵام ئایا بەرهەمێکی کوردی‌یە ؟ ئەم پرسیارەش بۆیە دەکرێ چونکە دیاردەیەکی چاوخەڵەتێنی وا بەرچاو دەکەوێ کەوا بزانرێت دانەر نامیلکەکەی بە فارسی داناوە ••واتــا ڕایەك ـ بابێ هێزیش بێت ـ لای هەندێ کـەس پەیدا بکات بڵێ : کـە شێخ ویستویەتی کاك ئەحمەدی کوڕی فێرە عەرەبی بکات دیارە ناچارە مانای وشەکان بـە کوردی بـۆ دیاربکات بـەڵام چوارچێوەی دانـان‌و شی‌کردنەوەی هەر بە فارسی بووە کە ئەوسا زمانی باوی نووسین‌و دانان بووە •• ئەوەتا پێشەکی‌یەکەی ئەحمەدی کـە بریتی‌یە لـە ئامانجی دانانی فەرهەنگۆکەکەو پێناسینی ناوەرۆکـەکـەی‌و دانەرەکەی هەر بە فارسی نووسراوە ! شی‌کردنەوەی هەندێ مانای وشەی عەرەبییش هەر بە فارسی داڕێژراوە ، لەو جێگایانەدا کە دانەر وشەیەکی کوردی بەرامبەر بە وشەیەکی عەرەبی دانەناوە هاتووە بە ڕستە وشەیەك مانای لێك‌داوەتەوە وەکو دەڵێ :

٢٩٩ ـ ( خيل ) جمع اسپها و سوارها
(كيل) پێوان (وزن) كێشان (سم) ژار[٣]
١٥٦ ـ (تسعون و تسعين)نەوەد
(عوج،اود)كەچی بوەد

هەندێ جاریش دانەر ماناكـەو فیعلە مساعدەكەشی هـەر بە فارسی نووسیوە :

٣٠٧ ـ (سمكه) ماهی‌است ، ، (یربوع) است رزق
(معلبه) پەیكانی پان (تنین)گەورەمار
٣٢٥ ـ (هرم) پیری ، (شیب)مووی سفید
(رجاءوأمْل‌وأمَل)هەم(امله) باشد امید
٣١٩ ـ (منیه،امنیه) چی‌یە؟ ئارەزوو
(خرز)درووونە ، (خیط)چە باشد ؟ دەزوو

هەندێ جاری دیكەش یەكسەر مانا بەرامبەرەكە با تاكە وشەیەكیش بێت بە فارسی لێـك دەداتەوەو لە ڕێگەی زمانی فارسی‌یەوە ئاوڕ لـــە كوردی‌یەكە دەداتەوە :

٣١٧ ـ (زوج) بود شوهرو(زوجه)زەنە
(طلح)و(قراد)است بە كوردی گەنە

بەڵام ئەم ڕایە لەبەردەم ڕۆژگارو هەلومەرجی سەرهەڵدانی نووسینی شیعرو پەخشان بە زمانی كوردی لە سەدەی نۆزدەمین‌و لـە ناوچەی بابان‌دا خۆی ناگرێت • بێ‌گومان بەر لەو سەردەمە دانانی كتێب هەر بە فارسی‌و بە عەرەبی بـووە ، تەنانەت تا سەرەتای سـەدەی بیستەمیش نامەنووسین‌و دەفتەرگرتنی بازرگانانیشم هەر بەو زمانە دیتوە ! بۆیەكارەكەی شێخ مارف كارێكی ڕچەشكێن‌و پێشڕەوانەیە • خۆی یەكێكە لەو زاتەدەگمەنانەی كـە ئاوڕیان لە كوردی‌نووسین داوەتەوەو هاوچەرخی بناغەی ڕاپەڕینی ئەدەبی

کوردیی شێوەزاری سۆرانی‌بووە کە لە پاشاندا نالی‌و شاعیرانی دی بینایان لەسەر بەرزکردەوە •

من لەو بڕوایەدام دانەر یەکسەر بیری لەوە کردوەتەوە کە نامێلکەیەك بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بە کوردی دابنێ ، بەڵام کە تا ئەوسا بە تەواوی قەڵەمی لە کوردی‌نووسین ڕانەهاتووە ، ناوناوە جڵەوی لە دەست دەردەچێ‌و دەگەڕێتەوە سەر فارسی ، بەڵام هەر وەکو حاڵەتی بێ ئاگایی وایە بۆیە گورج جڵەو هەڵدەکێشێتەوەو دێتەوە مەیدانە کوردی‌یەکە •

لەو پێشەکی‌یەدا کە (١٣)دێڕی گرتوەتەوە ئامانجی خۆی دەردەبڕێ‌و دەڵێ :

کنم زبان عرب‌را بیان

٦ ــ در این رساله به کردی زبان

دوای ئەوەی کە ئاشکرای دەکات نامێلکەکەی کوردی‌زمانە گورج بادەداتەوە مەیدانی کوردی‌و دەڵێ :

٧ ــ تا که فرزندم (احمد) بی تعب

شود دانای لغات عرب

٨ ــ لهذ ناوم نا (احمدیه)(٤)

والله ارجو اصلاح النیة

هەر بەم جۆرە بە بێ ئاگایی کوردی‌یەکە بەسەر پێشەکی‌یەکەدا زاڵ دەبێت :

١٢ ــ زیر هەر فعلی میکنم تقریر

مضارع‌و مصدر ، کەم بێ یا کەثیر !

سەرباری ئەوەش دەبێ بڵێین کە سێ دێڕو نیوی پێشەکی‌یەکە بە زمانی عەرەبی‌یە •

بۆ وەڵامی ئەو بۆچوونەش کە گوایا مانا لێك‌دانەوە ئەگەر لە تاکە وشەیەك تێپەڕی‌و بوو بە ڕستەیەك دانەر بە فارسی مانای دەردەبڕێ ،

ئەمەش مەرج نی‌یە چونکە لە زۆر شوێنیش‌دا ئەمەی بە کوردی کردووە ، واتا کوردی‌یەکە لە شی‌کردنەوەو مانا دەربڕینیش جگە لە وشە بە وشەیی بە ڕستەش هەر بەکارهاتووە •

٢٩٢ ــ (عكنه)لۆچی سك لەبەر قەڵەوی
(نجد) جێی بڵند (وهده)جای نەوی

٣١٦ ــ (صومعه) چی ؟ مەعبەدی نەصرانییان
هەم هەڵۆیە ، (مربع‌ومنزل)هەوار

٣٥١ ــ (ساری)ئەو کەس بەشەو دەڕۆ
(رقعه،خرقه)هەر دوو پەڕۆ

**گرنگی ئەحمەدیی پێشبەر :**

گرنگیی ئەحمەدی لە ڕووی زمانەوە ئەوەیە کــە بە ناو قوتابخانەی مزگەوتەکان‌دا بڵاوبوەتەوە ، هەروەکو لــە لایەن فێرکردنی عەرەبی‌یەوە کەڵکی گەیاندووە ، لە لایەن فێرکردنی وشەگەلی کوردیشەوە بە تایبەتی وشەی زارزمانی ناوچەیەکی گرنگ کە ناوەندی حوکمڕانیی میرنشینی بابانە بێ‌کەڵك نەبووە • سەرباری ئــەمەش کۆمەڵێــك وشەی کــوردی بــۆ پاراستووین‌و بەڵگەی مێژوویی هەندێ وشەیشە کە ئەمڕۆ سواون یــان بەکارهێنانیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازیی تێ‌کەوتووە • بە نموونە وشەی (لیو) کە بە مانای (رمل)ە ئەمڕۆ بووە بە (لم) ، بەڵام وشەی (لیم)مان هەیە کە لە دەربڕینی زەویی لیمەران‌دا بەکاردێت • (کورك) بــە مانا (وبر) کە لە ناوچەی پارێزگای هەولێردا ماوە .• هەروەها (قالب) کــە ئێستا لە ناو نووسینی ئەدەبی‌دا بە مانا وشەی لەش نابینرێ‌و لە ناوچەی دی لە شێوەی (قەلب)دا هەر ماوە •

جۆری دروست‌کردنی ناوی بکەر لە زار زمانی شارەزوورو سلێمانیی جاران هەروەکو کرمانجی سەروو بووە کە (کوشتی) لە جێیی (کوشتوو) بەکارها تووە ، هەنــدێ وشەی وەك (چەسپان)[٥] لــە شوێن (سریع)و

(شۆك)لە جێی دۆشاو ، پەی بـۆ ( عصب) ، دار کونار بـۆ (سدرە ، نبق)و ئەندێش بۆ (فکر)و گلێنە بـۆ (مقلە) ، پیالە بۆ (کاس)[٦] سوالەت بـۆ (خزف)[٧] ڕەوان بۆ (جاری)٠٠٠٠٠هی دیش ، لـە ڕووی زمانەوانی‌یەوە بایەخێکی باشیان هەیە ٠

هەرچی گرنگیی ئەحمەدی‌یە لە ڕووی ئەدەبەوە ئەوە وەکو گوترا بەر لە هەموو شتێك ئەحمەدی دانراوێکی کوردی‌یە ٠ بەر لەو مێژووەی کـە ئەو نامێلکەیەی تی‌دا داندراوە بە سەدان ساڵ فەقێ‌یان زمانی عەرەبی‌یان خوێندووەو یارمەتی‌دەرێکی وایان بـە کوردی لـەبەردەست‌دا نەبووە ، تەنانەت دوای قورئان ئەزبەر کردن وردەنامێلکەی فارسی‌زمانیان دەخوێند ! ئەوجا دانانی ئەم نامێلکەیە بە کوردی ڕچەشکاندێکی گرنگە لـە ڕێگای کاروانی ڕۆشنبیریی کوردی‌دا ٠ هۆنینەوەی زانیاری‌یەك بە زمانی کوردی‌و بەکاربردنی دووکێشی بڕگەیی ٨ پەنجەو ١٠ پەنجەیی لە ڕۆژگاری ئەوسادا کارێکە لـەو کارە بناغەیی‌یانەی کـە تەلاری ئەدەب‌و ڕۆشنبیریی کوردیی لەسەر دامەزرا ٠

کە دەڵێین ئەدەب وەنەبێ خۆ وابزانین کە ئەحمەدی کارێکی ئەدەبی‌یە؟ چونکە دیارە نە هۆنینەوەو بوونی کێش‌و قافیە دەبێ بە هۆی ئەوە کارە کە بە ئەدەب بژمێردرێت ، نە ناوەڕۆکەکەشی باسی ئەدەب‌و بابەتەکانی ئەدەبە ٠

کاتێك کە ئیبراهیم پاشای بابان سـالی ١١٩٩ك ــ١٧٨٤ز شـاری (سلێمانی)ی دروست کردو ناوەندی میرنشینی‌یەکەی لە قەڵاچوالانەوە ــ کە شارەدێ‌یەکـی ناوچەیەکـی لاچەپی شاخاویی سەختە ــ گوێزایەوە بـۆ سلێمانی ، دەوری دامەرزانی شارستانی لە ناوچەکەدا چەسپا ٠ شار فراوان بوو ٠ مزگەوت‌و قوتابخانەو کتێبخانەی لی‌دروست‌کراو مـەلا چاکەکانی ناوچەی میرنشینی‌یەکە گوێزایانەوە ئەوێ ، لەوانە شێخ مارفی نۆدەیی کـە لە سالی ١١٩٠دا دەرس‌وێژ بوو لە قوتابخانەکانی قەڵاچوالان ٠ دوای مردنی مەلا محەممەدی غەزایی مامۆستای بوو بە مەلای گەورەو سەرپەرشتی گشتی

کتێبخانەی بابان لەوێ‌و لەساڵی ١٢٠٠دا لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی‌دا بوو بە مامۆستا • لەو قوتابی‌یانەی لەبەردەستی ئەو پێ‌گەیشتوون چەند زاناو ئەدیب‌و مەلا چاکێکن کە لە بەگوڕخستنی ڕاپەڕینی ڕۆشنبیری کوردەواری‌دا دەورێکی دیاریان بووە وەکو فەیضیی زەهاوی شاعیرو موفتی ، شێخ حسێنی قازی دانەری مەولوودنامە بە ناوبانگەکەی بە کوردی ، مـەلا ئەحمەدی چاوماری زاناو شاعیرو شێخ عەبدوللای خەرپانی‌و شێخ محەممەدی بەرزنجی‌و شێخ مەحموودی گلەزەردەو مـەلا مەحموودی گـەلاڵی کـە ئەوانیش کۆمەڵێك شاعیرو زانای بەناوبانگیان پێ‌گەیاند(٨) •

هاوچەرخانی شێخ مارفیش لە سێبەری دامەزراویی میرنشینی‌یەکەدا کە بەرەو شارستانێتی‌و نوێ‌کردنەوە (سەرەڕای هەندێك تەنگوچەڵەمەی ناوخۆ) ڕۆژبەڕۆژ هەنگاوی هـەڵ دەهێنا ، ڕاپەڕینی ئەدەب‌و ڕۆشنبیریی کوردی‌یان گـوڕپی‌دا ، وەکو مـــەلا عـەبدوللای بێتووشی (١١٦٠ــ ١٢٢١ك)دانەری نامێلکەو کتێبی زۆرو شاعیر بە زمانی عەرەبی‌و کوردی ، هەروەها مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١١٩٣ــ١٢٤٢ك)کە شاعیر بـووەو بەرهەمی شیعری کـوردی‌و عەقیدەنامەیەکی بـە زمانی کـوردی لەپاش بەجێ‌ماوە ، هەروەها ئیبنولحاج ( خاوەنی مەهدی‌نامە )کە مەلایەکی زاناو شاعیرو کوردی نووس بووەو هی دیش ••

لەو سەردەمەدا هەستی بە کوردی‌نووسین (لەناوچەکەدا) جۆشاو باوی سەند ، بەرهەمێکی زۆری شـیعر پێ‌گـەیشت کـە هونەرەکەی بـۆ دەستپێشکەریی چەند مامۆستایەکی وەکـو شێخی نـۆدێ دەگەڕێتەوەو ڕچەشکاندنەکەشی لەوە دیارە کە کوردی گەیاندە ڕیزی عەرەبی لە دەرس خوێندن‌داو کێشی خۆماڵی هەڵبەستی لە هۆنینەوەدا بەکارهێنا • وەکو بڵێی لە خەڵکەکەی گەیاند بەڵێ زار زمانەکەی ئێوەش توانای پێ‌نووسـین‌و مانادەربڕینی‌هەیە •

**ئەحمەدیو نەوبەهار :**

جگە لە ئەحمەدی فەرهەنگۆکێکی هۆنراوەی (عەرەبی ـ کوردی)مان هەیە کـە ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ـ١٧٠٦)بـە ناوی نەوبەهـار دایناوە ، سەرنجی خوێنەری بەرێز بـۆ ئەوە ڕادەکێشین کـە مامۆستا عەلی دزەیی بەراوردێکی وردو بەنرخی لـە نێوان هەردوو فەرهەنگۆکدا کـردووە ، لەبەرئەوە هەرچی لەوبارەیەوە لێرە بنووسرێ لە هی ئەو چاکتر نابێتو دوور نییە دووبارە کردنەوەی بۆچوونەکانی ئەو بێت ، بەڵام ئەوەی سەرنـج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە مامۆستا لای وایە شێخ مارف چاوی بە (نەوبەهار)ی خانی کەوتووە چونکە بـە ڕای ئەو (قالبو فۆرمەکـەی ئەحمەدی وەك نەوبەهار هۆنراوەتەوە ، تەنانەت لە لایەن ناوەرۆکیشەوە)[٩] .

بەڵام ئەگەر هاتو لە لایەن ناوەرۆکەوە لە یەك بچن ئەوە نابێ بە بەڵگە چونکە وەکو خۆیشی دەڵێ : « بێ گومان بە هۆی ئەوەی هەر دوو نامێلکە فەرهەنگی عارەبی بۆ کوردین وێکچوونی ناوەرۆکیان بە یەکتری شتێکی سەیر نییە ، دەبێ لە یەکتری بکەن .»[١٠]من لەو بڕوایەدام ئەگەر شێخ مارف نەوبەهاری دیتبا نەیدەنووسی :

٣٩ ـ اکحل : چاورەشی بێسورمە

کەوا شێخی خانی لە نەوبەهاردا جوانترو کوردانەتر نووسیویەتی :

اکحل مرۆڤی چاڤ‌ب‌کل[١١]

هەرچی قالبو فۆرمیشە ، ئەوا گەلێك جیاوازی بنەڕەتی لـە نێوان شێوەی ڕیزکردنی وشەو جۆری مانا لێدانەوەو هۆندنەوەی هەردووکیاندا هەیە کە بۆیان هەیە ڕایەکە بێهێزبکەن .

بە نموونە سـەیربکەین دەبینین ڕێزو بەندبەندکردنی نـەوبـەهـار جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەحمەدی لەوەدایە کە نەوبەهار بـە پێشەکییەکی پەخشانی سەجعدار دەستپێدەکاو دوای ئەمە بەندێك بـۆ باسی باوەڕی ئیسلامەتی تەرخاندەکاکە ١٣ بەیتەو بە سەردێڕی (القطعةفیبحرالهزج المکفوف

المحذوف)ه پێوەندی‌یەکی وەهای بە فەرهەنگ‌سازی‌یەوە نی‌یە • هەروەها بۆ هەر پارچەیەکی تر پێشەکی‌یەکی دوو بەیتی بە ناوی نەسیحەت‌و پەندوبۆناساندنی جۆری بەحری عەرووزی‌و شی‌کردنەوەی تەفعیلەکانی تەرخان دەکات • لە کاتێك‌دا ئەحمەدی ئەم ڕێبازەی نەگرتووە ، ئەوەی هەیە ئەوەیە کە نامێلکەکە کراوە بە دوو باب ، یەکەمیان (الباب‌الاول‌في ترجمة الاسماء )ودووەمیان (الباب‌الثاني‌في‌ترجمة‌الافعال)، بۆ دیار کردنی کێشی هۆنراوەکانیش دوای دێڕی (٢٩٥)چەند سەرناوێك دەبینین وەکو (قطعه دیگر از بحر رمل) هەروەها (قطعه دیگر از بحر منسوج)و ئنجا (قطعه دیگر از بحر متقارب)••بەلام تەفعیلەکانیان شی‌نەکراونەتەوە •

پۆلێن‌کردنی وشە عەرەبی‌یەکان‌و هەلبژاردنیشیان لای هەر یەکێکیان ڕێبازێکی تایبەتی گرتووە ، ئەگەر لە ئەحمەدی‌دا تا ڕادەیەك بە پێی بابەت‌و لێك نزیکی مانا وشە ڕیزکرابێت‌و وشەی عەرەبیی زیندووی وەهای تێدابێت کە تا ئێستا بەکارهێنانیان ڕەوان‌و بەردەوامەو خوێندەواران پێویستیان پێی‌یان دەبێت ، ئەوا لە نەوبەهاردا ڕیزکردنی وشە هەندێك جار بۆ لێدانەوەی ئایەتی قورئانەو هەندێ جاریش ڕستەیەك نەك یەك تاك وشە مانا لێ‌دراوەتەوە وەکو : (١ — فما خطبكم ايها المرسلون ٢ — تعالوا سريعاً ٣ — فهذه جنة لنذهب ونلعب وناكل معا )[١٢]هەندێ جاریش ئەیدیۆم‌و کینایەی عەرەبی پیشان‌دراوە کە ئەمە لە ئەحمەدی‌دا نی‌یە وەکو (ابو الامن ، ابو القيس ، ابو جعفر ، ابو جعده ، ابو اللهو ، ابو العقل )[١٣] •

**شێوەو ناوەڕۆکی ئەحمەدی :**

وا دیارە شێخ مارف یەکەم جار ویستویەتی وشەکان بە پێی پەیڕەوێك ڕێك‌بخات ، وا پێ‌دەچێ لە ئەندامانی لەشی مرۆڤەوە دەستی پێ‌کردبێت • ئەوەتا لە دوای پێشەکی‌یەوە تا دێڕی (٥٥)زۆرترین ئەندامەکانی لەشی باس‌کردووە ، لە دێڕی (١٤٤)یشەوە تا دێڕی ١٥٦ ژمارەکانی عەرەبی

لێك‌داوه‌ته‌وه • به‌ڵام داخه‌كه‌م تا سه‌ر ئه‌م نه‌خشه‌یه‌ی به‌كارنه‌بردووه ، ته‌نیا ئه‌وه هه‌یه ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌شی پێ نه‌كرابێ هه‌وڵی داوه به پێی تواناو ماوه‌دانی كێش‌وقافیه وشه مانالێك‌نزیكه‌كان كۆبكاته‌وه با هه‌ندێ وشه‌ی دووریشیان بكه‌وێته نێوانه‌وه ، وه‌كو ئه‌وه كـه باسی ناوی ئه‌ندامانی خێزان ده‌كات :

١١٣ ــ (عم)ئیسمی مامه (خال) خاڵه
(اكمه)كوێره (اخرس) لاڵه

١١٤ ــ (عمه) پووره خوشكی باوكه
(خاڵه) پووره خوشكی داكه

پاشی دوو دێڕی دی:

١١٧ــ (غنم)ئیسمی بزن‌و مه‌ڕه
(بنت)و(ابن)كچ‌و كوڕه

پاشی چواردێڕی‌دی :

١٢٢ ــ (والده)داكه (والد)بابه
(نوم‌و رقود ، كری) خوابه

هه‌ر به‌م جۆره‌ش كه ویستوویه‌تی چه‌ند وشه‌یه‌كی هاوواتای عه‌ره‌بی باس‌بكات بـه دێڕێك وازی نه‌هێناوه با وشـه‌ی لاوه‌كیی تریش بكه‌وێته نێوانه‌وه ئه‌و مه‌به‌ستی خۆی هه‌ر ده‌ربڕیوه وه‌كو له‌م نموونه‌یه‌دا وشه‌گه‌لی هاوواتای (مطر ، غیث ، جود ، حیا ، طل ، صیب ، صوب ، ودق ، وابل ، وبل)هه‌موو له‌م چه‌نددێڕه‌دا كۆ كردۆته‌وه •

٢٣٥ ــ (مطر،غیث،جود،حیا) بارانه
(خریف)پاییزه(شتاء) زستانه

٢٥٠ ــ (عندلیب)بولبول،(ئۆلول) بالووكه
(طل)چی؟ بارانی خه‌فیف‌و سووكه

٢٥١ ــ (صیب‌وصوب،ودق) بارانه
(شبكه) داوه (غاره) تالاّنه

٢٥٢ ــ (وابل) بارانی قەترە گەورە
بیارێ بە سەخت (وبل)بەو تەورە

هەر بەم شێوەیە ناوی دارو گوڵ ، کان ، ئاژەڵ ، میوەو بەروبوومو بابەتی تر کەمێ لێکەوە نزیك باس‌دەکات ، بەڵام بە بێ پرۆگرامو نەخشەیەکی ورد ، بۆیە هەندێ جار بابەتەکان زۆر نارەوا تێکەڵ دەبن •

نموونە بۆ ناوی ئەندامانی لەش ئەم وشانەی کۆکردوەتەوە : (سەر ، چاو ، قالب ، لووت ، برۆ ، ڕان ، ئەژنۆ ، تەوێڵ ، پشت ، شان ، لێو ، ددان ، سك ، سنگ ، باسك ، قۆڵ ، ئەنگوشت ، پێ ، جوموشك ، گوێ ، ئانیشك ، ڕوو ، نێوشان ، ئێسقان ، بن‌هەنگڵ ، تەنشت ، سی ، ڕیخۆڵە ، شان ، کولمە ، پاژنە ، ڕەگ ، پەی ، ورگ ، گەروو ، قاپ ، پووك ، گورچیلە ، شەویلە ، لەپ ، ڕوخسار ، ئەستۆ ، ڕوو ، لوێچ ، مست ، گەز ، بست ، جەرگ ، سپڵ ، دڵ ، تف ، زوبان ، دەم ، بەلغەم ، چڵم ، لیك ، قەد ، ناوك ، گەردن ، زولف ، ساق ، چەناگە ) •

لە ئەحمەدی‌دا بە چەند جۆرێك مانای وشەی عەرەبی بە کوردی خراوەتە ڕوو کە ئەمانەن :

١ ــ دەقاو دەق کوردی‌یەکە بەرامبەر بە عەرەبی‌یەکە پێشان‌دەدرێ‌وەکو :

٣٥١ ــ (غالی)گران(رخیص) هەرزان
(عالم)دانا(جاهل) نەزان

٣٤٩ ــ (لجام)لغاو(خطام) هەوسار
(راكب) بە کوردی حوشترسوار

١٠٦ ــ (اصل)گەورە (فرع) بچووك
(ملك)پاشا ، جەمعی(ملوك)

٢ ــ بۆ وشە کوردی‌یەکە (ە)ی کرداری یاریدەر یان (یە) زیاد دەکرێت ، وەکو :

١٢٦ ــ رائحە (بۆ)یە ، ریح(با)یە

طَرْفاء گەزە ، غَرَب (پەڵك)ە		خلاف (بی)یە ، وسخ (چڵك)ە

بێ گومان وشە کوردی‌یەکان بۆ یەکێك کورد نەبێت یان کوردی نەزانێت ئاڵۆزی‌و نەناسینەوەی لاپەیـدا دەکەن ، بەوێنە کـە دەگوترێ (انف : لووتە ، حاجب : بـرۆ) دەبوایە بڵێ (انف : لووت ، حاجب برۆ)یان (انف لووتە ، حاجب برۆیە) مەبەستم ئـەوەیـە پێویست بەوەدەکات وشە کوردی‌یەکە بە ڕووتی پێشان بدرێت •

٣ ــ وشەی (چی) یان (چی‌یە)ی ئامرازی پرسیار بەکاردێت ، هەروەها وشەی (بڵێ) :

١٨٨ ــ سعلات‌و غول (بڵێ) حۆڵە
حمل‌و جنین (چی‌یە) ڕۆڵە

٢٦١ ــ مکحلە:کلدان،کحل(چی) کلە
اثمد:سورمەیە ، قفا:پشت‌ملە

٤ ــ هەندێ جار تاکە وشەیەکی عەرەبی بە ڕستەیەك مانا لێ‌دەدرێتەوە ، وەکو :

٢٤٨ ــ (سرحوب) ماینی‌کلك‌درێژە

٢٥٢ ــ (وابل)بارانی قەترەگەورە
بیارێ بەسەخت (وبل)بەو تەورە

فەرهەنگۆکی ئەحمەدی زوربەی زۆری وشە کوردی‌یەکانی ناون‌و لە بەرامبەر ناوە عەرەبی‌یەکان‌دا لە ژێر یەك (باب)دا داندراون ، بابی دووەمیش کارن • لـە ناو ناوەکانیش‌دا چاوگ (مصدر)ی بەکارهێناوە کـە جۆری دارشتنی ئەو چاوگانە مایەی سـەرنج ڕاکێشانە ، وەکـو ناوی بـەرکار (کوشتی:ذبیحە) ، ناوی کارا (چڕندە :صارخ ، بڕندە (حسام:شیری‌بڕندە) ، زایندە:ولود ، ڕۆیندە : ماشی ، گۆیا : ناطق ، پەیوەست : موصول‌یان متصل • خۆشڕەو لە گەروو (زلال)،کێردکەر(سکان) •

بـە سەرنج‌دانێکی گشتی لـە وشە کوردی‌یەکانی ئەحمەدی گورج

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دانەر ئەو وشانەی زۆر مەبەستبووە کە مانای دەوروبەرو ژیانی کوردەواری دەردەبڕن وەکو ژینگەی لادێو کشتوکاڵو مزگەوتو ناوبازاڕو ناوماڵ ، کۆمەڵێك لەو وشانە نایابو دەگمەنن ، لە وێنەی : (کەنگر ، ماست ، دۆ ، کەشك ، هەرزن ، گەنم ، خەرمان ، کاسە ، هەمبانە ، جەواڵ ، سێکوچکە ، کوندە ، کەندوو ، دیزە ، مەشکە ، کورتان ، تەشی ، خەرەك ، بار ، گوریس ، کەوە ، کەویچ •

وشە عەرەبی‌یەکانیش زیاتر ئەوانەن کە قوتابی پێویستی پێیان دەبێ بۆ لەدەرس گەیشتنو فێربوونی وشەگەلی زمانی عەرەبی ، تا ئێستاش لە کاردێنو ڕۆشنبیرانی کورد پێویستی‌یان پێیان دەبێ • لەگەڵ ئەوەش‌دا هەندێ جار جەنابی شێخ مارف ئاستی وشەکانی بەرزتر کردۆتەوەو ناوناو وشەی ڕەقی وا تووش دەبین کە شایەنە پێیان بگوترێ وشەی قامووسی ، لە وێنەی : ( جبر ، فرصاد ، حضاجر ، غداف ، صيب ، شعوب ، عضب ، عنصل ، لقم ، كعيت ، صؤابة ، صلصل ، صوار ، اطم ، شوشب ، شصر ، سلك ، سلف ) بەلام لەگەڵ ئەوەش‌دا نەی‌گەیاندوەتە ڕادەی وشە مردووە کەس‌نەبیستەکان •

مامۆستایەك وای زانیوە ئەحمەدی لە سەر یەك کێش هۆنراوەتەوە .•(١٤) بەلام ئەمە ڕاست نی‌یە چونکە لە گشت دانە چاپکراوەکان‌دا ئەگەر هەر سەرپێ‌یی سەیریان بکەین سەرناوی دوو سێ کێشی عەرووزی دەخوێنینەوە جگە لە کێشە باوەکانی دی • مامۆستا عەلی فەتاح دزەیی لە کتێبی (نەوبەهاری خانیو ئەحمەدیی شێخ مارفی نۆدێ)دا شەش کێشی لە ئەحمەدی جیاکردوەتەوەو هەریەکە لەگەڵ نموونەی خۆی‌دا تەفعیلەکانی شی‌کردوەتەوە(١٥) •

لەبەر گرنگیی باسی کێش لە هۆنراوەی ئەحمەدی‌دا بە پێویستم زانی

سەرنجێکی ئەو کێشانە بدەم کە هۆنراوەکانی لەسەر داندراون •

١ ــ پێشەکی‌یەکەی ئەحمەدی لەسەر کێشی دە بڕگەیی‌یە • مامۆستا دزەیی لای وایە لە بەحری متقاربی تەواوو مقبوض نزیکە ، بەڵام ئەگەر متقارب تەواو (سالم)بێت لە ١٢ بڕگەو مقبوض بێت لە ١١ بڕگە کەمتر نابێت‌و قبض لە تەفعیلەی دووەم‌و چوارەم‌دا پێکەوە بە جارێك دروست‌نابێ • ئەگەر هەر پێی لێ‌دابگرین‌و بە تەرازووی عەرووز بی‌کێشین خۆ لە (فعولن) چاکتر (مستفعلاتن)ە کە ئەمەش ترنجاندنی هۆنراوەی کوردی‌یە لە قالبێکی تەسك‌دا •

٢ ــ دوای ئەو پێشەکی‌یە هەتا دێڕی (٢١٤)بە کێشی هەشت بڕگەیی هۆنراوەتەوە ، دیسان لەگەڵ بۆچوونەکەی مامۆستا دزەیی نیم کە دەڵێ ئەم کێشە لە کێشی هەزەجی مەجزووئی عەرووزی نزیکە ، بەو پێ‌یە کە نیشانەو بەڵگەی وا هەیە کە پشتگیری ئەوە بکەن کە کێشەکە هەشت بڕگەیی کوردی‌یە •

ئەگەر بڕوانینە چاپەکەی (سەییدیان)ی مەهاباد دەبینێ لە سەرووی ئەم دێڕانەوە کە بەو دێڕە دەست‌پێ‌دەکات :

١٤ ــ (راس) سەرە (عین)چاوە
(بدن) قالب (اسم)ناوە

نووسراوە (قطعەی‌رقص)ئەم وشەی رەقصە بە ڕای من کێشی ئەو هەڵبەستانە دەگەیەنێ کە شایی کوردی‌یان لەسەر دەگەڕێ‌و ئەوانیش هەشت بڕگەیین‌و پەیوەندی‌یان بە عەرووزەوە نی‌یە •

وا دیارە دانەر ناوی لەم کێشە ناوە کێشی شایی ، هەر بۆیە لە چاپەکەی ڕەواندزیش‌دا لەسەر پارچە هۆنراوێکی دی کە بەم دوو دێڕە دەست‌پێ‌دەکات‌و هەموو لەسەرکێشی هەشت بڕگەیین :

٣٢٩ ــ (زار ، زئیر) دەنگی شێرە
(ریان)تێرئاوڕی تێرە[١٦]

٣٣٠ ــ (ریا) مێ‌یه (ذیل)داوێنه

(غد) صبحه‌ینه(امس)دوێنه

نووسراوه (قطعه‌یکی دیکه له مه‌قامی سه‌مادا (ل١٥) هه‌ر به‌م جۆره‌ش له‌سه‌ر هه‌مان پارچه له چاپه‌که‌ی (سیدیان)یش‌دا نووسراوه (قطعه دیگر در مقام رقص)لــ٥٣ •

٣ ــ له دێڕی (٢٠٥) به‌ولاوه له‌سه‌ر کێشی ده بڕگه‌یی کوردی‌یه ، شایانی باس کــردنــه له‌دوو دانه‌دا ئــه‌م کێشه ناوی به مه‌قامی گۆرانی هاتووه ، له‌و دانه ده‌ستنووسه‌دا که له کۆیه‌وه ده‌ستم که‌وتووه به مه‌ره‌که‌بی سوور له‌سه‌رووی ئه‌م دێڕه‌وه نووسراوه (قطعه در مقام گورانی) :

٢٠٥ ــ مقله گلێنه طرف‌و بصر چاو

عه‌مامه مێزه‌ر طاقیه کڵاو

له چاپه‌که‌ی مه‌هابادیش‌دا له‌سه‌ر هه‌مان دێڕ نووسراوه قطعه دیگر در مقام گۆرانی ــل٢٩) •

٤ ــ پارچه‌یه‌کی یه‌ك قافیه‌یی (آر) له‌سه‌ر کێشی ره‌مه‌لی مه‌حذووفه •

٥ ــ چه‌ند دێڕیکی تری له‌سه‌ر کێشی (موته‌قاریبی مقصور)ه کــه ئه‌م ناوه له زوربه‌ی دانه چاپ‌کراوه‌کان‌دا ده‌ست‌نیشان‌کراوه ، ئه‌م کێشه له دانه‌ی چاپی سه‌یدییان‌دا له دێڕی (٣٢٤)ه‌وه ده‌ست‌پێ‌ده‌کات :

٣٢٤ ــ وتر چی ژێ ، وطر حاجه‌ت ، نقی مێشك

٦ ــ حه‌وت دێڕ له (٣١٧ــ٣٢٣)به‌و ناوه ده‌ست نیشان‌کراوه (قطعه دیگر از بحر منسوج)•به‌ڵام وه‌کو مامۆستا دزه‌یی ده‌ڵێ نه به‌حرێك‌و نه زحاف‌و عیلله‌تێك به ناوی نه‌سج‌و مه‌نسووجه‌وه نی‌یه ، بۆیه ده‌بێ له عاست ئه‌م کێشه‌دا که‌مێك پێ‌دابگرین • من وای بۆ ده‌چم وشه‌ی (منسرح) گۆڕینی به‌سه‌رداهاتبێ‌و وشه‌ی (منسوج‌ی) لێ‌په‌یدابووبێت ده‌نا ڕاسته کێشێك به‌و

ناوه له عەرووزی عەرەبیو فارسیدا نی‌یە •

بەحری (منسرح)لە عەرەبیدا تەفعیلەکانی ئەمانەن :

مستفعلن مفعولات مستفعلن

له ئەنجامی زحافدا مستفعلن بۆی هەیە ببێ بە مفاعلن (خبن)و مفتعلن (طی)و فعلتن (خبل)و فاعلن (خرم) • مفعولاتیش دەشێ ببێ بـە فاعلات ، فعولات ، فعلات(١٦) •

بەڵام لە فارسیدا سەرباری ئەوەی سەرەوە ، مستفعلن بۆی هەیە ئەم شێوانە وەربگرێ : مفعولن (مقطوع) فعلن (احـذ) فعلان (احـذ مسبغ)و مفعولان ( مقطوع مسبّغ ) • مفعولاتیش دەبێ بە مفاعیل (مخبون)و فعولان (مخبون موقوف) فعولـن (مخبون مکشوف) ، فاعلـن (مطوي مکشوف)و تاد •••(١٧)

لەبەرامبەر ئەو چەندو چوونەی کێشی (منسرح)ەدا حەوت دێڕەکەش پێویستییان بە کەمێك ڕاستکردنەوە هەیە چونکە زۆر باش ناخوێندرێنەوە ، هەرچەندە من دەستم‌کرد بە شی‌کردنەوەیان لـەسـەر بنەڕەتی تەفعیلەکانی منسرحو کەمێ دەستکاریی بچووك بۆ تەرازوومەند کردنیان ، بەڵام دوای ئەوە کە سەیری دانە چاپکراوەکانی ترم کـرد ڕوانیم هەنـدێکیان ئـەم پارچەیەیان لەسەر بحـری سریع داناوە • ئەوەتا کۆترینیان کـە چاپەکەی ڕەواندزە لە سەرووی ئەم هەڵبەستانە نووسیویەتی • (قطعەیکی دی لـە بەحـری پەلەدا لەسەر وەزنی مستفعلن مستفعلن ـلاپەڕە(١٤) دیارە مەبەست لە بەحری پەلە (بەحری سریع)ە بەڵام تەفعیلەکانی ئەم بەحرە بەم جۆرە نی‌یە کە لەو دانەیەدا نووسراوە •

لە چاپەکەی مەهابادیشدا نووسراوە (قطعە دیگر از بحر سریع مفتعلن مفتعلن فاعلن ـلاپەڕە٤٩٥) ئەوەی هەستی پێ‌دەکرێ دەقی هۆزراوەکان لـەو

دانانەدا وەکو یەك نین و کەمێك جیاوازی یان لە نێواندا هەیە بەڵام کێشانیان بە بەحری سریع دوای کەمێك تێبینی کارێکی ئاسانە •

بنەڕەتی بەحری سریع لە عەرەبی دا ئەوەیە :

مستفعلن مستفعلن مفعولات

بەڵام زیاترو باوتر ئەم کێشەیە :

مفتعلن مفتعلن فاعلات

سەرباری ئەمەش مستفعلن بۆی هەیە ببێ بە : مفتعلن (مطوی) مفاعلن (مخبون)مفعولن (مقطوع)فعلتن (مخبول)
مفعولاتیش چوار گۆڕانی ڕێ پێ دراوی هەیە :

فاعلن ، فاعلان ، فعلن • فعلن •
بە شێوەیێکی گشتی کێشانی ئەو دێڕە هۆنراوانە بەکێشی (سریع) لەبارترو ساناترە •

٧ ــ بەشی دووەمی فەرهەنگۆکەکە کە بۆ فیعل تەرخان کراوە ، مامۆستا عەلی دزەیی لای وایە لەسەر کێشی (المتدارك التام المخبون والمقطوع) داندراوە ، ئەم کێشەش هەر کێشە هەشت بڕگەیی شایی بابەتەکەیە کە لەمەوپێش باس کرا ، با لەو کێشە عەرووزی یەشەوە نزیك بێت •

وەکو دەردەکەوێ (ئەحمەدی)بەو پێیە کە بەرهەمی هۆنراوەی زانایێکە لە کێش و قافیەی کۆلیوەتەوەو نامێلکەیەکی لەسەر (عروض)داناوە ، گەنجینەیەکە لە لایەنی کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی یەوە دەبێ بە سەرچاوەو کەڵکی لێ وەردەگیرێ •

تێبینی : دوای نووسینی ئەم باسە بە ڕێکەوت لە سەیری لاپەڕە (١٠١)ی (الاعمال الکاملە للشیخ معروف النودهی البرزنجی الکردی)دا کە لەم

دوایی‌یەدا چاپ‌کراوەو بــە داخەوە فریای باســەکەی من نەکەوت وێنەی گیراوەی دەستنوسێکی سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکان پێشان‌دراوە ، لــەو دەستخەتەدا لە سەرووی ئەو پارچەیەی کە بەو دێڕە دەست‌پێ‌دەکات :

ایل بزنە کێویی تیرو صوت دەنگ

توت تووە ، شیمە خووە لون ڕەنگ

نووسراوە (قطعه دیگر از بحر منسرح)و تەفعیلەکانی بە مفیعلن مفعولن فاعلن دیاری کراوە هەر چەند حەوت دێڕەکە دێڕی لاوەکی‌و کێش‌جیاوازیشی تێکەڵ بووە .

**چاپەکانی ئەحمەدی :**

تا ئێستا چەند جارێك ئەحمەدی بــە چاپ گەیشتووە ، لــە ڕووی بەراوردەوە وا تێ‌دەگەم ڕاسترین‌و چاکترینیان دانەی چاپەکەی بەغــداد بێت کە لە ١٩٣٦ چاپ‌کراوە ، لەم چاپەدا دیارە کە ساغ‌کەرەوەو سەرپەرشتی چاپ مەلابووەو سەرباری کوردی عەرەبی باش‌زانیوەو لە پەراوێزدا بە زمانی عەرەبی گەلێك ئاڵۆزی شی کردووەتەوەو تاك‌و کۆو هەندێ ڕشتەی ڕێزمانی فیعل‌و وشــە عەرەبی‌یەکانی پیشان‌داوە . وا بزانــم جارێکیش جیاوازیی نوسخەی دەست‌نیشان‌کردووە ، ئەویش مامۆستا (هدایةاللهالحسینی)یە کــە پێشەکی‌یەکی بە نرخی بۆ نووسیوە ، زۆر بە پێویستم زانی دووبارە لێرەدا بینووسمەوە . چونکە ئەم پێشەکی‌یە لە ڕووی ئاگاداری لە ساغ‌کردنەوەو سەرچاوەی دەستنوسی باوەڕپێ‌کراوەوە ڕاستەقینەی بەڵگەداری پیشان داوە . نوسەر بە ناوی (المصححهدایةالله الحسینی) لە پێشەکی‌دا دەڵێ :

«باعشی طەبعی کتێبی (ئەحمەدی)لە تەئلیفاتی شیخ معروفی نودێی عالمی مەشهووری کورد . لە پاش چاوپێ‌کەوتنی (متعدد)کتیبی ئەحمەدی بــۆم مەعلووم‌بوو کــە واسیتەی (صحیح)نەبوونی ئــەم هەموو نوسخەیانە لــە قەڵەمی ناسخەوەیە ، لەبەر ئــەوە کە ئــەم ئاسارە موبارەکەو بە نەفعە لــە مەعرەضی زەوال‌دا نەمێنێ هاتم بە ئەزیەتێکی زۆر بە بەرامبەرکردنی هەموو

سەر سەری لـە سەروژێر خەتی درێژەوە ئیشارەی پێ کـرا بەم صوورەتە ـَــِـُ وە لە پاشان مەصدرەكانیان بەیان كرا • نەفسی مضارع تەرك كرا •»

وە لەگەڵ نوسخەی موجودە لە خزمەتی زەعیمی كوردا جەنابی شێخ مەحموود ئەفەندی بەرابەرم كردو ڕوخسەتی چاپ كردنی پێدام ـ المصحح هدایة اللەالحسینی • »[١٨] •

لـــە ئـەنجـامـی بـەراووردكـردنی زۆر جێگای ئـەم دانە چاپكراوە لەگەڵ دوو دانەی چاپ كراوی دی كە لە كاتی لێكۆڵینەوەدا لە بەردەستمدا بوون ئەوانیش چاپی كەركووكی محمد امین عصریو چاپی مامۆستا گیوی موكریانی ، سەیرم كرد لە هەر دووان ڕێك‌ترو بێ‌هەڵەترەو بە هیچ مەبەستێك دەستی دەستكاری بۆ درێژنەكراوەو لەگەڵ ئەو دانەیە بەراوردكراوە كە لای جەنابی شێخ مەحموود بووە كە نەوەی دانەرەو لەوانەیە دەسخەتی دانەربووبێت یان نزیكترین دانەبێت كە لەبەر دانەی دەسخەتی یەكـــەم جـــار دەستنووس كرابێت ، ئەمەش بەلگەیەكی بەهێزی ڕێگەی زانستانەی ساغ كردنەوەیە •

## ئـەنجـام

هەمووماں دەزانین كرداری وشــە دۆزینەوە لە فەرهەنگی هۆزاوەدا كارێكی سەختەو پێویستیی بە بیرەوەرییەكی ئێجگار بەهێز هەیە ، زۆرجار لوغەتێكی لە گەڵ كوتوبی لوغەتی عەرەبیدا ڕاستو ساغم كردەوەو ، هەم لەبەر ئەوە كە ئەم ئەزیەتەی خۆشم وەكو سەعیی شێخی مەرحوومی نۆدێی دووبارە لە فەوتان دوورو ضائع نەبێ ، ئەولادی وەطەنە عەزیزەكەمان خەیری لێ‌ببینن مەجبوور بووم كە حەول بدەم چاپی بكەم •

بۆ جەمعەكانی ئیشارەمان بـە جیم لــە حەرفی هیجادانا بۆ حەرەكەی ناوەڕاستی فیعلە مضارعەكان لەبری بۆر واو ، لە جیاتی ژێر ژێریو لە باتی

گەلێك ماندوو بووم تا وشەیەکی عەرەبی یـان کوردیم لـە (ئەحمەدی)دا دۆزیوەتەوەو کاتێکی زۆری لە دەست داوم ، لە بەر ئەوە بیرم بۆ ئەوە چوو کە ئەم فەرهەنگە بەنرخە دەبێ زیاتر بە کەڵکی خوێنەواران بێتو زیاتر لـە بەهرەی پرشنگداری سوودمەندبن ، بۆیە بەچاکم زانی فـەرهـەنگۆکە لەسەر شێوەی قاموس بە پێی زنجیرەیی ریزی پیت وشەکان ڕێك بخەم ،تا بە ئاسانی خوێندەوارو نووسـەران کەڵکی لێوەربگرن • لـە ڕیزکردنو ڕێكخستنی وشە عەرەبی‌یەکان‌دا نەم‌کرددەستکاریی شێوەی ڕێزمانی‌یان بکەم ئەگەر تاكو ئەگەر کۆ یان ناوی بکەرو چاوگ یان بەرکار بووبن ، وەکو قامووسە عەرەبی‌یەکانیش هەر وشەیەك بگێڕمەوە سەر ڕەگی فیعلی سێ پیتی (ثلاثی)یان چوار پیتی (رباعی)و هی‌تر • هـەر وشەیەکیش چاك بـۆم نەخوێندرابێتەوە یان واتاکەیم نەزانی بێت بۆ ساغ‌کردنەوەی تەماشای دانە چاپیو دەستنووسەکانو فەرهەنگی عەرەبی‌ـعەرەبی کۆنو تازەم کردووە ، ئەگەر وشەیەکیش مایەی سەرنج‌دانو تێبینی بوو بێت ئەوا لە پەراوێزدا بـە پێی تێ‌گەیشتنی خۆم لێی دواوم •(١٩)

واتا کوردیەکانیش هەروەها بەبێ دەستکاری دووبارە نووسراونەتەوە ، چ وشەیەك یان ڕستە یان چەند وشەیەك بووبن •

لە تەنیشت هەر وشەیەكو واتاکەی‌دا ژمارەی ئەو دێڕە هۆنراوەیەم نووسیوە کە وشەکەی تێداهاتووە تا خوێندەوار بە ئاسانی بتوانێ بە بنەڕەتی هۆنراوەکەی ئەحمەدی‌دا بچێتەوەو لێی دڵنیا بێت •

ئیتر بەو هیوایەم کە ئەم هەوڵە لە قوڕنەیەکەوە کەڵکێکی بە زمانی کوردی گەیاندبێت •

**پەراوێزو سەرچاوە :**

١ ـ د • ئەوڕەحمانی حاجی‌مارف ـ لـە بواری فـەرهـەنگ‌نووسیی کوردی‌دا ـل ـ١٠ •

٢ ــ عەلی فـەتاح دزەیی ــ نەوبەهـاری خانیو ئەحمەدیی شیخ مارفی نۆدی ــ لێکۆڵینەوەو بەراوردکردن هەولێر ــ ١٩٨٥ •

٣ ــ ئەو ژمارانەی لەبەردەم دێـڕە هۆنراوەکاندا داندراون ژمـارەی زنجیرەی دێڕەهۆنراوەکانی ئەحمەدییە •

٤ ــ ناوی فەرهەنگۆکەکە ئەوەی بەسەر زمانی خوێندەوارانی کوردەوەیە (ئەحمەدی)یە بەڵام ئەگەر بەعەرەبی ناودێر بکرێت دەشێ بنووسرێ (الاحمدیە) بەو پێیە دانەر فەرهەنگۆکەکەی ناوناوە (رسالە) ئیتر بەسەریەکەوە دەبێ بە ( الرسالة الأحمدیة ) •

٥ ــ لەبارەی وشـەی چەسپانەوە مامۆسـتا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ : چەسپان وشەیێکی زۆر کۆنی کوردەوارییە ، تەنیا لە فەرهەنگی (بەهدینان)ی کۆنی زەردەشتییەکاندا بۆ تیژ بەکار هاتووە ، لـە هـەموو شیوەکانی فـارسیدا (چەسپان)بـۆ پێکەوە نووسـان بەکارهاتووە •

٦ ــ ئێستا لە شاری سلێمانی پیاڵە تەنیا بۆ دەفری چاخواردنەوە (واتـا ئیستیکان) تایبەتیکراوە ، بۆیە لە شوێنێکدا وشەی (پیاڵە) م بـۆ تەرجەمەی (کاس)بەکارهێنابوو ، ببووە مایەی سەرسامی •

٧ ــ ئەمڕۆش سواڵەت لـە مانای گشتەوە بووە بـە مانای بەشێك لـە گشتیەکە ، کەوا بەو پارچەو وردە خەزەفانە دەڵێن کە زیاتر لەسەر گۆڕی مردووان دادەنرێن • بەڵام ئێمە ئەگـەر بگەڕێینەوە سـەر سەرچاوەی بەکارهاتنی وشەکە هەروەکو لە ئەحمەدیدا بەکارهاتووە وشەیێکی زۆر جـوانو شیاومان دەستدەکەوێتەوە کـەوا لێمان ونبووە • لە جیاتی پێشانگای خزف یان سیرامێکی هونەرمەندێکی کورد چەند جوانە بنووسین پێشانگای سواڵەت • بێ گومان سواڵەت لـە گلینە چاکترە ، چونکە ئەمەیان مـەرج نییـە سوورەوەکراوێتو

گەیشتبێتە پلەی فەخفووری • هەروەها وشەگەلی (گۆزەو دیزە)ش بە وردی (خزف)ەکە ناگرنەوەو کەلوپەلو ئامانی تریش هەیە کە سوالەتن •

٨ ــ بۆ ئەم زانیاری‌یە مێژوویی‌یانە تەماشای کتێبی (خلاصة تاریخ الکرد وکردستان)و (مشاهیر الاکراد)ی ئەمین زەکی بەگ کراوە •

٩ ــ عەلی فەتاح دزەیی ــ سەرچاوەی پێشوو ــ ل٥٩ •

١٠ ــ سەرچاوەی پێشوو ــ ل٥٨ •

١١ ــ صادق بهاء الدین ــ نوبهارا سەیدایێ مەزن ــ بەغداد ١٩٧٩ لاپەڕە (٤٥) •

مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لەم ڕووەوە دەڵێ :

قسەکەی (تۆدێ‌یی) ڕاستە • (اکحل)بە عەرەبی واتا کەسێ بە سوروشت برژانگو پێلووی هێندە ڕەش بێ وەك سورمەرێژکرابێ • بۆ ئەمە سەرنجی (صیحاحی جەوهەری) بدە • وا دیارە (خانی) ئەم هەڵبەستەی بەم جۆرە نەهۆندۆتەوە ، ڕەنگە ئەویش هەروەك (تۆدێ‌یی) وتبێتی : (اکحل مرۆی چاو ڕەشی بێ کل ) بەڵام پاشان رۆونووس کاران تێکیان دابێ •

١٢ ــ سەرچاوەی پێشوو ــ ل ٩٣ •

١٣ ــ سەرچاوەی پێشوو ــ ل ٩٢ •

١٤ ــ سەرچاوەی پێشوو ــ ل ١٩ •

١٥علی فتاح دزەیی ــ ل ٥١ •

١٦ ــ ئەم دێڕە بە بێ ساغ‌کردنەوە لە چاپەکەی (ڕەواندوز)ەوە بە نموونە هێنراوەتەوە ، ئەگەرنا •• ئەزانم تەواو نی‌یە •

١٧ ــ شمس رازی ــ المعجم في معاییر اشعار العجم بە فارسی لاپەڕە (١٣٨) •

١٨ ـ أ ـ ئەم دانەیە کە دڵۆپکراوەکەی لای مامۆستا حەمەبۆری دۆستم بوو ، ماوەیەکی باش لای دانام ، لەسەر بەرگەکەی بە پیتی درشتی چاپ نووسراوە (کتێبی ئەحمەدی)و لە ژێری‌یەوە بە پیتی ورد نووسراوە :

(مەعنای زوبانی عەرەبی‌یە بە زوبانی کوردی بە شیعر ـ دروست‌کراوی فاضلی کامل مەشهووری عولەمای کورد شێخ مەعرووفی نۆدێ ، خوا ڕوتبەی قیامەتی گەورەتر بکا •

لە چاپخانەی فورات لە بەغدا ساڵی ١٣٥٤ك ـ ١٩٣٦ز چاپکراوە ، قەوارە ناوەنجی‌یەو ٣٩ لاپەڕەیە •

ب ـ چاپەکانی تری ئەحمەدی کە ئەوانیش لای مامۆستا حەمەبۆر دەستم کەوتن ئەمانەن :

١ ـ احمدی ـ کتێبی لغتی کوردی‌و تاتی(عربی)یە •
السید حسین حزنی الحسینی مکریانی •
٩ی مانگی ڕۆژوو ساڵی ١٣٤٥ ـ ڕەواندوز (ئەم) مێژووە هیجری‌یە بەرامبەر بە ساڵی ١٩٢٦ی زایین دەوەستێ) •

٢ ـ کتێبی لوغەتنامەی ئەحمەدی
کوردی‌و ئارەوی
کتێب فرۆشی سیدیان لەمهاباد •
دانەیێکی دەستخەتی خۆشخوێنی ئۆفسێت‌کراوە (ساڵی چاپی لەسەر نەنووسراوە•)

٣ ـ الاعمال الكاملة للشيخ معروف النودهي البرزنجي الكردي ـ الاحمدية في ترجمه الكلمات العربية بالكردية ، دراسة وتحقيق محمود احمد محمد ، الشيخ بابه علي القرەداغي ، الشيخ محمد عمر القرەداغي •

لە هەندێ شوێنێ لە مەولا بە ناوی دانەی (اوقاف) ناوی دەبرێ •

١٩ ــ ئەو فەرهەنگانەی بوون بەسەرچاوە ئەمانەن :

١ ــ معجم متن اللغـة ــ الشيخ احمد رضا ــ منشورات مكتبة الحياة ــ بيروت •

٢ ــ لسان العرب ــ ابن منظور ــ بيروت ١٩٥٥ •

٣ ــ المختار من صحاح اللغة ــ مطبعة الاستقامة ــ القاهرة ــ ١٩٣٤ •

٤ ــ المعجم في اللغة الفارسية ــ د. محمد موسى هنداوي ــ مصر ــ ١٩٥٢

٥ ــ فەرهەنگی خاڵ ــ مامۆستا شێخ محمدی خاڵ •

٦ ــ قامووسی زمانی کوردی ــ زەبیحی •

❋ ★ ❋

# بەشی دووەم

## دارشتنەوەی لەسەر شیوەی فەرهەنگو پیداچوونەوەی

**ـ ا ـ**

أَب : باوك (٥٣)
أبْرَص : بەلەك (٢٠٩)
إبْرَة : دەرزی (٢٣٠)
إبريق : مەسینە (٢٢١)
إبْصار : دیدەن (١٩٤)
إبْط : بن هەنگل (٣٠)
أبْقَع[1] : ( تەیر،هەمسەگی )
بازوو(٢٩٣)
أبْكَم : لاڵ (١٨٣)
إبِل : وشتر (٢٥)
أبْلَق : بازوو (٩٨)
إبن : كوڕ (١١٧)
ابْن آوی : چەقەڵ (٢٥٨)
أبْيَض : سپی (٦٨)
أثْفِيَّة : كوچك[2] (٢٢٥)
إثْم : گوناه (١٢٤)
أثْمَد : سورمە (٢٦١)
إثْنَيْن : دوو(١٤٤)
أجاج : ئاوی تاڵ (٢٦٥)
أجاص : هەڵووژە (٢٣٩)

أجْنَبِي : بیگانە (٣٠٦)
اجُر[3] : خشت (١٤٧)
أجَل :وەیە (٣٣٩)
أجَمَة : بێشە (١٩٥)
أحْجِيَّة : مەتەڵ (٢٤٥)
إحْن : قین (١٧٤)
أحْوَل : خێل (١٨٣)
أحْوَى : رەش (٧٠)
أخ : برا (٩٢)
أخْت : خوشك (٩٢)
أخَذَ : گرتی (٣٥٥)
لخْرَس : لاڵ (١١٣)
أخْضَر : سەوز (٧١)
أخْمَص : پاژنە (٥١)
إدام : پێخۆر (١٦٠)
آدَر[4] : شەخسی قۆڕ (٢٤٥)
أدهَم : رەش (٩٨)
أديم : چەرم (٧٥)
أذان : بانگ (٥٦)
أذُن : گوێ (٢٨)

أرْبَعة : چوار (١٤٥)
اربَعون چل(١٥١)
أربعين : چل (١٥١)
أَرَج[٥] : بۆیخۆش (١٢٨)
أرُزّ : برنج (٦٠)
أَرَق : بێخەوی (٢٦٧)
أرْنَب : کەروێشك (٢٢٥)
أَزْرَق : شین (٦٨)
أُسَامة : شێر (١٧٢)
أُسْبُوع : هەفته (١١٦)
استاذ : وەستا (١٥٥)
أُسْر : میزگیران (٣٠١)
أسَف : حوزن (١٣٨)
أَسَل : رم (١٣٤)
إسْم : ناو (١٤)
اسْوَد : رەش (٦٨)
أُسْطُوانة : کۆڵەکە(٨٣)
إشْرَب : بی نۆشه (٢٦٥)
اشَل[٦] : دەست شەل (٢١٨)
أشْمَط : بۆز (١٠٨)
أشْهَب[٧] : سپی (١٠٨)
أُصْبُع : ئەنگوشت (٢٦)
اصْطَبل الدواب : پشتیر (٢٢٧)
أصْفر : زەرد (٦٩)
أصَمّ : کەڕ (٦٥)
أصْل : گەورە[٨] (١٠٦)
أصیل : وەقتی ئێوارە(٣٠٤)
أطْرَش : کەڕ (٩١)
أطم : قەلات (١٦٩)
إعاء : زەرف (١٧٠)
أعْرَج : پێ لەنگ (٢١٨)
أعْوَج : خوار (٨٩)
أعْوَر : یەكچاو (٢٣٤)
أعمى : کوێر (٦٥)
إعْیاء : ماندەگی[٩] (٢٩٦)
إغْماء : بێهۆشی (٢٢٨)
افیون : تریاك (٨٥)
أقْرَع : کەچەڵ (٢٤٥)
أقِط : کەشك (٣٥٢)
أقْطَع : یەكدەست (٢٣٤)
اكاف : کورتان(٩٧)
أكْحل : چاوڕەشی بێسورمە (٣٩)
أكل : خواردی (٣٥٥)
أكْمَه : کوێر (١١٣)
الآن : ئێسته (١٤٩)
ألف : هەزار (١٤٥)
أمّ : داك (٥٣)
أمام : پێش (٣٠٥)
أمْر : کار (٣٠٣)
أمْس : دوێنێ (٣١٣ ، ٣٣٠)

امش : برۆ (٥١)

أمْعاء ریخۆڵه (٣١)

أمَل : ئومێد (٣٢٥)

إمْلة : ئومێد (٣٢٥)

امْنیّة : ئارەزوو (٣١٩)

إنْ : ئەگەر (٣٠٩)

أنْتَ : تۆ (٣١١)

أُنْثى : مێ (٢٦)

أنْف : لووت (١٥)

آنِفاً[10] : ئێستە (١٤٩)

أنْفُحة : فریشك (٣٢٤)

أنْوَك[12] ئەحمەق (٣٢٧)

آنُك[11] : قەلآیی (٢٨٨)

أوَد : کەچی (١٥٦)

إوَز[13] : مراوی (٢٨١)

أیّانَ : کەی (٣٠٩)

أیِّل : بزنەکێویی‌نێر (٣١٧)

أیْنَ : لەکوێ (٣٠٩)

- ب -

باب : دەرگا (٢٩٧)

بارح (عام) : پار (ساڵی) (٣١٣)

بازی : باز (١٠٠)

باسِل : دلێر (١٧٢)

باشِق : واشە (١٠٠)

باطِن : پەنهان (٢٣٦)

باع[14] : دەست (٢٤)

باقِلاء : پاقله (١٧٨)

بال : ئیسمی حاله ، دڵه (١٢٧)

بَحْر : دەریا (٩٢)

بُخار هەڵم (٣٤١)

بَخیل : رژد (٩٣)

بَدا : دەرکەوت (٣٥٦)

بَدْر : مانگی شەوی چواردە (١١١)

بَدَن : قالب[15] (١٤)

بُر : گەنم (٣٢٣)

بِر : ئیحیسان[16] (٣٢٣)

بَرَد : تەرزە (١٩٣)

بَرْد : سەرما (١٩٦)

برغوث : کێچ (٨١)

بُرکه[17] : برکه (١٤٠)

برهان : دەلیل (١٢٥)

برمه[18] : دیزە (٢٥٩)

بُزاق : تف (٦٤)

بساط : بەڕ (١٠٢)

بستان : باغ (٢١٣)

بَسَطَ : ڕای‌خست (٣٦٣)

بشارة : موژدە (٩٣)

بُشری : موژدە (٩٣)

بصاق : تف (٤٧)

بَصَر : چاو (٢٠٥)
بصل : پیاز (١٢٠)
بط[19] : قاز (٢٢٦)
بطل : دلێر (١٧٢)
بُطم : قەزوان (١٦٩)
بطن : سك (١٨)
بطيء : سست (٢٤)
بَعَثَ : ناردی (٣٥٦)
بعرة : پشكل (٢٨٦)
بَعْل : شەوهەر[20] (٩٩)
بعوضة : مێشوولە (١٦٢)
بعيد : دوور (٦٩)
بُغْض : قین (٥٣)
بَغَل : ئێستر (٢٥٣)
بَقّ : مێشوولە (١٦٢)
بُكاء : گریان (١٦١)
بَلَد : شار (١٨٤)
بُلْعُوم : گەروو (٣٦)
بَليد : کەودەن (١٩٤)
بِنْت : کچ (١١٧)
بَنْج : بەنگ (٨٥)
بَنَفْسَج : وەنەوشە (٧٤)
بوم : کوند (١٦٥)
بَيْت : ماڵ (١٣٤)
بَيْدَر : خەرمەن (٣٠٣)
بَيْضَة : هێلکە (٤٢)
بَيْع : معامەلە (٧٨)
بَهِيّ : خوب (٣٢٦)

- ت -

تاجر : بازرگان (٢٦٠)
تِبْر : شووشەی زێروزیو (١٥٧)
تِبْن : کا (١٢٦)
تَبِعَ : دوای کەوت (٣٦٧)
تَثَاؤب : باویشك (٢٤٩)
تَثْريب : لۆمە (١٣٩)
تَحْت : ژێر (٣٠٤)
تُحْفة : دیاری (١٥٨)
تُراب : گڵ ٤٦ ، ١٣٧
تَرَح : بێ‌کەیفی (٢٢٨)
تِرْس : مەتاڵ (١٣٤ ، ١٦٣)
تِرْياق : تریاك (٢٣٣)
تِسْعَة : نۆ (١٤٨)
تِسْعُون : نەوەد (١٥٦)
تِسْعِين : نەوەد (١٥٦)
تَعَالَ : وەرە (٥١)
تُفّاح : سێف (١٠٢)
تَقْبيل : ماچ (١٠٥)
تَلّ : تەپۆلکە (٨٣)
تلميذ : شاگرد (١٥٥)

تمر : قەسپ (٢٨٤)
تِنّين : گەورەمار (٣٠٧)
تَوْأم : دوانە ٢٨٧
تَوْءم[٢١] : دوانە (٢٨٧)
توت : توو (٣١٧)
تَيْس : تەگە (٦٧)
تين : هەنجیر (١٢١)

## ـ ث ـ

ثَدْي : مەمك (٣٢٢)
ثَرْوَة : دەوڵەت (٨٠)
ثَرى : خاك (٩٠)
ثعْبان : مار (١٠٤)
ثعْلَب : ڕێوی (٢٢٦)
ثغْر : دندانیپێشین (٥٢)
ثقْبَة[٢٢] : کون (٣٢٦)
: سوّراخ (٢٤١)
ثَقِيل : گران (٦٠)
ثَلاثة : سێ (١٤٥)
ثَلاثون : سي (١٥٠)
ثَلاثين : سي (١٥٠)
ثَلْج : بەفر (١٩٣)
ثَمانية : هەشت (١٤٧)
ثَمانون : هەشتا (١٥٥)
ثَمانين : هەشتا (١٥٥)

ثَمَر : میوە (١٣٠)
ثَمِلاَن[٢٣] : مەستیشەڕاب (٢٧٠)
ثَمَّةَ : لەوێ (١٣٦)
ثَوْب : جامە (٣٠٠)
ثَوْر : گاو (٣١١)
ثُؤْلول : بالووکە (٢٥٠)
ثُوم : سیر (١٢٠)

## ـ ج ـ

جار : هەمسایە (٣٠٥)
جاري : ڕەوان (٢٤٧)
جاف : وشك (٣٥٢)
جامِد : وشك (٣٥٢)
جاهل : نەزان (٣٥١)
جبان : شەخسیترسنۆك (١٧٣)
جبل : کێو (٦٦)
جُبْن : ترسان (٢٣٢)
جَبِين : تەوێڵ (١٦)
جَبْهَة : تەوێڵ (١٦)
جِدّ : بزورگی (٩٥)
جَدّ : باپیر (٩٦)
جدار : دیوار (١٣٤)
جَدَث : گۆڕ (٩٧)
جَدْرِيّ : ئاوڵە (٣٠٦)
جَدّة : نەنك (٩٦)

جَدْي : كار[٢٤] (٣١٥)
جَدِيد : تازه (٣٤٥)
جَذَبَ : کێشای (٣٦٢)
جَذْع : شەك[٢٥] (٣٣)
جَدْل : سرور[٢٦] (٢١٢)
جِراب[٢٧] : زەرف (١٧٠)
: تێشوودان (١٧١)
جَرَادة : کوله (٢٢٩)
جُراز : شیری بوڕرا (١٦٧)
جُرْح : برین (٣٣)
جَرْيال[٢٨] : شەراب (٢٧٠)
جَرِين : خەرمەن (٣٠٣)
جَزَر : گێزەر (٣٥٠)
جَسَد : بەدەن (١٧٩)
جُسْمَان : بەدەن (١٧٩)
جِصّ : گەچ (٨١)
جَعْبة[٢٩] : کێشك (٣١٦)
جَفْنَة[٣٠] : کێلان ، کاسه (١٠٧)
جَلاء : رۆشن (٣٢٨)
جُلّ : جل (٢٩٦)
جِلْد : پێست (١٤٣)
جَلَسَ : دانیشت (٣٧٠)
جَلِيد : سیخوار (٢٨٤)
جمّاء : کۆڵ (١٩)
جَمَدْ : سەهۆڵ (١٥٩)

جَمْرة : پشکۆ (٢٣١)
جَمِيع : هەمە (١٠١)
جَمِيل : خوب[٣١] (٣٢٦)
جُناح : گوناح (٤٣)
جَناح : باڵ (٤٣)
جَنْب : تەنشت (٣٠)
جُنْد : لەشکر (٢٤٤)
جَنِين : رۆڵه (١٨٨)
جَوالق : جواڵ (١٦٣)
جَود : باران (٢٣٥)
جُوعان : برسی (١٧٥)
جَوْهَر : گەوهەر (٢١٥)
جَيِّد : چاك (٩٠)
جِيْد : گەردن (١٦٨)
جَيْر[٣٢] : وەیە (٣٣٩)
جَيْش : لەشکر (٢٤٤)
جِيفَة : لاشه (٢٩٨)

## - ح -

حائِك : جۆلا (٢٨٨)
حائِط[٣٣] : باغ (٢١٣)
: حەسار (٣٥٣)
حاجِب : برۆ (١٥)
حافِد : نەوه (١١٠)
حافِي : پێخاوس (٣٤٦)

حالِك : رەش (٧٠)
حامِض : ترش (٢٢١)
حان : شەرابخانە (٢١٩)
حَب° : دانە (٦١)
حِبَالَە : داو[٣٤] (٢٤٧)
حَبْحَب : شووتی (٣٤٤)
حِبْر : مەرەكەب (٣٤٣)
حَبْر : عالم (١٩٠)
حَبْل : گوریس (٧٩)
حَبَّة الخضراء : قەزوان (٣١٥)
حِجْر : عەقل (٢٦٦)
حَجَر° : بەرد (٧١)
حَجَلَة[٣٥] : كەو (٢٢٣)
حِجَّة : ساڵ (١١٦)
حُجَّة : دەلیل (١٢٥)
حِجی : عەقل (٢٢٦)
حَدّاد : ئاسنگەر (١٨١)
حَدْأَة : كۆلارە (٢٩٦)
حَدَقة : گلێنەیچاو (٢٧١)
حدیث : سوخەن[٣٦] (٣٥٣)
حَدیقة : باغ (٢١٣)
حِذاء : كەوش (٧١)
حَرّ : گەرما (١٦٦)
حَرْب : شەڕ (٨٤)
حَرْبَة : زەرگ (١٦٤)

حَرَث : كیلاّی (٣٥٨)
حَرَج° : گوناه (١٢٤)
حِرص[٣٧] : گەن (٣٢٦)
حِرْفَة : پیشە (١٨٩)
حِزام : پشتێن (٢٠٧)
حِزْب : گرۆه (٣١٢)
حسام : شمشێریبڕندە (١٦٥)
حَشیش : پووش (٧٦)
حِصْرِم : بەرسیلە (٢٤٠)
حُصْن : قەلاّت (١٦٩)
حَصی : بەردیبچووك (٣٢٧)
حَضاجِر° : كەمتیار (١٨٦)
حَضْرَة[٣٨] : مەرتەبە (٣٤٣)
حَطَب° : هێزم[٣٩] (١٠٤)
حَفْنَة : مست (٢٠٤)
حَفید : نەوە (١١٠)
حِقْد : قین (١٧٤)
حَلَب : دۆشی (٣٦٧)
حُلْبَة : شملی (١٢٠)
حلو : شیرین (١٣٢)
حِلف : سەوگەند (٢٤٢)
حَلْق : گەروو (٣٦)
حُلْقوم : گەروو (٣٦)
حُلُم : ئیحتیلام (٢٨٢)
حَلَمة : گۆیمەمك (٣٢٢)

حليل : مێرد (٢٠٣)
حَلِيلَة : ژن (٢٠٣)
حَمَأ : ڕەشەقوڕ (٣٣٢)
حِمار : کەر (٢٥)
حَمامة : کۆتر (٢٢٣)
حِمْل : بار (١٩٠)
حَمَل : شەك،بەرخ (٧٨)
حِمّص : نۆك (٢١)
حَمِيم : ئاوی گەرم (١١٢)
حِنْطَة : گەنم (٦١)
حَنَك : مەلاشوو (٢٣٣)
حَيَا : باران (٢٣٥)
حَيَاء : شەرم (٧٥)
حَيَّاك : جۆلا (٢٨٨)
حَيَاة : ژيان (٥٤)
حَيّ : زيندوو (١٤٤)
حَيْدَر : شێر (١٦٤ ، ٩٩)
حِيلَة : فێڵ (١٦)
حَيَّة : مار (٧٦)
حُوت : ماسی (٣٦)
حَوْل : ساڵ (١١٦)

## - خ -

خاثِر : ماست (٨٩)
خاصِرَة : کەلەکە (٢٠٩)

خال : خاڵ (١١٣)
خالَة : پوور (خوشکی‌داك) (١١٤)
خَبِيث : پيس (٩٠)
خَتَن : زاوا (٢٥٥)
خَدّ : کولم (٤٠)
خَرَز : مووروو (٢٤٥)
خِرْز : دوروون (٣١٩)
خِرْقَة : پەڕۆ (٣٥٠)
خَرُوف : بەرخی نێر (٧٧)
خَرُوفَة : بەرخی مێ (٧٧)
خَرِيف : پایز (٢٣٥)
خَزَف : سواڵەت (٢٤٤)
خَسّ : کاهوو (١٥٩)
خَشَب : دار (١٠٤)
خَشَف : بێچووە ئاسك (٢٥٤)
خَشِن[٤٠] : زبر (١١٢)
خَشْيَة : ترسان (٣٣٢)
خَصْر : کەلەکە (٢٠٩)
خُضْرَة : سەوزی (٢٣٠)
خَضْراء : ئاسمان (٢٤٩)
خُطّاف : پەڕەسێلك (٢٤٤)
خِطام : هەوسار (٣٤٧)
خَطْب : کاری گەورە (٣٠٣)
خَطْوَة : هەنگاو (٢٠٠)
خُفّ : سۆل (٧٢)

خُفّاش : شەبپەڕ (٢٢٥)
خَفَر(٤١) : حەیا (١٧٨)
خَفِيٌّ : ون (٣٢٨)
خَفيف : سووك (٦٠)
خَلّ : سرکە (١٤٠)
خِلاف : بی (١٩١)
خَلاق : بەش (١٤٦)
خَلَعَ : دایکەند (٣٦٧)
خِلْعة : خەڵات (١٦٩)
خَلْف : پەس(٤٢) (٣٠٥)
خَمْر : شەراب (١٤١)
خَمْسة : پێنج (١٤٦)
خَمْسون : پەنجا (١٥٢)
خَمْسين : پەنجا (١٥٢)
خَميس : لەشکر (٢٤٤)
خَميس : قوشەن (٣٢٨)
خَنْزير : بەراز (١١٨)
خِوان : خوان (١٦٠)
خَوْف : ترسان (٢٣٢)
خِياط : دەرزی (٢٣٠)
خَيْرٌ : چاك (١٤٨)
خَيْشُوم : لایژووری‌لووت ٣٤٤
خَيْط : دەزوو (٣١٩)
خَيْلٌ : جمع‌أسپهاوسوارها (٢٩٩)

— د —

داء : دەرد (٧١)
دَأْمَاء : دەریا (٩٢)
دابّة(٤٣) : ولاغ (٢٤١)
داجي : شەوی‌تاریك (٨٨ ، ٢٧٨)
دار : خانوو (١٣٣)
دامِسٌ : ڕەش (٣٣١)
داني : نزدیك (١٢٩)
دانِقٌ : دانگ (٥٩)
دُبٌّ : ورچ (١١٨)
دُبّاء : کوولەکە (٢١٦)
دِبْسٌ : شۆکە (١٧٣)
دِبْشی : شووتی (٣٤٤)
دَبورٌ : ڕەشەبا (٢٤٣)
دَجاجٌ : مریشك (٢٨)
دُخان : دووکەڵ (١٨٠)
دُخْنَة(٤٤) : هەرزن (٣٢٣)
دَرٌّ : شیر (٢٨٧)
دُرّاج : پۆڕ (٩٧)
دَرْب : ڕێگە (١٨٥)
دِرْع : زرێ (٦٤)
دَرَقَة : مەتاڵ (١٦٣)
دَرَن : چڵك (١٨٢)
دِرْهم : درهەم (٥٩)

دَرَى[٤٥] : زانى (٣٦٦)

دِرْيَاق : ترياك (٢٣٣)

دِعَامَة : ستوون (١١٩)

دقيق : باريك (٨٨)

دقيق : ئارد (٩٦)

دَلال : ناز (١٠٩)

دِلُّ : ناز (١٠٩)

دُلْبَه : چنار (٣١١)

دَلْوٌ : دۆلچە (١١٨)

دَمٌ : خوێن (٣٤٨)

دِمَاغ : دەماغ (٢١٣)

دَمْعٌ : فرمێسك (٣٢١)

دَنُوب : دۆلچە (١١٨)

دُهْن : رۆن (٥٣٤ ، ٤٦)

دَيْجُور : شەوى تاريك (٨٨)

دِيكٌ : كەلەشێر (٢٩)

دَيَّة[٤٦] : بيابان (٣٠٢)

— ذ —

ذِئب : گورگ (٤٣)

ذُباب : مێش (٨٥)

ذَبْحٌ : كوشتى[٤٧] (٩٤)

ذَبِيحَة : كوشتى (٩٤)

ذِرَاع : گەز (٤٤)

ذِرَاعٌ : دەست (٢٤)

ذَرَعٌ : پيواى (٣٦٥)

ذَقَنٌ : چەناگە (٥٥)

ذَكَرٌ : تێر (٢٦)

ذَكِيٌّ : زيرەك (١٩٢)

ذَنْب : گوناه (١٢٤)

ذَنَبٌ : كلك (٤٣)

ذَهَب : زێڕ (٦٦)

ذَيْل : داوێن (٣٣)

— ر —

رائِبٌ : ماست (٨٩)

رائحة : بۆ (١٢٦)

رَأْسٌ : سەر (١٤)

رَأى : ڕووانى (٣٦٨)

رِئَةٌ : سى (٣١)

رَئِيسٌ : سەردار (١٩٠)

راعِي : شوان (١٦٠)

راكِبٌ : سوار (٢٣٩)

راكب : حوشترسوار (٣٤٧)

رَبْوَةٌ : تەپولكە (٨٣)

رباح : صەرف (١٧٠)

رَبْح : صەرف (١٧٠)

رِبْح : صەرف (١٧٠)

رَبيع : بەهار (٢٣٦)

رِجْل : پي (٢٧)

رَجُل : پیاو (۲۰۸)

رَحَی : ئاش (۱۰۰)

رَحَضَ : شوشتی (۳٥۹)

رُخَام : مەرمەڕ (۲۳۷)

رَخَمٌ : پیرۆز (۲۲٥)

رَخِیصٌ : هەرزان (۳٥۱)

رَدْفٌ : کەفەڵ (۲٥۸)

رَدِيء : خراپ (۹۰

رَسَن : گوریس (۷۹)

رَصَاص : مز (۱۳٥)

رُضابٌ : تف (٤۷)

رُطَبٌ : خورما (۲۸٤)

رَطِبٌ : تەڕ (۸٤)

رَغِیف : کولێرە (٥۸)

رَفٌّ : ڕەفە (۳۲۰)

رُقادِ : خەو[٤٨] (۱۲۳)

رَقَبة : عەبد ، گەردەن (٥٤)

رُقْعَة : پەڕۆ (۳٥۰)

رَقَمَ : نووسی (۳٦٤)

رُقُود : خواب (۱۲۲)

رَقِيَ : شووتی (۳٤٤)

رَقِیْق : تەنك (۹٦)

رَقِیْق : غولام (۲۸۲)

رَقِیْق : باریکی (۲۹٥)

رِکِبَ : سواربوو (۳٥۹)

رُکْبَة : ئەژنۆ (۱٥)

رَکِیَّة : بیر (۳۳)

رَماد : خۆڵەمێش (۳۳٥)

رُمَّان : هەنار (۲۳۹)

رَمَدٌ : چاوێشە (۳۳٥)

رَمْس : گۆڕ (۹۷)

رَمَقٌ : دواگیان (۲۹۰)

رَمْل : لیو (٤٦)

رَهَبَ : ترسا (۳٦۸)

رَهْط : هەر لەسێ هەتا

نۆیان (۲۷٦)

رَوْب : ماست (۸۹)

رَوْث : شیاکە ۲۸٦)

رُؤیا : خەو (٥۷)

رُؤیة : دیدەن (۱۹٤)

رَیَّان : تێراوی نێر (۳۲۹)

رَیَّاء : تێراوی مێ (۳۳۰)

رَیْب : شك (۳۳)

رِیحٌ : با ، بۆ ۱۲٦ ، ۱۲۷

رِیشٌ : پەڕ (۲۹۸)

رِیق : تف (٤۷)

رِیمٌ : ئاهوو (۱٥۹)

**ــ ز ــ**

زَأْر : دەنگی شێر (۳۲۹)

زَئِیر : دەنگی شێر (۳۲۹)

زَبَدْ : كەف (٤٧)
زُبْد : كەرە (٤٧)
زَبيب : مێوژ (٢٤٠)
زُجاج : شووشە (٢٥٧)
زَرْد[٤٩] : دوگمە (٢٩٧)
زُرْزُور : ریشۆلە (٢٢٤)
زَرَعَ : چاندی (٣٦٥)
زَرْعٌ : تۆوی چەناو (٢٥٩)
زُعْرُور : گۆێژ (٢٤٠)
زِقٌ : مەشكە (٢٩٨)
زُكَامٌ : هەڵامەت (٢٦٢)
زُلال : ئاوێكە ساردو خۆش‌و
ساف ، خۆشڕەو لە گەروو (٢٦٣)
زَمْهَرير : مانگی‌سەختی‌سەرما ٢٨٩
زَهْر : گلووك (٧٥)
زَوْج : شەوهەر[٥٠] : (٣١٨)
زَوْجَة : زەن (٣١٨)

– س –

سَأَلَ پرسی (٣٦٠)
ساحِل : كەنار (١٨٦)
سارِقٌ : دز (١٣٥)
سارِيَة : ستوون (١١٩)
ساري : ئەو كەسەی
بەشەودەڕوا (٣٥٠)
ساعِد : باسك (١٩)

ساق : ساق (٥٥)
سُبَات : خەو (٢٠٢)
سُبْحَة : تەزبێح (٣٣٧)
سَبُع : دڕندە (٢٨٠)
سَبْعَة : حەوت (١٤٧)
سَبْعون : هەفتاد (١٥٤)
سَبْعين : هەفتاد (١٥٤)
سَبَقَ : پێش‌كەوت (٣٥٥)
سَبيل : رێ (١٨٤)
سِتْر : پەردە (٣٠٠)
سِتّون : شەست (١٥٣)
سِتّين : شەست (١٥٣)
سَجْف : پەردە (٣٠٠)
سَجَنْجَل : ئاوێنە (٨٢)
سَجْل : دۆلچە (١١٨)
سَخْلة[٥١] : بەرخ (٢٩٦)
سَخين : ئاوی‌گەرم (١١٢)
سُدْل : پەردە (٣٠٠)
سِدْرَة : كنار (٢٩٦)
سِرّ : پەنهان (٣٠٨)
سِراج : چرا (٢١٠)
سَراويل[٥٢] : دەرپێ (٢٠٦)
سِرْبٌ : گرۆە ( ٣١٢ )
سَرْج : زین (٢١٧)
سَرْحان : گورگ ( ٢٧ )

سَرْحُو[٥٣] : ماینی کلك درێژ(٢٤٨)
سُرَّة : ناوك : ( ٥٣ )
سَرَى : رفتن شب (٣٢٨)
سَرِير : تەخت (٩٥)
سَرِيع : چەسپان (٢٤)
سَطْح : سەربان (١٣٣)
سَطْر : دێڕ (٨٧)
سُعال : کۆکە (٢٦٢)
سِعْر : نرخ (٧٨)
سَعَل : کۆکی (٣٦٤)
سُعلاة حۆڵ (١٨٨)
سَفَرجل : بەهێ (٢٤٠)
سَفْرَة : سەفەر (١٩٣)
سَفِينة : کەشتی (٩٤)
سَقْف : بان (١٣٣)
سِقْط : باڵ (٢٩٨)
سَكّان : کێرد کەر (٢٠٣)
سُكْر : سەرخۆشی (٢٢٨)
سِكّة : کووچە (٢٠١)
سِكِّين : کێرد (٢٠٣)
سُلافَة : شەراب (٢٦٨)
سُلْك : بێچووە کەو (٢٧٣)
سِلْك : رشتە مرواری (٢٧٤)
سِلْسِلَة : زنجیر (١٢١)
سَلْسَال : ئاوی خۆش وسارد
(٢٦٤)
سُلْطان : دەلیل (١٢٥)
سِلْعَة : لوو (٢١١)
سِلْعَة : کوتاڵ (٢١١)
سُلْف : بێچووە کەو (٢٧٢)
سِلْم : سولح (١٩٧)
سُلَّم : پەیژە (٩٥)
سَلى[٥٤] : یزدان (٢٨٥)
سَم : ژار (٢٩٩ ، ٣٠٩)
سَمْرة : دارنەبق (٣١٦)
سَمْسَم : رێوی (٢٧٥)
سُمْسُمَة : مێرووڵەی سوور
(٢٧٥)
سِمْسِم : کونجی (٣٠١)
سَمع : بیستی (٣٦٠)
سَمَكَة : ماهی (٣٠٧)
سَمَنْد[٥٥] : چارەوێ (٢٥٣)
سَمِين : قەڵەو (٢٢٣)
سمين[٥٦] قەڵەوی (٢٦٧)
سَمَيْدَع : گورگ و شێر (٢٩٤)
سِن : ددان (١٧)
سُنْبُلة : گوڵ (٢٥٩)
سِنْدان : سندان (٢٨٥)
سَنُّوت[٥٧] : زیرە ، هەنگوین (١٧٤)
سِنَّوْر : کتك (٢٢٢)

سِنَة : وەنەوز (١٠٨)
سَنَة : ساڵ (٥٦)
سِوَار : بازن (٣٢٣)
سُؤال : سوئال (٢٤٣)
سُور : شوورا (٣٥٣)
سُوق : بازاڕ (١٧٧)
سهاد[٥٨] : بێخەوی (٢٦٧)
سُهْد : بێخەوی (٢٦٧)
سَهْل : ئاسان (٦٧)
سَهُلَ : ئاسانبوو (٣٦٣)
سَهْمٌ : بەش (١٤٦)
سَهْم : تیر (٤٩)
سهو[٥٩] : خەو (٢٠٢)
سِيد : گورگ (٢٧ ، ٢٩٤)
سَيْف : شمشیر (١٦٤)

– ش –

شاب : جوان (٤٩)
شادِنٌ : بێچوه ئاسك (٢٥٤)
شارِب : سمێڵ (٢٣)
شارِق : ڕۆژ (١٣٥)
شامة[٦٠] نیشان (٢١٩)
شاة : بزنومەڕ (٧٣)
شَبٌ : زاخ (٩٨)
شَبَبٌ : گایپیر (٢٧٣)
شِبْرٌ : بست (٤٤)
شَبْعان : تێر (٩١)
شَبَكَة : داو (٢٥١)
شِبْل : بەچەشێر (٢٨٠)
شَبِمٌ : ئاوی سارد (١١١)
شَبْوَة : دووپشك (٢٧٣)
شِبْهٌ : وێنە (٨٢)
شِتَاء : زستان (٢٣٥)
شَجَا : حوزن (١٣٨)
شُجاع : دلێر (١٧٢)
شَجَرٌ : درەخت (٧١)
شَجَن : حوزن (١٣٨)
شَجِيٌ : مەحزوون (٣٤٦)
شَحَّاذ : سوالکەر (٢٤٤)
شَحْذ سواڵ (٢٤٣)
شَحْم : پیو (٤٦)
شَحْنَاء : قین ٥٢
شحیح : ڕژد ٩٣
شَذَا : بۆیخۆش ١٢٨
شَرارة : پزیسك ٣٢١
شَرِبَ : تۆشی ٣٦٨
شَرَرٌ : پزیسك ١٨٠
شَرَفٌ : بڵندی ، جێگەی بڵند ٢٥٣
شَرَهٌ : حرص ٣٢٦
شرير : بەد ١٤٨
شَصَرٌ : بێچووەئاسك ٢٧٢

شطّ : کەنار ٤١

شَعْر : موو ٢١

شعوب : مردن ١٧٩

شَعْواء : هەڵۆ ٢٨١

شُفْر : پێڵوو ٢٦٤

شَفْرة : کارد ٢٦٤

شَفْع : جووت ١٧٥

شَقيق : برا ٢١٠

شَقِيقَة : خوشك ٢١٠

شَكّ : شك ٢١٠

شِلْبٌ : چەڵتووك ٦٠

شَلْجَم : شێلم ١٢٩

شِمال : شەماڵ ٢٤٣

شِمال : چەپ ٣٠٥

شَمْس : ڕۆژ ٥٩

شَمع : مۆم ١٣١

شَفَة : لێو ١٧

شَنٌ : کوندە ١٦٥

شَنْف : گوارە ٢٧٩

شِواء : کەباب ٢٦٩

شَوْحَة[٦١] : کۆلارە ٢٧٩

شَوْشَب : دووپشك ٢٤١

شَوْك : خار ٣٠٢

شَهْر : مانگ ٥٦

شَيْب : مووی سفید ٣٢٥

شِيمَة : خوو ٣١٧

## ـ ص ـ

صاحِي : هۆشیار ١٥٣

صارِخ : چرندە[٦٢] ٢٦٠

کەڵەشێر ٢٧٩

صارِم[٦٣] : شیری بوڕرا ١٦٧

صاع[٦٤] : ربە ٢٠٢

صاغِر : زەلیل ١٢٥

صافي : ساف ٢٢

صالح : چاك ٨١

صامِت : بێ دەنگ ٢١٨

صِبْر : تاڵی شاری ٢٨٣

صَبِيّ : منداڵ ١٨٣

صَحراء : دەشت ٢٠١

صِحَاح[٦٥] ساغ و دروست ٣٤٥

صَحيح[٦٦] ساغ و دروست ٣٤٥

صَدَأ : ژەنگ ١٨٢

صَدَى : ئاواز ١٦٧

صَدْر : سنگ ١٨

صُدْغ : زوڵف ٢١٤

صَديق : دۆست ١٤٣

صَديد : کیم ٣٤٦

صِرّ : بای سەخت ٣٣٧

صِراط : ڕێگە ١٨٥

صَرْصَر : سەرما ٢٨٤

: بای‌سەخت ٣٣٧
صَرْع° : فێ ١٢٣
صَعُبَ : سەختبوو ٣٦٣
صَعْب : سەخت ٦٧
صَقیع : سیخوار ٦١
صَلاة : نوێژ ٥٦
صَلْصَل° : کۆترەباریکە ٢٧٨
صُعْلُوك : فەقیر ٢٧٠
صَنْعَة : پیشە ١٨٩
صَنِيعَة : پیشە ١٨٩
صُؤابَة : رشك ٢٧٣
صِوار : گاگەل ٢٧٣
صَوْب : باران ٢٥١
صَوْت : دەنگ ٣١٧
صُوف : خوری ١٨٢
صَوْمَعَة : هەڵۆ ٣١٦
صِهْر : خەزوور ٢٥٥
صَیّاد : نێچیرەوان ٢٧٦
صَیِّب : باران ٢٥١
صَیْد : نێچیر ٢٤٧
صَیْف : هاوین ٢٣٦

ـ ض ـ

ضَأن : مەڕ ١٠٣
ضائِن : مەڕ ١٣٨
ضامِر : لەڕ ٣٣٢
ضَبّ° : سووسەمار ٣٠٠
ضَبُع° : کەمتیار ١٨٦
ضَحا : چێشتەنگاو ٢٠٠
ضَحْوة : رۆژ ٢٠٠
ضِدّ : مخالف ٢٦٦
ضَرَب°[٦٧] : شانەی‌سپی‌و ئەستوور ٢١٢
ضَرَبَ : لێی‌دا ٣٦١
ضِرْس : خرێ ٦٤
ضَرْع : گوان ٢٨٧
ضِرْغام : شێر ٧٧
ضَرِیر : کوێر ٩١
ضِغْن : قین ٥٢
ضِفْدَع : بۆق ٣١١
ضِلْع° : پەراسوو ٢١٣
ضَمیر : دڵ ٤٥
ضَیْعَة : باغو زەمین ٢١٧
ضَیْغَم : شێر ٧٧
ضَیْف : میوان ١١٥

ـ ط ـ

طائِفَة : گرۆە ٣٠٢
طاق[٦٨] : تار ٢٩٧
طاقِیَة : کڵاو ٢٠٥
طاقة : هەودا ٣٤٠
طالِح° : خراپ ٨٠

طاهِرٌ : پاك ٧٩
طُحَال : سپڵ ٤٥
طُحْلُب : قەوزە ٧٠
طِحْنٌ : ئارد ١٠٠
طَحَنَ : هاڕی ٣٥٧
طِرْس : کاغەز ٨٧
طِرْف : جوانوو ٢٩٧
طَرْفٌ : چاو ٢٠٥
طَرْفاء : گەز ١٩١
طَرِيق : ڕێ ١٨٤
طَعِمَ : خواردی ٣٦٨
طِفْل : منداڵ ١٨٣
طَلّ : بارانی خەفیفو سووك ٢٥٠
طلا : بێچووە ئاسك ٢٥٤
طَلْح : گەنە ٣١٨
طَلْعة : ڕوخسار ٤١
طَلِي : کارژۆلە ٢٧٣
طُنُب : تەناف ٢٦٤
طَوْد : کێو ٣١٣
طَوِيل : درێژ ٢٥٦
طِين : قوڕ ١٠٣

**ـ ظ ـ**

ظاهِرٌ : دیار ٢٣٦
ظَبي : ئاهوو ١٥٩
ظَعْن : کۆچ ٢٠١
ظِفْر : نینۆك ٢٢
ظِلّ : سێبەر ٣١٠
ظَنّ : گومان ١٩٥
ظَهْر : پشت ١٧
ظَهَرَ : دەرکەوت ٣٥٦

**ـ ع ـ**

عائِلٌ : فەقیر ، موحتاج ٣٣٦
عاتِقٌ : شان ١٦٨
عارِضٌ : ڕوو ٤٢
عارِي : ڕووت ١٧٦
عالِمٌ : دانا ٣٥١
عام : ساڵ ١١٦
عامٌ بارح : ساڵی پار ٣١٣
عامِر : ئاوا ٧٢
عَبْد : بەندە ٢٩٠
عَبَرَ : رابورد ٣٧٠
عَبْرَة : فرمێسك ٣٢١
عِبْرة : عەجەب ٣٢١
عَبْهَر : نێرگس ، یاسەمین ٢٣٨
عَتُود : کارژۆلە ٢٩١
عَتِيق : کۆن ١٠٩
: ئازاد ٢٨٢
عَجَاج : تۆز ٣٤١
عِجْل : گوێرەکە ٢٢٧
عَجْلان : چوست ٢٠٤

عَجَنَ : شێلای ٣٥٧
عَجِین : هەویر ٢٧٠
عَدَد : شمار ٢٩٨
عَدَس : نیسك ٢١
عَدْل : تابار ١٩٠
عُدْم : فەقیری ٢٩١
عَدُو : دوشمن ١٤٣
عِذار : زولف ٥٥
عَذَبَة(٦٩) : لفکە ٢٠٨
عَذْق : هێشووی دارخورما ١٩٦
عَذَلَ : لۆمەی کرد ٣٦٩
عِرْس : ژن ٢٠٨
عَرْف : بۆی خۆش ١٣٠
عُرْف : یاڵ ٤٣
عُرْف الدیك : پۆپە ٢٦٨
عُرف : عەطایە ٢٦٨
عَرَفَ : ناسی ٣٥٦
عِرْق : رەگ ٣٥
عَرْموط(٧٠) : هەرمێ ١٨٧
عَرُوس : زاوا ، بووك ٣٧
عُرْوَة : دەستوو ٢٥٧
عُرْیَان : رووت ١٧٥
عَرِین : لانە ٣٨
عَرِیض : پان ١٦٨
عَسْجَد : جەوهەر ، زێڕ ٨٧
عَسْکَر : لەشکر ٢٤٤
عَسَل : هەنگوین ١٣١
عُش : هێلانە ٣٨
عَشاء : طەعامی شەوێ ٣٣٨
عُشْب : گیاه ٧٦
عَشَر : دە ١٤٨
عِشْرون : بیست ١٤٩
عِشْرین : بیست ١٤٩
عَشِیَّة : وەقتی ئێوارە ٣٠٤
عَصا : عەسا ٢٥٦
عَصَب : پەی ٣٥
عُصْفور : پاساری ٢١٥
عضب : شیری بوڕرا ١٦٧
عَضُد : قۆڵ ١٩
عُطاس : پژمین ٢٤٩
عَظْم : ئێسقان ٢٩
عَفَص : مازوو ٩٨
عُقاب : هەڵۆ ٩٧
عُقار : شەراب ٢١٩
(عِقار) و (ضَیْعَة) :
باغ و زەمین ٢١٧
عَقِب : پاژنە ٣٥
عَقَدَ : بەستی ٣٦٤
عِقْد : گەردنبەندی دوڕ ٢٩٧
عَقْرَب : دووپشك (١٠٤)

عَقْل : ئیحتلام[٧١] (٢٨٢)
عَقِیم : نەزۆك (٢٦٢)
عُکّاز : وەکاز (٢٥٦)
عَلَق : زەروو (٣٦)
عَلَم : بەیداخ (١٥٧)
عَلَم : کێو (١٥٧)
عَلَن : ئاشکار (٣٠٨)
عِنان : دەستەجڵەو (٣٤٩)
عَناق : چوشتیر (٢٢٧)
عِنَب : ترێ (١٢١)
عُنْصُل : پیازەخووگانە (٣٣٣)
عُنُق : ئەستۆ (٤٢)
عُنْقُود : هۆشە (١٣٠)
عُکْنَە : لۆچیسك
لەبەرقەڵەوی (٢٩٢)
عَمّ : مام (١١٣)
عِماد : تیرەك (١٩٢)
عِمامە : مێزەر (٢٠٥)
عَمِل : کردی (٣٦٦)
عَمُود : تیرەك (١٩٢)
عَمّە : پوور (خوشکیباوك) (١١٤)
عَمِیق : قووڵ (١٦٨)
عِوَج : کەچی (١٥)
عَیْن : چاو (١٤)

- غ -

غابة : بێشە (١٩٥)
غارة : تالآن (٢٥١)
غاسِق : شەویتاریك (٢٧٨)
غالي : گران (٣٥١)
غامر : چۆڵ (٧٢)
غائِط : مرداری (٢٧٤)
غُبار : تۆز (٢٣١)
غَبْراء : زەمین (٢٤٩)
غَثّ : لەڕ (٢٢٣)
غَد : سوبحی (٣٣٠)
غداء : تەعامیسوبحی (٣٣٩)
غُداف : قەلەڕەش (٣٣١)
غراب : قەلەڕەش (٣٣١)
غَزُرَ : زۆر بوو (٣١٢)
غَزَلَ : رستی (٣٦٣)
غَزْل : ریس (٣٤٠)
غَسَلَ : شوشتی (٣٥٩)
غُصْن[٧٢] : شاخیدار (٣٠٦)
غَلیظ : ئەستوور (٢٩٥)
غَمامە : هەور (٢٦٨)
غِمْد : کێلان (٣١٦)
غَمْرَة : گێژ[٧٣] (٢٤٨)
غُمْص : خەو (٢٠٢)
غَیْث : باران (٢٣٥)

غَيْهَبٌ : تاریکی (٢٩٥)

ـ ف ـ

فاخِتَةٌ : کۆترەباریکە (٢٧٨)
فارِسٌ : ئەسپسوار (٢٧٧)
فارغ : خالی (١٤٢)
فَأرَةٌ : مووش (٧٦)
فَأس : تەور (٢٢٠)
فاقَة : فەقیری (٢٩١)
فاکِهَة : میوە (٣١٠)
فَجٌّ : ڕێ (١٨٤)
فَجْل : توور (١٢٩)
فَحْل : نێر (٩٩)
فَحْم : خەڵووز (٢٣١)
فَخّ : فاقە (٥٥)
فَخْذٌ : ڕان (١٥)
فراشه[٧٤] : پەپوولە (٢٢٩)
فَرْث : سیخوڕ (٢٨٥)
فَرَحٌ : کەیفخۆشی (٢٢٨)
فَرْخٌ : بێچوو (٤٢)
فَرَسٌ : ئەسپچێرچێ (١٨٧)
فِرْصاد : توو (١٠٢)
فَرْع[٧٥] : شاخیدار (٣٠٧)
فَرْع : بچووك (١٠٦)
فَرَقٌ : ترسان (٢٣٣)
فِرْقَة : گرۆه (٣٠٢)

فَزِعَ : ترسا (٣٦٠)
فَشَلٌ : ترسان (٢٣٣)
فَشِلَ : ترسا (٣٦٠)
فِضَّة : زیو (٦٦)
فَطين : زیرەك (١٩٢)
فَعَلَ : کردی (٣٥٨)
فَقِهَ : زانی (٣٦١)
فِكْر : ئەندێشە (١٩٥)
فَلاة : بیابان (٣٠٢)
فُلْك : کەشتی (٩٤)
فَمٌ : دەم (٤٨)
فَنٌ[٧٦] : شاخیدار (٣٠٦)
فَنَكٌ : دەڵەك (٣٤٢)
فَهْد : یۆز[٧٧] (٢٥٥)
فُؤاد : دڵ (٤٥)
فَوْج : پۆل (٣٠٣)
فَوْق : ژوور (٣٠٤)
فُول : پاقلە (١٧٨)
فولاذ : پۆڵا (٢٨٨)
فَيْءٌ : سێبەر (٣١)

ـ ق ـ

قاطِعٌ : بوڕندە (٢٨٠)
قاعٌ : جێگەی نەرمانو دەشت (٣٠)
قامُوس : دەریا (٢٤٨)
قاني : سوور (٢٣٠)

قَبَاء : کەوا (٢٠٦)
قَبَج : کەو (٣٢٢)
قَبْر : گۆڕ (٩٧)
قُبْلَة : ماچ (١٠٥)
قِتَال : جەنگ (١٩٧)
قَتَام : تۆز (٢٣١)
قَتَلَ : کوشتی (٣٦٠)
قُتْم : تۆز (٢٣١)
قِثَّاء : خەیار (٣١٠)
قُدَّام : پێش (٣٠٥)
قِدْر : دیزە (٢٢٢)
قُدُوم : تەوشی (٢٢٠)
قَرّ : سەرما (١٦٦)
قَرَأَ : خوندی (٣٦٦)
قَرَاح : ئاوی‌ساف (٢٦٥)
قُرَاد : گەنە (٣١٨)
قِرْبَة : کوندە (٢٩٠)
قُرْبَة : طاعەت (٢٩٠)
قِرْط : گوارە (٢٧٧)
قِرْطَاس : کاغەز (٢٣٧)
قَرَع : کوولەکە (٢١٦)
قَرْن : شاخ (١١٩)
قَرْنَاء : شاخدار (١٩)
قَرَنْفُل : مێخەك (٢٨٦)
قَرِیب : نزدیك (٦٩)

قَرْیَة : دێ (١٨٤)
قَسَم : سەوگەند (٢٤٢)
قَسْوَرَة : شێر (١٦٤)
قَصَب : قامیش (١٨٩)
قَصِیر کۆتا (٢٥٦)
قَضِیب : شیری‌بوڕرا (١٦٧)
قِطْ : کتك (٢٢٢)
قَطَا : کوڕکوڕ (٢٢٤)
قَطْف : بەر (٣٠١)
قَطِیع : مێگەل (١٦٠)
قَعَدَ : دانیشت (٣٧٠)
قَعْر : غەورتك (٣٢٢)
قَفَا : پشت‌مل (٢٦١)
قَفْر : بیابان (٣٠٢)
قَفِیز(٧٨) : (کەو) (٢٠٢)
قَلّ : کەم‌بوو (٣٦٥)
قَلِیل : کەم (١٠١)
قُلَّة : فەوقی‌کێو (٣١٣)
قِمَاط : دەسرازە (٢١٤)
قَمْل : گەنە (٣٢٦)
قَمِیص : کراس (٢٠٦)
قَنَاة : ڕم (١٣٩)
قَنَّاص : ئێچیرەوان (٢٧٦)
قَنْص : ئێچیر (٢٤٦)
قُنْفُذ : ژیژك (٢٩٤)

قِنَّة : فەوقی کێو (٣١٣)
قَوِيم : ڕاست (٨٩)
قَيْد : زنجیر (١٢١)
قَيْظ : هاوین (٢٣٦)
قَيْن : ئاسنگەر (١٨١)

– ك –

كابُوس : شەوە (١٢٣)
كَأْس : پیاڵە (٢١٨)
كاسِي : پۆشتە (١٧٦)
كاهِل : تێوشان (٢٩)
كَبِد : جەرگ (٤٥)
كِبْرِيت : گۆگرد (٨١)
كَبْش : بەران (٦٧)
كَتَبَ : نووسی (٣٦١)
كَتِف : شان (١٧)
كَثُرَ : زۆربوو (٣٦٥)
كَثِيب : تەپولكەی لیو (٨٦)
كَثِير : زۆر (١٠١)
كَحَلَ : ڕشتی (٣٥٨)
كُحْل : کل (٢٦١)
كَدَر : لێڵ (٢٢)
كَرِش : ورگ (٣٥)
كُرْكِيّ : قولنگ (٢٢٦)
كَرْم : مێو (١٣١)
كَرَى : خواب[٧٩] (١٢٢)

كُزْبُرَة[٨٠] : گژنیژە (٣٠٨)
كِسَاء : بەرگ (١٧٦)
كَسَحَ : ماڵی (٣٦٦)
كَسْلان : سست (٢٠٤)
كِشْمِش : کشمیش (١٥٠)
كَعُوب : کەنگر (١٨)
كَعَيْت : بولبول (١٥١)
كَفّ : لەپی دەست (٤٠)
كَفَل : کەفەل (٢٥٨)
كَلأ : گیاە (١٢٤)
كَلّ : کول (٢٢٩)
كُلْيَة : گورچەویل (٣٩)
كَلِيل : کول (٢٢٩)
كُمَّثْرَى : هەرمێ (١٨٧)
كُمَّة : کڵاو (٢٠٨)
كَمُّون : زیرە (١٢٠)
كُمَيْت : ئەسپی کوێت (٣٣٤)
كِنَانَة : کیشك (٣١٦)
كَنْدُج[٨١] : کەندوو (٢٥٧)
كَنَسَ : ماڵی (٣٦٧)
كَنَف : پەردە (٣٠٠)
كَهْف : غار (٣١٦)
كُوب : گۆزەی بێ‌دەست‌و لوولە
كُور : کوورە (١٨١)
كورة : شار (١٧٧)

كوز : گۆزه (٢٢١)
كُوع : جوموشك (٢٧)
كَوْكَبْ : ئەستێره (٥٨)
كُوّة : رۆزەن (٣٢٠)
كَيْد : فێڵ (١٦)
كِبِرْ : دەمه (١٨٠)
كَيْل : پێوان (٢٩٩)

– ل –

لَئيم : رژد (٩٣)
لامَ : لۆمەی کرد (٣٦٩)
لِبَأْ : ژەك (٣٢٤)
لَبَن : شیر (٢٠)
لَبِن : خشت (٢٠)
لُبْنة : تیکه (٥٠)
لَثْم : ماچ (١٥٠)
لجام : لغاو (٣٤٧)
لَجَج[٨٢] : سروور (٢١٢)
لُجّة : دەریا (١٨٦)
لُجَيْن : زیو (٨٦)
لَحَاف : لێف ١٠٢
لَحْم : گۆشت ٢٩
لِحْيَة : ریش ٢٣
لَحیَ : لۆمەی کرد ٣٦٩
لِسَان : زوبان ٤٨
لُعَاب : لیك ٥٠
لُغْز : مەتەڵ ١٢٤
لَقَم : رێگه ١٨٥
لُقْمَة : پاروو ٥٠
لَقْوَة : هەڵۆ ٢٨٠
لُؤْلُؤ : مرواری ٢١٥
: دوڕ ١٢٤
لوبیا : پاقله ١٧٨
لَوْح : تەخت ١٦١
لَوْن : رەنگ ٣١٧
لَيْث : شێر ٩٩
لَيِّن : نەرم ١١٢

– م –

ما : چی ٣٠٩
ماذا تریدُ : چیت دەوێ ١٣٦
مارِن : نەرمەلووت[٨٣] ٣٣٨
ماشِي : رۆینده ٢٣٩
مائِدَة : سفره ١٩٣
مِئَة : سەد ١٤٥
مَاعِز : بزن ١٣٨
مِبْرَد : بڕبەند ٢٤٦
مُتْرَف : نەرموناسك ٢٥٤
مَتِين : قایم ٢٠
مَتَى : کەی ٣٠٩
مَتْن : پشت ٢٠
مُثْرِي : دەوڵەمەند ٢٧٠

مِثْل : وێنه ٨٢
مُثْمِر : درەختیمیوەدار ٣٠١
مَجْذُوم : گول ٢٠٩
مِجْرَف : پاچ ١٠٥
مِجَنّ : مەتاڵ ١٣٢
مِجَنَّة : مەتاڵ ١٣٢
مَجْنُون : دێوانه ١١٥
مِحْبَرَة : دوێت ٣٣٤
مَحَلّ : جێگه ١٨٥
مُحْوِل :طفلیٖ یەك ساڵه ٦٣
مُحَيَّا : روضار ٤١
مُخَاط : چلم ٥٠
مَخْدَع : خەزێنه ٢٥٧
مَخِيض : دۆ ٢٨١
مِخْيَط : دەرزی ٢٣٠
مُدّ : مست ٤٤
مِدَاد : مەرەكەب ٣٤٣
مَدَاس : سۆل ٧٢
مُدَامه : شەراب ١٤١
مَدَح : وەسفیبه چاكەكرد ٣٥٧
مَدَر(٨٤) : گلمت ٣٥٢
مُدْلَهَمّ : تاریك ٢٩٥
مُرّ : تاڵ ١٣٢
مَرَارَة : زراو ٦٢
مَرْأَة : ژن ٢٠٨
مِرْآة : ئاوێنه ٨٢
مَرْبَع : هەوار ٣١٦
مَرَّتَيْن : دووبار ٣١٢
مِرْجَل : مەنجەڵ ٢٥٩
مَرَّة : یەكبار ٣١٢
مِرْوَد : كلچیوك ٢٤٦
مِرْية : شك ٧٣
مِرْفَق : ئانیشك ٢٨
مَرَقَة : شۆربای گۆشتین ٢٧١
مُزّ : ترش‌وشیرین ٢٢١
مِزْوَد : تێشوودان ١٧١
مَسْأَلَة : سوئال ٢٤٣
مَسْجِد : مزگەوت ١٧٧
مَسْح : پەلاس ٢٠٦
: سۆل ٧٢
مَسَرَّة : سروور ٢١٢
مُسْلِم : موسڵمان ٢٣٨
مِسْمَار : بزمار ٣٥٣
مِسْوَال : سیواك ٢٨٦
مِسْحَاة : بێڵ ٢٢
مَسْك : پۆست ١٤٣
مَشْحُون : پڕ ١٤٢ ، ٣٥٤
مِشْط : شانه ١٣٣
مِشْكَاة : تاقێكه بێ كولێن ٣٤٨
مِشْمِش : قەیسی ١٥٠

مِصْبَاح : چرا ٢١٠

مِصْرْ : شار ١٧٧

مَطَرْ : باران ٢٣٥

مَطِيَّة : ولاغ ٢٤١

مَعَان : جێگە ١٨٥

مِعْبَلَة : پەیکانی پان ٣٠٧

مَعْدَن : کان ٣٣٣

مَعْز : بزن ٦٥ ، ١٠٣

مَعْزُول : مازوور ٢٥٥

مِعْوَل : زەنگن ١٠٧

مُعَمَّى : مەتەڵ ١٣٧

مِعْيَار : تەرازوو ٢١٤

مِغْزَل : تەشی ، خەرەك ٣٤٢

مفازە : بیابان ٣٠٢

مفتون : دێوانە ١١٥

مِقْدار : ئەندازە ٢١٤

مَقْطُوع : بڕاو ٣٤٥

مَقْمَعَة : چەکوش ٢٨٥

مُقْلَة : گلێنە ٢٠٥

مُقْمِر : شەوی‌مانگەشەو ٣٤٩

مَكَان : جێگە ١٨٥

مَكْر : فێڵ ١٦

مِكْحَلَة : کلدان ٢٦١

مِكْعَب : سۆل ٢٠٧

مِكْيَال : ربة ٢٩٣

مَلِك : پاشا ١٠٦ ، ١٢٥ ، ٢٥٥

مَلَوَين : شەبوروز ٣٤١

مَنّ : گەزۆ ١٣١

مَنْ : کێ‌یە ٣٠٩

مِنْجَل : داس ١٠٧

مَنَع : نەی‌هێشت ٣٥٧

مَنِيَّة : مردن ١٧٩

مُنْيَة : ئارەزوو ٣١٩

مُنْخُل : چشتی‌پێ‌دەبێژن ١٩٩

: هێلەك ٢١٦

مَنْزِل : هەوار ٣٠٦

مَنْزِلَة : مەرتەبە ٣٤٣

مِنْسَأة عەصا ٢١٥

مِنْسَف : شەنە ٣٢٠

مَنْهَل : چەشمە ٣٣٣

مُهْجَة : روح ١٢٨

مَهْد : بێشکە ٢١٤

مَهْمَه : بیابان ٣٠٢

مَوْت : مردن ٥٤

مَوْصُول : پەیوەست ٣٤٥

مَوْضِع : جا ١٥٢

مَوْعِظَة : پەند ٢٤٢

مَيِّت : مردوو ١٤٤

میزاب : پلووسك ٢٦٠

میزان : تەرازوو ٢٩٣

- ن -

نائي : دوور ۱۲۹
نابِي : کول ۲۲۹
ناحِل° : لاغری[٨٥] ۲٦٧
: لەڕ ۳۳۲
نادِي : مەجلیس ۳۰۸
نار : ئاگر ۱۸۱
ناصِیَة : پێشەسەر ۳۵
ناعِم° : نەرم‌وناسك ۲٥٤
نِبْراس : چرا ۲۱
نَبْلة : تیر ۳٤
نَتِن° : بۆگەن ۲٤٧
نَجْدُ : جێی بڵند ۲۹۲
نَجِس : پیس ۷۹
نَجْلُ : ڕۆڵە ۳۱
نَجْمُ : ئەستێرە ٥٨
نَجِیعُ : خوێن ۳٤٨
نُحاس : مس ۱۳٥
نَحْب : گریەی‌سەخت ۱٦۱
نَحَتَ : تاشی ۳٦۱
نَحْل : هەنگ ٨٥
نَحْنُ : ئێمە ۳۱۱
نَحِي°[٨٦] : خیگ ۲۹٨
نَحِیب : گریەی‌سەخت ۱٦۱
نَحِیل : لەڕ ۳۳۲

نُخامَة : بەلغەم ٤٨
نَخْل : دارخورما ۱٦٦
نَخِیل : دارخورما ۱٦٦
نَدّ : مخالف ۲٦٦
نَدَیَ : شەبنم ٦۱
نَرْجس : نێرگس ۷٥
نَزَرَ : کەم بوو ۳٦۲
نَزْر° : کەم ۱۰۱
نَزِیل : میوان ۱۱٥
نَسْر : سیسارك ۲۲٥
نَشَب : ماڵ ۱۱٦
نَشْر : بۆی‌خۆش ۱۳۰
نَشْوان : مەستی شەراب ۲٦۹
نَصْرانيّ : گاور ۲۲۰
نَصْل : شمشیر ۳٤
نَصْل : سەرەڕم ، پەیکان ۳۲
نَصِیب : بەش ۱٤٦ ، ٦٨
نَصِیحَة : پەند ۲٤۲
نُضار : ئاڵتوون ٨٦
نَضْج : پوخت ۳۳۷
نَظَرَ : ڕوانی ۳٥٥
نَظِیر : وێنە ٨۲
نَظِیف : پاك ۹۰
نُعاس : وەنەوز ۱۰٨
نَعْجَة : مەڕ ٦٥

نَعْل : کەوش ٧٤
نَعَمْ وەیە ٣٣٩
نَعْناع : پونگ ١٨
نَقْد : دراو ٢٣٤
نَقّاقَة : بۆق ٣١١
نَمِرْ : پڵنگ ٢٢٦
نَهار : رِۆژ ٥٧
نَهْبْ : تەخت‌وتاراج ٣٣٦
نَهْر : رووبار ٤١
نَهَضَ : هەستا ٣٦٩
نُهْيَة : عەقڵ ٢٦٦
نَوْحَة : گریە ١٥٨
نُورَة : قسڵ ١٣٧
نَوْم : خواب ١٢٢
: نووستن ٥٧
نُون : ماسی ٣٣١
نِیاح : زاری ١٥٨
نَيءْ : کاڵ ٣٣٧

ـ ه ـ

هامَة سەر ٥١
هَجا : زەم ١٣٩
هُجُوع : خەو ١٢٣
هَجیر : نیوەڕۆی سەختی گەرما ٢٨٩
هَدِیَّة : دیاری ١٥٨
هَرِمْ : پیر ٤٩
هَرَمْ : پیری ٣٢٥
هِرَّة : کتك ٢٢٢
هَزار : بولبول ١٥١
هَزِیل : لەڕ ٢٢٣
هَصُورْ : شێر ٣٣
هِلال : مانگی‌یەك‌شەوە ١١٠
هَلَعْ[٨٧] : حِرْص ٣٢٦
هِمْیان[٨٨] : هەمانە ٢٠٧
هُنا : لێرە ١٣٦
هَیْجا : شەڕ ٨٤
هَیْصَر : شێر ٣٣
هَیْصار : شێر ٣٣

ـ و ـ

وابِل : بارانی‌قەطرە گەورە
وَبْل : بباریێ بەسەخت ٢٥٢
واحِدْ : یەك ١٤٢
وادِي : شیو ٦٦
واسِع : فەرەح ١٩٧
والِدْ : باب ١٢٢
والدة : داك ١٢٢
والله : وەی‌بەخودا ٣٤٠
وَبَرْ : کورك ١٨٢
وَتَد : مێخ ١٥٤
وَتَر : ژێ ٣٢٤
وَجَع : ئێش ٢٣

وَجَل : ترسان ٢٣٢
وَجْنَة : کولم ٣٤
وَجْه : ڕوو ٢٩
وَدْق : باران ٢٥١
وِرْد : ئاوی‌سارد ١١١
وَرْد : گوڵ ١٢٧
وَرَق : پەڕ ٢٣٧
وَرَق : گەڵا ١٢٦
وَرَم : ئەماس ٣٤٦
وَزْن : کێشان ٢٩٩
وَسَخ : چڵك ١٩٠
وَسَن : خەو ١٢٣
وَسْنَة[89] : وەنەوەز ١٠٨
وَصيف : عەبد ٢٨٣
وَصيفة : جارية ٢٨٣
وَطْب : مەشکە ٢٨١
وَطَر : حاجەت ٣٢٤
وَعْل : نێری بزنەکێوی ٣١٥
وغى : شەڕ ٨٤
وَقَف : وەستا ٣٧٠
وِكاء : زاربێن ٢٠٧
وَكْر : هێلانە ٣٨
وَكْف : دڵۆپە ٢٦٨
وَلَد : ڕۆڵە ٣١
وَلُود : زایندە ٢٦٢
وَهَبَ : بەخشی ٣٥٨
وَهْدة : جای‌نەوی ٢٩٢
وَهَق : کەمەند ٢٤٦

**ـ ي ـ**

يَد : دەست ٢٤
يَسير : کەم ١٠١
يَقْطين : کوولەکە ٢١٦
يَمّ : دەریا ٩٢
يَمين : سەوگەند ٢٤٢
يَنْبُوع : چەشمە ١٥٢
يَهودي : جوو[90] ٢٢٠

پەراوێزی فەرهەنگۆکی ئەحمەدی :

١ ـ لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی‌دا هاتووە کە ( أبقع) ئەوەیە سپی‌یەکەی ڕەنگێکی دیی تێکەڵ بێ •

٢ ـ کوچك : واتا بەردی سێ کوچکەی بن مەنجەڵ •

«جەمیل ڕۆژبەیانی»

٣ ـ آجرّ : وشەیەکی فارسیی بە عەرەبی‌کراوە • (الصحاح) •

٤ ـ لە چاپەکەی بەغدادا (آدٌر) بە بۆرێك لەسەر دالەکەیەوە نووسراوە ، ڕاستی‌یەکەی (آدَر) بە سەرە ، هەروەکو لە (لسان‌العرب)دا هاتووە : (الأُدرة : نفخة في الخصية والآدَر والمأدور : الذي ينفتق صِفاقه ) •

٥ ـ ارج ، هەروەها ( اريج‌واريجة )بۆنی خۆشە •

٦ ـ اشل : لەبەرئەوە ناتەواوی‌یەکە تایبەتە بە دەست ، کە لە متن اللغەدا دەڵێ : « يَبس اليد وذهابها وقيل هو فساد" في اليد » لەبەر ئەوەش ( شەل ) بۆ پێ‌یە ، ڕەنگ‌بێ گۆج لە دەستشەل بەو مانایە داندرابێ‌و گۆڕینی بەسەرهاتبێ •

٧ ـ اشهب : لە پەراوێزی چاپەکەی بەغدادا نووسراوە : « الأشهب ـ في الألوان ـ البياض الغالب على السواد » بەڵام لێرەدا کە بۆ سپی‌داندراوە چونکە لە عەرەبی‌دا بە کینایە بە سپی‌یەکی زۆر سپی گوتراوە ••ئەوەتا لە (لسان العرب)دا دەڵێ (الشهباء)مانای سپی‌یە سەبارەت بە لێکدانەوەی تاکە هەڵبەستێکی زهیر کە دەڵێ : (اذا السنة الشهباء)کەوا مەبەستی لە السنة الشهباء ساڵی بەفرزۆرە •

٨ ـ مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ :

ڕەنگە لە بنەڕەتدا (اصل)گەورە دار بووبێ یان شتێکی تری لەگەڵدا بووبێ ، ڕونووسەکان هەموویان خراپن •

٩ ــ ماندەگی : ماندووبوون ، ماندوێتی •
١٠ ــ آنفاً : بە مانا سەرەتای شتو بەر لەساتێکیش هاتووە ، لە قامووس‌دا دەڵێ (جاؤوا آنفاً : قُبَیْلا او منذ ساعة ) ••
١١ ــ آنك : وشەکە لە بنەڕەت‌دا عەرەبی نی‌یە •
١٢ ــ النوك : الحمق ، الأنوك : الأحمق وجمعه نَوْکی وَ نوك •
١٣ ــ إوَزْ : هەروەکو لە کوردی‌دا لە عەرەبیی تازەش‌دا بۆ قاز ( وزّ و إوَز )بۆ مراویش ( بط )بەکار دەهێنن ، بەڵام لە فەرهەنگە کۆنەکان‌دا هیچ جیاوازی لە نێوان ئەو دوو پەلەوەرەدا ناکرێت • لە ( لسان العرب )دا نووسراوە : ( الوزّة : البطّة وجمعها وزّ وهي الإوَزّة ایضاً والجمع إوَزّ و إوَزون )بۆیە شێخ مارفیش جارێك بۆ (اوز)مراوی‌و جارێکیش بۆ (بط)قازی داناوە ، لە ڕاستیش‌دا مراوی ناوی گشتە بۆ هەردوو جۆرو لە بنەڕەت‌دا (مامرگاوی)یەو هەر ئەم وشەیەش هێشتا لە هەندێ ناوچەدا لە شێوەی (مامراوی)دا بەکاردێت •
١٤ ــ باع لە (لسان)و فەرهەنگەکانی‌تردا ماوەی نێوان هەر دوو لەپی دەستە کە بڵاوبکرێنەوە ، بەڵام وا دیارە لە دوایی‌دا بە کینایەت مانای دەستی وەرگرتووە •
١٥ ــ قالب : واتا قاڵبی لەش نەك قاڵبی سابوون یان قاڵبی خشت•• لە وڵاتی کۆیەش لە شێوەی (قەلب)دا ماوەتەوە •
١٦ ــ ئیحسان : چاکە •
١٧ ــ برکە : واتا ئەستێل (بڕوانە قامووسی زمانی کوردیی زەبیحی) •
١٨ ــ برمە کۆی (بڕام)ە مانا مەنجەڵ •
١٠٩ ــ لە (متن اللغة)دا دەڵێ : البط : الإوَز ، واحدته بطة ، اعجمي معرب وهو عند العرب الإوَزّ ) •
٢٠ ــ شەوهەر : شووی‌ژن واتا مێرد •

٢١ ـــ تۆ٘م : له چاپەکەی بـەغـدا نووسراوە ( توئمة وتوْأم) بـەڵام
له (متن اللغة)دا ( تِئم ، تۆم ، تَيئم ، تَوْأَم )هەیە •
٢٢ ـــ ثقبة : تاکی مێی (ثقب)••• (بیمار) ، سۆراخ : کونی مارو مێرووە
(ڕۆژبەیانی •)
٢٣ ـــ ثملان : بەم شێوەیە لەو فەرهەنگانەی بەردەستمدا نەبوو ، بەڵکو
(ثَمِل)هەیە ، دوور نی‌یە لە شوێنی‌تردا بەم شێوەیە لەکارهاتبێت‌و
ئێمە پێی‌نازانین •
٢٤ ـــ کار : واتا بێچووی بزن نەك ئیش‌وکردەوە .•
٢٥ ـــ شەك : بەرخەتێرێك ساڵێکی تەمەن تەواو کردبێ •
٢٦ ـــ سرور : کەیف‌خۆشی •
٢٧ ـــ جراب : هەمبانە ، (المزود)یشی پێ‌دەڵێن • بەڵام شتوومەکی وشکی
تێ‌دەکرێت نەك تەڕ • بەئیستیعارە بـۆ کالانی شیریش بەکاردێت •
مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ :
(زەرف)یش ئـەوەی شتی تێ‌دەکرێ وەکـو هەمبانە نەوەك ظەرفی
کاغەز یان ظەرفی قاپ‌وقاجاغ •
٢٨ ـــ جریال : لە (متن اللغـــە)دا دەڵێ بۆیەی سوورە ، لـەوانەشە لەبەر
ڕەنگەسوورەکەی بۆ شەرابیش بەکارهاتبێ •
٢٩ ـــ کیشك : بـە مانا تیردان ، یان توورو تۆربە بەرامبەر بـە وشەی
(جعبە)بەکارهاتووە ، فارسی‌یەکەی (کیش)ە •
٣٠ ـــ لە لساندا (الجفنة)دەفرێکی گەورەی چێشتە ، واتا کاسە ، بـەڵام
هەرچی بەمانای کالان یان کێلانی شیرە لە شێوەی (الجَفْن)داهاتووە
٣١ ـــ خووب : جوان •
٣٢ ـــ جیْرِ ، أَجَلْ : بەڵێ •
٣٣ ـــ حائط : لە (متن اللغة)دا دەڵێ باخێکی دارخورمایە ئەگەر دیواری بە
دەوردا دروست‌کرابێ •

٣٤ ــ داو : ئەوەی ڕاوی پێدەکرێ •
٣٥ ــ حَجَلة : حَجَل نێرە وحَجَلة مێیە (لسان) •
٣٦ ــ سوخەن : قسە •
٣٧ ــ حرص : ئەم تاکە هۆنراوەیەی ژمارە (٣٢٦) لـە چاپەکەی بەغدادا بەم جۆرەیە •
هلع هەم شەڕە ، حرص ، قتمَل گەنە •
واتا وادەخوێندرێتەوە کە (حرص) بەرامبەر بە وشەی (گەنە) هاتووە من لام وایە گەن ( گەندو خراپ ) بێت ، چونکە لە فەرهەنگاندا بە مانای زیندەوەری خوێنمژم بەرچاو نەکەوت •
مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی بە جۆرێکی تر ئەم تاکەی خوێندوەتەوە کە لای ئەو ڕاستیەکەی ئەمەیە :
( هَلَع° هەم شَرَّه° ، حرص ، ( قَمَّل° ) گەنە• )
بـە پێی ڕاکەی ئـەو وشەکان ڕاستکرانەوە •
٣٨ ــ حضر : بە واتای پلەو پایە بـە ئاشکرا لـە لساندا نیە ، بـەلام ( متن اللغة ) دەڵێ ئە گەورە پیاوەیە کـە خاڵك ڕووی تێدەکەنو وشەکەش عەرەبیی دروستکراوە هـەر لەوەوە حەزرەتی فـلانو فیسارەکەش داکەوتووە •
٣٩ ــ هێزم : داریسووتاندن •
٤٠ ــ خشف : لە چاپەکەی بەغدا ( خشین ) نووسراوە •
٤١ ــ الخفر : شەرمێکی زۆر •
٤٢ ــ پەس : لای دواوە •
٤٣ ــ لە ئەصلدا وەهایە : دابَّة ئیسمی ولاغە •
٤٤ ــ دخنة : تاکی مێی ( دخن )ە •
٤٥ ــ دریَ : لە چاپەکەدا ( درأ ) نووسراوە •
٤٦ ــ دِیَة : لـە عەرەبیدا بـە خوێندانو بۆ بژاردن دەڵێن ، بەلام لـە

( متن اللغة )دا ( الدوّ ، الدويّ ، الدّوية ، الدّاوية ، الدواية ) بـه مانای بیابانی گەورە هاتووە بۆیە ڕەنگە ( دِیَة )نەبێت‌و ( دوية )

٤٧ ـ ذَبْح : کوشتن ، لێرەدا ( کوشتن )کار ( فیعل )نی‌یە بەڵکو چاوگەو لە جێی کوشتوو بەکارهاتووە .

٤٨ ـ لە چاپەکەدا لە جیاتی رقاد ( سهار ) نووسراوە کە مانای بێ‌خەوی دەگەیەنێ ، وا لەسەر ڕای مامۆستا ڕۆژبـەیانی‌و بـە پێی دانـە چاپ‌کراوەکەی ئەوقاف ل ٥٤ ڕاستمان‌کردەوە .

٤٩ ـ زَرْد : هـەروەهـا ( السَّرْد ) بەیەک‌داچوونی ئەڵقەی زرێ ، بە مانا ئەڵقەی زرێش هاتووە . ( متن اللغة ). بەڵام مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لای وایە ( زرد )نی‌یەو ( زرّ )ە وەکو دەڵێ ( زر أزراره علی القمر ) واتا دوگمە .

٥٠ ـ شەوهەر : مێرد ، شوو .

٥١ ـ السخلة : بەرخ‌وکار ، واتا بێچووی مەڕو بزن ( لسان ـ ٣٣٢ ) .

٥٢ ـ سراویل : زۆر کەس بە ( کۆ )ی تێ‌دەگەن : بەڵام تاکەو کۆیەکەشی ( سراویلات )ەو وشەیەکی نەعەرەبی‌یە .

٥٣ ـ سرحوب : لە ( لسان )دا کەڵەگەت‌و لەش‌ڕێکە ، هەروەها ئەسپێکە لە غاردان‌دا دەست بـڵاو دابنێ ، هەروەها لـە ڕووی زەوی‌یەوە درێژبێت ، لە ( صحاح )دا تەنیا بۆ ڕەگەزی ( مێ ) واتا ماینێ تایبەت کراوە .

٥٤ ـ سلی ج : اسلاء : ئەو پێستە تەنکەیە کە کۆرپەی تێ‌وەرپێچراوە کە لە منداڵدان دێتەدەرەوە . لە مرۆڤ‌دا ( مشيمه )یە .

٥٥ ـ سمند : چارەوێ . ( سەمەند )هاوواتای وشەی ( الفرس )ەو وشەکە فارسی‌یە ( متن اللغة ) .

٥٦ ـ السمين : لێرەدا مانا بۆ تایبەتی‌یە نەك سیفەتی گشتی ، ئیتر کـە دەگوترێ قەڵەوی‌و قەڵەوایەتی ( قەڵەواتی ) لە لاشەی مەڕ مەبەست

لە شوێنە چەورو قەڵەوەکەیە •

ئەگەرچی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لای وایە ( سمین )نی‌یەو ( سمن )ە کە ئەوسا یەکسەر مانای قەڵەوی دەدات •

٥٧ ــ الٔسَنُّوت والسِّنَوْت : کەرە ، پەنیر ، هەنگوین ، روبە (متن اللغة) ئیتر وشەی (زێڕ)کە لە چاپەکەدا نووسراوە ، مامۆستا ڕۆژبەیانی پێشنیاردەکا (زیرە)بێ نەکزێڕ •

٥٨ ــ السهاد : لە (متن اللغـة)دا السهدوالسهادوالسهار واتا خەوزڕانو بێخەوی •

٥٩ ــ السهو : لە زمانی عەرەبیدا بە بێ‌ئاگایی‌و غەفلەتی دەڵێن ئیتر ڕەنگەبێ لێرەدا (خەو) لەو مانایە وەرگیرابێ ، یان وشەکە لە دەسنووس‌کردندا هەڵەی تێ‌کەوتبێ •

٦٠ ــ لە چاپەکەدا (شامت)نووسراوە واتا ئەو کەسەی بە دەردو بەڵای یەکێك شاد بێت ، دیارە ( شامة ) ڕاستە کە مانای خاڵە •

٦١ ــ لە چاپەکەدا ( شوخة )نووسراوە •

٦٢ ــ صارخ : چڕندە لە ( چڕین )ەوە وەرگیراوە ، هەر بۆیەش لە دێڕی ٢٧٩دا بە صارخ گوتراوە کەڵەشێر •

مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ :

وشەکە (چەڕەندە)بەرامبەر بە وشەی (سارح)ی عەرەبی‌یە : واتا ئەومەڕەی بۆ لەوەڕ دەڕوات‌و لە چاپەکەی (عصری)دا بە هەڵە کراوە بە (صارخ) ئەمجارە ڕونووسەکەی (ئەوقاف) لاپەڕە ٧٩ بەڕاست‌تۆماری کردووە •

٦٣ ــ لە چاپەکەدا (سارم)نووسراوە •

٦٤ ــ صاع جۆرە پێوانەیەکە بریتی‌یە لە پێنج ڕەتڵ •

٦٥ ــ لە چاپەکەدا (صاغ‌درست) نووسراوە •

٦٦ ــ لە چاپەکەدا ( صاغ‌درست )نووسراوە •

٦٧ ـ ضَرَب : دیارە مەبەست لـە شانە شانای هەنگوینە ، ئـەگـەرنا (ضرب)هەر خۆی هەنگوینێکی سپیو ئەستوورە •
٦٨ ـ طاق : لەو چەند فەرهەنگەدا کە بەردەستبوون بە مانا (تار)شتێکم ڕێبەدیی نەکرد ، دەلێم دوور نی‌یە (طاقة) بێت .•
مامۆستا ڕۆژبەیانی لێی زیاد کردووە دەڵێ (طاق،طاقة) :
تار=هەودا ، تەلی باریکی دەزوو یا ئەوریشم •
٦٩ ـ العَذَبْ : ئەو بەشەی لە مێزەرو مەندیل تا ناوشان شۆڕدەبێتەوە • تاکی مێی (عذبة)یە •
٧٠ ـ لە چاپەکەدا (عرموت)نووسراوە •
٧١ ـ ئیحتیلام : ئەگەر لە (حلم)ەوە وەرگیرابێ مانای (الحِجْرُوالنهى)یە واتا ژیـریو هۆش • ئەگەرنا ئیحتیلام مانای خـەون دیتنە کـە هەرزەکاریش دەگاتە دەوری خەوندیتنو شەیتانیبـوون دەگـاتـە پلەی (ژیری) •
٧٢ ـ غصن : لە چاپەکەدا (شاخدار) نووسراوە •
٧٣ ـ غمرة : بەمانا دژوار وگێژاوی ئیشوکار هاتووە •
٧٤ ـ فراشە : لەچاپەکەدا (فرّاش) نووسراوە •
٧٥ ـ فرع : لە چاپەکەدا (شاخدار) نووسراوە •
٧٦ ـ فنّ : لە چاپەکەدا (شاخدار) نووسرابوو ، (فن)یش بەو مانایە لـە فەرهەنگاندا نەبوو • لەوانەیە راستیەکەی وەکـو مامۆسـتا رۆژبەیانی دەڵێ (فنن)بێ‌کە بەمانا لکی دارو کلاّفە مووی سەر هاتووە
٧٧ ـ (وێز)یش دەڵێن •
٧٨ ـ القفیز : جۆرە پێوانەیەکە گەنمو دانەوێڵەی پێدەپێورێ (کەو)یش وەکو پێژنگ وایە ، هەر لەم بارەیەوە کەویچو کەوێژ هەیە •
٧٩ ـ خواب : خەو •
٨٠ ـ لە پەراوێزی چاپەکەدا نووسراوە ( کزبرە بەکوردی رەشکە ) .•

٨١ ــ كندج : له متن‌اللغــةدا دەڵێ : الكَندوج شـبه المخزن ، الخزانة الصغيرة ، معرّب كنــدو . واتــا عەمار یان کۆگایەکی بچووکەو بەعەرەبی‌کراوی وشەی (کەندوو)ە .

٨٢ ــ لجج : له (متن‌اللغة)دا نووسراوه : لــجَّ لَجّاً ولجاجاً ولجاجة : ضحك . استلَجَّ : ضحك . ئەگەرچی لەشوێنی تردا (لجج)بەمانا کەللەرەقی وکینەبەریش هاتووه .

٨٣ ــ مــارن : لەهەندێ نوسخەدا لەجیاتی نەرمەلووت ، نەرمەگــوێ نووسراوه ،بەڵام له عەرەبی المارنان : (المنخران)ەو المارن من الأنف دون القصبة .

٨٤ ــ گلمت : کەستەك ، قوڕی وشك .

٨٥ ــ لاغری : دەبوو بنووسرایه (لاغر) .

٨٦ ــ نحی : مەشکە ، کووپەڵە ، چەنی .

٨٧ ــ هلع : له عەرەبی به مانا خەمباری ، ترسنۆکی له شەڕدا ، برسێتی ، ڕژدی دێت . (حرص)یش به مانا جاوبرسێتیو ڕژدی دێت .

٨٨ ــ همیان : کەمەربەند ، بەندەخوێن (دۆخین) .

٨٩ ــ له (لسان)دا هاتووه : السِّنَة والوسنة والوسن : ثقلة النوم وقيل (النعاس) . واتا به مانای گــەرمــەی خەوتن بــه مانا وەنەوزیش هاتووه . (لسان‌العرب‌جلد١٣،ل٤٤٩) . هەروەها له (متن‌اللغة)ش‌دا دەڵێ : شدّةالنوم وثقلته او اوله او النعاس من غير نوم (لاپەڕە٧٥٧) .

٩٠ ــ له چاپەکەدا (جوود) نووسراوه .

*** تێبینی :**

**تکایه شــەش دێڕی دوایی لاپــەڕەی (٧٣) لــەم وتارەدا له پاش دوادێڕی لاپەڕەی (٧٢)ەوه بخوێننەوه .**

# بەشی دووەم

# بارو دۆخی کوردستان‌و گەلی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا

نووسینی : شەمسی محمەد ئیسکەندەر
شوکور مستەفا لە ئازەربایجانی‌یەوە
کردوویە بە کوردی

## کوردو کوردستان

برێ لەو مێژوونووس‌و زانایانەی لە مێژووی گەلی کوردیان کۆڵیوەتەوە لە بارەی بنەچەکەو ڕەچەڵەکو داب‌و نەریت‌و ئایین‌بینیی نەتەوەی کوردو باری هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستانەوە ، با لێك جیاوازیش بن ، زانیاریی بە سەروبەریان نوسیوە •

ئێمەیش لەم بەشەدا ، لە بنەڕەتی ئەو کەرەستانەی تا ئێستا بەدەستمان هێناون‌و پشت بە « شەرەفنامە » وامان بە سوود زانی لە بارەی بنەچەکەو ڕەچەڵەکو داب‌و نەریت‌و ئایین‌بینیی نەتەوەی کوردو باری هەڵکەوتی جوغرافیاییی کوردستانەوە کورتە زانیاری‌یەکی بە سەروبەر پێشکێش بکەین •

کورد چۆن‌و کەنگێ پەیدابوون ؟ فیردەوسی لە « شاهنامە » کەی‌دا ڕۆمانتیکانەی نووسیوە ، دەڵێ : « ئەژدەهاك ، پێنجەمین پادشای پێشدادی‌یان کە لە پاش جەمشید تەخت‌و تاجی ئێران‌و توران تووشی نەخۆشیی تاعوون دەبێ ، دوو دەماری وەکو ماری لەسەر شان دەڕوێن[1] ( ٤٢ ، ٩ ) •

بتلیسیش ئەم ڕووداوەی وەکو خۆی نووسیوە •

فیردەوسی لەم ئەفسانەیەدا کە بە شیعری نووسیوە ، دەڵێ : « بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشی‌یە حەکیمەکانی دەڵێن ، تەنیا دەرمانێکی چارەی ئەم نەخۆشی‌یە بکا ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێ خواردنی لە مێشکی دوو لاو بۆ دروست بکرێ‌و دەرخواردی بدرێ • پادشایش بەجێ‌هێنانی ئەم کارەی بە ئەرمائیل‌و کەرمائیلی وەزیری ئەسپارد ، بەڵام وەزیرەکان چونکە بەبەزەو مرۆپەروەربوون ، هەموو ڕۆژێ ، لە بری مێشکی یەکێ لە لاوەکان ، مێشکی بەرخێکیان تێکەڵ بە مێشکی یەکێکیان دەکرد و بەم جۆرە خواردنیان بۆ پادشا دروست‌دەکردو بە مەرجێ لە وڵاتەکەی خۆی دوورکەوێتەوە یەکێ لە لاوەکانیان ئازاد دەکرد •

فیردەوسی دەڵێ : « ئەو لاوانەی لە سەربڕین ڕزگاردەبوون خۆیان لە کەژو کێوان وەدەشێردو لەوێ خاوخێزانیان لێ‌دەکەوتەوەو بەم شێوەیە پەیدابوونی بنچەکەی کورد دەست‌پێ‌دەکا ( ٤٢ ، ٩ ) •

بەم جۆرە زۆرینەی ئەو مێژوونووسانەیش کە لە ڕەچەڵەک‌و بنچەکەی کوردیان کۆڵیوەتەوەو « شەرەفنامە »یش‌و سەرچاوەکانی دیکەیش ئەمەیان بۆ پەیدابوونی نەتەوەی کورد بە بنەڕەت داناوە ( ٧٦ ، ١٢ ، ١٠٣ ، ٤٤٩ ) •

مێژوونووسانی ئەم دواییانەیش بۆ پتر چەسپاندنی بنەڕەتی ئەم نەقڵە ، دەڵێن خەڵکی دەماوەند تا ئێستایش ، بە بۆنەی لە زوڵم‌وزۆری زوحاک ڕزگاربوونیانەوە ، هەموو ساڵێ لە ٣١ی مانگی ئاب‌دا جێژن دەکەن‌و بەم جێژنە دەڵێن جێژنی کورد ( ٩٧ ، ١٠ ، ٦٩ ، ١١٦ ) •

تێکڕا ، لەمەڕ ڕەچەڵەک‌و بنەچەکەی کورد هێند نەقڵ‌و ریوایەتی لێک‌جیاواز هەن ، تەنانەت مێژوونووسان ، بۆ خۆشیان ئەم مەسەلەیەیان بۆ یەکلا نەبۆتەوەو بە ئاکامێکی بنەبڕ نەگەیشتوون ( ٦٩ ، ٢٦ ، ٢٣ ، ٦٥ ) • بەڵام مەسەلەی ئەوە کە نەتەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە هەرەکۆنەکانی

ئاسیاو بە ناوی کاردۆخەوە ناسراوە ، ئـەمە ئێکسێنێفۆن ، مێژوونووسی یۆنانی لە کتێبـەکەی‌دا کە ناوی ( ئاناباسیس )ەو لە ٤٤١مین سـالّی‌پێش لەدایك‌بوونی عیسادا دای ناوە ، نووسیویە • هێندێ مێژوونووس لە سەر ئەو بڕوایەن کە کوردەکان لە سالّی ٦٠٧ی پێش لەدایك‌بوونی عیسادا لە گەلّ میدی‌یەکان‌دا هەلّیان کردووەتە سەر ئاشووری‌یەکان ( ٧٢ ، ٧ ، ٨٩ ، ١٥ ، ٢٦ ) •

لەمەڕ ولاّتی کورد ، ئێکسێنیفۆنیش‌و سترابۆنی جوغرافیازانی یۆنانیش، زانیاری‌یان داوە •

سترابۆن نووسیویە : ولاّتی کاردۆ مووش‌و دیاربەکرە ( بڕوانە : ٦٩)• بدلیسی دەلّێ ، ( کاردۆ )ناوەکەی قەلاّی ( سووی )یە لە ناوچەی بدلیس ( ٧٦ ، ٤٢٤ ) • هەروەها ئۆروج بەگی بەیات لە کتێبەکەی‌دا دەلّێ ناوچەی ( کاردۆ ) لە کوردستانە ( ٤٧ ، ١٠٥) •

بەم جۆرە ، ئەوانەی لە مێژووی کوردیان کۆلّیوەتەوە ، لەو بارەوە کە کورد هەر لە کۆنەوە لە کاردۆ ، لەداوێنی چیاکانی زاگرۆس (کوردستان)دا ژیاون‌و لەوێ بە پەزەوانی‌و شوانکارەیی‌و وەرزێری‌یەوە خەریك بوون ، زانیاری‌یەکی زۆریان داوە • بە تێکڕایی ، وشەی کورد کە لە وشەی (کاردۆ) یا (گاردو)ەوە وەرگیراوە ، لە بنەڕەت‌دا بە واتای پالّەوان هاتووە ( ٧٦ ، ١٣)•

بدلیسی لە « شەرەفنامە »کەی‌دا تیرەو هۆزی کوردی کە لە ڕووی زمان‌و نەریت‌و داوودەستوورەوە لێك‌جیاوازن ، کردووە بە چوار گرۆوە : ( ١ ــ کرمانج ، ٢ ــ لوڕ ، ٣ ــ کەلّهوڕ ، ٤ ــ گۆران ) •

شەرەفخان تیرەو هۆزەکانی کوردی بە ئازاو چاونەترس‌و دەسبلاّوو دلاّواو گۆی‌بەفەرمانی دایك‌و بـاوك‌و مێوان‌پەروەرو نان‌و نمەك‌قەدرزان لە قەلّەم داون ( ٧٦ ، ١٣ ــ ١٥ ) •

بڕێ لێکۆڵەوانی دیکە کوردیان بە مرۆپەروەر ، بەڵام لە ڕاست دژمن بە سەررەق‌و نەبەزیشان داوە • کورد موسوڵمانن • موحەمەد پێغەمبەریان لەلا چاترین مرۆیە ، لەسەر نوێژکردن‌و زەکات‌دان‌و حەج‌کردن سوورن • « شەرەفنــامە » لەمەڕ ئایینی کورد بە تایبەت دەدوێ‌و ئەوەیش دەڵێ کــە هۆزگەلی بەسیان‌و بوختی‌و داسنی‌و خالیدی‌و دومبــولی سەربەیەزیدین‌و زۆریان ڕك لە موسوڵمانەکان دەبێتەوە ( ٧٦ ، ١٤ ، ١٠٣ ، ٤٤٩ ) •

ڕێبازی سوننی‌گەری‌و شیعەگەری لە نێوکورددا زۆر بڵاون • تەنانەت کوردی کوردستانی تورکیا سەرلەبەریان‌و کوردی ئێران‌و عیراق‌و سووری‌یە دەتوانین بڵێین زۆربەیان ســوننین • بە پێی نووسینی هێندێ لێکۆڵەوان ئێستایش لە ناو کورددا یەزیدی‌و قادری‌و ڕیفاعی‌و خاوەن ڕێبازی دیکە هەن‌و ئەمانە هەریەکەیان بە جیاجیا پیرێ سەرۆکایەتیی دەکاو پەیڕەوانی بێ سێ‌ودوو لە فەرمانی دەر ناچن‌وهەمیشە گوێ‌بەفەرمانین (٩٧ ، ١٢ ، ٩٣ ، ١٩) •ئەو خاکەی کوردی لەســەر دەژی ، ســەردەمانێکی دوورودرێژ ، مێژوونووسانی ئێران‌و عەرەب بە نێوی جۆراوجۆری واوەیان نێو بردووە ئێمە لە سەرچاوەکان‌دا ئیدی تووشی نایەین • بەڵام لە ناوەندی سەدەی ١٢ هەم‌دا سوڵتان سەنجەری سەلجووقی بۆ ئەوەی سەرسنووری ویلایەتەکانی نێوان ئازەربایجان‌و لوڕستان ، لەمانە هەمەدان‌و دینەوەرو کرماشان دیاری بکاو بەشی ڕۆژهەڵات بە کرماشانەوە ببەستێ ، بەشێکی لە کوردستان بە سەربەخۆ جاڕداو هەر بە ناوی ئەو خەلکەوەیشی لێی‌دەژیان نێوناو لە پاش ئەمە لە دەساوێژو قۆچانی ڕەسمیی دەوڵەتی سەلجووقی‌دا ناوی کوردستان نووسراو شاری بەهاریش(٢) بوو بە پێتەختی‌و سوڵتان سلێمانی برای سوڵتان سەنجەری سەلجووقی‌لە ساڵانی ١١٦١دا بوو بە پادشای ئەو شارە (٥،١١٧)• ئیدی بەم ڕەنگە دیرۆکنووسی ئێرانی حەمدوڵلای قەزوینی ناوی کوردستانی بۆ یەکەم جار لە کتێبەکەی‌دا نووسی‌و چەسپاندی ( ٦٣ ، ١٢٧ ، ١٢٩ ) •

بدلیسی لە دیاری‌کردنی سەرسنوورەکانی کوردستان‌دا نووسیویە : «ولاتی کوردستان لە هورمزەوە کە لە گوێ‌دەریای هیندە دەست پێ‌دەکا ، ڕاست تا ویلایەتەکانی مەرعەش‌و مەلاتیە هەڵ‌دەکشێ • لە باکوورەوە لەگەڵ فارس‌و عیراقی عەجەم‌و ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان‌و لە باشوورەوە لەگەڵ دیاربەکرو مووسڵ‌و عیراقی عەرەب‌دا هاوسنوورە ( ٧٦ ، ١٣ — ١٤ ، ٤٤٩ )•

کاتب چەلەبیش سنووری کوردستانی لە کتێبەکەی‌دا کە لە ساڵی ١٦٤٦دا نووسیوە وا نەخشە کێشاوە کە لە باکوورەوە لەگەڵ ئەرزەڕۆم‌و لە باشوورەوە لەگەڵ بەسرەو کەنداوی بەسرەدا یەك‌دەگرنەوە ( ٤٨ ، ١٥ ، ٥ ، ١٠١ ) •

جوغرافیاناسی ئێرانیی هاوچەرخ عەلی ڕەزم‌ئارا نووسیویە ، کوردستان بە پێی خەڵکەکەی هەرێمێکی گەورەو فرەوانە • ڕەزم‌ئارا درێژایی کوردستانی بە (١٠٠٠) کیلۆمەترو پانایی بە (٤٠٠) کیلومەتر داناوە (٩٣،٤)•

بەم جۆرە بێ ، شی‌کردنەوەی سنووری کوردستان لە لایەن لێ‌کۆڵەوانی ئەم دوایی‌یانەوە هێند لێك‌جیاوازو تاق‌وجووت نین •

کوردستان بە پێی باری هەڵکەوتی جوغرافیایی خۆی وڵاتێکی کوێستانی‌یەو لەسەر یەکێ لە ڕێگاکانی بازرگانی‌و ستراتیجیی هەرە گرنگ هەڵ‌کەوتووە • ئەم گرنگی‌یەی باری هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان لە ڕادەیەك‌دا بوو شارە مەرکەزی‌یەکانی وەکو ئەستەمبووڵ‌و بەغداو تەورێزو تاران‌و شارەکانی نێوان مۆزەپۆتامیاو[٣]ی دیکە لە ڕێگای کوردستانەوە دەنگیان بە یەك دەگەیشت‌و پێوەندی‌یان لەگەڵ یەکدی‌دا دەگرت • بە پێی نووسینی فۆن هامەر گرتنی ڕێگاکانی کوردستان‌و مۆزەپۆتامیا لە ساڵی ١٣٩٤دا لە لایەن تەیمووری لەنگەوە بە داگیرکردنی گورجستان‌و ئەرمەنستان گەڕا (٩٩) •

هەر لە سۆنگەی ئەمەیە خەڵکی کوردستان بە درێژایی سەدەکان تووشی داگیرکران‌و تالان‌و بڕۆی بێ پشووو دوانەبڕاوە هاتووەو بێ‌ناوبڕ ،

ناچار دەگژ داگیرکەرانی بیانی ڕاچووەو هەمیشە لە تێك گیرانو شەڕوشۆڕدا بــووە •

عەلی ڕەزم‌ئارا نووسیویە • لە ســەروبەندی شــەڕوشۆڕەکانی ڕۆم ( بیزانس )و عەجەم‌دا کوردستان کۆسپێکی گەورە بــووە لەپێش دژمنو بووە بە هۆی ژێرکەوتنی ڕۆمی • سەبارەت بەوە کە لە سەروبەندی فەتحی ئیسلامی‌دا ئەم بارودۆخە هەر وەکو خۆی بوو ، عەرەبەکان ناچار بوون لە باکوورەوە بۆ باشوور بگەڕێنەوە (٩٣ ، ٨) • هەر ســەبارەت بەمەیشــە کوردەکان ، لە فەتحی ئیســلامی‌دا ، لەچاو نەتەوە ڕۆژهەڵاتی‌یەکانی دیکە ئازاریان پتر چێشتو تووشی زەرەروزیانو تالانو بڕۆی زێتر بــوون • ئیبنولئەسیر دەڵێ : « کاتێ لە ساڵی ١٦ هەمی کۆچی (٦٣٧ز)دا کوردستان گیرا ، تۆ لەوە گەڕێ کە کوردەکان بە ڕووالەت موسوڵمان‌بیوون ، کورد لە دژ داگیرکەر ڕادەپەڕیو ڕاپەڕینی کورد هەمیشە پێوەدەچووو نەدەبڕایەوە• ( ٤٥ ، ٢٢ ، ٢٢٩ ) • تەنانەت داگیرکەر هەر هێندەی زانیبا ماڵە کوردێ لە شارێ ، یا لە گوندێ هەیە ئیتر ئەوە بەس بوو بیکا بە بیانوو ، ئەو شارە ، یا ئەو گوندە بە تالان بەرێ .»

بە قسەی دیرۆکنووسان ، کاتێ عەرەبە موسوڵمانەکان ئازەربایجانیان گرت ، مەرزەوانی ئازەربایجان کە لە شاری ئەردەبیل دادەنیشت ، پوولو پارەیێکی زۆری بە عەرەبەکان‌داوە بەمــە کوردی سەرلەبەر لە قەلارکردن ڕزگارکردووە ( ٦٩ ، ١٧٧ ، ٥٠ ، ١٠٠ ) •

عەرەبەکان خــۆشیان لەگەڵ تیرەو هــۆزەکوردەکان‌دا سەروساختی ژنوژنخوازیو خزمایەتی‌یان گرتو بەمە توانی‌یان کوردە ســەرکێشەکان دەم‌کوت‌کەن • بە پێی نووسینی ئیبن‌خەلەکان دوا خەلیفەی ئەمەوی‌یەکان مەروان دایکی کوردە ( ٤٥ ، ٢٢٩ ، ٧٦ ، ٥٥ ) •

تەنانەت سیاسەتی سەرلەبەر قڕکردن بەکارهێنان پیاوە پێش‌کەوت ـ

خوازەکانی ئەو سـەردەمەی بە توندی تووڕە دەکرد • حافزی شیرازی دەڵێ :

مزن دم ز حکمت که در وقت مرگ

ارسطو دهد جان چـو بیچاره کرد

بەکوردی‌یەکەی :

« دەم لە فەلسەفەو ژیری مەدە ، ئەرەستوو ، لە سەرەمەر گدا وەك کوردی بێچارە گیان‌دەدا » •

« دەم لە فەلسەفەو ژیری مەدە ، ئەرەستوو ، لە سەرەمەرگدا وەك

١١ ـ ١٣دا ئیمپـراتۆری‌یەتێکی خێلەکیی گـەورەیان دامـەزراندووە • بـە پێی « شەرەفنامە » بنـەماڵەو خانەدانی کورد لە دیاربەکر ، لە جزیر ، لەدینەوەر ، لە شارەزوور (٤) ، لە لوڕستانو پاشانەکێ لە شام ، لە میسرو لە ئەیالەتەکانی فارس‌دا فەرمانڕەوایی سەربەخۆیان دامەزراندووە ( ٧٦ ، ١٩ ، ٦٠) •

جگە لەم فەرمانڕەوایی‌یانە لەو سەردەمانەدا نزیکەی ٤٦ وردە میرنشینی کوردیش هەبوون •

چ لەو سەردەمەو چ لە بەرایی سەدەی ١٦ هەم‌دا ، پشتاوپشت بـە میراتگیریی مولکایەتیی زەوی‌زارو مافی میرنشینی لە نێوان تیرەو هۆزەکانی کورددا بووە بە هۆی بەش بەش کرانی کوردستانو هەر بەشەی بێ بـە دەرەبەگایەتی‌یێکی چکۆلەو ئەمەیش خۆی لە خۆی‌دا دەبوو بە کۆسپو لەمپەر لە پێش گەشەکردنو خەملینو فراژووبوونی ئابووریی کوردستان • ئەو شەڕو شۆڕانەی بە درێژایی سەدەکان لە نێوان دەرەبەگە خێلەکی‌یەکان‌دا لە بڕانەوەنەدەهاتن دەرفەتی هاتنە گۆڕێی کوردستانێکی یەك‌پارچەو پتەوی لە دەست‌کورد داو بـەم ئاوایـە ئـەو ئیمپـراتۆری‌یەتـە هۆزەکی‌یـە کوردەواری‌یانەی ، هۆزو تیرەکوردەکان هێنایانە گۆڕێ ، خێوی هێزێکی ئەوتۆ نەبوو خـۆی لە هێرشو دەس‌بڕێوی بیانی‌یان بپارێزێو زۆری

ئەخایاند لە ڕیز وەدەرهاتو لە ساڵانی ١١٤١ ــ ١١٧٢دا سەلجووقی‌یەکان کوردستانیان داگیرکرد •

کوردستان سەبارەت بەو گرنگی‌یەی لە ڕووی باری هەڵکەوتنی جوغرافیایی‌و ستراتیجی‌یەوە هەیەتی ، لە لایەن خوارەزمشاکانو ئەتابەگەکانی ئازەربایجانو لە نێوەندی سەدەی ١٣ هەمدا لە لایەن مەغوولەکانەوە بەر هێرش‌و داگیرکران‌کەوتووە •

لەبەر ئەمە شاری بەهار گرنگیی پێشووی لە چەنگ داو لە بەرایی سەدەی ١٤ هەمدا سوڵتان‌ئاباد ، شاری چەمجەمال بوو بە مەڵبەندی کوردستان • لە سەروبەندی داگیرکاری‌یەکانی مەغوولدا دەس‌بڕێوی‌کەرانی بیانی دیسانەکە لەگەڵ بەربەرەکانی‌و ڕاپەڕینی پیاوانەی نەتەوەی کورددا ڕووبەڕوو بوون • بەو پێ‌یە لە « زەفەرنامە »و « شەرەفنامە »دا نووسراوە میری هەکاری ، عیززەددین ، لە قەڵای شیرواندا بەرانبەر بە لەشکری تەیموورلەنگ بەربەرەکانی‌یەکی سەرسەختانەو مەردانەی نواندووە ( ٧٦ ، ٩٠ ، ٧٧ ، ٤٢٣ )•

لە سەرەتای سەدەی ١٥ هەمدا فەرمانڕەوایی قەرەقۆیوونلووەکان دەستی‌پێ‌کرد • فۆما میتسۆپسکی‌و بدلیسی وایان پیشان داوە کە لە ساڵی ١٤٠٥دا قەرەیوسفی قەرەقۆیونلوو پەنای وەبەر میری بدلیسی ، میرشەمسەددین هێناوەو میر شەمسەددینیش ، چەندی لەدەست هاتووە کۆمەگی کردووەو بەدەنگیەوە چووە ( ٤١ ، ٢٢ ) • ئیدی لەپاش ئەمە قەرە یوسف هێزێکی گەورەی کۆکردووەتەوەو بڕێ لە ئەیالەتەکانی کوردستانو ئازەربایجانی داگیرکردەووە • لەپاش مردنیشی ، میرزا شاروخ ، جێگری تەیموورلەنگ ، لە ساڵی ١٤٢٠دا بڕێ لە میرنشینەکانی کوردستانی کرد بە دەستداو گوێ‌بەفەرمانی خۆی ( ١٠٨ ، ٤٧ ، ٤٤ ، ٤٤٩ ) •

سەروبەندی هەرە نالەبارو سەخت بۆ نەتەوەی کورد لەگەڵ

فەرمانڕەوایی ئاق‌قۆیونلووەکان‌دا دەستی پێ‌کردووە یەکەم نوێنەری ئەم فەرمانڕەوایی‌یە توور عەلی‌بەگی ئاق‌قۆیونلووی سەر بە تیرەی بایەندوور ، سەبارەت بەوە کە لە بەرایی سەدەی ١٥ هەم‌دا لە وڵات‌داگیرکاری‌یەکانی تەیموورلەنگ‌دا هاوبەش‌بوو ، تەیموور دیاربەکری بە شێوەی تیول[٥] دابووێ • ئەم توور عەلی‌یەش تیرەی تورکمانی هێنا ، لەم وڵاتەی هێوراندن‌و ڕەگی پێ داکوتان •

لە سالی ١٤٥٣دا حەسەن‌بەگ ( ئوزوون حەسەن ) لە قەلای ئامێد ( دیاربەکر ) چووە سەر تەختی فەرمانڕەوایی • حەسەن‌بەگ لە ماوەیێکی کورت‌دا خاکی بەشێکی کوردستان‌و ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان‌و عیراقی عەجەم‌و عیراقی عەرەب‌و فارسی خستە سەر قەلەمڕەوی خۆی•لە سەروبەندی فەرمانڕەوایی ئەودا بڕێ لە میرنشینەکانی کوردستانیش داگیرکران • ئوزوون حەسەن ئەو میرنشینانەی داگیردەکردو دەی‌سووتاندن • بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەم بارەیەوە دەدوێن ، میری میرنشینی ئەرزنجان مەلیك خەلەف ، وێڕای ئەوەی بێ هیچ بەربەرەکانێ‌و سەرپێچی‌یێك خۆی بەدەستەوەداو بە ١٠ باتمان[٦] زێڕو ٥٠ باتمان زێو ئەوجا توانی ئەو میرنشینە لە وێرانکران ڕزگارکا ( ٤٣ ، ٢٤١ ، ٢٤٢ ) •

لەبەر بێ هێزی‌و کزبوونی فەرمانڕەوایی ئاق‌قۆیونلووەکان لە سەروبەندی جێ‌نشینەکانی ئوزوون حەسەن‌دا کوردستان دیسان کەوتۆتەوە بەر دەسەلات‌و قەلەمڕەوی حوکوومەتی میسرو حوکوومەتی عوسمانی‌و بەم جۆرە کوردستان لە سەدەی ١٥ هەمەوە لە چەنگالی داگیرکەرێکەوە بۆ چەنگالی داگیرکەرێکی دیکە ئەم‌دەست‌و ئەودەستی پێ‌کراوەو بارودۆخی ئابووریی هێندەی دیکە پەرێشان‌بووەو تێ‌داچووە ، بەلام هەر لەو سەروبەندەدا نەتەوەی کورد کە لە ناو شالاوو وشاری بێ‌پسانەوەی بیانی‌و شەڕوشۆڕی نێوخۆ لە پەلوپێ کەوتبوو بڕستی لێ‌بڕابوو ، لە سەرەتای

سەدەی ١٦ هەمدا دراوسێی دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی سەفەوی بوو • لەم سەروبەندەشدا میرایەتیی میرنشینەکانو مولکایەتیی زەویوزار لە نێو هەموو تیرەو هۆزەکانی کورددا پشتاوپشت لە بابو باپیرەوە بۆ کوڕو نەوەو نەویچرکو سۆرەوتۆرە بە میرات دەمایەوە • پشتوانەی کۆمەڵایەتیی میرنشینەکان کەسانی سەر بە تیرەو هۆزەکانی کورد بوو .• هەرچی بنەڕەتی ئابووریشیان بوو ، ئەوە مولکایەتیی زەویزاری وردە ئاغاو مولکایەتیی تایبەکارو ئەو داوودەستووری وەبەرهەمهێنانە بوو کە لەسەر ئەم بنەڕەتە ڕانرابوو • کەسانی تیرەو هۆزەکان بڕێ ئەرکی جۆراوجۆریان بۆ میرەکان لە ستۆ دەگرتو لە سەفەربەرو شەڕوشۆڕیاندا هاوبەشییان دەکرد .• شەڕ بۆ ئاغاو دەرەبەگ لە نێو کوردان ببوو بە خووپیشەیێکی هەمیشەگیو لە بەندوباو نەدەکەوت: میرانی کورد دە بەرانبەر دەوڵەتی بەهێز ملیاندەداو دەبوون بە پێشکارێکی شەرکەرو دە بەرابەر دەوڵەتی کزو لاواز سەرپێچییان دەکردو هەستیان بەوە دەکرد کە هەر یەکە بۆ خۆی فەرمانڕەوایێکی سەربەخۆیە • بەو پێیەی بدلیسی نووسیویە ، ئەو تیرەو هۆزە کوردانەی بە ژمارە لەوانی دیکە زۆرترو بەهێزترن بە عەشیرەت نێو دەبرێن ( ٧٦ ، ١٨ ) •

لە سەرەتای سەدەی ١٦ هەمدا چەند عەشیرەتێکی بەهێزو لە چاوخۆیاندا سەربەخۆ لە کوردستان هەبوون • عەلائوددەولە زولقەدەری[٧] تورکمان ، کە مەڵبەندەکەی ئەیالەتی مەرعەشبووو زوربەی میرەکوردەکانی لە ژێر دەستدا بوون یەکێ لەمانە بوو و یەکی دیکەشیان ساریمی کوڕی سەیفوددین ، سەرەك هۆزی موکری بوو کە مەڵبەندەکەی سابلاخ ( ساوجبلاق ـ مەهاباد ) بوو • لە ڕابردوودا چۆن بوون لەم سەردەمەشدا میرانی کورد لە نێو خۆدا ناکۆکو ناتەبا بوونو ئەم کێشەو ناتەباییە ببوو بە کۆسپێکی گەورەو هەڵەمووتێکی سەخت لە ڕێی یەك گرتنێکی سیاسیی

کوردستاندا • بدلیسی لەم بارەیەوە نووسیویە دەڵێ : « هەریەکە لە لایەکەوە بۆ خۆی ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکردبوو و لەسەر دوندو ترۆپکی کەژوکێوان دەژیا ••• لە خودا بەیەکزانین[8] بەولاوە هیچ جۆرە یەکێتی‌یەکی دیکەیان لە نێواندا نی‌یە » ( ٧٦ ، ١٦ — ١٧ ، ١٠٣ ، ٤٥٠ ) •

ئیتر بەم ڕەنگە میرانی کورد کە لە سەرەتای سەدەی ١٦ هەمدا هێشتا لە ڕووی سیاسی‌یەوە تەواو ڕەگیان دانەکوتابوو ، بۆ خۆلەدەست‌بزێویی دیکە پاراستن ، دەبوو پاڵیان بە یەکێ لەو دەوڵەتە بەهێزانەی دراوسێ‌یانەوە بدایە • هەرچی میرە سوننی‌مەزهەبەکان بوون ئەوە دەبوو ئارەزووی بە لای عوسمانی‌دا داتاشین زێتر بکەن • بـەڵام دۆستایـەتیی دێرین‌و هاوئەمەگیی نێـوان گەلی کوردو گەلی ئازەربایجان وای لە زوربەی کورد کردبـوو ئارەزووی پترپشت‌بەدەوڵەتی سەفەویی بەستنی زێتر دەکردن ( ٢٢ ، ٧ ) • چونکە نـەتەوەی کورد بۆ خۆپاراستن لە شـاڵاوی بیانی‌یان بـە چاوی ئومێـدەوەی دەڕوانی‌یە دەوڵـەتی سـەفەوی کە لە خاکی ئازەربایجاندا دامەزرابوو ، بەڵام سیاسەتی هەڵەی شاسماییلی یەکەم لە کوردستاندا ئەم ئومێدەی لەباربرد • یەکەم شاڵاوی شا بۆ سەر کوردستان بە داگیرکردنی ناوچەی سابلاخ ( ساوجبلاق )دەستی‌پێ‌کرد •

شاسماییلی یەکەم لەساڵی ١٥٠٥دا بە سەرکردایەتیی چەند سەرکردەیێکی قزلباشی وەکو دورموش‌خان شـاملووو عەبدی بەگ شـاملووو ساریەلی موهوردار تەکەلووو بەیرام‌بەگ قارەمانلووو خەلیفەبەگ لەشکرێکی گەورەی ناردەسەر سـاریم‌و بەگزی‌دا چـوو ، بەڵام لەم سەردەمەدا سـاریم بەگ سـەرکەوت‌و سـەربەخۆیی خـۆی پاراسـت • بە پێی باس‌و خواسی سەرچاوەکانی ئەو سەروبەندە قزلباشەکان لەم شەڕەدا زۆریان لەناوچوون‌و لەو سەرکردانەی پێشتر نێـومان هێنان تەنها هەر دورموش‌خان شاملووو بەیرام‌بـەگ ( ٥٩ ، ٩٠ )و خەلیفەبەگ بە سـەری سەلامەت دەرچـوون‌و گەڕانەوە •

نووسیاری کتێبی « حبیب السیر » کە دێتە سەرباسی ئەم ڕووداوە سیاسەتی داگیرکاریی شاسماییلی یەکەم لەهەق کوردستان بە ژێر لێوەوە دەکاو دەنووسێ : «لەبەر ئەوەی ساریم لەگەڵ جەردەو ڕێگرە کوردەکاندا پێکەوە خەریکی ڕێگریو جەردەیی بوو ، شا لەشکری وەسەرکرد • ساریم هەڵاتو ژمارەیێکی زۆر لە کوردە بێدینەکان کوژرانو لەشکری شایش بە تالاّنێکی زۆرەوە گەڕایەوە » ( ١١٢ ، ٤٢ ) •

گونابادی دەنووسێ : « لە نێوان لەشکری شاو دلاوەرانی کورددا شەڕێکی توندو تیژ ڕووی دا • ساریم بۆ ئەوەی خۆ لە دەسبزێویی قزلباشان بپارێزێ چووە پاڵ سەلیم خانی یەکەم ( ٧٦ ، ٢٨٩ )

ئێمە قسەکەی بدلیسی بە ڕاستو دروستتر دەزانین ،چونکە ئەم ، شەڕو هەرای نێوان دەولەتی سەفەویو کوردەکانی لە کتێبەکەیدا وردتر نووسیوەو ناکۆکی و هەراو بگرەو بەردەی ئەو سەروبەندە ڕوون تر ئاشکرا کردووە •

لێکۆلەوانی هاوچەرخی ئێرانی ڕەزا پازۆکی [٩] کە لە ڕووداوەکانی ١٥٠٧ـ١٥٠٨ دەدوێو دەلێ ، ساریم فەرمانڕەوای کوردستان بووەو لە ساڵی ١٥٠٧ دا بە دەستی قزلباشان کوژراوە • بەلاّم بەو پێیەی سەرچاوەکانی مێژوو بە دیاری دەخەن ئەم قسەیە ڕاست نیيە ( ٧٠ ، ٢٨٥ ) •

وەك لە پێشترەوە گوتمان ، لە بەراییی سەدەی ١٦ هەمدا یەکێ لەو فەرمانڕەوا بە هێزانەی بەسەر بەشێکی گەورەی کوردستاندا ڕادەگەیشت عەلائوددەولەی زولقەدەر بوو • ئەم بنەماڵەیە لە ساڵی ١٣٣٩ وە تا ساڵی ١٥١٥ فەرمانڕەوایی مەرعەشو ئەلبوستانو خەرپووتو ئامێدو ئورفەو زۆر ئەیالەتی دیکەی بەدەستەوە بوو و سەرۆکایەتیی هەشتا هەزار ماڵی تیرەی زولقەدەرو تیرەو هۆزێکی کورد بوو • دوا نوێنەری ئەم بنەماڵەیە ، عەلائوددەولە ، لە گەڵ دەولەتی میسرو دەولەتی عوسمانیدا کە

کوردستانیان لـە نێوان قەڵەمڕەوی خۆیاندا بەش کردبوو ، سیاسەتێکی زیرەکانەی بەکاردەهێناو بەمە سەربەخۆیی خۆیشی دەپاراستو لە ڕووی ماددیشەوە سوودی لێ وەردەگرتن • بە نموونە ، وەك ئیسکەندەر مونشی نووسیویە ، کاتێ نوێنەری ڕۆم دەهاتە کنی ، چەند پێشکارێکی خـۆی دەستنیشاندەکردنو بەرگی میسرییانەی پێ لەبەردەکردنو بە نوێنەرانی ڕۆمی دەگوت : « نوێنەری میسری هاتووە ، لە دژی ئێوە داوای کۆمەگو یارمەتیم لێدەکەن • بەڵام من لەبەر ئەوەی دۆستی سوڵتانم ، خواستی وا قوبووڵ ناکەم •»(٣٣،٤٧)•هەرکە نوێنەری میسریشی دەهاتنە کن هـەر بەو جۆرەی ڕەفتار لەگەڵ دەکردن • لەبەر ئـــەوە عەلائوددەولە زولقەدەر گوایە گوتوویە ، « من دوو باڵداری زێڕم هەن ، یەکێکیان هێلکەی زێڕو ئەوی دیکەیان هێلکەی زێوم بۆ دەکەن » (٣٣،٤٧) •

ئیدی بەم ڕەنگە توانو دەسەڵاتی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی ساندو پتر لـە حەفتا میرە کوردی لـە خۆ خڕکردەوەو هەموو بوون بـە دەســـتداو گوێبەفەرمانی .• سوڵتان موڕادی ئاققۆیونلوو لەشەڕدا لەگەڵ شاسماییلی سەفەویی یەکەمدا بەزیبوو ، لە ساڵی ١٥٠٦دا دێتە ئەیالەتی مەرعەشو کیژی عەلائوددەولە دەخوازێو دەبێ بە زاوای • لە پاشان لەشکری تورکمانو لەشکری عـەلائوددەولە یەكدەگـرنو هێزێکی گـــەورە پێك دێنن • عەلائوددەولە سوود لـــەم هێزە گـەورەیە وەردەگـرێو میرنشینەکانی کوردەواریی دیکەیش بە ویلایەتی مووسڵەوە وەسەر قەڵەمڕەوی خۆ دەخا •

ئەوجا تۆرە هاتبووە ســەر ویلایەتی دیاربەکر ، دەیویسـت ئەویش بگرێ • بەڵام لە ساڵی ١٥٠٧دا فەرمانڕەوای ئەیالەتی دیاربەکر ، ئەمیر بەگی مووسوڵلووی تورکمان دەچێتە پـاڵ شاسماییلی یەکەم بەرانبەر بەمـە ، شایش نازناوی خانی پێدەبەخشێ • پاشانەکێ دەیکا بە لەلەی تاهماسپ میرزاو فەرمانڕەواییی ویلایەتی خۆراسانی پێ دەبەخشێ (٢٩٣،١١٣) • بەڵام

قەلاّی دیاربەکر هێشتا هەر بە دەست عەلائوددەولەوە دەمێنێ • ئەمیش ناکاتە نامەردی خۆی بۆ هەڵکردنەسەر دیاربەکر ئامادەو تەیار دەکا • بەڵام شاسماییل هەرکە بەمە دەزانێ لە سالی ۱۵۰۷دا لەشکر دەنێرێتە سەر عەلائوددەوله • لەشکری هەردوولا لە ئەلبوستان بەرەنگاری یەكدەبن • لەپاش سێ ڕۆژەشەڕی خوێناویو کوشتوکوشتارێکی زۆر قزڵباشەکان له قەلاّکەی دیاربەکر بەولاوە نەیانتوانی هیچیتر لە لەشکری عەلائوددەوله داگیرکەن •

برێ لە مێژوونووسانی ئەو سەردەمە کە دێنە سەر باسی ئەم شەڕە ، دەڵێن ، شەڕەکە هێند بەسامو خوێناوی بووە ، سەرلەبەری خاکی ئەلبوستان بە خوێنی گەشی کوژراوان سوور بووە (۱۱۲ ،٤۳ـ٤٥) • عەلائوددەوله بەو هێندەی لە لەشکرەکەی مابۆوە بەرەو مەرعەش کشایەوە • شاسماییلی یەکەم ئەیالەتی دیاربەکری بەرەوڕووی محەمەدخانی ئوستاجلوو کردەوە ، بەڵام سەری بۆ فەرمانڕەواییی میرنشینی قەرەحەمیدی لای دیاربەکر ، قایتماز بەگ دانەنەواند[10] ، هەڵستا قەلاّکەی ئامێدی ، کە بە دەستیەوە بوو ، قاییمکرد • بەڵام لەو شەڕەدا کە لەگەڵ محەمەد خانی ئوستاجلوویدا کرد بەزی •

حەسەن بەگی ڕووملوو دەنووسێ : « تەنیا لە شەڕەکەی قەلاّی ئامێددا پتر لە حەوت هەزار کەس کوژرا (٥٩، ٩٤) • لەم بەزینە بە پاشەوە قایتماز بەگی مووسوڵلوو لەگەڵ فەرمانڕەوای مەرعەش ، عەلائوددەولەی زولقەدەردا ڕێك کەوت ، قاسم بەگی بە تیوی ساروقەپلان ناووبانگ ڕۆیشتووی کوڕی عەلائوددەولەی زولقەدەر کرا بە سەرکردەی لەشکرێکی دە هەزار کەسی • قاسم بەگ لە زستانی سالی ۱۵۰۷دا هەڵیکردە سەر دیاربەکر • لەم شەڕەشدا دیسان هەر محەمەد خان سەرکەوتو قاسم بەگو قایتماز بەگی مووسووڵلوو هەردوکیان کوژران • ئیتر بەم چەشنە شاری قەرەحەمیدو

قەلاکەی لە لایەن محەمەدخانی ئوستاجلووەوە داگیرکرا •

حەسەن بەگی ڕوملوو دەڵێ : « لەم شەڕەدا بەرانبەر بە لەشکرێکی دە هەزار کەسیی قاسم بەگ لەشکرێکی تەنها دوو هەزار کەسیی محەمەد خانی ئوستاجلوو شەڕی کردو سەریش کەوت (٩٥،٥٩-٩٦) • بدلیسی هۆی زاڵبوونو سەرکەوتنی محەمەد خانی ئوستاجلووی لە کتێبەکەیدا بەم ڕەنگە لێك داوەتەوە : « محەمەد خانی ئوستاجلوو لەگەڵ سەرۆکی هۆزی کوردی سولەیمانی ، دیادین (ضیاءالدین)دا بوو بە خزم • لەبەر ئەوە هۆزی کوردی سولەیمانی دیاربەکریان بە هێزی شیر پاراستو سارۆقەپلان کوژرا(٢٦٥،٧٦) •

وایێدەچێ ئەوەی لەم شەڕو شۆڕانەدا کە لە خاکی کوردستاندا ڕوویان داوە کوژراون ، پتر هەر لەکوردەکە بوون •

قازی ئەحمەدی قەزوینی دەنووسێ : «پاش ئەم ژێرکەوتنە عەلائوددەولەی زولقەدەر لەشکرێکی چواردە هەزار کەسیی خڕکردەوەو کوێرشاروخی کوڕە گەورەیو ئەحمەد بەگی کوڕە چکۆلەی کرد بە سەرکردەی ئەم لەشکرە • عەلائوددەولە ئەم لەشکرە گەورەو گرانەی دیسان هەر بۆ سەر دیاربەکر نارد ، بەلام بەزیو ژێرکەوت » (١٠١ ، ٢٧٠-٧١) • عەلائوددەولە تا سالی ١٥١٥ سەربەخۆیی خۆی پاراست • بەلام هەر لەو ساڵەدا کە خاکی کوردستان لەلایەن سوڵتان سەلیمەوە داگیرکرا ، لەتێك گیرانێكدا کوژراو سەری تێداچوو (١١٩،١٠٢،١٤٦،٤٨)•

شاسماییلی یەکەم ئەیالەتی دیاربەکرو بڕێ لە قەلاو میرنشینەکانی سەربەم ئەیالەتەی داگیرکرد ، بەلام هەر بەوەندەوە نەگیرسایەوە ، هەڵستا ، میرنشینی ئەگیلو میرنشینی مووسڵو میرنشینی سەنجەرو میرنشینی ماردینو میرنشینی ئەرزنجانو میرنشینی ئەرجیشو بڕێ میرنشینی دیکەی ، یەك لەدوای یەك بە شەڕو خوێنڕێژی داگیرکرد •

شابۆ داگیرکردنی میرنشینی چەمەشکەزەك لەشـــکرێکی بـە سەرکردایەتیی نوورعەلی خەلیفەوە بەرێ خست بەڵام حاجی ڕۆستەم بەگی میری چەمەشکەزەك هیچ جۆرە بەربەرەکانێیەکی دەبەرابەردا پیشان نەداو میرنشینەکەی جوانوزەریف بەدەست قزلباشەکانەوە دا • ئەم نوور عـەلی خەلیفەیە وەختی خۆی خواستی سولتان بایزیدی لە دژی سەفەوییەکان بەدواوە دابووو بە گوێی نەکردبوو ، شا سماییلیش جگە لە فەرمانڕەوایی ئەرزنجان ، فەرمانڕەوایی چەمەشکەزەکیشی پێ بەخشیو پاشـــانەکێ میرنشینی عیتاقیش لە ئەحمەد بەگ بە زۆر داگیرکرا •

شا بۆ داگیرکردنی میرنشینی جزیر سێ جاری لەشکر لەسەرکرد ، بەڵام لە هەر سێ جارەکەدا بۆڕی خواردو بەزی •

بەو پێیەی باسی لە «شەرەفنامە»دا هاتووە ، میر شەرەفی میری جزیر هـەر لـە یەکەم تێکگیراندا ، هەزارو حەوتسەد کەس لـە لەشـــکری شاسماییل دەکوژێو بە دیل دەگرێ (١٢٤،٧٦) ، بەڵام لەپاش مردنی میر شەرەف شا عەلی بەگی برای چووە پاڵ شاسماییل •

شاسماییل کـاتێ میرانی کوردی تەنگاوکرد (سـالی١٥٠٥) دوازدە میرەکوردی بە شانو شکۆ بە نیازی ملبۆشاکەچ کردنو پەیڕەویلێکردنی ، بە دیاریی گـەورەو گرانباییەوە بـەرەو خوویو تەورێز بەڕێکەوتن • بدلیسی دەنووسێ : « میرانی کوردستان هەرکە گەیشتنە تەورێز بە فەرمانی شا هەموو لـە کۆتو زنجیر درانو لـە زیندان هاوێژران » (١٢٥،٧٦) • هەر لەو ساڵەدا یازدە میرەکوردی دیکە ، دیسان بەڕێکەوتن ، چوون گوێ بەفەرمانیوپەیڕەویکردنی خۆیان لە شا ڕاگەیێنن ، کەچی ئەمانیش هەر بـە دەردی دوازدە میرەکەی دی چوونو چارەنووسیان لە چارەنووسی وان زێتر نەبوو • هێندێ لەم میرانە تەنها لە شەڕەکەی چالدیراندا هەلیان بـۆ ڕەخسا (١٥١٤)و توانییان هەڵێنو بۆ کوردستان بگەڕێنەوە •

ئیدی شاسمایل خاکی میرنشینی ئەو میرانەی دەزینداتیی هاویشتبوون نەك هەر سەرتۆپی داگیرکردن ، بگرە سەرتۆپیشیانی بەسەر سەرکردە قزلباشەکاندا بەشیەوە • بەو پێیەی بدلیسی نووسیویە : « ئەیالەتی جزیری بە ئولاش بەگی برای محەمەد خانی ئوستاجلووو میرنشینی ئەگیلی بە مەنسووربەگو ویلایەتی بدلیسی لە پێشان بە کورد بەگو لە پاشان بە عەوەز بەگ دا » (١٢٥،٧٦–٤١٦) •

سیاسەتی خراپو چەوتو چێلی شاسمایلی سەفەویی یەکەم لە کوردستاندا لە سەرێکەوەو تەخشانو پەخشانکردنی خاکی کوردستان بە سەر سەرکردەکانی قزلباشدا لە سەرێکی دیکەوەو ئاکارو کردەوەی ناهەنجاری ئەم سەرکردە قزلباشانە لەگەڵ کورددا لە لایەکی دیکەوە ناکۆکیو کێشەی ئایینیومەزەبیی نێوان کوردو قزلباشی هێندەی دیکە خەستوخۆڵترکردو ئەمانە سەرپاکیان بوون بە هۆی نارەزاییی خەلکی کوردستان لە دژ فەرمانڕەواییی سەفەوییان •

هەر لە هەلومەرجێکی ئاوهادا بوو کە باری سیاسی لە کوردستاندا بۆ دەوڵەتی عوسمانی بە خێر گەڕاو لە بەرژەوەندی وی شکایەوە • برێ لە میرانی کورد ئیدی دڵیان لەدەرباری سەفەوی شکاو مەیلیان پتر بە لای بارەگای سوڵتانی عوسمانیدا بزووت • لەم ڕووداوەدا بەدەماریی مەزەبیی کوردیشو عوسمانییەکانیش دەورێکی گەورەی گێڕا •

ئەو ئاکامەی پێشتر باسمانکرد ، بدلیسی لە کتێبەکەیدا ئاوهای نووسیوە : « ئەو میرە کوردانەی لە تاو زولمو زۆری قزلباشان گیانیان هاتبووە کونەلووتیان ، بوون بە دەستداو گوێبەفەرمانی سوڵتان سەلیم » (٢٢٥،٧٦) •

دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی گورج سوود لەم بارودۆخە وەرگرێ ،

مەولانا ئیدریسی بدلیسیی بۆ کوردستان ناردو ئەرکی دلدانەوەو بە لای سولتاندا ڕاکێشانی میرانی کوردی پێسپارد • مەولانا[11] ئیدریسی ڕەچەڵەك کورد مەلایەکی چاكو خوێندەوارێکی ژیرو زیرەکی سەروبەندی خۆی بووو وەختێ خۆی میرزای (کاتب)ئاق قویوونلووەکان بووو ، لە ناو میرانی کورددا خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەبووو کەسی لە قسە دەرنەدەچوو • هەر لەبەر ئەمەیش بوو ، هەرچیچاوڕاوێکی بۆ چاکەی سولتانکرد سەری گرتو بۆی بەخێر گەڕاولە سەرێکی دیکەشەوە هێندێ لە میرانی کورد ، هەربۆئەوەیبتوانن مافی پشتاوپشت بۆمانەوەی میرنشینەکانیان بپارێزن بوون بە پیاوی سولتانو بەلای ئەویاندا داتاشی ئەوان وایان دەزانی سولتان هەتایە مافی پشتاوپشتبۆمانەوەی میرنشینەکانیان بۆ دەپارێزێ • تەنانەت هێندێ لە میرەکان سەبارەت بەوەی کە میرنشینەکانیان لە ڕادەبەدەر خۆشدەویست ، ئەوە بوو لە پاشان بوون بە پێشەوای ئەو خەباتانەی لە پێناوی سەربەخۆییدا دەیانکرد • ( ساڵانی ١٥٣٠ ــ ١٥٨٥ ) •

بە پێی زانیارییەکی لە « شەرەفنامە »دا نووسراوە ، لەو سەردەمەدا پتر لە بیست میرەکورد بە هۆی مەولانا ئیدریسی بدلیسییەوە ، نامەیان بۆ سولتان سەلیمی یەکەم ناردووەو ڕایانگەیاندووەتێ کە ئامادەن ، ببن بە دەستداو گوێبەفەرمانی ئەو (٤١٦،٧٦) • جگە لەمە حوکوومەتی سولتان بەبەڵێنوگفتی پارەوپوولو پلەوپایە پێبەخشین هێندێ میرەکوردی بەلای خۆیدا ڕاکێشا • پاش سەروبەرنانی ئەم خۆئامادەکردنە لە کوردستان سولتان سەلیمی یەکەم لە دژ حوکوومەتی سەفەوییان ڕەپوڕاست دەستی بەشەڕکرد • بە پێی نووسینی هێندێ مێژوونووس ٤٦ میرەکورد بە هێزی چەکداری خۆیانەوە لەم سەفەربەرو شەڕەی سولتاندا هاوبەشییان کردووە (٤٤،٨٩) •

سولتان سەلیمی یەکەم لە ساڵی ١٥١٤دا هەڵیکردە سەر ئازەربایجانو

ئەرمەنستان‌و لە دەشتی چاڵدیراندا شا سمایلی سەفەویی بەزاند .

بدلیسی دەنووسێ ، ئـەم هێرشە بۆ سەر ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان بە پێی خواست‌و ئارەزووی میرانی کورد ڕوویداوە (٤١٦،٧٦) ، بـەڵام هۆی ڕاستەقینەی دەبێ لە توندوتیژبوونی ناکۆکی‌یە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکانی سەردەمدا بدۆزرێتەوە ، نەك لە خواست‌و ئارەزووی چەند میرێکی کورددا .

پاش ئـەم سەرکەوتنە لە شەڕی چاڵدیراندا سوڵتانی عوسـمانی دەسەڵاتی هێندەی دیکە هەوراز چووو پەرەی سەند . بدلیسی دەنووسێ :

« دەسەڵاتی قزڵباشەکان لە دوای شەڕی چاڵدیران لە کوردستاندا کزبوو . کوردسـتان‌و دیاربەکر وەگیر سوڵتانەکانی عوسمانی کەوتـن (٢٦٧،٧٦) . چونکە سوڵتان سەلیم لە پێش هەموو شتێکدا هاتە سـەر بڕیاری چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردسـتان . کاتێ لـــە سەفەربەری ئازەربایجان گەڕایەوە مەولانا ئیدریسی بدلیسی بە ناوی میرانی کوردەوە لـــە سوڵتانی عوسمانی ڕاگەیاند ، کـــە میرەکان دەیانەوێ میرنشینە پشتاوپشت‌بۆبەجێماوەکانیان لە قزڵباشەکان بستێننەوەو میرمیرانێ لـــە ناو ئـەم میرانەدا دابندرێ . مەولانا جگە لەمە ئەویشی پیشاندا کـە ، « هۆزو تیرەی کورد لە تێو یەکدا ناتەبان‌و دانوویان پێکەوە ناکوڵێ‌و مل بۆ یەك ناخەوێنن . وا چاکە سوڵتان یەکێ لە پیاوانی خۆی بە سەریانەوەبکا بەمیرمیران » . بە پێی « شەرەفنامە » سوڵتان بەمە قایل‌بووو محەمەد ئاغای باش چاوشی ( بە بیقلی محەمەد ئاغا مەشهوورە ) کرد بە میرمیرانی دیاربەکرو سـەرەك فەرماندەی سوپای کوردستان ( ٤١٧،٧٦ )و لەپاشان نازناوی پاشایەتیی پێ‌بەخشی . قازی ئەحمەدی قەزوینی کاتێکی دێتە سەر باسی تێك‌گیران‌و شەڕوشۆڕەکانی پاش شەڕی چاڵدیران دەنووسێ : «موستەوفیی تورکمانیان کـە بـە بیقلی چاوش بەنامێیە بـۆ گرتنی دیاربەکر نـارد » (٢٤٧،١٠١) .

بەم جۆرە شەڕی عوسمانیو ئێران کە لەسەرەتای سەدەی ١٦هەمدا ڕووی دا لـە خاکی کوردستاندا هەر نەکوژایەوە • ئـەو میرەکوردانەی وەختێ خۆی میرایەتیی پشتاوپشت بۆ ماوەوەی خۆیان لەدەستچووبوو ، یا لە دەوڵەتی سەفەوی لالووتو ناڕازی بوون ، لـەم شەڕانەدا بەکارترو گەرمتر بوون • سولتان سەلیمی یـەکەم سەرکردایەتیی تێکڕای شـەڕی کوردستانی لە ئەستۆی محەمەد پاشاو مەولانا ئیدریسخستو کارەکەی بەرەوڕووی ئەم دووکەسە کردەوە •

سوولاقزادە دەنووسێ : پاش لەتەورێزگەڕانەوەی سولتان ، مەولانا ئیدریسی مێژوونووسو خێرخوای بنەماڵەی بەرەی عوسـمانی چووبووە دڵەوەو سەرنجی بزواندبوو ••• بۆ ئەوەی میرانی کورد بکا بە دەستداو گوێبەفەرمانی پادشـای ڕەچەڵەکبڵند بـەرەو ویلایەتی کوردسـتان بەڕێکەوت (٣٧٨،٨٥ــ٣٧٩)• بەم چەشنە پاشماوەی شەڕی چاڵدیران لـە کوردستان هەر بەردەوام بوو •

نووسـیاری کتێبی « مێژووی کـوردو کوردسـتان » موحەممەد ئەمینزەکی لەبارەی محەمەدخانی ئوستاجلوو ، فەرمانڕەوای دیاربەکرەوە دەنووسێ ، دەڵێ ، لەپاش شەڕی چاڵدیران هاتووەتە ویلایەتی دیاربەکـر ( ١٧٦،١١٧) • بەڵام لە سەرچاوەکانیدا وا بەدیاردەخرێ کە لەبەر ئەوەی محەمەدخانی ئوستاجلوو لـە شەڕی چاڵدیراندا دەکوژرێ ، شا سماییلی یەکەمی سەفەوی لـە ساڵی١٥١٤دا قەرەخانی بـرای ئوستاجلوو دەکا بـە فەرمانڕەوای ویلایەتی دیاربەکرو لـە شەڕی کوردستاندا ئەو دەبێ بـە سەرکردەی لەشـکری قزڵباش ( ٣٧٨،٨٥) • قەرەخان کاتێ دەیـەوێ بە لەشکرێکی پێنج (٥) هەزارکەسییەوە لـە قزڵباشـان بچێتە نـاو دیاربەکرەوە خەلکەکەی لێڕادەپەڕن ، پێشی لێدەگرن ، چونکە دیاربەکر ئیدی ببوو بە دەستدا(تابع)ی حوکوومەتی عوسمانی • قەرەخان خۆی لـە ویلایەتی ماردین قاییمکردو لەوێوە دەستی بە هەڵکردنەسەر دژمنکرد •

لەشکری هەردوولا لە ( قۆچحەسار )ی نزیکی نسێبین بەگژیەکدا چوونو بەشەڕهاتن • بدلیسی دەنووسێ : « لەم شەڕەدا تاج ئەحمەدو قاسم ئەنداکیو میر شا حوسەینی کەیسانیو میر سەیفەددینو عومەر جاندار لە هۆزی ڕۆژەکی ••• کوژران » (٧٦،٤١٧) • بە پێی « شەرەفنامە »ی شەرەفخانی بدلیسی ، کوردێکی زۆر لەم شەڕەدا برینداربوونو بەدیلگیران • لە برێ لە ویلایەتەکانی کوردستاندا شەڕ زۆر بە توندوتیژی هەر بەردەوام بوو • تەنانەت قەڵای ئەرجیش لە ساڵێ پتر لە لایەن قزلباشەکانەوە بە گەمارۆدراوی مایەوە • بە پێی سەرچاوەکان ، لە سەروبەندی ئەم گەمارۆدانەدا پتر لە پازدە هەزار کەس لە شەڕکەرانی کوردو لەشکری عوسمانی تێداچوون • داکۆکیلێکردنی قەڵای ماردین بەرەوڕووی سلێمان خانی ئوستاجلوو ( برایقەرەخانە ) کرابۆوە • شاری ماردین چەندین جار دەستاودەستی پێکرا ، بەڵام قزلباشەکان خۆیان بەدەستەوەنەداو شەڕ لە کوردستاندا هەر درێژەی کێشا • هەر لەبەر ئەمەیشە سولتان سەلیم لە ساڵی ١٥١٦دا بۆ داگیرکردنی میرنشینەکانی کوردستان بە تەواوەتی وەخۆکەوت • شادی پاشا ، سەرکردەی سپای ئەنەدۆڵی بۆ ماردینو فەرمانڕەوای تەرابزوون ، مستەفا پاشای بە لەشکرێکی دە هەزار کەسییەوە بۆ سەر ئەرزنجان نارد • حەسەن بەگی ڕوملوو دەنووسێ : « فەرمانڕەوای چەمەشکەزەک ، نوور عەلی خەلیفە لە ناوچەی ئەرزنجاندا دەگەڵ مستەفا پاشا بەشەڕهات • لەم شەڕەدا مستەفا پاشا سەرکەوتو نوور عەلی خەلیفە کوژرا » (٥٩،١٥٤) • بەڵام بدلیسی کاتێکی دێتە سەر باسوخواسی ئەمە ، دەڵێ ، نوور عەلی خەلیفە بە دەستی مستەفا پاشا نەکوژرا ، بەڵکو بە دەستی ئەو کوردانەی پیرحوسەینیان سەرۆک بوو ، کوژرا (٧٦،١٦٧–١٦٨) • بەلای ئێمەوە ئەم قسەیەی بدلیسیی بە هەموو کونو کەلێنی مێژووی کورد شارەزاتر ، لە ڕاستییەوەنزیکترە •

لە ناوەندی سەدەی ١٦هەمدا برێ میرنشینی بەشی باکوور ــ ڕۆژاوای کوردستان بەلای دەوڵەتی عوسمانییاندا لایاندا ، چونکە لەناوچەو هەرێمی ئــەو بەشەدا فەرمانڕەوای مەرعەش عەلائوددەولە زولقەدەر کــە بــۆ عوسمانییان جێی مەترسیبوو ، لە لایەن سپای عوسمانییەوە ژێر کەوتبوو • واتە لەو ناوچانەدا هێزێکی وا نەمابوو شان لە شانی حوکوومەتی عوسمانی بدا • پاش داگیرکردنی ویلایەتی دیاربەکرو ویلایەتی ئەرزنجانو ویلایەتی مەرعەش سولتان سەلیمی یەکەم بــە دەستی مــەولانا ئیدریسی بدلیسی خەڵاتو پاداشتی بە بەهاو نیشانەی فەخریی بۆ ئــەو میرەکوردانەی لــە شەڕەکانی دیاربەکــردا هاوبەش ببوون ، نــارد • سولتان لــەم فــەرمانە ڕەسمییەیداکە بەم بۆنەیەوەی ناردبوو ، گرتنی دیاربەکرو بەدیلگیرانی گەلی کوردی بە خزمەتێکی گــەورەی مەولانا ئیــدریسی بدلیسیی بــە عوسمانییان لە قەلەمداوە • بەڵام شەڕی ماردین هەر بەردەوامبوو • لەبەر ناکۆکیی نێوان شادی پاشاو محەمەد پاشا ، شادی پاشا دەستی لە گرتنی ماردین هەڵگرتو بۆ ئەنەدۆڵ گەڕایەوە • قەرەخان ئەمەی بە هەل زانی ، قەڵای ماردینی هێندەی دیکە تەقەت کرد • مەولانا کە بارودۆخەکەی بــەم جۆرە دیت ، خۆی گەیاندە سولتانو داوای هێزی تازەکوورەی کرد • م • سوولاقزادە دەنووسێ : « سولــتان دلاوەرێکی ئــەحمەد ناوی لەگــەڵ دلاوەرێکی دیکەی ڕووم‌دا بە کۆمەگەوە نارد » ( ٧٦،٨٥،١٦٧ــ١٦٨ ) • ئیسکەندەر مونشی دەنووسێ : « لــە مانگەکانی هاوینی ســالی ١٥١٦دا لەشکرێکی (٣٠)هەزار کەسیی عوسمانی بە سەرکردایەتیی خوسرەو پاشاوە بە کۆمەگەوە هات » (٤٣،٤٧) • ئەم هێزە لەگــەڵ لەشکرەکەی محەمەد پاشادا یەکیان گرتو لە ناوچەی ماردین شەڕێکی هەرە سەخت ڕوویدا • ئیسکەندەر مونشی لەسەر قسان دەڕواو دەڵێ : « لەم شەڕەدا قەرەخان کوژرا ، ڕیزو سانی لەشکری قزڵباش شیرازەی تێکچووو سپای عوسمانی سەرکەوت » (٤٣،٤٧،٧٦ــ٤٦) • شاری ماردین گیرا ، بەڵام قەڵاکەی ناو

شار خۆی بەدەستەوە نەدا • سوڵتان سەلیمی یەکەم پاش ئـەو ، شـاری حەلـەبو دیمەشقی داگیرکرد ، سـپایەکی گەورەوگرانی بـە تۆپخانەی قورسەوە بۆ کوردستان بەڕێخست ، ئیدی بەم جۆرە قەڵاکەی ماردینیش گیرا ، بەڵام بە قسەی مێژوونووسی تورك ، ئەحمەد ڕاسم ، قەڵای ماردین تا ساڵی ١٥٢٥یش هەر بە دەست ئێرانییەکانەوە بووە (٢٦٨،٥٣) •

ئەو سەرچاوانەی لە پێشترەوەمان تێوبردن ، ئـەم قسەیەی ئەحمەد ڕاسیم بە درۆدەخەنەوە •

لە پاش گرتنی قەڵای ماردین ئورفەو شەنگارو حەسەنکێفو مووسڵو بڕێ میرنشینو قـەڵای دیکەی کورد بوون بە دەسـتداو گوێبەفەرمانی حوکوومەتی عوسـمانی • بدلیسی دەنووسێ : « پاش سەرکەوتنەکەی چاڵدیران سوڵتان سەلیمی یەکەم بـوو بـە خێوی دیاربەکرو ناوچەکانی چەپاخچوورو ئاقچەقەڵاو زاكو مەنەشکوردیشی هاویشتە سەر قەڵەمڕەوی خۆی » (٢٥٧،٧٦) •

بدلیسی لەمەڕ شەڕوهەرای عوسمانیو ئێران لەسەر کوردسـتان زۆر کەم دەدوێ • تەنانەت ئەو لە کتێبەکەیدا ئەوەیشی نەنووسیوە ، ئەم شەڕە کەی دوایی هاتووە • بەڵام لەیەکەم تێكگیراندا کوژرانی قەرەخانی نووسیوە • ئیسکەندەر مونشیو بڕێ لە مێژوونووسو لێکۆلەوانی دیـکە دەڵێن ، شەڕی کوردسـتان دوو ساڵی خایاندووە • ئەمانە هەموو بخەینە ئەولاوە ، بدلیسی سەرەڕای بڕێ زانیاریی بەکەڵكو بەکاکڵو دەوڵەمەند کە لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستانەوەی نووسیون ، ناوبەناو لەقافی خۆیدا سیاسەتی عوسمانی لە ژێرلێوەوە ئاشکرادەکا •

ئیتر بەم جۆرە شەڕەپێشبڕکێی نێوان عوسمانیو ئێران لە ساڵی ١٥١٤و ١٥١٥دا بۆداگیرکردنی کوردستانو لەسەر کوردستان پیشبڕکێکردن بـە

سەرکەوتنی عوسمانییەکان شکایەوەو دوایی‌هات • سولتان سەلیمی یەکەم بەم بۆنەیەوە ، بە هۆی مەولانا ئیدریسی بدلیسی‌یەوە ٥٠٠ خەلاتو ١٧ ئالای بۆ میرە کوردەکان نارد • مەولانا ئیدریسی بدلیسی خۆیشی شیرێکی کالان زێڕی لە فەڕەنسا بۆ بەڕادان‌دراو دیاری‌یەکی ١٢ هەزار دۆقە[12] بایی زۆر بەنرخی بە پاداشت پێ بەخشرا • سوولاق‌زادە لە باسی شەڕی ئەو سالانەدا دەڵێ : « دژمنە بەدزاتەکان ( قزلباشەکان ـ ش.م. ) نەیان‌توانی خۆیان لەبەر دلاوەرانی کورد ڕاگرن‌و هەموو هەلاتن ، پاشانەکێ مەولانا ئیدریسی بدلیسی هەزار فلۆری‌و[13] فەرمانێکی فەخریی لە لایەن سولتانەوە بۆ نێردراو بۆ سەرا بانگ‌کرا ، بەلام لەبەر ئەوەی کە شەڕ هێشتا نەبڕابۆوە ، بۆسەرانەچوو » (٨٥،٣٨٠ـ٣٨١) • مەولانا ئیدریس لەوەدا کە نیشتمانەکەی خۆی خستە ژێر دەسەلاتی حوکومەتی عوسمانی‌یەوەو کردی بە ئالقەلەگوێی سولتان هێندەی سەرڕاستی‌و دۆستایەتی لەڕاست عوسمانی‌یان نواندبوو ، سولتان سەلیمی یەکەم کاغەزی سپیی مۆرکراوی بۆ دەنارد ، خۆی چیی خوایشت‌بوو ئەوەی تێدا دەنووسی • هەر لەبەر ئەمەیش بوو کە مەولانا ئیدریسی بدلیسی لە پاش شەڕی کوردستان لە لایەن سولتان سەلیمی یەکەمەوە بە نوێنەری ڕەسمیی سولتان ناسراو بە پێی ئەم بەندانەی خوارەوە پەیمانی لەگەڵ میرانی کورددا بەست :

١ ــ میرانی کورد جاران چۆن بوون لەمەوپاشیش هەر بەو جۆرە پشتاوپشت بەسەر میرنشینەکانی خۆیان ڕادەگەن‌و بەڕێوەیان دەبەن ، بەلام ناتوانن فەرمانڕەوایی سەربەخۆ دامەزرێنن • بەپێی داوودەستووری کۆن‌و بەندوباوی باب‌وباپیران هەریەك لە میرانی کورد لە تخووبی قەڵەمڕەوو چوارچیوەی میرایەتیی خۆی‌دا دەتوانێ حوکم بڕانێ‌و نوێنەر بۆ کن میرانی دیکە بنێرێ •

٢ ــ میرانی کورد دەبوو لەگەڵ هێزە چەکدارەکانیان‌دا پێکەوە لە

هەموو شـەڕو سەفەربەرەکانی حوکوومەتی عوسـمانی‌دا هاوبەش‌بانو لەبەرژەوەندو قازانجی وی شەڕیان کردبا • بەرانبەر بەمە ، حوکوومەتی عوسمانیش دەبوا میرانی کوردی لە هەموو دەسبنزێوی‌و گەڕوگێچەڵێکی بیانی پاراستبا •

٣ ــ دەبوا هەموو میرە کوردێ ساڵانە پارەیێکی دیاری‌کراوی بـە ناوی دیاری‌یەوە ، بە خەزێنەی سوڵتان پێشکێش کردبا (١١٤،٤٤،١٢١،٣٦،٤٣ــ ٤٣٧) • میرانی کورد دەبوا لە کاروباری ناوخۆدا سەربەخۆو لە کاروباری دەرەکی‌دا سـەیری دەمی حوکوومەتی عوسمانی‌یان کـردباو قسە قسەی حوکوومەتی عوسمانی بوو •

ئیدی بـەم جۆرە بـە کۆمەگ‌و یاریی مـەولانا ئیدریسی بدلیسی کوردستان بوو بـە دەستدای حوکوومەتی عوسـمانی‌و مافی پشتاوپشت بۆمانەوەی میرایەتی هەروەکو خۆی مایەوەو بوو بە کۆسپو لـەمـپەر لەپێش دامەزرانی کوردستانێکی یەك‌گرتووی یەك‌دەسەڵات‌و یەك قەڵەمڕەوو (١٤)،ویلایەتی دیاربەکر کرا بە شەش فەرمانڕەوایی‌و ١٩وەجاخ(١٥)(٩٨، ٣٠٠ــ٣٠٢)• یـازدە سەنجاق (١٦) لـەمانە ڕاسـتەوخۆ بە حوکوومەتی عوسمانی‌یەوە بەسترانو هەشت وەجاخیشیان بە ڕووالەت سەربەخۆو ئازاد مانەوە • ئەولیا چەلەبی دەنووسێ : « جگە لە دیاربەکر ٤٠ قەڵای سـەر بەدیاربەکریش لـە لایـەن سوڵتان سـەلیمەوە داگیرکرا » (١٤٦،٤٨) •

ئیتر بەم ئاوایە هەمان دەستووری دابەش‌کردن تەنها هەر بۆ دیاربەکر نەکرا ، بگرە ویلایەتی وانیش کرا بـە ٣٧ وەجاخ‌و جیاکرایەوەو هەریەکە بوو بە فەرمانڕەوایەتی‌یەکی سەر بە سەرای سوڵتان .• یەکێ لەمانە :

١ ــ فەرمانڕەوایی حەکاری بوو : ئـەم میرنشینە دەبـوا هەمیشە هێزێکی دە هـەزار کـەسی لە ژێر فەرماندەدا بـوایەو لـە کـاتی شەڕهەڵگیرسان‌دا بە پەنجا هەزارکەس گەیاندرابا •

٢ ـ فەرمانڕەوایی بدلیس دووەمیان بـوو : ئەمیش دەبوو هێزی چەکداری خۆی وەك میرنشینی حەکاری پێك هێنابا •

٣ ـ فەرمانڕەوایی مەحموودی : ئـەم میرنشینەیش دەبوا هێزێکی چەکداری شەش هەزار کەسیی هەمیشە ئامادەو تەیار بوایە •

٤ ـ میرنشینی پنیانیشی دراوسێی میرنشینی مەحموودی : ئەمیش دەبوو هەمیشە هێزێکی چەکداری ٦ هەزار کەسیی لە ژێر فەرماندەدا ئامادەو تەیار بوایە (٣٠٢،٩٨)• جگە لەمە بۆ لە مەترسی پاراستنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی چەند تیرەو هۆزێکی کورد بۆ سەر سنوورەکانی ئازەربایجان کۆچپێکران • پ•ی•ئاڤریانۆڤ دەنووسێ : « ئـــەم تیرەو هۆزانـــە کاربەدەستی ئینزیباتییان لە خۆیان داناو بە مەرجێ خزمەتی دەوڵـــەتی عوسمانیبکەن ، لە خەرجوباجو سەرانە ئازاددەکران » (٣ــ٢،٩)•ئەولیـا چەلەبی دەنووسێ : « لەپاش ئەم تەخشانوپەخشانو دابەشکارییە ئەوەی بـۆ دەوڵەتی سەفەوی مابـۆوە تەنهـا قوتوورو دووزیو جـوولانیو دونبولی بوون (٤٨)•کەچی بە پێی « ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام » تەنهـا کوردی کرماشان بۆ دەوڵەتی سەفەوی مابۆوە (١٢٠٧،١٣٢)•ئیدی بـەم ڕەنگـە داگیرکردنی کوردستانو بـۆ یەکەم جار لـە نێوان حوکومەتی عوسمانیو ئێران دابەشکرانی بە جارێ کارەکەی بڕاندەوە • لەم شەڕەی کوردستانەدا ٤٢ هەزار سەربازی تورك لە ژێر فەرماندەی گشتی محەمەد پاشاو چوار پاشای دیکەی تورکدا ، بە هەزاران تۆپو تفەنگەوە کە بـۆ ئەو سەردەمانەی ڕۆژهەلات بایەخێکی مردنو ژیانی هەبوو هاوبەشییان کردووە • بە پێی نووسینی ئەحمەد ڕاسیم لە ساڵی ١٥١٦دا لەشکرێکی چل هەزار کەسی لە ژێر فەرماندەی سەنعان (ســـینان؟) پاشادا هاتبووە نـاو دیاربەکرەوە (٢٧٣،٥٣) •

جگە لەو میرە کوردە جیاجیایانەی لە دژ قزلباشان شەڕیان دەکرد ، میرە کوردێکی زۆر بـە ســەرۆکایەتیی مــەولانا ئیدریسی بدلیــیو

ئەبولەواهیبی کوڕی‌و نزیکەی ٣٥ هەزار جەنگاوەری کورد شـــەڕیان دەکرد •

لەم شەڕی کوردستان بەش‌کردنەدا لە لایەن دەولەتی سەفەوی‌یەوە قەرەخان ئوستاجلووو ئۆلاش بەگی برای‌و سلێمان خانی برای‌و عـەوەز بەگی بـرای هاوبەشی‌یان دەکرد • لـەمەڕ ژمارەی شەڕکەرانی قزلباش زانیاری‌یەکی ئەوتۆمان بـە دەستەوە نی‌یە • بـەڵام بەپێی نووســـینی مێژوونووسان زوربەی کوژراوان کورد بوون •

لەو ڕاستی‌یانە وا بە دیار دەکەوێ کـە یەکێ لە هۆیەکانی قـــڕانی جەنگاوەرانی کورد وەستایانە بەکارهێنانی چەکە ئاگردارەکانی لەشکری عوسمانی‌و بە دەستوورو پێڕۆی شەڕ ئاشنایەتی‌و شارەزاییی سەربازان‌و لە شەڕە هـــەرە سەخت‌و گـرانەکان‌دا کورد وەپێش خستن‌بووە •

سەرەنجام شـەڕی کوردستان بـەو هێزە گەورەیەی حوکوومەتی عوسمانی‌و هاوبەشی تێ‌داکردنی ئەو میرەکوردانەی لە دەولەتی سەفەوی لالووت‌و ناڕازی بوون بە سەرکەوتنی سولتان سەلیمی یەکەم دوایی هات •

بە پێی زانیاری‌یەکی کە لـە « مونشەئاتی سەلاتین »دا نووسراوە ، بیقلی محەمەد پاشا سەری قەرەخانی لەگەڵ کاغەزێك‌دا ، بەم بۆنەیەوە بۆ سولتان سەلیم نارد • لەو کاغەزەدا نووسیبووی : « لەگەڵ میرانی کورددا یەك‌دلیمان‌کردو بەسەر دژمن‌دا سەرکەوتین‌و ئەمەیش سەری قەرەخانە کـە لەگەڵ چەنـد جەنگاوەرێك‌دا بۆ بارەگاتان دەنێردرێ • هیوامان وایـە سەری دژمنان هەمیشە لە ژێر پێ‌لەقەتان‌دا (١٧) بێ » (٤١٨،٩٨-٤١٩) •

سولتان سەلیمی یەکەم ئەیالەتی دیاربەکری کرد بە مەڵبەندو بەجیـا سپای کوردستانی پێك‌هێنا • سەرکردایەتیی سپاو میرمیرانێتیی ویلایەتەکان بە پاشاکانی عوسمانی دران • ئەم پاشایانە بەرانبەر بە کورد مافی هەموو شتێکیان هەبوو • ئـەم سەرکەوتنەی دەولەتی عوسمانی بوو بـە هۆی دابەش‌کرانی کوردستان‌و بناخەی بـە شەڕی قورس ڕووبەڕووبوونەوەی

دامەزراند ••• کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕی درێژخایەنی نێوان عوسمانیو ئێران • ئەو پەیمانەی لە نێوان میرانی کوردو سوڵتان سەلیمی یەکەمدا بەسترا لەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی غازیدا (١٥١٩ــ٢٠ــ ١٥٦٦)بە سەروبەرەوە لەبیرکرا • ئەو میرە کوردانەی مافی سەربەخۆیی نیو خۆییان هەبوو یەك لە دوای یەك لە مافی پشتاوپشت بۆمانەوەی میرایەتییان بێبەش کران • گەلی کورد ناچارکران بچنە ژێر باری خەرجوباجدان بە نەجیوزادانی عوسمانیو سەرومڕ گیرفانوبەریك پڕکردنیان• دەگژیەکڕاچوونو شەڕوشۆڕی ناوخۆی نێوان تیرەو هۆزەکانی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا بە فیتو دەستتێوەردانی عوسمانیو ئێران پەرەی ساند •

ئەو پاشا عوسمانییانەی لە کوردستان ئاغایەتییان دەکرد ، بۆ بەگژیەکدا کردنی تیرەو هۆزەکانی کورد کەڵکیان لە زۆر ڕێگای جۆراجۆر وەردەگرتو بەم ڕەنگە تۆوی دووبەرەکیو ناکۆکییان لە نێوان نەتەوەیێکی برای یەكو هاوخوێندا چاندو لە دژ یەکدییان بە شەڕدان ، بە نموونە لە ساڵی ١٥٨٦دا فەرهاد پاشای وەزیر بە دەستی ئەنقەست هۆزی دونبولیو مەحموودیی بە گژیەکداکرد • بدلیسی دەنووسێ : « لەو شەڕەدا لە هەشتا کەس پتر کوژران » (٧٦، ٣١٦ــ ٣١٧)•نەزەر بەگی سەرۆکی هۆزی دونبولیش لەم شەڕەدا کوژرا • قلیچ بەگی برای هەرچەندە لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە شکاتیشیکرد ، بەڵام هیچی بۆ بە هیچ نەکرا • بدلیسی نووسیویە : « ئەو کاتی شکاتەکە خرابووە پێشچاو منیش تێیدا هاوبەشیم دەکرد .• فەرهاد پاشا بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی کارەکە ناوبژیی لێدەکردنو ئاشتی دەکردنەوە » • (٧٦، ٣١٧)•

بە تێکڕایی ، لە پاش بۆ یەکەم جار دابەش کرانی کوردستان (١٥١٤)ئەم جۆرە ڕووداوانە لە مێژووی کورددا بیوون بە شتێکی خواسایی • سیاسەتی

خراپی دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی سەفەوی هەردوکیان بەرانبەر بە گەلی کورد لە لایەن شاکانی ئێرانیشو سوڵتانەکانی عوسمانییەوەیش هەروەکو خۆی بەردەوامبوو • هەر لەبەر ئەمەیش بوو ئەم سیاسەتەی کە لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە دەستی پێکردبوو ، سەرۆکە کوردەکانی لە پێناوی مافی سەربەخۆیی خۆیاندا خستە سەر خەباتێ کە ساڵەهای ساڵ پێوە چووو نەبڕایەوە •

## سەروساختی سەفەوییەکان لەگەڵ کورددا

لـە سەرەتای سەدەی ١٦هــەمدا ، باری ئابووری ــ کۆمەڵایەتیو سیاسی لە وڵاتی ئێرانی دراوسێی کوردستاندا تا بڵێی تووشو نالەباربوو • وڵاتی ئێران بەشبەشکرابووو هەر بەشەی ببوو بە وردە دەربەگایەتییێك بۆ خۆی • ئەو شەڕو شۆڕانەی لە نێوان ئەم دەرەبەگایەتییانەدا ڕوویان دەدا نەك هەر ببوون بە کۆسپ لە پێش یەك گرتنێکی سیاسیی وڵاتەکە ، بگرە پێوەندیی نێو خــۆی وڵاتەکەیشی کــرژو تووشو دژوار دەکردو گەشەکردنی بازرگانیی گۆج دەکرد • شارو گوند لە ئاکامی شەڕوشۆڕی نێوخۆی دەرەبەگایەتی بە تاڵانو بڕۆ دەچوون ، خەڵکی وڵات سافلەساف ڕووتدەکرانەوە • بــەم پێیەیش ژیانو گوزەرانی زەحمەتکێشانی شارو گوندیش تا دەهات تووشترو دژوارتر دەبوو • نارەزایی تێکڕای خەڵــك لە دژ فەرمانڕەوایی ئاققۆیونلووان پتری پەرەدەستاند • لەم سەروبەندەدا فەرمانڕەوایی ئاققۆیونلووان نەیدەتوانی دوایی بەم بارە نالەبارە بێنێ ، چونکە ئەو فەرمانڕەواییە تەنها هەر ناوەکەی مابۆوە •

بەم ڕەنگە ، دەق لــە سەرەتای سەدەی ١٦ هەمدا کاری لــە ڕووی سیاسییەوە یەکخستنی وڵاتو دەوڵــەتێکی مەرکــەزیی یەكگرتووهێنانە گۆڕێ وەك ناچارییەکی مێژووینە زەقوزۆپ لەپێشێ قوتبۆوە • هەر لە ڕۆژگارێکی وا تووشو چەتووندا بوو کە شاسمایلی سەفەویی یەکەم

کەوتە سەرکەلکەلەی لە ئازەربایجان دامەزراندنی دەولەتێکی نوێ • شا سمایل لە باوکەوە ، خۆی بە سۆرەوتۆرەی ئیمامی عەلیو پێشەوای شیعەو لە دایکەوە ، خۆی بە میراتگری ڕاستەقانیی بنەماڵەی ئاققۆیونلووان دادەنا• شا سمایل لە پێناوی هێنانەگۆڕێی دەولەتێکی تازەکوورەی بەهێز دەستی بە تێکۆشانو خەباتکردو لە سالی ١٤٩٩دا لەگەل هاودەستو پەیڕەوانیدا هاتە شاری ئەردەبیل • لە پاش سالێك ، بە یارمەتیو کۆمەگی حەوت هەزار دەروێشەوە شیروان شا فەڕووخی یەساری بەزاند • هەر لەو سالەدا لەپاش شەڕوشۆڕێکی خوێناوی توانی باکۆیش باوێتە سەر قەلەمڕەوی خۆی • ئەو لەو شەڕەدا کە لە گوندی شەروور ڕوویدا ئەلوەند میرزای ئاققۆیونلووی بەزاندو سەروەتو سامانێکی لە ڕەوە ئەسپو مایینو پەزو مالاتو ڕەشەولاخو نەختینەی زۆر وەدەست هێنا ئەلوەند میرزای بەزیو هەر هێندەی بۆ لووا هەلێتە ئەرزنجان • شاسمایلی سەفەوی لە سالی ١٥٠١دا چووە ناو تەورێزەوەو بەوپەڕی تەنتەنەو هەیتوهووتەوە بانگی شاهێتیی خۆی ڕاهێشت•

ئیدی بەم جۆرە ئەوەبوو دەولەتی سەفەوی لە ئازەربایجان هاتەگۆڕێو ئەم دەولەتە یەکسەر مەزەبی شیعەی کرد بە ئایینی ڕەسمیی خۆیو لەم ڕووەوە فەرمانی بەڕەسمیزانینی لە لایەن شای سەفەوییەوە بۆ دەرچوو • شاسمایلی یەکەم لەم دەولەتدامەزراندنەدا تیرەو هۆزە تورك زمانەکانی ئوستاجلووو شاملووو ڕووملووو تەکەلووو زولقەدەرو ئەفشارو قاجار (قاجار)ی بە یارمەتیو کۆمەگەوە هاتنو هەر ئەمانە سپای قزلباشیان پێکهێنا • ئەم تیرەو هۆزانە لە هەموو ولاتداگیرکارییەکانی شادا هاوبەشییان دەکردو هەریەکەیان لەسەر یەکێ لەو ولاتانەی داگیردەکران بە سەرۆك دادەندرا • ئەم سپای قزلباشە کە لە لایەن شا سمایلی یەکەمەوە دامەزرێندرابوو هێزەکەی لە بنەڕەتدا لەو لەشکری پیادەو بە زۆری

سوارەی تیرو کەوانو شیرو نێزەو تەورزینو نەجاخو مەتاڵبەدەست پێك‌هاتبوو •

بەم تەرزە ، شا سمایلی سەفەویی یەکەم لەم سپا گەورە شەڕکەرەو لەو سۆفیو دەروێشانەی بۆ لە ئێرانو ئازەربایجان‌دا دامەزراندنی دەولەتێکی یەك‌گرتووی خڕکردبوونەوە کەلکی وەرگرت • بدلیسی دەنووسێ : «شیعەکان هەرکە ناووبانگو ئازایەتیی شاسماییلیان بیستەوە لە سووریەو لە تورکیاو لە کوردستانەوە لێشاویان هێنا ، هەموو لە ژێر ئالای سەفەوی‌یەکان‌دا خڕبوونەوەو یەکیان‌گرت» (٦٩،٧٦)•شا سمایل پشت بەم هێزە گەورە لە ڕووی شەڕەنگێزیو بیرو بڕواپتەویو ڕەبەرزی‌یەوە چەکدارە ، لە سالی ١٥٠٢دا لەو شەڕەدا کە لە نزیك هەمەدانەوە ڕووی‌دا سولتان مورادی ئاق‌قۆیوونلووی بەزاند • بە پێی زانیاریی سەرچاوەکان دە هەزار کەس لە ئاق‌قۆیوونلووەکان لەم شەڕەدا کوژرانو زۆریشیان لێ‌بەدیل گیران (٨٣،١١٣،٦٨،٥٩) •

شاسماییلی یەکەم لە سالی ١٥١٠دا لە شەڕێك‌دا کە لەگەڵ ئۆیز بەگ شێبەك خانی‌دا ( شەیبانی خانیشی پێ‌دەگوترێ )کرد بە سەرکەوتو شێبەك خانی بەزاندو لەگەڵ داگیرکردنی خۆراسان‌دا ، شارەکانی مەروو بەلخو هەراتیشی داگیرکرد •

بەم جۆرە شاسماییلی یەکەم لە سەرەتای سەدەی ١٦هەم‌دا بە سەر برێ دەرەبەگ‌دا کە لە ئازەربایجانو ئێران‌دا ڕەگیان داکوتابوو زاڵ‌بووو سەرکەوت • هەرچی زەوی‌زارێکی وەدەست هێنابوو ، هەمووی بە شێوەی تیوول لە سەرکردەکانی قزلباش بەش‌کرد • شەست کەس لەو ٧٤ میرانی ویلایەتو ئەیالەتانەی کە لەناوەندی سەدەی ١٦ هەمەوە بوون بە دەستداو گوێ‌بەفەرمانی سەفەوی‌یەکان ئازەربایجانی بوون • شا سمایلی یەکەم لە سالی ١٥٠٤دا کاغەزی بۆ سولتان بایەزیدی دووەم دەنووسیو داوای لێ‌دەکرد ، ڕێگا لەو دەروێشانەی لە سۆرەوتورەی سەفەوی‌یانو

بۆ زیارەتی ئەردەبیل دێن نەگرن . لەم بارەیەوە لە «مونشەئاتی سەلاتین»دا نووسراوە : « سولتان بایەزیدیش وەڵامی شاسماییلی دەدایەوە کە مەبەستی زۆر لەو دەروێشانەی بە تەمای زیارەتی ئەردەبیلن ، زیارەت نیە ، بەڵکو مەبەستیان لە سەربازی هەڵاتنە . ئەگەر بۆ ئازەربایجان‌هاتنیان هەروا بـۆ پێنج‌ودوورۆژێ بێ قەی‌ناکا» (٩٨،٣٤٥–٣٤٦) . ئەم کاغەزبۆیەکدی‌ناردنەی شاسماییلی سەفەوی‌و سولتان بایەزید بـوو بە سەرەتای ئەو شەڕوشۆڕە گەورەو خوێناوی‌و تێک‌گیرانە مەزەبی‌یانەی کە لە دوارۆژدا ڕوویان‌دا . شیعەکانی وڵاتی عوسمانی لەم کارەی شاسماییلی سەفەوی بەخۆکەوتن‌و گیانیان گەشایەوەو ورەوزاتیان بزووت‌و لـە دژ فەرمانڕەوایی سولتـان سەرەڕۆیی‌یان‌کردو ڕاست‌بوونەوە .

شا بۆ ئەوەی شیعەکانی سەربەخۆی بـۆ ئازەربایجان بێنێ ، نـوور عەلی خەلیفەی ڕوملووی بۆ ئەو ناوچانە نارد . خەلیفە هـەرکە گەیشتە هەرێمی قەرەحەسار چوار هـەزار سواری لـەو شیعانەی لە دژ سولتان ڕاپەڕیبوون لەگەڵ ماڵو خێزانەکانیاندا کەوتنەتەک‌و یەکیان‌گرت (٥٩،١٣٥) . خەلیفە لـە گەڕانەوەدا برێ لـە ویلایەتەکانی ، لەمانە ئەرزنجان‌و مەلاتیەو خونس‌و زۆری دیکەی تالان‌کـرد (٥٩،١٣٥) . ئیدی هەر لـەو دەمەوە ، واتە لە ساڵی ١٥٠٦ەوە شا شالاوی وڵات‌داگیردنی لە سنووری ئازەربایجان‌و ئێران ترازاندو خۆی بۆداگیرکردنی وڵاتی کوردستان‌و ئەرمەنسـتان‌و گورجستان‌و عیراقی عەرەب ئامادەکرد . شا بۆ یەکەم جار ملی لە داگیرکردنی کوردستان‌نا ، چونکە خۆی بە خاوەنی هەق‌بەدەست‌و ڕاستەقانیی بـرێ لـەو ویلایەتانەی کـورد کـە لەلایەن ئاق‌قۆیوونلووەکانەوە داگیرکرابوو دەزانی .

تالان‌کردنی ویلایەتەکانی کوردسـتان بەدەست قزلباشان یەکـەم دەست‌وەشاندنی دەوڵەتی سەفەوی‌بوو کە گەلی کورد بە چاوی ئومێدەوەی تەماشا دەکردو وای‌لێ‌چاوەڕووان نەبوو . هـەر لەپاش ئـەوە شاسماییلی

سەفەوی میرنشینەکانی کوردستانی یەك لە دوای یەك داگیرکردو بە سەرکردە قزلباشەکانی سپاردن (١٢٤،٧٦–٤٠٧)•بە پێی سەرچاوەکان ، شاسماییلی سەفەوی لە سەرەتای حوکمڕانیی‌دا (لەسالآنی١٥٠٠–١٥١٠)خۆی بە برێ داگیرکاری‌یەوە خەریك‌کردووەو لە پێنج شەڕی گەورەدا بە سەرکەوتووە (٨،٧٥)•هەر لەم سەروبەندەدا ، شا سماییلی سەفەوی جگە لە ولآتی ئازەربایجانو ئێران بەشێکی زۆری کوردستانو بەغدایشی داگیرکردووە (٣٩٢،٩٢)•لەم سیاسەتەی شا سماییل گەلی کورد لەچاو گەلەکانی دیکە پتری زەرەروزیان لێ‌کەوتووە • کارل مارکس شاسماییلی سەفەویی یەکەمی بە حوکمڕانێکی داگیرکەر لەقەلەم‌دەداو دەنووسێ : « ئەو ، لە ماوەی چواردە ساڵ حوکمڕانیی‌دا چواردە ئەیالەتی گرتووە » (٢٠٦،١)•ئەم سیاسەتەی شایەکانی سەفەویی لە سەر دەڕۆیشتن تا دوادوای سەدەی ١٦ هەم پێوەچووەو بەردەوام بووە • ئیسکەندەر مونشی دەنووسێ : « شاسماییلی دووەم هەر یەکە لە میرانی تیرەو هۆزەکان ناوچەیێکی پێ‌دەبەخشی‌و بۆ کوردستانی دەنارد • بە نموونە ویلایەتی ئەلەشگەری بە سوولاق حوسەین تەکەلوو بەخشی‌و بۆ کوردستانی نارد » (٢١٢،٧٦)•ئەم مەیلە لەشاسماییلی یەکەم‌دا زۆر خەستوخۆڵتر بووە • هەر لەبەر ئەمەیشە لە سەرەتای فەرمانڕەواییی‌دا بەهێزی چەك دەستی بەداگیرکردنی کوردستان کرد • بدلیسی دەنووسێ : «ئەو ویلایەتی دیاربەکرو مووسڵ‌و سنجاری داگیرکرد • بۆ داگیرکردنی ویلایەتی جزیریش لەشکری نارد »(١٢٤،٧٦) •

ئیدی بەم ئاوایە ، شا سماییلی سەفەویی یەکەم کە خۆی بە یەکەم داکۆکی‌لێ‌کەرو لەسەرکەرەوەی شیعە دەزانی ، بۆ بەربەرەکانێی سولتانەکانی عوسمانی ، مەبەستی بەزۆرداگیرکردنی خاکی کوردستانو بە ناوە گوایە لە یاخی خاوێن‌کردنەوەی ئەم‌ولآتەی هێنایە پێشەوە •

١ – بە پێی بیروبڕوای ڕەشید یاسەمی مەبەست لەم سیاسەتەی شا

ئەوە بووە ، ئەو دەستووری خێڵەکی‌یەی کورد لەناوبدا (٢٠٣،٦٩)•بەلام لە ڕاستی‌دا شا دەی‌ویست بە هەر نرخێ بێ فەرمانڕەوایی خۆی بپارێزێ‌و بە داگیرکردنی کوردستان سیاسەتی داگیرکاری خـۆی بچەسپێنی ، نـەك پایدۆست بە ڕژێمی میرایەتیی خێڵەکیی کورد بدات • هەر لەبەر ئەمەیش بوو هەردوو دەولـەتە داگیرکەرەکە ڕووبەڕووی بەربەرەکانێی جیددیی گەلـی کورد دەبوون •

٢ ــ لە سەرێکی ترەوە ، چ دەولەتی سەفەوی‌و چ دەولەتی عوسمانی نەك هەر مەبەستیان ئەوەبوو بناغەی دەستووری میرایەتی هۆزەکیی کوردان لەبەریەك‌هەڵ‌تەکێنن ، بەلکو سیاسەتی خاکی کوردستان بـە نەجیوزادەی خۆدان‌و لەناوبردنی گەلی کوردیان بەکار دەهێنـا • کوردیان وەدەردەناو پیاوی خۆیان لەجێیان دادەنا •

ئیتر بەم جۆرە ئـەو سیاسەتەی سەفەوی‌یەکان لـە سەرەتای سەدەی ١٦ هەمەوە لەسەری دەڕۆیشتن هیـچ ئاکامێکی چاکی بـۆ سەفەوی‌یەکان لێ‌نەکەوتەوە • هـــەرچی سولتانەعوسمانی‌یە لـــەم هـــەل‌و مەرجـە کەلك‌وەدەست‌هێنەکان‌بوون هەر لـە سەرەتاوە سیاسەتێکی بە دەك‌ودەهۆو فێلبازانەیان بەکارهێناو خۆیان بە پاسەوانی گـەلی کوردو لەسەرهەلدەی کوردو بـە یەکەم‌لایەنگری مەزهەبی سوننی لەقەلەمدا • لـە دوای ئەمـە کوردستان بـوو بـە مەیدانی شەڕو مۆلگای پێشبڕکێی مەزەبیی هەردوو دەولەتەکە .• بـە تێکرایی ، سەروکاری شا سماییلی یەکەم لەگەل کـوردا تابلێی خراپ‌و ناهەموار بوو •

لەپاش شەڕی چالدیران (١٥١٤)بەشی باشووری ڕۆژهەلاتی کوردستان بـە دەست سەفەوی‌یەکانەوەو بـەشی ڕۆژاوایشی بـە دەست دەولـــەتی عوسمانی‌یەوە مانەوە (١٠،٣٠) •

شـا سماییلی سەفەوی ئەیالەتی ئەردەلانی کـــرد بـە مەلبەنـدی تێداکۆکردنەوەی خەرج‌وباجێ کە لـە میرانی کورد کۆدەکرایەوەو تێوی

لێنا ( خەزێنەی ئەردەڵان ) • شا سپایێکی جیاوازیشی لە کورد پێک‌هێناو ئێوی سپای کوردستانی لێنا • دەبوا سپای کوردستان لـە شەڕە هـەرە گەورەو سەختەکاندا بەشداریی کردبا • بەو جۆرەی حەسەنی ڕوومـلوو نووسیویە ، ئـەو سپای کوردسـتانەی بـۆ بەزاندنی ئاغـا محەمـەدی ڕووزئەفسوون کـە لـە دژ فەرمانڕەوایی سەفەوی‌یەکـان ڕاست بێووە ناردرابوو (١٧٣،٥٩) بە سەرکەوتنەوە گەڕابۆوە •

ئیتر شاسماییلی سەفەویی یەکـەم بەمە بنەمای بەستنەوەی سەرپاکی دەرەبەگایەتی‌یەکان بـە یەک مەڵبەندەوەو لە ڕووی سیاسی‌یەوە یەکخستنی وڵاتەکەو دامەزراندنی دەوڵـەتێکی مەرکەزیی ڕۆنا • ئەمـەیش لەچـاو سەردەمی خـۆی هەنگاوێ بـوو بەرەوپێشێ نـرا • بـەڵام بـە دووردرێژی‌دەوام‌کردنی ئـەو شەڕوشۆڕانەی لـە دەرەوەی وڵاتەکەدا ، واتە ، لە عیراقی عەرەب‌و ئەرمەنستان‌و گورجستان‌و بە تایبەت کوردستان‌داو تاڵان‌و چەپاودانی خەڵکی ئەم وڵاتانە لە لایەن قزلباشەکانەوە لایەنی هەرە خراپی سیاسەتی دەوڵەتی شاسماییلی سەفەویی یەکەم بـوو • ئەم سیاسەتە دوای مەرگیشی ، میراتگرانی هەر بەو ڕێ‌ودانەی لەسەر ڕۆیشتن‌و بەردەوام بوون •

بڕێ لەو سەرکەوتنە گەورانەی شاسماییلی یەکەم لە تەمەنی لاوێتیی‌دای وەدەسـت‌هێنابـوون ئـارەزووی ئیمپراتـۆری‌یەتێکی گـەورەو بەربڵاودروست‌کردنی تێدا هێنابووە گۆڕێ • بۆ بەجێ هێنانی ئەم نیازەیش تەنیا هەر ئەوە بوو پشت بە شیعە ببەستێ کە بە یەکە هێزی دەزانی • هـەر لەبەر ئەمەیش بـوو کە لەبەرایی فـەرمانڕەوایی‌دا (١٥٠٤)لەسـەر «بەگوێ‌نەکردنی» ئایین‌و مـەزەب خەڵکێکی زۆری لـە شاری تەورێـز بەهەڵاواسین‌داوە •

شا سماییلی سەفەویی یەکەم هێند لە خۆی بایی بوو بە لەشکرێکی کەمەوەو بە بێ هیچ خۆسازکردنێ بـە گژ لەشکرێکی دوو سەت هـەزار

کەسیی عوسمانی‌دا چووو لە ئا کام‌دا بەزی‌و بەزێرکەوت • کاتێکیش سپای عوسمانلی شاری تەورێزیان چۆڵ‌کرد ، شا هاتە ناو تەورێزەوەو خەڵکەکەی گوایە ، لەبەر ئـەوەی بەربەرەکانێی عوسـمانی‌یان نەکردبوو ، سزادان (١٨١،١١٣) •

لەبەر هەندێکە ، شا سمایلی سەفەوی لەو سیاسەتەی‌دا کە بەرانبەر بە کوردستانی بەکارهێنا ڕێگای بە ڕوودانی هێندێ هەڵـە داو سەرەنجام سەرۆك‌هـۆزەکانی کورد لەگەڵ عوسمانی‌یەکان‌دا یەکیان‌گرت‌و پڕوپاڵاتە لە دژ سەفەوی‌یەکان پەرەی سەند •

بەکارهێنانی سیاسەتی چەوت‌و چێڵ‌وخراپی شا لە دژ سەرۆك‌هۆزەکانی کورد لە سەرای سولتانی نزیك‌خستنەوەو بەمە بناغەی ئەو شەڕانەی لـە کوردستان‌دا درێژەیان کێشا دامەزرا (٤١٦،٧٦) •

ئیدی بەم تەرزە هەردوو دەوڵەتەکە ، بۆ بەرژەوەندی خۆیان تیرەو هۆزەکانی کوردیان لە یەك ڕاست‌کردەوەو بە گژیەکدی‌یان‌دا کردن • ئەم سیاسەتـە لـە سەردەمی (١٥٢٣ــ٢٤ــ١٥٧٦)شـا تاماسپی یەکەم‌دا بـە شێوەیێکی توندوتیژ دەوامی کرد • هەر لەبەر ئەمەیش لـە سەرەتایەکانی فەرمانڕەوایی ئەودا ، چ لـە نـاو وڵاتەکەی خۆیان‌داو چ لـە دەرەوەی وڵاتەکەیانەوە برێ یاخی‌بوون لە دژ سەفەوی‌یەکان ڕوویان‌دا • هەر لـەو سەردەمەدا میر زولفوقاری سەرۆکی هۆزی کەلهوڕی کورد بە کۆمەگ‌و یارمەتیی ئەو کوردە شەڕکەرانەی لـە دەوروبەری لوڕستان بوون قەڵای بەغدای گـرت‌و فەرمانڕەوایی‌یێکی سەربەخۆی کـوردی لێ‌دامەزرانـد (١٠،٨٣ــ١٢) •بەڵام لـە ساڵی ١٥٢٩دا لـە لایـەن شاتاماسپەوە بـەزی‌و بەزێرکەوت •

بە گوێرەی زانیاریی سەرچاوەکان ، هەر لەو ساڵەدا ئوێلمە تەکەلوو ، بەگلەربەگی تەورێز بە لەشکرێکی حەوت هەزار سوارەوە لە دژ شاتاماسپ ڕاست‌بۆوەو خەزێنەکەی شای لە شاری تەورێز وەدەست‌هێناو ماڵ‌وسامانی

داراو دەوڵەمەندەکانی سەرلەبەر مووسادەرەکرد • بەڵام لەبەر ئەوەی زۆری پێ نەچوو لەشکری شا بەسەریدا زاڵبوو ، ناچار بەرەو ئەیالەتی وان هەڵاتو گوێبەفەرمانیی خۆی لە سوڵتان ڕاگەیاند (١٢،٨٣–١٨،٧٦، ٤١٨)•ئەم جۆرە ڕووداوانە پێوەندیی نێوان عوسمانیو ئێرانی پتر توندوتیژو کرژتر کرد ، هەر لەبەر ئەمە ، تەنیا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شاتاماسپی یەکەمدا دەوڵەتی عوسمانی چوار جاری هەڵکردووەتە سەر ئازەربایجان • چ لە سەروبەندی شەڕو چ لە وچاندانێکی کاتەکیدا نەتەوەکانی کوردو ئەرمەنیو گورجی لە لایەن ئەم دوو دەوڵەتەداگیرکەرەوە تالانوبڕۆ کراونو وڵاتەکانیان بوون بە مەیدانی شەڕوشۆڕ •

لە ساڵانی ١٥٣٢–١٥٣٤دا کاتێ سوڵتان سولەیمانی غازیی یەکەم هێرشو دووەم هێرشی بۆ سەر ئازەربایجان کرد ئەو قزڵباشانەی وەدووی لەشکری دژمن کەوتبوونو ڕاویان دەنان ، چوونە نێو کوردستانەوە • بە پێی زانیاریی سەرچاوەکان شەڕەکە لە نێوان هەردوو لەشکرەکەدا بۆ یەکەم جار لە ویلایەتی ئەرجیش دەستی پێکرد • حەسەنی ڕوملوو دەنووسێ : « لەم شەڕەدا سەنان پاشا کوژراو قزڵباشەکان قەڵاکەی ئەرجیشیان گرتو بە کوڕەکەی ئەحمەد سوڵتان سۆفی سپێردرا »(٥٩، ٢٦٠، ٧٤، ٦٩) •

شاتاماسپی یەکەم لە ساڵی ١٥٣٣دا بە لەشکرێکی پێنج هەزارو چوارسەت کەسییەوە چوونە ناو کوردستانەوەو گرتنی میرنشینەکانی عادیلجەوازو ئەرجیشی لە کتێبەکەیدا نووسیوە (٣٤،٨٣–٣٩)•هەر لەو سەروبەندەدا ویلایەتەکانی کوردستان یەك لە دوای یەك تالانکران •

بە گوێرەی «شەرەفنامە» ، لە ساڵی ١٥٣٤دا شاتاماسپ ویلایەتەکانی ئەخلاتو مووشو بڕێ ویلایەتی دیکەی کورد لە لایەن بەدرخان ئوستاجلووەوە تالانکراون (٤٤٢،٧٦) • بەڵام لەشکرەکانی شا تووشی بەربەرەکانێیی توندوتیژی گەلی کورد هاتوون • هەر لەبەر هەندێکەیش شەڕکەرانی لە زێدو نیشتمانی خۆداکۆکیکەری ئازای کورد بەوپەڕی

دڵڕەقی‌یەوە مەحـکەمەدەکرانو دیوانیان‌بۆدەگیرا . بدلیسی دەنـووسێ ، کاتێکی شاتاماسپ لە سالی ١٥٣٤دا قەلایەکەی ئەرجیشی گرت ، شەست کەس لەوانەی داکۆکی‌یان لە قەلایەکە کردو لەدژ لەشکری شـا ڕاپەڕین لـە تـیرەی بـە ختی برینـدارکـرانو بـەدیـل گیران . بـەوپـەڕی بێ‌بەزەیی‌یەوە ، شـا فەرمانی پێست‌گورووڼو بـە ئازارو ئەشـکەنجەوە کوشتنیانی داوە (٤٤٢،٧٦) .

ئەم هەموو ئەشکەنجەو ئازارانە نەی‌دەتوانی بوونی نەتەوەو نژادی کورد لەنێوبەرێ . بـە پێی زانیاری‌یەکی لـە «شەرەفنامە»دا نووسراوە ، شاتاماسپی یەکەم بـۆ ئەوەی بابانەکان بکا بـە پیاوی خۆی سێ جاری لەگەڵدا بە شەڕهاتوون ، بەلام لە هەموو جارێکدا بەزیوەو ژێرکەوتووە (٢٨٣،٧٦) .حەسەن ڕوملوو دەڵێ : « شاتاماسپی یەکەم لە سالی ١٥٣٩دا بەهرام میرزای بـۆ تالانکردنی کوردستان نارد . کوردسـتان تالانکراو قزلباشەکان بە تالانیی گەورەوگرانەوە بۆ تەوریز گەڕانەوە »(٢٩٣،٥٩) .هەر لـەو سالەدا شاتاماسپ ویلایەتەکانی عادیلجەوازو ئـەرجیشو ئەخـلاتی تالانکردو قەلای بارگیری گەمارۆداو پاش مانگێ گەمارۆدان قەلایەکەی گرتو بە دیوان ئەمیر مووسلوو بەگی سەفەویی سپارد (٧٦،٢٣٣ــ٢٣٤) .

ئیتر بەم ئاوایە ، بە درێژایی سەدەی ١٦هەمو پاش ئەو سەروبەندەش سیاسەتی تالانکردنی گەلی کوردو بەربادو پەرێشانکردنی کوردستان لـە لایەن دەولەتی سەفەوی‌یەوە مێژوونووسانی دەرباریش دانی پێدا دەنێن .

حەسەن ڕوملوو دەڵێ : « قزلباشەکان بە فەرمانی شاتاماسپ هـەر فیتنەکارێکی تورکیـان ، لـە هـەر جێگایێ وەگیرکەوتبـا بێ سێ‌ودوو دەبوا بیکوژن» (٣٠٦،٥٩) . یەکێ لە هۆیەکانی ئەم سیاسەتە خراپەی شـا کە لە هەق گەلی کوردی بەکاردەهێنا ئەوە بوو چونکە سوننی‌مەزەب بوون . چونکە ئەو ڕۆژگارە ، شاکانی سەفەویشو سولتانەکانی عوسمانیش ئـەو شەڕی داگیرکاری‌یەی لە دژ یەکدی‌یان دەکرد نێوی «جیهاد»یان لێ نابوو .

هەر لەبەر ئەوەیش بوو قزلباشەکان کوشتنی کوردو تالآن‌وبڕۆکردنیان بە فەرمانێکی ئایینی دەزانی • وێـڕای ئەمەیش هـەردوو دەوڵەتەکە ئـەم سیاسەتەیان بەرانبەر بـە نەتەوەی ئەرمەنیش‌و گـورجیش درێژەپێ‌دەداو لەسەری دەڕۆیشتن • تەنها هـەر لـە سالی ۱٥٤۰ــ۱٥٥٤دا شاتاماسپ چوار جارانی هەڵکوتایە سەر گورجستان • حەسەن ڕووملوو دەنووسێ : « لە کاتی هەڵکردنەسەرو هێرش‌بردن‌دا ئـەو گورجی‌یانەی پەنایان بـۆ کەژوکێوو کەنیسەکان بردبوو ، هـەرچی یەکیان هەبووو نەبوو لـە لایەن لەشکری ئیسلامەوە تالآن‌کراو چەندین هەزار کەس لە گورجیی کافر بـۆ جەهەندم نێردران » (۳٥۲،٥۹) •

ئیدی بەم جۆرە ، ئـەم شەڕانەی لـەدژ گەلەکانی کوردو ئەرمەنی‌و گـورجی دەس‌پێ‌کـرابوون هەرچەنـدە بـە ناوی دیـن‌و مەزەبەوە پەردەپۆش‌دەکران ، بـەلآم لـە بنەڕەت‌دا خزمـەتی نیازی داگـیرکاری‌و تالآن‌کاری‌یان دەکرد •

لـە سـالی ۱٥٤۸دا کاتێ سولتـان سولەیمانی غـازی سێ‌جارانی هەڵکردەسەر ئازەربایجان دیسان کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕ • ئەیالەتی دیاربەکر بوو بە مۆڵگەی سپای دەوڵەتی عوسمانی‌و ئەیالەتی ئەرزنجانیش بوو بە مۆڵگەی قزلباشەکان • ئەم لەشکرە داگیرکەرانەی لـەم شوێنانەدا مۆلیان‌خواردبوو میرنشینە کوردەکانیان یەك لە دوای یەك تالآن‌وبڕۆ دەکرد • بە گوێرەی سەرچاوەکان هەر لە کاتی ئەو شەڕو شالآو هێنانەدا ئەو دەستە قزلباشانەی ئیسماعیل میرزاو سولتان قاجاری گوێنگجە سەرکردایەتی‌یان دەکردن لە ناوچەو هەرێمەکانی ئەرزەڕۆم‌و قارس‌دا ، لە حەوت هـەزار کەسیان پتر کوشتبوو • حەسەن ڕووملوو دەڵێ : « ئـەم کوژراوانە پێنج هـەزار کەسیان پتر لـەو کوردە کرێکارو سنعاتکارانە بـوون کە بـە زۆری زۆردارەکی لـە ویلایـەتـە جیـاوازەکانی کوردسـتانەوەیـان خڕکردبوونەوەو بەگەڵ سپاخرابوون • لەو سەردەمەدا شاقولی ئەفشار کـە

تالآن‌کردنی ویلایه‌تی ئه‌خلاتی بێ‌سپێردرابوو ، پێنج هه‌زار ئه‌سپ‌و سه‌ هه‌زار سه‌ر مه‌ڕو په‌نجا هه‌زار سه‌ر مانگای به تالآن هێنابوو » (٤٧،٣٣١،٥٩، ٧٣) •

شاتاماسپی یه‌که‌م ددان به تالآن‌وبڕۆکردنی میرنشینه کورده‌کان له‌ لایه‌ن قزلباشه‌کانه‌وه‌دا ده‌نێ‌و ده‌نووسێ : « بۆ ڕاوه‌ماسی ده‌چووین ، له ڕێگا تووشی بیست که‌سی پیاده هاتین ، لێمان‌پرسین ، کێن ، گوتیان ، خه‌لکی خونسین ، میرنشینه‌که‌مان به جۆرێ تالآن‌کراوه ، ئه‌گه‌ر له‌وێ مابینه‌وه له برسان ده‌مردین • ئه‌وه‌تا بۆ دیاربه‌کر ده‌چین • شا ده‌نووسێ ، بۆ حالیان گریام‌و بێژم له سه‌وه‌وکاری ئه‌م کرده‌وانه هاته‌وه که ئه‌لقاس میرزا بوو » (٥٨،٨٣) •

ئیدی به‌م ڕه‌نگه له سۆنگه‌ی ئه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌ی کورد دراوسێیی دوو ده‌وله‌تی گه‌وره‌و داگیرکه‌ر بوو کاره‌که ته‌نها به تێداچوونی سه‌رو تالآن‌کردنی سه‌رووه‌ت‌و سامانه‌که‌ی نه‌ده‌بڕایه‌وه ، به‌لکو ولآته‌که‌یشی وێران‌و به‌رباد ده‌کراو داری به سه‌ر به‌ردیه‌وه نه‌ده‌ما • حه‌سه‌ن ڕوملوو ده‌نووسێ : « خۆ ویلایه‌تی ئه‌رزنجان هه‌ر به‌جارێ له ژێر سمی ئه‌سپی له‌شکری شادا کاول‌و خاپوور کرا ، شاره‌که ئاگری تێ‌به‌ردراو تالآن‌کراو خاکی ئه‌و ولآته به بای فه‌نا درا» (٣٣٤،٥٩) • هێندێ له مێژوونووسانی سه‌رده‌م به کۆمه‌ڵقه‌لارکردنی کوردو ساف‌له‌ساف تالآن وبڕۆکردنی ولآته‌که‌و به‌وپه‌ڕی وێرانی‌و په‌رێشانی گه‌یاندنی به نموونه‌ی که‌له‌مێردایه‌تی‌و قاره‌مانێتیی سپای شاو سولتان له قه‌له‌م ده‌دا •

حه‌سه‌ن ڕوملوو له باسی ڕووداوه‌کانی سالی ١٥٤٨دا ده‌نووسێ ، « شا له‌شکری کرده‌سه‌ر ویلایه‌ته‌کانی ئه‌خلات‌و گوێزه‌ڵده‌ره‌و عادیلجه‌وازو خوێشی هه‌ڵی کرده سه‌ر مووش‌و وای وێران‌کرد ئاسه‌وارێ له خانووبه‌ره‌و ده‌غڵ‌ودان نه‌ما » (٣٣٣،٥٩) • هه‌ر له‌و ڕۆژگاره‌دا ویلایه‌تی خه‌رپووتیش تالآن‌کراوه •

ئیتر بەم جۆرە کوردی بەزۆر بۆ نێو ڕیزی لەشکری هەردوو دەوڵەت ڕاکێشراو دەبوو بە گوری‌و گاوگەردوونی شەڕی داگیرکاری‌و خاکی کوردستانیش بە تاڵان‌و بڕۆ دەچوو •

لە ئاکامی ئەوەی پاش شەڕی چاڵدیران سەرۆکەکانی تیرەو هۆزە کوردەکان کەوتنە ژێر تەئسیری عوسمانی‌و ئێرانەوە گەلێکی‌براو هاوخوێن بوون بە دژمنی باب‌کوشتەی یەکتر • لە ساڵی ١٥٥١دا بەفیتی حوکوومەتی سوڵتان هۆزی مەحموودی بە سەر هۆزی دونبولیی ناوچەی خوی‌دا دەدەن‌و سەرۆکی هۆزی دونبولی حاجی بەگی دونبولی دەکوژرێ • شاتاماسپیش بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە مەعسووم بەگی سەفەوی‌و شەمسەددین خانی بدلیسی بۆ تاڵانکردنی کوردستان دەنێرێ • حەسەن ڕوومڵوو دەنووسێ : « لە کاتی ئەم هێرشەدا ویلایەتەکانی ئەرجیش‌و بارگیری‌و مووش‌و ئەخلات‌و عادیلجەواز ، سەرلەبەر تاڵانکراون‌و لە چوار سەت کەس زێترکوردکوژراون» حەسەن ڕوومڵوو درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێ : «تەنها هەر لە ویلایەتی ئەخلات سی هەزار سەر مەڕو دە هەزار سەر مانگاو گامێش‌و سێ هەزار ئەسپ بە تاڵان هێندراون » (٥٩،٣٥٨) •

لە ساڵی ١٥٥٢دا تاڵانکردنی کوردستان دیسان دووبارە بۆوە • بە گوێرەی نووسینی حەسەن ڕوومڵوو ، هەر لەو ساڵەدا شاتاماسپ شازادەی ئێرانی بۆ تاڵانکردنی ویلایەتە کوردەوارییەکان ناردووە • لە ئاکامی شاڵاوبردن‌دا کوردێکی زۆر کوژراون‌و هەرچی‌یەکیان هەبووەو نەبووە چەپاودراوەو بە تاڵان ڕۆیشتووە • مێژوونووسی نێوبراو دەنووسێ : « قزلباشەکان بە مێگەلەمەڕێکی زۆرو ڕەوە ئەسپێکی فرەو تاڵانی‌یەکی ترەوە گەڕانەوە » (٥٩،٣٧٢)•

قازی ئەحمەدی قەزوینیش کاتێ دێتە سەر باسی ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی کوردستان ، لەبارەی گرتنی قەڵای ئەخلات‌و گەمارۆدانی قەڵای ئەرجیش لە لایەن لەشکری شاوەی نووسیوە (١٠٠،٣١٠) • لە ساڵی ١٥٥٢دا

سوڵتان سولەیمانی غازی بۆ چوارەم جار هێرش‌کردنە سەر ئازەربایجان خۆی ئامادە دەکرد • شاتاماسپ هەرکە بەم خەبەرەی زانی بۆ ئەوەی شەڕەکە بخاتە کوردستانەوە ، لە ساڵی ١٥٥٣دا هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە • شا ویلایەتی ئەخلاتی کرد بە مۆڵگەی سپاکەی و لێرەوە هەڵی‌دەکوتایە سەر ویلایەتەکانی دیکەی کوردستان • بە پێی نووسینی حەسەن ڕوومڵوو ، بە فەرمانی شا ویلایەتەکانی وان و بۆستان و بدلیس و عادیلجەواز و ئەرجیش و مووش بەدەست قزلباشان تاڵان‌کراون و سەرلەبەر ئاگریان تێ‌بەردراون (٧٦،٤٧،٣٧٦،٥٩) •

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ، سەرەڕای ئەم هەموو کوشتن و بڕین و وڵاتداگیرکردن و تاڵان‌وبڕۆکردنەی کورد لە لایەن هەردوو دەوڵەتی دراوسێوە بڕێ لە مێژوونووسانی سەراو دەرباری چەرخ و سەردەم هێشتا کوردیان بە ڕێگرو تاڵانکەرو دزو جەردە لەقەڵەم‌داوە (٤٣٠،١١٣) •

کەچی شەمسی تەبریزی ئاوهای نووسیوە :

دزد دیدم کو کند دزدی ولی

دزد مارا بین که او دزدید کرد

بە کوردی‌یەکەی :

« دزم دیوە دزی دەکا ، بەڵام تۆ تەماشای

دزەکەی ئێمەکە : ئەو کوردیش دەدزێ ؟! »

جا چ پێوەندیی عوسمانی و چ پێوەندیی سەفەوی‌یەکان بە گەلی کوردەوە شێوەیێکی هێند ناقۆڵای گرتبوو ، حوکوومەتی سوڵتان ئەو سەرەك‌هۆزە کوردانەی پاراستنی سەرسنوورەکانی عوسمانی ـ ئێرانیان پێ‌سپێردرابوو نازناوی پاشای دابوونێ و پاشایەکانی سەفەویش هەر ئەوانەی ئەم کارەیان بۆ ئەوان دەکرد نازناوی سوڵتانیان دابوونێ و بەمە گاڵتەیان بە یەك دەکرد • بە پێی بڕوای ئەمانە گوایە کورد نە شایان ، نە سوڵتانیان لێ‌هەڵ‌دەکەوێ ، بەڵام مێژوو بۆ خۆی شایەتی ئەوەیە کە

سیماوڕەنگو ڕووی گەورەگەورە لە نەتەوەی کورد هەڵکەوتوون .
خۆلاسە ، پێوەندیی دەوڵەتی ئێرانو دەوڵەتی عوسمانی هەر لەسەر هەمان تاسوحەمام گیرسابۆوەو هەر بەو جۆرە بەکاردەهێندرا .

لە پاشانیش هەر ئەم سیاسەتە بێ گۆڕان دەوامی دەکرد . لەسەردەمی شا سماییلی دووەمو (١٥٧٦ــ١٥٧٨)شا سولتان محەمەد (١٥٧٨ــ١٥٨٧)دا ناکۆکیی نێوان سەرکردە قزلباشەکان توندوتیژ بووو مەترسیی لەتوپەتبوونی ولاتەکە بە چەند وردە دەرەبەگایەتییەکەوە زیادیکرد .
سەرەکهۆزانی کوردیش کەڵکیان لەم بارودۆخە وەرگرت . هێندێکیان لە پێناوی سەربەخۆییدا دەستیان بە خەبات دەکردو هێندێکشیان دەبوون بە تابیعو پیاوی دەوڵەتی عوسمانی .

بدلیسی دەنووسێ : « لەسەردەمی شاسولتان محەمەددا فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان دایە کزیو بێ هێزی ، لە ساڵی ١٥٨٣دا ئەمیر بەگی سەرۆکی هۆزی موکریش وەك میرانی کوردستانو لوڕستانو ئەردەڵان بوو بە دەستداو گوێبەفەرمانی سولتان مورادی سێیەم » (٢٩١،٧٦) . لەم سەروبەندەدا بڕێ ناوچەو هەرێمی ئازەربایجان لە لایەن سپای عوسمانییەوە داگیرکرابوون .

بە پێی بیروبڕوای یەکێ لە مێژوونووسانی سەردەم ، ئیسکەندەر مونشی ، سولتان مورادی سێیەم گوایە بە فیتو دنەی سەرەکهۆزە کوردەکان هێرشی بردووەتە سەر ئازەربایجان . مێژوونووسی ناوبراو دەنووسێ : « هێندێ کوردی مایەفیتنەو شۆفار ، لەمانە غازی قرانو شاقولی بولبولانو هی دیکە بەو بەندوباوەی کە تایبەت بە خاوەن زەویزارەکەڵکیان لە بارودۆخی کاتو شوێن وەردەگرت » (٢٣١،٤٧) . بەڵام بە لای ئێمەوە هێرشەکەی سولتان مورادی سێیەمیش بۆ سەر ئازەربایجان وەك هێرشو شەڕوشۆڕەکانی پێشوو هەر لە ئاکامی ڕکەبەریو پێشبڕکێی هەردوو دەوڵەتەکەوە سەریهەڵداوە . ئەوەی پێویستە بگوترێ ، لەو

شەڕەدا زۆربەی کورد بە تەواوەتی چوبوونە پاڵ دەوڵەتی عوسمانیو لەدژ سەفەوییەکان شەڕیاندەکرد • هەر لەبەر ئەمەیش بوو کە لە ساڵی ١٥٨٥دا لە شەڕەکەی شارۆکەی سەعدئابادی لای تەوریزو چلدیری لای شیروان کوردێکی زۆر کوژراون •

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی شا عەباسی سەفەویی یەکەمدا (١٥٨٧ــ١٦٢٨) سیاسەتی پێشوو لەهەق کورد بە جۆرێکی دیکە بوو • لە سەرێکەوە بـۆ پاراستنی خاکی خۆی لە شالاوی ئوزبەگەکان ١٥ هەزار ماڵە کوردی بـۆ خۆراسان کۆچپێ کردنو لە سەرێکی دیکەوە لەگەڵ سەرەکهۆزەکوردەکاندا سەروساختی خزمایەتیی بنیات ناو لەبەرانبەر دەسبزێویی عوسمانییەکان داکۆکییلێدەکردنو لەسەری دەکردنەوە ، چونـــکە شاکانی سەفەویشو سوڵتانەکانی عوسمانیش لەوە چاك گەیشتبوون کە کوردەکان لە شایێك ، یا لە ســولتانێکی ( داد پــەروەر ) دەگەڕێن هەر بۆیەش ئەوان لە هێندێ باروحاڵەتاندا سەرەکهۆزە کوردەکانیان بە لای خۆیاندا ڕادەکێشاو پتریان وشارو شالاو بۆدەهێنان •

ئیتر بـەم جـۆرە گەلی کوردی بـەر وشارو شالاوی دوو دەوڵەتی دراوسێ کـەوتـوو ، لـە شەڕەکانی عوســمانیو ئێراندا کـە بـە درێژاییی سەدەی ١٦ هـەم دەوامی کـرد زەرەروزیانی لـە ئەندازەبەدەر کردووەو کوشـتارێکی زۆری داوە • هـەر ئـەو شەڕانە بـۆ خەلکی ئازەربایجانیش ماڵوێرانیو فەلاکەتێکی گەورەوگران بـووە • سەبارەت بەوە کە بڕێ ویلایەتی ئازەربایجان بـەر وشارو شالاوی عوســمانییەکان کەوتوون هـەر بـە جارێ بەربادبوونو ئاســەواریان نەماوە • بدلیـسی دەنووسێ : « لـە سەردەمی شا سوڵتان محەمەددا سوڵتان عەلیی سەرۆکی هۆزی دونبولی بەسەر ئەو هۆزەدا ڕادەگەیشت ، بەڵام لەبەر شەڕوهەرا ، ئـەم ناوچانـە ( ناوچەکانی خـووی ــ ش•م )هیـچ خـەرجو باجێکی لێوەدەستنەدەهات • سوڵتان عەلی لەو خەرجو باجەی لە دۆڵی ئەلەگەزی

ئەخچەوانو ناوچەکانی شەروور وەدەستدەهات کۆمەگ دەکرا »(٣١٥،٧٦)•

لە شاڵاوبردنی عوسمانی‌یەکاندا بۆ سەر ئازەربایجان تاوانی لە ئەندازەبەدەر رووی داوە • تەنانەت لە سەروکاتی سولتان مورادی سێ‌یەمدا ١٥ هەزار کەس لە خەڵکی تەوریز لە یەك رۆژدا لەناوبراون (٢٧٦،٧٨)•هەر لەسەروبەندی ئەو داگیرکرانەدا برێ لە شارو گوندی ئازەربایجان لە لایەن عوسمانی‌یەکانەوە بەرێوەدەبران • ئەمانە داوای خەرجوباجێکی زۆریان لەم شارو گوندانە دەکرد • بدلیسی دەنووسێ : « لە ئاکامی تاڵانکردنی مەراغە بەدەست عوسمانی‌یەکانو کۆچ‌وڕەوکردنی خەڵکەکە بۆ شوێنانی دیکە لە جیاتی هەموو ساڵێ ١٥ خەروار زێڕ ، تەنها خەرواری خرەدەکرایەوە » (٢٩٤،٧٦) •

ئیدی بەم جۆرە شەڕی ئێرانو عوسمانیی درێژخایێن نەك هەر گەشەکردنی ژیانی ئابووریی کورد ، بگرە هی خەڵکی ئازەربایجانیشی شەلو گۆج دەکردو هەر بە جارێ تێکی‌دەشێواندو تووشی نەهاتیی دەکرد • بێ‌گومانژیانی کوردەکان لەو سەردەمەدا زۆر خراپو نالەبارتر بووە •

وێڕای ئەم هەموو ڕووداوە مێژوویینەو سیاسی‌یانەی باسمان کردن باری ژیانی ئەو کوردانەی ببوون بە دەستداو گوێ‌بەفەرمانی سەفەوی‌یەکان ، لە چاو ئەو کوردانەی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوون دەتوانین بڵێین هێندە نالەبارو گران نەبوو • هۆی ئەمەیش ئەوە بوو کە میرانی کورد خزمایەتی‌یان لەگەڵ شاکانی سەفەوی‌دا پێك‌هێنابوو • بە نموونە ، ژنەکەی میری حەسەنکێف ، مەلیك خەلیل خوشکی شا سمایلی یەکەمو یەکێ لە ژنەکانی شاتاماسپی یەکەم خۆشکی یەکێ لە میرانی کوردو خوشکی شاعە باسی یەکەم ، زەڕین کولاە ژنی فەرمانڕەوای ئەردەڵان خان ئەحمەد خان بوو (١١٤،١٠٠—١٠١) •

ئەم پێوەندی‌و خزمایەتی‌یەی نێوان خەڵکی کوردو خەڵکی ئازەری ، کەم‌وزۆرێ کارێکی چاك‌و ئیجابیی لە مەسەلەی دۆستایەتی‌و وەفاداری‌دا دەکرد •

بە گوێرەی زانیاریی سەرچاوەکان شاکانی بنەماڵەی سەفەوی لە هێندێ حاڵاندا لە خاکی ئازەربایجان میرنشینیان بۆ کورد تەرخان کردووەو بۆ بەڕێوەبردنی ئەیالەتو ویلایەتی دیکەی ئێران کوردیان دادەنا(٧٦، ٤٤٠–٤٥٠)• بێ گومان کارێکی وا لە لایەن عوسمانی یەکانەوە هەر گیز نەدیتراوەو کەسیش نەی گوتووە•

* * *

## سەروساختی عوسمانی‌یەکان لەگەڵ کورددا

لە سەرەتای سەدەی ١٦هەم‌دا نوێنەری هەشتەمینی بنەماڵەی عوسمانی سوڵتان بایەزیدی یەکەم ، کە لە ئاسیای بچووکدا فەرمانڕەوایی دەکرد ، درێژەی بەو سیاسەتە دەدا کە بۆ پێکەوەنانی ئیمپراتۆری‌یەتێکی بەربڵاو بەکاری‌دەبرد • بنەمای ئابووریی ئەو فەرمانڕەوایی‌یەی سوڵتان سەرۆکایەتیی دەکرد ئەو نیشتەنی‌بەگوندی‌و شاری‌یە زەحمەتکێشانە پێکیان‌دەهێنا کە لە لایەن دەرەبەگەکانەوە دەچەوسێندرانەوە • هەرچی بنەما کۆمەڵایەتی‌یەکەیشی بوو ، ئەوە خاوەن‌زەوی‌زار : ئەو پیاوە گەورە دەرەبەگە جەنگاوەرو چینی ڕۆحانی‌یەی سەروو نەجیوزادانەبوون کە پشتیان بەو چەوساندنەوەیە ئەستوور بوو • پشتیوانەی جەنگیی دەوڵەتی عوسمانی جگە لەو زەحمەتکێشانەی ژیانی کۆچەرایەتی‌یان بەسەردەبرد هاونیشتمانی تورکی بەزۆرەملێ بۆ ڕیزی سپا هێندراوو خەڵکی ژێردەست‌و دیلی ویلایەتەکان بوو •

سوڵتان بۆ خۆی هەمەکارەی سەرانسەری وڵات بووو دەسەڵاتی لە هەموو سنووری بەدەربوو • بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەت‌و ئەیالەتەکان فەرمانڕەوای خاوەن زەوی‌زاری گەورەی دادەناو نازناوی پاشایەتیی دەدانێ • لە دەرباری سوڵتان‌دا سەرەك‌وەزیر (وزیراعظم)ی بە پلەی هەرەگەورەی وەزیفە دەژمێردرا • لەبەر ئەوە هەموو وەزیرو پاشاکانی سوڵتان لە هەموو شەڕەکانی حوکوومەت‌دا بەشداری‌یان دەکرد • سوڵتانە تورکەکان کە خێوی ئەوپەڕی دەسەڵات‌و حوکمڕانی بوون لەسەر سیاسەتێکی تایبەتیی دڵڕەقانەی زۆردارانە دەڕۆیشتن ، تەنانەت هەر کاتێکیان ئارەزوو لێ‌بوایە سەری سەرەك‌وەزیریشیان دەپەڕاند ( ٥٧،١٢٨،٥٧٢،٧٣ ) • بە پێی زانیاری‌یەکی لە سەرچاوەکان‌دا نووسراون سوڵتانی وا لە ڕیزی

سوڵتانەکانی عوسمانیدا هەڵکەوتووە نۆزدە بـرای خۆی لـە ڕۆژێکدا تاساندوون ( ٧٨،١٠٣،٣٠١،٥٥١ ) •

ئیدی بەم جۆرە لـە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا ، جگە لـە دەوڵەتی سەفەوی ، حوکوومـەتی بەدەسـەڵاتی عوسـمانیش لـە بەشی ڕۆژاوای باکووری کوردستانی لـە هەموو سەرێکەوە کزولاوازدا هـەر خـۆی حەساوبوو • عوسـمانییەکان لـە مێژبوو بـە نیازی دامەزرانـدنی ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەوە بـوون ، بـۆ بەدیهێنانی ئـەم نیازەشیان ، کوردستان سەرنجی زۆر ڕادەکێشان • چونکە کوردستان جگە لەوە کە لە شەڕی داگیرکاریی سوڵتانەکاندا هاوبـەشبوونی مـیرانی کوردی بـە زەویوزار دابین دەکرد ، هەروەها بەرانبەر بە حوکوومەتی سەفەوی خاوەن دەسڕۆیییەکی ماددیو مەعنەویشبوو • وەك لەپێشەوە باسمان کـرد ئەم دەسڕۆییو ئیمکاناتەی لە کوردستاندا هەبوون سەرنجی دەوڵەتی سەفەویی دراوسێیشی ڕادەکێشا • جگە لەمانە بـە نیازی داگیرکردنی ئەرمەنستانو گورجستانیشەوە چـاوی بڕیبووە ئازەربایجانیش • چونکە لـە سەدەی ١٦ هەمدا ئاوریشمی ئازەربایجانیش وەك پەزو خوریو بەرهەمی دیـــکەی کوردستان یەك لـەو کەرەستە خاوانە بـوون بازاڕەکانی ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژاوایان دەوڵەمەند کردبوو • لەسەرێکی دیکەشەوە حوکوومەتی عوسمانی دەیویست ئاغایەتیی ڕێگاوبانـەکانی بازرگـانیو شـەڕوشۆڕی نێـوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوا وەدەستەخۆگرێ •

ئیدی بەم ڕەنگە ئەم پێشبڕکێیە ، یا هی دیکەی نێوان دوو دەوڵەتە گەورەکە هەر لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە کوردستانی خستەبارێکی پڕ مەترسیو نالەبارەوە • سوڵتان بایەزیدی دووەم لـە پێشان بەرانبەر بـە کوردستان سیاسەتێکی بـەدەڵو دەهۆی نـەرمی بەکارهێنا • ئـەم بـە پێچەوانەی شاسماییلی یەکەمەوە بەرانبەر بـە نەتەوەی کورد دەستی لـە سیاسەتی چـەكبەکارهێنان هەڵگرت • بۆ ئـەوەی سەرلەبەری سەرۆكو

میرەکانی تیرەو هۆزە سوننیمەزەبەکانی کورد بەلای خۆدا ڕاکێشێ ، خۆی بە میراتگری جیهانی ئیسلامەتیو داکۆکیلێکەری مەزەبی سوننی لەقەلەمدەدا

حوکوومەتی سولتان ، بۆ داگیرکردنی کوردستان نیازی راستەقانیی خۆی بـە دروشمی ئایینیبەوە پێچاو بڕیاریدا کەڵك لـەو میرەکوردانـە وەرگرێ کە لە دەولەتی سەفەوی لالووتو ناڕازی بوون • بە پێی کتێبی ( مونشەئاتی سەلاتین )ئەو کاغەزەی سولتان بایەزید لە سالی ۱۵۰۳دا بـۆ میری چەمەشکەزەك ، حاجی ڕۆستەم بەگی ناردووە جارێکی دیکە ئـەم ڕاستیبە ڕوون دەکاتەوە • لەم کاغەزەدا نووسراوە : « حاجی بەگ ، سلاو ! دوای سلاو ، ئەم نامەیەی لە لایەن پادشاوەتان بۆ نێردراوە بخوێننەوەو بزانن کـە قزلباشەکان ، ماوەیێکی دووردرێژ لـەگەڵ سەرکردەکانی دەولەتی بایندوردا ملیان لە دژمنایەتی دەناو دەستدرێژییان دەکردە سـەر پایەی بلیندمان • وا ئەلئەقران کەیوانو چاوەشمان بۆ ویلایەتی ئێوە نارد • هەموو ڕاستییەکان لە ئێوە ڕوونو ئاشکران ، بـەم نامەیە ئاگادارتان دەکەم کـە هەر ڕووداوێکی لە بارەی ئەو ناوەوەی دەزانن هەمووی لـەم دوو کەسە بگەیێننو ئەوەیش بزانن کە ئـەم کارەی ئێوە دەبێ بـە مایەی بەزەیی شاهانەی ئێمە » (۳۵۳،۹۸) •

حاجی ڕۆستەم بەگ بەم داخوازەی سولتان ڕازی نەبوو ، لە سالی ۱۵۰۹دا میرنشینەکەی خـۆی دا بـە دەست شاسماییلی سـەفەوییەوە • سولتان بایەزیدی دووەم ، بۆ لـە دژ دەولەتی سەفەوی بزواندنی مـیرو سەرەكهۆزانی کورد مەولانا ئیدریسی بدلیسیی ، بـۆ بەجێهێنانی ئـەم نیازە ، بە پێناوێکی زۆر لەبار زانی • بـەم نیازەوە مەولانا ئیدریس بـۆ دەرباری سولتان بانگکراو بە ناوی مێژوونووسی دەولەتی عوسمانی لـە دەرباری سولتاندا دامەزرا (۵۳۰،۱۲۳)•لە ڕاستیشدا ئەم پیاوە یەکسەر بۆ کوردستان ڕەوانەکراو لـە بەرژەوەندی حوکوومەتی عوسـمانی زۆر بەجەختەوە دەستی بەکارکرد •

ئیدی بەم ئاوایە کوردستان بووە مەڵبەندی چاوڕاوو پڕوپاڵاتەی ئایینیو مەیدانی شەڕی سارد لە نێوان پادشای دوو دەوڵەتی سیاسەت دژ بەیەکدی • لەم سەروبەندەدا سوڵتان بایەزیدی دووەم مرد • سوڵتان سەلیمی کوڕە چکۆلەی بە یارمەتیی سپاوە برا گەورەکانی هەموو کوشتنو خۆی چووە سەر تەختی پادشایەتی (٥٧،١٢٨) (١٥١٢–١٥٢٠) • ئەم پادشایە لەبەر ئەوەی لەدەرباری خۆدا بەوپەڕی دڵڕەقیو بێبەزەیییەوە هەموو کارێکی لە قازانجو بەرژەوەندی خۆی جێبەجێ کردووە بە نازناوی (یاوز) ناووبانگی دەرکردووە (٥٧،١٢٨) •

سوڵتان سەلیمییەکەم هەر لەسەر ئەوسیاسەتە ڕۆیشت کە باوکی لە دژ کورد لەسەری دەڕۆیشت • خۆ ڕەنگە نەبوو کەسێ بۆرە مەیلێکی بە لای مەزەبی شیعەدا بزوابا،هەر یەکسەر باسی سەری بووو پێستی دەگووڕا• سوولاقزادە جەخت لەسەر ئەمە دەکا ، دەڵێ : « هەرکە سوڵتان چووە سەر تەخت یەکسەر ڕاوێژکارانی دەوڵەتی خڕکردەوە ، پێی گوتن ! » ئەوەتا شاسماییل کە بووە بە کیسرای عەجەم ، بووە بە خاوەنی هەموو ئێرانزەمینو عیراقی عەرەبو ئازەربایجانو گەنجەو شیروانو گیلانو مازەندەرانو تەبەرستانو گشت کوردستان ، بە تایبەت ویلایەتەکانی گورجستانی سەرلەبەر خستوونە ژێر دەستی خۆیەوە • لەبەر ئەمە دەبێ لەپێش هەموو شتێکدا تیرەی شیعە سەرپاکیان لەناوبەرینو دنیا لە گەڕیان ڕزگارکەین » (٨٥، ٣٥٩) • فەرمانی دا هەرچی شیعەی خاکی دەوڵەتی عوسمانی هەن ، لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە تا حەفتا ساڵی ، یا بکوژرێن یا زیندانکرێن • بە پێی ئەم فەرمانە بە تۆمەتی شیعەگەرێتییەوە چلهەزار کەس کوژرانو ئەوانەی ماشنەوە نێوچاوانیان داخکردنو بۆ بەشی ئەورووپایان ڕادان (٢٥٨،٥٣،٣٩٥،٩٨) •

ئۆرووج بەگی بەیات دەنووسێ : « سوڵتان سەلیم بە فەرمانی ڕەسمی ، هەموو جۆرە هاوپێوەندیگرتنێکی ڕەعیەتی خۆی لەگەڵ ڕەعیەتی

شاسمایلدا قەدەغەکردو مەزەبی شیعەگەریی بە شتێکی لە یاسابەدەرو شیعەی بە کافر جاڕداوە » (١٤٨،٤٦) •

ئیدی بەم ڕەنگە سولتان سەلیم ناوەوەی وڵاتی عوسمانییلە لایەنگرانی شیعە پاككردەوەو کاری چاووڕاوو پڕوپاگەنەتەی لە ناو میرو سەرەك هۆزە کوردەکاندا تەواو کرد • سولتان نامەیێکی بۆ شاسمایل نارد ، داوای هێندێ لەو شوێنانەی قزلباشەکان گرتبوویان لێکردەوە ، بەڵام شاسمایل وەڵامی بە باشە نەدایەوە .• سولتان سەلیمیش ئەمەی کرد بە بیانووو یەکسەر هەڵیکردە سەر ئازەربایجان • کارل مارکس نووسیویە : « لەم شەڕەدا سەرپاکی هێزی عوسمانی‌یەکان هاوبەشی‌یان دەکرد » (٢٠٦،١) •

بە پێی سەرچاوەکانی مێژوو لە دوو هەزار شەڕکەر پتر لەم شەڕەدا هاوبەشی‌یان کردووە « (١٨٠،١١٣،١٤٣،٥٩) •لەم هێرشەدا بە زۆری میرو سەرۆکە کوردەکان بە هێزی چەکداری خۆوە هاوبەشی‌یان دەکرد • سولتان سەلیم هێزەکانی خۆی بە چەکی ئاگردار ئامادەکردبوو • لە ساڵی ١٥١٤دا لە خاکی کوردستانەوە هەڵیکوتایە سەر ئازەربایجان ، بەڵام لەشکرە غەیرە نیزامی‌یەکانی بەتایبەت لە کوردەکان ، نەیان دەویست شەڕ لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجاندا بکەن • بە پێی مێژوونووسانی تورك لەم شەڕەدا لەشکری غەیرە نیزامیی سولتان مانیان گرت ، نەچوونە پێشێ • بەم مانگرتنە سولتان هەمدەم پاشاو ئیسکەندەر پاشاو بالیەمەز عوسمان ئاغای سەگبان باشی کە لە پیاوە گەورە نزیکەکانی خۆی بوون ، کوشتن (٣٧٨،٨٥٠) •پاشان سولتان سەلیم لەبەردەم لەشکرەکەیدا ڕادەوەستێ دەڵێ : « من وا لە پێشەوە دەڕۆم ، ئەوەی پیاوە وەدووم کەوێ !» و ئەسپی خۆ تاودەدا (٥٧،١٢٨،٢٦١،٥٣) •لە ساڵی ١٥١٤دا لەشکری عوسمانی لە دووریی ١٤٠ کیلۆمەتریی تەوریز ، لە جێگایەکدا ، چالدیرانی پێدەڵێن ، لەگەڵ لەشکری شادا ڕووبەڕووی یەکدی وەستان • شەڕێکی زۆر توندوتیژ لە نێوان هەردوو لەشکردا دەستی پێکرد • گونابادی لە باسی ئەم شەڕەدا کە بۆ

ئەو سەروبەندە زۆرسامناك بووە ، دەنووسێ : « لەبەر ئەوەی لەشکری ڕۆم (عوسمانی-ش.م)زۆر لەکێش‌بەدەربووە ، لە ترووکەیەکدا پێنج شەش هەزار تفەنگ بە جارێ ئاگـردەدراو لە تاوی دووکـەڵ دنیا دەبوو بـە شەوەزەنگ » (١٧١،١١٣) • لەبەر ئەمە قزلباشەکان کە زۆر مەردانەو بـە جەرگـەوە دەگژ دژمن ڕادەچوونو شەڕیان دەکرد ، بـەرانبەر بە چەکی ئاگردار نەیان‌توانی خۆڕاگرن ، ناچار کشانەوە •

بە پێی نووسینی حەسەنی ڕوملوو ، لە هەردوولا پێنج هەزار کەس کوژراونو زۆریشیان لێ‌بەدیل‌گیراون • حوسەین بەگی لەلەی شاسمایلی یەکەمو محەمەدخانی ئوستاجلوو ، فەرمانڕەوای دیاربەکریش لە نێوان ئەم کوژراوانەدا بوون (١٤٩،٥٩) •

پاش سەرکەوتنەکـەی چاڵدیران لـەشکری عوسـمانی یەکڕاست هەڵی‌کردە سـەر شاری تەورێز • پاش ئەوەی شـەش ڕۆژی تێدامایەوە ، چۆڵی کـردو گەڕایەوە ، چونکە سوڵتان بڕیاری دابوو خاکی کوردستانو حەڵەبو شامو میسریش بگرێ • بە پێی قسەی مێژوونوسی تورك سەلیم سابت داگیرکردنی ئەم وڵاتانە تا ساڵی ١٥١٨ئینجا بڕاوەتەوە • (١٣،٧٤) •

پاش ئـەوەی کوردستان بوو بـە دەسداو پەیڕەوی فەرمانڕەوایی سوڵتانی عوسمانی جگە لەوە کـە سەرلەبەری تیرەو هۆزەکانی کورد لـە سپای عوسمانی‌دا هاوبەشی‌یان دەکرد ، سپای کوردستانیش بە جیا ، سازکرا• هەروەها لە هەمان کاتیش‌دا ئەیالەتی دیاربەکر کە هەرچی خەرج‌وباجێکی لە کوردستان بـۆ حوکومەتی عوسـمانی کۆ دەکرایەوە لـەوێ دادەنرا ، تێونرا خەزێنەی دیاربەکر •

ئیدی بەم جۆرە دەبوا سپای کوردستان لە هەموو شەڕوشۆڕەکانی دەوڵـەتی عوسمانی‌دا هاوبەشیی‌کـردباو هەمیشە لـە ڕیـزی پێشـەوەی قوشوونی عوسمانی‌دا بوایە • هەر لەو سەروبەندەدا حوکومەتی سوڵتان جگە لە داگیرکاری‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەورووپایش ، لەگەڵ

یۆنانستان‌و ئاوستریاو مەجارستان‌و سربیاو ئیتالیاو ئەڵمانیاو ڕووسیایش‌دا شەڕی‌دەکرد • هۆردووی عوسمانی کەڵکی لە چەکی ئاگردار ، کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات‌دا بە دەگمەن دەدیترا ، وەرگرت‌و توانی چەند بەشێ لە خاکی ڕۆژهەڵاتی ئێوەندو نزیك داگیرکا • بەڵام ئەو شەڕوشۆڕە دوورو درێژانەی کە حوکوومەتی عوسمانی لەگەڵ شاکانی سەفەوی‌دا دەی‌کرد ، ئەورووپای تا ڕادەیێ لە مەترسیی عوسمانی ڕزگارکرد • کەواتا دەتوانین بڵێین کورد لە سەرلەبەری شەڕوشۆڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی‌دا هاوبەشی کردووە •

بە پێی نووسینی هێندێ مێژوونووس ، هەر لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە شەڕی عوسمانی هەڵگیرساوەو شەڕێ نەبووە خوێنی کوردی تێدا نەڕژابێ • سەرباریش هێندێ مێژوونووسی تورك وائیددیعا دەکەن کە ئەو هەموو شەڕوشۆڕە خوێناوی‌یانە کە ٢٠٠ ساڵی پتر خایاندووەو بە ناوی شیعەو سوننی‌یەوە درێژەی پێدراوە بۆ داگیرکاری وڵاتی خەڵك نەبووە ، بەڵکو بۆ ڕزگارکردن‌و ئازادکردنی خەڵکەکە بووە • جەهانگیری کوڕی زەینەڵ دەڵێ ، سوڵتان سەلیم کەلە ئەورووپا ئیمپراتۆری‌یەتێکی گەورەی ئیسلامیی دامەزراندووە ، نیازی ئەوە بووە کوردستان‌و ئازەربایجان لە بن دەسەڵاتی فارس‌و عەجەم ڕزگارکا ( ٧٢،١١٤ــ١١٥ ) • بەڵام مێژووی گەلی کورد ڕاستیی ئەوەی چاك ئاشکرا کرد کە سوڵتانەکانی عوسمانی ئەم ڕزگاری‌خوازی‌یەیان بۆ ئەو میللەتانە چۆن بێ‌بەجێ‌کرد ، تەڕجێ‌بە ، تەڕ جێ‌بە جێ‌بە جێ‌یان نەکرد !

بەڕاستی شەڕوشۆڕەکانی سەدەی ١٦هەمی عوسمانی ــ ئیران بە پێی سرشتیان شێوەیەکی دیکەی ئەو شەڕوشۆڕانەی دەرەبەگەکانی ئەورووپا بوون لە سەدەی ١١ــ١٣دا بە ناوی خاچ‌پەرستی‌یەوە دەیان‌کرد •

لە پاش مەرگی سوڵتان سەلیمی یەکەم سوڵتان سولەیمان غازیی کوڕی ( ١٥١٩ــ١٥٦٦ )هەر لەسەر ئەو سیاسەتەی باوکی ڕۆیشت • سوڵتان سلێمان لە سەروبەندی سەڵتەنەتی خۆی‌دا چوار جاری هەڵکردە سەر

ئازەربایجان‌و لە هەموو هەڵگردنەسەرو شەڕوشۆڕەکان‌دا خاکی کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕ • لــە سەردەمی سوڵتان سلێمان غازی‌دا لــە ڕووی ئابووری‌و سیاسی‌و مەعنەوی‌یەوە تەنگ‌پێ‌هەڵچنینی سیاسی‌و ئابــووریــی کورد هێندەی دیکە زیادی کرد • ئەو ڕێك‌کەوتنەی بە ناوی خودموختاری بۆ کوردستان بڕیاردرابوو ، هەر بەجارێ لە بیرکراو میرنشینەکانی کورد بە ئاشکرا دەسدرێژی‌یان کرایەسەر • بە پێی زانیاری‌یەکی لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە هەر لە ســالی ١٥١٨ ڕا ئەیالەتی کلس داگیرکراو خرایە ســەر زەوی‌وزاری تایبەکاری سوڵتان ( ٢٤٧،٧٦ ) •

لە سالی ١٥٣١دا سوڵتان سولەیمانی غازی لەشکرێکی پەنجا هــەزار کەسیی بە سەرکردایەتیی فیل‌پاشای فەرمانڕەوای دیاربەکرو ئوێلمە تەکەلوو بۆ سەر میرنشینی بدلیس نارد ، داگیری‌بکا • لــە ئاکامی سێ ساڵ شەڕی بێ‌پشوودا شەرەفخانی میری بدلیس کوژراو بە هەزاران خێزان‌و بنەماڵەی کوردی تێداچوون ، بــەڵام میرنشینی بدلیس بــە دەستی میر شەمسەددینی کوڕی میر شەرەفەددینەوە مایەوە • لە سالی ١٥٣٥دا سوڵتان سولەیمان غازی ئــەو میرنشینەی بە تەڵەکەبازی‌و دەك‌و دەهــۆ لــە دەست‌کردەوەو داگیری‌کرد و بــە دەست ئوێلمــە تەکــەلووەوەی دا • میرشەمسەددینیش نەی‌کردە نامەردی یەکڕاست چووە پــاڵ شاتاماسپی یەکــەم ( ٤٤٣،٧٦ ) •

سوڵتان سولەیمانی غــازی سوبحان بەگی مــیری میرنشینی چەپاخچووری کوشت‌و میرنشینەکەی دا بە یەکێ لە نەجیوزادانی عوسمانی • سوڵتــان هێندێ سەرەك‌هــۆزو تــیرە کوردی بــە بڕوبیانووی سەیــروسەمــەرەوە وەگیردەهێنان‌و زەوی‌وزارەکانیانی لێ‌داگیردەکردن • بدلیسی دەنووسێ : « سوڵتان شاهــم بەگی ســەرۆکی تــیرەی ڕەزقی بــە هێندێ بیانــووی جۆراوجۆرەوە کوشت‌و میرنشینەکەی بە زۆری زۆردارەکی لێ‌داگیرکردو دای بە یەکێ لە نەجیوزادانی عوسمانی » (٢٤٧،٧٦) •

لەبەر ئەمە نەتەوەی کورد لە دژ ئەم زوڵم‌وزۆرو بێ‌دادی‌یەی سوڵتان

ڕادەپەڕی‌و دەستی دەدایە چەك ، یا دەگژ فەرمانڕەواییی عوسمانی ڕادەچووو ملی لە خەبات‌و بەربەرەکانێ دەنا ، یا ناچار زێدو نیشتمانی باب‌و باپیری خۆی بەجێدەهێشت • بدلیسی دەنووسێ : « سوڵتان سولەیمانی غازی میرنشینی ئاگاکیسی داگیرکردو بەنەجیوزادانی عوسمانیی بەخشی ، ئەرکەمەز بەگی میراتگری ڕاستەقینەی ئەم میرنشینە لەداخان سوێی‌بۆوەو شێت بوو • بەهائوددینیش وڵاتی خۆی بەجێهێشت ، چوو بۆ عەرەبستان» (٢٢٠،٧٦) •

سوڵتانەکانی عوسمانی پارەوپووڵ‌و دیاری‌و بەرتیلێکی زۆریان لە میرە کوردەکان وەردەگرت‌و فەرمانڕەواییی میرنشینێکیان ، لەوانی پارەو بەرتیلیان لێوەردەگرتن ، بە چوار پێنج کەسان دەبەخشی‌و بەم کارە دزێوە چەپەڵە میرو سەرەك تیرەو هۆزەکانی کوردەکانیان لێکدی بە دژمن دەکردن‌و تۆوی کینەو ڕك‌و ئاژاوەیان لە نێواندا دەچاندن‌و دەگژ یەکدی یان ڕادەکردن • بە نموونە ، لە سەدەی ١٦هەم‌دا عوسمانی یەکان گوندی میناری سەر بە میرنشینی گردگانیان بەم جۆرە فرۆشت‌و لە ئاکامدا ئەمە بوو بە مایەی شەڕی تیرەگەری‌و دووبەرەکی‌و دژمنایەتیی نێوان ناسربەگ‌و شاقولی‌بەگ • بەڵام شاقولی‌بەگ چوو بۆ ئەستەمبووڵ‌و دەمی سوڵتانی بە پارەو پووڵێکی زۆرو دیاریی زەوەندە شیرین‌کردو بەسەر ناسربەگدا زاڵ بوو • بدلیسی لەم بارەیەوە دەنووسێ : « سوڵتان ، ناسربەگ‌و سێ کەسی لە هاوڕێیانی کوشت‌و بۆ ئەوەی خەڵکی پێ چاوترسێن‌کا لاشەکانیانی لە سەر دوڕیانان هەڵاوسی » (٢٤٣-٢٤٢،٧٦) •

سەرەنجام ، سوڵتان سولەیمانی غازی لە ساڵی ١٥٣٣دا هەڵی‌کردە سەر ئازەربایجان‌و لە ساڵی ١٥٣٤دا بەغدای گرت‌و ئیدی بەم جۆرە خاکی کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕوشۆڕو سەرلەبەری تیرەو هۆزی کورد تاڵانوبڕۆ کران • ئیتر بەم چەشنە شەڕی نێوان عوسمانی‌و ئێران بۆ نەتەوەی کورد پڕمەینەتی‌ترین ڕووداو بوو • کێ سوودی لەم شەڕوشۆڕە وەرگرت ؟ لە نەجیوزادەی عوسمانی‌و قزلباش‌و ناوبەناویش چەند

سەرەكهۆزێكی كورد بەولاوە كەسی دیكە سوودی لەم شەڕانە وەرنەدەگرت • ئەمانە لەسەر حیسابی خوێنی زەحمەتكێشانی كورد گیرفانیان پڕدەكردو دەبوون بە خێوی سەروەتو سامان .• وەك بدلیسی بە دیاری دەخا ، بەدربەگی فەرمانڕەوای جزیر لەو هەموو هێرشو داگیركاری‌یانەدا كە سوڵتان سولەیمانی غازی لە ساڵی ١٥٣٣دا بۆ سەر تەورێزو بەغداو وانی كردن هاوبەشبووە • خەرجی ڕۆژانەی دیوەخانی (٥٠٠)درهەمو[١٧] خەرجی چاشتو شێوی (١٠٠)درهەم بووە (١٢٧،٧٦) • دیارە ئەم هەموو خەرجە قورسوگرانە بە تاڵانیو چەپاوی شەڕوشۆڕو ڕەنجی شانی زەحمەتكێشان پڕدەكرایەوە •

بەم چەشنە لە سەرچاوەكان وا بەدیاردەكەوێ كە سەدەی ١٦ هەم لە مێژووی نەتەوەی كورددا دەستپێكرانی سەردەمی هەرە قورسو گرانی لەكورددرانە • هەر لەم چەرخە بەپاشەوە میرنشینەكانی كورد كە سەربەخۆی تەواویش نەبوون ، بەجارێ سەربەخۆیی‌یان لەدەستدا • مەگەر چەند تیرەو هۆزێكی كورد نەبن كە بە كوشتوكوشتارو قڕانێكی گەورەو سەربزێویو سەركێشی‌یەكی زۆرەوە توانیبێتیان بۆ ماوەیێ سەربەخۆ بژین •

نەك هەر كوردستان ، بگرە ئەرمەنستانیشو گورجستانیش چەندین جار بەر شاڵاوی عوسمانیو ئێران كەوتوونو تاڵانو بڕۆكراون • لە ساڵی ١٥٤٣دا مووسا پاشای فەرمانڕەوای ئەرزەڕۆم هەڵیكردە سەر گورجستان ، برێ گوندو شارۆكەی ئەو وڵاتەی سووتاندو وێرانكردو گەڕایەوە » ( ٣٠٦،٥٩ ) .• خەڵكی گورجستان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی وڵاتەكەیان بەر شاڵاوو دڕندەیێتیی بێ ئامانی عوسمانی‌یان دەكەوتن •

بە پێی سەرچاوەكان لە ساڵی ١٥٤٩دا ئیسكەندەر پاشای فەرمانڕەوای وان بە لەشكری كوردستانەوە هێرشی بردە سەر یەریڤانو شارو دێهاتێكی زۆری تاڵانكردو سووتاندو وردو باریك بۆی گەڕاوە (٣٤٢،٥٩) •

بەم چەشنە ، بە تەواوەتی بەدیاردەكەوێ كە دەوڵەتی عوسمانیو

دەوڵەتی ئێران جگە لە تاڵانوبڕۆکردنی وڵاتانی ئەو نەتەوانەی کە لە چاو خۆدا کەم تربوون، تەنانەت بوونی بوونئاسـاییی ئەو نەتەوانەشیان دوا دەبڕی یەوەو داریان بەسەر پەردوویانەوە نەدەهێشتن • هەرکە شەڕوشۆڕی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە داگیرکەرە ، کاتەکی ، پشوویەکی دەدا ، تیرەو هۆزی کورد دەرفەتیان لیكدێناو دەگژیەكڕا دەچوونو تێكبەردەبوون •

بـە درێژاییی سەدەی ١٦هـەم هەر تیرەو هۆزێکی کـورد لـەدژ فەرمانڕەوایی سەفەوی بوایـەو دژمنایەتیی لەگـەڵ کردبا ئەوە لە لایەن سوڵتانی عوسـمانی‌یەوە پێشوازی لێدەکـراو ڕێـزی لێدەگیراو بگرە پاداشتو خەڵاتی گەورەشی دەدرایێو هەر تیرەو هۆزێکی کوردیش لەدژ فەرمانڕەوایی بنەماڵەی عوسمانی بوایەو دژمنایەتیی لەگەڵ کردبا ئەوە لـە لایەن سەفەوی‌یەکانەوە پێشوازی لێدەکـراو دەستی ڕێزی بـۆ لەسـەر سینگدادەنراو پاداشتو خەڵاتی گەورەی پێشکێشدەکرا • «شەرەفنامە» دەنووسێ : « سوڵتان سولـەیمانی غـازی بـۆ دابینکردنی کاروبـاری محەمەدخانی سەرۆکی هۆزی مەحموودی کە ڕووی لە شاتاماسپی یەکـەم وەرگێڕابووو ببوو بە پیاوی ، ڕۆژانە (١٠٠) ئاقچەی بۆ بڕیبۆوە »(٣٠٤،٧٦)•

لە ساڵی ١٥٤١دا سوڵتان سولەیمان هەڵدەکوێتە سەر هۆزی موکریی سەر بە شاتاماسپی یەکەم • لەسەردەمی ئەم هێرشەدا ئـەیالەتی ئـەردەڵان تاڵان دەکرێو ماڵو خێزانێکی زۆر لـە کوردان بێخانومان دەمێننەوەو پەرێشان دەبن • ئیدی بەم جۆرە ، دەبینی مێژووی کورد پڕە لەم ڕووداوە براکوژیو ماڵوێرانی‌یانە •

ئـەم بارودۆخە درێژخایەنە زەوینەی بـۆ ئەوە خۆش کـردووە کـە نەتەوەیێکی هەرە کۆنی ڕۆژهـەڵاتیی وەکو کورد بـکەوێتە ژێر بـاری دیلێتی‌یەوە •

لـە ساڵی ١٥٥٢دا حـەسەنبەگی سـەرۆکی هـۆزی مەحموودی ، حاجی بەگی دونبولی بە فیتی سوڵتان کوشتو سوڵتان شیرێکی کالانزێڕی

بە پاداشت پێ‌بەخشی • بدلیسی دەنووسێ : « سولّتان لە پاداشتی ئەمەدا لە پاوەنانەی سێ هەزار سەر پەزو ئاژەڵی هۆزی مەحموودی خۆش بوو » (٧٦،٣٠٧) •

کەواتا سیاسەتی سولّتان ئەوەبوو نەتەوەیێکی هاوخوێن‌و برای یەکی دەگژیەکدی ڕادەکردو منەتی ئەوەی بەسەردا دەکرد لـە خاکی وڵاتەکەی خۆی‌دا مافی پـەزو ئاژەڵ لـەوەڕاندنی داوەتێ‌و ئـەم مافەی بەپاداشت‌و خەڵات بۆ دەدایە قەڵەم ! سولّتان سولەیمانی غازی بۆ داگیرکردنی ئەیالەتی ئەردەڵان چوار شەڕی خوێناویی هەڵایسان • بدلیسی دەنووسێ : « ئەو ، لە پاش ١٩ ساڵ ئەوجا توانی ، لە ساڵی ١٥٦١دا ئەیالەتی ئەردەڵان بخاتـە سەر قەڵەمڕەوی خۆی » (٧٦،٨٤ـ٨٧) •

حوکوومەتی سولّتان بۆ پێ‌ڕەوابینینی مافی میرایەتیی پشتاوپشت بـە میرات بـۆ بەجێماوی میرە کوردەکان لـە پێشان ئـەم میرە کوردانەی بـە لەشکرەکانیانەوە بۆ سەر دەوڵەتی سەفەوی دەناردن‌و شەڕی پێ‌دەکردن ، ئەگەر لـە شەڕدا سەرکەوتبان ئـەوە ئەوسا مافی میرایەتیی بەخەڵات پێ دەبەخشین • لە ساڵی ١٥٦٣دا ئیسکەندەر پاشای وەزیر میرنشینی حەکاریی بە زەینەڵ بەگ نەبەخشی تـا نەچووە سەر کـوردی ئازەربایجان‌و تاڵانی نەکردن • زەینەڵ بەگ لە ناوچەی سەڵماس لەگەڵ بایەندور بەگی برای‌دا بەگژ یەکدا چوون • لەپاش شەڕێکی کە لە نێوان دوو برادا ڕووی‌دا بایەندور بەگ ژێرکەوت‌و بەزی • ژمارەیێکی زۆر لە کورد کوژران‌و بەدیل‌گیران • بدلیسی لەم بارەیەوە دەنووسێ : «زەینەڵ بەگ بە تاڵانی‌یەکی زۆروزەوەندەوە هاتە کن وەزیرو بەم جۆرە کرا بە میری حەکاری » (٧٦،١٠١ـ١٠٢) •

ژیانێکی تا ڕادەیێ ئارام‌و بێ شەڕوشۆڕ بۆ نەتەوەی کورد لە سەردەمی سولّتـان سەلیمی دووەم‌دا (١٥٦٦ـ١٥٧٤)نەراهـەم بـووە • چونکە لـە سەردەمی ئەودا ئاگری شەڕوشۆڕی نێوان عوسمانی‌و ئێران خامۆش بۆوەو هیچ شەڕێ ڕووی‌نەدا .• بەڵام لە سەروبەندی سولّتان مورادی سێ‌یەم‌دا

سەرلەنوێ ئاگری شەڕی نێوان عوسمانیو ئێران هەڵایسایەوەو بە تێکڕایی کورد قڕانکردن دەستی پێکرد •

سوڵتان مواردی سێیەم هەلی لە کزیو کەنەفتیی دەوڵەتی سەفەوی وەچەنگ‌هێنا ، کوردەکانی وڵاتی ئازەربایجانی لەدژ سەفەوییەکان ڕاستکردەوەو ئەرکی بەجێ‌هێنانی ئەم کارەشی لە ئەستۆی خوسرەو پاشای میرمیرانی ویلایەتی وان خست • پاشان هەڵیکوتایە سەر ناوچەکانی سەلماسو خوویو ورمێی سەر بە ئازەربایجان ، پاشانیش تیرەو هۆزە کوردەکانی دەوروبەری سولدووزو میاندواوو مەراغەی لەدژ دەوڵەتی ئێران ڕاستکردەوە •

هەر لەو ساڵەدا زەینەل بەگ ، میری حەکاری دوو بارە بۆ تاڵانو بڕۆکردنی کوردی ئازەربایجان بەڕێخرایەوە • زەینەل بەگ ناوچەکانی مەرەندو گەرگەرو زوونووس تاڵان دەکاو لەپاشان بە دەستی قزلباشەکان دەکوژرێ • بە پێی «شەرەفنامە» زەکەرییای کوڕی بۆ وەدەستهێنانەوەی مافی میرایەتیی پشتاوپشت بۆ بەجێماوی خۆی پارەو پووڵێکی لە ژمارە بەدەری بە حوکوومەتی عوسمانی داوە » (١٠٤،٧٦) •

مونشەئاتی سەلاتین دەڵێ : « سوڵتان موراد خانی سێیەم ئەم شەڕکەرانەی بەو فەرمانڕەوا خاوەن لەشکرە کوردانەشەوە کە بە هێزی چەکداری خۆیانەوە لە شەڕی ڕۆژهەڵاتدا هاوبەشییان کردبوو ، قەدرگرتووە » (٩٨،٩٠ــ٩١) •

ئیدی بەم جۆرە سوڵتانەکانی عوسمانی بڕیارنامەکەی سوڵتان سەلیمی یەکەمیان بەتاڵکردەوەو پلەوپایەی میرایەتی کە دەبوو بە میرات لە بابەوە بۆ کوڕ مابایەوە بە پارەو پووڵێکی زۆر ، یا بە میراتگرەکە خۆی ، یا بە نەجیوزادەیێ لە نەجیوزادەکانی عوسمانییان دەدا •

هەر لەبەر ئەمە بوو کە میرمیرانو میری بڕێ لە ئەیالەتو ویلایەتەکانی کوردستان لە ناوەندی سەدەی ١٦هەمدا لە پاشاکانی عوسمانی بوون •

بدلیسی دەنووسێ : « عەلی پاشای میرمیرانی مووسڵ بۆ وێدانەوەی میرنشینی حەزۆ بــە محەمەدبەگی میراتگری ڕاستەقینەی خۆی دیارییەکی زۆری لێساند ، بەڵاَن ئەو دیارییانە چاوی پاشای تێرنەکرد » (٧٦،٢٠٥ـ٢٠٦)• خوسرەو پاشای میرمیرانی ئەیالەتی وان ، مەلیك سولەیمانی میری حەسەنکێفی ناچارکرد دەست لە مافی میرایەتیی پشتاوپشت بۆ بەجێماوی خۆی هەڵگرێ • بدلیسی دەنووسێ : « میرنشینی ڕوهای بە حەوت سەت هەزار ئاقچە داێ ، بەڵام لە پاشان ئەویشی لە دەستکردەوە »(٧٦،١٦٠) •

هێندێ جار کاربەدەستانی عوســمانی پارەو پوولێکی زۆریان لــە سەرەكهۆزەکانی کورد دەستاندو هیچ جۆرە کۆمەگێکیان پێنەدەکردن • بدلیسی دەڵێ : «حەسەن ، مــیری خێزان ، گونــدە جوانو بەهاتەکــانی ویلایەتەکەیو خاکی بە میرات بۆ بەجێماوی خۆی فرۆشت • حەسەن ، ئەو پارەو دراوەی لەم وڵاتفرۆتنە وەچەنگ کەوت ، هەمووی بۆ هەمەکارەو نەجیوزادانی عوســمانی خەرجکرد ، بەڵام وێڕای ئــەو هەموو بەرتیلەیش هیچی بۆ بە هیچ نەکرا •» (٢١٦ـ٢١٧) •

هێندێ لــە سەرۆكتیرەو هۆزو میرەکورد بۆ خۆ لــە کن سوڵتانی عوسمانی شیرن کردنو خۆ لە ڕکو شاڵاوڕزگارکردن دەچوون هەڵیاندەکردە ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجانو هەرچییەکیان بە تاڵان دەهێنا دەیانکرد بە دیاریی دەستیانو زاری سوڵتانیان پێچەور دەکــرد • لــە ساڵی ١٥٨١دا سوڵتان موورادی سێیەم دەیویست سزای سلێمانی میری سەرحان بــدا • سلێمانیش کە بەمەی زانی نەیکردە نامەردی ، هەڵستا ، چوو بەسەر گوندو دێهاتی قزلباشەکانیدا دا • بدلیسی لەم بارەیەوە دەنووسێ : « بەرانبەر بەو دیلو سامانە زۆرەی بــە دەرباری سوڵتانی پێشکێشکرد ، سوڵتان لێی خۆش بوو » (٧٦،٢٧٩ـ٢٨٠) •

ئیدی بەم چەشنە ، ئەم ڕاستییانە جارێکی دیکەیش پێوەندیی خراپو سەلبیی سوڵتان لەگەڵ نەتەوەی کورددا بە ڕوونی ئیسپات دەکا • سەرەڕای

ئەمانەش ، سولتـــان پاش بەڕەسمی داگیرکردنو زەوتکردنی ئەیالــەتو ویلایەتە بە بڕشتو بە پیتەکانی کوردستان ، خەرجوباجی بڕێ زەویوزاری بە قۆچانی بۆ خۆی خستە لاوە • بــە پێی نووسینی بدلیسی : « دەبــوو خەرجوباجی سەرلەبەری ئەو کافرانەی لە ناوچەکانی مەیافارقینو جەسقەدا دەژیان بــە سولتان درابا » (٢٤٧،٧٦)•خــەرجو باجی ئــەم جۆرە ناوچە بەقۆچانانە نەك بە عەینییات ، دەبوو بە پارەو دراوی نەختینە پڕکرابایەوە (٣٥٤،٧٦) •

ئەم شەڕوشۆڕانەی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئێران کە لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە دەستیان پێکردبوو ، تەنها بە ماڵوێرانیی کوردستانو ئەرمەنســـتانو گورجستان نەدەوەســـتا ، ژیانی ئابووریی زەحمەتکێشانی هەردوو دەوڵــەتی شەڕکەریشی خانەوێران دەکــرد • چونــکە هــەموو قورسایی شەڕەکان دەکەوتە سەر شانی جەماوەری خەڵکەکە .• هەر لەبەر ئەمەیشە خەڵکی وەڕەزو بێزار لەو بارودۆخە نالەبارە ، لەدژ حوکومەت یاخی دەبووو دەستی لێدەدایە چــەكو تەنانەت دەستی بــۆ خراپــکاریو تێرۆریش درێژدەکرد •

وەزیرخانی نووسیاری تورك دەنووسێ : « لە ساڵی ١٥٦٨دا محەمەد پاشای سوقوللوو شێتێکی پەتیارە کوشتی • لە پاش ئەمە بارودۆخ هێندەی دیکە شێواو بۆ وەسەرباری خۆ هێنانەوەی خەزێنەی دەوڵەت هیچی وای تێدا نەمابوو شتێکی پێ بە شتێ بکرێ (٧٧،١٢٨)• بەڵام نووسیاری تورك پیاوکوژەکەی بە ڕیاکارییەوە ، بە شێت لەقەڵەمداوە •

لە ڕەوتی ڕووداوان وا بــە دیاردەکەوێ کــە سەرەك وەزیر بە دەست نیشتمانپەروەران کوژراوە ، نەك بە دەستی شێتێکیپەتیارە ، چونکە لەو سەروبەندەدا ، جگە لەسەربزێویو بزووتنەوەی خەڵکەکە خۆی ، لەنێو سپاشدا سەربزێویو یاخیبوون لەدژ میری ڕووی دابوو (٤٣٢،٥٣ــ٤٣٣) • وەزیرخان کە باسی شەڕی نێوان عوسمانیو ئێرانی سەدەی ١٦ هەم دەکا ،

دەنووسێ : « ئەم شەڕە ئەنجامەکەی بە پێچەوانەگەڕا • سەدان عوسمانی لە خۆڕاییو بە بەلاشو بێ‌سۆنگە کوژرانو خەزینەی دەولەت هیچی تێدا نەما » (٩٣،١٢٨) •

سپای عوسمانی لە تاو فەلاکەتێکی سەرانسەری ولاتی گرتبۆوە ، بە ئاشکراو ڕاشکاوی لە شەڕکردن دەستی ساردبێوەو نەدەپەرژایە سەرکوت‌کردنو لەتێوبردنی یاخی‌بوونو سەربزێوی • سولتان مورادی سێ‌یەم لە سالی ١٥٨٣دا میرانی کوردستانی بە فەرماندەی حەسەن پاشا بۆ تالان‌کردنی خەزینەی تیفلیسێ ناردووە • بدلیسی کە بۆ خۆی لەم شەڕو تالانکاری‌یەدا هاوبەش‌بووە دەنووسێ : « لەشکری عوسمانی بە ژمارە لە لەشکری گورجی گەلێ زۆرتر بوو ، کەچی وێڕای ئەوەش گورجی‌یەکان سەرکەوتن » (٧٦،٢٧٠–٢٧١) • ئەم قسەیەی نووسیاری «شەرەفنامە» ڕاستیی ئەوەی لەسەرەوە گوتمان جارێکی دیکە دەچەسپێنیو ئیسپاتی دەکا • بە گوێرەی هێندێ نووسینی نووسیارانی تورك ، لە سەروەختی سولتان مورادی سێ‌یەمدا تەنها هەر لە نێو ڕیزی سپادا (١٠)جار سەرپێچیو یاخی‌بوون ڕوویداوە (٥٨،٤٣٢–٤٣٦)•هەرچی سەردەمی سولتان محەمەدی سێ‌یەمە (١٥٩٤–٩٥–٦٦٣)خۆ ئەوە لە ویلایەتەکانی دەولەتی عوسمانیو هەرچی ولاتێکی عوسمانی داگیری کردبوو ، سەربزێویو یاخی‌بوون بیوو بە شتێکی باوو هەر بابایێ هەلدەستا ، برێ خەلکی وەدووی خۆ دەداو لە عوسمانی ڕاستدەبۆوە • سولتان بۆ سەرکوت‌کردنی ئەو یاخی‌بوونو لێ‌ڕاسینانە لەشکری گەورەوگرانی دەنارد ، بەلام هیچ ئەنجامێکی بە خوایشتی خۆی لێ‌وەگیرنەدەکەوت • سەلیم سابیت دەنووسێ : « لەشکر لەبەر ئەوەی بە دلو گیان لە دژ یاخی‌یان شەڕیان نەدەکرد ، سپای ئیسلام ژێرکەوت » (١٦،٧٤)•ئەحمەد ڕاسیم دەنووسێ : « لەو ڕۆژەدا کە سولتان محەمەدی سێ‌یەم چووە سەر تەختی پاتشایەتیی عوسمانی ، بۆ چاوترساندن ، خەلکێکی زۆری ئیعدام‌کردو زۆریشی لێ‌دەست پەڕاندن •

نووسیاری تورك درێژە بە قسەکانی دەدا ، دەڵێ ، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکە سیاسەتی ئێوخۆ ، ئەمەی دەویست»(٤٥٦،٥٣)•

هەر لە سەرەتای سەدەی شازدە (١٦)هەمەوە بگرە ، شان بە شانی ئەو سەربزێوی و یاخیبوونانەی لە دژ دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی ئێران ڕوویان دەدا ، تیرەو هۆزەکانی کوردیش بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆییو ئازادیی خۆیان دەستیان دابووە خەباتو تێکۆشان • لەم خەباتەدا ، تەنانەت دەستیان دایە چەکیش • بڕێ لەم سەربزێوی و یاخیبوونی تیرە وهۆزە کوردانە کە لەم سەردەمەدا ڕوویان دا ، بوون بە بنەمای بزووتنەوەی ئەو ڕزگاری خوازییە میللییەی کە لە سەدەکانی پاش ئەوساوە تا ئێستا هەر بەردەوامەو نەبڕاوەتەوەو ڕێگایان بۆخۆش کرد •

سەروکاری خراپو سەلبیی حوکومەتی عوسمانی لەگەڵ نەتەوەی کورددا ، لە لایەن پیاوانی پێشکەوتخوازی تورکەوە ، بەوپەڕی توورەییەوە ڕەخنەی لێدەگیرا • زیا پاشا لە شیعرێکیدا بە سەردێڕی « ئەی کوردی زۆرلێکراو»ەوە دەینووسی :

بە ڕووتێکردنو ڕووەرگێڕانی دنیا پشت مەبەستە
چەمبەری دەوران هەر بەبارێکدا ناخولێتەوە ، ڕۆژێ دێ لە خشتە دەرچێ ،
زۆردار ئاخرییەکەی گرفتاری زۆرداریی‌یەك هەر دەبێ •
هەڵبەتە خانەی ئەو مانە هەر وێران دەبێ (٩٤،٨٩) •

## پەراوێز

١ ــ هەر لەبەر ئەمەیشە کە « زوحاك ــ ضحاکی ماردوش »ی پێدەگوترێ •

٢ ــ ئێستا شاری بە هاری نزیك هەمەدان کەلاوەی شارە کۆنەکەی بەهارە •

٣ ــ واتە نێوان دوو ئاوان •
٤ ــ شارەزوور بەشێك بووە لە ویلایەتی ئەردەڵان لەوسەردەمەدا • بڕوانە: (٧٦،١٩ــ٦٠) •
٥ ــ بۆ زێدە زانیاریوەرگرتن بڕوانە : (٢٤،١٨٤ــ٢٢١) •
٦ ــ باتمانێ زێڕ بەرابەر بە ٢/٩ کیلۆگرامە • بڕوانە : (٤٣،٢٤١ــ٢٤٢) •
٧ ــ تا حەفتا وردە میرە کورد سەر بە عەلائوددەولە بوون •
٨ ــ خودابەیەكزانین ــ واتە خودا یەکەو نابێ بەدوو •
٩ ــ ئەم مێژوونووسە خۆی لــە تیرەی پازووکیی کــوردە • بڕوانە : (٧٠،٣٢٤ــ٣٢٥) •
١٠ ــ قایتماز بەگ برای ئەمیر موسلوو بەگە • بڕوانە : (٤٧،٣٢٠) •
١١ ــ هێندێ مێژوونووس بە حەکیمو مەلاو شێخو مەولانای ئێودەبەن • ئێمە وەك «شەرەفنامە»مان نووسیوە •
١٢ ــ دۆقە : (ئوقیە) ، ئۆقە یــا (وەقیە) پێوانەی پارەی سەدەکــانی ناوینە : گوایە یەك دۆقە (دوقە) بەرابەر بە ٣٥ گرام زێڕ بــووە • بڕوانە : (١١١) •
١٣ ــ ئەم پارەیەکە لە سەرچاوەکان دا بە فلۆریو لەکتێبەلێ کۆڵدراوەکاندا بە فلۆرین نووسراوە ، پارەی سەدەکانی ناوینی عیراقە • یەك فلۆری بەرابەر بە ١٢ شاهیی ئــەوسای پــارەی ئێران بووە • بڕوانــە : (٧٨،١٥٥) •
١٤ ــ پشتاوپشت بۆ مانەوەی زەویزار دەبوو بە هۆی دابەشبوونێکی وردەوردەو ئەمەیش تا دەهات ئاغاو دەرەبەگی تیرەو هۆزەکانی زێتر دەکرد •
١٥ ــ وەجاغ لە تورکیا بە بەشە زەویی گەورەو درشت دەگوترێ •
١٦ ــ سەنجاق تا ڕادەیەك بە بەشەزەویی چکۆلە دەگوترێ •
١٧ ــ (١٠٠) درهەم نزیکەی (١٠٠)(گرام)ە بڕوانە:(١١١) •

**ملخص البحث :**

بين يدي القارىء الكريم الترجمة الكردية للقسم الثاني من اطروحة الدكتوراه المعنونة ( تاريخ الكرد في القرن السادس عشر ــ كتاب «الشرفنامة» مرجعاً لتاريخ الشعب الكردي ) للدكتور المغفور له شمسي محمد اسكندر وهو عالم آذر بايجاني سوفيتي حاز على درجة الدكتوراه في اكاديمية العلوم لجمهورية آذربايجان السوفيتية ــ معهد شعوب الشرقين الأدنى والاوسط .
وقد تناول في هذا القسم :

١ ــ الكرد وكردستان في القرن السادس عشر .

٢ ــ علاقة الصفويين بالكرد .

٣ ــ علاقة الدولة العثمانية بالكرد

# لێکۆڵینەوەکانی پیری[١]

Aging Research

دوکتۆر زەنوون مەحەمەد پیربادی
پرۆفیسۆری کیمیا
دانشگای زانست زانکۆی بەغدا

هەمـــوو زیندەوەرێک چ ڕوەك چ گیانلەبەر پاش چەنـــد ســـاڵێك پیر دەبێتەو پـــەکی دەکەوێت . کە پیر بـــوو ئـــەرکەکانی ژیـــان بـــەڕێك‌وپێکی بەجێ‌ناهێنێت . بێ‌گومان پاش پیریش مردن کۆتایی دێنێت بە تەمەنی هەموو زیندەوەرێك .

لەدایکبوون .. هەراش‌بوون‌و پێ‌گەیشتن .. لاوی‌و هەرزەکاری .. پێ‌گەیشتن‌و کامڵی . . ئەمجا پیری‌و لە کۆتایی‌دا مردن ... ئەمانە لە کورتی پلەکانی ژیانی مرۆڤن‌و بەڵکو هەموو زیندوویەك .

لەمێژەوە هەوڵ‌وتەقەلای زاناکان ئاراستەکراوە بۆ تێ‌گەیشتنی مەسەلەی پیری ، بە تایبەتی پیریی مرۆڤ . ئایا بۆچی خانەو شانەکانی لەشی ئادەمیزاد پیرو بێ‌کەڵك دەبن‌و هەرگیز ناتوانن وەکو جاری جاران پیشە ئاساییەکانی ژیان جێ‌بەجێ بکەن .

بێ‌گومـــان لێ‌کۆڵینـــەوەی زانـــستی[٢] دەربارەی کیمیای[٣] ژیانی ، ڕێگایەکی دووری بڕیوە لە ئەمەریکاو ئەوروپاداو گەلێك لە کۆسپە نهێنیەکانی تێ‌گەیشتون . ژمارەیەك لە نەخۆشی‌یەکانی مرۆڤ کە ساڵەهای ساڵ بوو خەڵکی دەکوشت لەناوبران‌و تەنها ناویان ماون . ئەمەش بە سایەی دەرمان‌و ئامۆژگاریی تەندروستی‌و ڕۆشنبیری گشتیەوە . بۆ نموونە نەخۆشی لەرزوتا ، ئاولە ، وەبا سیل هەر ناوەکانیان ماون ، ژمارەی نەخۆشەکان بەم دەردانە زۆر کەم بۆتەوە ..

بەڵام ! لەگەڵ ئەو هەموو سەرکەوتنانەی پزیشکەکان‌و زاناکان جێ‌بەجێ‌یان کردووەو لەگـەڵ ئـەو هەمـــوو دەرمان‌و ئامـــۆژگاری‌یـــەتـــەندروستیانەی دۆزراونـــەتەوە ، هێشتا زانستی پزیشـــکی بەڕاستی گەلێك دواکەوتووە بە گوێرەی زانستەکانی‌تر . بۆ وێنە هەتا ئێستا زانست تێ‌نەگیشتووە لە مەسەلەی پیری ــ ئایا مرۆڤ بۆچی پـــیر دەبێت‌و ئایا چۆن پـــیری دوادەخرێت‌و تەمەنی مرۆڤ درێژدەکرێت ؟ . هەروەها گەلێك نەخۆشی هەن کە هەتا ئێســـتا زاناکان هیچی وای لێ‌نازانن وەکـــو نەخۆشی فێ‌و[٤] شێرپەنجەو[٥] نەخۆشی‌یەکانی مێشك ..

خۆینەری بەڕێز ! لەم وتارەدا باسی ئەو لێکۆڵینەوانەو تاقی‌کردنەوانە دەکەین کە دەربارەی پیری پێک‌هێنراون . ئایا زانستی کیمیاوی ژیانی (Biochemistry) چی دەڵێت بەرامبەر بەم گیروگرفتە گرنگە .. ئایا زاناکان توانیویانە لە بنوبنچینەی پیری تێبگەن‌و ئایا دەشێت بەربەستی‌و دواخستنی پیری بکرێت ؟ ژمارەی پیرەمێردو پیرێژن لە جیهان‌دا ساڵ بە ساڵ زیاددەکەن چونکە تێکرای(٦) تەمەن زیاد دەکات بە هۆی ڕۆشنبیری‌و خواردەمەنیی باش . بە تایبەتی تێکرای تەمەن لە ناو ئەمریکایی‌یەکان‌دا بەرز بۆتەوەو ژمارەیەکی زۆریان لە (٧٥) ساڵ زیادتر دەژین .

سروشتی‌یە تەمەن‌درێژیی مرۆڤ ، نیشانەی تەندروستی‌و لەش ساغی‌یە، بەڵام لە لایەکی ترەوە زۆربوونی ژمارەی پیرەکان بارێکی نارێکی ئابووری قورس دەخاتە سەر دەوڵەت ، چونکە هەموو پیرەکان تقاوتی‌وەردەگرن‌و دەرمان‌و عیلاجێکی زۆر بەکاردەهێنن بۆ تەندروستی‌یان .
شیانی باسە پیری هەر هێزو بەرهەمی مرۆڤ کەم‌ناکاتەوە بەڵکو گەلێك لە نەخۆشی‌یە قورسەکان تووشیان‌دەبن وەکو نەخۆشی‌یەکانی شەکرو دڵ‌و تەوژمی خوێن‌و نەخۆشیی(٧) جمگەکان. بەگشتی گیروگرفتی هاووڵاتی‌یە پیرەکان ( لە ٦٥ ساڵ زیاد )لە وڵاتە پێش‌کەوتووەکان هەتا بێت ئاڵۆزاوتر دەبێت‌و مەسرەفێکی بێ‌سوود دەخاتە سەر کاربەدەستان . ئەمە لە لایەکەوەو لە لایەکی ترەوە ئەو خێزانانەی کە یەکێکیان یا دوانیان زۆر پیرن هەموو هەر خەریکی خزمەت‌کردنی پیرەکانیان‌و هەندێك جار خێزان بە جارێ بێزار(٨) دەبێت‌و ماندوو دەبن بە دەستیانەوە .

بەشێك لە چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە دەکرێت ئەگەر هاتو زانستی‌و لێکۆڵینەوە توانی بگاتە ئەنجامێکی بەکار بۆ تێگەیشتنی هۆیەکانی پیریی خانەکانی لەش‌و بەربەست‌کردنی ئەو هۆیانە بۆ ئەوەی مرۆڤ تەمەنێکی تەندروست‌و درێژ بژیت .
فەیلەسوفەکان‌و زاناکان لە کۆنەوە بیریان لەم مەسەلەیە کردۆتەوەو پرسیویانە ئایا بۆچی پیاو پیر دەبێت‌و دەمرێت ؟؟ ئەم پرسیارە هەموو کاتێك هەر کراوە هەرچەندە ئاین دەڵێت کە مردن یاسایەکی خودایی‌یەو فەلسەفەیەکی جودای هەیە بەرامبەری . بەڵام یاسای خودا هیچ ڕێگایەکی نەگرتووە لە زاناکان کە هەوڵ‌بدەن بۆ تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە لەسەر بناغەیەکی زانستی گەردو گەردیلە(٩) .

بۆ وێنە دەبینین لە ئەوروپا لە نێوان ساڵانی ( ١٦٠٠ ــ ١٧٠٠ز ) تێڕوانی‌یەك هاتەکایەوە لە لایەن فەیلەسووف‌و زاناکان بە ناونیشانی :ــ

تێڕوانیی ( بەردی فەیلەسووفەکان(١٠) (Philosophers Stone)

وهەمیشەتێڕوانیی ( ئاوی ژیان ــ واتە اكسیر الحیاة ) ..

ئەم تێڕوانی‌یە دەی‌گوت کە پێویستە هەموو زاناکان‌و پسپۆڕەکان هەوڵ بدەن بۆدروست‌کردنی « ئاوی ژیان » . ئەم جۆرە ئاوە یا (دەرمانە) پیر گەنج دەکاتەوە . بەپێێکی زۆر ئەم تێڕوانی‌یە هەڵەیە زاناکانی خەریك‌کردو گەلێك تەقەلاو کۆشش بەفیڕۆ چوون ، چونکە لە بنچینەدا تێڕوانی‌یەکە هەڵە بووو هەرگیزمادەی وانی‌یەوەیا دەرمانی وانی‌یەو نابێت کەوا پیر بگەڕێنێتەوە گەنجی. ئەم تێڕوانی‌یە هەڵەیە زانستی کیمیاوی زۆر پاش‌خست(١١) .

هەرچەندە لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی پیری‌و هۆیەکانی مەبەستێکی سەرەکیی زۆربەی زاناکان‌و پسپۆڕەکانە بۆ درێژکردنی تەمەنی مرۆڤ ، بەڵام هەتا ئێستا پارەیەکی وا تەرخان‌نەکراوە بۆ ئەم پرۆژەیە لە لایەن کاربەدەستەکانەوە ..

یەکەم یارمەتی بۆ لێکۆڵینەوەی پیری لە لایەن ئامۆژگای میللی دڵ National Heart Institute تەرخان‌کرا لە ساڵی ١٩٦٥ . دوابەدوای ئەوەئامۆژگای میللی تەندروستی منداڵ ودروستیی مرۆڤ
National Institute for childhealth and Human Developement

هەندێك پارەیان تەرخان کرد بۆ ئەم جۆرەلێکۆڵینەوانە . لە ساڵی ١٩٧٥دا ئامۆژگایەکی تایبەتی دامەزرا بە ناوی « ئامۆژگای میللی پیری » (NIA) واتە "National Institute for Aging" بۆ لێکۆڵینەوەی پیری سەرمایەی ئەم دەزگایە (١٩) ملیۆن دۆلار بوو لەو ساڵەی کە دامەزرا ،بەڵام ئەمڕۆکە پتر لە (١٥٠) ملیۆن سەرمایەی هەیە بۆ پشت‌گرتن‌و یارمەتی‌دانی لێکۆڵینەوەی پیری .

ئایا چ ئەزانین دەربارەی کارلێکە کیمیایی(١٢)یەکان‌و گۆڕانەکانی(١٣) ناو خانەو شانەکانی لەشی مرۆڤ کاتێ کە پیردەبێت ؟؟ .

یەکەم زانا کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دوورو درێژی کردوە لەسەر گیروگرفتی پیری دوکتۆر ناثان شۆك Nathan Shoek بوو . ئەم زانایە (٣٥) ساڵی بەسەربرد لە لێکۆڵینەوەی پیری کاتێ کە خۆیشی بەڕێوەبەری دەسکای (NIA) بووە . گەلێك زانیاری کۆکرایەوە لە ئەنجامی ئەو (٣٥) ساڵە لێکۆڵینەوانە . لەو ئەنجامانە ئەمانەی خوارەوەن :ــ

١ ــ سست‌بوونی گەلێك کۆئەندامی لەش وەکو گورچیلە .
٢ ــ زیادبوونی تەوژمی خوێن ، بەتایبەتی لەلایەن هاوڵاتی‌یەکانی جیهانی سێ‌یەم(١٣) .

٣ ــ چالاکی‌و تیژیی مێشك‌و توانای شی‌کردنەوەی گیروگرفت هەتا تەمەنێکی درێژ هیچی لێ‌نایەت‌و بەکاردە مێنێتەوە .

لەڕاستی‌دا پێوەرێکی ڕاست‌و وردمان نی‌یە بۆ پیری ، چونکە تەمەن پێوەرێکی ڕاستی پیری نی‌یە . هەموو ئەزانین کە مرۆڤی وا هەیە تەمەنی(٦٠) ساڵە بەڵام بەهێزترە لە گەلێکی تر کە تەمەنیان (٤٥)ساڵە . هەشە بە پێچەوانە زوو پیر دەبێت‌و لێ‌دەکەوێت . بێ‌گومان پێوەری ڕاستەقینەی پیری دەبێ چالاکی کۆئەندامەکانی لەش بێت واتە تەمەنی مرۆڤ برێتی‌یە لە ڕادەی توانایی کۆئەندامەکانی لەشی ئەو کەسە . ئەمەش بە ئینگلیزی پێی دەڵێن « تەمەنی پیشەیی "Functional Age" . بەڵام پێوانەکردنی چالاکیی کۆئەندامەکانی لەشیش کارێکی زۆر زەحمەتە ، هەتا ئێستا نەتوانراوە جێ‌بەجێ‌بکرێت .

برێك لە زاناکان هەستان چەند نیشانەیەکیان دانا بۆ پیوانەی پیریی مروڤ وەکو :ــ

١ ــ پرچ‌وقژسپی‌بوون .
٢ ــ گۆڕانی عادەت‌و خووی خەوی مرۆڤ .
٣ ــ گۆڕانی چالاکیی گورچیلەکان .
٤ ــ لاوازیی هێزی پەنجەکانی دەست .
٥ ــ توانای لەش بۆ هەرس کردن‌و گۆڕانی کلوکۆز(١٥) .
٦ ــ تەوژمی خوێن .

بەڵام بەداخەوە نە ئەو خاڵانەی سەرەوەو نە تاقی‌کرنەوەی کۆئەندامەکانی لەش تەمەنی پیریی ڕاستەقینەی مرۆڤیان بە دیقەت پیوانە نەکردووە . پیربوون کارێکی زۆر هێواش‌و نهێنی‌یەو فەرقی پێ‌ناکرێت بە کوتوپڕی . واتە وێنەی ئەم ساڵ‌و وێنەی پارت لەیەك دەچن ، بەڵام وێنەی ئێستات‌و وێنەی دە ساڵ لەمەوبەر بەتەواوی جیان .

لە ساڵی ( ١٩٦١ز ) زانایان هەی‌فلیك‌و Hoy fliek پۆل‌مۆرهێد Paul Moor head تاقی‌کردنەوەیەکی گرنگیان‌کردو دۆزینەوەیەکیان بڵاوکردەوە . ئەو دۆزینەوەیە برێتی بوو لەوەی کە خانەکانی لەشی منداڵ‌و گەنج توانای کەرت‌بوونیان(١٦) زۆرترە لە توانای خانەکانی لەشی پیر .

لە ساڵی ( ١٩٧٠ز ) لاشاوێکی لێکۆلینەوەی تازە هاتەکایەوە لە لایەن پسپۆرو زاناکانی کیمیای ژیانی Biochemists پێویستە لێرەدا ئاشکرای‌کەین کە لەگەڵ ئەو هەموو لایەنانەی لێ‌کولینەوەو تەقەلایانە ئەتوانین بڵێین بەداخەوە هیچیان نەگەیشتوون بە بنچینەی هۆیەکانی پیری ، تەنها نیشانەکانی پیری‌و سیفەتەکانی دۆزراونەتەوە .

زاناکانی کیمیای ژیانی سێ ڕێگایان داناوه بۆ لێکۆڵینەوەی پیری . له خوارەوه نیشانیان ئەدەین :ـ

١ ـ ئەو تێڕوانیانەو گریمانەی کەوا هەبوون دەربارەی پیری پێویسته دووباره تاقیبکرێنەوەو بسەلمێنرێن یان هەڵەیان ئاشکرا بکرێت .
٢ ـ بگەڕێین بۆ ئەو کارلێکه کیمیایی‌یه ژیانیانەی که له لەشدا ڕوو دەدەن‌و دەبنه هۆی پیربی خانەو شانەکان .
٣ ـ بایەخ بەو جۆره لایەنانەی لەشی مرۆڤ بدرێت که پەیوەندی‌یەکی زەقی هەیه به پیری‌یەوه .

**چۆن دەست به لێکۆڵینەوەی زانستی پیری دەکرێت ؟؟**

بێگومان ئەوەی ئارەزووی هەبێت بۆ دەستپێکردن به لێکۆڵینەوەی پیری ئەم جۆره پرسیارەی سەرەوه دەکات . بەڕاستی دوو تێڕوانی باون بۆ ئەوانەی حەز به لێکۆڵینەوەی پیری دەکەن :ـ

١ ـ تێ(١٧)ڕوانی « کارەساتی(١٨) هەڵەError Catastrophe hypothesis ئەتوانین بڵێین هێشتا گریمانه(١٩) .
٢ ـ تێڕوانی « ڕەگە(٢٠) بەرەڵاکان "Free radical theory له لاپەرەکانی هاتوو به درێژی باسی ئەم هەردوو جۆره لێکۆڵینەوانه دەکەین

کارەساتی هەڵه . ئەم گریمانه له ساڵی ١٩٦٣زدا دانراوەو له ساڵی ١٩٦٩ز ( لەسلیئورگیل "Lesiie orgel پێیداچۆتەوه . گریمانەکەش دەڵێ : که شانەکانی لەش پیردەبن‌و تەمەنیان درێژ دەبێت هەڵه پەیدا دەبێت له چۆنێتیی دروستکردنی پرۆتین واته پرۆتینی(٢١) هەڵه کۆمەڵ دەبێت له لەشدا . بەرەبەره پرۆتینی هەڵه زیاددەکات‌و جێگای پرۆتینی ڕاستەقینەی لەش دەگرێت‌و له ئەنجامدا کارەسات(٢١) دەقەومێ . بۆ نموونەله ساڵی ١٩٧٠زدا دوو زانای ئامۆژگای حەیفا ئاشکرایان کرد که ئەنزیمی(٢٢) « ئایسوسترات لایێز Isocitratlyse که له شانەکانی کرمی پیر turbatrixaceti پوختەکرا، تواناو چالاکیی هەمان ئەنزیمی تازەیان نەبوو ، بەڵکو به پێچەوانەش کاری‌دەکرد

هەر وەها هەمان ئەنزیم لەناو چەند گیانلەبەرێکی تردا دۆزرایەوه له لایەن دوکتۆر مورتن روتستاین ـ(٢٣)له ئەمەریکا .

بەڵام شیکردنەوەیەکی بەردەوامی ئەنزیمه کۆنەکان(٢٤) ئاشکرای‌کرد که پێکهاتووی ئەنزیمه پیرەکان هیچ جیاوازی‌یەکیان نەبوو لەگەڵ پێکهاتووی ئەنزیمه تازەکاندا له کاتی دروستکردندا . کەچی پێکهاتووی ئەنزیمه کۆنەکان پاش پێکهاتنیان‌و دروستبوونیان دەگۆڕێن . گۆڕینیشیان تەنها له لایەن

قەبارەو دیمـەنیانەوە ڕووئەدات ، ترشە ئەمینی‌یەکانی ناویان ناگۆڕێن بـە پیری .

شیانی باسە گەردەکانی پرۆتین زۆر درێژن(٢٥) ، بۆیە لوول‌دەبن بـە جۆرەها شێوەبەیارمەتیی بەندی هایدرۆجینی(٢٦) نێوان گەردیلەکانی ئۆکسجین‌و نایترۆجین .

وادیارە پرۆتینـە کۆنەکان بەرەبـەرە جێگاکانی بەنـدە هایدرۆجینی‌یەکان دەگۆڕێن‌و بەندی هایـدرۆجینی تازە دروست‌دەبێت ئەمەش وێنەو شەکڵی گەردەکان دەشێوێنێ . بێ‌گومان شێوەو دیمەنی گەردە پرۆتینەکان بەتایبەتی ئەنزیمەکان دەورێکی بالآیان هەیە لـە کارو چالاکی ئەنزیمەکان‌دا . بۆ ئەوەی ئەنزیمێك ئەرك‌و پیشەی خۆی‌باش‌جێ‌بەجێ بکات پێویستە شێوەیەکی تایبەتی وەرگرێت .


پاش دۆزینەوەی ئەو ئەنزیمە گۆڕاوەی کرمەپیرەکان کە لەسەرەوە باسمان‌کرد چەند ئەنزیمێکی تریش جیاکرانەوەو پوختەکران . ئەم ئەنزیمانەیش بە گوێرەی تەمەن پێکهاتووەکانیان دەگۆڕان . ژمارەی ئەو ئەنزیمانەی لە جرجا هەن‌و دەگۆڕێن لە کاتی پیری‌دا پێنج ئەنزیم دۆزراونەتەوە . کەچی (٢٥) ئەنزیمی تـر هەن وەکوو خۆیان مانەوەو نەگۆڕان بە درێژبوونی تەمەن .
هـەر نەبـــە گۆڕانی چەنـد ئەنزیمێك لە ناو شـانەکانی جرج‌دا نابێت بـە دۆزینەوەیەکی سەرەکی هۆیەکانی پیری .

**تاقی‌کردنەوەی ئەنزیمی تازە (گەنج)و ئەنزیمی‌پیر .**
چەند ڕێگایەك هەن بۆ تاقی‌کردنەوەی ئەنزیمی پیرو جیاکردنەوەی لە ئەنزیمی گەنج . لە خوارەوە ئەم ڕێگایانە باس‌دەکەین :

١ ـ ئاســان ترین ڕێگا بۆ تاقی‌کردنەوەی گۆڕانی ئەنزیـم دەکرێت بە هۆی تاقی‌کردنەوەی کاری گەرمی بەسەر چالاکی‌و کاری ئەنزیمەکە . هەمیشە

گەرمی کار زیادتر دەکاتە سەر ئەنزیمی پیر وەك لە ئەنزیمی تازەو گەنج واتە جیاوازی‌یەکی ئاشکرا دەبینین لە نێوان کاری گەرمی بەسەر ڕادەی چالاکیی هـەردووجۆرەئەنزیمەکان . وێنەی ژمارە (١)ئـەم جـــۆرە تاقی‌کردنەوەیە نیشان‌ئەدات .

شیانی باسە ئەنزیمی « فۆسفۆگلیسرێت کاینێز phosphoglycerate Kinase
بە پێچەوانەی سەرەوە کاردەکات واتە گەرمی کار لە ئەنزیمە گەنجەکە زیادتر دەکات لە ئەنزیمە پیرەکە واتە ئەنزیمە پیرەکە بەهێز ترە . جاری وایش هەیە




**وێنـەی ژمارە ـ ١ : کاری گەرمی بەسـەر چالاکیی ئەنزیمی لاوو پیردا )**
ئەنزیمی گۆڕاو ( وەکو ئەنزیمی پیر بۆ وێنە ) دوو جۆر کار دەنوێنێ بە گەرما


**٢ ـ ڕێگای تاقی‌کردنەوەی چالاکیی ئەنزیم[٢٧] :.**

سروشتی‌یە ئەو ئەنزیمەی پێکهاتوەکەی گۆڕابێت (وەکوو ئەو ئەنزیمانەی کە بە هۆی تەمەن درێژی‌یەوە دەگۆڕێن ) ئەبینین کارو چالاکی‌یەکانی بۆ جێ‌بەجێ کردنی کارلێکی کیمیایی ژیانی وەکو ئەنزیمی گەنج ( واتە ساغو سەلیم)نی‌یە . واتە تاقی‌کردنەوەی ڕادەی چالاکیی ئەنزیم لەوانەیە تەمەنی ئەنزیمەکە نیشـان بـدات . بەڵام ئەم ڕێگایە زۆر ئاسان نی‌یە ، چونکە پێویستی بە ئەنزیمی[٢٨] پەتی‌یە ، واتە ئەنزیمی خاو[٢٩] بۆ ئەم تاقی‌کردنەوەیە بەکار نایەت چونکە چالاکیی ڕاستەقینەی[٣٠] ئەنزیمەکە دەرناکەوێت .

**٣ ـ تاقی‌کردنەوەیەکی تایبەت بە ئەنزیمی پەتی‌و خاو .**

ئەمە ڕێگایەکی زۆر بەسوودە بەمەرجێ تاقی‌کردنەوەکە سەرکەوتووبێت . لێرەدا تەکنۆلۆجیایەکی تایبەتی بەکاردەهێنرێت ئەویش برێتی‌یە لە بەکارهێنانی ئەنزیمە[٣١] لاوەکە (گەنجەکە) بۆ پێکهێنانی « ماددەی دژ = Antibody“ لە لەشی کەروێشکدا . لەپاشان سیرەمی[٣٢] Syrum خوێنی کەروێشکەکە بەکاردەهێنرێت بۆ نیشتنی[٣٤] هەمان ئەنزیم بەڵام لە زیندەوەرێکی پیردا . بەراوردی[٣٥] چەندێتی پلازمای پێویست دەکرێت بۆ نیشتنی هەمان کێشانە

لە ئەنزیمە گەنجەکە بەرامبەر بە پیرەکە . ئەنزیمی پیر قەبارەیەکی زۆرتر لـە پلازمای پێویستە بۆ نیشتن لە ئەنزیمی گەنج . وێنەی ژمارە (٢) ئەم جـۆرە تاقی کردنەوەیە نیشان ئەدات :




قەبارەی سیرەمی کەروێشك

**وێنـەی ژمارە ـ ٢ : جیـاوازیی ئەنزیمی کۆنو تازە لەچەندێتی سیرەمی خوێنی کەروێشك بۆ نیشتنی**

جگە لەو سێ ڕێگایانەی کە باسمان کردن لە سەرەوە ڕێگایەکی کەیش هەیەو بەکار هێنراوە بۆ ئەم مەبەستە بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر .

ئەم ڕێگایەش برێتییە لە پشکنینی سپێکترۆسکۆپی(٢٦) Spectroscopic Tests ئەنزیمی پیرو گەنج . هەندێك لە زاناکان ئەڵێن کە گوایە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەنزیمی پیرو گەنج . هەندێك لە زاناکان ئەڵێن کە گوایە جیاوازی هەیە لە نێوان شەبەنگی(٢٧) ئەنزیمی پیرو تازە . لەم دواییەدا ئاشکرا بوو کە ئەم جیاوازییە شەبەنگییە هۆی جیاوازیی ئەنزیمەکان بوو لە شێوەی لوولبوونیان نەك بە هۆی جیاوازیی پێکهاتوویانەوە .

لە لایەکی ترەوە پێویستە بزانین کە گریمانی « کارەساتی هەڵە » بەستراوە بە ڕایەکی ترەوە کە پەیوەندیی بە چۆنیەتیی ڕیزبوونی ترشە ئەمینییەکانەوە

هەیە . بۆ تێگەیشتنی ئەم جۆرە ڕیزبوونەو دروست بوونی گەردەکانی پرۆتین تکایە بابەتەکەی هاتوو بە وردی بخوێنەرەوە .

## دروست کردنی پرۆتینی هەڵەدار[٣٨] .

لە زانستی کیمیای ژیانیەوە زانراوە کە لە ناو ناوکی خانەکاندا ماددەیەك هەیە پێی دەڵێن ترشەڵۆکی ناوکی بەتایبەتی Deoxy ribonucleie Acid (DNA) ئەم ماددانە شێوەیان پۆلیمەرین[٣٩] واتە گەردەکانیان زۆر درێژن و هەر چی سیفەتی ڕچەڵەکی هەیە[٤٠] لە ناو پێکهاتووی "RNA" داهەیەو بە هۆی DNA ئەو جۆرە سیفەتانە لە باوكو دایكەوە دەگوازرێنە لەشی منداڵیان . بێ گومان پیشەی DNA پیشەیەکی گرنگە چونکە چ سیفەتی زیندەوەر هەیە بەهۆی ئەم ماددەیەوە پەیدا دەبێت لە منداڵو بەرەی ئەو زیندەوەرە . لە چەند دێڕێکی خوارەوە بەکورتی ئەم جۆرە سیفەت گواستنەوەیە ڕوون دەکەینەوە : ئەنزیمی "RNA - polymerase – پولیمەرێز RNA" لە ناو شانەکاندا هەیەو پیشەی یاریدەی چاپ کردنی جۆرێکی کەی RNA یە کەپێی ئەڵێن Mesenger RNA (m-RNA) ئەم چاپ کردنەش پێویستی بە جۆرێکی تایبەتی لە RNA) هەیە . پاش دروست بوونی ( چاپ کردنی ) m-RNA ماددەکە دەڕواتە شوێنێ تر لە شانەکاندا لەوێ پرۆتینی تایبەتی دروست




**وێنەی ژمارە (٣) چاپکردنی پرۆتینی تازەو چۆنیەتیی هەڵەکردن تیایاندا**

دەکات . هەر پرۆتینێك پێویستی بە جۆرێکی تایبەتی لە (m-RNA) هەیە بۆ ئەوەی لەســەری دروست ( چاپ ) بکرێت واتــە ئەگەر هاتو پێکهاتووی (m-RNA) گۆڕا ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتووی ئەو پرۆتینەی کــە لەسەری دروست دەبێت .

واتە ئەو پرۆتینەی کە لەسەر (m-RNA) یەکی هەڵە دروست دەبێت هەمیشە هەڵە دەبێتو پرۆتینی جیلواز لەئەنجامدا دروست دەکات . وێنەی ــ ژمارە ــ ٣ ئەم جۆرە کارلێکە ژیانییانە نیشان ئەدات :ــ

لێرەدا :


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Phenylalanine | فەنیل‌ئەلەنین | = phe | Adenine | ئەدنین | = A |
| Glutamine | گلوتامین | = gln | Cytosine | سایتۆسین | = C |
| Gly Cine | گلایسین | = g'y | Guanine | گوانین | = G |
| Histidine | هێستیدین | = his | Thymine | ثایمین | = T |
| Leucine | لووسین | = leu | Uracil | یوراسیل | = U |

t-RNA = سەیری پەراوێزی ژمارە (٤١) بکە

لە کۆتایی ئەم گریمانەدا ئەڵێین : لێکۆڵینەوە تازەکان هیچ بەڵگەیەکی وایان نەدۆزیوەتەوە بۆ سەلماندنی گریمانی « کارەساتی هەڵە » . واتە ئەنزیمی پیرو ئەنزیمی تازەو گەنج یــەك پێکهاتوویان هەیەو ترشە ئەمینییەکانی ناویان ٤ بکە لە خوارەوە .

**تیۆریی « ڕەگی بەرەڵا »(٤٢) . Free Radical theory**

ئــەم تیۆرییە لە ســاڵی ١٩٥٦ز دانرا لــە لایەن دینهام هارمانــەوە Denham Harman (٤٣) . دوکتۆر هارمان دەڵێ : کارلێك نێوان زنجیرەکانی DAN بە میکانسمی(٤٤) ڕەگی بەرەڵا زنجیرەکانی DNA دەئالۆزێنێت(٤٥) "Crosslinked ، هەر وەکوو چۆن تۆڕ(٤٦) ئالۆزاوە بۆ مەبەستی تێگەیشتنی واتای ئالۆزی لێرەدا تەماشای وێنەی ژمارە ــ ٤ بکە لە خوارەوە .




**وێنەی ژمارە ــ ٤ ئالۆزاو بوونی گەردەکانی چەوری شانەکان**

کارلێکە کیمیایی‌یەکانی ئۆکسجین لەگەڵ ماددە چەورەکانی(٤٧) ناو شانەکان لەوانەیە ماددەیەکی ئاڵۆزاو ( وەکوو تۆڕ ) پێك‌بهێنێت وەکوو لە خوارەوە بەهاوکێشەی کیمیایی نیشانی ئەدەین :ـ

١ ـ دەست‌پێ‌کردن Initiation

$$LH + O_2 \longrightarrow L^{\cdot} + OOH^{\cdot}$$

نەگۆڕ        نەگۆڕ

٢ ـ فرەبوون : Propagation

$$L^{\cdot} + O_2 \longrightarrow LOO^{\cdot}$$

$$LOO^{\cdot} + LH \longrightarrow L^{\cdot} + LOOH$$

هایدرۆ پیرۆکسیدی چەوری

٣ ـ کۆتایی Termination

$$L^{\cdot} + L^{\cdot} \longrightarrow L-L$$

(٤٨)
چەوری ئاڵۆزاو

(٤٩)

$$L\text{-}OO^{\cdot} + \text{دژئۆکسیدێن} \longrightarrow LOOH$$

ماددە ئۆکسیداوی‌یەکە

L = *Lipid* ( چەوری)

لە ساڵی ١٩٦٩ ز جۆماك کۆرد Joe M.Me Cord و فریدوڤیك Fridovich لە زانکۆی دیوك (Duke University) لە ئەمەریکائەنزیمی (SOD) یان Super-oxide Dimutase دۆزیەوە لە ناو شانەکانی لەش و ئاشکرایان کرد کە سوودی ئەم ئەنزیمە برێتی‌یە لە پارێز کردنی خانەکان دژی ڕەگەکانی سوپەر ئۆکساید $O_2^{\cdot-}$ . هەر وەها ئەم ئەنزیمە لە ناو سایتۆپلازم(٥٠) و مایتاکۆندریای(٥١) خانەکان‌دا کارلێك دەکات بە گوێرەی ئەم هاوکێشانەی خوارەوە :ـ

$$O^{\cdot -} + O^{\cdot -} + 2H^{+} \xrightarrow[SOD]{\text{ئەنزیمی}} H_2O_2$$

له پاشان $H_2O_2$ شی‌ده‌بێته‌وه به هۆی ئه‌نزیمێکی تر که ناوی ( پێرئۆکسیدێزه Peroxidase و یاخود ئه‌نزیمی « که‌ته‌لێز "Catalase جگه له کارلێکه‌کانی سه‌ره‌وه که رێگایه‌که بۆ قورتاربوون له زیانی ڕه‌گه به‌ره‌ڵاکان رێگایه‌کی تریش هه‌یه بۆ به‌ربه‌ستی ڕه‌گه به‌ره‌ڵاکان .

بۆ وێنه بوونی مادده ( دژ ئۆکسیدێنه‌کان (Anti-oxidants به‌ربه‌ستی‌یه‌کی به‌کار ده‌که‌ن و ڕه‌گه به‌ره‌ڵاکان ده‌فه‌وتێنن .

نموونه‌ی مادده دژه ئۆکسیدێنه‌کان ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌ن له‌له‌شی‌زینده‌وه‌ردا

١ ــ ڤیتامین ــ (E)
٢ ــ هه‌ر پێکهاتوویه‌ك که کۆمه‌ڵه‌ی (SH) ی تیادا هه‌بێت .
٣ ــ ڤیتامین ــ C ( هه‌ندێك جار ) .
٤ ــ ئه‌نزیمی گلوتا ثایۆن پێر ئوکسیدێز (Glutathione peroxidase)

شیانی باسه ئه‌نزیمی ( گلوتاثایۆن پێرئوکسیدێز ) شان به شان له گه‌ڵ ئه‌نزیمی SOD که باسمان کرد له سه‌ره‌وه خانه‌کانی له‌ش ده‌پارێزن دژی زیانی ئۆکسیدێن بوون به پێرئۆکسید . قه‌باره‌یه‌کی ده‌گمه‌ن له کانزای (Se) له ناوپێکهاتووی ئه‌نزیمی ( گلوتاثایۆن ) هه‌یه ، بۆیه پێویسته له سه‌ر هه‌مو که‌سێك که‌مێك له کانزای سیلینیۆم وه‌ربگرێت له گه‌ڵ خوارده‌مه‌نی بۆ مسۆگه‌ر کردنی ژیانێکی ته‌ندروست .


بێ گومان ئه‌گه‌ر بێتو ئه‌م تێڕوانی‌یه‌ی که باسمان کرد راست بێت ئه‌وا بوونی ڕه‌گی به‌ره‌ڵا هۆی پیری‌یه چونکه که ڕه‌گه‌کان زۆر ده‌بن مادده دژئۆکسیدێنه‌کان ناتوانن بیانفه‌وتێنن .

ئه‌وه‌ی راستی بێت ئه‌نجامی تاقی‌کرنه‌وه‌کانی لێکۆڵینه‌وه‌ی ئه‌م بابه‌ته هه‌موو یه‌ك ناگرن(٥٣) . بۆ وێنه هه‌ندێك له جرجه پیره‌کان مایتاکوندریاکانیان سوپه‌ر ئۆکسیدێکی زیادتر دروست ده‌که‌ن له جرجی گه‌نج . به‌ڵام ئه‌م ئه‌نجامه ته‌نیا له جرجدا تاقی کراوه‌ته‌وه . هه‌ر وه‌ها ده‌وری ئه‌نزیمی (SOD) و ( گلوتاثایۆن پێرئوکسیدێز ) له که‌م کردنه‌وه‌ی ڕه‌گه به‌ره‌ڵاکان زۆر باش به لێکۆڵینه‌وه‌ی زانستی نه‌سه‌لمێنراوه .

زۆر بوونی ڕه‌گی به‌ره‌ڵا له ناو خانه‌کاندا بێ گومان زیان به دیواره‌کانی نێوان خانه‌کان(٥٤)ئه‌دات به شێوه‌یه‌کی تایبه‌تی . هه‌ر وه‌ها زیان به مایتاکۆندریاو پرۆتینه‌کان‌و (DNA) ش ده‌گه‌یه‌نێت . زیانه‌که‌ش برێتی‌یه له کارلێکی کیمیایی نێوان ڕه‌گه به‌ره‌ڵاکان و نێوان ترشه چه‌وری‌یه‌کان(٥٥) که تێر نه‌کراون(٥٦) . کارلێك کردنی نێوان ترشه چه‌وری‌یه‌کانی تێرنه‌کراو و نێوان ڕه‌گه به‌ره‌ڵاکان

پێویستە ماددەیەکی ئاڵۆزاو دروست بکات و لەپاشان ماددە ئاڵۆزەکە دەبێ بنیشێت و کۆمەڵ ببێت لە ناو خانەکاندا . کەچی هەتا ئێستا هیچ ماددەیەکی نیشتوی لەم بابەتە لە ناو خانە کۆنەکان‌دا نەدۆزراوەتەوە . لەوانەیە ئەنزیمەکانی خانەکان ئەو ماددە نیشتوە نەهێڵێت کۆمەڵ بێت و بیتوێنێتەوەو بیگۆڕێتەماددەی تواو . ئەم شتە زۆر تر ڕێی تێ ئەچێت لە ناو ئەو خانانەی کە کەرت(٥٦) دەبن بە هەمیشەیی . بەڵام ئەو خانانەی کە دوو کەرت نابن و زیاد ناکەن ( وەکو خانەکانی مێشك و گورچیلە ) ئەوا لە وانەیە ماددە ئاڵۆزاوەکە لە ناویان‌دا بنیشێت و کۆمەڵ ببێت .

هیچ گومانی تیادا نی‌یە ( پێرئۆکسیدێن ) لە ناو خانەکانی لەش‌دا روو ئەدات و هەمیشە ترشە چەوری‌یەکانی تێر نەکراو کارلێك دەکەن و ماددەیەکی ئاڵۆزاو دروست دەبێت . کارلێکی ڕەگی بەرەڵا لەگەڵ ترشە تێر نەکراوەکان تەنها ماددەی ئاڵۆزاو پێك‌ناهێنێت ؛ بەڵکو گەلێك کارلێکی لابەلاش روو ئەدات . یەکێك لەو کارلێکە لابەلانە ئاوێتەی ( مالۆن ئەلدهاید )(٥٧) پێك دێنێت . لە خوارەوە هاوکێشە کیمیایی‌یەکانی چۆنی‌یەتی پێکهێنانی ( مالۆن ئەلدهاید ) نیشان ئەدەین :ـ




( مالۆن ئەلدهاید )

وادیارە مالۆن ئەلدهاید دەورێکی باڵای هەیە لە پیربوونی خانەکان‌دا . یەکەم هۆی پێکهاتن و نیشتنی ماددەیەکی ڕەنگدار کە ناسراوە بە ناوی ( لیپۆفیوژن Lipofusion )لە ناو خانەپیرەکان مالۆن ئەلدهایدە . مادەی ( لیپۆفیوژن ) نیشتویەکی زەردە کە تیشکی(٥٩) (UV) بەناویا ڕەت دەکرێت . خانەی پیر وادیارە قەبارەیەکی زۆر لەم ڕەنگە کۆ دەکاتەوەو دەبێتە هۆی تیشك دانەوەی (UV) (٦٠)


پسپۆرەکان دەڵێن کە گوایە ماسولکەکانی(٦١) دڵ ئەم ماددە ڕەنگدارە لە ناویا دەنیشێت و ساڵ بەساڵ زیاد دەکات بە قەبارەی ( ٥٦٪ )ی قەبارەی دڵ(٦٢) .

ئایا ئەم ماددە ڕەنگدارە کە پێی دەڵێن ( لیپۆفیوژن ) چۆن چۆنی پێك دێت و دروست دەبێت ؟؟ دوکتۆر تاپڵ APL. Tappel (٦٣) وەڵامی ئەم پرسیارەی بەم جۆرەی خوارەوە داوەتەوە لە ساڵی ١٩٦٩ز : مالۆن ئەلدهاید کارلێك دەکات لە گەڵ ئەمینەکان و پێکهاتوویەکی تفت پێك دێنێت کە لە زانستی کیمیای ئەندامی(٦٤) ناسراوە بە « تفتی سچیف » "Schiff Base" واتە بە گوێرەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە دروست دەبێت :ـ




ماددە پێکهاتوەکە لەم دوایی‌یەدا لە تاقیگەش‌دا دروست کرا و بەتەوای سیفەتەکانی لە ماددە زەردەکەی ناو خانە پیرەکانی دەکرد . واتە سیفەتەکانی زۆر لە ماددەی ( لیپۆفیوژن ) دەچوو . کە تیشکی (UV) بەسەریا ڕەت دەکرا هەمان درەوشانەوەی نیشان ئەدا وەکوو لیپۆفیوژنەکەی ناو خانە پیرەکان .

واتە ئەو ماددە زەردەی کە لە ناو خانە پیرەکاندا کۆمەڵ دەبێت و دەنیشێت ( لیپۆفیوژن ) پیك‌دێن لە کارلێکی ( مالۆن ئەلدهاید )لە گەڵ ئەو پرۆتینانەی کە کۆمەڵەی ئەمینی زیادەی پێوەیە وەکو ئەو پرۆتینانەی کە ترشی(٦٥) ئەمینی لایسینی(٦٦) تیادا هەیە . دوکتۆر تاپڵ ئەڵێ کە ( مالۆن ئەلدهاید ) لە گەڵ ئەم جۆرە پرۆتینانە کارلێك دەکات ماددەیەکی ئاڵۆزاو دروست دەبێت و دەنیشێت بە گوێرەی ئەم هاوکێشانەی خوارەوە :ـ




وێنەی ( ژمارە ــ ٥ ) لە خوارەوە ماددە رەنگدارەکەی ناو خانەکانی مێشکی مەیمونێکی پیر نیشان ئەدات پاش درەوشانەوە بەتیشکی UV :ـ

وێنەی
ژمارە
(٥)

ڕەنگە زەردەکەیە کەلە ژێر تیشکی UV ئەدرەوشێتەوە .



ماددە ڕەنگدارەکانی خانەی پیر لەژێر تیشکی UV

دوور نیيە بە گوێرەی هەمان میکانسم(٤٤) گەردەکانی (DNA) یان (RNA) بئالۆزێن لە گەڵ مالۆن ئەلدهایدا . واتە ئەگەر هاتوو پێرئۆکسیدێن یاخود بە کارلێکی ڕەگە بەرەڵاکان مرۆڤ پیر بێت ئەوا دەبێ ئەو کەسانەی کە ماددەی دژ بە ئۆکسیدێن Antioxidants زۆر دەخۆن دەبێ تەمەنێکی درێژ بژین . بۆ وێنە زۆر خواردنی ئەو جۆرە خواردەمەنیيانەی کە ڤیتامین (E) زۆرە . ڤیتامین (E) ( تۆکافیرۆڵ Tochapherol ناسراوە بە ماددەیەکی دژ بە ئۆکسیدێن لە ناو لەشی زیندەوەردا . زاناکان هەڵسان چەند جرجێکیان بە خێو کرد بۆ تاقیکردنەوەی کاری ڤیتامین(E) ـ ڤیتامین (E) یەکی زۆریان دەرخوارد بە جرجەکان ئەدا بۆ ماوەیەك سەیریان کرد ئەو ڕەنگەی کە پیمان گوت « لیپۆفیوژن »زۆر کەم بوەوەو لە هەندێکیاندا بەتەوای نەما بەڵام تەمەنی جرجەکان هەر وەکوو جاران بوو هیچ درێژتر نەبوو بە خواردنی ڤیتامین (E)

لێرەدا ئەنجامێکمان دێتە یاد ، ئەویش ئەڵێین مادام ڤیتامین (E) ماددەی « لیپۆفیوژن » دەتوێنێتەوە و دەیفەوتێنێت لە ناو خانە پیرەکاندا و لە هەمان کاتدا تەمەنی زیاد نەکرد واتە پیر بوونی شانەکان هۆی نیشتنی ماددە ڕەنگدارەکەی « لیپۆفیوژن » نیيە . بەڵکو لیپۆفیوژن کۆمەڵ دەبێ وەکوو خڵتێ یان پاشماوەی چالاکیيە ژیانیيەکانی خانە و دەنیشێت ساڵ بە ساڵ . پێکهاتووی لیپۆفیوژن ئاڵۆزاوە و هیچ ئەنزیمێك کاری لێ ناکات و بیتوێنێتەوە .

لە لایەکی ترەوە دوکتۆر ولیام پرایەر William Pryor (٦٧) بۆچوونێکی(٦٨)( ڕایەك ) جیای هەیە دەربارەی دەوری ڕەگە بەرەڵاکان لە پیریدا .

پرایەر ئەڵێ :ـ ڕەگە بەرەڵاکان مەرج نیيە تەنها ببنە هۆی پێکهێنانی ماددە ڕەنگدارەکەی ناو خانە پیرەکان بەڵکو گەلێك شوێنی تر هەن کە ڕەگە بەرەڵاکان زیانیان پێ دەگەیەنێت . بە تایبەتی ئەو زیانانەی کە لەش توشی ئەبێت لە کاتی نەخۆشی شەکر و ڕۆماتزم و چاو کزی


هەو وەها چەن زانایەکی تر ئەڵێن کە گوایە ئەنزیمی (SOD) یان تاقی کردۆتەوە ئەویش بە ڕێگای خواردنەوە بەڵام لە ئەنجامدا هیچ سوودێکی نەبەخشیوە . سەیر ئەوەیە چەن زانایەکی تر ویستیان ئەم مەسەلەیە تاقی بکەنەوە بە خواردنی حەبی (دەنك) ماددەیەکی کەم کەرەوە(٦٩) Reducing agent چونکە بە گوێرەی زانستی کیمیا ماددەی کەم کەرەوە ئەتوانێت ڕەگە بەرەڵاکان بفەوتێنێتو کارەکانیان فەرامۆش بکات . بەڵام دیسانەوە ئەنجامێکی بەسوودی نەبەخشی .

جەن هەوڵ و تەقەلایەکی تر(٧٠) *

زاناکان گەلێك لە لایەنەکانی گیر و گرفتی پیری‌یان تاقی کردۆتەوە . ئەتوانین بڵێین هەر تیۆروانی‌یەك یان گریمانێك یان بۆچوونێك لەوبارەیەوە هەبێت تاقی کراونەتەوە . یەکێك لەم لایەنانەی کە لە سەرەوە باسمان نەکردوە بریتی‌یە لە دەوری بۆماوە(٧١) و رچەڵەك دەربارەی پیر بوون . ئایا پیر بوون کاریکی رچەلەکی‌یە؟ واتە هەنگاوەکانی پیر بوونی خانەکان پێویستە یەك لە دوای یەك(٧٢) روو بدەن بۆ ئەوەی لەدوایی‌دا پیربێت ؟! یاخود پیری هیچ پەیوەندی نی‌یەبە بۆماوەو رچەڵەکەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانەش بێ گومان لێکۆڵینەوەی ( جینەکان(٧٣) Genes ئەی‌داتەوە . بەڵێ !! مەسەلەی جینەکان ماوەیەکی زۆر زاناکانی خەریك کردوە و لێکۆڵینەوەیەکی بێ وچان و هەمیشەیی دەکرێت لە زانکۆکان و ئاموزگاکانی لێکۆڵینەوە لە ئەمەریکادا . بۆ نمونە دوکتۆر ( زۆرس میدڤەدێف Zhores A, Medvedev) پانزە ــ شانزە ساڵە خەریکە و گریمانێکی بلاو کردەوە دەربارەی جینەکان کە دەڵێ :ــ « ئەو گیانلەبەرەی کە ژمارەیەکی زۆر جینی هەیە ( واتە لە هەر جینێکی تایبەتی ژمارەیەکی زۆری هەیە ) ئەوا ئەو گیانەوەرە زۆرتر دەژی . بەڵام ئەنجامی گەلێك لە لێکۆڵینەوەکانی پاش ئەو بە پێچەوانەی ئەم گریمانە بووو ئەمیش خرایە پاڵ ئەو هەموو تەقەلایانەی‌کۆن کە هیچیان بە قەتعی لە پیری تێ نەگەیشتون .

لەو زانایانەی کە لەم کێلگەیەدا(٧٤) لێکۆلینەوەیان کردوە دوکتۆر سەموئیل گۆلدستاینە(٧٥) Samuel Goldsteine . ئەم زانایە سرنجی‌دا ژمارەی زنجیرەکانی (DNA) لە ناو خانە گەنجەکانا زیادترن لە ژمارەیان لە ناو خانە پیرەکان .

لێرەدا بە پێویستی ئەزانین کە راستی‌یەکی گرنگ بخەینە بەرچاو دەربارەی سیفەتەکانی خانەی لەشی زیندەوەر . ئەو سیفەتەش ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو زیانێك توشی (DNA) ببێت یان هەر شوێنێکی تر لە خانەکان‌دا کوتوپڕ خانەکان خۆیان بە خۆیان چاك دەکەنەوە . بۆ نمونە ئەگەر هاتوو تیشکی UV بەناو خانەکان‌دا ڕەت بکەین لەوانەیە زیان بە پێکهاتووی (DNA) بگەیەنێت و لە ئەنجام‌دا بئاڵۆزێت . ئاڵۆز بوونی (DNA) بە تیشکی (UV) دەست پێ دەکات بە پێکهاتنی ڕەگی بەرەلاّ لە ئاستی ئایمینەوە . ( ئایمین (Thymine) تەنێکە لە تفتەکانی DNA وەکو لە خوارەوە بە هاوکێشەی کیمیایی نیشانی ئەدەین :ــ




گەردی (DNA) ئالۆزاو دوورەگی بەرەلا یەک دەگرن

زاناکان دەڵێن خانەکان ئەتوانن مادده ئالۆزاوەکە بفەوتێنن و لەش لە زیانیان رزگار بکەن . چۆنی‌یەتی فەوتاندنی مادده نیشتوە ئالۆزاوی‌یەکە جێ بەجێ دەبێت بە میکانسمێکی تایبەتی پێی دەڵێن . « میکانسمی(٧٥) برینەوە (قارسکردن) Excision Repair » . چاک کردنەوەی زنجیرەی (DNA) دەکرێت بە یاریدەدانی ئەنزیمی تایبەتی . زنجیرە هەڵەکەی DNA فرێ ئەدرێتە لاوە و زنجیرەیەکی تازەی راستەقینە دروست دەکرێت بە چاپ کردنی لە سەر زنجیرە کۆنەکان ــ لەساڵی ( ١٩٧٤ ز ریچارد هارت Richard Hart وریچارد سێتلۆ Richard Setlow راپۆرتێکی بەنرخیان بڵاو کردەوە و سەرنجی گەلێك زاناو پسپۆریان راکێشا . راپۆرتەکە دەیگوت کە پەیوەندی‌یەکی(٧٦) هێڵی هەیە لە نێوان توانای خانەکان بۆ جێ‌بەجێ کردنی کاری (برینەوەی زیادە Excision Repair و نێوان لۆگارێتمی تەمەن لەم گیانەوەرانەی خوارەوەدا :ــ

جرج ، مشك ، مانگا ، فیل ، ئادەمیزاد و چەن گیانەوەرێکی تر لە خێڵی قرتێنەرەکان(٧٧) .

ئەم راپۆرتە لــە لایەن گەلێك زاناو توێژینەرەوە(٧٨) تاقی کراوەتــەوە و ئەنجامی تاقی‌کردنەوەکانیان لەگەڵ ئەنجامی سەرەوە رێك بوون . دیسانەوە چەن زانایەك دژی ئەم ئەنجامە وەستان لە سەر بناغەی ئەوە کە ئەو ئەنزیمانەی میکانسمی «برینـەوەی‌زیـادە» جێ‌بەجێ دەکەن هەمیشـە لە نـاو خانـە پیرەکاندا قەبارەیان‌کەم‌ناکەن هەروەها بوون‌و نەبوونی ئەو ئەنزیمانە هیچ کارێکی وای نیشان نەداوە بەسەر تەمەنی گیان‌لەبەرەکەدا .

بێ گومان ئەگەر هاتوو سەلماندمان کــە هەراش بــوون و پێ‌گەیشتن‌و

لەپاشان پیربوون بریتیین لە زنجیـرەیەکی کارلێکی ژیانی ڕێك خراو (مبرمج) هەمیشە مرۆڤ ناتوانێت بیگۆڕێت چونکە پەیوەندی[71] بە ڕچەڵەك و بۆماوەی ئەو کەسەوە هەیە . واتا پەیوەندی بە (جینەکانەوە[72] (Genes) هەیە ، ئەگەر هاتوو ئەمەمان سـەلماند ئەوا پێوستە هـەوڵ و لێکۆڵینەوە ئاراستەی جینەکان بکرێن بۆ دۆزینەوەی ئەو جینانەی ئەم جۆرە (پرۆگرامە Program جێ بـەجێ دەکەن . بۆ ئـەم مەبەستە دەبێ سـەدەهـا جین بپشکێنرێن و بدۆزرێنەوە . بێ گومان ئەمەش پرۆژەیەکی زور قورسە هەتا ئێستا هەر لە پلەیەکی سەرەتایی‌دا لۆقە دەکات[79] ( ساتمە دەکات ) .

ئێمەش لێرەدا دەڵێین بەڵێ !!زۆر پێویستمان بەم جۆرە بابەتە لێکۆڵینەوەیە هەیە و خۆزگا پشت گوێ نەخرایە و پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکرایە .

لایەنێکی گرنگی کەیش هەیە بۆ گەیشتن بە زانینی هۆیەکانی پیری ئەویش بـە لێکۆلینـەوەی نیورۆبایۆلۆجی‌یە[80] Neuro biology ـئەم چەشنـە لێکۆلینەوەیە کۆمەڵێك لە کارلێکە ژیانی‌یـەکان دەبـەستێت بـە گـوڕانی Metabo lism خواردەمەنی‌یەوە بۆ دروست کردنی هۆرمونەکان و پەیوەندی بە گۆڕانی خواردەمەنی‌یەوە بـۆ دروسـت کردنی هۆرمونەکان و پەیوەندی ئەمانە بە چالاکی مێشکەوە . زۆربەی پیرەکان‌وادیارە چالاکی مێشکیان و توانای بیرکردنەوەیان پیر نابێت . واتە لێکۆلینەوەی مێشك لەوانە نی‌یە بمانگەیەنێت بە ئەنجامێك .

ژمارەیەکی تر لـە زاناکان ڕوویـان کردۆتە لێکۆلینەوەی « لوە بێ[81] جۆگەلەکان » وهۆرمۆنەکان بە ئومێدی دەست کەوتنی ڕۆشنایی‌یەك دەربارەی پیری . هۆرمۆن کەمی[82] یان بێ کەڵکی هۆرمۆن یاخود کارنەکردنی هۆرمۆن دوور نی‌یە دەوریان هەبێت لە پیری‌دا . هۆرمۆنەکان بە سێ شێوە کاری خۆیان دەکەن لە ناو خانەکانی لەش‌دا :ـ

**١ ـ کار کردن‌لەسنووری خانەکان :**

واتە لە ناو دیواری خانەکان‌دا هۆرمۆن کارلێك دەکات لەگەڵ ماددەیەك پێی دەڵێن « وەرگر Recepter » ومادده پێکهاتووەکە بەناو دیواری خانەدا تێ‌دەپەڕێت بۆ شانەی تەکی بۆ ئەوەی پیشەی خۆی ببینێت .

**٢ ـ بە یاریدەی[83] (C-AMP)**

لێرەدا هۆرمۆنەکە کار لە گەڵ (C-AMP دەکات و ماددەیەکی تایبەتی دروست دەبێت کە ئەتوانێت بە ناو دیواری خانەکان‌دا تێ‌پەڕبێت .

**٣ ـ تێ‌پەڕ بوون بە بێ کارلێك کردن :**

ئەم بۆ چوونە دەڵێ هۆرمۆن . ئەتوانێت بەبێ کارلێك‌کردنی کیمیایی‌وگۆڕان

تێ‌پەڕێت بە ناو دیواری خانەکان‌دا لەپاش ڕەت بوون لەوانەیە کارلێك بکات لەگەڵ ماددەی « وەرگر » .

شیانی باسە لێکۆڵینەوە دەری خستوە کە چەندێتی دروست بوونی هۆرمۆن لە خانەکان‌دا هەرگیز کەم نابێتەوە بە پیری . بەڵام دوکتۆر جۆرج رۆث George Roth (٨٤) دەڵێت کە گوایە ژماردی ماددە وەرگرەکان Recepters لە ناو خانەکانی جرجی پیردا کەمترن لە جرجی لاو و گەنج .

شیانی باسـە چەند زەحمەتی‌یـەك هـەن لە رێـگای لێکۆڵینـەوەی هۆرمۆندا . بۆ نمونە ئەم کۆسپانەی خوارەوە دەخەینە بەر چاو :ـ

١ ـ لە نێوان هۆرمۆنەکان پەیوەندی‌یەکی بەهێز هەیە.واتە ئەگەر هاتوو یـەکێك لـە هۆرمۆنەکان کارلێکی کیمیاوی بکات ئـەوا لەوانەیە زیان بـە هۆرمۆنەکانی تر بگەیەنێت و لە چالاکیانی بخات . بە ئینگلیزی بەم جۆرە سیفەتە ئەڵێن « لەناو یەکا کاریگەرن "Interreactive

٢ ـ قەبارەی هەندێك لە هۆرمۆنەکان بە کات و سەعات دەگۆڕێن . بۆ نمونە بەبانیان زۆرەو ئێواران کەمە .

٣ ـ چەندێتی و جۆری خواردەمەنی کارێکی باڵای هەیە بەسەر هۆرمۆنا. بێ گومان گەلێك لایەنی تریش هەن کە لێکۆڵینەوەی تیادا کراوە دەربارەی پیری . وەکوو لێکۆڵینەوەی وردیلە(٨٥) سوورەکانی خوێن یان شی‌کردنەوەی پرۆتینی چاوی زیندەوەری گەنجو پیر . بەڵام بەداخەوە هیچی ئەم لێکۆڵینەوانە وڵامێکی تەواوی مەسەلەی پیری نەداوەتەوە .

**تەمەن درێژەکانی جیهان .**

لەساڵی (١٩٥٠ز) گەلێك لە زاناکان ویستی‌یان ئەو کەسانە بناسن کـە تەمەنیان لە ( ١٠٠ ـ ١٥٠ ) ساڵ زیادترە ، بۆ ئەوەی بزانن ئەم تەمەن درێژانە خەڵکی کوێن و ژیانیان چۆن بەسەر بردوە ؟ .

زۆربـەی تەمەن درێژەکانی جیهان وا دیارە لـە ناوچە شـاخاوی یەکان ژیاون . بەڵام هیچ زانایەك نەگیشتۆتە هۆیەکانی ئایا هەوایە ؟ خواردەمەنی‌یە وەیان رچەڵەکی‌یە؟ . .بەگوێرەی راپۆرتەکانی زاناکان مروڤ لە (١١٢ ـ ١١٣) ساڵ زیادتر نازێت واتە ئەوانەی ئەڵێن کە تەمەنیـان لەوە زیادترە هەڵبەتە بەهەڵەدا چوون . .

**دەوری خواردەمەنی :**

ئایا خواردەمەنی چ دەورێك دەبینێ لە مەسەلەی پیری ؟ئەم پرسیارەش

بێ گومان پشت گوێ نەخراوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆری بەسەردا کراوە .

لە ســاڵی ١٩٣٥ ز دکتۆر کلایف ماکی Clive Mecay (٨٦) یـەکەم تاقیکردنەوەی لەم بابەتە کرد بە سەر جرجا . چەن بەچکە جرجێکی هێنا پاش ئەوەی کە لە مەمك بڕانەوە یەکسەر خواردەمەنی‌یەکی تایبەتی نیشان کراوی(٨٧) دەرخـواردیان‌دا . بـەچکە جرجەکانی بەختێـو کرد بـە پارێـزێکی باش و خواردنەکەیان هەر چەندە تەندروست بوو بەڵام زۆر کەم بوو هەر بەقەدەر پێوستی(٨٨) لەشیان بوو . بەم جۆرە دکتۆر کلایف و رەفیقەکانی تەماشـایان کرد تەمەنی ئەم جۆرە جرجانە زۆر درێژتر بوو لەوانەی کە خواردنیان بە کەیفی خۆیان دەخوارد . ئەم تاقیکردنەوانە دووبارە کرانەوە ئەنجامەکانی چەسپاتران لە لایەن چەن زانایەکی ترەوە لە ســاڵی ١٩٦٠ . لە حەفتاکانی ئـەم چەرخە دیسانەوە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە باوی سـەند . بۆ نمونە دوکتۆر ئەدوەرد ماسۆرۆ Edward Masoro وبایۆنك پاڵ‌یۆ Byungpal yo (٨٩) گەلێك تاقیکردنەویان کرد لە سەر جرج و مشکدا . سەیریان کرد ئەگەر هاتوو لە ( ٦٠٪ی ) گەرموکەی(٩٠) خواردەمەنی ئاسایی بدرێتێ تەمەنیان لـە (٥٠٪) زیاد دەکات .

بـەداخەوە هیچ تاقیکردنەوەیـەکی بـڵاوکراو نی‌یـە دەربارەی کاری خواردەمەنی بەسەر تەمەنی مرۆڤـدا ، بەڵام گومانی تیادا نی‌یە کە خواردەمەنی دەورێکی باڵای هەیە لە تەمەن درێژی چ مشك بێ یان ئادەمیزاد .

لە کۆتایی ئەم وتارەدا ئەڵێین زانستی و لێکۆڵینەوە هێشتا هیچ نازانێت بەرامبەر بە هۆیەکانی پیری . مەسەلەی پیری و گیرو گرفتی دەخرێتە پاڵ گیرو گرفتی شێرپەنجە(٩١) و نەخۆشی‌یەکانی دڵ و تەوژمی(٩٢) خوێن کە هەموویان هێشتا بەتەواوی روون نەبونەتەوە بۆ زاناکان . بەڵام مرۆڤ دەست ناشواتو بێ ئومێدی پەیدا ناکات و هەمیشە هەر هەوڵ دەدات و بیردەکاتەوە بۆ شی کردنەوەی تەلەسمی(٩٣) پیری و نهێنی‌یەکانی شێرپەنجەو گەلێك گیرو گرفتی تـر .

## پەراوێزو سەرچاوەکان .

١ ــ زۆربەی ئەم وتارە لەم سەرچاوەی خوارەوە وەرگیراوە :ــ

Chem. and Eng. News, Aus 11, 1986; Page 26 By : Morton Rothstein-of the University of New York, Buffalo (U.S.A).

٢ ــ لێکۆڵینەوەی زانستی = البحث العلمی Scientific Research

٣ ــ کیمیای ژیانی = الکیمیاء الحیاتیة Biochemistry

٤ ــ فێ = الصرع

٥ ــ شێرپەنجە = سرطان

٦ ــ تێکرای تەمەن = معدل العمر

٧ ــ نەخۆشیی جمگەکان = داء المفاصل

٨ ــ بێزار دەبێت = یمل ، یضجرمن

٩ ــ زانستی گەردو گەردیلە = علم الذرات والجزیئات

١٠ ــ بەردی فەیلەسوفەکان = حجر الفلاسفة اکسیر الحیاة = ماء الحیاة = ئاوی‌ژیان ئەو مادەیەیە کە هەموو شتێك دەگۆڕێتە زێڕ .

١١ ــ ئەم‌سەرچاوانەی خوارەوەبروانە :ــ

1 — A.J. Ihde, "thet developement of modern Chemistry", New York, 1964.

2 — I. Asimov. "A Short History of chemistry", New York 1965.

١٢ ــ کارلێکی کیمیایی = تفاعل کیمیائی

١٣ ــ گۆڕان = تمثیل = Metabolism

١٤ ــ پیوەرێکی راستو ورد = مقیاس صحیح ودقیق

١٥ ــ گلوکوز = Glucose =شەکری‌تری $C_6H_{12}O_6$

١٦ ـ کەرت بوون = الانشطار ، الانقسام

Theory

١٧ ـ تێڕوانی = نظرية

Cata strophe

١٨ ـ کارەسات = کارثه

Hypothesis

١٩ ـ گریمان = فرضية

Free Radicals

٢٠ ـ ڕەگە بەرەڵاکان = الجذور الحرة

٢١ ـ پرۆتینی هەڵە = Faulty Protein = پروتين خاطیء . پرۆتینی هەڵە لێرەدا مەعنای پرۆتینێکە کە ترشە ئەمینیەکانی ناوزنجیرەکانی لە شوێنێکدا یان زیادتر جیان لە گەڵ پێکهاتووی زنجیرەی پرۆتینی ئاسایی دروست .

٢٢ ـ ئەنزیم Enzyme برێتی‌یە لە ماددەیەکی پرۆتینی و دەتوانێت کارلێکی کیمیایی ژیانی ساز بکات . هەر کارلێکێکی ژیانی ئەنزیمی تایبەتی خۆی هەیە .

٢٣ ـ ئەماشای سەرچاوە ژمارە (١)بکە لە سەرەوە .

٢٤ ـ ئەنزیمی کۆن و ئەنزیمی تازە مەعنای ئەنزیمێکە کە پوختە کرابێت لە شانەی تازە ( تەمەن‌کورت = گەنج ). هەروەها ئەنزیمی کۆن مەڵبەندەکەی زیندەوەرێکی پیرە .

Polymer

٢٥ ـ چونکە بۆلیمەرن

٢٦ ـ بەندی هایدرۆجینی = الآصرة الهايدروجينية

٢٧ ـ

A. White, P. Handles, and E. Smith, "Principles of Biochemistry", Mc Graw-Hill book Company 1964 Page 289.

٢٨ ـ ئەنزیمی پەتی = انزيم نقي

٢٩ ـ ئەنزیمی خاو = انزيم خام ( غير نقي )

٣٠ ـ الفعالية الحقيقية = چالاکی راستەقینە

٣١ ـ واتا ئەو ئەنزیمەی کە لە شانەی زیندەوری گەنج وەرئەگیرێ

٣٢ ــ المواد المضادة = Antibody . که مادده‌یه‌کی غه‌ریب ده‌چێته ناو شانه‌کانه‌وه جێ بـه‌جێ خانه‌کان مادده‌یه‌کی دژ بـه‌و مادده غه‌ریبـه ( پرۆتینی‌یه ) دروست ده‌که‌ن ئه‌مه‌ش مادده غه‌ریبه‌که ئه‌مه‌یه‌نێت و ده‌نیشێنێت .

٣٣ ــ سیره‌م = مصل الدم

٣٤ ــ نیشتن = ترسیب

٣٥ ــ به‌راورد = مقارنه

٣٦ ــ پشکنینی سپێکتروسکۆپی = الفحص الطیفی = پشکنینی شه‌به‌نگی .

٣٧ ــ شه‌به‌نگ = طیف

٣٨ ــ سه‌یری په‌راوێزی ژماره (٢١) بکه . ترشۆڵه ناوکی‌یه‌کان = الحوامض النوویة Nucleic acids

٣٩ ــ پۆلیمه‌ر = بولیمر ( متعدد الوحدات = الجزیئات الکبیرة Polymer بریتیه له گه‌ردی گه‌وره و درێژ پێك دێت به به‌ندبونی گه‌ردی بچوك و پێکهێنانی زنجیره‌یه‌کی درێژ .

٤٠ ــ سیفه‌تی ڕه‌چه‌ڵه‌کی = صفة وراثیة

٤١ ــ transfer - RNA = t-RNA ئه‌م جۆره t-RAN = یه له نـاو خانـه‌کان‌دا به درێژایی رایبۆسۆمه‌کان‌دا Ribosomes دروست ده‌بێت . دروست بوونی (t-RNA) له‌سـه‌ر (m-RNA) چـاپ ده‌کرێت و له پاشان (T-RNA) پرۆتین دروست ده‌کات به هه‌مان ڕێگاو به یارمه‌تی ئه‌نزیمه‌کان .

٤٢ ــ نظریة الجذور الحـرة : ڕه‌گی به‌ره‌ڵا له کیمیادا ئه‌و گه‌ردیله‌یه‌یه یـان کۆمه‌ڵه گه‌ردیلانه‌ی که تاکه ئه‌لیکترۆنێکی تاقی تیادا هه‌یه . واته ئه‌مانه هه‌موو ره‌گی به‌ره‌ڵان : $So^{\bullet}_4$ ، $CH^{\bullet}_3$ ، $Ce^{\bullet}$ ، $H^{\bullet}$ هتد..

٤٣ ــ دوکتۆر هارمان ئێستا له زانکۆی نێبراسکا (Nebraska) له ئه‌مه‌ریکادا پرۆفیسۆره .

٤٤ ــ میکانسم = Mechanism = میکانیکیة

٤٥ ـ ئاڵۆزاو = متشابك Crosslinked

٤٦ ـ تۆڕ = شبكه Net

٤٧ ـ ماددەی چەور = المواد الدهنية

٤٨ ـ چەوری ئاڵۆزاو = دهونات متشابكة Crosslinked lipids

٤٩ ـ دژئۆکسیدێن = مضاد الاكسدة Antioxidant

٥٠ ـ سایتۆپلازم ـ بەشێکی خانەی لەشی زیندەوەرە

٥١ ـ مایتاکوندریا ـ بەشێکی خانەی زیندەوەرە

٥٢ ـ سیلینیۆم = Se = Selinium کانزایەکی تایبەتی‌یە

٥٣ ـ یەك ناگرن = واتە یەکتری تایید ناکەن = لا یؤید بعضهم بعضاً .

٥٤ ـ دیواری نێوان خانەکان ـ الجدار مابين الخلايا ( الجدار الخلوي ) .

٥٥ ـ ترشە چەوری‌یەکان = الحوامض الشحمية = Fatty acids

٥٦ ـ تێر نەکراو = غير مشبع واتە بەندە جووتەکانی (C = C) هەر ماون چونکە ترشە ئەندامی‌یەکان کە هەمیشە پێ‌یان دەڵێن ترشە چەوری‌یەکان دوو جۆرن : (١) تیر کراو ( مشبع ) (٢) تێرنەکراو ( غير مشبع ) بەگوێرەی بوونی یان نەبوونی بەندەجووتەکان .
کەرت‌بوون = انقسام

٥٧ ـ ماڵۆن ئەلدهاید = $H - \overset{\overset{O}{\parallel}}{C} - CH_2 - \overset{\overset{O}{\parallel}}{C} - H$ Malon aldehyde

٥٨ ـ نیشتوو = راسب

٥٩ ـ تیشکی (UV) = اشعة (UV) Ultraviolet light = (UV)

ڕووناکی ڕۆژ پێکهاتووە لە چەن جۆرە تیشکێکی جیاواز وەکوو تیشکی « ژێرسوور = تحت الحمراء » ، ( سەرووی وەنەوشە ) = فوق البنفسجية جگە لە تیشکی زەرد و شین و ... هتد . هەر جۆرە تیشکێك ڕەنگێك ئەنوێنێ و شەپۆلی تایبەتی خۆی هەیە . بۆ زانیاری‌یەکی زیاد دەربارەی تیشکەکانی ڕووناکی ئەم سەر چاوەیەبروانە:
J.R. Dyer, = Applications of Absorption Spectroscopy of organic Compounds". Prentice - Hall, gen., Englewood, N.J. 1965.

٦٠ ـ تیشك دانەوە = التشعيع = Fluorescence

٦١ ــ ماسولکەکانی دڵ ـ عضلات القلب Myocardium

٦٢ ــ واتا ماددەی ( لیپۆفیوژن ) زیاد دەکا تەبە ڕێژەی ٦و ٪ قەبارەی دڵ .

٦٣ ــ دوکتۆر تابڵ ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی کالیفۆرنیا ( ئەمەریکا ) لە شاری دێفز

٦٤ ــ تفتی سچیف = قاعدة شیف . زانستی کیمیای ئەندامی = علم الکیمیاء العضویة .

٦٥ ــ ترشی ئەمینی = حامض امینی $R\text{-}\overset{NH_2}{\underset{|}{C}}\text{-}CooH$ Amino acid

٦٦ ــ لایسین Lysine = ترشێکی ئەمینی‌یە دوو کۆمەڵی ($NH_2$) ی هەیە بەرامبەر بە یەك کۆمەڵەی (CooH)

٦٧ ــ پرۆفیسۆری کیمیایە لە زانکۆی لویسیانا Loisiana State University لە ئەمەریکا . دوو کتێبی نایابی نوسیوە لە سەر ( ڕەگی بەرەلا = الجذور الحرة ) .

٦٨ ــ بۆچوون = رای .

٦٩ ــ ماددەی کەم کەرەوە = مادە مختزلە = Reducingagent لە کیمیادا دوو جۆر ماددە هەن (١) ئۆکسیدکەر (٢) کەم کەرەوە .

٧٠ ــ تەقەلا = محاولة .

٧١ ــ بۆماوە = وراثە .

٧٢ ــ واتە کاری پیری کارێکی ڕێك و پێکە و بە گوێرەی بەرنامەیەکی ڕچەڵەکی ڕوو ئەدات ( عملیة مبرمجة وراثیة ) .

٧٣ ــ جین Gene بریتی‌یە لەو شوێنانەی کەبەسەر کرۆمۆسومەکانەوە هەن و هەر جینێك سیفەتێکی ڕچەڵەکی دەگوازێتەوە بۆ منداڵ . شیانی باسە جین تەنها لە ناو خانەکانی زاوزی‌دا تکاثر = ( التناسل ) هەیە چونکە ئەو جۆرە خانانە منداڵ دروست دەکەن .

٧٤ ــ کێلکە = حقل = بوار

٧٥ ــ عملیة الاستئصال .

٧٦ ــ پەیوەندی هێڵی = علاقة خطیة = linear relation

٧٧ ــ قرتێنەرەکان = القوارض .

٧٨ ـ تۆژینەر = باحث ، دارس .

٧٩ ـ لۆقە ـ تعثر ، ساتمە .

٨٠ ـ نیۆرۆ بایۆلۆجی Neurobiology زانستی‌یەکی تازەیە برێتی‌یە لە هاوکاری زانستی دەمارو مێشك لەگەڵ زانستی ژیانی ( حیاتی ) .

٨١ ـ لوو = غدة . لووی‌بێ‌جۆگەلە = غدد صماء ـ Endocrine

٨٢ ـ هۆرمۆن کەمی ـ نوقسانی هۆرمۆن = نقص الهورمونات .

٨٣ ـ Cyclie Admosine monophosphate = (C-AMP) مادەیەکی‌باوە لەناو خانەکان‌دا .

٨٤ ـ لە ئامۆژگای لێکۆڵینەوەی زانستی پیری لە ئەمەریکا کار دەکات .

٨٥ ـ وردیلە سوورەکان ـ الکریات الحمر = خانە سوورەکان .

٨٦ ـ پرۆفیسۆر بوو لە زانکۆی ئەثیکا Ethaca لە ئەمەریکا .

٨٧ ـ لێرەدا مەبەستمان خواردەمەنی‌یەکی پێوراوە ( محدود ) .

٨٨ ـ بە گوێرەی ژمارەی گەرمۆکی ( سعرات ) ناو خواردەمەنی‌یەکان خواردنیان ئەدرایێ .

٨٩ ـ هەردوکیان پزیشکن لە زانکۆی تێکساس Texas لە ئەمەریکا .

٩٠ ـ گەرمۆکە = سعرة

٩١ ـ شێرپەنجە = سرطان .

٩٢ ـ تەوژمی خوێن = ضغط الدم .

٩٣ ـ تەلەسم = طلسم = لغز سحري .

Tests

# بەیتی لاس و خەزاڵ

عبداللطيف عبدالمجيد گلی

بۆ چاپی ئامادە کردووە .

خوێنەری بەڕێز ئەمەی دەی‌خوێنی‌یەوە بە شێکی تــرە لـەو کۆمەڵـە فۆلکلۆرەی کە وەختی خۆی کۆڕی زانیاری کورد ، کـە ئێستا لەگەل کۆڕی زانیاری عیراق یەکخراوەو بووە بە دەستەی کورد بە یارمەتیی چەند کوردێکی دڵسۆزەوە کۆی کردۆتەوە .

ئــەم بەشە فۆلکلۆرە بــە ناوی « بــەیتی لاس و خــەزاڵ »وەیەو ئەمیش نوسخەیێکی دیکەی ئەو بەیتە بە ناوبانگەیەو کاك عوسمان مەولوود عەبدوڵــلا هەمەوەندی گوتوویەو کاك مەحموود زامدار سەرپەرشتی کردووە . بەیتەکە لەناوچەی کەرکووك کۆکراوەتەوە . ئــەم بەیتە مــامۆستا هێمنی موکریانی وکـاك جەلالی ڕەحمەتی لەسەر شریتیان ڕاگوێزتۆتە سەر ڕووپەڕان .

لاوە ! ئەرێ لاوە ! ئەرێ لاوە ! ، خۆ ئەتوو ئەستێرەك نەبــووی لەمن هەلاتی وەختی عیشاێ .

خەزاڵ دەڵێ لاوە ئەستێرەك نەبووی لەمن هەڵاتی وەختی عیشاێ .
ئەو ئەستێرە شەوقێ خۆی دەداوە لە دەشتی شارەزوورێ ، لــە سەرای سوبحان ئەغەی ، لە ئەوەکەی زەڵمێ ، لە چیایەکەی پیرەمەگروونێ ، لــە قەلاتی بابانیان ، دەیداوە لــە قەبری بابی ئاشقان ، لەگەردەنی مەنیجەی جوانی دەکردەوە بژانگ و برۆی چاوی لەیلاێ .

دەڵێ براینە !برادەرینە! گەلی خزمینە ، ئەگەر ئــەو ئەستێرە دیسان شەوقێ خۆی دەداوە لە چیایەکەی پێستوونێ ، لە بەژن و باڵای شیرنێ ، لە

قەد و قامەتی ڕەشیدی فەرهادی ، دەیداوە لە تاجی زێڕی سەری خەسرەوی پەرویزی کەیانی • وەکی هەرمیلا و مەرجانە و ڕەیحانەی ، هەرسێکی لۆ دەهاتەوە سەمایێ •

دەڵێ براینە!برادەرینە ! گەلی‌خزمینە! ئەگەر ئەو ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە قەڵاتی کاکەمەمی کوڕی برایم پاشای ، لە جوانیی خاتوونە زینێ ، ئەگەر ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لـە قەڵاتی کاکەمەمی برایم پاشای ، لە بەژنو باڵای خاتوونە زینێ خوشکێ میرزێندینی کیژی میرعەودالْ‌بەگی جزیری بۆتان ، دەیداوە لە دەستو قامکی قەرەتاژدینی لە لاوو دیوەخانی میرزێندینی • براینە!برادەرینە!دەیداوە لە تۆقو تەلەسی خاتوون ئەستێیێ مەعشووقـەی قەرەتاژدینی ، بـەڵام چ بکەمێ گوارەو خەزێمی لەبۆ کاکەمەمی دەهێناوە ڕجایێ •

دەڵێ،براینە!برادەرینە!ئەگەر ئەو ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خـۆی دەداوە لەسەر و سواری کاکەولی‌بەگی‌سەعیدبەگی‌قولی‌بەگی‌هەریربەگی‌یان ، دەیداوە لەچاوی ئایشەگوڵێ ، ئەوانیش دوو ئاشقی گەلەك بەسۆز بوون ، دەگەڕانەوە لە دنیایێ •

ئەگەر ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە شانو تەنگی برایمی مەلا زێندینان ، لە بەربەنەو خاشخاشو یاقووتی خاتوونە پەرێی خوشکێ میرشێخ و میر یەحیا بەگی کیژی میرئاودەلان • بەڵان ئەوانیش ئاشق بوون حەو ساڵان بە تەمای یەکدی بوون لە دەشتو چۆلو چیایێ •

ئەگەر ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە بەژنو باڵای کاکـە قەرەی کوڕی برایم پاشای شاری قەزەلیان • بەڵان دەیداوە لـە دوگمەو یاقووتو بەربەنەی خاتوون گوڵەزەرێ کیژی عەلی باشاغای گاگەشان • بەڵان براینە!برادەرینە! ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە گردی گەراجێ لە کانیە مرازێ لە دەشتی مەندواوێ ، دەیداوە لە هۆبەو عێلەساتی

مەزن باویلاغای میرهۆمەریانی بابی خەزێم زێڕینێ ، بابی ئەسمەرێ ، بابی خاتوونە تەورێزێ • دەیداوە لــە دەمانچەو تفەنگو قەرەبیناو شەشئاگرو شیرێ شامیسری خەنجەری تیرۆیی کــاکــە ناسرو ماڵماڵی ، هەردوکیان ئامۆزا بوون ، وەکی باویلاغای میرهۆمەری گاگەشیان ، هەردوکی لەسەر خاتوونە تەورێزو ئەسمەرێ دەردەکردنە دەرێ لۆ شاری کاولە بەغدایێ •

دەڵێ،براینە!برادەرینە!ئەگەر ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە ڕوومەتێ مێرەمێ عەلی‌یان ، دەیداوە لــە کۆشکو باڵەخانەی خانزادی سۆران خوشکی سولەیمانبەگی هەریرێ ، بەڵام ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە کۆشکو باڵەخانەی خانزادی هەریربەگی‌یان ، دەیــداوە شەوقێ خۆی لە کۆسرەتێ شالەبەگی‌یان ، دەیداوە شەوقو شەبەقێ خۆی ئەستێرەی ئاشقان لە شارەکەی کۆیێ • دەیداوە ئەستێرەی ئاشقان شەوقو شەبەقێ خۆی لە داو و بەر دووکانی وەستا عەباسی ناڵبەند ، ماڵی وێرانــم دیسان شەوقێ خۆی ئەستێرەی ئاشقان دەداوە لە گۆڕێ تووان لە کانێ سۆراوان لە هۆبەو عێلو عێلەساتی ئاغامەزن مەلانەبی خەیلانی ، دەیداوە لەسەرو سواری کاکە لاسی ئەحمەدبەگی شارەزووری بەگزادەی جافان • دەیداوە لە بیستو چار کەزێ خەزاڵە شۆڕێ ، دەیداوە لــە تاسو پلپلەو بەربەنەی ئەسمەرو ئەستێو رابێو خووبێیێ ، هەرچاریان کــارەکــەری خــەزاڵــە شۆڕێ کیژێ مــەزن مەلانەبیان بــوون • بــەڵام چ بکەمێ براینە!برادەرینە!خەزاڵی بابان وێران لە جیاتی تۆ خینان درایێ • بەڵام چ بکەمێ براینە!برادەرینە!خەزاڵی بابان وێران لەجیاتی تۆ خینان لە وەیسی ووسوئاسکە مارەدەکرایێ[1] •

دەڵێ،براینە!برادەرینە!ڕۆژەکی سەر لــە سبیانێ دەروێشەکی گەلەک گەلەک نوورانیم دەهاتە بەرچاوی دەگەڕا لە دنیایێ •

ئەو دەروێشە نوورانی‌یە ئەگەر ناوی نازانــن ناوی دەروێش عەلــی

هەر کی‌یە • دەیگۆ بەوەی کەمە ڕەبیی‌یە ، نامری ئەبەدی‌یە ، خالـق لـە ژۆری سەری‌یە • بەو شێخە لاس‌و شێخ ئەستی‌یە ، بەو شێخی بالەکی‌یە ، بەو سولتان عەبدوللای عارەبی‌یە ، بەو حوسێنی غازی‌یە ، بەو شێخ هۆمەر و شێخەللای لۆ خۆم دەستم بە مەرقەدیانەوە گرتی‌یە • چەند شاری وان و باشقەلان و ئەرزەڕۆم و دیاربەکرو دەرسیم‌و حەلـەب‌و زاخۆو دهۆک‌و ئاکرەو ئامێدیـم دیتی‌یە • هـەتـا مەقلوبێ شێخان و شارێ مووسـلێم بەجێ‌هێشتی‌یە ، دەهاتمەوە دەشتەکەی هەریرێ ، گۆڕێ تـووان ، کاتێی سۆراوان ، عێل‌وعێلەساتی ئاغامەزن مەلانەبی‌یان سەردار عێلێ خەیلانیە بابی خەزالەشۆڕێ مەلا نەبی‌یە • ئەو جوانیەی لە خەزالە شۆژێم چاوپێ‌کەتی‌یە ، هێشتانەکینێ گولی قاقانی چینێ شیرنی ماشووقەی فـەرهـادی ، زینی ماشووقەی کاکەمەمی ، ئەمان گولەزەرێ ماشووقەی کاکە قەرەی ، تەورێزی ماشووقەی ئاغا مال‌مالیم چاوپێ‌نەکەتی‌یە •

ئەمان ، لە کاتەکی دەروێش‌عەلی هەرکی‌یە ، دەهاتە ناوعێل‌وعوربانی مەلانەبی‌یە • هێشتا مەلای نیوڕانێ بانگی محەممەدی نەدایەو نەیگۆتی‌یە •

پرسیارەکی لـەوان شوانان‌و بـەرخـەوانـان کردی‌یـە ، دەیگۆ براینەبرادەرینە!دوو قسەم هەیە لـە زاری‌یە •. پێودەلێم لـە راهی خوای جوابم بدەنەوە بە ڕاستی‌یە •

سەرێ چەند سالانە دەگەڕێم بە دەروێشی‌یە • عومرم لە شێست سالی تێ‌پەڕی‌یە •

ناوی من دەروێش‌عەلی هەرکی‌یە • هێشتا ڕەبەنم ژن‌ومالم نەدیتی‌یە • چەند سالە مایەکی بە جوانیم بزرکردی‌یە • لەناو عێل‌و عێلەساتان دەگەڕێم بەشکو ماین‌و جوانی من ڕێ‌یان خەلەت‌کردبی کەتبیتە ناو هۆبەو عێلەساتی مەلانەبی‌یە •

بەڵاَن براینە!برادەرینە!ئەوەش بزانن مەقسەدی مامە دەروێشی ماینێ بە جوانی نی‌یە ، مەقسەدی مامە دەروێشی ئەوەیە دیتنی جوانی خەزاڵێ مەلا نەبی‌یە •

ئەوێ ڕۆژێ بە تەقدیرێ ئیلاهی‌یە ، خەزالە شۆڕێ مەلانەبی‌یە ، لەگەڵ چەند دەستەخوشکانو هەرچار کارەکەریان دەچۆوە بۆ کۆڵو قەسالێ • لەناو گیاو گیابەندی بوهاری دایدەنا لە گۆڕێ تووان ، لە کانێ سۆراوان ، بنەگەی ماڵێ بابی خۆی بەجێ‌هێشتی‌یە •

لەگەڵ کیژوکاڵ و دەستەخوشکانی خەیلانی‌یە ، چووینەوە کەیفو سەیرانێ بە نیەتی سەیرانو کۆڵو قەسالی ڕایانبواردی‌یە •

ئەمان دەروێش‌عەلی هەرکی‌یە ، چاوی خۆی بلندکردی‌یە ، سەیری قەرە ڕەشماڵێ گەورەو گرانی ماڵێ مەلانەبی کردی‌یە • چەندی چاوی خۆی دەگێڕا بەڵاَن بەژنی خەزالە شۆڕێ لە دەروێشی ماڵوێران دیار نی‌یە •

بەڵاَن دەروێش‌عەلی هەرکی‌یە ، سواردەبوو لە کەرەکی سپی بەغدایی‌یە هەگبەکی دیاربەکری لەسەر کەرێ قایم کردی‌یە • کەشکۆڵەکی ڕەشی عەبەنووسی مووسڵی‌یە ، عەسایەکی سۆری دیاربەکری‌یە ، تەسبیحەکی سەت‌و یەک دنکی لە ملی خۆی کردی‌یە • ڕدێنی ماش‌وبرنجە ڕەش‌وسپی‌یە • دەهاتە دەرکەی دیوەخانێ مەلا نەبی‌یە • گازی شوانو بەرخەوانو ئەختیارانی کردی‌یە • سەلامەکی لەوان کردی‌یە • جوابی سەلامێ‌یان گەلەک گەلەک بە گرانی لێ‌وەرگرتی‌یە • بەڵاَن مەلا نەبی‌یە ، لەلای دیوەخانێ دانیشتی‌یە • گەورەی عێلەساتی خەیلانی‌یە • ساحەبی حەفسەت ماڵو ڕەشماڵانە بە تەمامەتی‌یە •

ئەو دوو قسەی لەکن ئەوان ئەختیارانو شوانو بەرخەوانان کردی‌یە • دەیگۆ بکەن لە ڕاهی ئەو خوایەی لە ژۆری سەری‌یە ، خالق بە خۆیتی نامری

ئەبەدی‌یە • چەند ساڵە دەگەڕێم لە شاری دیاربەکرو مووسڵو دەرسیمو وانو باشقەڵانو حومسو حەمایە تا ئەرزەڕۆمو تا زاخۆو ئامێدی‌یە • هەتا گەیشتیمە زاخۆو ئامێدی‌یە ، پرسیاری ماینێ بە جوانیم کردی‌یە • کەس ماینێ بە جوانی بە من نەگۆتی‌یە • بەشکو ڕێی خەڵەت کردبی ئەو ماینەی بە جوانی‌یە ، هاتبێتە ناو عێلوعێلەساتی ئاغا مەزن مەلا نەبی‌یە •

شوانو بەرخەوان ئەو قسەیان بە ئاغا مەلا نەبی گۆتی‌یە • مەلا نەبی خۆی لە شوانو بەرخەوانان تـوورە کردی‌یە • دەیگۆ ئەوە دەروێش نی‌یە ، ئـەو دەروێشە دەروێشێکی گەلەک خوێڕی‌یە • نـە ماینی هەیە نە ماینی بزرکردی‌یە • دەری بکەنە دەرێ بە نوێژی نیوەرۆ ، تێی بەربدەن منداڵە وردکەو شوانەوێڵەی عێلی‌یە •

دەروێش عەلی هەرکی‌یە ، بە هەردوک دەستان دەیدا لە تۆقی سەری یە • فرمێسکی لە هەردو چاوی باری‌یە • دەیگۆ خودای لە ژۆری سەری‌یە ، مرازو مەقسوودێ دڵێ منت حاسڵ نەکردی‌یە • مرازو مەقسوودێ دڵێ من دیتنی خەزاڵە شۆڕێ کیژی مەلانەبی‌یە •

بە تەقدیرێ ئیلاهی‌یە ، ئەوێ ڕۆژێ خەزاڵە شۆڕ لەگەڵ چار کارەکەرانی ئەسمەرە ، ئەستی‌یە ، رابی‌یە ، خووبی‌یە ، لەگەڵ دەستەخوشکانی دەچۆوە کوڵو قەسارێ لۆ گۆڕێ تووان کانیێ سۆراوان ، سێ سەعات ڕێ بـە پیادەیی دوورە لە شارەکەی هەریرێ بە تەمامەتی‌یە •

دەروێش عەلی هەرکی‌یە سواردەبۆوە لـە کەری سپی بەغدایی‌یە • کەشکۆلی عەبەنووسی مووسڵیی بە دەستەکی گرتی‌یە ، بە دەستی ڕاستەی دەستی دەداوە دار عەسای سۆری دیاربەکری‌یە • تەسبیحەکی قل‌گەورەی سەتو یەک دەنکی لـە مـل کردی‌یە • ڕدێنیوماشوبرنجو سپی‌کردی‌یە عومری لـە شێستی تێ‌پەڕی‌یە • هێشتا هەر ڕەبەنە چاوی بـە ژنومالی نەکەتی‌یە • ئاشقە ئاشقی دوو چاوی خەزالێ کیژی مەلانەبی‌یە • بـەلان

ئاشقی خەزالێ بــە ڕاستی نیـیە • هێشتانەکینێ براینە برادەرێنە مەخسەدو مرازی دەروێشی کەس تێی نەگەیشتیـیە •

عێل‌و عێلەساتی مەلانەبی بەجێ‌هێشتیـیە • پشتی دەکـردە عیلەساتی مەلانەبیـیە • ڕووی دەکردەوە دەشتێ هەریرو هەریرەگیـیە • بە تەقدیرێ خودای ئیلاهیـیە • خەزاڵە شۆڕێ بابان‌وێرانێ کیژی مەلانەبیـیە • لەگەڵ دەســتە خوشکان‌و هەرچار کارەکەران کوڵ‌و قەسارو کەیف‌وسەیرانیان خەلاس‌کردیـیە • ڕووێێ خۆیان دەداوە هۆبەو عێلەساتی بابی خۆی ، مەزن مەلانەبیـیە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، دەروێش عەلی هەرکیـیە ، هێشتان لەسەر پشتی کەرێ سپی بەغدایی دانەبەزیـیە ، لە دوور چاوی بــە چاوی خەزالێ کەتیـیە • بەژن‌و باڵایەکی گەلەک شیرن‌و ڕێک‌وپێکی هــەیــە دەڵێی دارێ سووسنیـیە • سینگی دەڵێی کافووری سپیـیە • هەردوومەمکی دەڵێی سێوی بەغداییـیە • هەردوو ڕوومەتی دەڵێی گوڵی ئەشرەفیـیە • چــاوی دەڵێی بازی دەشتێ شارەزووریـیە • دەڵێی مامزە پەروەردەو گەورەبووە لــە بنەبنەی مەغمووریـیە • پەنجەی دەڵێی قەڵەم‌و قەڵەم‌بازیـیە • قــەدی کەلەگێ باریــکە کەمبەرەکی زیوی تێــدا ختم‌کردیـیە • لەبەرە خۆی کردیـیە کراسەکی مەلەسی دەنک‌هەناریـیە ، کەوێیەکی بڕسەبیـیە • دوگمــەو قەیتان‌و تەورێــزەو یاقووت‌و بەربەنەو خاشخاش‌و خڕخاڵ‌و بازن‌و بەربازن‌و بن‌کەوشەی لــە خۆی بارکردیـیە • دوو جۆتە بسکی تۆڕی بەردایەتەوە سەری ئەوان بسکان لــەبــن گــۆی کەمبەرەی دەرکردیـیە • لۆیەپێی دەڵێن خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلانەبیـیە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، دەروێشی ماڵ‌وێران چاوی بــە چــاوی خەزالێ کەتیـیە ، دەتگۆ ڕۆمیـیە لــە قاوەخانەی شــەرابی خواردیـیە • هەستەکی لە خۆی‌ڕاگرتیـیە ، فرمێسکی هەردوو چاوی بــە دەستەسترێ

سڕی‌یه • له‌و خه‌فه‌ته‌ی وه‌كی مه‌لانه‌بی لــه ناو عێل‌و عێله‌ساتێ ده‌روێشی ده‌ركردی‌یه •

خه‌زالێ چاوی به ده‌روێشی كه‌تی‌یه ، فرمێسكی له هه‌ر دوو چاوی باری‌یه • ئه‌مان خه‌زاڵ سه‌لامی له ده‌روێشی كردی‌یه • ده‌روێش زۆری سه‌لامی لێ‌وه‌رگرتی‌یه • ده‌یگۆ به‌خێر بێ‌یه‌وه سه‌رچاوی مامه ده‌روێشی‌یه • ئه‌و ڕووحه‌ت ببی به قوربانی‌یه ، نازداری ده‌شتی هه‌ریرو هه‌ریربه‌گی‌یه ، ئه‌من نازانم ناوی تو چی‌یه •

ده‌یگۆت مامه ده‌روێشی نوورانی‌یه ، به وه‌ی‌كه‌م نامری ئه‌به‌دی‌یه ، به‌و شێخ گه‌زنه‌و شێخ ئه‌ستی‌یه ، به‌و شێخ هۆمه‌رو شێخه‌ڵلای ده‌ستم بــه مه‌رقه‌دی گرتی‌یه ، به‌و سوڵتان عه‌بدوڵلای عاره‌بی‌یه ، به‌و حوسێنی غازی‌یه ، به وعه‌بدولعه‌زیزی ئاكره‌یی‌یه • ناوی من خه‌زاڵه شۆڕه كیژێ مه‌لانه‌بی‌یه • عومرم لــه بیست سالی تێ‌په‌ڕی‌یه • ئه‌منیان بــه زۆر لــه وه‌یسی وسوو ئاسكه‌یان ماره‌كردی‌یه • ئه‌مان پێمیان‌كردی‌یه مــه‌سـلـه‌ت لــه جیاتی تۆ خینی‌یه • به‌ڵان ئه‌من ڕام له‌وه‌یسی نی‌یه ، وه‌یسی گه‌له‌ك عه‌گیده گه‌له‌ك ڕه‌شیده ، به‌ڵان ناشیرنه ، به‌ژن‌و باڵای وه‌یسی بــه كه‌یفی خه‌زاڵه شۆڕێ نی‌یه •

ئه‌تووش دیاره ده‌روێشی ناوی توو چی‌یه ؟

ده‌یگۆ ئه‌و ڕووحه‌ت ده‌كه‌م بــه قوربانی‌یه ، ناوم ده‌روێش عــه‌لی هه‌ركی‌یه • مه‌مله‌كه‌تی وان‌و باشقه‌ڵان‌و ئه‌رزه‌ڕۆم‌و ده‌رسیمێ گه‌ڕایمه ، شام‌و حه‌له‌ب‌و حومس‌و حه‌مایێ ئاكره‌و زاخۆو ئامێدی‌یه • هه‌تا گه‌یشتیمه ژه‌نگارو مه‌قلووبێ مووسلی وێرانم بەجێ‌هێشتی‌یه • له جسری بامه‌ندان ئه‌وڕۆكه ده‌روێشی ماڵوێران تێ‌په‌ڕی‌یه • نیوڕانی گه‌یشتیته ناو هۆبه‌و عێله‌ساتی مه‌لانه‌بی‌یه • به‌و غه‌ره‌زو فكره‌ی كه ده‌ڵێم حه‌ف ساڵه ماینه‌كم به جوانی بزركردی‌یه • ده‌روێش لۆ سۆراغی ماینێ هاتی‌یه • به‌ڵان مه‌خسه‌دی

من ماینێ نی‌یه • مەخسەدی من ئەوەیه چاوم بکەوی بە چاوی بەژنێ خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلانەبی‌یە •

لە دنیایە سێ جوانم گەلەک پەسندکردی‌یە ، یەکیان خانزادێ خوشکێ سولەیمان بەگی هەریربەگی‌یە ، ئەوی دیکەشیان ‌پیرەمێ عەلی‌یە ، سێیەمینیشیان خەزالە شۆڕێ کیژێ مەزن مەلانەبی‌یە • ئەمان ئەوانم هەردووک دتیی‌یە ، ئەمان جاری یێکەمە بەژنو باڵای تووم دیتی‌یە ، ئەو ڕووحەت ببی بە قوربانی‌یە • بەژنی توو قابیل‌نی‌یە بە وەیسی‌یە ، بەژنی توو قابیلە بە لاسی ئەحمەدبەگی شارەزوری‌یە سەردار عێلو عاشیرەتێ دە جافی‌یە •

ئەگەر نازانی کاکە لاسی ئەحمەدبەگی شارەزووری‌یە ، سەردار عەشیرەتو عێلەساتێ جافی‌یە • کوڕی خەجیج خانێ عارەبی‌یە ، خەجیج خان کیژێ شێخ حموودی‌یە ، خوشکێ شێخ غەلیفەیە ، لە عەشیرەتی تەیانە بەراستی‌یە • کاکە لاسیش تاقانەیە خۆشەویستی لە دڵی داکو بابی‌یە • کاکە لاسیش عومری لە بیستو چار ساڵی تێنەپەڕی‌یە ، وەکی بچتە ڕاوێ لۆ دەشتی بەکراوەی ، سەری قەڵاتی ، دەشتی قەشانێ مەملەکەتی مەریوانێ ، بکاتەوە ڕاوێ حەف شەوو حەف ڕۆژی‌یە ، تووتیو شەهێنو بازو سەقەری لەگەڵ خۆی ڕیزکردی‌یە ، چارسەت سوارو پێنسەت عەگیدو شەش‌سەت خولامی لەگەلە خۆی دەباتە ڕاوێ بەتەدارەکی‌یە • هێشتا ڕەبەنە ژنی نەهینایە بە تەمامەتی‌یە • لەناو عێلو عەشیرەتی جافانو بلباسانو مەنگوڕو مامەشان هێشتان دلی چ شتاقە نازدارو کیژ نەگرتی‌یە •

خەزاڵ گفتوگۆی لەگەڵ مامە دەروێشی کردی‌یە ، کارەکەرو دەستەخوشکانی لەبیرکردی‌یە • دەیگۆت مامە دەروێشی نوورانی‌یە ، ئەو شەو میوان بە لە خەزاڵێ مەلانەبی‌یە ، خزمەتت دەکەم بە ڕاستی‌یە ، بە خێرت دەینم سەر هەردوو چاوی خەزاڵێ مەلانەبی‌یە • ئەمان ئەگەر ئەتوو

ڕوایبت هەیە بە لاسی ئەحمەدبەگی یە ، ئەمن دەربینتە دەرێ لەو گەرداوەی لە دەست وەیسی وسوو ئاسکی یە ، ئـەمـن ڕووحی خۆمی دەکـەم بـە قوربانی یە . ئەنگوستیلەکی زێڕم هەیە لۆ وی دەنێرم بە دیاری یە . لەگەڵ هەندەک لە بسکو شازولفان دەبێیمە ناو قۆدی یەکی زیوی شاماری یە ، لۆ کاکە لاسی دەنێرمە شارەزووری بە دیاری یە .

ئەگەر دەزانی کاکە لاسیش پیاونی یەو غیرەتی نی یە ، ئەمنی خەلاس پێ ناکرێ لە دەست وەیسی یە ، با دەست لە خۆی نەدا ئەمن دادەنیشم لـە بن قەرە ڕەشماڵی مەلانەبی یە ، ئەویش با دابنیشی لە شارەزووری لەسەر کورسی حەیزەرانو تەختی جەواهێربەندی یە .

ئەمان ئەمن ناوی کاکە لاسی ئەحمەد بەگم بیستی یە . سمێلی سۆری سووسنی یە . هەردوو لێوی ئەتلەسی یە . چاوی چاوی مامزی یە . پەنجەی گەلەک زەردە گەلەک تەنکە لەبۆ قەڵەمو قەڵەمبازی یە . بناگوێی گەلەک گەلەک زەردە ڕۆژی موبارەکی پێ نەکەتی یە . گـەردەنی لاسی گەزەک درێـژە مەعلومـە کەبخوا لێی بەدیاردەکـەوی مێوژە ڕەشکەو برنجی سەدری یە .

وەکی مامە دەروێش عەلی هەرکی یە ناوی لاسی ئەحمەدبەگی لەکـن خەزاڵێ بردی یە ، خەزاڵی بابانکۆر تەزی یەکی دەدا لەبنی پێی دەچوەدەرێ لە تۆقی سەری یە . هۆشو فکری لەکنە خۆی نەدەما دەستی داوێشتە بەر دەیگۆ ئەو ڕووحەت بێ بە قوربانی یە ، ئەتوو وەرە ئەوشۆ کە مێوان بـە لە لاوو دەیوەخانێ ئاغا مەلانەبی یە . بـەڵاێ ئەمن قسەکت لۆ دەکەم بـە کیژو باباتی یە ، ئەو قسەی لەسەر دنیایێ پەرتنەکەی بیبەیە بن خاکی گڵی یە .

خەزاڵ دەستی لە باغەڵی خـۆی ڕاکردی یە ، مقەسەکی گچکـەی زیوی یە قۆدی یەکی گچکەی زیوی شاماری یە دەری دەهینا بڕەکی لـە پەرچەمی خۆی بڕی یە . پەرچەمی گەلـەك جوانو گەلەك زەردە دەتگۆ

پەڕێ تاوسی‌یە • ئەنگوستیلەکی لە باغەلی خۆی نایە ، سەری چەند ساڵانە هەلی گرتی‌یە لۆ ئەو کەسەی خەزاڵە شۆڕێ بینتە دەرێ بە زەبری شیرێ شامسری‌یە • سەری حەف ساڵانە خەزاڵێ بابانوێران لە وەیسی وسووئاسکیان مارەکرایە بە زۆری‌یە پێی‌کرایە مەسلەتی‌یە •

دەڵێ برایئە برادەرینە ، گەلی خزمینە ، گەلی دۆستینە ، وەکی دەروێش عەلی هەرکی‌یە چاوی بە قۆدیی شاماری زیوی کەتی‌یە • خەزاڵە شوڕێ بابانوێران لە بسک‌و شازولفێ خۆی بڕی‌یە ، لەناو قۆدیی دادەنا لەبۆ کاکە لاسی بنێری بە دیاری‌یە • دەروێش عەلی نوورانی‌یە تەمەشای بەژنێ خەزاڵێی دەکردەوە پڕ بە دلی‌یە • خەزاڵ لە مرازو مەخسوودێ دەروێشی گەیشتی‌یە • دەروێش دەیگۆتە خەزاڵێ مەلا نەبی‌یە ، ئەمن سەیری توو ناکەم بە ئاشقی‌یە ، سەیری توو دەکەم هەر بە باب‌وکیژایەتی‌یە •

ئەمان بابە برایئە برادەرینە ، گەلی خزمینە ، گەلی دۆستینە ، خەزاڵە شوڕێ بابانوێران ئەسەرو ئەستی‌و ڕابی‌و خووبی پێشی خۆی ڕەوانەی ماڵێ کردی‌یە عێل‌و عێلەساتی مەلانەبی حەف سەت ماڵە بە تەواوەتی‌یە • ڕەشماڵێ مەلانەبی لەسەر بیست‌و پێنج ئەستوندان هەڵدرایە ، سێزدەی ماڵە دوازدەشی دیوەخانە بە تەواوەتی‌یە •

ئەمان دەروێش عەلی هەرکی‌یە ، دادەبەزی لە کەری سپی بەغدایی‌یە • لەگەڵ خەزاڵە شۆڕێ پێکەوە ڕوویان لە لاوو دیوەخانێ مەلانەبی کردی‌یە • مەلانەبی لە دوور چاوی بە دەروێشی کەتی‌یە ، زانی مرازو مەخسوودی دەروێشی ماین نی‌یەو ماین بزرنەکردی‌یە • دەیگۆت ئەوە دەروێشە لە دنیایە گەڕیدەیەو هەر باقی‌یە • مەخسەدی وی ڕوونەو مەخسەدی وی خۆری‌یە • مەخسەدی وی زگ‌لەوەڕاندنە بکاتەوە ئەو خێل‌و ئەوخێلی‌یە •

خەزاڵە شۆڕێ مەلانەبی‌یە دەستی دەروێشی نوورانی گرتی‌یە • دەیبردە خزمەت باوی‌یە ، دەیگۆت بابی گەورەوگرانم ئاغا مەزنەمەلانەبی‌یە

ئەو دەروێشە دەروێش عەلی هەرکی‌یە • نە مایني بزرگردی‌یە نە کەس مایني لێ‌دزی‌یە • ئەمان لە توو شەرمی کردی‌یە • زۆر حەیفو موخابنە پیاوەکی وەکی تـوو خانەدان بلێن بـە نوێژی نیوڕانی دەروێشەکی لە ناو عێلی دەرکردی‌یە • ئەو دەروێشە دنیای هەموو گەڕایە لە وانو لە باشقەلانێ هەتا دەگاتەوە قـەمچووغـەو موبارەکو کۆسرەتی شالەبەگیانو مەملەکـەتێ سولەیمانی‌و دەشتێ شارەزووری‌یە • نابی دلی دەروێشی بشکێنی بـە چ وەعدی‌یە • ئەو شەو دەروێش میوانە لـە دیوەخانێ مەلانەبی‌و لە خەزالە شۆڕێ چاوبەنگی‌یە •

ئەوێ شەوی هـەتـا سبیانێ خزمەتی مامە دەروێشی کـردی‌یـە • ئەنگوستیلەو قۆدیی شاماری لە زیوی‌یە لۆ کاکە لاسی بە دیاری هەناردی‌یە • بە قسە خۆی خەزالە شۆڕ نە بەدەروێشی کردی‌یە ، ئەمان دەلێتە دەروێشی ئەو ڕووحەت ببی بە قوربانی‌یە ، شوانەك لە کنە مە هەیە بێی دەلێن کەلکانە کەچەل ، خزمی وەیسی وسووئاسکی‌یە • حەف سالە شوانە بە بێ شەرتی‌یە • ئاگات لە دەوت بی قسان لە توو نەدزێتەوە ئەو کەچەلی سەر ڕزی‌یە •

ئەمان کەلکانە کەچەلی مالوێران چ جوابو سوابی لـە دەروێشی بەدەست‌نەکەتی‌یە • هەر قسەکی خەزالە شۆڕ بکاتەوە لەگەل دەروێشەکی‌یە یان لەگەل جاحێلەکی‌یە • ئەوێ ڕۆژێ کەلکانە کەچەل بچیتە دەشتێ ئەو قسانە دەکاتەوە لەکن وەیسی‌یە • بە درۆو بە فرتوفێل خۆی لەکن وەیسی گەورە کردی‌یە • دەیگۆ خەزالە شۆڕێ مەلانەبیان چ ڕوحی لـەبـۆ تـوو نەمایەو لەبۆ وەیسی مردی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، ئـەوێ شەوێ هەتا سبیانێ دەروێشی مالوێران لە خزمەت مەلانەبی دانیشتی‌یە • سبیانێ ڕۆژی موبارەك هەلدێ لە بابە گیسکی لەسەری هەریرێ لـە کۆسرەتێ شالەبەگیان لـەسـەری حەسەنبەگی‌یە ، لە بنەبنەی ئاکۆو قەندیلان دەیداوە لە هەر دووك شابسکێ

خەزاڵە شۆڕێ مەلانەبی‌یە • دەیداوە لە هەیاس‌و بلبلەو تاسان‌و کەمبەران‌و بن‌کەوشان‌و کەمبەران ، ڕوونی دەکردەوە گوارەو خەزێمی سابڵاغی‌یە •

دەڵێم براینە برادەرینە ڕۆژی موبارەك وەکی هەڵاتی‌یە ، مامەدەرویش نانی سبیاتێی خواردی‌یە ، سواردەبۆوە لە کەری سپی بەغدایی‌یە • دوعابوونی دەخواست لە مەلانەبی‌یە • چاوی بە خەزاڵە شۆڕێ کەتی‌یە • دیسان‌خەزاڵە شۆڕ پشتێنی مامە دەرویشی گرتی‌یە • دەیگۆ دڵی من لە بۆ دڵی کاکە لاسی مردی‌یە • ئەو ڕووحەت بیی بە قوربانی‌یە ، ئەگەر کاکەلاس بێ چـاوی بکەوی بە خەزاڵێ مەلانەبی‌یە ، ئەمن ئەتوو خەنی دەکەم بە ماڵی دنیایێ هەر لە کەرەی هەر لە ڕوونی‌یە ، هەرلە بەردیلی هەر لە بەرخی‌یە • یان دەتدەمێ خەڵاتی پێشەکی‌یە ، سەت قرانێ دە زەمانی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، گەلی دۆستینە گەلی خزمینە ، دەرویش عەلی‌هەرکی‌یە پشتی دەداوە گۆڕێ تووان کاتێی سۆراوان ، جـێ هەوارو خێلی بابی خەزاڵێ ماڵێ مەلانەبی‌یە • ڕووی دەکردەوە دەشتەکەی هەریرو هەریربەگی‌یە • بە بن قەڵاتی خانزادێ خوشکێ سولەیمان‌بەگی تێپەڕی‌یە • ڕووی خۆی دەداوە مەملەکەتێ شارەزووری‌یە •

گەلی براینە برادەرینە لـە دەشتێ گولەك‌و باویان بەسـەرکەتی‌یە • دەچۆوە خوارێ بە ناو عێل‌و عێلەساتێ قەپەك‌و مامساڵ‌و خەیلانی‌و بۆڵی‌و سوورچی‌و باڵەکی‌یە • مامە دەرویشم لە کۆسرەتێ شاڵەبەگیان بەسەرکەتی‌یە• لە لیسی خەرتەلان تێپەڕی‌یە • لـە زوورگی ناڵەشکێنی لـە قەسرۆك‌و قەمتەران بەدیارکەتی‌یە • ڕووی خۆی دەداوە چیایەکەی پیرەمەگروونێ ، قەمچووغەی موبارەك زێ‌یەکەی زەهاوێ ، سەرای سوبحان‌ئاغای قەڵاتی زەڵمی دەشتی شارەزووری گۆێژەی موبارەك ، براینە برادەرینە ئەو هەموو جێ‌یانەی بە نۆ شەوو نۆ ڕۆژان بڕی‌یە • ڕۆژێ دەیەم بوو دەچۆوە دەشتێ شارەزووری‌یە • میوان دەبوو لـە دیوەخانێ کـاکـە لاسی ئەحمەدبەگی

شارەزووری‌یە ، لە هەناوی خەجیج خانی عارەبی‌یە • چاوی بە لاوو دیوەخانی کـاکـە لاسی کەتی‌یە دەروێشی نوورانی‌یە جارەکی دیکەش ئـەو لاوو دیوەخانەی مامە دەروێش بە چاوی خـۆی دیتی‌یە • لۆیە ئەوەندە مەحتی کاکە لاسی لەکن خەزالە شۆڕێ کردی‌یە • دەستو دیاری کـاکـە لاسی گەلەک زۆرە دەروێش چاوی پێ‌کەتی‌یە •

بەلاَن بە تەقدیرێ خوداو ڕەببی‌یە ئەوێ‌ڕۆژێ کاکە لاسم ڕاوی حەف شەوو حەف‌ڕۆژەی تەواوکردی‌یە•نوێژی عەسرێ دەروێشم دەچۆوە دیوەخانی کاکە لاسی ئەحمەدبەگی‌یە • نوێژی مەغریبش کاکە لاسی دەگەڕێتەوە لـە ڕاووشکارێ حەف شەوو حەف ڕۆژی‌یـە • پێنسەت خولاَمو چارسـەت نۆکەر شەش‌سەت عەگیدی لەگەڵدایە بە تەمامی‌یە •

کاکە لاسم بەژنی دەڵێی‌داری سووسنی‌یە • گەردەنی دەڵێی سووسنی کۆسرەتی‌یە • سـمێلی سۆری خورمەیی‌یە • سواری شینکەی شـێخ خەزالی‌یە • لـە پشتی‌دایە زینی قەزەگی‌یە • جۆتەک ڕکێفی عەوێزی‌یە • شالی کرمانی لە پشتێ بەستی‌یە • لە پێی خۆی کردی‌یە جۆتەکی چەکمەی عامودی‌یە • کـلاَوی هەمەدانێ عـەگالـی بەسیمی تەلەعفەری لـەسـەر قایم‌کردی‌یە • دووربینی دیاربەکرێ‌لە مـل کردی‌یە • لغاوو سەرکەلـەو سامۆتەو ڕێشمەو ڕکێفی کاکە لاسی ساف لە زیوی زەمانی‌یە •

دەروێش عەلی هەرکی‌یە دادەبەزی لـە کەری سپیی بەغدایی‌یە • لـە لاوو دیوەخانەی سـەلامـەکی کردی‌یە • قاوەچی جوابی سەلامێ‌لـە دەروێشی وەرگرتی‌یە • دەیگۆت یاخوا بەخێربێی مامە دەروێشی نوورانی‌یە • ئەمن جارەکی دیکەش چاوم بەتوو کەتی‌یە ، ئەمان ئەگەر بزانم ناوی تـۆ دەروێش عەلی هەرکی‌یە •

دەیگۆ بەلێ ڕاستە ناوی من دەروێش عـەلی هەرکی‌یە • دەروێشم

دەروێشی نوورانی‌یە . ئەمن چاوی خۆم دەگێڕم کاکەلاسی ئەحمەدبەگی قەت لە دەروێشی دیارنی‌یە .

قاوەچی دەڵێ دەروێش عەلی نوورانی‌یە ، بە وەی کە نامری ئەبەدی‌یە ، بەو سوڵتان عەولای عارەبی‌یە ، بـەو حوسێنی غازی‌یە ، بـە عەبدولقادری گەیلانی‌یە ، ڕاوی حەف شەوو حەف ڕۆژی ئەورۆکە تەواودەکا یەکجاری‌یە . چارسەت خولامو پینسەت نـۆکـەرو شەش‌سەت عەگیدی لەگەڵ خـۆی هەلگرتی‌یە ، چوویتەوە ڕاووشکارێ حەف شەوو حەف ڕۆژان لۆ دەشتی بەکراوەی ، سەری قەشانێ بنەبنەی مەریوانێ ڕاووشکاری دابەخشی‌یە . ئەورۆکە کاکە لاس ئاغای گرانم دێتەوە لە ڕاوێ بە سەلامەتی‌یە . ئەگەر دەتەوێ چاوت بکەوی بـە ئەحمەدبەگی شارەزووری‌یە ، ئەحمەدبەك لـە ماڵێ ئیختیارە کەتی‌یە . ئـەورۆ دەور دەوری کاکەلاسی‌یە . لەسەر تەختی جەواهیربەندی شارەزوورێ بە تاقی تەنێ دانیشتی‌یە . لە تووش مەعلوومە ڕەبەنە بێ‌ژن وماڵە هێشتان دەگەڕێ لە دنیایێ دڵی چ شتاقە کیژی نەگرتی‌یە . لـە تووش مەعلوومە لـــە بەگزادەیێ جافی‌یە . لـە نەوەی خەجیج خانێ عارەبی‌یە . دایکیشی لە عێلەساتی تەیانە بەڕاستی‌یە . دایکی کاکـە لاسی ناوی خەجیج خانە خوشکێ شێخ غەلیفەیە ، کیژێ شێخ حوودی‌یە . لە هۆزو عێلو عاشیرەتی تەیانە بەڕاستی‌یە .

بەڵان دەروێش عەلی نوورانی‌یە ، دەیگۆتە قاوەچی‌یە ئـەگـەر بێ زەحمەت نەبی نـاوی تـوو چی‌یە ؟ دەیگۆ ناوی من سەعیدی قاوەچی‌یە . بیستو یەك ساڵە قاوەچیمە لـەکـن ماڵێ ئەحمەدبەگی شارەزووری‌یە . کاکەلاسم بە خۆم بەخێوکردی‌یە . ئەمان دەروێش عەلی نوورانی‌یە دیارە قسەکی گەلەك گەلەك خۆشت هینایە لەبۆ کاکە لاسی بەدیاری‌یە .

دەروێش دەڵێ قسەی خۆشم گەلەك گەلەك پێ‌یە ، ئەمان هەتا کاکە لاس نێ‌یتەوە ، پێی دەڵێم بە تاقی تەنێ سەعیدی قاوەچی‌یە . کاکـە لاس

بێتەوە ڕاسپاردەم هەیەپێی دەڵێم لەپێش توو کاکە سەعیدی قاوەچی‌یە •

بەڵاْن ئێوارە درەنگە ڕۆژ لە زەردی‌یە ، دەنگی کەڕەناو شمشاڵو هێ‌هێی سوارانی دەرویش‌بیستی‌یە • ئەمان لەسەری دیوەخانێ مامە دەرویش قاسیدە چاوی بکەوی بە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری‌یە • لەپێش سواران دەڕوا گەلەك بە ئەدەبی‌یە • بەژنی دەڵێی سووسنی کۆسرەتی‌یە • شانو بازووی ڕۆستەمی‌یە • سەرو سیمای قەپلانی‌یە • پێ‌و ڕکێفی ئەسکەندەری‌یە • لە گەورەیی لەخانەدانی سولەیمان بەگی‌یە • سمێڵی قەیتانی سۆری خورمەیی‌یە • ددانی سپی سەدەفی‌یە ، چاوی مامزی شارەزووری‌یە ، پەنچەی گەلەك نەرمو شلە لەبۆ قەڵەمو قەڵەم‌بازی‌یە • تۆپەکی شاڵی ئاوریشمی کرمانێ لەپشت بەستی‌یە • جۆتەکی چەکمەی زەردی عامودی لەپێی کردی‌یە • عەگالەکی مەرەزی چارقوڕنەی بەسیمی تەلەعفەری لەسەر خۆی بەستی‌یە • بەتیەکی سپیی شێخانی‌یە • شیرەکی شامسری حەمایل کردی‌یە • ئەمان براینە برادەرینە لە دووی خۆی ڕادەکێشی ڕمی هەژدە گەی گورگانی‌یە • خەنجەری تیرۆیی تۆپشکەی لە زێڕی‌یە ، لەبەر پشتێ خۆی قەیم کردی‌یە • دووربینەکی تاراتیی لە مل کردی‌یە • چاوێ خۆی داوێتە سەر دارێ دووربینێ بە تەمامی‌یە • دەروێشی نوورانی لەسەر تیلەی دیوەخانێ چاو پێ‌کەتی‌یە • دەیگۆ گەلی خولامینە گەلی نۆکەرینە گەلی خزمەتکارینە ساڵێ دیکەش تێ‌پەڕی‌یە ، ئەو دەروێشە مێوان بووە لە لاوو دیوەخانی کاکە لاسی‌یە •

کاکە لاسی ماڵ‌وێران تاژی‌و توولەو تووتی‌و شەهێن‌و بازو سەقەری لەگەڵ خۆی ڕیزکردی‌یە • ڕستەی ئەوان تووتی‌و شەهێن‌و بازانم ساف لە زێڕو لە زیوی‌یە • خەجیج خانی عارەبی‌یە پێشی مەغریبێ دەهاتە سەرخانی‌یە • دووربینی دەدا بەرچاوی‌یە • هەردوو دەستی بلندکردی‌یە لەبۆ عاسمانێ بە تەواوەتی‌یە • دەیگۆ خوای گەورە لە ژۆری سەری‌یە ئاگاداربی لە لاسی

ئەحمەد بەگی‌یە ، تاقانەیە خۆشەویستە لە داك‌و لە بابی‌یە .

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی دۆستینە گەلی خزمینە ، وەکی کاکە لاسم لە دیوەخانێ دابەزی‌یە ، خەجیج خان دەهاتە خوارێ لەسەر خانی‌یە ، هەر دوو دەستی دەهاویشتە ملی کاکە لاسی‌یە . کاکە لاسی ماچ‌کردی‌یە ، دەیگۆ بەخێربێ‌یەوە خۆشەویستی لە دڵی باب‌و داکی‌یە .

کاکە لاس لـە شێخ‌خەزالی دابەزی‌یە . خەڵك‌وخـوا بەخێرهاتنیان کردی‌یە . چاوی خۆی بڵندکردی‌یە ، چـاوی دەکـەت بـە دەروێشـ عەلی‌هەرکی‌یە . دەروێش عەلی دەستی لە ملی کاکە لاسی کردی‌یە ، هـەر دوو ڕوومەتی سۆری گوڵ‌گوڵی ماچ کردی‌یە . دەیگۆ یاخوا بەخێربێی دەروێشی نوورانی‌یە ، ساڵەوەختەکە خۆت لەمە بزرکردی‌یە .

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، دەروێش عەلی هەرکی‌یە ، دەیگۆتە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە ، ئەو ڕووحەت ببی بە قوربانی‌یە . قسەی خۆشم گەلەك لۆ توو هینایە بە دیاری‌یە . شەوی‌پایزان گەلەك گەلەك دوورو درێژە ، ئـەو قسانە لۆ توو دەکەم بە تاقی تەنێ کەس نەمینیتەوە لە دیوەخانی‌یە .

پاشی نوێژی عیشایێ دیوەخانی بەستی‌یە ، کاکە لاس لەسەر تەختی جەواهێربەند دانیشتی‌یە . ڕووی لە دەروێشی کردی‌یە . چارسەت خوڵام‌و پێنسەت نۆکەرو شەش‌سەت سوار لە خزمەت کاکەلاسی دانیشتی‌یە . ئـەو دیوەخانی گەورەو گرانی پڕکردی‌یە . کاکە لاس دەستی بە قسان‌کردی‌یە . دەیگۆ دەروێشە دەروێشی نوورانی‌یە ، کێت لـە دنیایێ جـوان دیتی‌یە ، قابیلت بە بەژنی کاکە لاسی ئەحمەدبەگی هەڵگرتی‌یە .(١)

دەڵێم گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، وەکی

---

(١) لێرەدا دیوی یەکەمی شـریت تەواو دەبێ‌و بەندبێـژ لە دیوی دووەم دایدەگیرسێنێتەوە . بەڵام یەك دوو قسـە بە فەرقێکی کەمەوە دووپات دەکاتەوە ( هێمن وجەلال ).

کاکه لاسی ئەحمەد بەگی لە دیوەخانی گەورەوگران دانیشتی‌یە ، ڕووی لە مامە دەروێشی کردی‌یە • مامە دەروێش عەلی هەرکی‌یە دنیات گەلەك دیتی‌یە ، جوانەکت چاو پێ نەکەتی‌یە قابیل بی بە بەژنی کاکە لاسی‌یە ؟

دەیگۆ وان‌و باشقەلان‌و دەرسیم‌و حەمس‌و حەماو ئەرزەڕۆم‌و دیاربەکرم هەموو دیتی‌یە لەگەڵ شام‌و حەلەب‌و زاخۆو ئاکرەو ئامێدی‌یە ، مووسڵێ ڕەنگین‌و مەندانم بەجێ‌هێشتی‌یە ، لەگەڵ ژەنگارو مەقلووبێ داسنی‌یە هەتا هاتیمەوەبن چیایەکەی هەریرو هەریربەگی‌یە ، چ جوانم چاو پێ نەکەتی‌یە وەکی خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلانەبی‌یە •

ئەمان کاکه لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری‌یە ، وەکی ناوی خەزاڵە شۆڕێی بیستی‌یە ، دەروێشی دەهینا دای‌دەنا لە تەنیشتە خۆی بە بێ‌قەیدی‌یە • دەیگۆ مامە دەروێش عەلی هەرکی‌یە ، ئەو ڕۆحەت ببی بە قوربانی‌یە ، ئەتوو بە چاوی خۆت خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلانەبیت دیتی‌یە ؟

دەیگۆ کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە بە هەردوو چاوان ئەمن ئەوم دیتی‌یە •
جوانی‌وا لەپاش یووسفی خودا قەت خەلقی نەکردی‌یە •

دەیگۆ وەسفی جوانیم لۆ بکە بە تەواوەتی‌یە •

مامە دەروێش عەلی‌یە مەحتی جوانی خەزاڵێی‌لەبۆ کردی‌یە • بەژنی دارێ سووسنی‌یە ، گەردەنی سووسنێ کۆسرەتی‌یە ، مەمکی هەردووکی سێوی ڕۆستەم‌بەگی‌یە ، پەنجەی دەتگۆت نەقشە دەتگۆت بەفری یەکشەوی‌یە ، سینگی دەتگۆت بلەوری سەردەشتی‌یە ، قەدی گەلەك ناسك‌و باریکە کەمبەرەکی بیست‌وچار گۆی لە زیوی تێدا ختم کردی‌یە ، چل‌وچار دوگمەی لە کەوێ بوڕسەیی بەستی‌یە ، دەهاتە خوارێ بە سەر دامەنی‌یە کراسی تەنکی دەنك‌شەربەتی‌و هەناری‌یە ، دووبسکی شۆڕی زەردی گەلەك درێژی پێوەبوو سەری ئەو بسکانە لەبن گۆێ کەمبەرەی خۆیان دەرکردی‌یە ، لۆیە

پێی دەڵێن خەزاڵە شۆڕێ مەزن مەلانەبی‌یە • هەر دوو چاوی خەزاڵێ بمابوایێ بەو مامزانەی بنەبنەی مەغمووری‌یە ، کەزی گەلەك گەلەك ڕەشن وەکی جۆتە ماری ڕەشی عەربەتی‌یە ، ددانی سەدەفی مرواری‌یە ، زبانی کەللەی شەکری‌یە ، کەپۆی فندقی لە زێڕی‌یە ، باسکی دەڵێی خیاری باغی میللەتی‌یە ، هەردوو ڕوومەتی دەڵێی گوڵی ئەشرەفی‌یە ، پێ‌بکەنی گوڵ دەباری لەزاری‌یە ، جوانی ئەوها پاشی یوسفی خودای تەعالا کەسی خەلق نەکردی‌یە •

وەکی ئەو جواب‌و خەبەرەی بە کاکە لاسی گۆتی‌یە ، کاکە لاسی ماڵوێران چەند وەختەکی بە بێ‌هۆشی کەتی‌یە • سەری دادەنا لەسەر کورسی‌یە ، چاوی بلند کردی‌یە ، تەماشای مەجلیسێی کردی‌یە ، چاوی بە مامە دەرویشی کەتی‌یە • دەیگۆ گەردەنت ئازا نەبی هەتا ڕۆژی قیامەت‌و ئاخرەتی‌یە ، ئەو خەبەرە ناخۆشەت لۆچی بە من گۆتی‌یە • ئەمن هێشتان عومرم لە بیست‌و چاری تێ‌نەپەڕی‌یە ، قەت ناوی خەزاڵە شۆڕو جوانی وام نەدیتی‌یە • ئەمان پێم‌بڵێ مامە دەرویش عەلی نوورانی ، خەزاڵە شۆڕیان خۆ لەکەس مارەنەکردی‌یە ؟

دەیگۆ ئەو ڕۆحەت بێ بە قوربانی‌یە ، بەگزادەی جاف‌و شارەزووری‌یە ، خەزاڵە شۆڕیان لە وەیسی وسوو ئاسکیان مارەکردی‌یە • شەوەکی باوباران دەبی ، هەوری بوهارێ دەگرمێنی‌و دەشریقێنی ، مەڕی ماڵێ مەلانەبی‌و مەڕی ماڵێ ئاسکیان تێکەڵ دەبی ، ماڵێ مەلانەبی نۆ زەلامیان لە ماڵێ ئاسکیان کوشتی‌یە • سبیانێ هەڵدەستن تەمەشادەکەن نۆ مەیت لە عەرزی کەتی‌یە ، مەسلەتیان بە بەژنێ خەزاڵە شۆڕێ کردی‌یە • خەزاڵیان لە جیاتی نۆ خینان لە کاکەوەیسی وسووئاسکیان مارەکردی‌یە • بەلاّن پاشی دیوەخان چۆل بی چەند قسەی خەزاڵێ هەیە لە خزمەت کاکە لاسی دەکەم بە بێ شەرم‌و قەیدی‌یە •

ئای لە من ئای لە من ئای لە من ئای لە من ما ڵە بابێ من • وای لە من ماڵە بابێ من ، وای لە من غەریبێ وای لە من غەمگینێ وای لە من دڵ کوڵێ وای لە من دڵ بریندارێ • کەس نی یە ئەوڕۆ ئێوارێ جوابەکی بگەینێتەوە بەژنی خەزاڵێ بڵێ لـە دەشتەکەی شـارەزووری یە ، کاکە لاسی ئەحمەد بەگی یە ، سەرداری عێل و عاشیرەتێ جافی یە ، کوڕی خەجیج خانێ عارەبی یە، بە تاقی تەنێ شەوێ لەسەر تەختی جەواهێربەند خەو لە چاوی ئەوێ شەوێ نەکەتی یە •

ئەگەر دیوەخانی کاکە لاسی چۆڵ دەبۆوە بە بێ قەیدی یە ، دەمانەوە کاکە لاس و دەروێش عەلی هەرکی یە لەگەڵ سەعیدی قاوەچی یە • کـاکـە لاس دەرکەی دیوەخانی بە قاوەچی پێوەدەدا بـە بێ دەنگی یە ، دەیگۆت نابی کەس سەر بە ژۆرێدا بگری ، ئەو شۆکە کاکە لاس دڵی گەلەك گەلەك بە خەمە خەو لە هەردوو چاوی نەکەتی یە • جێ و بالینگانی کاکە لاسی بینە دیوەخانێ ، مێوانەکی گەلەك نوورانی هەیە ئەو مێوانەش بە دایکم بڵێن ناوی دەروێش عەلی هەرکی یە •

خەجیج خان جوابی هەناردی یە ، کاکە لاس قەت ماڵی بەجێنەهێشتی یە ، قەت لە من دوور نەکەتیتەوە لەسەر جێی بە بێ قەیدی یە • ئەوشۆکە دیارە خەبەرەکی گەلەك گەلەك خەراپی لەو دەروێشەی بیستی یە •

ئەحمەد بەگیش دەڵێ خەجیج خانێ عارەبی یە ، لاسی ئەحمەد بەگی دیارە لە من نی یە ، لاس گەلەك خوێڕی یە • هـەر قسـەی منداڵ و تاڵ و دەروێشانی لە گوێی چەقی یە ، لۆیە ئەوشۆکە ئـەمن و تـووی لـە ماڵێ بەجێ‌هێشتی یە ، لاوو دیوەخانی ڕاگرتی یە ، جـێ و بالینگانی خۆی لـە دیوەخانی قایم کردی یە •

دەروێش عەلی نوورانی یە سوندی لە بۆ کاکە لاسی خواردی یە ، بـەو خودای نامری ئەبەدی یە ، بەو محەمەدی کە دینی ئیسلامی یە ، بـەو شێخ

عەبدوڵلای دەشتی گەویلانێ بادینی‌یە ، بەو شێخ نوورەددینی بریفکانی‌یە ، بەو عەبدولقادری گەیلانی‌یە ، بەو عەبدولعەزیزی ئاکرەیی‌یە ، ئەو بەژن‌و باڵایەی لە خەزاڵە شۆڕێم چاو پێ کەتی‌یە ، ئەگەر کاکە لاس ئەتوو ببینی بە تەواوەتی‌یە ، بێ‌هۆش دەکەوی سەعاتەکی لەسەر عەرزی‌یە • ئەگەر لـە دەروێشی قایل ببی بە ڕاستی‌یە ، قســەی من هەمووی ڕاستە درۆی تێدا نی‌یە • دوو دیاری لۆ توو ناردی‌یە • یێکەکیان ئەنگوستیلەکە لە زیوی‌یە ، چەند ساڵە لــە ڕەواندزێ‌بەکردن‌دایە لــۆ تووی هەناردی‌یە بە دیاری‌یە ، لەگەڵ کەمەکی لە بسك‌و شابسکێ خــۆی بڕی‌یە بە مقەسەکی زیوی‌یە ، دانیاتەناو قۆدی‌یەکی زیوی شاماری‌یە • ئەگەر پێشم باوەڕناکەی فەرموو ئەوە قۆدی‌یەکەی لە زیوی شاماری‌یە •

کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌بە سەری قۆری پچڕاندی‌یە ، چاوی بــەو پەرچەمە جوانەی خــەزاڵێ کەتی‌یە دەتگۆ پەڕێ تاوسی‌یە • بۆنی عــەترو میسك‌و زەعفەرانی لێ‌هاتی‌یە • کاکە لاس کــە بۆنی قــۆدی‌و پەرچەمی کردی‌یە ، لە دیوەخانی نیو سەعات دەکەت بە بێ هۆشی‌یە •

ئای لە من خانە ویرانێ ئای لە من سەرگەردانێ ، کەس نی‌یەجوابەکی بداتە بەژنێ خەزاڵە شۆڕێ ، بێتن دەستەکی بە بازن قامکەکی بە ئەنگوستیلە دابنێتە بن سەری کاکە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری ، ئەوشۆکە لــە لای دیوەخانێ • کەسیش ناوێری جواب بداتە خەجیج خانی ، نەوەك بکاتن دادوشین‌و گریانێ •

دەروێش عەلی هەرکی‌یە ، بڕەکی پەڕۆ سووتاندی‌یە ، بۆسۆی دەدا بەر کەپۆی کاکە لاسی‌یە •

کاکە لاسی ماڵ‌وێرانم هۆشی دەهاتەوە سەرەخۆی دەستی بە قسەو بە گفتوگۆیان کردی‌یە • دەیگۆ دەروێش عەلی هەرکی‌یە ئەگەر خەزاڵ جوان بی بکەویتە بەر دڵی کاکە لاسی‌یە ، خەنیت دەکەم بە زێڕی زەمانی‌یە ،

کیسەکت دەدەمێ ئـەو کیسە مقابڵو تێیدایە لەسەد زێڕیە • کیسەکت زێڕ دەدەمێ سەد زێڕی زەمانیە ، ئەگەر خەزاڵیش جوان نەبی بە وەی کەمە ئامری ئەبەدیە ، خالق لە ژۆری سەریە ، پارچە پارچەت دەکەم بە مەودای شیری شامسریە •

ئەتوو دەبێ ئـەگـەر ئەمنت کوشتیە ، دڵـی منت بژانـدیەو سووتاندیە ، ئەو بۆنە بۆنی چیە ؟ نەبۆنی میسکیە نـە بۆنی گوڵو عەتریە ئەوە بۆنە بۆنی بەهەشتیە ، بۆنی ڕاسقیە ، بۆنی دلداریە • ئاشقی من ئەوشۆکە پەڕیە سـەر بەژنو بـاڵای خـەزالـە شۆڕێ کیژی مەلانەبیە • خـۆ بابی مـنو بابی خەزاڵێ هیچ لـە مزگەفتەکی پێکەوە نوێژیان نەکردیە ، هیچیشیان یەکدیان نەناسیە • بابی من ئەحمـەد بەگە لـە هەموو عالەمێ مەعلوومە ، بەگزادەی جافو شـارەزووریە • ئەمنیش ناوم لاسە دایکیشم خەجیج خانی عارەبیە • بابی خەزاڵێش مەزن مەلانەبیە ، سـەردار عەشیرەتێ خەیلانیە ، ساحەبی حەف سەت مـاڵو خێڵەساتە هەر بەتەواوەتیە •

بەڵاَن دەروێشی نوورانیە وەرە بە من بڵێ بە ڕاستیە ، بێم لەگەڵ توو بە چارسەتسوارو شەشسەت خوڵامو پێنسەت نۆکەران بە تەدارەکی شەڕیە ، یان لەگەڵ توویێم هەر بە تەدارەکو بەرگی دەروێشیە ؟

ئەی لە من خانەخەرابێ ، ئای لە من بێ بابێ ، ئەوی بکاتن بەینی دوو دڵدارو دوو ئاشقان ڕەبی بە جەهەنەمی شابێ • ئەوی بیبتە باعیزێ دوو دڵـدارو دوو ئاشـقان ڕەبی لـە جەنەتێ دووربێ ، یارەبی ئەبەدی لـە جەهەنەمیدا بێ •

دەروێش عەلی هەرکیە دەیگۆ بەوەی کەمە ئامری ئەبەدیە ، خالق لە ژۆری سـەریە ، بـەو عەبدولقادری گەیلانیە ، بـەو عەبدولعەزیزی ئاکرەییە ، بەو سولتان عەولای عارەبیە ، بەو حوسێنی غازیە ، بـەو

شێخ هۆمەرو شێخەڵڵای دەستم بە مەرقەدیانەوە گرتی‌یە ، ئەگەر لەگەڵ خۆت بینی پێنسەد سوارو چارسەت خولامو شەش‌سەت نۆکەری‌یە ، عێلو عاشیرەتێ خەیلانی هەمووی هەڵدێ بەجێ‌دێڵن ڕەشماڵو مەڕی‌یە • ئەتوو وەرە بکە بە قسەی مامەدەرویشی‌یە ، لەبەرەخۆت بکە بەرگەکی چلکنی پیسی دەرویشی‌یە ، لەبنەوە لەبەر بکە سوخمەی تەبرێزی‌یە ، شەڵواری دەمەرقۆپی‌یە ، شالێ کرمانی‌یە • ئەمان لەگەڵ خۆت بینە خەنجەری تۆپشکەی لەزێڕی تێرۆبی‌یە • هێشتان بای سەر دنیایەی پێ نەکەتی‌یە • لە پێی خۆشت بکە کلاشەکی پەڕۆینی دۆمانی‌یە • دەستی خۆت باوێ سەر عەسایەکی سۆری دیاربەکری‌یە • کەشکۆڵەکی ڕەشی عەبەنووسیش لە دەستی چۆپەت بکە بە بێ دەنگی‌یە • تەسبیحەکی سەت‌ویەك دەنکیش لە ملت بکە بە بێ قەیدی‌یە • ئەو پەرچەمە سۆرە جوانەت بشارەوە لە بن بەتیەی زەردی عەتابی‌یە • هەندەکیش زێڕی زەمانی لەگەڵ خۆت بینە نەکو لێمان بقەومێ ، لە دەشتەکەی هەریرێ پێمان ببی ئیحتاجو موحتاجی‌یە •

ئای لە من ماڵوێرانێ ، ئای لە من سەرگەردانێ ، کەس ناوێری ئەو خەبەرەی ئەوشۆکە بگەینیتە بەژنی خەجیج خانێ • خۆ ئەحمەد بەگی ماڵوێران ڕای لەو قسانە نی‌یە ، بەڵان هەردوو پێی‌ناگری عەردی‌یە ، لەبەر ئەختیاری‌یەو لەبەر پیری‌یە • دەردەکی بەسەر هاتی‌یە ، ئەگەر پیاوەکی گەورە مێوان نەبی لە لاوو دیوەخانێ ، ئەحمەد بەگ نایێتە ناو مەجلیسی کاکە لاسی‌یە •

براینە برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، ڕۆژی موبارەك هەڵاتی‌یە ، دەیداوە لە سەرای سوبحاناغەی ، لە چیایەکەی پیرەمەگروونێ ، لە گۆیژەی موبارەك لە قەڵاتی بابانی‌یە • دەیداوە لە قایشێ دەمانچان لە خانێ زینان لە دارێ دار ڕمان ، ڕوونی دەکردەوە لاوو دیوەخانو تەختو سەڵتەنەتی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە • دەستی بە چاوی‌یەوە گرتی‌یە ،

هەر دوو دەستی بابی ماچ کردی‌یە ، ئەو پرسیارەی بە بابی گۆتی‌یە ، دەیگۆ ڕام لەو قسانەت نی‌یە • هێشتان ئاقلت ئاقلی منداڵی‌یە • ئەمن‌و کچەتیمەکی خێڵەکی‌یان نەگۆتی‌یە • ئەمن پاشا زادەمە لە عێل‌و عێلەساتی جافی‌یە ، ناوم ئەحمەد بەگی کوڕی مەحموود بەگی شارەزووری‌یە ، لە عێل‌و بەگزادەیی جافی‌یە • ئەتووش ناوت لاسە دایکیشت خەجیج خانە کیژی شێخی تەیی عارەبی‌یە • حەیفە بچی بە قسەی دەروێشەکی نانی نانی‌یە ، لەبۆ دەشتی هەریرێ ، گۆڕێ تووان کانێی سۆراوان ، چاوت بکەوی بە چاوی کیژۆلەکی خەیلانی‌یە •

ئای لە منی ئای لە منی ئای لە منی ، کاکە لاس دەڵێ لەبۆ حەیفێ لەبۆ مخابنی ، لەبۆ ئەو گۆڕو گۆڕخانەی وەکی بەژنی لاس‌و خەزالی دەچنێ •

گەلی براینە گەلی برادەرینە کاکە لاس دەگەڵ بابی گەلەک گفتوگۆی کردی‌یە • بەڵان بابی ئەو قسانەی لاسی بە دڵ نی‌یە • کاکە لاسی دەرکردی‌یە •

ئەوجار دەچۆوە خزمەت دایکی‌یە ، هەر دوو دەستی خەجیج خانێی ماچ کردی‌یە • دەیگۆ دایکی گەورەو گرانم خەجیج خانی عارەبی‌یە ، ئەو ڕۆحەت ببی بە قوربانی‌یە ، خۆ ئەتوو دەزانی کاکە لاسی توو عومری لەبیست‌و چاری تێپەڕی‌یە • هێشتا ڕای لە چ شتافە کیژوکاڵی بەگزادانی‌یە • لە ناو عێلی ڕەوەندو جاف‌و بلباس‌و هەرکی‌یان‌و مەنگوڕو مامەشی‌یە ، هەموت لۆ من یێکەیێکە نیشان‌و دیاری کردی‌یە • ئەمان دڵی من هێشتان چ شتاقە کیژی نەگرتی‌یە • ئەمان ئەوڕۆکە ئەشقی خەزالە شۆڕێ کیژێ مەلانەبیم پەڕیتە سەری‌یە • نازانم ئەتووش ڕات لەو قسەی هەیە یانە نی‌یە ؟

دەیگۆ ڕۆڵەی شیرنم خۆشەویستی خەجیج خانی عارەبی‌یە ، ئەمن ڕام لەو قسەی‌نی‌یە • داخوا چ کیژۆلەکە کارەکەرەکە کەتی‌یە لە ماڵێ مەلا

نەبی‌یە • خوا دەزانی کارەکەرە یان سوالکەری نانی‌نانی‌یە • زۆر حەیف‌و مخابنی دنیایەم دەمینێ بلێن کوڕی خەجیج خانێ‌و کوڕی ئەحمەد بەگی حەزی لـە کچەتیوەکی بالەکی کردی‌یە • ئەگەر دەکەی بە قسەیە دایکی‌یە ، ناچی لەگەڵ دەروێشی نوورانی‌یە • بڕە پارەکی بدەیە ، خـەڵاتی بکـەو بەڕێی بکە بڕواتن بە بێ دەنگی‌یە •

کاکە لاس زانی دایکی حەزی لێ‌نی‌یەکاکە لاس دوورکەویتەوە لـە مەملەکەتی شارەزووری‌یە ، بچیتەوە مەملەکەتی هەریرو هەریر بەگی‌یە • خۆ ناوی هـەریـرو هەریربەگیانی بیستی‌یە ، بـەڵان بەچاو چاویان بێ نەکەتی‌یە • خۆ کاکە لاس گۆڕێ تووان‌و کانیێ سۆراوانی بە عەمری خۆی چاو پێ نەکەتی‌یە •

ئەمان براینە برادەرینە ، دەروێش عەلی هەرکی‌یە دلی کاکە لاسی نەرم کردی‌یە • چی بـە کاکە لاسی گۆتی‌یە ، کاکە لاسی ماڵوێران بـە قسەی دەروێشی نوورانی کردی‌یە •

ئەمان براینە برادەرینە ، خەجیج خانێ عارەبی‌یە گەردەنی کاکە لاسی ئازا نەکردی‌یە • بابیشی گەردەنی کاکە لاسی ئازا نەکردی‌یە • شەش‌سەت سوارو پێنسەت خولام‌و چارسەت نۆکەری لەسەر دەشتی شارەزووری بەجێ‌هێشتی‌یە • تەختی جەواهێربەندی بە چۆلی بەجێ‌هێشتی‌یە •

ئەمان دەگەڵ خۆی‌هەڵدەگرت سەت زێڕی زەمانی‌یە • بەرگەکی پیسی دەروێشی لەسەر بەرگی پاشایەتی لەبەر کردی‌یە • ئەمان براینە برادەرینە کەشکۆڵ‌و دارعەسای بە دەستیەوە گرتی‌یە ، پرچە سۆرە جوانەکانی لەبن بەتیەی زەردی عەتابی دەشاردەوە ، ئاخ براینە برادەرینە لە شارەزووری بێتە دەرێ کەس کاکە لاسی نەناسی‌یە •

ئەمان دەروێش عەلی هەرکی‌یە دوعابوونی خواستی‌یە لـە سەعیدی

قاوەچی‌یە ، چارسەت خولام‌و پێنسەت نۆکەرو شەش‌سەت سوار لۆ کاکە لاسی دەستیان بە گریانێ کردی‌یە • خۆ حالی خەجیج خان‌و ئەحمەد بەگی مەپرسە ، فرمێسکیان وەکی بارانی بوهارێ لە هەردوو چاویان باری‌یە •

کاکە لاسی ماڵوێران دوعابوونی خواستی‌یە • دەروێش عەلی هەرکی‌یە سواردەبوو لـە کەرێ سپیی بەغدایی‌یە • کاکە لاسیش بـە پیادەیی‌یە • چونکێ شارەزای بەرێ‌یە نی‌یە ، بە پێش مامە دەروێشی کەتی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، ئەگەر دەزانی دەردی دلداری دەردەکی گەلەك گرانە ، بەلان وەختیش بوهارە گول لەعەردانە • وەختی سووسن‌و بەیبوون‌و هەلالی سەرکێوەکانی کۆسرەتانە • خەزالە شۆڕم لەبەر مالێ بابی خۆی گەلەك نازدارو جوانە •

دەلێم براینە برادەرینە گەلی دۆستینە گەلی خزمینە وەکی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە لەگەل دەروێش عەلی هەرکی‌یە ، سواردەبوون لـە کەرێ سپی‌یە • پشتی خۆیان دەکردەوە قەلاتێ شارەزووری‌یە • لاوو لەشکرو دیوەخانیان بەجێ‌هێشتی‌یە • دەکەتە دوو چاوی خەزالە شۆڕێ مەلانەبی‌یە • ئەمان ئەشقی خەزالە شۆڕێ لە کەللەی سەری کاکە لاسی کاری‌کردی‌یە •

دەی‌پرسی لە دەروێش عەلی هەرکی‌یە ، دەیگۆ ڕێی چەند ڕۆژانە بـە پیادەیی‌یە ؟

دەیگۆ کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە ، ئەمنی ماڵوێران بە نـۆ شەوو نۆڕۆژان ئەو ڕێ‌یەم بڕی‌یە •

کاکە لاسی ماڵوێران قـەت دوو سەعاتان لەعومری‌خـۆی بەپێیان نەڕۆیشتی‌یە • ڕوومەتی سۆری گول‌گولی ڕۆژی بوهارێ ڕەشی کردی‌یە • ئـەو پەنجە ناسك‌و نەرمانەی ڕۆژی موبارەك ڕەشی کردی‌یە • برسیاتی کاری لێ‌کردی‌یە ، لە هەر هۆبەکی لایان دەدا چاویان بە کاکە لاسی کەتی‌یە ،

دەیانگۆ دەروێشی نوورانی‌یە ئەوشۆکە لەمــە مێوان بیە لۆمە بلێ بەیتی محەممەدی‌یە •

بەڵان عالەم نازانی دلی کاکە لاسی جۆشی گرتی‌یە ، هەتا چــاوی بکەوی بە چاوی خەزاڵێ مەلانەبی‌یە • بەشکو کەسەرو مەرەقی دلی ببی سافی‌یە •

ئەمان براینە برادەرینە کاکە لاســم شــارەزای ئەورێ‌یەی نی‌یە • دەروێشی ماڵوێران ئــەو ڕێ‌یەی هەموو دیتی‌یە • دەشتی شارەزووریان بەجێ‌هێشتی‌یە • ڕوویــان دەکــردە گۆڕژەی بــە تەواوەتی‌یە • ســەرێ قەمچووغەو پیرەمەگروونیان لێ‌بەدەرکەتی‌یە • ئەمان سێ‌شەوو سێ‌رۆژان دەڕۆیشتن لەوان هۆبانو عێلەساتانو هۆزان ، خۆیان شەوێ ڕادەگرت بە مێوانداری‌یە • ئەمان ئیشیان بەوەی چاك بوو کاکە لاس کەس نەیناسی‌یە •

ئەمان براینە برادەرینە دەروێشی ماڵوێران ئەو ڕێ‌یەی لەگەڵ کاکە لاسی هەموو بڕی‌یە • کاکە لاس بە پیادەیی‌یە ، دەڕوێشیش بــە سواری کەری سپیی بەغــدایی‌یە .• هاتا دەگەیشــتنە قەسرۆكو قەمتەران ، لیسی خەرتەلان ، زورگی ناڵەشکێنی کاکە لاس بە چاوی خۆی دیتی‌یە • دەهاتنەوە خوارێ بەسەر سپی‌ڕێزێ خەیلانی‌یە • ڕووێی خۆیــان دەداوە کۆسرەتێ شاڵەبەگی‌یە • قەندیلو ئاکۆو حەسەن‌بەگیان بەجێ‌هێشتی‌یە • دەهاتنەوە بن چیایەکەی هــەریــرێ ڕووێی خۆیــان دەداوە گۆڕێ تووان ، کاتێی سۆراوان ، جێی مرازو مەخسوودی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە •

بەڵان دەروێشی ماڵوێران شەرتو پەیمانەی لەگەڵ خەزاڵێ کردی‌یە ، دەیگۆ ئەگەر کاکە لاسی بنێرمە خزمەتە توو بە بەرگی دەروێشی‌یە ، دەبی کاکە لاسی ڕازی بکەی بە کەیفێ دلی‌یە • شەوێ مێوان ببی لــە سینگو مەمکێ خەزاڵێ مەلانەبی‌یە •

ئای لە منماڵویرانێ ، ئای لە من غەریبێ ، ئای لـە من بێ نسیبێ ، کەس نی‌یە جوابەکی بداتە خەزاڵە شۆڕێ بلێ مـا شوقەکەی توو ئەوشۆ مێوان دەبیتێ هاتی‌یە لە مەملەکەت‌و شارانی غەریبێ •

گەلی براینە گـەلی برادەرینە ، دەروێشی ماڵوێران کـاکـە لاسی دەگەیاندە سەر گۆڕێ تووان کاتێی سۆراوان ، ئاوەکی گەلەك خاوێـن‌و جوانـە ، جێی‌کەیف‌و سـەیرانێ خەزاڵێ مەلانەبی‌یە • ئـەمان دەروێشی دەیگۆتە لاسی ئەو ڕۆحەت ببی بە قوربانی‌یە ، خۆ بە خۆت دەزانی ئەمن ناوێرم بێمە ناو عێلەساتی مەلانەبی‌یە ، لە ترسی کەرکانە کەچەلی سەگباب نەوەك بزانی ئەتووم لەبۆ خەزاڵە شۆڕێ بردی‌یە • کەرکانە کەچەڵ گەلەك شەیتانە ، گەلەك فێلزانە ، نەکو ئەتوو بکوژن لە ولاتی غەریبی‌یان بە بێ کەسی‌یە • ئەو ڕۆحەت ببی بە قوربانی‌یە ، ئەو سەرەت ببیتە سەرگەردانی‌یە • ئاگات لە دەوی خۆت بی قسە لـە توو نەدزیتەوە کەرکانە کەچەلی سـەر ڕزی‌یە • چونکی کەرکانە کەچەلی ماڵوێران حەف ساڵە شەرتی شوانی لـە وەیسی وەرگرتی‌یە ، حـەف ساڵیشە شوانە لـە کن ماڵێ بابی خـەزاڵێ مەلانەبی‌یە ، لۆ ئەوەی بزانی خەزاڵ حەزی لە کێ‌یە لەپاش وەیسی‌یە • بـە درۆو دەلەسە وەیسی ڕاگرتی‌یە • هەموو ڕۆژێ لە بن گردی سپی‌یە چاوی دەکەوی بە وەیسی‌یە • دەلێ خەزالی ماڵوێران ڕووحی لەبۆ توو نەمایە کاکە وەیسی ، لەبۆ توو شێت بووەو مردی‌یە •

دەروێش عەلی هەرکی‌یە دەیگۆ ئەوشۆ ئەمن دەچمە ناو هۆبان خۆم ڕادەگـرم هەتا سـبیانێ چێشتەنگاوی میریە ڕۆشەن بێ لـە کۆسرەتێ شالەبەگی‌یە ، زوانی من‌و توو ئێرانەیەو سەرکانی‌یە • ئەتووش ئەوشۆکە برۆ خزمەت خەزالێ مەلانەبی‌یە • لۆ یەکدی بکەنەوە قسەی دلداری‌یە • ئەگەر ئەتوو ڕات لە خەزالێ بی بە بێ دەنگی‌یە ، شەوێ خەزاڵەشۆڕ جێت لۆ ڕادێخی لـە دووری دیوەخانێ ، خۆشت پێشکێش دەکـاتـەوە بـە

سەلامەتی‌یە • ئاگات لە خۆت بی خەزالە شۆڕی بابانوێران کاکە لاسی لەبۆ تــوو مردی‌یە • ئەوەندە بەحسی جوانی تــووم کردیە ، ئــەوەنــدە بەحسی ڕەشیدی‌و عەگیدایەتی تووم کردی‌یە ، ئەوەندە بەحسی لاوچاکی‌و خانەدانی تووم کردی‌یە ، لێت مەعلووم بی چەند شەوە خەزالی بابانوێران خەو لە چاوی نەکەتی‌یە •

ئەمان سەرت لێ‌نەشێوێ ، لێت‌نەگۆڕێ ، چار کارەکەری هەر یەک بە یەکی دەلێ ئەمن جوانــم • یەکیان ناوی خووبی‌یە ، ئەوی دی نــاوی ئەستی‌یە ، ئــەوی دی ناوی ڕابی‌یــە ، چارەمینیان ئــەســمەرە جوانی لەهەرسێکان بڕی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، دەروێش عەلی هەرکی‌یە سواردەبۆوە لەکەرێ سپیی بەغــدایی‌یە • دەچۆوە نــاو عێل‌و عێلەساتی ڕەوەندان ئەوێ شەوێ خۆی خەلاس کردی‌یە •

کاکە لاسی ماڵوێران هەر دوو پێی ماندی‌یە • لەناو کلاشی هاتیتە دەرێ بارەکی تۆزو خۆڵ لێ نیشتی‌یە • هەردوو لێوی سۆری خورمەیی‌یە ڕۆژی موبارەک ڕەشی کــردی‌یــە • خــۆ ڕوومــەتی گوڵ‌گوڵی ئــەو جوانی‌یەی‌لێ‌بڕایە لەبەر ڕۆژی قودرەتی‌یە • عومری دوو ساعات بــە پێ نەرۆیشتی‌یە • پەرچەمی سۆری شاردیتەوە لەبن بەتیەی زەردی عەتابی‌یە • کەشکۆلی ڕەشی مووسلی‌یە بە دەستی چۆپەی هەلگرتی‌یە • بە دەستی ڕاستەی دەستی دەداوە عەسای سۆری دیاربەکری‌یە • لــە ماڵی یەکەم پێ‌دا ڕۆیشتی‌یە • بەلاّن دەروێش تەعریفی ماڵێ مەلانەبی کردی‌یە • دەیگۆ ئەو ڕەشماڵەی لەسەر بیست‌و پێنج‌دیرەگانە ئەوە ڕەشماڵی ماڵێ ئاغا مەزن مەلانەبی‌یە • دوازدەی دیوەخانە ، سێزدەشیان لەبۆ ماڵێ دابڕی‌یە • چارباغی خەزاڵێش لە دووری ڕەشماڵێ چار کارەکەری ڕاگرتی‌یە • خەزاڵیش کابانی ماڵێ‌یە تاقە کیژێ بابی‌یە • یەک برای هەیە لە داک‌و بابی‌یە ، ئەویش ناوی

محەممەدە ، بەویش دەلێ پسپۆڕی شوانانە ، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ نۆ شوانان دەچێتەوە دەرێ بە تەمامیەیە • بە خۆی گەورەیە لە مالێ ، بە خۆی خانەدانەیە بنەمالێ مەلانەبیەیە • ئەو قسەی خەزاڵ بیکا ڕەتنابیتەوە جارەکی دی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، کاکە لاسی ماڵویران قەت دەرویشی نەکردی‌یە ، قەت دەرویشی نەدیتی‌یە • گەیشتە ناو عێلو عێلەساتێ خەیلانی‌یە • حەفسەت مالە بە تەواوەتی‌یە • ئەوەل مانگی بوهارێیە گیا لە عەرزی‌یە • گەیشتی‌یەئەوەل مالی پیریژنەکی ، ئەو پیریژنە گەلەک کەونە دنیای زۆر دیتی یە ، زۆر های‌و هووەکی دەکێشا دەیگۆ گەلەکم برسی‌یە • ڕوونم لۆ بینن لەگەڵ کەرەی ڕۆژی‌یە •

ئەو پیریژنە دیقەتی دەدا کاکە لاسی‌یە • گازی دەکرد سەرشینێ سەربەتالێ سەرێ خۆ بنێن لە خمخانێ ، ئەوە دەرویشی نان‌و کەرەو ڕوونی نی‌یە • ئەوە جێی سەرو کلاوی دیارە ، جێی‌قەلەمی باری لێ‌نیشتی‌یە • ئەوە هەر بەگزادەیە پاشازادەی ولاتی‌یە ، داخوا ئاشقی چ کیژۆلەکی خەیلانی‌یە • ئەوە دەرویشی کەرەو ڕوونی نی‌یە ، ئەوە دەرویشی نان‌خواردنێ نی‌یە • ئەو سەرەم لەبەر هەتاوێ سپی نەکردی‌یە ، ئەگەر هەبی ئەو دەرویشە ناوی لاسی ئەحمەد بەگی‌یە ، ئاشقی خەزالێ کیژی مەلانەبی‌یە •

ئای لە من ماڵویرانێ ، ئای لە من سەرگەردانێ ، ئای لە من خانەویرانێ ، کەسەک نی‌یە جوابەکی بگەینیتە خەجیج خانێ • لۆمن دابیەستی شینێ لەگەڵ گریانێ • کاکە لاسی خۆشەویستی تاقانەی بابی کەتیە لەناو غەریبستانێ •

کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە گوێی‌لە پیریژنێ زۆر ڕانەگرتی‌یە • زانی پیریژنی کەونەساڵ دنیای گەلەک دیتی‌یە ، ئیشی لێ‌ئالۆزکردی‌یە • سەری خۆی لەبەر هەتاوی سپی نەکردی‌یە • نە ڕوونی ویستی‌یەو نە نانی ویستی‌یە ،

دەچۆوە پێش ڕەشماڵەکی دیکە ڕادەوەستا هایو هووی دەکێشا بە نیازی دەروێشی یە • ئەوەندەیان ڕوون دەدا کـاکـە دەروێشی ئـەو کەشکۆلە ڕەشـەی مووسلی پڕکردی یە • قۆتی دەدیتەوەو ڕوونی تێ کـردی یە ، کەشکۆلی بەتاڵ کردی یە • عالەم دەیزانی مـرازو مەخسوود کاکە لاسی ئەحمەدبەگی شـارەزووری ڕوون خڕکردنەوە نی یە ، مەخسـەدی دیتنی خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلانەبی یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، دارە تووەکی گەلەک گەورە لەپێشی ماڵێ خەزاڵە شۆڕێ مەلانەبی گەلەک قەدیم هەیە بە بێ قەیدی یە • کاکـە لاسی ماڵوێران ئەو تەعریفەی دەروێش عەلی هەرچی لۆی کردی یە ، چاوی بەو ڕەشماڵە گەورەی کەتی یە • لەسەر بیستو پێنج ئەستوندانە ، دوازدە ئەستوندی دیوەخانە ، سێزدەشی ماڵە بە بێ قەیدی یە •

ئەوێ ڕۆژی لـە بەختی کاکە لاسی یە ، بەرەمەشکەی سێ ڕۆژیان گەرم کردی یە • خەزاڵیش لەبەر ڕوون گـەرم کـردنێ لە زۆرێ گەلەک مشەوەشە ، قەزمەو تیلاکی دانایەتەسەر عـەرزی یە • دوو مەمکی جـۆت سێوی پڕتەوی یە • گەردەنی شووشەی بن هەوری یە • ناوقەدی کشمیری یە • کراسی بەری دەنکەهەناری یە • ئەو جۆتە بسکە لە بـن گۆی کەمبەران خۆیان بەدەرێخستی یە • لـۆیـە مەشوورە پێی دەڵێن خـەزاڵـە شۆڕێ مەلانەبی یە •

ئەگەر دەپرسن لاسو خەزاڵ چی یە ، ئۆباڵ بەملی من دەڵێم ئەوە بەیتی کوردی یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی دۆستینە گەلی خزمینە ، کاکە لاسی ماڵوێران کەشکۆلی ڕەشی پڕ لـە کەرەو ڕوون کردی یە • بەڵاێ لەبـن دارێ تووێی دانیشتی یە • حێشتانە گەرمایە گیا لەسەر عەرزی یە • ئەوەڵ مانگی نیسانێ یە گوڵ پشکفتی یە •

های‌و هووه‌کی ده‌کێشا خۆی که‌ڕو لاڵ کردی‌یه • منداڵ ئه‌وه‌نده ده‌وره‌یان له کاله لاسی ده‌دا ، کاکه لاسی ماڵوێرانیان بێ هۆش کردی‌یه • کاکه لاس به ده‌ستی ئیشاره‌تی لێ‌کردی‌یه ، خـۆی پیشان ده‌دا بـه‌لاڵ‌و به که‌ڕی‌یه •

ئه‌سمه‌رێ ده‌گۆته ئه‌ستی‌یه ، ڕابی ده‌گۆته خووبی‌یه ، له خۆمێ بێ که‌سێ له خۆمێ ماڵوێرانێ ، سه‌رێ خۆت وه‌ره بنێ له خمخانێ • دنیامان گه‌له‌ک دیتی‌یه ، ده‌رویش‌و مریدو شێخمان چاو پێ که‌تی‌یه ، ده‌رویشی وه‌کی ئه‌وه‌مان نوورانی نه‌دیتی‌یه • هه‌ردوو بناگوێی گه‌له‌ک زه‌رده ڕۆژی موباره‌ک کاری لێ‌نه‌کردی‌یه •

ئه‌سمه‌ر ده‌هاته خزمه‌ت کاکه لاسی ده‌ستی لۆ بڵند کردی‌یه • ده‌وی بەش ده‌بۆوه ته‌مه‌شای ده‌کرد به ته‌مامه‌تی‌یه • سه‌یری سه‌رو سیماو شان‌و سیمای ده‌کرد ئه‌وه ده‌رویش‌نی‌یه • ئـه‌وه ڕۆسته‌مه تازه له مازه‌نده‌رانێ هاتی‌یه • ئه‌وه ئه‌سکه‌نده‌رخانه مه‌مله‌که‌تێ ته‌وریزی داگیرکردی‌یه • یـا قوبادبه‌گی بتلیسی‌یه ، بان عه‌بداڵ‌به‌گی بۆتانی‌یه ، یان کاکـه مه‌مه ئاشقی زینێ‌یه له شاری یه‌مه‌نێ هاتی‌یه ، یان قه‌ره هاتیته‌وه مه‌مله‌که‌تێ گاگه‌شان له بۆ گوڵه‌زه‌رێ عه‌لی باشاغان به دلداری‌یه ، یـان وه‌لی‌به‌گی سه‌عیدبه‌گی هه‌ریربه‌گی‌یه ، ئاشقه له ئه‌یشه‌گولێ بابه‌که‌ی بابم به ته‌مامه‌تی‌یه •

ئای له من دڵ کولێ ئای له من دڵ برینداری ، که‌س‌نی‌یه جوابه‌کی بـه ڕاستی‌بداته بەژنی خه‌زاڵێ • خه‌زاڵیش ئه‌وڕۆکه کابانه له لایێ ماڵێ •

ئه‌سمه‌ریش ڕاده‌وه‌ستا هه‌ر ته‌ماشای بەژن‌و باڵای لاسی کردی‌یه • لێی ده‌پرسی ده‌رویشی نوورانی‌یه ئه‌و ڕۆحه‌ت ببی به قوربانی‌یه .• مه‌خسه‌دی تو ڕوونه‌و مه‌خسه‌دی تو نانه‌و مه‌خسه‌دی تو ده‌رویشی‌یه ، مه‌خسه‌دی تو خوری‌یه ، مه‌خسه‌دی تو پاره‌و پووڵه • ئاغاژنێ مه له ماڵه ئه‌مرت له‌سه‌ر چی‌یه ؟

دەروێشیش قسەی نەکردی‌یە • مەخسەدو مرازی دەروێشی بەژنی خەزاڵە شۆڕێ مەلانەبی‌یە •

ئەستی گاز دەکا ئەسمەرێ ، خەزاڵە شۆڕێ کازت دەکا ، دە وەرە ئیشی‌و کارێ بەجی‌مێڵەو زۆر عەیبەو بەبێ قەیدی‌یە • دەورەتان لە دەروێشی دایەو دەورەتان لێ گرتی‌یە • دەڵێی جارەکی دیکە قەت دەروێش‌و فەقیرتان نەدیتی‌یە •

ئەسمەرێ دەگۆتە ئەستی‌یە ، دەتوو وەرە چاوی خۆت بدە چاوی دەروێشی نوورانی‌یە • دەڵێی ڕۆستەمە لە مازەندەرانێ هاتی‌یە • دەڵێی ئەسکەندەرە لە شاری تەورێزێ خۆی بەپاشازادە زانی‌یە • دەڵێی سولەیمان‌بەگە لە شاری هەرێرێ لەسەر تەختی دانیشتی‌یە • سەرشینێ سەربەتاڵێ خۆ ئەوە دەروێش نی‌یە •

هەردوو کارەکەران چاویان لە چاوی کاکە لاسی بڕی‌یە • دیسان ئەستیش هاتی‌یە • ئەستیش خەزالی لەبیرکردی‌یە • جاری سێ‌یەم دیسان خووبی هاتی‌یە • هەرچار کارەکەر دەورەیان لە کاکە لاسی دەدا چاویان لە چاوی کاکە لاسی بڕی‌یە • کاکە لاسم گەلەک شلکە گەلەک ناسکە گەلەک نەرمە لەبەر جوانی‌یە •

کاکە لاسیش خۆی لاڵ‌و کەڕ کردی‌یە ، قسە ناکا بە زاری‌یە • مرازو مەخسوودی دلی ئەوەیە چاوی بکەوی بە بەژنی خەزاڵەشۆڕێ کیژێ مەزن مەلانەبی‌یە •

خەزاڵە شۆڕێ لە ماڵێ گەلەک ماندی‌یە • تاریک‌و ڕوونی ئەوێ ڕۆژێ کردی‌یە ، بەرەمەشکەی سێ‌ڕۆژانی گەرم کردی‌یە • لە هیزەو لە مەنجەلانی کردی‌یە • ئەمان سەری ڕووتە هەردوو دەستی بە دیرەگەی ڕەشماڵێ گرتی‌یە • سەری خۆی دەهینا دەرێ بەبێ دەنگی‌یە • گازدەکا شەرم‌و حەیاو نی‌یە ، ئەسمەرە ئەستی‌یە ڕابی‌یە خووبی‌یە • ئەمنو لە ماڵێ بە

تاقی تەنێ بەجێ‌هێشتی‌یە • نازانن باوی گرانم مەلا نەبی لە دیوەخانێ لەبەر قاوەی ڕۆنیشتی‌یە •

وەکی کاکە لاس چاوی بە خەزالێ کەتی‌یە ، دەتگۆت ڕۆژە تازە لە لایێ مەشریقێ هەڵاتی‌یە • دەتگۆ خەسرەوە تازە شیرنیان لۆ بردی‌یە بە بووکی‌یە • دەتگۆت ماڵ ماڵە ئاشقی تەوریزی باویلاغەی میرهۆمەری‌یە • دەتگۆت سیامەندە تازە لە سیپانی چاوی بە بەژنی خەجۆی کەتی‌یە •

کاکە لاسی ماڵ وێران هەر دوو دەستی بڵندکردی‌یە • مناجاتی لەسەر باری تەعالا کردی‌یە ، دەیگۆ خودای گەورەو گرانی لە ژۆری سەری‌یە ، چ سەر ناچیتە بن خاکی گڵی ئەبەدی‌یە • بەبێ ئەجەل نامریو بەبێ کەسی‌یە • مرازو مەخسوودی دلی منت حاسڵ کردی‌یە • ئۆخەی چاوم بە چاوی خەزاڵێ کەتی‌یە •

ئەسمەرێ دەگۆتە خەزالە شۆڕێ مەلانەبی‌یە ، بە وەی کەمە نامری ئەبەدی‌یە ، بەو محەممەدەی دینی ئیسلامی گرتی‌یە ، بەو شێخ عەبدولقادری گەیلانی‌یە ، بەو عەبدولعەزیزی ئاکرەیی‌یە ، بەو شێخەلاس‌و شێخ ئەستی‌یە ، بە سوڵتانعەوڵای عارەبی‌یە ، بەو حوسێنی غازی‌یە ، بەو قورعانەی سەر ڕانی مەلانەبی‌یە ، ئەوە دەروێشی نوورانی نی‌یە • ئەگەر هەبی لە دنیایێ ئاشقە ، ئاشقی ....(١)

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، وەکی خەزالە شۆڕێ مەلانەبی‌یە ، لە دڵی تاقیقەو زانیبووی ئەوە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە • دەیگۆ ئەو روحەت بیی بە قوربانی‌یە ، ئەوشۆکە ئەتوو مێوان بە لە ماڵێ مەزن مەلانەبی‌یە •

---

(١) لێرەدا شریت تەواو دەبێو دەچێتە سەر شریتەکی‌دی لەو تێکخستنەوەی‌دا کلکی بەندی پێشەوە ڕۆیشتووە . ڕەنگە ڕۆیشتووەکە « بەژنی خەزالە شوڕی مەلا نەبی‌یە » بێ . ( هێمن ) .

برانە برادەرینە ، ئـەستیو ڕابـیو خووبی هـەرچـار کارەکەری دەرکردی‌یە • دەیبردەوە بێ ڕەشماڵێ مەلا نەبی‌یە ، دەیگۆ ئەوشۆکە مێوان بە لە بابی من ئاغا مەزن مەلا نەبی‌یە ، بزانە دەستو کەرەمو دیاری خەزاڵە شۆڕێ چی‌یە •

کاکە لاسی ئەحمەدبەگی‌یە چاوی بە چاوی خەزاڵێ کەتی‌یە ، دەیگۆت ئەو دلەت دەکـەم بـە قوربانی‌یە • چارسـەت سوارو پێنسەدخولامو شەش‌سەت تۆکەرم لە شارەزووری لەبەر چاوی توو بەجێ‌هێشتی‌یە •

ئای لە من غەریبێ ، ئای لـە من بێ تەبیبێ ، ئای لە من بێ نسیبێ ، کەس نی‌یە جوابەکی بداتە دایکی گەورەوگرانم خەجیج خانێ عارەبی‌یە • بلێ کاکە لاست کەتیە لە ولاتی غەریبی‌یە •

بەلاَن دەلێ دەیبردە دیوەخانێ ئـەو نیشانانەی دەرویشی هەموو بـە خەزاڵێ گۆتی‌یە •

خەزاڵ دەیگۆت باشم زانی‌یە کە بەژنی توو دەرویش نی‌یە ، لاسـە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە • سەری وەیسیو مـەلا نەبیت ئەوشۆ دەکەم بـە قوربانی سەری‌یە • بەلاَن خەزاڵەشۆر لەبەر جوانی کاکە لاسی ئاگای لـە دوو زمانیی کەرکانە کەچەلی نی‌یە •

وەکی کاکە لاسی دەبردە ژۆرێ ما لە دیوەخانی سەری بـە ژۆرێ داگرتی‌یە • کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە ، بەگزادەی جافو شارەزووری‌یە • دەچوو سەلامەکی سەرسەلامی لە مەلانەبی کردی‌یە •

مەلا نەبی دەیگۆت بەخێر بێی سەرچاوێ مامی‌یە • دیارە ئیشو کارت ئیشو کاری دەرویشی‌یە ، ڕێشت گەلەک گەلەک نێزیکەو دوور نی‌یە •

دەیگۆ مامی گەورەوگرانم ئاغامەزن مەلانەبی‌یە لە ڕەواندزێ هاتیە

دەچمە مۆسلێ غەریبی‌یە • ئەوڕۆکە زانیتم دیوەخانی تـوو جێی خانەدانانە بەناووناوبانگە لە ناوعێل‌و عاشیرەتی جاف‌و بلباس‌و خەیلانی‌یە •

دەیگۆ بەخێربێی سەرچاوێ سەرچاوێ مامی‌یە • دیارە قسەو زمانت ئی ئەو مەملەکەتەی نی‌یە •

دەیگۆ بە عەسلم خەلکێ ئێرانی‌یە ، ڕێـم کەتیتە ئـەو مەملەکەتەی شـارەزاییم بەکەس‌نی‌یە • دەروێشم دوعاگۆمە ، دوعـام گەلەک گەلەک بەخێرو بەرەکەتە ، ئومەتەکی گەلەک گەلەک بوسولمانـم لـە ئومەتی محەممەدی‌یە •

مەلانەبیش بـە خـۆی مەلایە ، یەقینی بـەو قسەی هاتی‌یە • زۆر بەخێرهاتنی کـاکـە دەروێشی کردی‌یە • نازانی قاسیدی خەزاڵێ کیژی مەلانەبی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، ئـەوێ ڕۆژێ بە تەقدیری ئیلاهی‌یە ، نیوڕانێ شیویان لێ‌نایە دۆینەیە بـە پونگی کۆسرەتی‌یە • کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە بە عەمری خۆی شیوی دۆینەی نەخواردی‌یە • نیوڕانێ کارەکەر شیویـان دەهینا دیوەخانێ مەلانەبی‌یە • دایان دەنا لەپێش مەلانەبی‌و کاکە لاسی‌یە • کاکە لاسی چاوی بـەو شیوەی کەتی‌یە ، دەلێ دەیێشا تفی لـە عەرزی ڕۆکردی‌یە • دەیـگۆ ئـەو چشتە شینێ‌شینانە لەناو ئەو شیوەی چی‌یە ؟

مەلانەبی دەیگۆ دەرویش دیارە ئەتوو دنیات نەدیتی‌یە ، گەلەک فەقیرو گەلەک غەریبی فکرت کەتیتە سەر دینداری‌یە • ئەوە شیوی دۆینەیە لـە مالێ مەلانەبی‌یە • گەلەک موبارەک‌و خۆش‌و تەبەڕوکە شیوی وا کەس نەیخواردی‌یە • چونکی ئەو دۆیە دۆی مەڕێ مالێ مەلانەبی‌یە ، خەزاڵ ئەو مەشکەی هەژاندی‌یە ، پونگیش پونگی چیای کۆسرەتی‌یە ، وەیسی زاوابە

قاسیدی لەبۆ خەزالە شۆڕێی بە دیاری هەناردی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، کاکە لاسی ماڵوێران سێ چـار مڵاکی لەو شیوەی خواردی‌یەو بە زیادی کردی‌یە • مەلانەبی سەری لێ بادەدا قەشمەری پێ‌کردی‌یە • دەیگۆ لەو تەعامەمان زەریفتر نی‌یە دەروێشی نوورانی‌یە •

ئەوێ ڕۆژێ تا ئێوارێ لەگەڵ مەلانەبی قسەو گفتوگۆی کردی‌یە • فەرزی نوێژێی بەجێ‌گەیاندی‌یە • مەلانەبی دەیزانی ئەو مێوانە نوێژکەرە گەلەکی خۆش‌ویستی‌یە •

پاشی مەغریبێ داهاتی‌یە ، شوانو شوانەوێڵە دیوەخانیان لە مەلانەبی گرتی‌یە • دەیگۆت بابی خەزاڵە شۆڕێو محەمەدی مەلا نەبی‌یە ، زانیتمان دەروێشەکی گۆیندە ئەوڕۆ هاتی‌یە • دەبی هەندەک بەیتمان لۆ بلێ لەگەڵ بەندی‌یە •

خەزالێ بابانوێران لەو دیوی چیغێ گازی شوانانی کردی‌یە ، دەیگۆ ئەو سەگو سوالانە دەشکێنن لەجێ‌یان ناوی مەلانەبی‌یە • خـۆ ئـەوە دەروێشی گۆتنێ نی‌یە ، دەروێشی بەیتی‌یە ، مەستدەکاتەوە شێخو سەییدی محەمەدی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی هەڤاڵینە گەلی دۆستینە ، شوانو شوانەوێڵە وازیان لـە کاکە لاسی نەدەهینا بـە زۆری‌یە • دەستیان بـە گەڕەلاوژەی کردی‌یە • شوانەک بەندەکی گۆتی‌یە ، تۆبە دەگەیشتەوە کاکە لاسی‌یە •

کاکە لاسی دەیگۆ خودای لە ژۆری سەری‌یە ، خۆ بـە خۆت عالمو زانای چ بەندو بەیتم نەزانی‌یە • ئەمان نازانم چ ڕێک‌بێخم چ بڵێم بـە بێ قەیدی‌یە ؟ •

کاکە لاسی ماڵوێران بە بێ چارە دەماوە دەستی بە بەندان کردی‌یە • بەڵاڵ شوانو شوانەوێلە گوێ‌یە خۆیان ڕاگرتی‌یە • کەرکانیش لەناو شوانان دانیشتی‌یە • هەرچار کارەکەرێ مەلانەبی‌یە ئاگریان لە جەرگی بەردەبوو لە بــۆ کاکە لاسی‌یە • ئەمان لەبەر خەزاڵە شۆڕێ گەلەک گەلەک شەرمیان کردی‌یە •

خەزاڵەشۆڕێ بابانوێران دوعای دەکا بــە دلی‌یە ، خوایە کەنگینێ شەوبێ دیوەخان چۆل بێ ، بگەمە خزمەت کاکەلاسی ئەحمەدبەگی‌یە • ئای لە من خۆشەویستە ئەو مێوانە ، ئاشقە ئاشقی هەردوو دلانە • دەردی دلداری دەردەکی گەلەک گرانە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە ، کاکە لاسی دەستی بــە بەندان کردی‌یە ، بەبێ ناچارەیی‌یە • دەیگۆ خۆزگە بە خۆزی‌داران دارەک بوومایە لــە داری بی‌یە ، شین ببوومایێ ســەرم بگەیشتایە عاسمانێ ، بنم بگەیشتابوایە سەر عەرزی‌یە • ئەمن دۆم بیانبڕیبوومایێ بە حوکمێ مشارو تەوشی‌یە • بیانکردمایە تەشــیەکی جوانی دۆمانی‌یە • ســبیانانو ئێواران خەزاڵە شۆڕێ مەلانەبی‌یە مەرەزی پێ‌بڕێستمایێ بە دەستی‌یە ، بە کە یفێ دلی‌یە • لێ‌یان بپرسیبوایێ ئەسمەرو ئەستیو ڕابیو خووبی‌یە ، بیانگۆتایە خەزاڵە شۆڕ ئەو مەرەزو کرەت لەبۆ چی‌یە ؟ بیگۆتایێ لەبۆ رانکو چوغەی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە •

دیسان کاکە لاسی دەڵێ خۆزگە بەخۆزی‌داران ئەمن دارەک بومایی لــە دارێ هەرمێ‌یە ، ســەرم بابە بچەقابوایە لــە بن عەردی‌یە • بــەڵاڵ بیانبڕیبوومایە سبیانانو نیوڕانان وەستاکاران بە حوکمێ مشارو تەوشی‌یە • دۆم بیانبردمایە بە حەلالی‌یە ، بیانکردمایە تیرۆگەکی سەر ڕەنگاوڕەنگی‌یە • ئەمان سبیانان خەزاڵە شۆڕێ بابانوێرانێ مەلانەبی ،نانی پێ‌بکردمایێ لەبەر خاتری ئەوەندەی جاروبار بیدابومایە لە شلکەی ڕانی‌یە •

کاکە لاسی ماڵوێران دەڵێ براینە برادەرینە گەلی خزمینە گەلی شوانینە گەلی بەرخەوانینە ، ئەوڕۆکە ڕێم گەلەکە تێزیکەو دوور نیە • لە کۆسرەتی شالەبەگیانم چاو پێ کەتیە ، ئەو بەندەم لە شوانو شوانەوێڵان بیستیە • بەڵان خۆزیە بە خۆزیداران بەژنێ خەزاڵە شۆڕێ مەلانەبیە لەبۆ مـن بمابوایی بە دارێ سووسنیە ، لەبەر خۆی بکردایی کراسەکی شینخاوی مەلەزیە • ئەمان لـەبـن ئـەو کراسەی ریسکاینە جۆتـە سێوی کالی تەورێزیە ، لە من مەعلوومە ئەو جۆتە سێوە هێشتان بـای سەر دنیایەی پێ نەکەتیە • هەنگینێ لەکنە من خۆش دەبوو خەزاڵ ئەو جۆتە سێوەی پێشکێش بکردایە بە دەستی لاسی ئەحمەد بەگیە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە وەکی کـاکـە لاسی ئەو سێ بەندەی گۆتیە ، شوانی ماڵوێرانو سەگباب گۆپالیان لێ ڕاستو چەپ کردیە هەڵدەستان لە لاسی لێیبدەن لە دیوەخانێ مەلانەبیە ، هەڵدەستان لە کاکە لاسی بدەن لەپێش مەلانەبیە • مەلانەبیش دەیگۆت ئاماقوولیو کردیە • خۆ هەر کیژێ من ناوی خەزاڵ نیە •

خەزاڵە شۆڕێ بابانوێران ئیشەکەی لـۆ کاکە لاسی پینەکردیە ، دەیگۆ هەر خوێڕووەکی بێتە دیوەخانی بابی من دابنیشی سەعاتەکیە ، دەبی بابی من بشکێنی لە مەجلیسو دیوەخانی عێلو عاشیرەتی بلباسو بالەکیە • خۆ هەر ئەمن ناوم خەزاڵ نیە ، هـەزار کیژە ئاغاو کیژە ڕەوەندو کیژە کوێخا هەیە ناویان خەزاڵێ ڕەوەندو سوورچیو بۆلیو بالەکیە •

بەڵان براینە برادەرینە گەلی خزمینە ، کەرکانی ماڵوێران گوێیلەو قسانە باش ڕاگرتیە • دەیگۆ بەو خوایەی نامری ئەبەدیە ، بەو قورعانێ سەر ڕانی مەلا نەبیە ، ئەو ماستە مووەکی تێدایە ، ئەو دەروێشە دەروێشی نانی نیە • ئەگەر ئەو دەروێشە هەبی قاسیدی چاوی خەزاڵێ مەلانەبیە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، کەرکانی ماڵوێران خۆی مات کردیە ،

خەوی لە خۆی ئێخستی‌یە • شوان وئەختیارو بەرخەوان دیوەخانیان لـۆ مەلانەبی چۆل کردی‌یە • خەزاڵ گازدەکا ئەستی‌یە ، بینەدەرێ سەرەنازێ عەجەمی‌یە ، لەبۆ دەروێشی رابێخی لە بنەبنەی دیوەخانێ بە تاقی تەنێ‌یە • باویشم بالە دیوەخانێ تەنووی بێتە ماڵێ ، بای سـەرانی ئەوشۆ گەلەک ساردە دێ ، نەکو سەرمای بێ ئەختیارەو تاقەتی نی‌یە •

دەیگۆ کۆرە بم ئێوارێ شوان شیویان لـە دیوەخانێ خواردی‌یە ، جێ‌یان گەلەک گەلەک بێ لـەزەت کردی‌یە • دەبی بابی مـن مەلانەبی‌یە ئەوشۆ لە ماڵێ بنووی بـە بێ دەنگی‌یە • چونکی دیارە ئـەو دەروێشەش گەلەک نوورانی‌یە • شەو نوێژێ دەکا هەتا دوو ڕکەعەت نوێژی سبیانێ بەجێ‌دێنی لەبۆ خودای بە بێ دەنگی‌یە •

سەرەنازیان لە دیوەخانێ لۆ کاکە لاسی ڕاخستی‌یە • دایاندەنا بـن سەری بالیفەکی گوڵ‌گەزی‌یە • ئەسمەرو ئەستی‌و ڕابی‌یە لە قسەی خەزاڵێ تێدەگەیشتن ئەوەهەیان زانی‌یە کە ئەوشۆ خەزاڵە شۆڕ دەچیتە باغەڵی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە • ئەسمەرو ئەستی دەیانگۆ ئەو دڵەی مە هەردووک لەبۆ توو مردی‌یە •

کاکە لاسی ناوی خودای گەلەک دەهینا ، زیکرو ئیللەڵای کردی‌یە • ڕێ‌بزری کردی‌یە • مەلانەبی‌یان بە دوو بەرەی نەخشین لە لای داپۆشتی‌یە •

ئەمان دەڵێ بای سەرانی دێ ، خەزاڵە شۆڕ دەڵێ ئەسمەرە ئەستی‌یە ڕابی‌یە خووبی‌یە ، بای سەرانی گەلەک دێ ، بابم گەلەک گەرم داپۆشن نەکو سەرما کاری لێ‌بکا ئەختیارەو تاقەتی‌نی‌یە • دەستی دەداوە کوتکەکی بەیبوونی دارمەڵحەم هـەر بیست‌و پێنج سـینگی دەورەی ڕەشـماڵێی قایم کردی‌یە • ئەو بیست‌و پێنج ئەستوندە لە خاسەڕەنگی‌یە ئەو ڕەشماڵـە بیست‌و چار تەختەیە بـە کارەمووی بـە بێ قەیدی‌یە • چل‌وچار ڕستەی لێ‌قەیم‌کرایە هەمووی لە خاسەڕەنگی‌و لە ئاوریشمی تەوریزی‌یە • ڕەشماڵێ

ماڵیٚ مەلانەبیٚ‌یە لەناو حەف سەت ڕەشماڵاٚن جوانەو دیارە قەت تاکی نیٚ‌یە •

مـەلانەبی خەوی لیٚ‌کەتیٚ‌یە ، کارەکەری دەکن مـەلا نەبی هەموو نواندیٚ‌یە • خەزاڵە شۆڕیٚ مەلانەبیٚ‌یە دڵی قەرار نەگرتیٚ‌یە • هاتوچۆی دەرێی کردیٚ‌یە • ماینی هـەموو دەبەستەوەو مـەڕو مەڕداری هـەموو تەمەشاکردیٚ‌یە • هەشت شوانی لەناو میٚگەلان دیتیٚ‌یە بـەڵاٚن کەرکانی بزرکردیٚ‌یە • حەمەدی برای گەلەک فەقیرە لە لایٚ ماڵیٚ خەوی لیٚ‌کەتیٚ‌یە • ترسی لە کەرکانی پەیاکردیٚ‌یە • بـەڵاٚن کەرکانی قەجەباب لـە مابەینی دیوەخانو ماڵیٚ لەبن چیغیٚ لەبن ڕوانگەی ڕەشماڵیٚ خۆی ماتکردیٚ‌یە • سەری خۆی لەناو قاپووتی قەیم کردیٚ‌یە • چونکی ئیشی دووزمانان هـەر ئەوهایە بە ئاشکرا نیٚ‌یە بە دزیٚ‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، وەکی شەو تیٚ‌پەڕیٚ‌یە ، خەزاڵە شۆڕیٚ چـاو بەنگیٚ‌بە چاوی خۆی بـە کلی شـاری سابلاٚغیٚ ڕەش کردیٚ‌یە ، بسکی خۆی لوولدەدا بە گولاٚویٚ بە سووسنیٚ بە عەتریٚ بە سومبولیٚ ، خۆی بۆن خۆش دەکرد بە جەوزیٚو بە قەنەفلیٚ‌یە • کراسەکی گوڵگولی لەبەرەخۆی کردیٚ‌یە ، دوگمەو قەیتانو هەیاسـەی هەمووی لە خۆیٚ قایم‌کردیٚ‌یە • کەمبەرەی بیستو چارگۆی لـە پشتی گیرکردیٚ‌یە ، دراوو لاسەرەو کرمۆکەو بن‌کەوشەو خڕخاڵی هەمووی لـە خۆی قایم‌کردیٚ‌یە • خۆی ڕیٚک‌دیٚخست بووکانیٚ‌یە ، دەچیٚتە خزمەت کاکە لاسی ئەحمەد بەگیٚ‌یە •

کاکە لاسیش لەبەرەخۆی دادەکەناند بەرگی دەرویٚشیٚ‌یە ، کەوکەبەی شاهی لەسەر شانیٚ‌یە ، پرچی سۆری بەدەرئیٚخستیٚ‌یە ، بەتیەو جەمەدانی فرێدەدا ڕۆژی موبارەک لە هەر دوکیان لە کۆسرەتی هەڵاٚتیٚ‌یە •

خەزاڵ دەچۆ خزمەت کاکە لاسی ئەحمەد بەگیٚ‌یە • کاکە لاسم لەسەر مافووری بلند دەبوو ڕادەوەستا بە وسکتیٚ‌یە • هەردوو دەستی دەهاویشتە

سەر ملی خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبی‌یە • دەوی لەسەر هەر دوو ڕوومەتی دادەنا بیست‌و چار ماچی لێ‌کردی‌یە • ئۆباڵ بـە ملی ئـەو کەسەی ئەمن لێم‌بیستی‌یە •

بیست‌و چار ماچی لە هەردوو ڕوومەتان وەرگرتی‌یە • لە شەکرێ شیرن‌ترە ، لە قەندی بە تام‌ترە ، خۆشترە لە ترێی تایەفی‌یە لە شێوی خەلاّتی‌یە لە لیمۆی مەندەلی‌یە لـە هەناری شارەبانی‌یە ، لـە گەزۆێ لە دارێ لـە مێوژی لە عەمباری‌یە • خۆشترە لە ئاشقی دنیایێ لە ڕووحی شیرن‌ترێ • برایـنە برادەرینە کـاکـە لاسی بەچاکتر زانی‌یە • دەیـگۆ تەخت‌و سـەڵتەنەتی شارەزوورێت دەکەم بە قوربانی‌یە ، سەری خۆمت لۆ دادەنێمە سەر گیایێ بوهارێ ، یان وەیسی سەری من دەبڕی بە شیرێ شامسری‌یە ، گۆڕم دەکاتە بن گردی سپی‌یە ، یان سەری وەیسی دەبڕم بە ڕمێ هەژدە گەی گورکانی‌یە ، دەینێرم لەبۆ شارەزوورێ لەبۆ خەجیج خانی عارەبی بە دیاری‌یە •

خەزاڵە شۆڕێ بابان‌وێران ئەوجار ئەگەر دەمی خۆی پێشکێشی کاکە لاسی کردی‌یە ، سەعاتەکی دەوی لەسەر گەردەنی هەڵنەگرتی‌یە ، خوینی هەمووی هەڵمژی‌یە • دەیگوت خەزاڵە شۆڕێ کیژی مەلانەبی‌یە جوانم لە دنیایێ گەلەک دیتی‌یە ، لە سابلاّغ‌و لە تەبرێزێ هەتا دەگاتە جوانرۆو دەشتی مەریوان‌و شارەزووری‌یە • ئەمان جوانی وەکی تۆم نەدیتی‌یە • ڕاموسانی وەکی تۆ لە ڕوومەتێ گوڵ‌گوڵی قەت بە تام نی‌یە •

ئای لەبەر ئاگری دلداری‌یە ، ئەوی ئەو خەبەرەی بداتە وەیسی‌یە ، سوار دەبی لە ئەسپی چارپەل سپی‌یە ، دەستداوێتە سەر شیرێ شامسری‌یە ، سەری کاکە لاسی دەبڕی دەیکاتەوە بە خزمەتکاری قەبری‌یە •

خەزاڵ دەڵێتە لاسی ئەحمەدبەگی‌یە ، ئەو سەرەت ببی بە قوربانی‌یە ، سەری خۆمت دەکەم بە قوربانی سـەری‌یە ، سـەری وەیسی‌و مەلانەبی‌و محەممەدی بـرات دادەنێم لـە ئۆغری‌یە • گفتوگۆیەکی لەگەڵە مـن بکە

پەیمانەکم لەگەڵ ببەستە پەیمانێ ئاشقی‌یە • بە خۆت دەزانی ئەمن مارەکرایمە لــە وەیسی وسوو ئاسکی‌یە • هەرچەندی بڵێی وســوو ناشیرنە ، بەڵام ڕەشیدە عەگیدە لە ناو عێلە ساتی مە قەت تاکی‌نی‌یە •

خەزالیش لــە عەشقی کاکە لاسی ئاگای لــە خۆی نی‌یە • کەرکانە کەچەڵی ماڵوێران ئەو قسانەی هەمووی لە سینگی خۆی وەکوو دەفتەرێ نووسی‌یە •

کاکە لاسیش دەڵێ ناوم لاسە کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزووری‌یە • شەش سەت خولامو پێنسەت نۆکەرو چارسەت خزمەتکارم لە شارەزوورێ بەجێ‌هێشتی‌یە • شێخەزالم لەسەر تەویلەو تەویلە بەجێ‌هێشتی‌یە • تەختی جەواهێربەندم لە شارەزوورێ چۆل کردی‌یە لەبەر دووچاوی توو خەزالە شۆڕێ مەلانەبی‌یە •

وەعدەو پەیمانی لەگەڵ لاسی بەستی‌یە • بیستو چار ڕۆژی دیکــە یان بیستو یــەک ڕۆژی دیــکە دێمەوە دوا دەتبەم بــە زەبــرێ شیرێ شامسری‌یە ، یان دەتهینمە دەرێ لە ناو حەف سەت ماڵێ خەیلانی‌یە ، یان حەف سەت سواران لەگەڵ خۆم دەینم هەموو ڕمیان هەژدەگەی گورگانی‌یە • دەشتی گۆڕێ تووانو کانیێ سوراوان بن گردی‌سپی ، شەرتو قەرار وابی خەزاڵ بیکەمە قەبری وەیسی‌یە • ئەگەر نەهاتمەوە دووت ئەتووم نەبرد بــە حەلاڵی‌یە ، دیارە مووی پیاوان لە لاسی نەهاتی‌یە •

ئای لەبەر عەگیدان ، ئای لەبەر خانەدانان ، خەزاڵ ئەوشۆکە بترسێ لەبەر نەمیمو دووزمانان •

خەزاڵ دەڵێ بە قوربانت بی ڕوحی خەزاڵێ مەلانەبی‌یە • مەلا نەبی بابم باش داپۆشتی‌یە ، هەرچار کارەکەر خەویان لێ‌کەتی‌یە ، هەشت شوانم لەناو مەڕی نواندی‌یە ، بەڵام کەرکانی سەگباب لــەبەر چاوی من دیــارنی‌یە •

محەممەدی براشم پسپۆڕە گەلەک ماندی‌یە • بەڕۆژ لە دەشتێ‌یە لە لایی ژۆری ئەوەتا خەوی لێ کەتی‌یە • ترسی خەزالێ لـە خوای نەبی لە کەس نی‌یە • کاکەلاس ئەوشۆکە سینگی خۆت لۆ دەکەمە بەفری یەک‌شەوی‌یە ، مەمکی خۆت لـۆ دەکەمە لایەکی زۆزانی ژۆری‌یە ، ڕوومەتی خۆت لـۆ دەکەمە تەختی خەسرەوی‌یە • ئەمان چ بکەمێ قەفێ سمێلێ بگێڕە لەناو ئەوێ باغەلێ بە خۆڕایی‌یە •

بـەلاَن خەزالە شۆڕێ مەلانەبی‌یە ، دەیگۆ بەوەی کـەمـە نامری ئەبەدی‌یە • بەو قورعانی سـەر ڕانی مەلانەبی‌یە ، بـەو شێخەلاس‌و شێخ ئەستی‌یە ، بەو سولتان عەبدوللای عارەبی‌یە ، بـەو حوسێنی غازی‌یە بـە چاوی کاکە لاسی‌یە • ئەمنیش عەگیدو سوارچاک‌و ڕۆستەم‌و شـازادەی وەکی تووم قەت چاوێ نەکەتی‌یە • چەند میرو میران‌بەگی‌و ڕەشیدو خانەدان دەعوای منیان کردیە ، ئەمان حەف سالە بابی من ئەمنی ڕاگرتی‌یە • عومرم لە بیست‌و یێکی‌تێ‌نەپەڕی‌یە • هەموو بوهاران لەسەرەمە دەکا وەیسی‌یە ، دەلێ خەزالێ دەگۆزمەوە بە حەلالی‌یە • بابی منیش بەهانە دەبینێتەوە لـە وەیسی‌یە ، دەلێ ئەمن ژنـم مردی‌یە ، مالـم بێ‌کابانە ، ژنی محەممەدیش دەست‌و پێ‌سپی‌یە • ڕەشمالەکی گچکەم لـۆ تەرخان‌کردی‌یە ، بـە خۆو بەژنەوە ئیش‌و کاری مالی منی پێ‌ناکرێ بە تەواوەتی‌یە •

بەلاَن هەزار جـار ئەو ڕوحەت بیی بـە قوربانی‌یە ، ئەگەر بچیەوە مەملەکەتی شارەزووری‌یە ، دابنیشی لەسەر تەختی پاشایەتی‌یە ، خەزالـە شۆڕت لەبیرنەچی یەکجاری‌یە • بەلاَن بە منت نەگۆت جێی دەرویش عەلی ئەوشۆکە لە چ مەملەکەتی‌یە •

دەیگۆ خەزالێ مەلانەبی‌یە ، ئەمنی هینایتە سەرئاوێ سۆران گۆڕێ تووان ، ئەمنی هینایتە سەر کانیێ سۆراوان ، ئەمنی لەوێ بەجێ‌هێشتی‌یە • بـە خۆی دەچۆوە ناو هۆبەیێ سوورچی‌یە • شـەرت‌و بتمانەمان ئەوەیە

سبەینێ چێشتان یەکدی بگرینەوە لەسەر کانیێ.

ئای لەوێ کەیفێ لەوێ خۆشیێ، وەکی کاکە لاس هەر دوو دەستی لە ملی خەزاڵە شۆڕێ کردیێ، بۆنی گوڵی بەهەشتێی لۆ هاتیێ. کاکە لاس وەی دەزانی پیاوو تێر لە دونیایێ نیێ، هەر بە خۆی ڕۆستەمە لە مازەندەرانێ باقیێ. هەر بە خۆی ئەسکەندەری تەبریزیێ، هەر بە خۆی قوبادبەگی بتلیسیێ، هەر خۆی سولەیمان بەگە لەسەر تەختی هەریرێ لە دەشتی سۆران حوکم دەگێڕی دانیشتیێ. ئاگای لە نەمیمو دووزمانان نیێ، ئاگای لە بێ‌ئاقلی وەیسی نیێ. وەیسی گەلەک بێ‌ئاقڵو ملهوڕە، وجوودی کوشتنێ لە کنە وی چ قیمەتی نیێ.

کەرکانە کەچەڵی بێ‌ئیمان ئەو قسانەی لە سینگی خۆی نووسیێ. دەیگۆ ئەگەر سبەینێ ڕۆژ هەڵبێ لە کۆسرەتێ شاڵەبەگیێ، شەرت‌بێ ئەو قسانە بگەینمە خزمەتی وەیسی وسوو ئاسکیێ.

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی دۆستینە گەلی خزمینە، لەو خۆشیەی نە لاس نەخەزاڵ کەرکانیان لەبیر نیێ، ئەمیەتی مەلانەبی لە کنیان چ قیمەتی نیێ. ئەستیو ئەسمەرو خووبیو ڕابیش خەویان لێ‌کەتیێ. محەممەدی مەلانەبی لەگەڵ زلێخێ ژنیێ ئەوانیش لە ڕەشماڵێ خۆیان خەویان لێ‌کەتیێ، هەر هەشت شوانیش لە ناو مەڕی ئاگایان لە مەحموودی بێزەواڵ نیێ. بەڵان کەرکانی سەگباب هەر لە ئیوارێ هەتا پەزی بەیانی گوێی‌لە ماچو مووچان ڕاگرتیێ.

خەزاڵ دەڵێ کاکە لاسی ئەحمەد بەگیێ ئەمن باغەکم لۆ توو چاندیێ بە دزی سەری ئەو باغەی شۆڕ ببوایەوە بەسەر میراتی کاولە ڕەزی. ئەگەر دەستی خۆت باوێی بن سەری من گەلەک دەترسم دەستی توو بتەزی. هەردوو مەمکی من فەریکە شیری تێ‌نەگەڕایە، بە پەنجان بیکوشی بەڵان بە ددانی خۆت هەردوو لێوی سۆری من نەگەزی.

خەزاڵ دەڵێ کاکە لاسی ئەحمەد بەگی یە ، ئەورۆ گەلەک کەیفخۆشم بە دیتنی ، قەت ناترسێم لەبەر ڕۆژێ مردنێ • ئەگەر وەیسی بمری لەسەر تاتە شوارێ ، مەلانەبی لەسەری بخوێنی سوورەتی یاسینێ ، حەمەدی برام بدەنە بەر مەودای خەنجەرێ لۆ کوشتنێ ، ئەمن هەنگینێ بەژنی توو وەکی لەگەڵ من دانیشتی یە ، لە خۆم ناگرم ماچ وموچ خەنانەو چاورەش کردنی • هەنگینێ ئــەمن هــەر چاریان بە مەیتی لــە گۆڕێ بن ، تەرک ناکــەم بسک لوول دانو چاورەش کردنو خەنەنواندنی • دەردی دڵداری دەردەکی گەلەک گرانە ، دونیاش دەڕوا وەکی سێبەری دارانە • داخوا ئەلعان خۆڵی هەر دووکیان لــە چ خاکێکە ، داخوا قەبری هەردووکیان لــە خزمەت چ چاکێکە •

براینە برادەرینە ، ئەوێ شەوێ هەتا کازیبەی بەیانی ئیزهار کردی یە ، کەڵەبابی بەیانی گازی کردی یە ، خــەو لە چاوی هەردووکیان نەکەتی یە • جارەکی دەستی خەزاڵێ لەبن سەری کاکە لاسی یە ، جارەکی دەستی کاکە لاسی لەبن ســەری خەزاڵێ چاوبەنگی یە • دوگمــەو سێ ڕیزو قــەیتانی لۆترازاندی یە ، دوو جۆتە فنجانی دەلوعەبباسی لێ بەدەرکەتی یە • کاکە لاس لە تاریکی یە ، ئەمان دەستی دەگەیاندێ ئەوەندە توندە لەبن دەستی خزی یە •

دوو سەت ماچی ئەوێ شەوێ لە خەزاڵە شۆڕێ وەرگرتی یە • دوو سەت جاریش مەمکی نازداری کوشی یە • باوشکی لێ دەدا دونیای لەبیر نی یە • وەی دەزانی کاکە لاس هەر لەسەر تەختی شارەزوورێ دانیشتی یە • ئاگاو خەبەری لە کەکانی سەگباب نی یە ، ئــەو دوو زمانی یەی هەمووی لــە سینگی خــۆی نووسی یە • سبەینێ ئــەو خەبەرە دەباتەوە خزمەت ئاغا وەیسی یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، سبیانێ پێشی ڕۆژهەڵاتی کاکە لاسم لە خەوێ راپەڕی یە • هێشتا چاوی خەوی لێ نەکەتی یە • خەزاڵیش دەچۆوە

جێی خۆی خەوی لە چاوی خۆی ئێخستی‌یە • کارەکەرانی گازکردی‌یە ، یەک لەبۆ نانی‌یە ، یەک لەبۆ ئیشی ناومالێ ، دوانیش بچنە ناو مەڕی‌یە • مەلا ئەبیش هەلدەستا دوو ڕکات نوێژی سبیاتیی کردی‌یە • چاوی بە چاوی کاکە لاسی کەتی‌یە ، لەسەر بەرمالی ڕوونیشتی‌یە • خەزالیش دەیهاتێ زەردەکەنی‌یە ، دەیگۆ ئەو نوێژەی کاکە لاسی قبوول‌نی‌یە •

کەرکانی سەگباب ئەنجەتی بە خەزالێ گرتی‌یەو بە کارەکەران گرتی‌یە ، دەیگۆ هەموو ڕۆژێ ئەمن دەچمە دەشتێ ، شوانم لە دوای سەت‌و پێنجە سەر مەڕی‌یە ، نانی سارد دەدەنە من کارەکەریش لەبەر کەیف‌و سەیرانێ نانی گەرمیان لۆنەکردی‌یە •

هەر هەشت شوانیان بەڕێ کردی‌یە • مەڕی کەرکانی لە هەوێزێ مۆل‌بووەو غەزری‌یە • کارکانی سەگباب مەخسەدی فرتەنەیەو غەزری‌یە •

دەیگۆتە ئەستی‌یە ئەسمەرە ڕابی‌یە خووبی‌یە ، ئەگەر نانی گەرمم نادەنێ ، ئەمن ئەورۆکە ناچمەوە بەر مەڕی‌یە •

کاکە لاسی‌مالوێران پەیمانی لەگەل خەزالێ بەستی‌یەو ئۆگری کردی‌یە • بیست‌و یەک ڕۆژی دیکە بێ خەلاسی بکا لە دەست وەیسی وسووئاسکی‌یە • لە تی ڕەشمالێ چاوی بە چاوی کەتی‌یە • سێ پەنجەی خۆی لە دەوی دەنان لە جیاتی ڕوومەتی لاسی ماچی‌کردی‌یە • دەیگۆت ڕەبی بەخێربێی شۆڕە سوارێ شارەزووری‌یە • دەیگۆت ڕەبی بەخێربێی شۆڕەسواری بەگزادەی میرێ جافی‌یە •

کەرکان ئەوەشی لێ‌بیستی‌یە • دەیگۆ ئەورۆ ناچمە بەر مەڕی‌یە • کارەکەر دەلێن هەر هەشت مێگەل چووینەوە دەشتێ بە نانی ساردی ئیدارەیان‌کردی‌یە • برۆ سەرمەنجەلی ماستی‌یە ، نان‌و ماستی خۆت بخۆو مەڕی ڕابدە لە هەوێزێ بە بێ دەنگی‌یە • کەرکانیش گۆپالی لە کارەکەران

هەڵسووڕاندی‌یە ، قەت دەیگوت ئەو نانە ساردەی نابەمە دەشتێ ئەوڕۆکە لە بۆ بەر مەڕی‌یە .

خەزاڵیش هەردوو چاوی سوور دەبوون چونکی نەنووستی‌یە . عێجزی کاکە لاسیشی بارگرانایی لێ‌خستە سەر دڵی‌یە .

کاکە لاسی دەڕۆیی‌یەدەرێ لەناو هۆبان کەشکۆڵو عەسای خۆی بە دەستەوە گرتی‌یە . سەرو گوێلاکی خۆی دەپێچاوە وەکی دەروێشەکی نوورانی‌یە .

ئەمان کەرکان مەخسەدی شەڕدامەزراندنەو مەخسەدی شوانی‌نی‌یە . دەیگۆتە خەزاڵێ نانی گەرمم دەوێ نەوەکو ناچمەوە بەر مەڕی‌یە .

خەزاڵیش گەلەک تووڕە بوو هەڵدەستا لە کەرکانە کەچەلی سەر ڕزی‌یە . گۆپالی لە دەستی وەرگرتی‌یە ، دوو گۆپالی دەدا لەناو شانی کەرکانی‌یە . کەرکانیش دەویت دەبۆوە گەلەک بێ‌شەرمەو بە بێ ئەدەبی‌یە . دەیگۆ ئەوشۆکە لەبەر زرم‌وهۆڕی دەست‌لەملانێ خەوت لێ‌نەکەتی‌یە . عەزت لە هەتیمەکی کوردی شارەزووری کردی‌یە ، یان ناوی ئاسە یان ناوی لاسە ، لەبەر ئەوەی ئاگات لەمەڕو ماڵو شوانو کارەکەران نی‌یە .

ئەوجارەش خەزاڵێ مەلانەبی‌یە دوو تفی لەناو چاوی کردی‌یەو گۆپالەکی دیکەی دەخێواندە ناوشانی‌یە .

کەرکان گۆپالی فڕێ‌دەداو شوانی بەجێ‌هێشتی‌یە . خەزاڵیش لە فکرو باسی تێگەیشتی‌یە . کەرکان هەڵدەهات لەبۆ هۆبەی ماڵی وەیسی‌یە . غاری دەداوە لۆ بن گردی سپی‌یە .

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، بەینی هەردوو هۆبان کەندەکی دوورو درێژو قوڵە ئەمان ئەوەندە مەودای نی‌یە . کەرکانی سەگباب لە کەندێ پەڕی‌یەوەو هاوارەکی کردی‌یە . وەیسی لە دیوەخانێ دانیشتی‌یە ، پێی‌لەسەر

پێی دادەنا وەکی میرو بەگلەری‌یە • قەلەنەکی مۆدینی کارەبای پڕ تووتنی شاوری کردی‌یە • چاوشووشە پۆیلە ئاگری لۆ دادەنا لەسەر قەلنەی وەکی خزمەتکاری‌یە • چلکن چاوڕەشی مامی لـە تەنیشتی دانیشتی‌یە ، چلکن چاوڕەشی مامی دەیگۆتە وەیسی وسووکاسکی‌یە ، دیارە ئەو سەگە ئەوڕۆکە قسەکی نووی بە دەست کەتی‌یە • هـەر هاواری دەکرد دەیگۆت ئەنگۆ بگەنە هاواری کەرکانی بزانە کەرکان چی بیستی‌یە •

دەچۆوە ناو عێلی وسوو ئاسکی‌یە ، ئابڕووو نامووس‌و حـەیـای خەزالێی بردی‌یە • دەیگۆت مامە چلکن چاو ڕەشە مەلێ‌کەرکانە کەچەڵ بێ‌کەس‌و بێ بەشە • بەو خوایەی لە ژۆری سەری‌یە ، بە سولتان عەولای عارەبی‌یە ، ئەوی ئەوشۆکە ئەمن لە خەزالێم دیتی‌یە ، ئەگەر وەیسی بزانی شەقی دەکا بە زەبری شیری شامسری‌یە بە ڕمی هەژدەگەی گورگانی‌یە ، بـە زرێ‌یە داودی‌یە ڕایدەکێشی بـە کەزی‌یە • ماڵێ مەلا نەبیش تالان دەکا لەسەر چاوی خەزالە شۆڕێ چاوبەنگی‌یە •

ئـەوی ئەمن ئەوشۆکە لـە خەزالێم دیتی‌یە ، ئەو بێ‌ناموسیی‌یەو بێ‌حەیایی‌یەی کردی‌یە ، شـەرت‌و پەیمانی لەگەڵ هەتیمەکی کوردی دەو ڕووتی شارەزوور گرتی‌یە • ئـەو هەتیمە دوونێ ئێوارێ هـات‌و دەبوایە بمزانیبایە دەروێش نی‌یە .• یان ناوی ئاسە یان ناوی لاسی ئەحمەد بەگی‌یە • سەرداری عێلی مەملەکەتێ جافی‌یە • ئەمان سبیانێ زوو لەناو هۆبە وعێل‌و عێلەساتی ڕۆیشتی‌یە • ئەوشۆ هەر لـە ئێوارێ هەتا نوێژی سبیانێ مـەلا کەباری کـردی‌یە ، خـەزالی لەســەر مافووری عەجەمێ گەوزاندی‌یە • مەلانەبیشـ دەتگۆ لـادە خەوی لێ‌کەتی‌یە • هـەرچـار کارەکەریشـی ئیقناع‌کردی‌یە • حـەمـەدو زلێخی ژنیشی لـەنـاو ڕەشمالی بـە تەنێ بەجێ‌هێشتی‌یە • شەرم‌و حەیای لە بابی خۆی مەلانەبی نەکردی‌یە ، نەدەترسا لە سام‌و هەیبەتی وەیسی‌یە • دەست لە ملان‌و ماچ‌و مووچی لەگەڵ کاکـە

لاسی ئەحمەدبەگی کردی‌یە • گفتیشی پێ‌دایە پاشی بیست‌و یەک ڕۆژێ دیکە دێم ، شەش سەت سوارو پێنسەت خولام‌و چارسەت تۆکەران لەگەڵ خۆم دینم ڕادەکێشم بەژنی خەزاڵێ بە زۆرداری‌یە • یان سەری وەیسی دەبڕم دەیکەمە قوربانی‌یە ، خینیشی دەنێرم لە بۆ خەجیجخانی شارەزووری بە دیاری‌یە •

وەیسی دەلێتە چلکنی خەزاڵێ ماکەر چ جوابی داوە ؟ دەیگۆ وەیسی ئاغا جوابی خەزاڵێ ئەوھەبوو ھەر ئەوھالە بی‌یە • دەیگۆ سەری مەلانەبی‌و وەیسیت دەکەم بە قوربانێ سەری‌یە ، بیست‌و چار ماچان بکە لە ڕوومەتێ گوڵ‌گوڵی‌یە • ماچی تو گەلەک گەلەک خۆشە ، لێوی تو دەلێی‌شەکراوە، بۆنی تو دەلێی گوڵی ئەشرەفی‌یە • کلیلی سینگ‌و مەمکانی لۆ ترازاندی‌یە ، ئەو جۆتە سێوەی لاسۆری کاڵە ھێشتان پێ‌نەگەیشتی‌یە ، تەسلیمی دەستی کاکە لاسی کردی‌یە ، نەدەترسا لە بەژنێ وەیسی‌یە • نازانی وەیسی غەزەبی سەر عەردی‌یە • ئەگەر سوار ببی لە ئەسپی چارپەل سپی‌یە ، عەگیدەکی گەلەک بەناوودەنگە لەناو کوڕو وسووگرتیان‌و قەپەک‌و مامساڵ‌و خەیلانی‌یان تاکی‌نی‌یە • عالەم ھەمووی دەترسێ ڕەواندزو ئاکۆو سابلاغ‌و ئامێدی‌و ئاکرێ ھەمووی لەبەر دەنگی وەیسی‌یە • لاسیش منداڵە شێتە نەفامە مەکتەبلی‌یە • دیارە گەردەنی خۆشی بە دایکی ئازا نەکردی‌یە •

ئای لە منێ ئای لە منێ ئای لە منێ•••خەزاڵە ، کەس نازانی چ باسەو چ ھەواڵە • ئاش‌وەستا لە چ خەیاڵێکە ، ئاشیش لە چ خەیاڵە !

وەیسی وسووئاسکی‌یە ، غەزەبی سەر عەردی‌یە ، قەڵنەی مۆدێنی کارەبای لە کێشانێ خەلاس کردی‌یە • ڕمی ھەژدەگەی گورگانی لە عەردی چەقاندی‌یە • ڕمی ھەتا نیوەی شتڵ دەکردە ناو عەردی‌یە • گازی چاو شووشەو چلکن چاوڕەشی کردی‌یە • دەیگۆ لۆ من زین بکەن ئەسپی چارپەل سپی‌یە • ئەورۆ سەری مەلانەبی دەبڕم لە گۆشی مەیدانێ وەکی

کاری‌یە • ڕدێنی دەگرم ڕای‌دەکێشم پەتکی مەڕیخی لە مل دەئێم دەیهینمە بن‌گردی سپی‌یە • ئەو بێ ناموسە وا دیارە لۆ من دەکا گەوادی‌یە • ئەوە گەلەک بێ ناموسە گەلەک بێ شەرتە ، ئەوە مەلانەبی نی‌یە • ئیشی وی لەگەڵ من هەر بە گەوادی‌یە • شەرتو پەیمانی حەف ساڵە لەگەڵە مە بەستی‌یە • ئەمە دوژمنایەتی نوو دەکەینەوە ، خەزالیشی قەت تەڵاق نادەم لەبۆ هەتیوی کوردی شارەزووری‌یە •

لەپێی‌دەکردەوە چاو شووشە جۆتەک چەکمەی عامودی‌یە ، کڵاوی داودی دادەنا سەر وەیسی‌یە • بەڵان...(١)

گەلی برانیە گەلی برادەرینە گەلی دۆستینە گەلی خزمینە ، کاکە وەیسی وەکی ئەو جوابەی ، لەکەرکانە کەچەلی زانی‌یە ، چلکن چاوڕەشی مامی لە کنی دانیشتی‌یە • غەزەبە غەزەبی سەر عەردی‌یە • گازی چاو شووشەی کردی‌یە دەیگۆ لەپێم بکە چەکمەیی عامودی‌یە ، لۆم بینە دەرێ زرێی داودی‌یە ، ڕمی هەژدەگەێ گورگانی‌یە ، خەنجەری نیرۆیی حافزی تۆپشکەی لە زێڕی‌یە ، سەلتەێی ماهوتی‌یە ، شالێ حەلەبی‌یە ، دووربینێ دیاربەکری‌یە• لەبۆ من زین بکە ئەسپی چارپەل‌سپی‌یە ، لێی‌بدە زینی زەردی سابلاغی‌یە ، جۆتەک ڕکێفی حەوێزی‌یە • سواربیم بچمە ناو خانەی زینی‌یە ، بەر مەیدانەکی بکەم لەپێش دیوەخانێ مەلانەبی‌یە • ڕدێنی بگرم ڕایکێشم لەسەر عەردی‌یە • بزانم ئەو کارەساتەی لە دیوەخانی وی ڕووی‌دایە لۆچی ئاگادارو خەبەردار نی‌یە • کیژی وی ئەوەندە بێ ناموسە ، حەف ساڵە مارەبڕای وەیسی‌یە ، ئەلعانیش قەولو قەراری بەستی‌یە ئەی هاوار لەگەڵ هەتیمەکی دەو ڕووتی شارەزووری‌یە • دیارە ئەو هەتیوە گەلەک منداڵو نەفامو مەکتەبلی‌یە • گەردەنی خۆی بە دایکی ئازانەکردی‌یە • هێشتانەکینێ زەبری

---

(١) لێرەدا دیوێکی شریت تەواو دەبێ . بەندبێژ بەندە نیوە چڵەکەی تێك ناخاتەوە ، لە سەردا بەندەکەی دادەگیرسێنێتەوە . بەندە نیوە چڵەکە ئەگەر فرێش بدرێ چ فەرقەکی وا ناکا .

کاکە وەیسی نەدیتیـیە • ئەگەر نەمرم لەبن گردی سپی سەری دەبڕم وەکی کاریـیە • چلکن چاوڕەشی مامی وەیسیـیە دەیگۆ ئیش نابی بە شیتیایەتیـیە • ئەویش ئامۆزاو خزمو کەسو کاری گەلەک زۆرە ، شەڕ دامەگیرسینە بە نوێیەتیـیە • ئەگەر وەکینێ چارسواران لەگەڵ خۆمان هەڵبگرین بچین ئەوڕۆکە عەسری مێوان بین لە کن مەلانەبیـیە ، بزانین گفتوگۆی زاری چیـیە ، بڕوایی بە کەرکانە کەچەلی مەکە کەرکان گەلەک گەلەک درۆزنەو وەفای نیـیە •

دەیگۆ مامی گەورەو گرانم چلکنچاوڕەش ، حەف سالە دەیدەمێ شەرتێ شوانیـیە ، شەرتی دیکەش وەردەگری لە کن ماڵێ مەلانەبیـیە • لۆ ئەوەندەی قسەی چاکم لۆ بینی بکاتن لە تەرەفی خەزاڵێ مەلانەبیـیە ، بزانم هەر حەزی لە وەیسیـیە ، یان دڵی چ جاحێلەکی دیکەی گرتیـیە •

ئەمان براینە برادەرینە چلکنچاوڕەش دەیگۆتە وەیسیـیە ، ئیشی دەبی بە پیاوەتیـیە • ئیش ناکرێ بە نەفامیو منداڵەتیـیە • وەرە نوێژی عەسرێ بکەین سوار ببین ، چار سواران لەگەڵ خۆمان ببەین بە خزمایەتیـیە ، بچین مێوان بین لە دیوەخانێ مەلانەبیـیە ، بزانین قەولو قەرارێ خەزاڵێ لەگەڵ مەلانەبی لەبۆ مە چیـیە یان چ نیـیە • ئەگەر وەیسی وەیسی بی خەزاڵت لۆ دینم پاشی بیست ڕۆژی دیـیە ، ئەگەر وەیسیش وەیسی نەبی با خەزاڵ بسینیتەوە لۆ هەتیوی کوردی شارەزووریـیە • گەلی براینە گەلی برادەرینە ، کاکە لاسم وەکی لەوێ ڕۆیشتیـیە ، دەچۆوە سەر کانیـیە سۆراوان گۆڕێ تووان ، هەوارگەو عێلەساتێ مەزن مەلانەبیـیە • چاوی بە دەروێش عەلی هەرکی کەتیـیە ، گفتوگۆیەکی جوانی لەگەڵ کردیـیە • دەیگۆ دەروێش عەلی هەرکیـیە ، ئەگەر بچمەوە شارەزوورێ دەتدەمێ دوو سەت زێڕی زەمانیـیە • قەولیشم لەگەڵ خەزاڵێ گرتیـیە ، پاشی بیستو یەک ڕۆژی

دیکە دێمەوە دووی دەبیەم ، نایەڵم سەر بە بەژنو باڵای بکا وەیسی وسووئاسکی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە ، کاکە لاسم ئەوەندە ماندی ، پێی ئەستوور دەبوو لەناو کلاشی پەڕۆیین ، چونکی قەت ڕێوبانی بە پێ‌یان نەدیتی‌یە • شەش شەوو شەش ڕۆژە لە ماڵێ نەخۆش کەتی‌یە ، برتو بۆڵەی بابو دایکی بەسەر گەلەک داباری‌یە • دەیگۆ ڕۆڵەی شیرنم ئەوە ئیشو کاری پیاوان نی‌یە •پاشا زادە تەختو سەڵتەنەتی بەجێ‌بێڵی لە شارەزووریێ بچیتە دەشتی هەریرێ لە دوو کچەتیوەکی خەیالانی‌یە •

ئەمان بێ‌ینەوە سەر باسی وەیسی‌یە ، وەیسی نوێژی عەسرێیان کردی‌یە ، سێ کەسی لەگەلە خۆی هەلگرتی‌یە • ئەحمەدو چاو شووشەو چلکن چاوڕەشی مامی لەگەڵ کاکە وەیسی هەر چاریان دەهاتن مێوان دەبوون لە ماڵێ مەلانەبی‌یە •

وەکی لە بستێ ، هەرچار سواران لە گردی سپی ، هەر چار سواران خۆیان بەدە یێخستی‌یە • خەزالی بابانوێران لە حاڵو فکری خۆی گەیشتی‌یە • دەیگۆ وەچاکە ڕوو بدەمە وەیسی‌یە • قەتوقەت ئەمن لەگەڵ وەیسی گفتوگۆم نەکردی‌یە • ئەگەر گفتوگۆی لەگەڵ نەکەم مەعلوومە کەرکانی سەگباب ئابڕووو ناموسو حەیای منی بردی‌یە •

بەلاَن خەزالە شۆڕێ مەلانەبی‌یە ، گاسی هەرچار کارەکەری کردی‌یە • دیوەخانیان ماشتی‌یە ، سەرەنازیان ڕایەختی‌یە • مەلانەبیش بە سواری ماینێ چوویتەوە سەردانێ مەڕی‌یە • هەر چار سوار جەڵەوی ولاغیانی خەزاڵ بە خۆی ولاغی چلکن چاوڕەشی گرتی‌یە ، بەخێرهاتنەکی گەلەک گەرمو گوڕی لێ‌کردی‌یە • دەیگۆ بەخێربێن سەرچاوی خەزاڵێ مەلانەبی‌یە • کووە ئەو جارە ڕێتان خەڵەتکردی‌یە ؟ دەیگۆ دیارە مەلانەبی فکری لەگەلە مە باش‌نی‌یە ، حەفت بوهارە ڕاوەستاینە خەزالیش تۆغیانی هاتی‌یە • بۆ

خۆت دەزانی وەیسی ڕۆحی لۆ توو نەمایە شەوو ڕۆژێ هەراسانی لە مامی هەلگرتی‌یە .•

دەیگۆ یاخوا بەخێربێ مامی خۆم چلکن‌چاوڕەشە ، لەگەڵ مێوانان ، لەگەڵ بەژنێ وەیسی‌یە • ئەگەر وەیسی بزانی دڵی من کوو دەسووتێ لەگەڵ دڵی وەیسی‌یە • ئاگری دلــداری گەلەک گەلەک زەحمەتە ، دووزمانی‌و دوژمنایەتیش گەلەک گەلەک عیللەتە • گرانی‌و سەنگینی لەبۆ پیاوان زۆر بەقیمەتە • لە هەموو وەخت‌و زەمانێ پیاویش هەبووەو لەگەڵ خانەدانێ • ئەوەی پاشابی ئــەوەی گەدابی ، دەبی ئیمانی زۆر بــە خودابی • قسەی ئەنگۆش یەکە مەعلوومە ڕەت نابی •

خەزاڵ زۆر بــە جوانی جوابی چلکن‌چاوڕەشی داوە • کاکە وەیسی وسوئاسکی ئەوجا شانی خۆی بە بالیف دەداوە •

کاکە وەیسی پاڵی دەداوە • قسەی گەورەو گرانی دەکرد بە ڕاوە • دەیگۆ بیستیتم ئەوشۆکە هەتیمەکی کوردی شارەزوور لێرە بووە مێوانە • لۆیە هاتیمە لێی‌بمە یێکانە • بیستیتم قسەی زۆری بە خەزاڵێ گۆتی‌یە • هەتا عیلاجی بکەم خوێنی بڕێژم بەسەر ئــەو عەردە جوانە • ئەگەر قسەی خەراپی کردی‌یە با لە قسەی خۆی بیبێتەوە پەشیمانە •

خەزاڵ تێگەیی فکرو کاری وەیسی‌یە • ئەو ئیش‌وکارە کەرکان هەموو ڕێستی‌یە • ئەو دوو زمانی‌یە کەرکانی کردی‌یە •

خەزاڵ دەیگۆتە وەیسی‌یە ، ئەو ڕوحەت بیی بە قوربانی‌یە .• خەزاڵ هەر لەبۆ وەیسی‌یە • حەزی لە کەس نەکردی‌یە • کەسیشم نەدیتی‌یە • دوونێ ئێوارێ دەروێشەکی ڕووتەڵەی فەقیرۆکە لــە دیوەخانێ مەلانەبی مێوان دەبۆوە دەروێشەکی نوورانی‌یە • دوو ســێ بەندۆکەی لــە شوانەوێلان بیستی‌یە • ئەمنیش شوانم هەموو دەوکوت‌کردی‌یە • دەمگۆ خۆ هــەر

ناوی من خەزاڵ نی‌یە ، هەزار کیژە ئاغاو بەگلەرو میرانبەگی ناویان خەزاڵە لە دنیایە هەر باقی‌یە •

وەیسی گەلەک بەو قسەی دەیهاتێ کەیفخۆشی‌یە • دەیگۆت مامی گەورەو گرانم چلکنچاوڕەشم تێگەیشتی‌یە • کەرکانی سەگباب هەر درۆزنە هەر دووزمانە ، قسەی کەرکانی لە کنە من بایەغی نی‌یە •

براینە برادەرینە لە نەکاوڕا دەهاتەوە مەلانەبی‌یە • لە ماینی سۆری لەگ‌لەگی دابەزی‌یە • جەلەوی ماینێیان گرتی‌یە • کاکە وەیسی دەستی مەلانەبی ماچکردی‌یە • ئەویش لاڕوومەتی وەیسی ماچکردی‌یە • لەگەڵ چلکنچاوڕەشی چاکو خۆشی‌یان کردی‌یە • دەیگۆ ئەمە پێکەوە کردیتمان خزمایەتی‌یە ، خۆ دوژمنایەتیمان قەت لەبیر نی‌یە • بە ئەسڵو ئەساس دەگەینەوە یەک هۆزی ، ئەسڵمان خەیلانی‌یە • ئەمان بزانێ وەختمان بدێ کەنگێ بێێن بەژنو باڵای خەزاڵە شۆڕێ بکەینە بووک لە بۆ کاکە وەیسی‌یە ؟ ئەمان بیستیتمان لاسی ئەحمەدبەگی هاتی‌یە •

مەلانەبی دەڵێ بەو خوایەی لە ژۆری سەری‌یە ، بەو قورعانەی بۆ خۆم لێم خۆندی‌یە ، چ ناوی لاسم نەبیستی‌یە • دەرویشەکی دەڕووت دوونێ ئێوارێ هاتی‌یە • بڕەک بەندو بالۆرەی لۆمە گۆتی‌یە • ئەو دەرویشەش لەکن ئەنگۆ چ قیمەتی‌نی‌یە • کارکانی سەگباب ئەورۆ سبیانێ ئەو شەڕەی داگیرساندی‌یە ، خەزاڵیش خۆی لێ تووڕە کردی‌یە • مێگەلی مەڕی بەجێ هێشتی‌یە • تازە بە درەنگەوە هاتیەوە چوویەوە شوانەکم لەناو هۆبەی گرتی‌یە • نۆ مێگەل مەڕن لەسەرە • مالی دنیایەم گەلەک زۆرە ، شوانگرتن لە کن مەلانەبی چ قیمەتی نی‌یە • بەلاَن ئەوەندە ڕجاو لێدەکەم بە بێ قەیدی‌یە ، قەت ڕوو مەدەنە کەرکانە کەچەلی ، بیحەوێننەوە لەناو عێلی‌یە • خەزالیش ئەوە مەوجوودە لەپێش ئەنگۆ هەر قابیل بە وەیسی‌یە قابیل بە کەسی دیکە نی‌یە •

ئەمان دەڵێ کورتان لە کێ دڕایە کەر لـە کێ کەتییە . گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی دۆستینە گەلی خزمینە ، وەکی کاکەوەیسی ئەو قسەی لە خەزاڵە شۆڕێ زانییە ، دەیگۆ دەوت بکەوە قسە بکە بـە تەمامییە . ڕوحی وەیسیت پێشکێشە بە ئۆگرییە .

خەزاڵە شۆڕ لە دیوەخانێ دانیشتییە . کارەکەران زیافەتیان لەبـۆ مێوانان دروستکردییە . خەزاڵ دەڵێ لە عالەمێ مەعلوومە خەزاڵە شۆڕ کیژێ مەلانەبییە . چەند ئاغاو بەگلەرو میرانبەگیو عەگید دەعوای منیان کردییە ، ئەمان ئەمنیان مارەکردییە لە وەیسییە . بە خۆتان دەزانـن کیژەگاوانو کیژەشوانەکو کیژە بەرخەوانەک نییە . خەزالی بابانوێران دوو سەت دەستەخوشکی لەوێ ڕۆژێ کیژە گرتییە . دەبی سێ کەسان بنێرینە شارێ سابلاغو مووسڵو ڕەواندزێ ، بە سێ ڕۆژان لۆ من بکڕن چەکانو خشڵی زیوو لەزێڕییە . تۆ هێسترانیش باربکەم لە قالیچەو لـە سەرەنازی عەجەمییە . خۆ من نایەم بە ڕووتو قووتییە . قەشمەریم پێبکا عێلی وسووئاسکییە . خەزالیش کیژەو کیژێ پیاوانەو کیژێ مەلانەبییە . وەیسیش سەردار عەشیرەتێ خەیلانی ئاسکییە . دووسەت کەسان دەناسی لە یێکە یێکەی قەپەکو مامساڵو بلباسو خەیلانیو باڵەکییە . حەف شەوو حەف ڕۆژیش دەبی دۆڵو زوڕنا بی ، شاییو لۆغان بی لە هەردوو عەشیرەتان بە تەواوەتییە .

چلکن چاوڕەش دەیگۆتە خەزالێ مەلانەبییە . عافەریم لەبۆ خەزالێ کەقسەی گەلەک جوانی کردییە . سێ کەس لە عەشیرەتێ مالێ ئاسکییە سێ کەسیش لـە مالێ مەلانەبییە ، هەر شەشان دەنێرینە سابلاغو موسڵو ڕەواندزێ ، لۆ توو هەلبگرن جلکێ بووکێنییە . گوارەو خەزێمو یاقووتو خاشخاشو بەربەنەو بنکەوشەو حەمایلو مۆرییو مەرجان لە زێڕو لـە زیوییە ، لەگەڵ دوگمەو حەفت تێکلان لۆ خەزالە شۆڕێ قیمەتی نییە .

بارگەو بارخانە کەوێی مەخمەرو بێلدارو ئەتلەس‌و بوڕسەو مەخمەر قەت لە دنیایێ لەو چشتەی چاکتر نی‌یە •

ئەگەر حەف شەوو حەف ڕۆژان لە جلکان بـن ، حەف شەوو حەف ڕۆژیش شایی‌و لۆغان بی ، چاردە ڕۆژی بەسەر تێ‌پەڕی‌یە ، حەفتی دیکەش دێن بووکێ دەبەین لەبۆ کاکە وەیسی بە سەلامەتی‌یە •

مەخسەدی خەزاڵێش ئەوەیە بیست‌و یەک ڕۆژ تەواو بی بەشکو لێی بەدەردەکەوی شۆڕە سوارێ جافی شارەزووری‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، گوێ‌بدەنە من ئەوە بەیتی کوردی‌یە • ئەوە لاس‌و خەزالە ، ئەوە شەرتە بەندی هەزار هەزارە • دەرمانی عاشقان‌و هەموو نەخۆش‌و بیمارە •

وەکی کاکە وەیسی‌و چلکن‌چاوڕەش‌و ئەحمەدو چاوشووشە دیوەخانی مەلانەبی‌یان بەجێ‌هێشتی‌یە ، بەڵان دوو ژن‌و پیاوەکیان لە ماڵێ مەلانەبی لەگەڵ خـۆ هەلگرتی‌یە • سێ کەسیش بە دیاری بنێرن لەگەڵ ئەوان بینە شەش لۆ شاری سابڵاغ‌و مووسڵ‌و ڕەواندزێ ، هەتا بکەنەوە چەکان‌و خشڵ و زێڕی دەبووکی‌یە ، هەتا بکڕن چەکان‌و خشڵ‌و زێڕی بووکینی‌یە • جلکێ بووکینی‌و بارگەو بارخانە لەبۆ خەزالێ ڕێک بێێخن بە تەدارەک‌و بە دروستی‌یە • خەنانەش ڕۆژێ چارشەممێ ڕۆژی پێنج شەمی بە سەردادێ ، شەوی جومعەیە خەزالێ دەبەن لەبۆ کاکە وەیسی وسووئاسکی‌یە •

ئەو حەق‌و حسێبەیان تەواو کردی‌یە • بیست‌و یەک ڕۆژیش تەواو دەکا بە جلک‌و بە شایی‌و لۆغان‌و بەخەنانەو بە بووکێنی یە تەواوەتی‌یە •

ئەمان‌خەزاڵ دەڵێ لە خۆمێ غەمگینێ ، لە خۆمێ دڵ بە برینێ ، لە خۆمێ ماڵ‌وێرانێ ، لە خۆمێ بێ حزوورێ • کەس نی‌یە قاسیدەکی بە بەقام بەدەست بکەوی جوابەکی پێدا بنێرم لۆ دەشتی شارەزوورێ • لە خۆمێ بێ کەسێ ، لە

خۆمێ ڕوو ڕەشێ ، لە خۆمێ شەرمەزاری ، کەس نیەجوابەکی بداتە سوارە چووکەلانەی من لاسی ئەحمەدبەگی شارەزووریٚ سەرداری عەشیرەتێ جافان ، دەستێ خۆی جارەکی دیکە بگێڕی لە سینگ‌و مەمکان ، بۆن بکا ماچ بکا مابەینی غەزێم‌و گواریٚ •

لە لایەک گوارە دەنگی دەداێ ، لە لایەک خرخاڵ بریقەی عینایێ کاکەلاس گەلەک دووری لۆم وەرە ڕایێ •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، هەرچار سوارانیان سوارکردیە • دوعابوونیان لە ماڵێ مەلانەبی خواستیە • ڕووێی خۆیان دەداوە بن‌گردیٚ سپیە ، هەوارو هەوارگەی ماڵێ وەیسی وسووئاسکیە • قەوم‌و عەوامێ خێلیە ، دەهاتنە بەراوپیلی کاکە وەیسیە • گازی دەکردە خولام‌و خزمەتکارو شوانان دەیگۆ کەرکانم لۆ دەرکەن لە گوندیە • ئەو سەگبابە درۆزنە هەر درۆی کردیە • قبوول ناکەم بسینێ لەناو عێلیە •

کەرکانی ماڵوێران دەیگۆ قسەم درۆ نیە ، بەڵان دیارە خەزاڵ کاکەوەیسی ئیخفال کردیە • دوارۆژی دەزانن کێ ڕاست دەکا کێ درۆزنە لە بەیت‌و بالۆرەی لاسیە • بەو خوایەی لە ژۆری سەریە ، ئەو قسانەم ئەمن لە کاکە لاسی بیستیە • مامە چلکن چاوڕەشە لۆ توو دەڵێم بە بێ دەنگیە • دەیگۆ ئەگەر نەمرم بیست‌و یەک ڕۆژی دیکە لە شارەزووریٚ دێمەوە گۆڕیٚ تووان کاێی سۆراوان مێوان دەبم لە مەلانەبیە • چارسەت سوارو پێنسەت عەگیدو شەش سەت خولامان دەینم ، بە ڕمێ هەژدەگەی گورگانیە • یان دێم بە خۆم بە تاقە سواریە ، بە سواری شێخەزاڵیە • سەری وەیسی دەبڕم دەیبەمە شارەزووریٚ بە دیاریە • بەژنی خەزاڵێ بە زۆری ڕادەکێشم لەناو حەف سەت ماڵی خەیلانیە •

کاکە وەیسیە بەو قسەی قەت باوەڕ نەکردیە • سندوقی لیرەی

شکاندی‌یە • دوو کیسە زێڕو لیرەی دەرکردی‌یە • تەسلیمی شەش کەسی کردی‌یە • دەینادرن لەبۆ سابلاغێ لەبۆ مووسڵێ لەبۆ ڕەواندزێ ، چەک‌و خشڵاێ دروســت بکەن لەبۆ بەژنێ خەزاڵێ مەلانەبی‌یە • دەیگۆ سەرێ وەیسیو ببیتە قوربانی‌یە مەترسن لە ماڵی دنیایەو لە زێڕی‌یە • ئەگەر شەوەکی لــە شەوی بوهارێ بەژنی خەزاڵە شۆڕێ لەگەڵ وەیسی بنووستایە بــە تەمامی‌یە ، خودا لــە وەیسی خۆش دەبوو مەلاییکەت لەسەر شانی دەیان نووسیم دەیانگۆ ئەوە وەیسی بەهەشتی‌یە •

ئای لــە من دڵ کولێ ، ئای لــە من غەمگینێ ، ئاگرەکــم بەربوویتە دەروونێ ، ناکوژێتەوە بە ئاوی ئەڵوەندی بە ئاوی پێستوونێ • کەس نی‌یە جوابەکێ بداتە لاسی ئەحمەد بەگی بلێ خەزاڵە شۆڕی توو ئەوڕۆکە مایتەوە لــە گۆڕێ تووان لــە کاتێی سۆراوان ، بە هەردوو چاوان دەگرێی بــە دەستانیش دەکا ڕۆڕۆو شینێ •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، حەف شەوو حەف ڕۆژی تەواو کردی‌یە • چەک‌و زێڕی بووکێنی‌یان خەلاس‌کردی‌یە ، بارگەو بارخانەیان دەهیناوە پێش ماڵێ مەلانەبی‌یە • وەیسی قاســیدی ڕەوان دەکــرد لەبۆ عەشیرەتێ باڵەکی‌یە ، لەبۆ بۆڵی‌یە ، لەبۆ سوورچی‌یە ، لەبۆ خەیلانی‌یە ، لەبۆ قەپەک‌و مامساڵ‌و ڕەوەندو شکاکان‌و بڵباس‌و مامەشی‌یە • سەلامەکی سەر سەلامانی لێ‌کردی‌یە • بلێن دەزانن مەعلوومە کاکەوەیسی وسووئاسکی‌یە دەگوازیتەوە بەژنی خەزاڵە شۆڕێ مەزن مەلانەبی‌یە • حەف شەوو حەف ڕۆژە شایی‌و لۆغان‌و کەیف‌و سەیرانە ، دەبا وەیسی بمریتن لە خۆشی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، ڕۆژە ڕۆژی شەمووە ، شایی‌و لۆغانی دامەزراندی‌یە • دۆڵ‌و زوڕنای کارپێکەتی‌یە ، شایی‌و لۆغان ڕەشبەڵەک دەستی‌گرتی‌یە ، کەس ئاگای لــە کەس نی‌یەشوان‌و بەرخەوان مــەڕو بەرخیان بەجی‌هێشتی‌یە • دەستڕی کتانیان لەبەر پشتی‌یە • شوان هەموو

سەرچۆپی‌یان گرتی‌یە • کاکە وەیسی لە ناوەندی شایی‌یە دانیشتی‌یە ، پێی لەسەر پێی دادەنا وەکی دەوری ڕۆستەم‌بەگی‌یە • وەی دەزانی تێر لە دنیایە نی‌یە • گەلەک فەقیرو ماڵوێرانە ، نازانی خەزاڵیش ئەو شەرت‌و پەیمانەی لەگەڵ وەیسی بە ڕاستی‌نی‌یە •

ئەمان کەس لە حاڵی کەس خەبەردارنی‌یە • وەرە ئاگات لە دڵی خەزاڵێ بی کیژی مەلانەبی‌یە ، دڵی بە جارەک گوڕەی ئاگری بەستی‌یە • هەرچەندی سەر دێنی‌و سەردەبا کەسەکی بە بەقای بە دەست‌ناکەوی جوابەکی بنێری لەبۆ کاکە لاسی ئەحمەدبەگی‌یە • چاردە ڕۆژی لێ ڕۆیشتی‌یە ، حەف ڕۆژی مایە ئەگەر بێ ببا خەزاڵێ مەلانەبی‌یە •

خەزاڵ دڵی گەلەک گەلەک مشەوەشە ، خۆی گەلەک تەنگاو کردی‌یە • بەڵاٚن لەپێش عالەمێ فرمێسک نابارێنی بەڕاستی‌یە •

بێ‌ینەوە باس‌و سەردەنگی لاسی ، لە عێلی جاخان لە عێلی سناسی ، کاکە لاسی ماڵوێرانم وەکی دەڕۆیشتەوە دەشتێ شارەزووری‌یە ، چاوی بە داکی کەتی‌یە • ڕوومەتی جوانی بریندارکردی‌یە ، ئەوەندە دەگریا بە کوڵی‌و بە دڵی‌یە لەبۆ کاکە لاسی‌یە • کاکە لاسیش دەروێشی لەوێ خەڵات کردی‌یە • دەروێش شارەزووری بەجی‌هێشتی‌یە •

کاکە لاسم پێنج شەوو پێنج ڕۆژان لەناو جێی کەتی‌یە • قەلبی هەموو ڕەق دەبوو گەلەک ماندی‌یە • پاشی پێنج شەوو پێنج‌ڕۆژان قەلبی دەیکەتێ خۆشی‌یە • تاجی زێڕی لەسەر دەنا دادەنیشت لەسەر تەختی جەواهێربەندی شارەزووری‌یە •

گازی محەممەدو عەلی کردی‌یە ، سەرتیپم لۆ ڕێک‌دەن ، ڕاووشکارە لۆ دەشتی بەکراوەو سەری قەشان‌و بانقەڵاٚی مەملەکەتی جوانڕۆو مەریوانێ ، هەتا وەکینێ چاوی خۆم بکەویتەوە بە غەزاڵێ دەشتی‌یە .• هەتا

چاوم بکەوی بە سەوزەگیای بوهارێ ، خەفەت‌و دەردو مەرەقی خەزالە شۆڕێم بچیتە دەرێ لە دڵی‌یە •

پێنج شەوو پێنج ڕۆژان نەخۆش‌کەتی‌یە ، لە خەفەتی خەزاڵێ کیژی مەلانەبی‌یە • بەلاّن ڕۆژی شەشەم دەنگی ڕاوو شکاری دەدا ، تاژی‌و توولەو بازو شەهێن‌و تووتی‌و سەقەری لەگەڵ خۆی ڕیزکردی‌یە • چارسەت سوارو پێنسەت عەگیدو شەش‌سەت نۆکەری لەگەڵ خۆی هەلگرتی‌یە • تەپڵ‌و جۆق‌و مۆسیقەی لەگەڵ خۆی بردی‌یە • لە شارەزوورێ دەچوە دەرێ ، ڕاوی حەف شەوو حەف ڕۆژە کاکە لاسم عادەتی چەند وەختی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، ئەو ڕاووشکارەی عادەتی چەند ساڵ‌و چەند وەختی‌یە • دەچۆوە دەشتی بەکراوەی ڕۆژەکی ڕابواردی‌یە • دەچۆوە سەری قەشانێ دوو ڕۆژی ڕابواردی‌یە • بازو شەهێن‌و تووتی‌و سەقەری هەموو گرتی‌یە •چەند مامزی بە تاژی‌و توولان گرتی‌یە • سۆری دەکردەوە لەگەڵ خولاّمان دەیانکردە ئێوارەیەو نیوڕۆژی‌یە • فکرو خەیالی خەزالە شۆڕێی دەچوە دەرێ لەسەری‌یە • قەت جارەک ناوی خەزاڵێی بەسەر زمانی‌دا نەهاتی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، ئەو ڕاووشکارەی ئەوەند ڕۆژ دامەزراندی‌یە ، خەزالە شۆڕی لەبیرکردی‌یە • کاکەلاس سوخمەی‌تەبرێزی ، ددوربینی دیاربەکرێ ، بەتیەی سپیی شێخانی ، عەگالی تەلەعفەری‌یە • دەکەتە ناوخانێ زینی‌یە • سواردەبوو لە شینکەی شێخەزالی‌یە • دەتگۆ ئەسکەندەرخانە تازە لە شاری تەورێزی هاتی‌یە • یان دەتگۆ عەلی‌بەگی داسنی‌یە دەگەڕێ لە دوو خوێنی لەشکری‌یە •یان دەڵێی یووسفی برایم‌ئاغایە دەگەڕێ بە مێوانەتی‌یە .• یان دەڵێی قوباخانە لە بتلیسێ حوکمی کردی‌یە • هەندەکیش دەڵێن سولەیمان‌بەگی کاکی خانزادێ‌یە ، دەشتی سۆرانی بە بە تەواوی داگیرکردی‌یە •

کاکە لاس دەڵێتە خۆی ، ناوم لاسە کوڕی ئەحمەدبەگی شارەزووری‌یە • داکیشم خەجیج‌خانە کیژی شێخ حموودی‌یە ، خوشکی شێخ غەلیفەیە لە مەملەکەتی قەراجێ ئەمنی کەتیتەزگی‌یە •

لاس دەڵێ داکی من لە دەشتی قەراجێ لە چۆمی چەمعانی لە بن داری لاسێ ئەمان داکی من ئەمنی بەزگ‌کەتی‌یە • ئەمن پاشازادەمە عەشیرەتیشم لە عێلی جافی‌یە • داکیشم خەجیج خانی عارەبی‌یە • لە نەسڵو هۆزی تەیانە • بابیشم بە چەند پشتی‌یەوە هەر گەورەو میری شارەزووری‌یە •

ئاگای لە مەحموودی بێزەواڵ نی‌یە • لەبن خێوەتی ڕەنگاوڕەنگ نیوڕانێ دانیشتی‌یە • گۆشتی مامزی دەبرژێنی ، ساقیش مەی دەکاتە ناودەوی‌یە • ئاگای لە خەزاڵێ نی‌یە لە بن قەرەڕەشماڵێ بەجی‌مایە ، لە گۆڕێ تووان لە کانیێ سۆراوان لەناو حەف سەت ماڵ خەیلانی‌یە • خەزاڵی بابان‌کۆر چی بەدەست نەمایە ، ئەگەر شەوی پێنج شەم هەڵبێ دەخالەتەکی بکا بە خانزادێ خوشکی سولەیمان‌بەگی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، حەف شەوو حەف ڕۆژان بەزمو سەیرانە ، شایی‌یە ، لەبۆ خەزاڵێ کیژی مەلانەبی‌یە • بەلانەکینێ ڕۆژی چارشەمە بەربووکیان هەناردی‌یە ، بارەکیان خەنە لەگەڵ بەربووکێ هەناردی‌یە ، تەشتەکیان خەنە لە ئاوێ کردی‌یە • کەس نازانی فکری خەزالە شۆڕێ چی‌یە یان چ نی‌یە •

شەوی پێنج‌شەمە مەلای مەغریبێ ئیزهاری کردی‌یە • عالەم وەختی نان‌خواردنێ خافلایە کەس ئاگای لە کەس نی‌یە ، خەزالە شۆڕ دەست‌بولخچەکی هەلگرتی‌یە ، لە پەنای چارداغێ حەشاردایە کەس ئاگای لێ نی‌یە • دەیگۆتە ئەسمەرێ ، ئەستی‌یە ، ڕابی‌یە ، خووبی‌یە ، دەچمە ماڵێ دەستەخوشکانم گەردەنیان پێ ئازا دەکەم نەکو زۆرم پێ بچی نەیێمەوە باوەخوندی‌یە •

بەو هەنجەتەی دەچتە ماڵێ دەستەخوشكانی بوخچەی لـەسەر ملی دانابوو دەستی بە دەلینگاندا هینابوو ، كانیێ سۆراوان لە گۆڕێ تووان ، لە هۆبەو عێلەساتی ماڵێ بابی خۆی مەلانەبی بەدەركەتی‌یە •

لە كانیێ سۆراوان لە گۆڕێ تووان ، لە عێلو عێلەساتی بابی خـۆی هەموو بەجی‌هێشـتی‌یە •شایی‌و لۆغانو بەزمو سـەیرانی وەیسی ئـەوە دەكوتی ، شایی حەف شەوو حەف ڕۆژی‌یە • ئاگایان لە هەڵاتنی خەزاڵێ نی‌یە • بەربووكیش لە ماڵێ مەلانەبی دانیشتی‌یە ، تەشتەكی خەنە لە ئاوێ كردی‌یە • سبەینێ خەزاڵێ بكەنە بووك سواری بكەن لە ماینێ لەگ‌لەگی سپی‌یە • بیبەنە خزمەت كاكە وەیسی وسووئاسكی‌یە • كەس ئاگای لـە كەس نی‌یە ، كەس لە دڵی كەسیش خەبەردار نی‌یە تیریش ئاگای لەبرسی نی‌یە •

پاشی مەغریبێ ناوی خـوای دەهینا خەزالـە شۆڕم داوو دەلینگی هەلكردی‌یە • بەفرمێسكی چاوی جوانی دەیڕژاندە سەر هەردوو ڕوومەتی‌یە• نە مەلانەبی نە محەممەدی برای نە زلێخی براژنی نە هەر چار كارەكەر نـە بەربووك ، كەس ئاگای‌لێ‌نی‌یە • ڕێی كەندێی گرتی‌یە • لـە ڕێی كانیێ سۆراوان گۆڕێ تووانی لادەدا لە بستی‌یان بەسەركەتی‌یە • سێ سەعاتان ئەو نازدارە بە پێ‌یان ڕۆیشتی‌یە • بەشەكی شەوێ دەڕۆیی داخیل دەبوو بە شارەكەی هەریرێ بچیتەوە خزمەت خانزادە خاتوونێ خوشكێ سولەیمان بەگی‌یە •

ئەوێ ڕۆژێ خانزادیش حوكمی دەگێڕا لە دەشتی حاجی عومەرانو ڕەواندزێ هەتا دەگەیشتەوە قەمچووغەیێ موبارەك ، شاری سولەیمانی ، مووسڵو زەهاوێ قەرەبۆتو قەرەبێتكان ، كلكەی قەرەچووغێ ، قەڵاتی فەرعانی بە تەواوەتی‌یە •

ــ ماوەتی ــ

# کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبە کوردی‌یەکان لە نیو سەدەدا ـ ١٩٠٨ ـ ١٩٥٨

### بەشی یەکەم
### کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبەکان لە کوردستانی تورکیادا

نووسینی
**دوکتۆر عبدالستار طاهر شریف**

پێشەکی :

ئەم تۆژینەوەیە لە دووتوێ‌دا خوێنەر چاوی بە کۆمەڵێ بەڵگەنامەی حیزبی‌و مێژوویی‌و ڕامیاریی بزووتنـەوە ڕزگاریخـوازەکانی گەلی کورد دەکەوێ لە ماوەی نیو سەدە لە تەمەنی‌دا ، لەگەڵ هەڵوێستو بیروڕاکانی زوربەی زۆری بەشدارانیان ، لەگەڵ ئاشکراکردنو پەردە لادا لەسەر دەوری داگیرکەرانو ( ئیمپریالیزمی جیهانی‌و هەموو لایەنەکانی دوژمنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەتایبەتی حوکومەتە کۆنەپەرستەکانی تورکیاو ئێرانو عێراق لەو سەردەمەدا •

تۆژەر بە پێی توانینو ڕێ‌پێ‌دانی ڕێبازی زانستی هەوڵی‌داوە کەڵك لە سەرچاوەکانو بەڵگەنامەکان وەربگرێ بە بێ شێواندنی واتاکانیان لەگەڵ ڕەچاوکردنو پاراستنی مافە کەسایەتی‌یەکانی ئەو کەسانەی لە ڕیزەوی ئەم مێژووەدا ناویان کەوتۆتە نـاو تۆژینەوەکە لەبـەر هەستیارێتیی نووسینی مێژووی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردی‌یەکان ، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا کـە گەلەکەمان پێی‌دا تێ‌پەڕ دەبێ •

بۆ نووسینەوەی ئەم مێژووە تۆژەر دەبوایە مێژوویێکی نەشێوێندراوو خاوێن بنووسێ‌و ئەمین بێ لە ئاشکراکردنی شاراوەکانی کۆنو قوژبنەکانی

ئەم مێژووە ، یان بە شێواوی‌و پچڕ پچڕ وەك زوربەی ئەو نووسینانەی لەسەر ئەم مێژووە تا ئێستا نووسراون بی نووسێتەوە ، کە ئەم لایەنەش خزمەتی کەس ناکاو ئارەزووی خوێنەرانیش ناهێنێتەدی • بۆیــە ڕێبازی یــەکەمی گرتــەبەر ، کە ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژانی پێشــووتر پێویستیمان بەم جۆرە ڕێبازە هەیە لە نووسینەوەی مێژوومان‌دا •

تۆژەر لەم بوارەدا ، بواری نووسینەوەی مێژوو ئەرکی سەر شــانی ئەنجــام‌داوە ، هەرچــەندە نووسینەوەی مێــژووی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردی‌یەکان بەشێکی زۆر بچووکە لە گشتی مێژووی نەتەوەی کورددا • بەڵام بەشێکی ترسناكو گرنگە ، لەبەر ئەوەی نووسینی ئەم مێژووە ، یان نووسینەوەی بە شێوەیێکی تازەبابەت‌و بە شێوازێکی زانستی بابەتیانــە ، دەڵێن خۆ هاویشتنە ناو گۆمی وا بێ بن‌و پڕ لە گێژاو هەروا ئاسان نی‌یە ، سەرەڕای ئەمەش تۆژەر بە زەرگ خۆی فڕێ‌داوەتە ناو ئەم گۆمە بێ بنە ، ئنجا چی بە چی دەکا ئــەوە لە ئەنجامی تۆژینــەوەکەو ڕاکان‌و ڕەخنەکانی خوێنەران دەردەکەوێ •

نووسینی مێژووی کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبە کوردی‌یەکان ، ئــەم مێــژووە تا ئێستا تووشی کۆمەڵێ شــێواندن‌و بزرکردن بووە ، ئنجا ئەم شێواندنانە بە ئەنقــەست بووبێ یان بــە ڕێگای نەزانینەوە ڕووی دابێ ، نووسەرەکان کورد بوویێتن یان بیانی ، دەڵێن ئەم شێواندنانە هیچ لە واقعی نەتەوەی کوردیان نەگۆڕیوەو نای گۆڕن •

بە هەرحال ئەم نووسینە دەروازەیێکی تازە والا دەکاتەوە بۆنووسەران‌و مێژووناسان بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەم ڕێکخراوە کوردی‌یانەی کە تــا ئێستا مافی خۆیان نەدراوە پێ‌یان لە نووسینەوەیان‌و بزرنەکردنیان ، سەدەهاو هەزارەها لە ڕۆڵە دلسوزەکانی نەتەوەکەمان خۆیان بەخت‌کردووە لە پێناوی دوارۆژی نەتەوەو ••• هێچیان ئەمڕۆ لە ئێمە ناوێ لە ژێر خاکە پیروزەکەی

کوردستان یان لە ژێر خاکە بیانیەکان تەنها ئەوە نەبێ ناویانو خەباتو ڕەنجیان بزر نـەکەینو داهاتـوو سـوود لەو ئـەرکو تێکۆشانـەیان وەربگرێ •

تۆژەر ئەم بابەتەی هەڵبـژاردو دەستی دایە نووسـینەوەی ، دوای تێپەڕبوونی هەشتا سـاڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی ڕامیاریی کوردی کە ئەویش ( کۆمەڵەی تەعالیو تەرەققی کوردستان ) بوو •

تۆژەر لە تۆژینەوەکەیدا باسی ڕێڕەوی بزووتنەوەی حیزبایەتیی گەلی کورد دەکا لە ماوەی نیو سـەدەدا ، کەواتە لە مـاوەی پەنجا سـاڵدا ، لەگەڵ دەستنیشانکردنی کێشەو ناکۆکیی ناوخـۆی حیـزبەکان لە لایێکەوە ، هەروەها کێشەو ململانێیان لەگەڵ کاربەدەستانو بەڕێوەبەرانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو لە لایێکیترەوە •

دوای ڕوونکردنەوەی ئەو کێشانەو ناکۆکییانەو شیکردنەوەیان لە لایەن تۆژەرەوە ، خوێنەرانی کتێبەکە گەلێ لە لایەنە بزربووەکانی بارودۆخی ئەم ڕێکخراوە کوردییانەیان بۆ ئاشکرا دەبێتەوە •

کێشەی کوردو کوردستان دوای شەڕی جیهانیی یەکەم بارێکی ڕامیاریی گرنگی وەرگرت بە هۆی شوێنی جوگرافی ئەم وڵاتەوە کە کەوتۆتە نێوان تورکیاو ئێرانو عێراقو سووریاوە ، ئـەم گرنگییەش زیاتر دەرکەوتو خـۆی نواند دوای شەڕی جیهانیی دووەمو دابەش کردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان وڵاتە سوێنـدخۆرەکاندا وەك دەستکەوتو تاڵانیی شەڕەکە ، کوردستانیش لە ئەنجامی ئەم دابەشکردنە ، دابەشکرایە سـەر تورکیاو ئێرانو عێراقو سـووریا ، سـەرەڕای دواکەوتوویی ئابووریو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی •

تـۆژەر گەلێ لە لایەنەکانو هۆیەکانی سـەرنەکەوتنی بزووتنـەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کوردی دەستنیشانکردووە ، چینە دەرەبەگەکانو

بۆرجوا کوردەکان کە سەرکردایەتیی بزووتنەوە کوردی‌یەکانیان دەکرد پێش شەڕی جیهانی دووەم‌و دوای شەڕیش ، نەیان‌توانیوە مەسەلە تایبەتەکانی شۆڕشی کورد ڕوون‌بکەنەوە ، لەگەڵ ئامانج‌و دوورئامانجەکانی گەلی کورد لەو قۆناغانەدا ، هەروەها دۆست‌و دوژمنانی نەتەوەی کوردیان دەست‌نیشان نەکردبوو ، سەرەڕای کەم‌توانینیان بۆ پەرەپێدانی گیانی حیزبایەتی‌و ورووژاندنی جەماوەری خاوەند بەرژوەند لە ڕزگاری کوردستان‌و وەدی‌هێنانی مافە نەتەوەیی‌یەکانی نەتەوەی کورد •

ئەم تۆژینەوەیە خشتێکی‌ترە ، توژەر هەوڵی داوە بیخاتە سەر دیواری بەرزی مێژووی نەتەوەی کوردو خشت لە دوای خشت شان بە شانی هەموو نووسەرو مێژوونا‌سە دلسۆزەکانی گەلی کورد تا بەژن‌و پانایی دیوارەکە لە بەژن‌و پانایی دیواری نەتەوە هاوسێ‌کانی نزمترو کەمتر نەبێ ، یان بەلای کەمەوە هەست بە بوونی بکرێ‌و لە توانینی هیچ هێزێکدا نەبێ بە نووکە قەڵەمێ بی‌سڕێتەوە •

## بەشی یەکەم

### کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبەکان لە کوردستانی تورکیادا

حیزبە کوردی‌یەکان(*) یان کوردستانی‌یەکانی ئێستای کوردستان ، دەتوانین بڵێین ئەنجامی یەک‌بوون‌و تێکەڵاوبوون‌و کارتێ‌کردنی یەک لەگەڵ یەکتری ڕێکخراوو کۆمەڵە ڕامیاری‌یە کورستانی‌یەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمە ، کە یەکەم ڕێکخراوی ڕامیاریی کوردی لە ساڵی ١٩٠٨ لە کوردستانی تورکیادا لە دایک بووە •

---

(*) ناوی کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبە کوردی‌یەکان زۆر جار بە پێی سەرچاوە جیاجیاکان ناوی کۆمەڵەو ڕێکخراو لە ناوی حیزب لە یەکتر جودا ناکەنەوە . بۆ نموونە جاری وا هەیە بە خۆیبوون دەڵێن ڕێکخراو .

کۆمەڵەو ڕێکخراوو یانەیێکی زۆری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی کوردی لە کوردستانی تورکیادا لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ، لە ساڵی ١٩٠٨وە دەستیان کردووە بە دامەزران • پێش ئەم ماوەیەش کۆمەڵەیێك دامەزرا ، کۆمەڵەی تورك و کورد بوو ، یان باشتر بڵێین لە لایەن لاوەکوردەکان و تورکەکانەوە دامەزرا بە ناوی ، کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەققی یەوە ) ، لە ٢١ ئایاری ساڵی ١٨٨٩ز •

قوتابیێکی ئەلبانی بە ناوی ئیبراهیم تیمو کە لە قوتابخانەی تۆشداریی سەربازێتیی سوڵتانی دەیخوێند لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێ قوتابییەکانی مەسەلەی دامەزراندنی کۆمەڵەیێکی نهێنی باس کردو بە مەبەستی لادان و ڕووخاندنی پێڕۆی سوڵتان ( عبدالحمید ) •• ئەوەبوو ئەم قوتابییانە کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەققییان دامەزراند بەلام بە ناوی ( تەرەققی و ئیتحاد(**) •

ئەم کۆمەڵەیە چۆن دامەزراو کێی لە دواوەبوو ؟ وەلامی ئەم دوو پرسیارە ئاشکراو ڕوونە ، جارێ ئەوە ئاشکرابووە کەوا ، ( ماسۆنییەت ) هاندەرو دەوری سەرەکی هەبووە لە پشت پەردەوە لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە ، هەروەك دوکتۆر ( أرنست • أ • ڕامزرۆ ) لە کتێبەکەدا کتێبی ( ترکیا الفتاة و ثورة ١٩٠٨ ) باسی دەکاو دەڵێ :

« ڕێکخستنی کۆمەڵەکە لە چەشنی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ( کاربۆناری) ئیتالی بووە ، کە لە بەشی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا دامەزراوە • لە پشووی هاویندا ، لە ساڵی یەکەمی پێش دامەزراندنی کۆمەڵەکە ئیبراهیم تیمو لە شاری ( برندیزی) ئیتالیایی لادەداو چەند ڕۆژێ لەم شارە دەمێنێتەوە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ (ئەلبانیا) ی وڵاتیان ، هەروەها لە شاری (ناپۆلی)یش

---

(**) بۆ زیاتر شارەزابوون دەربارەی ئەم کۆمەڵەیە سەیری کتێبی ( ترکیا الفتاة ثورة ١٩٠٨ ) ی ( دوکتور ارنست . ا . ڕامزرۆ ) . بکە ــ گۆڕینی ( د. صالح العلي ) ــ ل ٥٠ ــ ٥١ .

چەنـد ڕۆژێکی‌تر دەمێنێتەوە ، لەم ماوەیەدا سەردانی ( مـەحفەلێکی ) ماسۆنی‌یەکان دەکا لەگەڵ یەکێ لە هاوڕێکانی ، شتێکی تەواو فێر دەبێ دەربارەی دەوری ( ڕێکخراوی کاربـونـاری ) Carbonari لە مێـژووی ئیتـالیادا ، ئەوەبـوو لە کاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی ( تەرققی‌و ئیتحاد ) ناوەڕۆکی پێڕۆو بەرنامەی ئەم ڕێکخراوە ماسۆنی‌بە کاری‌کردبووە سـەر هۆش‌و بیری دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکەو هەروەها ناوەڕۆکی پێڕۆو بەرنامەی ڕێکخراوە تازە دامەزراوەکەیان • تەنانەت پەیڕەوی جۆری کۆبوونەوەکانی ماسۆنی‌یەکانیان دەکرد لە کاتی کۆبوونەوەو داب‌و نەریت‌و چۆنێتی وەرگرتنی ئەندامەکانیانیش • ( ٧ : ل ٢٧٠ ) •

ئەو ئەندامانەی لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەققی‌یەوە چووبوونە ڕیزیەوە ، ئەم کەسانەبوون :

ئیسحاق سـکوتی ، شـەرەفەددین مەغمومی ، عەبدوڵلا جەودەت ، مەحەممەد ڕەشید شەرکەسی ، ئاساف دەروێش ، عەلی ڕوشدی هەرسکلی ، مەحەممەد غیرید حەسەن زادە ، عەلی بابان ، حیکمەت ئەمین بابان ، ئیسماعیل ئیبراهیم بابان زادە ، کەریم سیباطی ، صەبری موکلی ، ناظم سلانیکی ، نەجیب دراغا ، طەلعەت بەگ، شەطین بەگ ، کقواصلی ئیبراهیم بەگ ، شەفیق کرنلی‌و جەودەت عوسمان •

دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەققی ، دەست‌کرا بە دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕامیاری‌و هاتنە کۆڕی کارکردنەوە • دەربارەی ئەم کۆمەڵەو ڕێکخراوانە تۆژەر ، خاتو ( کریستین مۆر ) دەڵێ :

« ئـەم ماوەیە دیاردەی دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوە ڕامیاری‌و ڕۆشنبیری‌یەکانی پێوە دیاربوو ، ئـەوەی سـەرنجی ڕادەکێشـا بوونی کۆمەڵەیێکی هاوبەشی ڕامیارە تورکەکان‌و کوردەکان بوو بە ناوی (کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەققی )یەوە ، کە پاشان پەرەی سەندو حیزبێکی ڕامیاری لە ساڵی

١٨٨٩ ز یەکەم کۆبوونی ( مؤتمر ) لە ساڵی ١٩٠٢ دا لە شاری پاریس بەست. دوو سەرکردەی کوردی بە ناوبانگ لەم کۆبوونەدا بەشدار بووبوون : ( عبدالرحمن بدرخان‌و حکمت بابان ) لە ساڵی ١٩٠٧ دا . کۆبوونی (تورکە لاوەکان ) نیش بەسترا ، هەر لە شاری پاریس‌دا . بزووتنەوە ڕۆشنبیری‌و ڕامیاری‌یە کوردی‌یەکان کەوتنە جموجووڵ‌و چالاکی‌نواندن شان بە شانی بزووتنەوەکانی تری‌تورکی‌و نەتەوەکانی تری سنووری وڵاتی عوسمانلی لە هەندێ لە وڵاتانی عەرەب‌دا .... ئەوەبوو سوڵتان (عبدالحمید) دەستووری ( لیبرالی ) ساڵی ١٨٧٦و پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە . ( ٤١ : ل ٥٦ ــ ٥٧ ) .

هەروەها ( خاتو کریستین‌مۆر ) دەربارەی دەوری کوردو بزووتنەوە ڕامیاری‌یە کوردی‌یەکان دەڵێ :

« دەوری کورد لە شۆڕشی شاڵی ١٩٠٨ بریتی‌بوو لە بەشداربوونێکی فراوان لە ئەنجامی بەڵێنەکانی سەرکردە سەربازیی‌یەکانی تورك بە یارمەتی‌دانی کوردو دان‌نان بە مافی سەربەخۆیی‌یان ، یان بەلای کەمەوە ڕێ‌دانی ژیانیان لە سنووری وڵاتی عوسمانلی بە ئازادی لەم ماوەیەی کە بزووتنەوە ڕامیاری‌یەکان‌و ڕۆشنبیری‌یەکان شەووڕۆژ لە کارکردن‌دا بوون ... بۆیە چاومان بە سەدەها ڕێکخراوو کۆمەڵەو حیزب‌و یەکێتی‌یە کوردەکان دەکەوت ..

دوای ڕێك‌کەوتنی وڵاتە گەورەکان لە ساڵی ١٩٠٨ ز لەسەر پێویست بوونی دابەش‌کردنی ( ئیمپراتۆری‌یەتی ) عوسمانلی‌و کردنی بە چەند دەوڵەتێك سەر بە فەرەنساو بەریتانیا بن ، ( کۆمەڵەی تورکە لاوەکان ) ئەم هەنگاوە ئەوروپایی‌یەیان بە جۆرە سووکایەتی‌یەك دەزانی ئاراستەی تورکیایان کردبوو ، لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی سیاسەتی سوڵتان ( عبدالحمید ) ی دووەم ، ئەوەبوو ناچار کرا واز لە تەختەکەی بێنێ‌و سوڵتان ( محمد ) ی پێنجەم لە ١٩٠٩ ــ ١٩١٨ ، لە شوێنی دابندرێ . لەم سەین‌وبەینەو لەم ماوەیەدا ڕێ درا بە کوردەکان یەکەم ڕێکخراوی ڕامیاریی

کوردی دابمەزرێنن بە ناوی ( کۆمەڵەی هیڤی )یەوەو دەستی‌کرد بە دەرچواندنی بڵاوکراوەکانی‌و لە ساڵی ١٩١٣ وە گۆڤاری ( ڕۆژی کورد ) ی بە زمانی کوردی‌و تورکی دەرکرد لە شاری ئەستەمبوڵ ... لە ساڵی ١٩١٣ قۆڵی عەسکەری تورکە لاوەکان هاتنە سەر حوکم‌و بە سەرکردایەتیی جەمال پاشاو ئەنوەر پاشاو تەلعەت پاشاو چەند ئەفسەرێکی ترو بڕیاری بەشداربوونی شەڕی جیهانی یەکەمیان‌دا شان بە شانی ئەڵمانەکان ، ئەمەش بە شێوەی ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانلی‌و ئەڵمانیا لە ڕۆژی ٢ی ئابی ساڵی ١٩١٤ • ( ٤١ : ل ٥٧ ــ ٥٨ ) •

لە ساڵی ١٨٩٥دا زوربەی سەرکردەکانی ( ئیتحادی‌یەکان ) لە ئەستەمبوڵ گیران‌و خرانە بەندیخانەوە ، لە نێوانیان‌دا : ئیسحاق سکوتی‌و کەریم سیباطی(*) وعەبدوڵلا جەودەت‌و شەرەففەدین مەغمومی‌و شێخ نائلی‌و عەبدولقادر ئەفەندی‌و ئەحمەد بەگ هەبوون (٢٧ : ل ٢٧٤ ) •

دوای دامەزراندنی کۆمەڵەکە شێخ عەبدولقادری شێخ عەبدوڵلاش بەشداریی کۆمەڵە بوو ، ئەوەبوو ئەویش تاوانبارکرا لە ساڵی ١٨٩٦دا ، بە بەشداربوونی لە پیلانەکەی دژی سوڵتان ( عبدالحميد ) • هەروەها لە ساڵی ١٩٠٢دا ( عبدالرحمن بدرخان ) سەرۆك نووسەری ڕۆژنامەی کوردستان‌و حیکمەت بابان بەشداری موئتەمەری ساڵانەی کۆمەڵەکە بوون لە پاریس‌دا • لەو کاتە ئەم دووانە لە ناسراوترین کەسانی ڕامیاریی کورد بوون • لە ساڵانی ( ١٨٩٧ ــ ١٩٠٦ ) مەحموود پاشاو هەردوو کوڕەکانی ئەمیر سەباحەددین‌و ئەمیر لوتفوڵلا پەیوەندی‌یان بە کۆمەڵەوە کرد •

وا دەردەکەوێ ڕامیاریی توندو تیژی‌و تۆقاندن ، کە ئیمبراتۆری‌یەتی عوسمانلی بەکاری‌دەهێنا دژی گەلانی سەر بە ئیمبراتۆری‌یەتەکەیان بەتایبەتی دژی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیادا هانی گەلی کوردی دەدا

---

(*) سەیری کتێبی (کردستان و کرد اختلاللری ) بکە ، نووسینی عەبدولعەزیز یاملکی .

بـۆ هاری‌کاری‌کردن‌و وەستانیان شان بە شـانی گەلانی عوسمانلی دژی سولتانەکانی ئال عوسمان ، لەو سەردەمەدا تێکۆشەرانی کورد بیریان لە دۆزینەوەی باشترین ڕێگا دەکردەوە بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەیان لە جەورو ستەمی عوسمانلی‌یەکان ، ئەوەبوو یەکێتیی تێکۆشانی کورد لەگەڵ تورکە ئازادەکان باشترین ئەنجامی ئەم بیرکردنەوەیە بوو • دەربارەی جەورو ستەمی عوسمانلی‌یەکان دەرهەق بە گەلی کورد خاتو ( کریستین مۆر ) دەڵێ :

« لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا کوردەکان دابەش‌بووبوونە سەر چەنـد بەشێکدا • لە کاتی شەڕی چالدێرانەوە لە ساڵی ١٥١٤ ز دا داوای ئازادی‌یان دەکرد لەو سەردەمە شای ئێران داخوازی‌یەکانیانی ڕەت‌دەدایەوە هەروەها ( بابی عـالی ) لە تورکیـاو دوای شەڕی جیهانی یـەکـەم‌و ڕووخانـی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانلی‌و دامەزراندنی وڵاتە تازەبابەتەکان‌و نوێ‌خوازەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، گەلی کورد دابەش‌کرا بەسەر پێنج وڵاتدا : ئێران‌و تورکیاو عێراق‌و سووریاو بەشێکی کەمیانیش بەسـەر یەکێتیی سۆڤیاتدا » • ( ٤١ : ل٢١)

ئەم ڕووکارە تازەیە پاڵی بە ڕۆشنبیرانی کوردەوە نا کەوا کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەققی لەگەڵ ڕۆشنبیرە تورکەکان دابمەزرێنن • ئیحسان سکوتی لە دیاربەکرو عەبدوڵلا جەودەت لە عـەرەبگیر دوو ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بوون •

دەربارەی چالاکی ئیسحاق سـکوتی‌و عەبدوڵلا جەودەت ، دوکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێ ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە (٣٠)دا بڵاوی کردۆتەوە کەوا :

« لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەکە ئیسحاق سکوتی‌و عەبدوڵلا جەودەت چالاکی‌یێـکی زۆریان هەبـوو ، لەگەڵ هەنـدێ لە ئەندامـە دامەزرێنـەرەکان‌و ئەندامە کۆنـەکانی کۆمەڵە دوورخرانەوە لە لایـەن کاربەدەستانی عوسمانلی‌یەوە • ئیسحاق سکوتی دوورخرایەوە بۆ (ڕۆدس)

بەلام زۆری پێنەچوو هەڵهات بۆ پاریس • عەبدوللا جەودەتیش دوورخرایەوە بۆ ( طرابلس الغرب ) ، ئەویش لەوێوە هەڵهات بۆ ( تونس)و لەوێوەش خۆی گەیاندە هاورێکانی لە پاریس •

لە سالی ١٨٩٧ز زوربەی ئیتحادی‌یەکان بێزاربوون‌و بە تەواوی مەئیووس بووبوون لە ئەنجامی زەبرو زۆری سولتان ( عبدالحمید ) ، بەلینەکانی کە دەی‌دا پێیان ، بەلام ئیسحاق سکوتی‌و عەبدوللا جەودەت قایل نەبوون بە هەلویستەکانی ئەمانە ، دوای ئەوەی رۆژنامەی ( المشورة ) زمانی کۆمەلەکە رامیاری خۆی گۆری بەرامبەر سولتان ( عبدالحمید ) لە ئەنجامی کارتێ‌کردنی کۆلدەرەکان‌و بەزیوەکان کە لەگەل سولتان‌دا ریك‌کەوتبوون ، ئیسحاق سکوتی‌و عەبدوللا جەودەت پێکەوە رۆژنامەی ( عوسمانلی )یان دەرچواند لە جنێف • بەلام سولتان عبدالحمید وازی لێیان نەهێناو ، لەگەلیانا هەولی‌دەدا بە رێگای بالیۆزەکەی مونیر بەگ کەوا ئارەزووی هەیە بەندی‌یە دەست‌بەسەرە رامیاری‌یەکانی کە لە ( طرابلس ) ن بەرەللا بکا بەرامبەر بە راگرتنی رۆژنامەی ( عوسمانلی ) • وەك ( رافررۆ ) دەی‌گێرێتەوە ، عەبدوللا جەودەت کە تەقدیری ئەو بارودۆخە گرانەی بەندکراوەکانی دەکرد • کە چۆن لە سەمرا دەژین ، بۆیە پێشنیارەکەی سولتانی قەبوول‌کرد •

پاشانیش سکوتیش قەبولی کردو رۆژنامەکەیان راگرت دوای بەرەللاکردنی بەندی‌یەکان ، بەلام ئەم رێك‌کەوتنە لە ئەنجام‌دا بووە هۆی ( مساوەمە ) کردنێکی گەورەتر لەگەل سولتان ( عبدالحمید ) دا ، ئەوەبوو لە سالی ١٩٠٠دا ئیسحاق سکوتی وەك تۆشداریکی عەسکەری لە بالیۆزخانەی عوسمانلی لە رۆما دامەزرێنرا ، هەر لە هەمان سال‌دا عەبدوللا جەودەتیش وەك تۆشدار لە بالیۆزخانەی ( ڤینا ) دامەزرێنرا • بەلام ئیسحاق سکوتی پەیوەندیی بە دزی‌یەوە هەر مابوو لەگەل هاورێکانی‌داو بە دزی‌یەوە نامەی بۆ رۆژنامەی ( عوسمانلی ) دەنارد کە ئەمیر ( صباح‌الدین ) دووبارە

دەری‌چواندبووەوە لە ( لندن )و ( فولکستون ) •

ڕامزرۆ دەربارەی سکوتی‌و عەبدوڵڵا جەودەت دەڵێ :

ئەم دوو کەسە حەزیان دەکرد بە تورك یان بە عوسمانلی بناسرێن بەلای کەمەوە ، زیاتر لەوەی بناسرێن بە دوو کەسی کوردپەروەر ( قومی ) • ( سەرچاوەی پێشوو ل٦٣ ) •

ئێمە لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم جۆرە قسانە پێویستە ڕەچاوی ئەم لایەنانەی خوارەوە بکەین :

یەکەم ، عوسمانچێتی لە سەرەتادا دوو تێ‌گەیشتنی دەدایە دەستەوە ، ( یەکێتی‌و بێ‌جیاوازی ) لە نێوان هەموو دانیشتوانی ئیمبراتۆری‌یەتی عوسمانلی بە بێ جیاوازی ، بەڵام پاشان هەڵگەڕایەوەو زۆر بە پەلە بەرەو شۆڤینی‌یەت‌و بە مەبەستی کردنی هەموو گەلانی عوسمانلی بە تورك ( تتریك ) • هەروەها لەو سەردەمە مەسەلەی ڕووخاندنی پێڕۆی ( نظام ) سوڵتان عبدالحمید هەموو نیشتمان‌پەروەرانی عوسمانلی یەك‌خستبوو لە گەڵ زیندووکردنەوەی دەستووری ساڵی ١٨٧٦ • لەگەڵ ئەوەش‌دا پێویستە ئەوەمان لە یاد نەچێ کەوا ئیسحاق سکوتی دڵسۆزی گەلەکەی بووەو کوردی خۆش‌ویستووەو پەیوەندیی بەردەوامی هەبووە لەگەڵ بەدرخانی‌یەکان‌دا ، کە لەو سەردەمە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بوونە ، چ لە ناو سنووری تورکیادا یان لە دەرەوەی وڵات‌دا ، هەروەها زۆر هاوڕێی عبدالرحمن بەدرخان بووە ، خاوەند ڕۆژنامەی ( کوردستان ) کە لە ژمارەی (٣٠) ی کوردستان‌دا عبدالرحمن بەدرخان شیوەنێکی گەرمی بڵاوکردبووەوە لە ژێر ناونیشانی «بزربوونی مەزنێك» دوای کۆچی دوایی کردنی سکوتی لە شاری ( سان ڕیمو ) لە ئیتالیادا ، باسی دڵسۆزی‌و ئازایەتی‌و ڕۆشنبیرێتی ئیسحاق سکوتی تیا کردبوو لەگەڵ پارێزی‌کردنی لێی دژی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی دەکران ، وا دەردەکەوێ عبدالرحمن بەدرخان ئاگاداریی هەبووە

له پەیوەندی یە نهێنیەکانی سکوتی(*) •

هەروەها وا دەردەکەوێ سکوتی حەلّقەی پەیوەندی بووە لە نێوان کۆمەڵەی ( ئیتحادو تەرەققی ) و ڕێکخراوە کوردی یەکاندا • ( ٣ : ل ١١٦ — ١١٧ ) •

ئیسحاق سکوتی وەك هەموو تێکۆشەرە کوردەکانی‌تر شانازی‌یان بە ئیمبراتۆریەتی عوسمانلی‌یەوە دەکرد وەك هەموو گەلە ئیسلامی‌یەکانی ژێر ئالأی ئەم ئیمبراتۆری‌یەتە ، بەو باوەڕەی هیچ جۆرە جیاوازی‌یێك ناکا لە نێوان گەلانی ئیسلامی بە هەموو نەتەوەکانیەوە ، لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی ئیسلامی یە ، دەوڵەتی عوسمانلی تا ماوەیێکی زۆر وازیی بەم کاغزەوە دەکرد بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی لە داگیرکردنی خاكو وڵاتەکانی ژێر دەستی بە ناوی جێ‌نیشینی ئیسلامەوە ( الخلافة الاسلامية ) تا بە تەواوی ئاشکرابوو کە ئەم داگیرکردنەش هیچ جیاوازی نی‌یە لەگەڵ داگیرکردنە ڕەگەزپەرستی‌یەکانو ماوەی چوار سەدەش دەوامی‌کرد • گەلی کورد لە ئەنجامی حوکم‌ڕانێتی عوسمانلی‌یەکانو داگیرکردنی کوردستان تووشی چەرمەسەرێو دەربەدەریو بەندیو خنکاندنێکی ئەوتۆ بوو زیاتر لە هەموو گەلە ژێر دەستەکانی تری عوسمانلی ، بە تەواوی سەربەخۆیی نیشتمانی‌یان لەناوچوو هەروەها کوردستان دابەش‌کرا لە نێوان ئێرانو تورکیادا لە ساڵی ١٦٣٩ز لە ئەنجامی ڕێك‌کەوتنێکی دووقۆلی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە •

دوای زیندوکردنەوەی دەستووری ساڵی ١٨٧٦ کوردەکان هەوڵیان دەدا دووبارە خۆیان ڕێك‌بخەنەوە •

لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەکانو شۆڕشە کوردی‌یەکان بەتایبەتی شۆڕشی نیشتمانیی کوردی لە شەمزینان لە ساڵی ١٨٨١ز ، بە

(*) سەیری ڕۆژنامەی کوردستان بکە ، ژمارە (٣٠) — جنیف ٣٠ (ذي الحجة ١٣١٩ك ١٤٠ ئازار — ١٩٠٢ •

سەرکردایەتیی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری • کە هەوڵدانەکانی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری نەگەیشتنە ئەنجام بۆ دانانی دەولەتێکی کوردی لەبەر کۆمەڵێ هۆ ، یەکێ لەو هۆیانە زۆرلێکردنی ئینگلیزو رووس بوو بە هاریکاری‌کردنیان لەگەڵ تورکیاو ئێراندا دژی بزووتنەوەی رزگاری‌خوازی گەلی کورد • لە توانیندا نەبوو شۆڕشی کورد ئامانجەکانی ئەنجام بدا لەو بارودۆخە زەحمەتەو دژایەتی وڵاتە گەورەکانی وەك ئینگلیزو رووسیا بکا لەگەڵ هاریکاری‌کردنی تورکیاو ئێران بە جووتە دژی گەلی کورد بۆ دابەش‌کردنی دەستکەوتەکانیان لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی شۆڕشی کورد •

دوای سەرنەکەوتنی هەموو بزووتنەوە کوردی‌یەکان ، لاوانو رۆشنبیرانو ئەمیرانو مولکدارە کوردەکانو هەموو نیشتمانپەروەرانی کورد رووبیان کردە بواری رامیاری‌و نواندنی چالاکیی رامیاری ، بەمەش بزووتنەوەی رزگاری‌خوازی گەلی کورد پێی نایە قۆناغێکی تازەوە لە کوردستانی تورکیادا دوای ئەوەی بزووتنەوە نیشتمانیەکانی گەلانی ئەرمەنی‌و بولغاری‌و عەرەبی‌و گەلە چەوسێنراوەکانی ژێر چەپۆکی داگیرکەرانی عوسمانلی کاریان کردبووە سەر گەلی کوردو سودی لێیان وەرگرتبوو •

بەم جۆرە قۆناغی لەدایك‌بوونی کۆمەڵەو رێکخراوە جەماوەری‌یەکانو رۆژنامە کوردی‌یەکان دەستی‌پێ‌کرد ، قۆناغی بڵاوبوونەوەی بەئاگابوونی رامیاری‌و نەتەوایەتی ، قۆناغی پەیوەندی‌کردنو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە نێوان کوردە نیشتمانپەروەرەکان لە پێناوی رێك‌خستنی ریزەکانیان •

لە شاری ( القاهرة ) خوالێخۆشبوو مەدحەت بەدرخان رۆژنامەی ( کوردستان ) ی لە ساڵی ١٨٩٨ز دەرچواند ، ئەوەبوو ژمارە یەکی لە ٢٢ ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ دەرچوو • رۆژنامەی کوردستان دەوری خۆی بینی لە راپەڕاندنی هەستی نەتەوەیی‌و گەشە پێدانی‌و بانگ کردنی ئیتحادی‌یەکانو سەرۆکەکانی کوردو پیاوە ئاینی‌یەکان بۆ خەباتو تێکۆشان • (٣:ل٩٠–٩١)

وا دیـاره ڕووداوەکانو گۆڕانکاری‌یەکانی سالی ١٩٠٨ بە جۆرێکی دیاری‌کراو گەشەی بە بیرو باوەڕی کوردایەتی‌دا لە تورکیادا • کوردەکان لەو سەردەمەدا بـە هەلیان زانی خەریکی خـۆ ڕێکخستن بنو سوود لە دەروون فراوانی ئەو سەردەمە وەربگرن کە لە بـواری ڕامیاری کەوتـە ڕوو دوای کودەتای دەستووریی کە کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەققی پێی هەلسا لە سالی ١٩٠٨ • (٨ : ل ١٢٥ ) •

ئەم هەوڵدانو تێکۆشانەی گەلی کورد بووە هۆی دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵەی ڕامیاری کوردی لە ئەستەمبوڵ لە سالی ١٩٠٨ بە ناوی (کۆمەڵەی تەعالیو تەرەققی کوردی )(*) • بەم جۆرە سالی ١٩٠٨ بە سالی سەرەتای دامـەزراندنی کۆمەڵـەو ڕێکخراوی ڕامیـاری کـوردی دادەنـدرێو دەست‌پێ‌کردنی قـۆناغێکی تازەش بـوو لە تێکۆشـانی گـەلی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازی نەتەوەیی • بەم جۆرە کوردستان نۆبەرەیێکی تازەی لەدایك‌بوو ئەویش کۆمەڵەی تەعالیو تـەرەققی کوردی بوو ، کـە جێگای هیواو ئۆمیدی کورد بوو بۆ وەرگرتنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد وەك گەلە تێکۆشـەرەکانی تری ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانلی لە پێنـاوی ڕزگاربوونیـان لە زولمو جـەورو چەوساندنـەوەی دەوڵەتی عوسمانلی‌و وەدەست‌هێنانی سەربەخۆیی نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌یان •

لە سالی ١٩٠٨ یـەکەم کۆمەڵەی ڕامیاریی کوردی لە ئەستەمبـوڵ دامەزرێنرا ، بـە ناوی ( کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان ) ــ کردستان تعالی جمعیتی ــ ئەم کۆمەڵەیە لە لایەن کۆمەڵێ تێکوشەرانی کورد دامەزرێنرا لەوانە :

ئەمین عالی بەدرخانو شەریف پاشاو شەهید عەبدولقادر شەمزینی ــ

---

(*) لە سالی ١٨٨٩ ز حیزبێکی ڕامیاری بە ناوی ( کۆمەڵەی ئیتحادو تقدم ) دامەزرێنرا لە ئەستەمبوڵ لە لایەن چوار کەسەوە ، لەمانە دوانیان کورد بوون : ئیسحاق سکوتی‌و عەبدوللا جەودەت . ( ٢٦ : ل١٨ ) .

که کەمالی‌یەکان خنکاندیان لە دیاربەکر ــ لەگەڵداماد ذو الکفل ) پاشاو چەند تێکۆشەرێکی تر •

ئەم کۆمەڵەیە لە ئەنجامی چەوساندنەوەی گەلی کورد لەلایەن حیزبی ئیتحادو تەرەققی‌یەوەو پێشانیش لە لایەن عوسمانلی‌یەکانەوە لەدایك‌بوو •

ئامانجی کۆمەڵەکە پەرەپێدانی‌و پێشخستنی کوردستان بوو ، پێڕۆی ناوەوەی کۆمەڵەکە ئەرکەکانی دەستەی ڕاوێژکاری کۆمەڵەی لە ماددەی چواردا دیاری‌کردبوو ئەویش بە ئەنجامدانی ئامانجەکانی کۆمەڵە لە پەرەپێدانی کوردستان لە ڕووی ماددی‌و مەعنەویەوە ، لەگەڵ بایەخدان بە پەروەردەی ئیسلامی نەتەوەی کورد لە لایەنە گیانی‌یەکان‌و هزری‌یەکانەوە • هەروەها دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی دیاری‌کردبوو بە (٦ ــ ١٣) ئەندام • پێڕۆی ناوەوەی کۆمەڵە لە ساڵی ١٣٣٥ی کۆچی دەرچووە ، کەواتە دوای دامەزراندنی کۆمەڵەکە بە بێ دواکەوتن •

دەربارەی ئامانجەکانی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان عەبدولعەزیز یامولکی دەڵێ : کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان هیچ ئامانجێکی کەسیی نەبوو ، کۆمەڵە هەموو سەرۆکە کوردەکانی ئاگادارکردبووەوە کەوا ئامانجەکانی کۆمەڵە هێنانەدیی ئامانجە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و ئایینی‌یەکان‌و مێژوویی‌یەکانی گەلی کوردە بۆ ئەوەی کوردستان لە لایەن گەلێکی تر یان دەوڵەتێکی ترەوە داگیر نەکرێت • ( ٣٦ : ل ٥٥ ) بەمە دەردەکەوێ کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان هەوڵ‌و تەقەلای دەدا لە پێناوی ڕزگارکردنی کوردستان لە چنگ داگیرکەرانی عوسمانلی‌و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ • لەو سەردەمە کۆمەڵە باوەڕی وابوو کەوا ئینگلیز دۆستی کوردەو یارمەتی‌یان دەدا لەو قۆناغەدا ، بەڵام دوارۆژ ئاشکرای کرد کەوا ئینگلیز یارمەتی گەلانی چەوساوە نادەن ، بەڵکو یارمەتی خاوەند دەسەڵات‌و هێزدارەکان دەدەن دژی گەلە چەوساوەکان لە پێناوی هێنانەدیی بەرژەوەندەکانیان •

کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان بەرەنگاری جووڵانـەوەو پیـلاەکانو موناوەرەکانی دوژمنانیان دەکرد کە لە پشت پەردەوە دژیان دەگێڕدرا • بەڵام کۆمەڵە نەیتوانی خۆی بپارێزێ لەو پیلانانە تـا وردە وردە لاواز بوو ، پاشان لە مەیدانی خەباتدا بزربوو • کۆمەڵەیێکی تازە شوێنی گرتەوە بە ناوی ( کۆمەڵەی هیڤی ) •

ناسراوترین کەسـاتێك لەوانەی دامـەزرێنەری کۆمەڵەی تـەعالیی کوردستان بوون ، خـوالێخۆشبوو سـەیید عەبـدولقادرو ـ شەهیدی نیشتمان ـ جەلادەت ئەمین عالیو مورادو موحەممەد عەلیو خەلیل ڕامیو کامەرانو نەوەکانو وەچەکانی بەدرخانی گەورەو فوئاد پاشـاو حیکمەت بابانو حوسێنو شوکریو فوئاد مەحمودو عەلی ، کە بابانی بوون لەگەڵ سەیید عەبدوڵلاو ڕەمزی بەگی خەرپووتیو ئەکرەم بەگو جەمیل پاشـا زادەو نەجمەددین حوسێنو مەمدوح سەلیمو حەسەن حامیدو فەریدو دوکتۆر شـوکری مەحەمـەدو حوسێن عەونی نوێنەری پێشووی ( خەرپوت ) و مەحەمـەد نوێنەری ( مەلاتیا ) ی پێشوو و ئەمین زەکیو میرەڵای خەلیل بەگی دەرسمیو مەحمود نەدیم پاشاو فەریق مستەفا پاشا سولیمانیو فەریق حەمدی پاشاو مەحەممەد ئەمین زەکی بەگی سولیمانیو شێخ عەلی شێروەلیو سەیید شەفیق ئەفەندی خێزانیو گەلێ ناوی تریش •

لە ناوی ئەم دامەزرێنەرانە بۆمان دەردەکەوێ کەوا ئەمانە نموونەو هەڵبژاردەی ڕۆشنبیرانو ڕامیارانی کورد بوونە لەو قۆناغەدا ، هەروەها ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کەوا گەلی کورد لە کوردستانی تورکیادا چەنـد بایەخیداوە بە خەباتو تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاربوونی لە جەورو ستەمو چەوساندنەوەی لە چنگی عوسمانلییەکان ، کە جووڵانەوەیێکی بێوچانو بەردەوام بـەبێ ئـەوەی ماندوێتی بزانێ یـان جاڕس بێ لە گۆڕەپانی کوردستاندا ئـەنجام دەدرا • دوای دامـەزراندی ( کۆمـەڵەی تەعالیی

کوردستان ) کۆمەڵەی ( تە شکیلاتی کۆمەڵایەتی کوردستان ) دامەزرێنرا لە لایەن ئەمیر عەلی جەودەت بەدرخانو کامەران بەدرخانو کەماڵ فەوزیو ئەکرەم جەمیل پاشا شازادەو دوکتۆر شوکری مەحەمەدو مەمدوح سەلیمو هەندێ کەسانی تر . ئەمیر ئەمین عەلی بەگ بەدرخان سەرۆکی کۆمەڵەکە بـوو .

لە هەمان کاتدا لە ئەستەمبوڵ کۆمەڵەیێکی تر دامەزرێنرا بـە ناوی ( حیزبی نەتەوەی کورد ) ەوە .

ئەم کۆمەڵەیانە بەردەوام بوون لەسەر چالاکییان لە ئەستەمبوڵ تـا هاتنی لەشکری کەمالییەکان بۆ ناو شاری ئەستەمبوڵ . ئەم کۆمەڵەیانـە سـەدەها لقو ناوچەیان کردبووەوە لە سەرانسـەری کوردستاندا . بەڵام هەموو ئـەم کۆمەڵەیانە هەڵوەشێنـدرانەوە بە دامەزراندنی ( کـۆمەڵەی خۆیبـوون ) ی کوردی نیشتمانیو هەموو ئەندامانی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکانی پێشوو چوونە ڕیزی خۆیبوونەوە ، بەم جۆرە هەموو هێزە رامیـاریو ڕۆشنبیرییە کوردییەکان لە کۆمەڵەیێکی تازەدا کۆبوونەوە ئەویش کۆمەڵەی خۆیبوون بوو . ( ١٥ : ل ٥٢ ــ ٥٣ ) .

بە چوونە ناوی ئەم کۆمەڵەو یانە ڕۆشنبیرییانە بە گشتی بۆ ڕیزی خۆیبوون دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی نیشتمانیو نەتـەوایەتیی کورد پێی نایە قۆناغێکی تازەوە لە ڕێبازو شێوازی خەباتدا لە پێناوی یەکێتیی گەلی کوردو وەدیهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی تا دەگا بە مافی چارەنووسی لە هێنانەدیی سەربەخۆیو ڕزگاربوونی لە چنگی دەوڵەتی عوسمانلی .

**کۆمەڵەی کوردستان ــ کردستان جمعیتی :**

کۆمەڵەی کوردستان لە ساڵی ١٣٣٤ ی کۆچی لە شاری ئەستەمبوڵ دامەزرێنرا . ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە رامیاریو کۆمەڵایەتیو ئابووری بوو ،لە پێناوی جێبەجێکردنی هیوا نەتـەوەییەکانی گەلی کورد بوو .

پێڕۆی ناوخۆی کۆمەڵە سوور بوو لەسەر کردنەوەی لێژنە ناوچەیی‌یەکانو لقەکان لە گشت ناوچەکانی کوردستان‌دا لە کاتی پێویست ، لەگەڵ بوونی مافی دەرچـواندنی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکردنەوەی کتێبو کردنـەوەی دامودەسگا ( خەیری‌یەکان ) و کۆمەڵایەتی‌یەکان(*) •

کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانیاری کوردی :

ئەم کۆمەڵەیـە ـ ( جمعية نشر المعارف الكردية ) لە ساڵی ۱۹۰۸ ز دامەزرێنرا ، وەك کۆمەڵەیێکی ئەدەبی‌و پەروەردەیی•ئەوەبوو قوتابخانەیێکی کوردی لە ( چەمبەرلی‌طاش ) کردەوەو سەیید خەلیل خەیالی بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە بوو ، مەبەست لە کردنەوەی فێرکردنی منداڵە کوردەکانی ئەستەمبوڵ بوو • بەڵام هاتنە سەر حوکمی ئیتحادی‌یەکانو گرتنەدەستی کاروبـاری دەوڵەتی عوسمانلی‌و دامەزراندنی حوکومەتێکی زاڵم‌و زۆردار لـە ژێر سـێبەری دەستوورو دیموکراتی‌یەت بووە هۆی داخستنی ئـەم کۆمەڵەیەو قوتابخانەکەی • (۳۲:ل۵۱ـ۵۲) •

ئەم کۆمەڵەیە پێڕۆی ناوخۆکەی لە ساڵە ۱۳۳٤ ی کۆچی لە چاپ داوەو بڵاوی کردۆتەوە • (*)

کۆمەڵەی هێڤی کوردی :ـ ۱۳۲۸ کۆچی بەرامبەر ۱۹۱۰ ز ـ

دوای داخستنی کۆمەڵەی تەعالی‌و تەرەققی کـوردی‌و کۆمەڵـەی

---

(*) پێڕۆی ناوخۆی ( کۆمەڵەی کوردستان ) ۱۳۳٤ ی کۆچی . بە زمانی تورکی لە چاپخانەی ( نجم استقبال ) لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە و ئێمەش وەرمان‌گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ـ دەستخەتی کتێبی ( الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ـ ۱۹۰۸ ـ ۱۹۵۸ ) .

ـ نووسەر ـ

(*) پێڕۆی ناوخۆی ( کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانیاری کوردی ) ـ کۆمەڵەی نشری معارفی کوردی ـ بە زمانی تورکی ـ چاپخانەی ( نجم استقبال ) ۱۳۳٤ . دەقی پێڕۆکەمان لە دەستخەتی کتێبی ( الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ـ ۱۹۰۸ ـ ۱۹۵۸ ) بڵاوکردۆتەوە .

ـ نووسەر ـ

( نەشری مەعارفی کوردی ) و بەردەوامبوونی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان لەسەر چالاکی‌یەکانی بە شێوەیێکی نهێنی لە ڕێکخستنی لاوە کوردەکانو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ڕامیاریو هزری لە نێوانیاندا • لاوانی کورد هەوڵی پڕکردنـەوەی بەتاڵایی‌یـە ڕامیاری‌یەکانیـان دەدا لـە گۆڕەپانی کوردایەتی‌دا کە لە ئەنجامی داخستنی ئەم دوو کۆمەڵەیە پەیدابوو • دوای تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر داخستنیاندا ، قوتابی‌یە کوردەکانی قوتابخانەی کشتوکاڵ لە ئەستەمبوڵ توانییان کۆمەڵەی ( هیڤی ) کوردی دابمەزرێنن لە ساڵی ١٩١٠ ز • لە ئەندامە دامەزرێنەرە بەناوبانگەکانیان :

عومەر بەگ جەمیل پاشاو قەدری جەمیل پاشا لە ناسراوەکانی دیاربەکرو فوئاد تەمۆ بەگی وانلیو زەکی بەگو ئەکرەم بەگی جەمیل پاشاو مەمدوح سەلیم بوون • خەلیل خەیاڵیی موتەکیش گەورەترین هاندەریان بوو بـۆ دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەو ئاراستەیانیشی دەکرد ، جگە لەوەی خۆی یەکێ لە دامەزرێنەرەکان بوو •

کۆمەڵەی ( هیڤی ) دووەمین کۆمەڵەی کوردیی ڕامیاری‌یە دێتە کایەوەو لە هەموو کۆمەڵە کوردی‌یەکانی ئەو سەردەمە چالاکتر بوو ـــ بەتایبەتی پێش شەڕی جیهانی یەکەمـــهەروەها توانی لقەکانی لە وڵاتی ئەوروپایی‌یەکان بکاتەوە • زمانی حاڵی کۆمەڵەی هیڤی گۆڤاری ( ڕۆژی کورد ) بوو کە بە کوردیو تورکی دەردەچوو • پاشان ئەم ناوەیان گۆڕی بە ناوی ( هەتاڤی کورد ) دواجاریش کرایە ( ژین ) • ( ڕۆژی کورد ) سێ ژمارەی لێ دەرچوو ، ژمارەی یەکەمی لە ١٤ ی ڕەجەبی ساڵی ١٣٣١ ی کۆچی دەرچووە کە دەکاتە ساڵی ١٩١٣ ز • ژمارەی دووەمو سێیەمی لە ١٤ی شەعبانو ١١ی ڕەمەزانی هەمان ساڵ دەرچوونە •

ئەم کۆمەڵەیە ، کەواتە کۆمەڵەی ( هیڤی ) بەردەوام بووە لە نواندنی چالاکی تا ڕۆژی بەشداربوونی تورکیا لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ، ئەوەبوو

بــە هۆی بەشداربوونی ئەندامەکانی لــەم شەڕەدا ئیشوکاری کۆمەڵەکە پەکخرا • (*) بەڵام دووبارە دەستیکردەوە بە چالاکی‌یەکانی دوای ڕاگرتنی شەڕو بەردەوام بوو لە چالاکی نواندن تا مستەفا کەماڵ شاری ئەستەمبولی گەڕاندەوەو لە ساڵی ١٩١٤ ز مستەفا کەماڵ بەتوندی بەربەرەکانی کۆمەڵەی ( هیڤی ) دەکردو توانی چالاکی‌یەکانی کەم بکاتەوەو لاوازی بکا ، بەڵام لــە عێراق‌و سووریادا کۆمەڵە بەردەوام بــوو لەســەر چالاکی‌یەکانی • (٢٢:ل٥٢) •

کۆمەڵەی هیڤی کتێبی ( قامووسی فێرکردنی زمانی کوردی ) بە زمانی کــوردی‌و تورکی وەك یەکەمین کتێبی کۆمەڵە دەرکرد بــە دوو شێوەی کرمانجی‌و بابانی لە ساڵی ١٩٢١ ز ، ئەم کتێبە ژمارە (١) ی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی هەڵگرتووە •(*)

دەربارەی چــوونــە ڕیــزی کۆمەڵەی هیڤی‌یەوە ( زیننار سلۆپــی )

دەڵێ : ❋❋

ئەکرەم جەمیل پاشاو مەمدوح سەلیم بەگ هەردووکیان هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنی کۆمەڵەوە چوونە ڕیــزی‌یەوەو دوو ئەندامی چالاکی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بوون • قوتابی‌یانی کورد زۆر بە جۆشەوە ڕوویان دەکردە کۆمەڵەی هیڤی‌و دەچوونە ڕیزیەوە ، لە ماوەیێکی زۆر کەمدا ژمارەی ئەندامانی زۆربوون‌و لە ئەندامە ناسراوەکانی :

شەهید کەماڵ فەوزی‌و براکەی ضیاء وەهبی‌و نەجمەددین حوسێن

---

(*) ( هینکر زیمان کوردی ) ڕابەری زیمان هردوو کوردی : کورمانجی بابانی ــ چاپخانــەی ــ استقبال ــ بابعالي ــ ابــو الـسعود ــ ١٣٣٧ کۆچی ــ ١٩٢١ ز .

(❋❋) زیننار سلۆپی نازناوی نووسەری کتێبی Doza Kurdistan ، کە نووسەرەکەی ( قەدری جەمیل پاشایە ) .

کەرکووکیو عەزیز بابانو شەفیق ئەرواسیو هەمزە موکسیو طەییب عەلی خەرپووتیو عەبدولکەریم سولیمانیو صالح دیاربەکریو عەبدولقادر دیاربەکریو ئاسف بەدرخانو مستەفا ڕەشاد دیاربەکریو دوکتۆر مستەفا شەوقی مەهابادیو مەحەمەد میهری سنەییو دوکتۆر فوئاد حەکاریو عەبدولڕەحیم حەکاریی شاعر •

لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەو بەرزبوونەوەی هۆشیاری ڕامیای لە نێوان لاوانی کورددا ،خوالێخۆشبوو شەهید طەییب عەلی هەوڵی کردنەوەی لقێکی کۆمەڵەیدا لە ئەرزڕوم کە لەو کاتەدا لەوێ قوتابی بووە ، هەروەها قوتابییانی کورد لە ناوچەکانو ولایەتەکانی تری کوردستانەوە بە ڕێگای نامە نووسیندا پەیتا پەیتا پەیوەندییان بە مەڵبەندی کۆمەڵەوە دەکرد • گۆڤاری ( ڕۆژی کورد ) کە هەفتانە بە دوو زمانی کوردیو تورکی دەردەچوو ، لە سەرەتادا عەبدولقادر سولیمانی دەریدەچواند لە ساڵی ١٩١٣داو نووسەرە ناسراوەکانیشی پرۆفیسور بابان زادەو دوکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت بەگو مەمدوح سەلیم(*) بەگ وانلیو شەهید یوسف ضیاء بەگ بەتلیسیو شەهید کەماڵ فەوزیو نەجمەددین کەرکووکی فەخریو مەسعود سولیمانیو فوئاد تەمۆو فازڵ موخلیسیو ئیسماعیل حەقی بابان زادەوح •

---

(*) لە چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ بەڕێز شوکور مستەفا دەربارەی هێژا مەمدوح سەلیم بەگ چەند پرسیارێکمان لێ کرد لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ١٩ ـ ٢ ـ ١٩٨٧ لە بارەگای کۆڕی زانیاری ـ دەستەی کورد ـ لە بەغدا . لە وەڵامدا وتی : چاوم بە مدوح سەلیم کەوتووە لە شاری دمشق لە ساڵی ١٩٥٦ لە کتێبخانە کەسێتییەکەی خۆی ، کە ئەو کاتە ماڵی لە (دمشق) بووەو کتێبخانەیێکی گەورەی لە ماڵەوە هەبووە . زمانی تورکیو فەرەنسیو عەرەبی زانیوە جگە لە زمانەکەی خۆی زمانی کوردی . مامۆستا شوکور وتی لەم سەردانەمدا لەگەڵ سەیدا عوسمان صەبری سەرمان لیدا ، دوای ئەوەی لە شاری (دمشق) نیشتەجێ بووبوو کە لە کوردستانی تورکیاوە لە دەست زوڵمو جەوری پیرۆزی مستەفا کەماڵی ئەتاتورك هەڵهاتبوو بۆ سووریا .

ـ نووسەر ـ

ب • خەرپوتلی و م • ص • ئازیزیو فیکری نەجدەتو م • صالح بەدرخان • خاوەند ئیمتازو بەڕێوەبەری لێپرسراوی ڕۆژنامەکەش عەبدولکەریم سولێمانی بوو •

ناسراوترین نووسەرانی بەشی کوردی ( ڕۆژی کورد ) ئەمانە بوون : نەجمەددین حوسێن کەرکووکیو عەبدولکەریم سولێمانیو هەمزە موکسی • ( ٣٥:ل٢٨ـ٣٤) •

کۆمەڵەی ( سەربەخۆیی کورد ) یش لە هەمان کاتدا ، کەواتە دوای هودنە دامەزراو دەستیکرد بە چالاکی نواندن •

**کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد(*) :**

ئەم کۆمەڵەیە دوای هودنە دامەزرا بە سەرۆکایەتی عەبدولقادر ئەفەندی لە ئەستەمبوڵ ، سەرۆکە کوردەکانو میرانی کورد تیایا بەشداربوون ، ناسراوترین دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە ئەمیر سوریا بەدرخان بوو • بە هۆی زوڵمو زۆرو چەوساندنە وەی گەلی کورد لەسەر دەستی عوسمانلییەکان لە کوردستانی تورکیادا ، دامەزرێنەرانی کۆمەلەکە ناچاربوون چالاکی ڕامیارییان بە شێوەییکی ئاشکرا لە دەرەوەی کوردستان بنوێنن • پاشان بەدرخانییەکان لە کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد جیابوونەوەو کۆمەڵەییکی تریان دامەزراند بە ناوی ( کۆمەڵەی تەشیکلاتی کۆمەڵایەتی کوردستان ) • ( ١١ : ل ٣١٣ ) •

---

(*) ناوی ئەم کۆمەڵەیە جاری وا هەیە پێی وتراوە ( یانەی کوردی ) جاری واش هەیە ( حیزبی سەربەخۆیی کورد ) یان ( حیزبی دیموکراتی کورد ) . لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا وەك دوکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ئەم ناوانەی لە ئینگلیزییەوە گۆڕیویەتییە سەر زمانی عەرەبی لە نووسینەکانی ( كورستان في عهد السلام ) دوای شەڕی جیهانی یەکەم ) لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری ( الثقافة ) لە ساڵانی ١٩٧٩ ـ ١٩٨٧ .

ـ نووسەر ـ

دەربارەی ئـەم جیابوونەوەیە بەڵگەنامەی بەریتانی لـە ٢٠ی مایسی ساڵی ١٩٢٠ ز دا لە ژێر ناونیشانی هەڵبژاردنی ( یانەی کوردی ) کە مەبەست لە یانەی کوردی لێرەدا ( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد ) ە ، لە ئەستەمبوڵ ، باسی دوو لیستە دەکـا ، لیسـتەی بەدرخانی‌یەکان ، کـە دژی جەماعەتی عەبدولقادر ئەفەندی بـوو ، ئەمانەش لـە ئەندامانی کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی کورد بوونو بەم جۆرەی لای خوارەوە •

١ ــ دوکتۆر عەبدۆڵلا جەودەت بەگ ــ خەڵکی خەرپووت • تۆشدارو نووسەر •

٢ ــ شوکری بەگ بابان ــ خەڵکی دیاربەکر • نووسەر •

٣ ــ شوکری مەحەمەد بەگ ــ خەڵکی دیاربەکر • نووسەر •

٤ ــ جەلادەت بەگ بەدرخان ــ خەڵکی دیاربەکر • نووسەر •

٥ ــ ئەکرەم جەمیل بەگ ــ خەڵکی دیاربەکر • دبلۆمی ( پەیمانگای باڵای مەلەکی ) تەواوکردووە •

٦ ــ ئەمین عالی بەگ ــ خەڵکی دیاربەکر • پشکێنەری گشتی دادگەریی پێشوو.•

٧ ــ حوسێن حاجی بەگ ــ خەڵکی ئورفە • پارێزەر.•

٨ ــ مەمدوح سەلیم ــ خەڵکی وان ــ نووسەر لە ڕۆژنامەی ( ژیـن ) •

٩ ــ نەجمەددین حوسێن بەگ ــ خەڵکی کەرکوك • مامۆستای (عولوم)•

کۆمەڵە بارەگای کاتیی لە مەکتەبی (ژین) بوو لە شەقامی (ابوالسعود)ــ ڕێگای (الباب‌العالي)(*) : (ل١٠٥ــ١٠٦) •

کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد چالاکیو بەشداریێکی فراوانی هەبوو بەتایبەتی لـە بواری دەوڵەتانی دەرەوە : یادداشتێکی بـە ئیمزای ئەحمەد

---

(*) دوکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ــ « کوردستان في عهد السلام » گۆڤاری ( الثقافة )ژمارە ــ ٢ ــ ساڵی ١٩٨٧ •

سورەییا ( ثریا ) بەدرخان لە قاهیرەوە پێشکەش کردبوو بە نوێنەرانی دەوڵەتانو ئەم یادداشتە بەڵگەنامەی بەریتانی باسی دەکا لە ژمارە ٦٠٨/٩٥/٤٣٤کە ( السیر وینکیت ) باسی دەکا لە ١٦/١٢/١٩١٨ • یادداشتەکە باسی کێشەی کورد دەکاو نارەزایی دەردەبڕێ دەربارەی دابەش کردنی کوردستانو چاوچنۆکی وڵاتە بیانی‌یەکان دەربارەی کوردستان •(*) (ل٥٨)

لەم یادداشتەو برووسکانەی نوێنەرە سامی‌یە بەریتانی‌کان لە ئەستەمبوڵ لەگەڵ بەڵگە نامەکانی کۆبوونی ئاشتی ( مؤتمر السلام ) لە پاریس ، بە ئاشکراو ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کەوا کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردو سەرۆکەکانی کورد چەند بایەخیان داوە بە گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بە دامودەستگا دەوڵەتی‌یەکانو پەردە لادان لەسەر زوڵمو زۆری دەوڵەتی عوسمانلی دەرحەق بە گەلی کورد • لەم ڕووەوە دوکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر بە دووروو درێژی باسی ئەم چالاکی‌یانەی کردووە لە تۆژینەوەکەی ( کوردستان في عهد السلام ) دا ، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو وتارانە ئەگەر مەبەستی زیاتر شارەزابوون بێ لەم ڕووەوە •

هەر دەربارەی چالاکی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد کە بە ناوی ( یانەی کورد )دا هاتووە لە بروسکەیێکی ( ئەدمیراڵ ـ السیر ـ ج ـ دي ـ ڕۆبیك ) لە ئەستەمبوڵەوە ناردوویەتی بۆ (ئیرل کیرزن ) بە ژمارە ٣٠٤ـ٤٨ـ١١ـ٢٤٣١ لە ٢٩/٣٠/١٩٢٠ • بەم جۆرەی لای خوارەوە :

ـ بە پەلە ـ

نیشانە بە بروسکەتان ژمارە ٢٥٤ •

یانەی کورد لێرە ئەندامانی تریشی گرتۆتەخۆی‌و گرنگی‌یان بەرەو زیادبوون دەڕوا بە پێی زیادبوونو پەرەسەندنی کێشەی کورد بەرەو

(*) دوکتۆر ئەحمەد عوسمان ـ ئەبوبەکر هەمان سەرچاوەی پێشوو •

گەیشتن بە ئەنجام • ڕاكانی نوێنەرانی ( یانە ) كـە دەستنیشانیان دەكـا لەوانەیە هــەنــدێ سوودی هــەبێ ، باشترین شێوەش بۆ بانگ‌كردنیان ، بانگ‌كردنیانە بە دەمی • لەبەر ئەوەی شەریف پاشا نوێنەری هەموو كوردان نی‌یە ، بۆیە حوكومەتی خــاوەنــد ( جەلالە ) ئامادەیە گوێڕایەڵی ئــەو سەركردانە بێ كە لێرەوە دەنێردرێن ئەگەر ژمارەیێكی دیاری‌كراو بنێرن ، سێ كەس بـۆ نموونە لـە خاوەند ڕاكانیان • مـن وای بـۆ دەچم لەگەڵ فەرەنساوی‌یەكان لەم ڕووەوە ڕێك بكەوین،ئەگەر وا نەبێ تووشی مەترسی بە گژیەكتراچوون دەبین لەگەڵیان‌دا ، كە ئەمەش ئێمە لەم كاتەدا خۆمانی لێ لادەدەین زیاتر لە هەموو كاتێكی تردا ، خۆ ئەگار كوردستانی سەربەخۆ پەیدابێ ، ئەوا چاكەكەی دەگەڕێتەوە بۆ بەریتانیای مەزن • ( ل٦٨)(*) •

هەروەها كۆمەڵەی سەربەخۆیی كورد یادداشتێكی دایــە وڵاتــە هاوپەیمانــەكان لە ئازاری ســاڵی ١٩٢٠ ، تیــایا داوای وڵاتێكی كوردیی سەربەخۆی كردووە ، وڵاتێكی ڕزگاركراو لە چنگی عوسمانلی‌یەكان ، ئەم وڵاتە بریتی بێ لە ناوچە كوردەكانی ئێرانیش • ئەم یادداشتە باسی‌كراوە لە بەڵگەنامەی بەریتانی ژمارە ٣٧١و ٥٠٦٨و ٢١٢٧(**) (ل٩٦) •

دەربارەی چالاكی‌یەكانی كۆمەڵەو سەرۆكەكەی عەبدولقادر ئەفەندیو بەشداربوونەكانی لە كۆبوونی ئاشتی‌دا لە پاریس ، بەڵگەنامەی بەریتانی ژمارە ٦٠٨/٩٥/١٩٨٢٩ لە تشرین یەكەمی ساڵی ١٩١٩ ز ، كە تیایا باسی نامەیێكی شەریف پاشا دەكا لەگەڵ دوو نامەی عەبدولقادر ئەفەندی سەرۆكی لێژنەی ناوەندی كۆمەڵەی كورد ، پێشكەش‌كراون بە ئەنجومەنی باڵای كۆبوونی ئاشتی لە پاریس ، تیایا دابــەش‌كردنی كوردستان بە دووبــەش ڕەت‌دەدەنەوە ، هەروەها لە نامەكان داوای یارمەتیو پاڵپشتی دەكا لــە

---

(*) دوكتۆر ئەحمەد عوسمان ـ سەرچاوەی پێشــوو ـ ژمارە ـ ٩ ســاڵی ١٩٧٩ •

(**) سەرچاوەی پێشوو ـ ژمارە (٢) ـ ساڵی ١٩٨٣ •

دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کە بەربەستی حوکومەتی عوسمانلی بکەن لە چەوساندنەوەی گەلی کورد •

لەم ماوەیەدا ، کەواتە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا ، بەریتانیا بایەخی بە کێشـەی کورد دەدا ، بەتایبەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ( لوید جۆرج ) لە کۆبوونەوەیێکی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا دەری بڕی کەوا گەلی کورد مافی ڕزگاریو ئازادبوونی هەیە ، دوابەدوای ئەم ڕادەربڕینەی ( لوید جۆرج ) سەرکردەکانی ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردی یەکان بروسکەی لایەنگیری یان نارد بۆ پەرلەمانی بەریتانیو ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

بۆ پەرلەمانی بەریتانی

لە ئەستەمبوڵەوە ــ لە ٢٦ ساڵی ١٩٢٠ز •

بۆ هێژاو مەزن لوید جۆرج سەرۆکی وەزیران ــ (لندن) ــ ئێمە کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە نوێنەرانی ڕێکخراوە ڕامیاری یە کوردی یەکان ، لە جیاتی گەلی کورد هەستی خۆمان دەردە بڕین بە سوپاس کردنتان بە هۆی دەربڕینی ڕاتان بۆ جاری یەکەم لە ٢٥ی شوباتدا ، تیایا ڕزگاریو ئازادی گەلی کورد ڕادەگەیێنن • بۆ هێژاتان دووپاتی دەکەینەوە کەوا ئێمەی کورد جێگای باوەڕی وڵاتە هاوپەیمانەکانینو داوا لە حوکومەتی بەریتانیا دەکەین یارمەتی کورد بدا بۆ پەرەپێدانی وڵاتەکەمان •

ئەمین عالی •. جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەڵایـەتی کورد •

مەمدوح سەلیم بەگ • سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کورد •

( صبری ) ــ سەرۆکی ڕێکخراوی قوتابیانی ( هیڤی ) کوردیی •

کەماڵ فەوزی • بە ناوی ڕۆژنامەگەریی کوردی • (ل٦١ ــ ٦٢ )(*)

دوای پەیمانی ( مۆدروس ) چەند ڕێکخراوێکی کوردی پەیدابوو ،

---

(*) دوکتۆر ئەحمەد عوسمان ــ هەمان سەرچاوەی پێشوو ــ ژمارە (١) ــ ١٩٨٣ •

لەو ڕێکخراوانە ڕێکخراوی ( ڕزگاریی کوردستان ) کە سەیید عەبدوڵلای کوڕی شێخ عەبدولقادر دایمەزراند ، کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان تووشی گەلێ چەرمەسەریو ڕاونان بوو لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانلیوە ، لەم ڕووەوە ( مێجەر نۆئێل ) لە بروسکەی ژمارە ١٤٣٠ ی ڕۆژی ١٠ ی تەمموزی ١٩١٩ دەڵێ :

« یانەی کورد لە دیاربەکر بە فەرمانی حوکومەتی ئەستەمبوڵ داخرا • هەندێ لەو کەسانەی خۆشحاڵیش بوونو خۆشحاڵییان دەربڕیبوو بە گەیشتنی نۆئێل ، لە کوردستاندا تووشی چەرمەسەریو نارەحەتی بوون لە لایەن کاربەدەستانەوە ، هەروەها بە هۆی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردەوەو ناردنی یادداشتێك بۆ کۆبوونی ئاشتیو ئەم چالاکییانەش لە لایەن حوکومەتی عوسمانلییەوە بۆتە شتێکی ئاشکراو زانراو • پاشان دەڵێ :

ئەوی گرنگە ، زامنکردنی سنوورێکی ئاسایشو پەسندکراوە بۆ وڵاتی ( مسیوبۆتامیا ) بەڵام ئەم مەسەلەیە بەندە بە کێشەی سەربەخۆیی کوردو خۆڕێبەرییانەوە ( الحکم الذاتی )(*) (ل٣٩) •

دەربارەی داواکردنی ڕزگارکردنی کورد لە چنگی دەوڵەتی عوسمانلی لە لایەن کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردەوە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ ، بەڵگەنامەکانی لیژنەی ( کیغ ـ کراین ) سوورنو دووپاتی دەکەنەوە لە ژێر ناونیشانی ( هەندێ نوێنەران لە ولایەتە ڕۆژهەڵاتەکان ) •• لە بەڵگە نامەکەدا هاتووە :

لە نێوان ئەوانەی لە دواجار کەوتنە بەرچاومان نوێنەرەکانی حیزبی دیموکراتی کورد بوون کە داوای دامەزراندنی حوکومەتێکی کوردییان دەکرد لەو ناوچانەی کە کورد تیایا زوربەی زۆری دانیشتوانین ••• نوێنەرە

---

(*) سەرچاوەی پێشوو ـ ژمارە ، ٤ ، ٥ سالی ١٩٨٢ .

کوردەکان داوای ولایەتەکانی :

خەربووتو دیاربەکرو وانو بەتلیسو بایەزیدە هەموو ( موصل ) یان دەکرد • لە لایێکی ترەوە کورد ئارەزووی حوکمی خۆڕێبەرییان دەکرد ( الحکم الذاتی ) لە ژێر چاوەدێری (انتـداب) بـەریتانیا وەك بەشێك لە عێراقدا • کوردستان کە نیشتمانی کوردە ، کوردەکان ئامادەبوون دان بە ئەرمەنستاندا بنێن بەڵام لە دەرەوەی سنووری ولاتەکەیان ، کەواتە لە دەرەوەی سنووری کوردستان .• (ل٤٢)(*)

لە سالی ١٩١٩ ( کۆمەلەی تەعالیی ئافرەتانی کورد )(**) دامەزرا لە ئەستەمبوڵ ، لە ئامانجەکانی ئەم کۆمەلەیە پەرەپێدانی ئافرەتانی کورد بوو لەگەڵ مسـۆگەرکردنی ژیانی کۆمەڵایەتییان ، هـەروەها یارمـەتیدانو یارمەتەکردنی منداڵانیبێ دایكو بێ باوك یان ئافرەتانی بێوەژن کە بە هۆی زوڵموزۆری تورکەکانو گواستنەوەیان بە زۆر لە ناوچەکانی خۆیانەوە بۆ دەرەوەی کوردسـتانو کوشتنی دایكو باوکی منـاڵە کوردەکانو ئـەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کورددا هاتبوو •

لە لایێکی ترەوە « حوکومەتی تورکی ناردبوویە دوای وەفدێکی پیاو ناقوڵانی کورد ، ڕاڤەکردنو ڕوونکردنەوەی چالاکی یەکانی حیزبی کوردی ( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد ) بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادر ئەفەندی لەگەڵ مەولان زادەو رەفعەت بـەگی ڕۆژنامەنووسو ئەمین عالی بـەگ بەدرخانیو ئەمین بەگی ناسراو بەیەکێ لە پیاوە ناسراوەکانی کورد • ئەمانە هەموو چوونە بابی عالیو عەونی پاشا وەزیری دەریاییو ئەحمەد عابوق

(*) سەرچاوەی پێشوو ــ ژمارە ٨ سالی ١٩٧٩ .
(**) پێرۆی ناوەوەی کۆمەلەکە لە دەستخەتی کتێبی ( الجمعیات والمنظمات والأحزاب الکردیة فی نصف قرن ١٩٠٨ ــ ١٩٥٨ کە بە ڕۆنیۆ چاپکراوە سالی ١٩٨٨ بلاوکراوەتەوە .

ــ نووسەر ــ

وەزیری دەریایی پێشوو لەگەڵ شێخی ئیسلامی پێشوو ئیبراهیم حەیدەری ئەفەندی پێشوازییان لێیانکرد •

حوکومەت دەیویست بیروڕایان بزانێ دەربارەی حوکومەتو دەسەڵاتی حیزبی سەربەخۆیی کوردو ئایا ئەم حیزبە بە چ دەسەڵاتێکەوە وتووێژ دەکا لەگەڵ بەریتانییەکان لە ئەستەمبوڵدا دەربارەی کێشەی کوردستان • ئەم وەزیرانە ڕوونیانکردەوە بۆ وەفدەکە کەوا بابی عالی لە بارودۆخی ئێستادا خۆڕێبەرییێکی ( الحکم الذاتی ) فراوان دەدا بە کورد »(*) •

## بارودۆخی کوردستان

چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانو ڕامیارییەکان تەنها لە لایەن کۆمەڵە ڕۆشنبیرییو ڕامیارییەکانەوە ئەنجام نەدەدرا ، بەڵکو لەم ڕووەوە چالاکیی تاکییش باوبوو ، شان بە شانی کۆمەڵەکان ، لەو چالاکییانە ، چالاکییەکانی هەمزە ئەفەندیو مەمدوح سەلیم بەگو کەماڵ فەوزی بەگ ـ کە لە دیاربەکر خنکێندرا بەم دواییە ـ ئەمانە لە شاری ئەستەمبوڵ ڕۆژنامەی ( ژین )ی کوردییان دەردەکرد • ( ٢٢ : ل٥٢ ) •

پێش دەرچوونی ڕۆژنامەی ( ژین ) ش ، ئەمیر میقداد مەدحەت بەدرخان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی ( کوردستان ) ەوە دەرکرد لە ساڵی ١٣١٥ کۆچی ، ڕێکەوتی ٢٢ نیسانی ساڵی ١٨٩٨ز • کەواتە پێش دامەزراندنی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییو ڕامیارییەکان •

تێکەڵاوبوونو یەکخستنی ئەم ڕێکخراوو کۆمەڵانە لە کۆمەڵەیێکی نوێدا ، هەنگاوێکی لە ناکاو نەبوو ، بەڵکو ئەنجامی بیرکردنەوەیێکی زۆری پیاوانی ڕامیارو خاوەند هزری ئەم سەردەمە بوو ، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگایێکی تریان لە بەردەم نەبوو جگە لە هەڵبژاردنی ڕێگای یەکخستنی

---

(*) سەرچاوەی پێشوو ـ ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٠ •

ڕیزەکانیانو وشەکانیان ..

پاشـانیش یەکخستنی لوولەی تفەنگەکانیان بۆ بـەرەنگاربوونەوەی ڕامیاری کورد بە تورك کردنو هەوڵدانە چەپەڵەکانی پیرۆی تورکی بـۆ تواندنەوەی نـەتەوەی کورد لە چـوارچێوەی نەتـەوەی تورکدا ، کـە عوسمانلی یەکان لە ئاخروئۆخری ڕۆژانیان‌داو دوای ئەوانیش کەمالیەکان لە سەرەتای هاتنیان بۆ سەرحوکم دەستیان دابوو پێی .

بـەم جۆرە دەبینین سـەرەتای دامەزراندنو ڕێکخستنی کـۆمەڵە کوردستانی یەکان لە ساڵی ١٩٠٨ ز وە دەستی پێ‌کردو یەکەمین کۆمەڵەی کورد ( کۆمەڵەی تەعالیو تەرەققی ) بوو ، پاشان کۆمەڵەکانی تـر کـە باسیانمان کرد لەمەوپێش لەم نووسینەماندا . ئەوەبوو ئەم کۆمەڵانە وەك کۆمەڵەی جیا جیاو بچووك بچووك لە ساڵی ١٩٢٧ وە کۆتاییان پێ‌هات بە دامەزراندنی یەکەمین حیـزبی کوردستانی کە هەموو ڕێکخراوو کۆمـەڵە کوردستانی یەکانی تیا توایەوە ، ئەویش حیزبی ( خۆیبوون ) بوو ، کەواتە (حیزبی سەربەخۆیی) . بە دامەزراندنی حیزبی خۆیبوون سەرەتای قۆناغێکی ڕامیاری تازە لە کوردستان دەستی پێ‌کردو ئـەو قۆناغـەی کە کورد تیایا باوەڕیـان بە ژیانی هاوبەش بوو لەگەڵ تـورکەکاندا کۆتایی پێ‌هـاتو کوردەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کـەوا ژیانی هاوبەشیی لەگەڵ تورکدا کارێکی گرانەو بێ هوودەیە ، ئەوە بوو هەموو ڕێك‌کەوتنو یەکیان‌گرت لەسەر هەوڵدان لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان . هەلگرتنی دروشمی یەکێتی ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردستانی یەکانو پاشـانیش یەکخستنیان لـە چوارچێوەی حیزبێکی کوردستانی کە ئەویش حیزبی (خۆیبوون) بوو لەگەڵ هەلگرتنی دروشمی سەربەخۆیی کوردستاندا ئەمە خۆی لە خۆیدا گەڕانەوە بوو بۆ سەر ڕێبازی ڕابووردووی کورد ، ڕێبازی تێکۆشانو شۆڕشەکانی سەد ساڵ لەوەو پێش ، کە ئەمیر بەدرخان دروشمی ڕزگارکردنی کوردستانی هەلگرتبوو لەژێر چنگی بەڕێوەبەرایەتی تورکی زۆردار،دروشمی دامەزراندنی

یەکێتییەکی گشتیی ئیماراتە کوردستانییە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەمە •
لەو قۆناغەدا ئەمیر بەدرخان هەستیکردبوو کەوا سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کوردو بەزینیان هەموو یەك لە دوای یەك دەگەڕێتەوە بۆ یەك نەبوونی هێزە کوردییەکان لەسەر یەك بیروڕا • ئەمیر بەدرخان توانی پەیوەندییەکانی بپچڕێنێ لەگەڵ بابی عالیو جاڕی سەربەخۆیی کوردستانیش بداد پەیوەندی بە دەولەتی عوسمانلییەوە نەمێنێ • هەروەها سککەی لێداو پارەی کوردیی دەرچواند بە ناوی خۆیەوە لە ساڵی ١٢٥٨ کۆچی • سنووری دەولەتەکەی گەیشتە ڕەواندوزو موصڵو سنجارو سعردو دیاربەکرو سنەو ( سنندج ) ئورمێ لە کوردستانی ئێراندا •

دەولەتی بەدرخانیی سەدو پەنجا ساڵ لەمەو پێش ، سەرەڕای کوردستانی تورکیا هەندێ لە پارچـەکانی کوردستانی ئێرانو عێراقو ســووریاشی گرتبووەوە • هەروەها چەندەها شۆڕشی تریش لە کوردستاندا بەرپابوو داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد(*) •

بەم جۆرە گەلی کورد دووبارە بە ڕێگای کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبو سەرکردەکانی بایدایەوە بەرەو هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی کوردستان دوای ئەوەی هەموو دەرگاو دەروازەیێکی لێ داخرا بۆ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ تورکدا بە بێ جیاوازیو چەوساندنەوە •

ئەم ڕێکخراوو یانانە لە سەرەتادا لە کوردستانی تورکیادا هاتنە کایەوە بە هۆی گونجانی بارودۆخی ڕامیاری تورکیا لەو سەردەمەداو ئاشنایەتی کوردەکان لەگەڵ بزووتنەوەی ( لاوە تورکەکان ) لە سەرەتای دامەزرندنیدا، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە ، بزووتنەوەی لاوە تورکەکان زۆری پێ نەچـوو ڕاستیتی خـۆی ئاشکرا کرد ئەویش بـە دوژمنکاریکردنی گەلانی تری

(*) بۆ زیاتر شـارەزایی سەیری کتێبی ( القضـية الكردية ـ ماضي الكورد وحاضرهم ) بکە ـ نووسینی دوکتۆر بلەچ شێرکوە ـ ١٩٣٠ •

تورکیای غەیری تورك بەتایبەتی دژی گەلی کورد ، دوژمنکاریو ڕامیاریتی ڕەگەزپەرستیو شۆڤێنیتی دژی گەلانی چەوساوەی ژێر چنگی ئیمبراتۆریەتی عوسمانلی ، ئەمەش بووە هۆی بە ئاگابوونەوەی گەلی کوردو هەوڵدانی پارێزگاریکردن لە مەسەلەی مانو نەمانی نەتەوەی کورد وەك یەکێ لـەو نەتەوە چەوساوانەی ئیمبراتۆریەتی عوسمانلی •

لە شەڕی جیهانی یەکەمدا تورکیا چووە پاڵ ئەڵمانیاوە دژی دەوڵەتانی هاوپەیمان ، ئەوەبوو زوربەی زۆری گەلی کورد لایەنگیری تورکیایان کرد بە هۆی کارتێکردنی یەکێتی ئایینییان لەگەڵ تورکەکاندا ، بەبێ ئەوەی بیر لە بەرژوەندی نەتەوایەتیو نیشتمانیی خۆیان بکەنەوە ، بەڵکو ئایینەکە تەنها ڕێگا بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تورکەکان ، سەرەڕای ئەم لایەنگیرییەی کوردەکان ، حوکومەتی عوسمانلی هـەر بەردەوام بوو لەســەر ڕامیاریی چەوســاندنەوەی گەلی کورد ، لە کاتێکدا پێویست بوو ئیمبراتۆریــەتی عوسمانلی کە خۆی بە جێنشینی ئیسلام دەزانی دەبوایا جیاوازیی نەکردایە لە نێــوان هاوولاتیانی بە هۆی جیاوازیی ڕەگەزیانەوە ، بەڵکو دەبــوایا مەسەلەی یەکێتی ئایینییان بکرادیەتە بنچینەی پێکەوە ژیانو هاوبەشیتی لە ولاتدا • بەلام تاقیکردنەوەی مێژوو ئاشــکرای کردووە کەوا ژیانی هاوبەشی لە نێوان نــەتەوە جیاجیاکان لە ولاتێکی وەك ئیمبراتۆریــەتی عوسمانلی مەحاڵە سەرەڕای یەکێتی ئایینیی دانیشتووەکانی •

لێرەدا پێویستە تیشکێك بخەینە سەر بارودۆخی کوردستانی تورکیا دوای دانانی دەستووری عوسمانلیو هاتنە سەر حوکمی کۆمەڵەی ( ئیتحادو تەرەققی ) کە لافی نیشتەجێیی ئیسلامی دەکرد پێویستە ئەم بارودۆخە بــە وردی شیبکەێنــەوە کە تیایدا کۆمەڵەو ڕێکخراوو یانــە کوردییەکان لەدایكبوو • لە ساڵی ۱۹۰۸ دا دەستووری عوسمانلی داندراو ئیتحادییەکان هاتنە سەر حوکمو لە سەرەتادا ڕامیارییێکی عادیلانە جیاوازی نەکردنیان لە نێوان نەتەوەکاندا ئەنجام دەدا بە بێ ئەوەی هیچ جیاوازییێك لە نێوان

موسلمان‌و ئاینه‌کانی تر یان له نێوان تورك‌و عه‌ره‌ب‌و کورددا له مافه شارستانی‌یه‌کان ، تا توانییان جێ پێی خۆیان توند بکه‌ن‌و ده‌ستی ته‌واو به‌سه‌ر حوکم‌دا بگرن ئه‌وه‌بوو له سه‌ره‌تادا چوونه گژی ئه‌رمه‌نه‌کان‌داو ده‌ستیان‌کرد به قه‌ڵاچۆکردنیان به بێ ئه‌وه‌ی په‌لاماری نه‌ته‌وه‌و ئاینه‌کانی تر بده‌ن ، بۆ ئه‌وه‌ی به ئاسانی نه‌خشه شۆڤینیزمه‌که‌یان ئه‌نجام بده‌ن‌و ئیمبراتۆریه‌تی عوسمانلی بکه‌ن به ئیمبراتۆریه‌تێکی تورکی • ئه‌وه‌بوو دوای سه‌رکه‌وتنیان له لێدانی ئه‌رمه‌نی‌یه‌کان به ته‌واوی ئاره‌زووه چه‌په‌ڵه‌کانیان ئاشکراکردو ئه‌ویش به‌وه‌ی که‌وا تورکیا ته‌نها هی تورکه‌کانه‌و زمانی تورکیاش ته‌نها یه‌ك زمانه ئه‌ویش زمانی تورکی‌یه‌و ده‌ستیان‌کرد به تێکه‌ڵاوکردنی ڕه‌گه‌زه‌کانی تر له‌گه‌ڵ ڕه‌گه‌زی تورك‌داو تواندنه‌وه‌یان له ناو ڕه‌گه‌زی تورك‌دا ، بۆ ئه‌وه‌ی له ماوه‌ی دوورو دواڕۆژدا ببن به تورك جگه له به‌کارهێنانی زه‌بروزۆر له‌گه‌ڵیان‌دا • ئه‌وه‌بوو له ساڵی ۱۹۱۱ز • کۆمه‌ڵه‌ی ئیتحادو ته‌ره‌ققی بڕیاری به تورك‌کردنی هه‌موو ڕه‌گه‌زه‌کانی تریان‌دا که تورك نین چ به زووترین کات یان له ماوه‌یێکی دووردا به ڕێگای به‌کارهێنانی زبه‌روزۆر له‌گه‌لیان‌دا • بڕیاره کورده‌کان‌و عه‌ره‌ب‌و ئه‌رمه‌ن‌و ئه‌رنه‌ووته‌کان‌و ڕۆمی‌یه‌کان‌و چه‌رکه‌سی‌یه‌کانیشی گرته‌وه •

ئیتحادی‌یه‌کان زۆر دڵنیابوون له سه‌رکه‌وتنی نه‌خشه ڕه‌گه‌زپه‌رستی‌یه‌که‌یان ئه‌ویش به تێکه‌ڵاوکردنی دانیشتوانی کوردستان‌و تواندنه‌وه‌یان له دووتۆی ڕه‌گه‌زی تورك‌دا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی کوردستان دواکه‌وتووترین ناوچه‌کانی ئیمبراتۆریه‌تی عوسمانلی بوو له‌و سه‌رده‌مه که ژماره‌ی دانیشتوانی پێنج ملیۆن کورد بوو(*) • که نه‌خشه‌ی گواستنه‌وه‌ی به زۆره‌ملێ گرتیانه‌وه له کاتی شه‌ڕی جیهانی یه‌که‌م‌دا ، تا هودنه‌ی

---

(*) ژماره‌ی دانیشتوانی گشتی کورد له کوردستانی تورکیاو شوێنه‌کانی تری تورکیا به پێی ئه‌ژماری ساڵی ۱۹۸۵ گه‌یشتۆته ۱۳٫۳۲۸٫۰۰۰ که‌س . له کاتێك‌دا دانیشتوانی تورکیا (٥٦) ملیون که‌س بوو . سه‌یری

( مۆدروس ) بەسترا لە ١٩١٨/١٠/٣٠ کە بە پێی ئەم هودنەیە تورکیا بە بێ قەیدو شەرت تەسلیم بوو کە لە هەمانکاتدا واتای ڕووخانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانلیشی ڕادەگەیاند • دوای بەستانی هودنەی مۆدروس ئیتحادییەکان هەڵهاتن‌و حوکوومەتێکی هێمنتر دامەزرا لە ئەستەمبوڵ‌و جارێکی‌تر ڕێگای شێوە دیموکراتی‌یەتێکی داو نەتەوەکانی تری جگە لە تورکەکان ڕێگای سەربەستی‌و ئازادی درا پێیان بۆ ئەنجامدانی ئازادی‌یە دیموکراتی‌یەکان ، ئەوەبوو کۆمەڵە کوردی‌یەکان لە ئەستەمبوڵ دامەزرانەوەو دەستیان کردەوە بە چالاکی نواندن لە ئەستەمبوڵ‌و ولایەتە کوردستانی‌یەکاندا ، ئەم کۆمەڵانە دەستیان کردەوە بە چالاکی نواندن بە شێوەیێکی ئاشکرا بۆ هۆشیارکردنەوەو بە ئاگاهێنانەوەی نەتەوایەتی‌و کوردایەتێتی‌و چاندنی گیانی نیشتمانپەروەری‌و کوردایەتیی لە ناو جەماوەری کوردستاندا بە تێرۆ تەسەل‌کردنی بە باوەڕەکان ( ویلسن ) لەو سەردەمەدا • لە نێوان باوەڕەکانی ( ویلسن ) ماددەی (١٢) دەربارەی مافی چارەنووسی گەلان دەدووا ، کە زیاتر هانی گەلی کوردی‌دا بۆ قوول‌کردنەوەو چەسپاندنی هۆشی نەتەوەییان ، ئەوەبوو زیاتر چوونە پێشەوە بەرەو پەرەپێدانی چالاکی ڕامیارییان‌و کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکردو چالاکیەکانیان بەرەو پەرەسەندن دەڕۆیی‌و لە ناوچەکان‌و ولایەتەکانی کوردستان دەستیان‌کرد بە کردنەوەی لق‌و بارەگاکانیان • بەم جۆرە بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی تری‌غەیری تورکی دەستیان‌کرد بە نواندنی چالاکی دوای ڕووخانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانلی • دەربارەی عەرەبیش بەرتیانیا بەڵێنی‌دا پێیان دەوڵەتێکی

---

کتێبی ( الأكراد في تركيا ) دراسة سياسية للحركات الكردية المسلحة منذ الربع الأخير من القرن العشرين ـ واقتصادية واجتماعية ـ نووسینی صبرية احمد لافي ) بحث غير منشور ـ مطبوع على الرونيو ـ ١٩٨٥ ـ الجامعة المستنصرية ص٢٩ .

سەربەخۆیان بۆ دابنێ •

ئەرمەنی‌یەکانیش داوائیکیان پێشکەس بە کۆبوونی ئاشتی کرد لـە پاریس تیایا داوای دەوڵەتی ئەرمەنییان کردبوو • هەروەها داواکەی نەتەوەی کوردیانیش خستبووە ناو لیستەی کارەکانی کۆبوونی ئاشتی لەگەڵ نەتەوەو کەمینە نەتەوەییەکانی تری تورکیا بۆ دان‌نان بـە سەربەخۆییان • جەنراڵ شەریف پاشا سەرۆکی وەفدی کوردبوو بۆ کۆبوونی ئاشتی لە پاریس‌داو یادداشتێك‌و دوو نەخشەی ( خریطـة ) کوردستانیشی لەگەڵدا پێشکەش کردبوو کە تیایا داواکان‌و مافەکانی گەلی کوردی دەست‌نیشان کردبوو • « یەکێ لە یادداشتەکان بە بڕواری ٢٢/٣/١٩١٩ بوو ئەوی تریان بە بڕواری ١/٣/١٩٢٠بوو • لـە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٩ شەریف پاشا لەگەڵ نوێنەری ئەرمەنەکان ( بۆغوص نـۆبـار پاشا ) ڕێککەوتن‌و نامەێکیان ئیمزاکرد بە ناوی کـوردو ئەرمەنەوە ، لـە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە بـە هەردوولا ڕاگەیاندنێکی هاوبەشییان پێشکەش بە کۆبوونی ئاشتی کرد ، تیای‌دا مافەکانیان دیاری‌کردبوو بۆ ڕزگاربوونیان لە دەسەڵاتی عوسمانلی • » ( ١٧ : ل ٢٢٦ ) •

لە لایێکی ترەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی تورکی لـە ساڵی ١٩١٩ دا بە سەرکردایەتی مستەفا کەماڵ فراوانترو بە هێزتر بـوو ، هەموو تورکیای گرتەوە • لـە تەمموزی هـەمـان ساڵدا ڕێکخـــراوە نیشتمانی‌یـەکان‌و بۆرجـوا نیشتمانی‌یەکان کۆبوونەوەێکیان سازدا لـە ( ئەرزڕووم )و لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە ( کۆمەڵەی پارێزگاری‌کردن لە مافەکانی ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات ) دامەزرێنرا • کوردەکان لەم قۆناغەدا زۆر دلـسـۆزانەو چالاکانە یارمەتی تورکەکانیان دەدا بـەو باوەڕەی ئەوانیش شتێکیان دەست‌دەکەوێ لـە مافە نەتەوایەتی‌یە ڕەواکانیان • ئەوەبوو کـە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا لـە ساڵی ١٩٢٠ کۆبووەوە ، لـەم کۆبوونەوەیەدا (٧٢) حەفتاو دوو نائیبی کورد بەشداربوون‌و هاری‌کارییان

لەگەڵ مستەفا کەماڵدا کرد بە ناوی نوێنەرانی کوردستانەوە • (٢٥:ل٥٨) •

بەشداربوونی نائیبە کوردەکان لـە ئەنجومەنی نیشـتمانی تورکیاو هاریکاری کردنیان لەگەڵ مستەفا کەماڵداو پاریزگاری کردن لە تورکیاو راوەستانی کورد شان بە شانی تورك لەو باوەڕەوە هەڵقولابوو کەوا ڕێبازی تێکۆشانی هاوبەشی لەگەڵ گەلی تورکو هێزە نیشتمانییەکاندا ڕێگایێکی راستە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد • بەم جۆرە گەلی کورد هەرچی توانینی ماددیو واتایی هەبوو خستیە گەڕ لە گۆڕەپانی خەباتی هاوبەشیدا لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی لە تورکیادا ، بەڵکو دەتوانین بڵێین گەلی کورد لەو قۆناغە ناسکە لە مێژووی تورکیادا دەوری سەرەکی هەبوو لە دانانی بەردی بناغەی دامەزراندنو چەسپاندنی کۆماری تورکی •

لـە ١٠ی مانگی ئابی سـاڵی ١٩٢٠ پەیمانی ( سـیڤەر ) فەرزکرایە سەر تورکیا ، ئەم پەیمانە بەشێك بوو لە پەیمانەکەی ( ڤەرسای ) • لایەنەکانی کە ئەم پەیمانەیان ئیمزاکردبوو ئەمانە بوون : بەرتیانیای مەزنو فەرەنساو یونانو ئیتالیاو ڕۆمانیاو یوغۆسلافیاو چیکۆسلۆفاکیاو پۆلەندەو بەلچیکاو یابانو حیجازو ئەرمینیای تاشناقی بـوون لە لایێکو لە لایەنی دووەمیش سوڵتانی عوسمانلی بوو .• وەفدێکی کوردیش لەم کۆبوونە بەشداربوو بـە سەرکردایەتی شەریف پاشا • پەیمانەکە ماددەکانی ( ٦٢ ، ٦٣ ، ٦٤ ) ی دەربارەی کوردستان بوو ( ٢٥ : ل ٥٨ ) • سێ ماددەکانی پەیمانی ( سیڤەر ) بەم جـۆرەی لای خوارەوە بوون : ماددەی ٦٢ : لێژنـەیێکی سێ کەسی مەلبەندی لە ئەستەمبوڵ دەبێ ، لە ئەستەمبوڵ ئامادە دەبن لە ماوەی شەش مانگدا لە بەرواری ڕاپەڕاندنی خۆڕێبەری کوردستانەوە ( الحکم الذاتی )، ئەم سێ ئەندامانە هەر یەکەیان لە لایەن یەکێ لە حوکومەتەکانی ئینگلیزو فەرەنساو ئیتالیاوە دادەنـدرێـن • کاروباری لێژنەکە پـەیوەنـدی بـە دەستنیشانکردنی ناوچە کوردییەکانەوە هەیە کە دەکەوونە ڕۆژهەڵاتی

ڕووباری فوراتەوە تا خوارووی ئەرمینیا ، دەتوانرێ دواجار سنوورەکان دیاری بکرێن • سنووری تورکیا لەگەڵ سووریاو عێراقدا دیاری دەکرێ بە پێی بڕگەکانی دووەمو سێیەمی بڕگەی دووەمی بەندی (٢٧) • لە کاتی ڕێك نەکەوتن لەسەر هەر بابەتێك ، ئەندمانی لێژنەکە بە ئاگاداریی لێژنەکەیان هەر یەکە مەسەلەکە حەوالەی حوکومەتەکەی خۆی دەکا • ئەم گەلالەیە (المشروع) پێویستە بەڵێنو زەماناتی تەواوی تیادا هەبێ بۆ پاراستنی کلدانی یەکانو ئاسوری یەکانو کەمینە نەتەوەیی یەکانی تر چ کەمینە ئایینی یەکان یان ڕەگەزی یەکان بن لەم ناوچانەدا • بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیێك دادەندرێ لە نوێنەرانی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیاو عەجەمەکانو کوردەکان بۆ دیاری کردنی ناوچەکانو دیاری کردنی لەسەر سنووری تورکیادا • لەبەر ئەوەی بە پێی ئەم پەیمانەو ناوەڕۆکەکەی ، سنوورەکە لەسەر سنووری ئێرانو تورکیا دەبێ •

ماددەی ٦٣ : « حوکومەتی عوسمانلی بەڵێن دەدا لەم ڕۆژەوە بە ڕازی بوونیو ڕاپەڕاندنی بڕیارەکانی هەردوو لێژنەی ( قۆمیسیۆن ) کە ناویان براوە لە ماددەی ژمارە (٦٢) لە ماوەی سێ مانگدا دوای ئاگادارکردنەوەی پێی • ماددەی ٦٤ : ئەگەر لە ماوەی یەك ساڵدا لە ڕۆژی ڕاپەڕاندنی پەیمانەکەوە ، گەلی کورد لە دانیشتووانی ناوچە دیاری کراوەکان لە ماددەی ٦٢دا ، داوای سەربەخۆییو جیابوونەوەیان کرد لە تورکیا ، ئەم داوایەیان دایە کۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتووەکانو کۆمەڵەش وای بینی کەوا گەلی کورد توانینی خۆبەڕێوەبردنی خۆی هەیە ، ئەو کاتە پێشنیاری دانی سەربەخۆییان بۆ دەکاتو تورکیاش لە ئێستاوە بەڵێن دەدا بە ئەنجامدانی پێشنیارەکانی کۆمەڵەو واز لە هەموو مافەکانو ئیمتیازاتەکانی دێنێ لەم ناوچانەداو هەموو لایەنەکانی ئەم وازهێنانە بە دوورو درێژی دەبێتە بابەتێکی ڕێککەوتنی تایبەتی لە نێوان گرنگترین دەوڵەتەکانی هاوپەیمانو تورکیادا • لە کاتی ئەنجامدانی وازهێنانەکانی تورکیا ، هیچ بەرگرییێك لە لایەن

دەوڵەتەکانی هاوپەیمان ڕوو نادات دەربارەی یەکێتیو یەکگرتنی کوردەکانی بەشێك لە خاکی کوردستان کە تا ئێستا لە ناو ولایەتی موصڵدایە ، یەکێتییەك بە ئارەزووی خۆیان بێ لەگەڵ حوکومەتی کوردیی سەربەخۆ». تەواو .

ئەو دەوڵەتانەی ئیمزای پەیمانەکەیان کردبوو ڕازیبوون لەسەر دانی خۆڕێبەریی گەلی کورد وەك هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ سەربەخۆیی تەواو ، بە پێی باوەڕەکانی مافی چارەنووسی گەلان بە پێی پێشنیارەکانی ( ویلسن ) کە بریتیبوون لە چواردە پێشنیار . بەڵام بەرژەوەندەکانی دەوڵەتان ، بەتایبەتی بەریتانیا لەو سەردەمە لە ناوچەکە بووە هۆی جێبەجێ نەکردنی بەندەکانی پەیمانەکە ، پەیمانی ( سیڤەر ) . هەڵوێستی ئیستعماری بەریتانیا ( هەڵوێستی نا هەڵوێست بوو ) لەبەر ئەوەی زۆر جاران دژی ئامانجو ئاواتەکانی گەلی کورد ڕادەوەستا لە پێناوی سەربەخۆییان . لەوانەشبوو بیرکردنەوەی ئینگلیزەکان بۆ دانانی دەوڵەتێکی عەرەبیی سەربەخۆ بەڵام سەربەخۆیەکەیان سەر بە ئینگلیز بێ ، یەکێ لە هۆیەکانی ئەم هەڵوێستە بێ .

ئەمەش وادیارە باشترە لە دانانی دەوڵەتێکی کوردی ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیردۆزە ئابووریەکەیان بۆ مەسەلەکەو پەیوەندی بە بەرژەوەندە تایبەتییەکانیانەوە . (٤١ : ل ٧٢ )

ئەم بەرژەوەندییەش زیاتر ڕوونبووەوە دوای دۆزینەوەی نەوت لە ولایەتی موصلدا ، سەرەڕای ڕەتدانەوەی پەیمانەکە لە لایەن تورکیاوە دوای سەرکەوتنەکانی هێزەکانی مستەفا کەمال بەسەر سوپای یۆنانیدا لە سالی ١٩٢١دا ، ئەویش بە ڕزگارکردنی گشت خاکی تورکیا لە چنگ هێزە بیانییەکان لە سالی ١٩٢٢داو لادانی پێڕۆی عوسمانلی لە یەکی تشرینی دووەمی سالی ١٩٢٢و بەستنی پەیمانی (لۆزان) لە ٢٤ی تەموزی سالی ١٩٢٣دا . بە پێی ئەم پەیمانە تورکیا هەموو خاکە داگیرکراوەکانی خۆی بۆ

گەڕایەوە ، هەروەها پەیمانەکە ناوی گەلی کوردی هەر تیادا نەبوو هەروەها کوردستانیش • تـەنها ئـەوە نـەبێ کـەوا حـورمەتی مافە ڕۆشنبیری‌و ئایینی‌یەکانی کەمینە نەتەوەیی‌یەکان بگیردرێت •

« کۆبوونی لۆزان بـەسترا بۆ ڕەش‌کردنـەوەی بەندەکانی پەیمانی ( سیڤەر ) لەگەڵە سەرلەنوێ دابەش کردنەوەی ناوچەکە لە ڕووی جوغرافی‌و ڕامیاری‌یەوە ، ڕاکانی ( عیصمەت ئینۆنۆ ) سەرەك وەزیرانی تورکیا لەگەڵ ڕاکانی سـەرۆکی نوێنـەرانی بـەریتانیا ( لورد کرزن ) زۆر لە یەکتری دووربوون‌و دژی یەکتر بوون دەربارەی ئەنجامی هەرێمی کوردستان ، لێپرسراوی تورکیا ڕای گەیاند کەوا تورکیا دەوڵەتی هەموو تورك‌و کوردە بە بێ جیاوازی ، بەڵام ئینگلیزەکان هەموو نیزیك‌بوونەوەیێکی نێوان تورك‌و کوردیان پێ ناخۆش‌بوو •

لە خولی سی‌و حەوتەمینی کۆمەڵەی نەتەوەیی‌یەکان ( عصبة الامم ) کە لە ١٦/١٢/١٩٢٥ بەسترا ، بڕیاردرا لیوای موصڵ بدرێ بە عێراق•ئەمەش بە پێی ئارەزووی نوێنـەری سامی بەریتانی هاتە دی‌و تورکیاش دژی ئەم بڕیارە ڕاوەستا • (٣٢ : ل ٧٤ )

بە چاوپیاخشاندنێکی بە پەلە بەسەر بارودۆخی کوردستانی تورکیادا ، زۆر بـە ڕوونی بـۆمان دەردەکـەوێ کەوا گەلی کـورد سـەرەڕای هاریکاری‌کردنی لەگەڵ تورکەکان‌داو باشترین یارمـەتی‌دانی بزووتنەوەی نیشتمانی تـورکی‌و پێش‌کەش‌کردنی هەرچی لەتوانینی‌دا هـەیە بۆیان لەو بارودۆخە ترسناکەی پێی‌دا تێپەڕدەبوون‌و دەوری سەرەکی کورد لە دانانی بەردی بناغەی دامەزراندنی کۆماری تورك‌دا ، دەڵێین لەگەڵ هەموو ئەم دەورە پڕ لە مرۆڤایەتی‌و شەرەفمەندانەیی کورد بەرامبەر بە تورك دەبینین لایەنی دووەم ، کەواتە تورکەکان ناشرینترین‌و ناڕەواترین‌و بێ شەرمانەترین دەوری نا مرۆڤایەتی‌یان نواند بەرامبەر بە گەلی کورد بەتایبەتی دوای پەیمانە شوومەکەی لۆزان •

بۆرجوا تورکەکان دەستیانکرد بە دوان دەربارەی گرنگیتی ( یەك ڕۆشنبیریی‌و یەك زمان‌و نەتەوەو یەك دەوڵەت ) • یان دوان لە یەك مافدا کە نەتوانرێ لەو بابەتە جیاوازبکرێتەوە ـ کەواتە لەم قسە پڕوپووچانە ـ هەموو بۆچوونەکانیان بەم جۆرە بیرکردنەوەیە بوو •• هەموو ئەوانەی دژی ئەم بۆچوونانەو ڕێبازە بن دەخنکێندرێن‌و سەردەبڕێن‌و قەڵاچۆدەکرێن هەر لە سەرەتاوە بۆرجوازی‌یەتی تورکی دەی‌ویست هەموو شتێ بە زەبری شمشێر وەربگرێ ، کەمالی‌یەکان سوودیان لە قۆناغی لەدایك‌بوونی هاوبەشێتی وەرگرت لەگەڵ تەنگ‌و چەڵەمەیی‌یەکانی سەرمایەداری‌و پاشان خۆیان بە بێ شەرمانە دەستیانکرد بە چەوساندنەوەی گەلانی تر ، لە لایێکی ترەوە پاشماوە دەرەبەگە کوردەکان کە پاشماوەی چەرخەکانی ناوەندی بوون زۆر بە پەلەو زوو بەزوو هەڵخەڵەتان‌و دواجاریش سەر کوت‌کران‌و زیندە چاڵکران •

ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە زۆریان لەسەر دیمەنە نا لەبارەکانی گەلی کورد دەنووسی‌و بڵاودەکردەوە ، بەتایبەتی ڕۆژنامەکانی سەردەمی شۆڕشی ( ئاگری داغ ) کە لە ئەنجامدا ئاگری داغ بووە گۆڕستانێك تا لووتکەی چیاکەشی تیا نێژرا • ئەو ڕۆژنامانە ناوی ئەو کوردانەی لەوێ زیندەچاڵکران بڵاودەکردەوە بە بێ گوێدانە پاراستنی نهێنی‌یەکان‌و ترسان لە ڕای گشتیی جیهانی ، لە لایێکی ترەوە بۆرجوا تورکەکان بێ شەرمانە شانازییان بەم کردەوانەوە دەکرد •

لە شوێنەکانی تری دەرەوەی تورکیا ، ئەو وڵاتانەی کەوتبوونە ژێر چنگی ئیستعمارەوە ، سەرەڕای چەوساندنەوەیان ڕێ دەدرا پێیان بە زمانی خۆیان بخوێنن‌و پارێزگاریی ڕۆشنبیریی نەتەوەییان بکەن • بەڵام لە ژێر پۆستاڵی ئیستیعماری تورکی‌دا ئەم جۆرە مافانە هەر جێگای باس نەبوو ، لەبەر ئەوەی ئیستعیماری تورکی دەی‌ویست گەلی کورد تەنها خزمەتکاری پەرەپێدانی بەرژەوەندەکانیان بێ ••» ( ٤ : ل ٩٨ ــ ٩٩ ) •

دوای ئەوەی کەوا ڕامیاریی کەمالی‌یەکان بۆ گەلی کورد ئاشکرابوو ، کەوا هەڵوێستیان چی‌یە بەرامبەر نەتەوەکانی کە تورك نین ، بەتایبەتی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد • ئەو کاتە کوردەکان ناچاربوون دەست بکەن بە ڕێکخستنی خۆیان ، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٢٢دا دەستیان‌کرد بە ڕێکخستنی ڕیزە کانیان لە چوارچێوەی کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبە کوردی‌یەکان‌دا بە شێوەیێکی تازە ، لەگەڵ هەڵگرتنی دروشمی نەتەوەیی گونجاو لەگەڵ قۆناغەکەدا ، وەك دروشمی سەربەخۆیی کوردستان‌و یەکخستنی ڕیزەکانیان لە ناوچەو هەرێمە جیاجیاکانی کوردستان ، ڕۆشنبیرانی کورد دەوری سەرەکییان دەبینی لەم جووڵانەوە تازەیەدا ، لەگەڵ ڕێکخستنی ڕیزەکانیان لە ڕێکخراوێکی نهێنی‌دا بە ناوی ( کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان ) ئەم کۆمەڵەیە چەند لقێکی کردەوە لە هەرێم‌و ناوچە جۆراو جۆرەکانی تورکیادا ، لە کاتێك‌دا کەمالی‌یەکان تەوژمیان دەبردە سەر کوردەکانی کوردستانی تورکیاو هەوڵیان دەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکە گەمارۆ بدەن‌و هێرشی سوپاییان دەبردە سەر کوردستان ، هێرشی دڕندانە ، بەتایبەتی لە ئەیلولی ساڵی ١٩٢٤دا •

هەندێ سەرچاوە وا دەگەیێنێ کەوا لە نێوان ساڵان ١٩٢٥ ـــ ١٩٢٦ (٢٠٦) دێ کاول‌کراوە لەگەڵ (٨٧٥٨) خانوو هەروەها کوشتنی پانزە هەزار کەس لە پیرو ئافرەت‌و منداڵی کورد • ئەم کوشتن‌و بڕینە سەرەڕای قەدەغەکردنی ئاخافتن‌و خوێندن لێیان بە زمانی کوردی ، زمانی زکماکی نەتەوەییان‌و لەبەرکردنی کەل‌وپەلی (بەرگی) کوردی ، شان بە شانی ئەمەش هەزارەهایان کۆچ‌پێ‌کرد بۆ ناوچەو هەرێمە تورکی‌یە دوورەکانی تورکیا • بەمەشەوە ڕانەوەستان دەستیان‌کرد بە خنکاندنی ئەندامانی قواعیدی ڕێکخراوە کوردی‌یەکان ، گەلی کورد دوای جاڕدانی دەستووری عوسمانلی لە ساڵی ١٩٠٨دا بە هەلی زانی سوود لە بارە دیموکراتی‌یەکەی ئەو کاتە وەربگرێ بە بێ گوێ‌دانە هەموو ئەو زوڵم‌و زۆرەو چەوساندنانەوەیەی کە

لەوەو پێش دەرحەقی دەکران • بزووتنەوەی نەتەویی کورد لەو سەردەمە سوودی لە تاقیکردنەوەکانی بزووتنـەوەی نەتەوەیی عـەرەبو ئـەرمەن وەرگرتو کاری تێ‌کردن ، بـە حوکمی ئـەوەی گەلی کورد : گەلێکی دواکەوتووبوو بە هۆی باری عەشایـەرگەریو کەسـایەتی هەندێ لـە سەرکردەکانیان لەو قۆناغەدا •

## حیزبی خۆبوون ـ ١٩٢٧ :

دوای سەرنەکەوتنی شـۆرشی شێخ سـەعیدی پیران لە دیاربەکرو نووشستی هێنانی بزووتنەوەکە ، ئەم سەرنەکەوتنە کارتێ‌کردنێکی نالەباری هەبوو لەسەر ورەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیادا •

لەم بارودۆخەدا حیزبی ( خۆیبوون ) دامە زرێنرا • ئەم جارەیان شکانی شۆڕشی کورد پالی بە ڕۆشنبیرانی کوردەوە نا کەوا لە نێوان خۆیاندا بیر لە دوارۆژی گەلەکەیان بکەنەوەو ڕیزەکانیان یەك‌بخەن بۆ بەرەنگاری‌کردنی شـالاوو تـەوژمەکانی کەمالی‌یەکان بە مەیـەستی قەلاچۆکردنیـان ، بۆ بەرەنگاری‌کردنی ڕامیاریی کورد بە تورك‌کردن لەلایەن مستەفا کەمالەوە •

گەلی کورد کە بۆ چەنـد سەدەیێك تووشی چەوساندنەوە بووبوو لە ژێر پـەردەی ئایین‌داری‌یەوە لە سەردەمی عوسمانلی‌یەکان ، ئەمجارەش لەسـەر دەستی تورکە شۆڤێنی‌یـە کەمالی‌یـەکان تووشی قەلاچۆکردنو تواندنەوە بوون وەك نەتەوەیێك بەو بەلگەیەی گوایا تورکی شاخاوین • ئەم ڕامیاری‌یە چەوتانەی دەرحەق بە کورد ئەنجام دەدرا وای لێ‌یان‌کرد بگەنە ئـەو باوەڕەی کەوا بوونی چـەند نەتەوەو گەلانێك لـە یـەك وڵاتداو حوکمڕانیی بکرێن لە لایەن نەتەوە گەورەکەیانەوە ، ئیمکانی پێکەوە ژیانیان نی‌یە ، تەنها مەگەر لە ژێر سێبەری پێڕۆیێکی دیموکراتی ، کە بەیەك چاو سەیری نەتەوە جیا جیاکانو کەمینە نەتەوەیی‌یەکان بکا •

ڕامیاریی چەوساندنەوەی نەتەوەیی‌و هەوڵدانی ئینکار کردنی بوونی نەتەوەی کورد لە لایەن شۆڤینی‌یە تورکەکانەوە ، پاڵی بە ڕۆشنبیرە کوردەکانەوە نا کە کۆبوونێکی گشتی سازبدەن‌و ڕیزەکانیان یەکبخەن لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧دا ، لە هاوینەهەواری (بەحمەدوون) لە لوبنان • بەستنی کۆبوونی خۆیبوون زەنگ لێدانی لەدایکبوونی حیزبێکی نەتەوەیی کورد بوو بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی گەلی کورد لەو قۆناغە گرنگەدا لە سەردەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازەکانی نەتەوە چەوساوەکان لە پێناوی ڕزگاری‌و ئازادی‌و سەربەخۆییان دوای ڕووخانی ئیمبراتۆوری‌یەتی عوسمانلی‌و تێک‌وپێک شکانی تورکەکان دوای شەڕی جیهانی یەکەم‌و دابەش‌کردنی وڵاتەکانی ژێر دەستی بەسەر دەوڵەتە هاوپەیمانەکاندا ، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ئینگلیزەکان‌و فەرەنسی‌یەکانەوە بەڵام بە هەرحاڵ هەرچی بوو یان نا ، دەنگی کورد گەیشتە دامەزرێنراوە دەوڵەتی‌یەکان دوای سەرکەوتنی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ، ئەوەبوو سەرکردە کوردەکان بۆ جاری یەکەم لە کۆبوونی ئاشتی لە پاریس‌دا بەشداربوون بە سەرۆکایەتی( شەریف پاشا)(*)و چاوەڕوانی ڕاپەڕاندنی بەڵێنەکانی سەرەک ( ویلسن ) یان دەکرد ئەویش بە وەرگرتنی سەربەخۆیی تەواوی گەلی کورد •

لە کۆبوونی خۆیبووندا ، سەرۆکی چوار ڕێکخراوی کوردی بەشداربوون ، ڕێکخراوەکانیش ئەمانەن :

١ ــ ڕێکخراوی پێشکەوتنی کوردستان .•

---

(*) شەریف پاشا ، کوردێکی ناسراوو بەناوبانگی شاری سولێمانی بوو . لە قوتابخانەی ( خواجە ) لەگەڵ جەنانی شێخ مەحموودی حەفیددا خوێندوویەتی . پاشان چۆتە ئەستەمبوڵ‌و گەلێ فەرمانی میری دیوەو گەیشتۆتە پلەی بەرزی هەندێ فەرمانڕەوایی لە ئیمبراتۆریەتی عوسمانلی، لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٠دا کراوە بە باڵیۆزی ( ستۆکهۆلم ) لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە .

٢ ــ ڕێکخراوی کوردستان •

٣ ــ ڕێکخراوی نەتەوەیی کورد •

٤ ــ کۆمەڵەی سەربەخۆیی •

هەموو ئەم ڕێکخراوو کۆمەڵانەو هەموو ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی تریش کە هەبوون لەو سەردەمە لەم کۆبوونەوەیەدا بوونە یەك و تێکەڵاوبوون بە ناوی بزووتنەوەی ( خۆیبوون ) کەواتە بزووتنەوەی سەربەخۆیی • کۆبوونەکە لە ( بەحەمدوون ) بەسترا لە لوبناندا هۆی بارودۆخی نالەباری کوردستانی تورکیاوە ، لە ئەنجامی شاڵاوە سوپاییە دڕندانەکانی تورك دژی گەلی کوردو هەڵمەتی قەڵاچۆکردنیان •

بزووتنەوەی خۆیبوون لە لایەن ( لێژنەیێکی هەمیشەییەوە ) بەڕێوەدەبراو بارەگاکەیان لە شاری ( حەڵەب ) بوو تا ساڵی ١٩٢٨ • ئەم لێژنەیە لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی ئیستیعماری فەرەنسی خۆیان شاردبووەوەو سەرۆکەکەیانیش جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان(*) بوو •

---

(*) جەلادەت ئەمین عالي بەدرخان : ١٨٩٧ ــ ١٩٥١ ز . لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٨٩٧ ز . لە ئەستەمبوڵ لەدایكبووەو کۆلیجی حقوقی هەر لەوێ تەواو کردووە . لە سەردەمی مستەفا کەماڵدا حوکمی خنکاندنی درا لەگەڵ باوکیو هەردوو براکانی (ثریا )و کامەران . ناچاربوو لە ئەستەمبوڵ هەڵبێو لەگەڵ کامەران برای بچێتە ئەڵمانیاو هەشت ساڵ لەوێ مانەوەو بەردەوامبوون لە خوێندنی حقوق . لە ساڵی ١٩٢٥ جەلادەت گەڕایەوە بۆ تورکیاو چووە ڕیزی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانەوەو پاشانیش لەگەڵ ثریاو کامەران برای دەوری باڵایان گێرا لە ڕێکخستنی کاروباری شۆڕشەکە ، دوای سەرنەکەوتنی شۆڕش دووبارە هەڵهاتنەوە بەڵام ئەمجارەیان بۆ سووریا لە ١٩٣٠/٨/٢٥دا . جەلادەت لە سووریا مایەوە تا لە ١٩٥١/٧/١٥ دا کۆچیدوایی‌کرد . لەوێ گۆڤاری (هاوار) ی دەردەچواند لە ١٩٣٢/٥/١٥ ز . پێش (هاوار) یش گۆڤاری (ڕوناهی) . نووسینی هەیە بە زمانی کوردیو قامووسێکی کوردیو قامووسێکی کوردی ــ فەرەنسی داناوە . زمانی فارسیو تورکیو عەرەبیو یۆنانیو ئەڵمانیو فەرەنسیو ڕووسی دەزانی جگە لە زمانە شیرینەکەی خۆی زمانی کوردی . ( ١٦ : ل ١٥٣ ــ ١٥٤ ) .

لێژنە هەمیشەیی‌یەکە بڕیاری‌دا سوود لە بەسەرهاتەکانی ڕابوردووی بزووتنەوەکانی کوردی‌و شکستەکانیان‌و سەرنەکەوتنەکانیان وەربگرێ • ئەوەبوو نەخشەی تازەیان دانا بە وەرگرتنی هەموو عەشیرەتە کوردەکان لەگەڵ خەرج‌کردنی مانگانە بۆ چەکدارە کوردەکان کە هەموو پڕ چەك کرابوون بە چەکی تازە ، بە پێی پێویستیی تازەترین جەنگ •

سەرکردایەتی بزووتنەوەکە ڕاوێژکاری ئیتالی‌و ئەمریکایی‌یان بانگ‌کردبوو بۆ مەشقدانی جەنگاوەرەکانیان‌و بەڕێك‌کەوتن لەگەڵیان‌دا بارەگایێکی سەربازییان لە یەکێ لە چیا سەختەکانی کوردستان کردبووەوە بۆ مەشق‌کردن‌و خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕێکی‌ترو بەردەوام‌بوونی خەباتی چەکدارانەو شەڕی درێژخایان دژی تورکەکان تا دوا جەنگاوەری کورد بمێنێ • لە لایێکی ترەوە سەرکردایەتی بزووتنەوەکە هەوڵی ئەوەی دەدا تا بتوانن دەوڵەتانی دراوسێیان تووڕە نەکەن بەتایبەتی ئێران ئەویش بە هۆی بارودۆخی بزووتنەوەی کوردو بارودۆخی کوردستان ❋ بە گشتی • بەڵام دەربارەی عێراق‌و سووریا ئەم لێژنەیە چەند جار ڕوونی کردبووەوە کەوا هیچ شتێ لەم دوو وڵاتانە ناجووڵێننەوەو دانیشتووانی کورد لە هەردوو وڵات بە پێی یاساو دەستووری وڵاتەکانیان ڕەفتار دەکەن • مەبەستیش لەم ڕامیاری‌یە بۆ بێ‌دەنگ‌کردنی بەریتانیابوو دژی گەلی کوردو کۆمەڵەکەیان‌و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بە گشتی •

خۆیبوون لە لایێکی ترەوە داوای چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی ئەرمەنی دەکرد ، لەبەر ئەوەی پەیوەندی‌یێکی دۆستانەی توند هەبوو لە نێوان خۆیبوون‌و حیزبی نەتەوەیی ئەرمەن‌دا ( تاشناق ) • ئەوەی جێگای سەرسووڕمانیشە کادیرەکانی بزووتنەوەی کورد لە ژێر چاوەدێریی ( ف • پاپازیان ) ڕێك‌دەخران ، کە یەکێ بوو لە ئەندامانی لێژنەی ناوەندی حیزبی ( تاشناق )ی ئەرمەنی • (٢٦:ل٩٨ــ٩٩) •

ئیحسان نوری یەکێ بوو لە بەشداربووەکانی کۆبوونی (بەحەمدوون) و

سەرکردایەتی بزووتنەوە چەکداری‌یەکەی چیاکانی ( ئارارات )ی پێ‌سپێردرا • ئەوەبوو شۆڕشگێڕانو چەکدارانی کـوردی لـە ناوچەی چیای ئارارات کۆکردەوە • (*)

کۆمەڵەی خۆیبوون ڕاگەیاندنو بڵاوکراوەیێکی زۆری بڵاوکردۆتەوە دەتوانین بڵێین چالاکترین ڕێکخراوی کوردیی ئەو سەردەمە بووە لە بواری چالاکیی ڕۆشـنبیریو بڵاوکردنەوەی ڕاگەیانـدنو بەیاننامەو نووسـینی جۆراوجۆر ئیمە ( تۆژەر ) تا ئێستا چەنـد ژمارەیێکی ئـەم ڕاگەیاندنانەو بڵاوکراوانەمان دەست کەوتوونو لێمان‌کۆڵیونەتەوەو شییانمان کردۆتـەوە بـۆ ئـەوەی بتـوانین لـەم تۆژینەوەیەماندا سوودیان لێ وەربگرین • بڵاوکراوەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن :

١ ــ ڕاگەیاندنێـك یان بانگەوازێك ئاراستەی کوردەکانی ئەمریکا کراوە ، ئەم بانگەوازە ژمارەی ( ٧١ )ی هەڵگرتووە لـە ٢٠ی حوزیرانی ساڵی ١٩٢٨ دا دەرچووە •

٢ ــ کتێبی ( القضية الكردية •• ماضي الكرد وحاضرهم ) نووسینی دوکتۆر بلەچ شێرکوە • ئەم ناوەش ناویکی نهێنی‌یە ، نووسەرەکەی لـە ڕاستی‌دا ( محمد علي عوني )یە ، ئەم کتێبە زنجیرەی ژمارە (٥)ی‌بە سەرەوەیە

---

(*) ئیحسان نوری : خەڵکی شاری بەتلیس بوو ، یەکێ لە ئەفسەرە گەورەکانی سوپای عوسمانلی بوو . شـۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی لە چیای ( بۆتان ) ڕێك‌خـستووەو سەرکردایەتی کردووە . لە سـاڵی ١٩٢٨دا جاڕی دامەزراندنی بەڕیوەبەرایەتی‌یێکی کوردیی داوە لە چیای (ئارارات)و یەکەم کۆماری کوردیی بچووکی لە ئارارات دامەزراند کە پانایی ٩٦٠کم٢ بووە لە ١٠ی ئەیلولی هەمان ساڵدا . تورکەکان چیای ئاراراتیان گرتو ئیحسان نوریشیان دوور خستەوە بۆ تاران . لەوێ مایەوە تا سـاڵی ١٩٧٦ .

لە تاران کۆچی دوایی‌کرد لە ٢٥ی ئازاری ساڵی ١٩٧٦ دوای ئەوەی ( تـەپ‌تەپەیێك لێی‌دا لە ١٨ ئـازاری هەمان سـاڵو لە گۆڕستانی (الزهراء) لە شاری تاران نێژرا

لە ژمارەکانی بەڵگەنامەکانی خۆیبوون لە ساڵی ١٩٣٠دا لە میسر چاپکراوە •

٣ ـ بـڵاوکـراوەی هەشتەمی کۆمەڵەی خۆیبوون بـە ناونیشانی ( هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە عەفوە گشتی‌یەکەی تورك ) لە ساڵی ١٩٣٣دا• ئەم بڵاوکراوەیە بە کوردی‌و تورکی دەرچووە •(*)

خۆیبوون توانی پەرە بە چالاکی‌یەکانی بدا لە دەرەوەی کوردستان‌و زوربەی زۆری کوردە نیشتمان پەروەرەکانی لە دەوری خـۆی‌دا ئاڵاند ، چالاکی‌یەکانی بە جۆرێ پەرەی سەند تا گەیشتە کوردەکانی ئەمریکاش • (٢٦:ل٩٩) دەربارەی خۆیبوون دوکتۆر قاسملو دەڵێ :

« لە ساڵی ١٩٢٧دا هەموو ڕێکخراوە نەتەوەیی‌یە کوردەکان لـە یەك حیزب‌دا یەکیان‌گرتەوە ، ئەو حیزبەی چەند کەسانێك لە کۆچەرە کوردەکانی دانیشتوانی دەرەوەی کوردسـتان دایان‌مەزراندو زوربـەی زۆریانیشـ دەرەبەگ‌و خاوەند موڵك‌و ڕۆشنبیران‌بوون ، کۆبوونی یەکەمی حیزب لـە هاوینەهەواری ( بەحەمدوون ) بەسترا لە لوبنان لە ساڵی ١٩٢٧ • یەکێ لـە سەرکردەکانی ئەرمەن لە کۆبوونەکە بەشداربوو بە ناوی ( ف•پاپازیان ) • لەبەر تەسکی بەرژەوەندەکانی سەرکردەکانی حیزبەکە داوای یارمەتی‌دانیان نەکرد لـە دۆستە ڕاستەقینەکانیان • بەڵکو پەنایان دەبردە بەر دەوڵـەتـە ئیستیعماری‌یەکان ، کە ئەم دەوڵەتانەش کێشەی کوردیان وا دەبینی کـە داردەستێکە بۆ تەوژمی ڕامیاری دژی تورکیا •• سەرەڕای ئەم هەڵوێستەش حیزب ڕاستەوخۆ کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ( تاشناق ) ەوە کـە تاشناقیش بریتی‌بوو لە ئەرمەنی‌یە نەتەوەیی‌یە ڕاستڕەوەکان ( الیمینیین ) کـە هەموو توانینیان بەخت‌کردبوو بۆ دژایەتی‌کردنی یەکێتی سوڤێت ، حیزبی تاشناق یارمەتی ڕێکخستن‌و دارایی خۆیبوونی دەدا • ( ٢٥:ل٤٧ ) •

---

(*) ئەم بڵاوکراوەیە لە پاشکۆی دەستنووسی (الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ ـ ١٩٥٨)دا بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە ، ـ نووسەر ـ

ڕاکانی دوکتۆر قاسملو دەربارەی سەرکردەکانی حیزبی خۆیبوونو داوانەکردنی یارمەتی لـە دۆستە ڕاستەقینەکانیان ـ کـە مەبەستی یەکێتی سۆڤێتە ـ ئەم ڕایەی قاسملو بەلای ئێمەوە لە شوێن خۆیدا نی‌یەو بەڵکو لادانێکە لە ڕاستیو پێویستە سەیری هەڵویستەکانی خۆیبوون بکەین لـە بارودۆخی ئەو سەردەمەو بە بەردو سەنگی قۆناغەکە هەڵویستەکانی بکێشین ، نەك بـە بەردوسەنگی ئەمڕۆمانو دوور لـە بارودۆخە تایبەتی‌یەکەی ئـەو سەردەمە •

لـە سالی ۱۹۲۷دا یەکێتی سۆڤێتو دەوڵەتە هاوبەشی‌یەکانی تـر ( الاشتراکیة ) ئەو هێزو توانینانەیان نەبوو دەستی یارمەتی درێژ بکەن بـۆ گەلانی چەوساوەو ژێـر چنگی دەولەتە ئیستیعماری‌یەکان ، یان یارمەتی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بدەن ، سەرەڕای ئەوەش بزووتنەوەکوردی‌یەکان دوای سـالی ۱۹۲۷ داوای یارمەتییان لـە یەکێتی سۆڤێت کردو بـەلکو هاوپەیمانیشـ بوون لەگەلی‌دا دوای تێپەڕبوونی بیست سـاڵ بـەسـەر دامەزراندنی حیزبی خۆیبوون‌دا ، ئەمەش لای هـەمـوومـان ئاشکرایەو بەلگەمانیش بۆ ئەم هاوپەیمانی‌یە کۆماری کوردستانە لە مەهاباد ، ئەوەبوو یەکێتی سۆڤێت لەبەر بارودۆخی خـۆی نەیتوانی بـە دەورێـکی هەموار ( إیجابي ) هەڵبسێ لـە یارمەتی‌دانی کـۆماری مەهاباد ، ئـەگـەر نەڵێین بەرژەوەنـدی دەوڵەتیی بۆچـوونی سۆڤێت لەو سەردەمە وای لێ‌کـرد پشت لەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانە بکا بەتایبەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد • دوکتۆر قاسملو هەر خۆی ئەم ڕایەی لە شوێنێکی تـر دووپات‌کردۆتەوە ، بەلام لە شوێنێكو هەڵوێستێكو قوناغێکی‌تردا ، لەم ڕووەوە قاسملو دەڵێ :

یەکێتی سۆڤێت تازە لە شەڕ ڕزگاری‌بووبوو ، ئەو توانینەی نەبوو پارێزگاری بکا لـە هێزە دیموکراتی‌یەکان لـە ئێراندا ، بـۆ بێ‌بەختییش ئرخانـدنێـکی ناواقیعی هـەبـوو دەربـارەی بـارودۆخی ئێـران ،

ئەم نرخاندنەش لە ئەنجامی ڕامیاری‌یێکی نا بابەتییانەوەبوو کە لەو سەردەمە لە یەکێتی سـوڤێت‌دا هەبـوو لەژێر سـێبەری (پەرستنی کەسایەتی ) کـە کارتێ‌کردنێکی خەراپی هەبوو لەسەر ڕووداوەکان‌دا • » (٢٥:ل١١٢) •

هەڵوێستی یەکێتی سۆڤێت لە کاتی خۆی‌دا نالەباربوو (سلبی) بەرامبەر بە شـۆڕشەکانی کورد لە کوردستانی تورکیا لە سـەردەمی حوکمڕانێتی مستەفا کەماڵ‌دا،کەواتە قاسملو چۆن داوا لە خۆیبوون دەکا داوای یارمەتی سۆڤێت بکردایە •• !!

بەپێی ئـەو هەواڵانەی ئینگلیزەکان بڵاویان کردۆتەوە ، خالید بەگی جبرانلی پەیوەنـدی کردووە لەگەڵ قونسلی ڕووسی لە ( ئورمی ) پێش دەست‌پێ‌کردنی شۆڕشەکە ــ شۆرشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ ــ بەڵام وەڵامەکە نالەباربووە ، ئـەمـە ڕاست بێ یان نا ، بەڵام ئەوی ڕاستە ڕۆژنامەی ( ئەزڤێستیا ) ی ڕووسی کە ڕۆژنامەیێکی ڕەسمی‌یە دەربارەی شێخ سەعید نووسیووی کەوا : « شۆڕشی دەرەبەگەکانەو دژی ئامانجەکانی گەلی کوردەو پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزدا هەیە » ( ٢٦:ل٨٩ــ٩٠ ) •

کۆتشیرا دەربارەی هەڵوێستی سـۆڤیت دەڵێ : « لـەو سەردەمەی شەڕ بەردەوام‌بوو لەسەر سنووری یەکێتی سۆڤێت‌دا ، بارودۆخی سۆڤێت شەڵەژاوبوو ، پەیمانەکانی بەهاری ساڵی ١٩٢١ ی نێوان یەکێتیی سۆڤێت‌و ئێران‌و تورکیا ڕێیان نـەدەدا بە سۆڤێت دەستی یارمەتی درێژ بکا بۆ هیچ بزووتنەوەیێکی کوردیی ، لـە لایێکی ترەوە ڕای سـۆڤێت وەك ڕاکانی فەرەنسابوو کـەوا مەسەلەی سەربەخۆیی کوردسـتان دەست‌کردنێـکی بەریتانی‌یە •

کاراخان Karahan یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت پەیمانێکی لەگەڵ تورکیادا ئیمزاکرد لە تەمموزی ساڵی ١٩٢٧دا ، بە

پێی ئەم پەیمانە دەبێ دژی بزووتنەوەکانی کورد ڕابوەستن • ئەم پەیمانە لە مۆسکۆ لە لایەن زەکی بەگەوە ئیمزاکرا بە ئامادەبوونی باڵیۆزی پێشووی سۆڤێت ئارالوف هاریکاری نێوان بزووتنەوەی خۆیبوونو Khoybounحیزبی تاشناقی ئەرمەنی کینەو بوغزی روسیای ورووژاند دژی کورد لە ساڵی ١٩٣٠ دا ، لە کاتێکدا ئاگری شەڕ بەردەوام بوو لە دەوروپشتی ئارارات‌دا • لێپرسراوانی تاشناقی هەولی لەناودانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئەرمەنیان دەدا لە ئەرمینیای سۆڤێتی‌دا ، لە هەمان‌کات‌دا کوردو ئەرمەنەکانی سۆڤێت یارمەتیی شۆڕشی ئاراراتیان دەدا • ئەوەبوو جاری یارمەتی‌دانی تورکیای‌داو سوپای نارد بۆ سەر سنووری ئاراکس و چەکی تازەشی دا بە سپای تورکی • لە تەمموزی ساڵی ١٩٣٠ دا سۆڤێت (٥٠٠) پێنج سەد سوارەی نارد بۆ شاری ( دافالو ) لە نیزیك ( ئاراکس ) ، بەڵام دوای دوو ڕۆژ شارەکەیان بەجێ‌هێشت دوای بەشداربوونیان لە شەڕدا شان بە شانی تورکەکان » • ( ٢٦ : ل ١٠٠ — ١٠١ ) •

بۆ زیاتر ڕوون‌کردنەوەی ڕامیاری سۆڤێتی لەو قۆناغەداو بۆ ئەوەی زوڵمیش لە سەرکردەکانی خۆیبوون نەکەین تەنها لەبەر ئەوەی داوای یارمەتی‌دانیان نەکردبوو لە یەکێتی سۆڤێت بۆ بزووتنەوەکەیان ، ئەوا پەنجە درێژدەکەین بۆ ڕایێکی تر لەم ڕووەوەو لەسەر هەمان بابەت •• دوای کشانەوەی سوپای سووری سۆڤێتی لە خاکی کوردستانو ڕووخانی کۆماری مەهاباد ، صالح حەیدەری دەڵێ :

« جەماوەر کارەساتەکەی کە تووشی هەردوو گەلی کوردو ئازەربایجانی بوو ، خستیانە ئەستۆی ڕامیاریی سۆڤیاتی کە هەڵویستەکەیان لە باری ڕامیاریو سەربازی‌یەوە بە شێوەیێکی هەڵە هەڵیان‌سەنگاندبوو ••» ( ١٥ : ل ١٢٠ ) •

ئەم ڕایانە هەموو لە شوێنێکی تری ئەم نوسینە بە دوورو درێژی

شی دەکەینەوە • لە لایێکی ترەوە پێویستە بە وردی وەزعی کوردستان بە شێوەیێکی گشتی شیبکەینـــەوە لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ، کە لەو سەردەمەدا چینی بەرزی گەلی کورد لە دەرەبەگەکانو موڵکدارە گەورەکانو شێخەکان دەستیان گرتبوو بەسەر هەموو شتێکا ، بەڵکو تەنها چینێك بـــوون سەرکرادیەتی هەمـــوو بزووتنەوەکانی کوردیـــان دەکـــرد جووتیارانو کرێکاران لەبەر لاوازییانو دواکەوتنی بە ئاگابوونی ڕامیاریو کۆمەڵایەتییان توانینی خۆ گەیاندنیان نەبوو بۆ ناو ڕیزەکانی سەرکردایەتی بزووتنەوەکان • حیزبی خۆیبوون وەك ڕێکخراوەکانی پێشووتری نەیتوانی خۆی ڕزگار بکا لەم جۆرە سەرکردایەتییە لەبەر ئـــەو هۆیانەی باسیانمان کردووە لەمەوپێش • لە لایێکیترەوە خۆیبـــوون بەرنامەیێکی ڕامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتی نەبوو ، تەنها ناوەرۆکی نەتەوەیییەکەی نەبێ ، کە ئەویش بۆ مەبەستی ڕزگاربوون بوو لـــە چەوساندنەوەی تورکەکان لـــە کوردستانی تورکیادا • خۆیبوون لـــە ساڵی ١٩٣٠ توانی بزووتنەوەیێکی چەکداریی ڕێك بخا دژی تورکیا لـــە هەرێمی ئاراراتدا بە سەرکردایەتی ئیسان نوری •(*) بەڵام ئەم ڕاپەڕینەش سەرنەکەوتو سەرکوتکرا بـــە هۆی هاریکاری نێوان ئێرانو تورکیاو ڕێدان بە سوپای تورکیا بۆ چوونە ناو خاکی ئێرانەوە بۆ لێدانی چەکدارە کوردەکان لە پشتیانەوە • تورکەکان سوپایێکی زۆرو تۆپو فرۆکەیێکی زۆریان بەکارهێنا لـــەم شەڕەدا ••• قاسملو دووپاتی دەکاتەوە کەوا (١٦٥) دێو (٦٨١٦) خانوو لە ئەنجامی ئەم

(*) لە سەرەتای ســـاڵی ١٩٣٠ ئیحسان نـــوری ســـەرکردایەتی کۆمەڵێ چەکداری کوردی کرد لە چیای ئاگری . لقێ چەکداریشی نارد بۆ شاری « ئەرجیش » بە سەرکردایەتی محمد بەگ حوسێن پاشای حەیدەریو شارەکەیان گرت لەگەڵ عەشایەرە کوردەکانی ناوچـــەکە . ( یادداشتی ئیحســـان نوری ) دەستخەتە .

ـ نووسەر ـ

٢ ـ منظمة كردستان •
٣ ـ منظمة الأمة الكردية •
٤ ـ جمعية الاستقلال •

هذا وقد لعب خويبون دورا فاعلا في الساحة الكردية إذ تمكن من تنظيم انتفاضة مسلحة ضد الأتراك في اقليم ارارات بقيادة احسان نوري • الا أن هذه الانتفاضة اخمدت ايضا جراء التعاون الايـرانى التركى والسماح للقوات التركية باستخدام الأراضي الايرانية لضرب مؤخرة المقاتلين الكرد •

وحول تشكيل هذه الأحزاب والمنظمات يؤكد البحث على انه في بداية القرن العشرين نما الفكر القومي الكردي نموا بارزا وبـدا المثقفون الكرد بتشكيل المنظمات والجمعيات والأحزاب الكردية ، وخاصة بعد الاعلان عن ( المشروطية الثانية ) عام ١٩٠٨ حيث ظهرت في اوساط البورجوازية والمثقفين الكرد حركات سياسية واجتماعية وثقافية • وبذلك دخلت الحركة القومية الكردية مرحلة جديدة في تطورها ونموها ، ولم تبق دور للزعامات التقليدية الكردية ( آغا ـ أمير ) وانتهى دورهم القيادي في الحركات المسلحة وظهرت فئات جديدة لقيادة الحركة القومية التحررية •

وحول الأوضاع في كردستان جاء في البحث :

لم تكن النشاطات الثقافية والسياسية مقتصرة على الجمعيات ، فقـد كانت هناك نشاطات على مستوى الأفراد الى جانب نشاطات هذه الجمعيات ، اذ أن كل من حمزة افندي وممدوح سـليم بگ وكمال فوزي بگ كانـوا يصدرون جريدة ( ژين ) في الاستانه • وقبلهم كان الأمير مقداد مدحت بدرخان اصدر أول جريدة كردية باسم ( كردستان ) وذلك عام ١٣١٥هـ الموافق لـ ٢٢ نيسان ١٨٩٨م •

هذا ويثبت البحث أسماء عشرات المناضلين الكرد الذين لعبوا ادوارا مختلفة ضمن نشاطات هذه الجمعيات والمنظمات في تلك المرحلة يراها القارىء ضمن البحث بصورة مفصلة •

## سەرچاوە عەرەبی یەکان


١ ــ ابراهيميان ، ايرڤاند « ايران بين ثورتين » • ترجمة مديرية التطوير القتالي ــ العراق ــ ١٩٨٦ •.

٢ ــ الأبن ، وليام ايگلتن • « جمهورية مهاباد » • دار الطليعة ــ بيروت ــ ط ١ ، ١٩٧٢ • ترجمة جرجيس فتح‌الله •

٣ ــ احمد ، كمال مظهر • « كوردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى » مطبعة المجمع العلمي الكوردى ــ بغداد ــ ١٩٧٧ • ترجمة محمد المـلا عبدالكريم •

٤ ــ الان ، اوچ «مختارات »(١) من منشورات حزب العمال الكوردستاني ــ ١٩٨٥ •

٥ ــ البراك ، فاضل « تحالفات الأضداد » دار الحرية للطباعة ــ بغداد ــ ١٩٨٥ •

٦ ــ تاهتفاندى ، هوشنگ •

١٩٨١ » • ترجمة الدكتور ناظم عبدالواحد جاسور ــ معهد الدراسات الأسيوية والافريقية ــ جامعة المستنصرية ــ بغداد ــ ١٩٨٦ •

٧ ــ الجبوري ، عبد الجبار حسن • « الأحزاب والجمعيات السياسية في القطر السورى » • دار الحرية للطباعة ــ بغداد ــ ١٩٨٠ •

٨ ــ الجميلي ، قاسـم خلف • « تطورات واتجاهات السياسة الداخلية التركية ، ١٩٢٣ ــ ١٩٢٨ •. اطروحة ماجستير غير منشورة ــ جامعـة بغداد ــ ١٩٨٥ •

٩ ــ جياووك ، معروف • « مأساة بارزان المظلومة » ــ المطبعة العربية ــ بغداد ــ ١٩٥٤ •

١٠ ــ الحسني ، عبدالرزاق • « تأريخ الوزارات العراقية » مطبعة دار الكتب ــ بيروت ــ ١٩٧٤ •

١١ ـ الحسني ، عبدالرزاق • « تأريخ الأحزاب السياسية العراقية » ط٢ ـ مركز الأبجدية للصف التصويري للطباعة والنشر ـ بيروت ـ ١٩٨٣ •
١٢ ـ حسين ، فاضل .• «تأريخ الحزب الوطني الدمقراطي ـ١٩٤٦ـــ١٩٥٨» مطبعة الشعب ـ بغداد ـ ١٩٦٣ •
١٣ ـ حسين ، فاضل • « مشكلة الموصل » ط٢ ـ منشورات دار البيان ـ مطبعة اسعد ـ بغداد ـ ١٩٦٧ •
١٤ ـ حميدى ، جعفر عباس • « التطورات السياسية في العراق ـ ١٩٤١ ـ ١٩٥٣ » مطبعة النعمان ـ النجف الأشرف ـ ١٩٧٥ •
١٥ ـ الحيدري ، صالح • « مذكرات ولمحات من تأريخ الحركة الوطنية والثورية في كوردستان ـ ١٩٤٠ ـ ١٩٥٨ • ( مخطوطات ) •
١٦ ـ خەزنەدار ، جمال .• « مرشد الصحافة الكوردية » باللغات العربية ـ الكوردية ـ الانكليزية • ـ وزارة الاعلام ـ مديرية الثقافة الكوردية العامة ـ دار الحرية للطباعة ـ بغداد ـ ١٩٧٣ •
١٧ ـ زكي ، محمد امين • « خلاصة تأريخ الكورد وكوردستان » ط٢ ـ ١٩٦١ ـ ترجمة محمد علي عوني •
١٨ ـ السجادي ، علاءالدين • « الثورات الكوردية » باللغة الكردية ـ ١٩٥٩ •
١٩ ـ شريف ، عبد الستار طاهر • « المجتمع الكوردي ـ دراسة اجتماعية ثقافية سياسية ، مطبعة دار العراق للطبع والنشر ـ بغداد ـ ١٩٨١ •
٢٠ ـ شمزيني ، عزيز • « الحركة القومية التحررية للشعب الكوردي » ـ ١٩٨٦ •
٢١ ـ شيرزاد ، محمد • « نضال الاكراد » ـ القاهرة ـ ١٩٤٦ •
٢٢ ـ شيركوه ، بلەج • « القضية الكوردية ، ماضي الكورد وحاضرهم » مطبعة السعادة ـ مصر ـ ١٩٣٠ •
٢٣ ـ الطالباني ، جـلال • « كوردستان والحركـة القومية الكوردية »

دار الطليعة للطباعة والنشر ــ بيروت ــ ط٢ ــ ١٩٧١ •
٢٤ ــ عبدالوهاب ، المهندس سعيد • « لماذا تبقى الحقائق مكتومة عن الشعب الكوردي » ط٢ ــ ١٩٧٨ ــ طهران •
٢٥ ــ قاسملو ، عبد الرحمن • « كوردستان والاكراد ــ دراسة سياسية واقتصادية » ــ المؤسسة اللبنانية للنشر ــ بيروت ١٩٦٨ •
ترجمة ثابت منصور •
٢٦ ــ كوتشيرا ، كريس • « الحركة القومية الكوردية » مترجم من الفرنسية ــ محدود ــ ١٩٧٨ •
٢٧ ــ محمد علي ، اورخان • « السلطان عبد الحميد الثاني ــ حياته واحداث عهده » ط١ مكتبة دار الانبار ــ العراق ــ ١٩٨٧ •
٢٨ ــ معوض ، أديب • «مجلة النشرة ــ بيروت ــ السنة الخامسة والسبعون والسادسة والسبعون ــ ١٩٤٤ ــ ١٩٤٥ •
٢٩ ــ الموصلي ، المقدم منذر • « عرب واكراد ــ رؤية عربية •• للقضية الكوردية » دار الغصون ــ بيروت ــ ط١ ــ ١٩٨٦ •

شەڕە کاولکران لـە لایەن تورکەکانەوە بـۆ کوژاندنەوەی ڕاپەڕینەکە •
( ٢٥:ل٧٠ ) •

بـەڵێ جارێکی تـر ویستو ئارەزووەکانی دوژمنانی گەلی کـورد کۆدەبنەوەو یەك دەگرن دژی گەلی کورد سەرەڕای ناکۆکی‌یەکانی ئێوان هـەردوو پێرۆی تورکیـاو ئێران ، بـەڵێ دەبینین چۆن هـەردوو پێرۆ یەك‌دەگرنو هاریکاری دەکەن لەگەڵ یەکتردا بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشی کورد لـە ترسی سەرکەوتنی لـە کوردستانی تورکیاداو کارتێ‌کردنی لـە ئەنجامدا لەسەر کوردسـتانی ئێران ، لـە کاتێك‌دا بزووتنەوەی خۆیبوون چاوەدێری بارودۆخی دەوڵەتە هاوسێ‌کانی دەکردو سەرکردەکانیان هەمیشە ئەوەیان دووپات‌دەکردەوە کەوا هیچ شتێك نا بزوێنن لە کوردستانی ئێرانو عێراقو سووریادا • بەڵام دەبوایا خۆیبوون ئـەوەی بزانیبایا کەوا ئـەم دەوڵەتە کۆنەپەرستانە کەکوردستانیان بەسەردا دابەش‌کراوە ، تەقدیری ئەم هەڵوێستەی خۆیبوون ناکەن بەتایبـەتی کـە مەسەلەکە پەیوەندی بـە ڕزگارکردنی بەشێك لـە بەشەکانی کوردسـتانەوە هەبێ ، لەبەر ئـەوەی کوردستان یەك کوردستانە ئەمڕۆ نەبێ سبەی دەبێ •

خۆیبوون بەیانێکی دەرکرد بۆ کوردەکانی ئەمریکا لە ژێر ژمارە (٧١) لە ٢٠ی حوزێرانی سالی ١٩٢٨ (*)•

دەربارەی کۆچ‌پێ‌کردنی کوردەکان لە کوردستانی باکوورەوە لە لایەن تورکەکانەوە ، ئەتاسی دەڵێ :

« هەندێ بیرەوەری بە بیرماندا تێ‌پەڕدەبن ، بیرەوەری ئەو ڕووداوانەی پێش ئەم بەروارە یـان دوابەدوای ئـەم بەروارە پەیوەندی بـە هەڵمەتە

---

(*) دەقی بەیانەکەی خۆیبوون‌لە دەستخەتی کتێبی ( الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ، ١٩٠٨ ــ ١٩٥٨ ) چاوتان پێ‌دەکەوێ.
ــ نووسەر ــ

چەوسێنەرەکانو قەلاچۆکردنە گەلی‌یەکانەوە هەیە ، کە کاربەدەستانی تورکیا دەیانکرد دژی کوردە نیشتمانپەروەرەکان لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا لە سەردەمی ئەتاتورکو تا دەگا بە سەردەمی ئێستاش ، کە چۆن ئەم هەڵمەتانە بوونە هۆی دەربەدەرکردنی دانیشتوانی کوردستانی تورکیاو ناچارکردنیان بۆ پەنابردنە بەر سووریاو لوبنان فەوج لە دوای فەوج بە کتێبەکانی مێژوو لەگەڵ چیرۆکەکانی پەیمانەکانو ڕێککەوتنەکان ؛ پەیمانەکانی ( سەعد ئاباد ) ی ٨ ی تەمموزی ساڵی ١٩٣٨ی نێوان تورکیاو عێراقو ئێرانو ئەفغانستان ، کە نووسخەیێکی سەرەتایی پەیمانی بەغدا بوو ( حلف‌بغداد ) لە دوارۆژدا ، ئەمانە هەموو ئاشکرای دەکەنو دەگێڕنەوە کەوا ئامانجە سەرەکی‌یەکانی : « ڕێککەوتن بوو لە نێوان ئەم دەوڵەتانە بۆ بەربەرەکانیو کردەوە ڕووخێنەرەکان لە ناوچەکە • » هەمووشی ئاراستەکراو بوو دژی بزووتنەوەکانی گەلی کورد • ( ٢٩:ل٣٤ـ٣٥ )

کۆمەڵەی خۆیبوون هەڵوێستی پڕ باوەڕی هەبوو بەرامبەر بە هەڵوێستە شۆڤێنی‌یەکانو ڕەگەزپەرستی‌یەکانی حوکوومەتی ئەتاتورک ، ئەم هەڵوێستەی خۆیبوون لە ڕاگەیاندنەکانو بڵاوکراوەکانی‌دا دەردەکەوێ کە جارنە جارێك دەری‌دەکرد دژی حوکوومەتی ئەتاتورك • کاتێ کە حوکوومەتی تورکیا لێ‌بووردنە گشتی‌یەکەی بۆ کوردەکان دەرکرد لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٣ بە بۆنەی بیرەوەری دەیەمی‌دا مەزراندنی کۆماری تورکی ، کۆمەڵەی خۆیبوون بەیاننێکی دژی لێ‌بووردنە گشتی‌یەکە ( العفو العام ) دەرکرد لە ژێر ژمارە (١٠)دەیەمی کۆمەڵەکە(*) •

لە ئەنجامی شی‌کردنەوەی بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی عوسمانلی‌یەکان ، بۆمان دەردەکەوێ کەوا دەوڵەتی عوسمانی لەبەر بەرژەوەندی خۆی بۆ بتەوکردنی‌سنووری ڕۆژهەلاتی لەگەڵ ئێران‌دا ،

---

(*) دەقی بەیانەکە لە هەمان سەرچاوەی پێشوو بڵاوکراوەتەوە •

هەرچەندە ساڵی جارێك لەگەڵ ئیمارەتە کوردی‌یەکان پەیمانی تازەکردەوەو هەندێ مافی بەڕێوەبەرایەتی دەدا پێ‌یان لەبەر ئەوەی ئەو ئیمارەتە کوردییانە مەترسییان دروست نەدەکرد دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی وەك ئیمارەتێکی دەرەبەگایەتی کە مەسەلەی دانانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بە بیریاندا تێ‌پەڕ نەدەبوو • عوسمانلی‌یەکانو ئێرانی‌یەکان کوردستانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش‌کردبوو لە سەدەی شانزەیەمەوە ، بەڵام سەرەڕای ئەم دابەش‌کردنەش دەبینین گەلی کورد ( ئەمری واقعی ) نە سەلماندبوو ، مێژووی گەلی کورد پڕە لە ڕاپەڕینو شۆڕش دژی هەردوو پێرۆی داگیرکەر ، هەروەها ئیستیعماریش بە هەموو توانینی یارمەتی دەوڵەتی عوسمانلی دەدا بۆ لەناودانی بزووتنەوە کوردی‌یەکان ، بۆ ئەوەی گەلی کورد بەرەو پێشەوە نەڕواو کوردستان یەك نەگرێتەوەو دەوڵەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی لەسەر خاکی کوردستان دروست‌بکرێ •

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هزری نەتەوەیی کوردیی گەشەی کرد ، گەشەکردنێکی دیارو ئاشکراو ڕۆشنبیرە کوردەکان دەستیان‌کرد بە دامەزراندنی ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردی‌یەکان بەتایبەتی دوای جاڕدانی ( مەشروتی‌یەتی دووەم ) لە ساڵی ١٩٠٨دا ، ئەوەبوو لە ناو بۆرجوازی‌یەکانو ڕۆشنبیرە کوردەکان بزووتنەوەی ڕامیاریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری هاتەکایەوە ، بەم جۆرە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد پێی نایە قۆناغێکی تازەوە لە ڕووی پەرەسەندنو گەشەکردنیەوەو دەوری سەرکردە تەقلیدی‌یە کوردەکان ــ ئاغاو میر ــ نەماو چینێکی تازە هاتە گۆڕەپانی خەباتو سەرکردایەتی‌کردنی بزووتنەوە نەتەوەیی‌یە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کوردەوە •

# ملخص البحث

يضم البحث الفصل الأول من تأريخ الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن من ١٩٠٨ ــ ١٩٥٨ في كوردستان تركيا • والبحث يحتوى على عدد من الوثائق التأريخية لهذه المنظمات والأحزاب • لقد ثبّت البحث ( جمعية تعالى كوردستان ) كأول منظمة كوردية سياسية والتي تأسست عام ١٩٠٨م • وقد جاء ميلاد هذه الجمعية بسبب تعرض الشعب الكردي للأضطهاد على يد (حزب الاتحاد والترقى) ومن قبله على يد السلطنة العثمانية• وقد تأسست بعدها جمعيات ومنظمات وأحزاب عديدة أخرى من بينها : ( جمعية التشكيلات الاجتماعية الكردستانية ) وجمعية ( حزب الأمة الكردية )و ( جمعية كوردستان )و ( جمعية نشر المعارف الكردية )و (جمعية هيڤى الكردية) و (جمعية الاستقلال الكردي) والتي ورد اسمها ايضا باسم ( حزب الاستقلال الكردي ) واحيانا ( النادي الكردي ) • و (جمعية التعالي لنساء الكرد ) التي تأسست عام ١٩١٩م .• وأخيرا توحيد هذه الأحزاب والمنظمات عام ١٩٢٧ في حزب واحد حزب ( خويبون ) أي حزب الاستقلال • لقد تأسس هذا الحزب بعد فشل ثورة الشيخ سعيد پيران في ديار بكر • إذ دفعت هذه الهزيمة المثقفين الكرد الى التفكير والمداولة فيما بينهم لجمع شملهم وتوحيد صفوفهم بغية الوقوف بوجه سياسة التتريك التي كانت يمارسها النظام التركي آنذاك • وقد عقد حزب خويبون مؤتمره الأول في شهر تشرين الأول عام ١٩٢٧ في مصيف ( بحمدون ) في لبنان • وكان هذا المؤتمر ايذانا لميلاد حزب قومي يمثل آمال وطموحات الشعب الكردي في تلك المرحلة المهمة من مراحل حركات تحرر الشعوب المناضلة من اجل حرياتها واستقلالها بعد انهيار الامبراطورية العثمانية•

وقد جاء في البحث ايضا بأن اربع منظمات كردية شاركت في هذا المؤتمر وهي :

١ ــ منظمة تقدم كردستان •

**خانەقین و هەلکەوتی خاکناسی ( جغرافی ) :**

عەبدولعەزیزی بەکری کە سالی ٤٨٧ك=١٠٩٤زا کۆچی دوایی کردوە لەپیتی خ کتێبی « معجم ما استعجم »دا ( ٤٨٥/١ ) نووسیویە : خانیقون بە نونی ژێردارو بە قاف لە سەر سەنگی فاعیلون ناوی جێگەیێکە لە ولاتی فارس (؟؟!!) کە شاگوندێکە لە گوندەکانی « حەلەوان » لێرەدا « نەعمان » خراوەتە زیندان تا تیا مردووە » •

یاقووتی حەمەوی کە لە سالانی ٥٧٥ـ٦٢٦ك=١٨٠ـ٢٢٩زادا ژیاوە لە پیتی خ دا لە کتێبی « معجم البلدان » ، کەیدا نووسیویە : خانەقین یەکێکە لە بەشەخاکەکانی سەواد=ڕەشەخاك و لەسەرڕێی هەمەدان دایە کە لە بەغداوە دەس پێ دەکات•بەینی ئەوو قەصری شیرین شەش فەرسەنگە (٣٦ك) ڕێیە بۆ کەسێ بەرەو چیا بچێت•• « حەمدوللا موستەوفی قەزوینیش کە سالی ٧٥٠ك=١٣٤٩زا مابوو لە لاپەڕە ٤٣ی « نزهة القلوب »دا نووسیویە : خانەقین لەمەوبەر شارۆلکەیێ بووە ، ئەمڕۆ بچووك بووەتەوە تەنیا ئەوەندەی گوندێکی ماوە ، ئاوی حەلەوان بەناویدا ڕائەبووریێ و بیست جێگەیێکی پێوە بەستراوە » ••

وادیارە پاش ماوەیێ دیسانەوە ئاوەدانی ڕووی تێ کردۆتەوەو پەرەی سەندووە ، ئائەوەتا « میستەر ڕیچ » کە سالی ١٢٣٦ك = ١٨٢٠زا گەشتێکی بە کوردستانا کردووە لە لاپەڕە ٢٩٠ی گەشت نامەکەیا کە لە لایەن بەهائەدین نوری یەوە کراوە بە عەرەبی نووسیویە : « پاش ئەوەی بە تەك چەند تەپۆلکەیێکی سەرەڕێی قزلرەباط ـ خانەقیندا تێپەرین سەرەولێژ بووینەوە بۆ شارۆلکەی ـ یاگوندی ـ خانەقین لەسەری ڕێگەکەمانا خانێکی زۆر ڕێك وپێك بەرچاو کەوت لە بینا فارسی یەکان ، بەلام لامان نەدایە خانەکە چووینە ئەوبەرەوە بۆ گەڕەکی « حاجی قەرە » کە بە سەر کناری ڕووبارەکەوەیە » •

« شەمس‌الدین‌سامی » ش کە سالی ١٣٢٢ك=١٩٠٤زا کۆچی دوایی کردووە لە فەرهەنگە گرنکەکە یا کە ناوی « قاموس الاعلام »ە نووسیویە :
« خانەقین دەکەوێتە باکووری لای خـۆرهـەلاتی هەرێمی بـەغـداوە ، لەسەرەرێی هەمەدان ــ خۆراساندا نزیك بە سەرسنووری ئێران ، ئاوی رووباری ئەلوەند = حەلەوان بە ناوەندیا ئەڕوات ، کە یەکێکە لە لقەکانی سیروان ( دیالی ) وئەمڕۆکە خود خانەقین نـاوەنـدی قەضاکەیەو سەربە ویلایەتی بەغدایەو دوو ناوچەی هەیە : بنکوورەی قزلڕەباط » •

بەلام لە سەردەمی عیراقیدا بەخت یاریدەیداوەو شارۆلکەکە پەرەی سەندووە خانووبەرەی تازەبابەتو کۆشـکیجـوانو ڕێكوپێکی تیـا دوروستکراوە • سەیید « عبدالرزاق الحسنی » لـە لاپەڕە ٢١١ی کتێبی « العراق قدیما وحدیثا »دانووسیویە : « خانەقین شارۆلکەیێکی قشتیلەی قنجیلانەیە ئەکەوێتە باکووری لای خـۆرهـەلاتی هـەرێمی لیوای دیالی ( بەعقوبە )و٨کم لێیەوە دوورەو لە بەغداوە ١١٨ کم دوورە •

**سەرژمێری خانەقین :**

« شمس‌الدیـن‌سامی » وتوویـە : سەرژمێری دانیشتوانی خانەقین دەگاتە ٥/٠٠٠ کەسێك « حـەسـەنی » پاش ئەو بە ٤٠ سـال نووسیویە : سەرژمێری شـاری خانەقین ئەگاتە ١٥ هـەزار کەسو هی هەموو قەضاکە دەگاتە ٥٦/٧٦٩کەسو بریتییە لەم ناوچانە : هورێنو شێخان ــ قەرەتوو ــ سەعدییە ( قزلڕەباط ) » • پاشان پتر پەرەیسەندووەو سەرژمێری قەضاکە گەییوەتە ١٠٨هەزار کەس ، جا خەلیل ئیسماعیل بەم جۆرە دابەشی کردووە :
هەرێمی باکووری ٣٦/٧٨٢ ناوچەی مەیدان ( هوریـن‌وشیخان ) ٩/٩٣٩
هەرێمی باشووری ٨١/٨٠٨ ناوچەی ناوەندی خانەقین ( مەرکەز )٤٢/١٢٧
ناوچەی سەعدییە ١٤/٣٠٦ ناوچەی گولالە (جەلەولاء ) ١٤/٦٧٥ • بەلام ئەوەی ڕاستی بێت من لـە مەبەستەکەی « خلیل اسماعیل » : ــ هەرێمی

باكووڕی‌و هەرێمی باشووری ـ تێ نەگەییشتم‌و حاڵی نەبووم ئایا مەبەستی گەڕەکەکانی لای خواروژووری ناو شاری خانەقینە ، یا مەبەستی دەرەوەی شارو باکوورو باشووری هەرێمەکەیە ؟ جگەلەوەش سەیر ئەوەیە کەباسی ناوچەی «قەرەتوو » ناکات ، وا دیارە لـەو کاتەدا قەرەتوو سەر بە ناوچەی ناوەندی بوو بێت ••

**ناوی خانەقین لەکوێوە هاتووە؟**

«عبدالعزیز البکری» نووسەری کتێبی « معجم ما استعجم »لای وایە ناوی خانەقین لە وشەی «خەنق»ی عەرەبی‌یەوە هاتووە کە دەکاتە=خنکاندن تاساندن‌و ئەڵێت : ( =/٤٨٥ ) : « کەراع وتوویە : بۆیە ناونراوە خانەقین چونکە « عەدی »یی تیا خنکێنراوە • بـەڵام خۆی کەراع کێ‌یە کە ئـەم هەواڵەی گێڕاوەتەوەو ؟؟! ئەبێ عەدیی خنکێنراو کێ بوو بێت ؟ ئەگەر ئـەم هەواڵە ڕاست‌بوایە دەبوایە ناوی شـارەکـە « خنق » بوایە یا بـە ناوی عەدی یەوە « مخندق » بوایە ئەوەش نەزانراوە کە ئەم هەواڵە دەس‌هەڵبەستە هی سەردەمی بەر لە ئیسلامە یا هی پاش ئیسلام ؟! لەگەڵ ئەوەش‌دا کـە ئێمە دەزانین وشەی « خانەقین » تێ‌هەڵکێشە لە دوو وشەی «خان‌و گین»واتا خان‌دار چونکە سەرەڕێی کاروان‌و زەوارەڕێ‌بووە ، کاروان‌سەرای زۆری تیا بووە ، ئێمە پاشکۆی « گـین »مان زۆرە کـە لەمەو بـەر نووسەرو هەستیارەکانمان بەکاریان هێناوە وەکوو پاشکۆ ، بۆ وێنە : زەخم‌گین = زامدار ، شەرم گین = شەرم‌دار ، بەشەرم ، خاوەن شەرم • بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە لـە بنەڕەتا « گـین » بووە نەوەك ( قـین ) ئەوەیە تائێستـــە عێلەعەرەبەکانی دەوروبەری سەعدی‌یەو مەنسووری‌یەو هی تر بە شارەکە دەڵێن « خان‌جین » کە ئـەمەش دیاردی‌یە بـۆ ناوە بنـەڕەتی‌یەکە ، جگە لەوەش ، ئەوەش ئاشکرایە کە ئەم شارۆلکەیە بەر لە پەیدابوونی ئیســلام پاش ئەوەش هاوینەهەوار بووەو پڕبووە لە کۆشك‌و تەلاری پیاوماقووڵان •

تا ئەم دوایی یەشدا ملك فیصلی یەکەم لەوناوەدا کۆشکێکی کرد ••

**ڕووباری ئەڵوەند :**

ئاوی ئەڵوەند لە چیاکانی « زاگرۆس »ەوە سەربەرەوخوار دەبێتەوە ، لە چیای « تاق گەڕا »وە کە بەرزایی لە ڕووی زریەوە ۱۹۰۰ مەترە ، پاشان لەگەڵ زۆر چەم وکانی ئاوی ترا تێکەڵ ئەبێت تا ئەگاتە دەشتی «عەلی گردە»و لەوێوە بە دۆڵەکانی چیای « پێشگاکۆ »دا ڕادەبورێتو دەگاتەبانەبەرزەکانی « سەرپل » = سەرپردی زەهاو ــ واتا کۆنەشارەکەی حەلەوان ــ قەصری شیرینو لەوێوە ڕوودەکاتە خانەقینو بەرەوخوارەوە دەبێتەوەو لــەژوور «قزلڕەباط»ەوە تێکەڵ بە ڕووباری سیروان دەبێت • یاقووتی حەمەوی لە کتێبی « معجم‌البلدان »دا نووسیویە : لە خانەقین بە سەرشیوەکەوە پردێ زۆر گرنگ دوروستکراوە لــە ۲٤کەمەرە پێکهاتووە هــەر کەمــەرەیێ ۲۰گەز پانایی‌یەتی ، شەقامەڕێی خۆراسان بەرەو بەغدا بە سەر ئەم پردەدا دەڕوات » •

« میستەر ڕیچ »یش کە صەدەها ساڵ پاش ئەو بە خانەقیندا تێپەڕیوە لە لاپەڕە ۲۹۰ی گەشتنامەکەیا نووسیویە : ڕووباری ئەڵوەند زۆر تیژە ، ئەم ڕووبارە چیایی‌یە لە باشوورەوە بەرەو باکوور دەگەڕێتەوەو لە ژوور قزلڕەباطەوە تێکەڵ بە دیالی ( سیروان ) دەبێت بە فەرمانی «محمدعلی‌میرزا» پردێکی زۆر جوانی لەسەر کراوە کە لە ۱۳ کەمەرە پێکهاتووە •»

بەڵام « سید عبدالرزاق الحسنی » پاش ئەو لــە لاپەڕە ۲۱۱ی کتێبی « العراق قدیما وحدیثا »دا نووسیویە : ڕووباری ئەڵوەند کە لە ئێرانەوە بەرەوخوار دەبێتەوەو بە خانەقیندا ڕادەبوورێو شارەکە دەکات بە دوو بەشەوە ، پردێکی گرنگی لە سەر دوروستکراوە هەردوو بەشەکە دەبەستێ بە یەکەوە ، ئەم پردە وەکو لــە سەرچاوە گرنگەکان دەردەکەوێ ــوەك معجم‌البلدانــ زۆرکۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزرانی شارەکە(؟!)

## المصـــادر الكوردية

٣٠ ــ پرشنگ ، گۆڤاری پرشنگ • ژماره (٢)ئابی١٩٦٧ •
٣١ ــ ڕزگاری ، ژماره ١٧ و ١٨ ( ڕۆژنامەی پارتی دیموکراتی کورد ــ عێراق ) •
٣٢ ــ قاسملو ، عبد الرحمن • « چل ساڵ خەبات لـە پێناوی ئـازادی » بەرگی‌یەکەم ــ ١٩٨٥ •
٣٣ ــ قەرەداغی ، معروف • « بارزانو نهێنیەکانی » بەغدا ــ ١٩٣٨ •
٣٤ ــ کۆنگرەی سیهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ــ رەزبەری ساڵی ١٣٥٢ ــ سیبتامبری ١٩٧٣ــز •

## المصادر التركية

35 — Silopi, Zinnar "Doza Kurdustan" Kurt Milletinin 60 senedenberi esaretten — Nisan — 1969.

٣٦ ــ یاملكي ، عبد العزیز « كردستانو كـورد اختلاللری » جلـد اول ، برنجی جلد ــ تهران ــ ١٩٤٦ •

# المصادر الانكليزية

37 — Chaliand, Gerard "People without a Country" The Kurds and Kurdistan — Translated by Michael pallis - Zedpress, London - 1980.

38 — Jawad, Sa'ad. N. "Iraq and the Kurdish" A thesis Submitted for the degree of Ph. D. to the University College of wales, Aberys twyth".

39 — Jr, william Eagleton "The Kurdish Republic of 1946" Oxford University press. London - 19 - 63.

40 Kahn, Margaret " children of the Jine" - New york 1980.

41 — More, christiane "The Kurdes aujourd" hui. Mouvement National et partis politiques - Editions L, Harmattan. Poris. 1984.

# خانەقین لــە مێژوودا

**نووسینی : محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی**

بەڵێنم دابووە خوێنەرانی خۆشەویست کە دەربارەی هەموو شارێك‌و شارۆلکەیێکی وڵاتی کوردستان کە لە لایەن مێژوونووسانەوە بەلکو لە لایەن نــووسەرانیشەوە فــەرامۆش کــراون ، نامیلکەیێکی گەڵاڵەیی وا دەربارەیان بنووسم هەم لــە لایەن خاکناسی‌و هــەم لــە لایەن مێژووەوە ناسیاری‌یەکی باش بدات بە دەستەوەو باسی ئەو هەواڵ‌و دەنگ‌و باسانەی تیابێ کە بەسەر ئەو جێگەیەدا ڕابوردووە •

وەکــو لــە یادتان بێ لەمەوبەر بەڵێنەکەم بەجێ هێنابوو دەربارەی دەقوقاء= طاوغ‌و بەندەنیجین =مەندەلی‌و حەلەوان‌و دینەوەر ، ســـەرو سیپارەیێکم نووسیبوو • ئەو سیپارەیانە بە دڵی زۆربــەی خوێنەرەوەکان‌و مێژووزانەکان بــوون‌و لەگەڵی مێژونووس‌و ئەدیب‌و نووسەرانەوە بــە نامەو بەباڵابڕین پەسەندم بۆ هاتبوو • تا ئیستێش کاتی ئەوەیە جارێکی‌تری بەڵێنەکەم بەجێ‌بهێنم‌و دەربارەی « خانەقین » ئەم سیپارە بچووکە بخەمە بەردەس ، هەرچەندە ئەمڕۆکە ناهەمواری ڕێ نادا کە مرۆڤ بەپێی خواستی دڵی خوێ دەربارەی شارەکەو هەرێمەکە بنووسێت‌و بگاتە بنەچەو بنەڕەتی هەموو زانیاری‌و باس‌و هەواڵێ ، بەڵام هەروەك وتراوە : « مشتێ نموونەی خەروارێکە »و « ئــەگــەر دەست نەگەیی‌بە میوەی سەرپۆپە ، هــی سەرچڵەکان لە دەست مەدە » جا ئێمەش بەمەندە واز دەهێنین کــە بۆمان دەلوێ •

**خانەقین لەکۆنا :**

لە کۆنا بە خانەقین‌و هەرێمەکەی وتراوە : «ئارتمیتا»

ئەمە لە لاپەڕەی ٣٦٦ی کتێبی « اطراف بغداد »دا نووسراوە کە لە لایەن لیژنەیێکی کۆڕەوە وەرگێڕاوە بە عەرەبی ، بەڵام من خۆم ئەم ناوەم لــە

هیچ نەرهەنگێکی ناوان‌داو لە هیچ کتێبێکی مێژوویی بەردەس‌دا بەرچاو نەکەوتووە • ئەوەی لە مێژووەکان‌دا هەیەو باس کراوە ئەوەیە کە لە کۆنا بە خانەقین‌و هەرێمەکەی وتراوە : « وڵاتی نەمەر NAMAR یا ئەنمار ، مێژوونووس « جەلیل ضیاپوور »لە کتێبی « مادها »دا کە بە زمانی فارسی نووسیویە بە وەرگرتن لە کتێبی « ماد »ی خۆرهەڵاتناس سۆڤێتی « دیاکۆنۆف »ەوە نووسیویە : « بەشی ناوەندیی ڕووباری دیالی=سیروان » بە « نەمار »ناوئەبرا هەروا « شەلما ناصری سێیەم »کە ئەو شۆڕشەی دامرکاند کە لە « نەمار »دا ڕووی‌دابوو ، « یانزی »ی سەرۆکی بنەماڵەی « بێت‌هەمبان »ی دانا بە پادشای هەرێمەکە • پاشان ویلایەتی « نەمەر » لەگەڵ دوژمنانی دەوڵەتی ئاشووری‌دا ڕێك‌کەوت‌و بۆ ماوەی ٦٥ساڵ لە پاومان‌و دوادوایی پاشایێتیی « شەمس ئاداد »دا ــ دەسەڵاتی ئاشووریی لە وڵات لاداو پەکی‌خست •

« لاپەڕە ١٨١ ــ ٢٣٩ ــ ٣٣٩ » • دوکتۆر ئەحمەد سوسەش لەکتێبی « ری سامراء »دا بە وەرگرتن لە زمانی « مەقدیسی »یەوە نووسیویە : « خانەقین لە سەردەمانی ئەشکانی = پەرثی‌و ساسانی‌دا سەربە ئەیالەتی « شادفەیرووز » بووە کە لەم هەرێمانە پێك‌هاتووە : خانەقین ــ ئاریل(؟!)ــ تامەڕا ــ کۆهستان ــ فەیرووزقوباد • ( لاپەڕە ٣٧ خیطەط بەغداد وەرگێڕانی دوکتۆر خالید لە ئینگلیزی یەوە ، هەروا لاپەڕە ٨١ کتێبی کرمانشاهان کە بە فارسی نووسراوە )و لەگەڵ ئەوەش‌دا کە لە سەرەتای وڵات‌داگیرکاریی ( فتوحات ) ئیسلامی‌دا ناوی خانەقین کەمتر بەرگوێ دەکەوێ بەڵام ئەحمەدی کوڕی واضیحی یەعقوبی کە لە ساڵی ٢٤٨ك = ٨٩٧زا کۆچی دوایی کردووە لە لاپەڕە ٣٤ی کتێبی « بلدان »دا ناوی خانەقینی بردووەو نووسیویە : « خانەقین یەکێ لە هەرە گەورە گوندەکانەو کاروباری زۆرگرنگە » •

بەڵام ڕووخاوەو جارێکی تری هەر بە بەردەکانی پردە کۆنەکە دامەزراوەتەوەو برێتی‌یە لە ١١ کەمەرە •»

بەڵی لـەم ساڵانەی دوایی‌یەدا پردێکی تریان بـە سەر ئەڵوەندەوە دوروست کردووە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی شـارەکـەوە ، تەختو بەرینو پانو پۆڕە هەموو جـۆرە گەڕینو بارهەڵگرێکی پیاتیپەڕدەبێت •

**گەڕەکو بازاڕو خانوو بەرەی خانەقین :**

وەك لە پێشا باسمان‌کرد حەسەنی نووسیویە : شاری خانەقین بە هۆی ئەڵوەندەوە دەبێ بـە دوو بەشەوە : بەشێکیان دەکەوێتە لای خۆرئاوای ڕووبارەکەو درێژا ئەکێشێ پێی دەوترێ : خانەقینی کۆن ، بەشی دووەم بەسەر کناری لای خۆرهەڵاتی ڕووبارەکەدا دامەزراوە پێی دەوترێ : حاجی‌قەرە ، ساڵی ١٣١٣ك = ١٨٩٥زا کە هێشتا عوثمانی لە وڵاتا بوو گەڕەکێکی تازە لە خانەقین بەرپابوو ناونرا : حەمیدی‌یە پاش ئـەوە خانەقین پـەرەی سەندو تەنی‌یەوە چەنـد گەڕەکێکی تـازەی تـری تێدا پەیدابوو ، هـەروا زۆر خانووبەرەو کۆشـکی تازەو جوانی تیادوروست‌کراو گـەلێ مزگـەوتو حوسەینی‌یەو تەکیەو خانەقاو بازاڕی ئاوەدانو قەیصەریی تیادوروست‌کراو سازمانی ئاووکارەباو باغچەی گشـتیو چەندیـن قوتابخانەی بـەرایی‌و ناوەنجی کچانەو کوڕانەی تێدا بەرپاکرا هەروا پاڵێوخانەی نەوتی ئەڵوەند هێنرایەکایەوە بۆ پاڵاوتنی ئەوکانی‌یە نـەوتـانـەی کـە لـە سەرزەویی نەفت‌خانەدایەو هەشت صەدە لەمەوبەر « یاقووتی حەمەوی »باسی کردووەو نووسیویە : « مسعر کوری مهلهل » وتوویە : لـە خانەقین‌دا کانەنەوتێکی زۆر مەزن هەیە کە دەرئامەدی زۆرزۆرە • ئەم پاڵاوتن‌خانەیە بەر لەوەی لـە لایەن دەوڵەتی عیراقەوە بڕیاری « هی‌گەل »ێتی ( تأمیم )ی بەسەرا مۆربکرێ پێی دەوترا : هاوبەشـەکی نەوتی فارسی ئینگلیزی • نەوتەکە ئەپاڵێوراو دەخرایە تەنەکەوە بـۆ ئەوەی لـە هەموو عیراقدا بـۆ چراو سووتەمەنی

بەکاربهێنرێ • هەروا لە خانەقیندا چەندین سینەماش دوروستکراوە •

پێ دەشتی خانەقین هەروەکو لە لاپەڕە ( ٢٩٠ )ی گەشتنامەکەی « ڕیچ »دا هاتووە : دەشتێکی سەوزی بژوێنی ڕەنگامەیە ، جارجارە زنجیرە زۆرگ‌و هەڵەتێ زبران لەیەك دای‌دەبڕێ • ئەم پێ‌دەشتە بە دانەوێڵەی هیندی ( مەبەستی گەنمی قەندەهاری‌یە )و تەماکۆی تیادەچێنرێ • ، لای ژووری ئەڵوەندیش پڕە لە مەرەزە،ئاوی مەرەزە لەوەرزی پاییزا کەشکەلانی وڵات ئەگۆڕێ‌و هەوای ناساز دوروست‌دەکات ، وەکو ئەوترا : زەوی‌وزاری ئەم وڵاتە یەك بە دە دەبڕێ ، یەکێ لە ئاوایی‌یەکانی نزیك خانەقین بەری « قوڵای » ، کە لە کاتی خۆیا مەلیك فەیصەلی یەکەم کڕی‌و لە گوندی عەلی‌ئاوا کۆشکێکی گەورەی بیناکرد هەروا « دەکە »ش لە گوندە هەرە گرنگەکانە • خانەقین بە هۆی هێلی ئاسنینی ڕێچکەڕۆوە کە لە چوارڕێ‌یانی « قەرەخان = کەرخ جدانی » کۆنەوە بۆی ئەڕوات خۆی بەستووە بە هێلی کەرکوك بەغداوە • ئەم هێلە لە کاتی خۆیا دەوڵەتی ئینگلیزی داگیرکار دای‌مەزراندبوو ، لەم ساڵانەی دواییەدا لەبەر هەندێ هۆ پووچ‌کرایەوە •

**خانەقین‌و دەنگ‌و باسی مێژوویی :**

خانەقین لە سەردەمانی کاسی‌و عێلامی‌و ئەکەدی‌و سۆمەری‌و گۆتی‌و ئەو دەوڵەتە بچووکانەی کە لە خود هەرێمەکەدا بەرپابوون دەنگ‌وباسی زۆری تێدا ڕوودلوەو گەلێك هەراوهوریای دەربارە تۆمارکراوە • هەروا لە سەردەمانی ئاشووری‌و مادو ئەخەمینی‌و سلوکی‌و پەرثی ( ئەشکانی )و ساسا نیشا زۆر باس‌و هەواڵی تێدا ڕوودلوە ، بەڵام ئێمە دەقی وەهامان بە دەسەوە نی‌یە کە بە تایبەت باسی ئەم شارۆلکەیەو هەرێمەکەی بکات ، جگە لەو بەردە نووسراوو تاوێرە هەڵکەندراوانە کە داگیرکاران بۆ شوێنەواری خۆیان بەجێ‌یان هێشتوون‌و بریتین لە هەواڵی کوشتارو قەلاری مروڤ‌و

تالآنی شارو دێو ڕووخاندنی ئاوایی‌و ئاموزشگاو پەرستشگاو ڕماندنی ئابودەی خوایان‌و گوستنەوەیان بۆ شارانی تری‌و هەرگیز قایل‌نەبوون بە مافی مروڤایێتی‌و خەلکی ژێردەس وەك ئاژاڵێ خوڕراون بەرەو مەیدانی مەرگ‌و ئاتەش‌خانەی نابــوودی‌و گــۆڕەپــانی بەدبەختی‌و تالآن‌وبــڕۆو سووتاندن • بێ‌گومان تــۆمارکردنی دەس‌درێژیی بێگانەی بەم جۆرەوەی هەزاران ســاڵ لەمەوبەر ، جگە لــەوەی کوڕانی وڵاتی پێ سەرشۆڕ ببێ شانازی‌یێکی مێژوییی تێ‌دانی‌یە • لە سەردەمی ئیسلامیش‌دا مێژونووسان لە ســەدەی دووەمــەوە هاتوونە هۆشــ بــۆ تۆمارکردنی دەنگ‌وباســ‌و یادداشت‌کردنی هەواڵ ، تەنیا بەو باس‌و هەواڵانە وازیان هێناوە کەلە دەمی ئەم‌و ئەویان بیستووەو لە ماوەی دووصەت ساڵا هەزارەها درۆو ئەفسانەی تێکەڵ‌بووە • خود ئەو هــەواڵانەش تەنیا باسی کاربەدەست‌و فەرماندەو سەردارەکان بووەو ستایش‌و هەڵنانی درۆکانەی پــڕ لــە روپایی بــەلام دەربارەی مێژووی کۆن‌و ڕاستەقینەی وڵات تەنیا باسی ئەژدەهاو دێــوو خێوو جنۆکەیان یادداشت‌کردووە ، ئەویش هەریەکە بــە جۆرێ هەرکەسە دەستەیێکی هەڵناوەو جنێوی بە دەستەیێ داوە بێ ئەوەی کابرا بناسێ یــا دەربارەی ئاگاداری‌یێکی هەبێت ، تەنیا بــۆ لاسایی‌کردنەوەو دەســەلات ڕازی‌کردن •

کۆن‌ترینی ئەم کتێبانەی کە باسی مێژووی سەرەتای دەورانی ئیسلامی تێ‌دابێ (١) « سیرةالرسول »ی « محمد کوڕی ئیسحاقە »کــە پاش مردنی « ابن هشام » ڕای‌گەیاندووە ، ئــەو خۆی ساڵی ١٥٠=٧٦٧ز١ مردووە ، بەلام ئەم ساڵی ٢١٩ك=٨٣٤زا مردووە••• نووسەری مەزن « ابن‌ندیم » لە کتێبی « فهرست »دا کە باسی محمد دەکا زۆرخراب ناوی دێنێ‌و دەڵێ : درۆزن ، ساختەچی ، مێ‌باز بووە ، لە زمانی زۆر کەسەوە باسی گێڕاوەتەوە کە هەرگیز نەی‌دیبوو .• (٢) «فتح الشام» واقدی کە نووسەرەکەی ساڵی ٣٠٤ك=٩١٦زا مردووە ئەم لەوی‌تر بەدناوتر بووە ، «ابن‌حجرهیثمی » لــە

کتێبی « فتاوی‌حدیثیه »دا ـ کەلای مەلاکان زۆر جێی باوەڕە ـ نووسیویە :
ئەو کتێبیانەی کە ئیسحاق‌و ئیبن‌هیشام و واقیدی دەربارەی فتوحات‌و مەغازی نووسیویانە پڕن لـە درۆو دەلەسە ، جا مێژووی پاش ئیسلامیش لێرەوە دەس‌پێ‌دەکات •

باشترین مێژوونووس «طەبەری »یە نووسەری « تاریخ‌الامم‌والملوك » کە لە کتێبە فارسی‌و پەهلەوی‌یەکانی پێش خۆیەوە دەنگ‌وباسەکانی کـۆن تری گواستۆتەوە ، ئەویش پڕە لە ئەفسانە ، هەروا کتێبی «تجارب الامم»ی ئیبن میسکویە کە سەرچاوەیێکی باش‌و مەلایانەیە ، بەلام ئەویش دیسانەوە بە لاسایی زۆری وەرگرتووە ، کە لە ڕاستی‌یەوە دوورن •

هەرچون بێ ئێمە ناچارین بۆ هەوالەکان ئەم کتێبیانە بکەین بە بنکەی دەستەکەبەلگەو جارجارە وتووێژێکیشی لە سەربکەین‌و ئەم نووسینە بکەین بە « ناسین‌نامە » ( هویة ) بۆ شاری خانەقین :ــ

سالی ١٦ك=٦٣٧زا پاش ئەوەی سپای ئیسلام شاری مەدائینی داگیر کردو ماوەیێ پشووی‌داو حەسایەوە ، فەرماندەکان هەوالیان گەییشتێ کـە « یەزدگورد »ی پادشای ساسانی سـپایێکی زۆروزەبەندەی لـە گولالە ( جلولاء ) کۆکردۆتەوەو نیازی شەڕی هەیە ، فەرماندەی سپای ئیـــسلام « سعدکوڕی‌ابووقاص »برازاکەی خۆی « هاشم‌کوڕی عتبە کوڕی ابـو وقاص »ی نارد بۆ بەرانگاری‌یان ، هاشم کەوتەڕێ بەڕێی « بابل مهروذ »دا کـە گەییە«مهروذ » کوێخای«مهروذ»پێشوازی کردو بەلێنی داپێ بـە پانایی لاتەزەوی‌یێ ( جریب ) درهەمی بۆ هەلبڕێژێ بەو مەرجەی زیانیان لێ‌نەدات.•
جا هاشم بە ئاشتی لەگەلیان‌ڕێك‌کەوت ورەبەرەو پێش کەوتەڕێ تا گەییشتە گولالە ( جلولاء ) لەوێ سەرنجی‌دا عەجەمەکان سەنگەریان دامەزراندووەو خەنەکیان لێ‌داوەو کـەس‌و بنەمالەی خۆیان‌و بنەوباریان گواسـتۆتەوە خانەقین‌و لە ناو خۆیانا پەیمانیان بەستووە پشت‌نەکەنە دوژمن‌و بەرامبەری

بجەنگن‌و هەرگیز هەڵنەیێن • پەیتاپەیتاش کۆمەکو یارمەتی‌یان لە حەلەوان‌و چیاوە بە فریادائەگەیشت • فەرماندەی ئەوحەلەی سپای عەجەم «خورەزادی برای رۆستەم»بوو • هاشم دای بەسەریانا لە سەنگەرو خەنەکەکاناگەمارۆی‌دان‌و کەوتەکوشتاریان، هەر ئەو رۆژە صەت‌هەزاری(؟!) لێ‌کوشتن، بەم جۆرە سپای موسوڵمان بە سەر سپای عەجەم‌دا زاڵ‌بوو • ئنجا «هاشم» «جریر کوری عبدالله بجلی»بە هێزێکی سوارەی زۆرەوە لەوێ بەجێ‌هێشت، کە بینە پارێزەری سنوور لە نێوانی خۆیان‌و سپای عەجەم‌دا • قەعقاع کوری عەمریش لەولاوە کەوتە دوای دوژمن تا گەیینە خانەقین، کە یەزدگورد بەم شکستەی زانی حەلەوانی جێ‌هێشت‌و بەرەودواوە گەرایەوە ناو چیا • قەعقاع لەم دوژمن‌راونانەدا تووشی میران «مهران» بوو کوشتی‌و لەوێ «جریر کوری عبدالله»دانرا بە سەرداری خانەقین، کە هێشتا پاکورەی عەجەمی تێ‌دا مابوو، سەرپاك قەلاچوی کردن (؟!)و هەموویانی دایە دەمی تیژی شمشێرا (؟؟!!) فتوح البلدان بلاذری ٢٦٠ و الکامل لابن‌الأثیر ٥٢١/٢ • هەر کە ئەم هەواڵە پرموژدەیە نێررا بۆ خەلیفەی دووەم «عومەری کوری خەطاب» (٥٠خ)و موژدەی داگیرکاریی وڵاتی درایێ‌و پێی راگەیێنرا کە قەعقاع گەیبوەتە «حەلەوان»و داوای «ماوە»یان لێ کرد کە رێ بدات: دوای دوژمن بکەوێ‌و سپا بچێتە ناو جەرگەی‌وڵاتیانەوە، لە وەراما وتبووی: «زۆرم پێ خوش ئەبوو گەر لە نێوانی رەشەخاك (سواد)و لە نێوانی چیا (جبل)دا شوورەیێکی وەها هەبوایە نەئەوان توانایان هەبوایە بەرەو ئێمە بێن‌و نە ئێمە رێمان هەبوایە بەرەو ئەوان برۆین • ئێمە دێهاتی رەشەخاكمان بەسەو من ساغ‌و سەلامەت‌مانەوەی موسوڵمانانم زۆر لەلا گرنگترە لە تالان‌و برۆ» (الکامل ٢١١/٢) •

بەم وتارەی حەزرەتی عومەردا بۆمان دەردەکەوێ پیاوانی گەورەو خاوەن هۆشی سەرەتای ئیسلام حەزیان لەوە بووە کە ئایینەکە بە هۆی بانگەوازی خەڵکەوەو بە تێ‌گەیاندن بلاو بکرێتەوە، نەوەك هەر بەزۆری

شمشێر ، بەڵام ئەم جمانەی سپای ئیسلام بۆ وڵاتێکی سەختی شاخاوی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نەتەوەی کوردی ژێر دەستی ساسانیی چەوەساوە بە هەلی زانیوەو شۆڕشی بەرپاکردوەو سپای ئیسلامی هانداوە بۆ پێشکەوتن‌و هاوکاری لەگەڵ کردوون‌و ڕێ‌بەدێتی کردوون بەرەو ئەوهەرێمە هەزاربەهەزارانە کە هەرگیز لەگرتن نەدەهاتن بۆ کەسانی شارەزا نەبوایە ، هەر لەبەر ئەوە بووە حەزرەتی عومەر ( د•خ )ڕازی نەبووە کە خۆیان بە فەتارەت بدەن •

ساڵی ٣٦ك = ٦٥٦ زا خەلیفەی دووەم : « حذیفه »و « ابن حنیف »ی نارد بۆ خانەقین ــ کەلەوحەلەدا بەرابی جێگە داگیر کراوەکان بوو ــ لەوێ دروشمی ناموسولمانی‌و بەزۆر مل‌کەچ کردوویی بخەنە گەردنی ئەوانەی ددانیان بە ئیسلام‌دا نەناوەو باج‌و سەرانەیان لێ وەربگرن ( فتوح‌البلدان/ ٢٦٨ ) •

ساڵی ٣٦ك=٦٦٥زا یاخی‌یەکان لە هەمو وڵاتێکەوە سەریان‌هەڵداو بڵاو بوونەوە ، وەك « ابن الاثیر »لە « الکامل »دا لاپەڕە٤١٣/٤ نووسیویە : « حەجاج فەرمانی دا بە سفیان بکەوێتە گەڕان بۆ دەس‌گیر کردنی « شبیب »و بە دوایا چوو تا گەیی‌یە « خانەقین »شبیب خۆی لێ‌یان لاداو ڕووی کردە لایێکی‌تری‌و وای نیشان‌دا نایەوێ لەگەڵیان بکەوێتە شەڕەوە بەڵام «ممصاد »ی برای لەگەڵ پەنجا کەسا لە دۆڵێکی نمکانا لە بۆسە داو خۆی بەرەو بناری چیاکەجبا ، هێزەکەی سفیان نەڕاندیان : ئاها دوژمنی خوا هەڵات بۆی دەرچوو بکەونە دوای ، ڕاوی‌نێن • « عدی کوڕی عمیرەی شیبانی »پێی وتن : کوڕینە پەلە مەکەن با سەرنجێکی دەوروپشتی خۆمان بدەین نەوەك لە دۆڵێکا لە نمکاتێکا بۆسەی بۆ نابینەوە • بەڵام کەسانی هێزەکە گوێ‌یان بەقسەکانی نەداو بەدوای شبیب‌دا ڕۆیین ، هەر کە لە بۆسەکە تیپەڕین شبیب لێ‌یان هەڵگەڕایەوەو ممصادی براشی لە بۆسەکەوە لێ‌یان

دەرپەڕی ، خەلکەکە بێ ئەوەی دەست بکەنەوە هەمو هەلاتن ، تەنیا «سفیان» خۆی مایەوە بە صەت کەسێکەوەو لە جێی خۆی‌دا وەك مێخ چەقی‌و شەڕێکی زۆر سەختی لەگەڵ کردن » • ئنجا هەروەك ابن الاثیر لە الکامل‌دا ٤/٤١٣ تۆماری کردووە : « حجاج » « عبدالرحمان کوڕی محمد کوڕی اشعث »ی ناردە سەر شبیب‌و هەردولا کەوتنە شەڕەوە ، شبیب یاسای وەها بوو بۆ ماندوو کردن‌و شەکەت کردنی سپای حجاج هەرێمێکی بەجێ دەهێشت‌و لە هەرێمێکی‌ترەوە سەری‌هەڵ‌دەداو « عبدالرحمان » لە دوای نەدەبووەوە بە خانەقین‌داو بە گولاڵەو بەسامەڕاءدا ڕادەبورد ، پاشان لە هەرێمی « بت » — کەسەر بە دێهاتەکانی موصلەو تەنیا جۆگەی « حولایا » دەکەوێتە نێوانی ئەوێ‌و ڕەشە خاکی « کوفە »وەو ئەم « بت »ە لە « راذان »ی سەروودایە لە خاکی‌جوخی‌دا ».•

لێرەدا دەبێ بڵێم : ئەوانەی کە بێ شارەزایی جوغرافی‌و هەلکەوتی سەرزەویی ولاتێ باس‌و هەواڵی مێژوویی‌یان تۆمار کردووە تووشی هەڵەی سەیر سەیر بوون — جارێ لەمە نادوێین کە چۆن شبیب جارێ لە خانەقینەوەو جارێ لە سامەڕاوە سەری هەڵ‌داوە ، چونکە ئەمەیان بۆ چەتەی سوارە شتێکی نەگونجاو نی‌یە بەلام ئەوە سەیرە کە دەڵێ « بت » سەربەدێهاتەکانی « موصلەو » تەنیا جۆگەی « حولایا »ئەکەوێتە نێوانی ئەوێ‌و ڕەشەخاکی « کوفە »وە!!! ئەم « بت »ەش لە « راذان »ی سەرودایە لە خاکی جوخی‌دا!! جا «بەت» لە کوێ‌و دێهاتی موصل لە کوێ ؟ بەت ئەو جێگەیەیە کەپێی دەوترێ « عیث » کە سەردەمێ سەر بە سامەڕاء بووەو جێی خۆیەتی ، چونکە ئەو بیابانەیە کە دەکەوێتە نێوانی چیای حەمرین‌و بەشە چیای پشتی تکریت — سامەڕاء ، لە سنووری عێلی بەیاتی ئێستەوە تا سنووری حەویجەی عێلی عوبەیدو لە نێوانی دووررووباری لای خوارەوەی خاصە — ڕۆخانە — کە ناوی زغەیتوونەو ئاوەسپی ( داقوق‌صو — اق‌صو ) کە هەردوولایان تێکەڵ دەبن بە یەکداو ڕووباری عظیم ( ادهم )

دوروست‌ده‌کەن ، هـەر ئەم دوو ڕووبارەیە کـە لـە کۆنا بە « ڕاذانات » ناوبراون (۱) ڕاذانی‌سەرەوە واتا یەکاوی : خاصەو ڕۆخانە ، لە زغەیتوون. (۲) ڕاذانی خواروو واتا یەکاوی : ئاوەسپیو شیوی کفریو نارین کە هەموو لایان تێکەڵ دەبنو « عظیم »پێك‌دێننو ، پاشان دەڕژێنە دەجلەوە .. جـا دەبێ ئەم ڕووباری « حولایا »یە کامە بێ ؟ کە لە نێوان « بەت »و ڕەشەخاکی « کووفە »دا بێ ؟ لەگەڵ ئەوەش‌دا کە لە نێوانی ئـەم ماوا دوورو درێژەدا دەجلەو فوراتو دەیان لقو جۆگەی تری هەیە !. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ ناوی« موصل » و « کووفە » هەردوکیان بە هەڵە هاتوونو خراونە ئـەم هەرێمەوە ، دوور نیـیە « کوفە »کەیان شاری « کەری » ئێستە بێت بەڵام موصلەکە لەکوێوە هاتووە؟سەرەڕای ئەوە هەموو جوغرافیاناسانی سەرزەویی « جوخی »یان بەو خاکە داوەتە قەڵەم کـە دەکەوێتە نێوانی « مەهرود »و بەعقوبەوە.... ( اطراف بغداد ٣٦٩ ) ــ سالی ۱۳۱ ك= ٧٤٨ زا ــ وەك لە ( ٥/٤٠١ )ی ( الكامـل )دا هاتووە :ــ سەرەتای هەرەس‌هێنانی قـەڵای دەوڵەتی ئەمەوی دەرکەوتو لە هەر لایێکەوە شۆڕش بەرپا بوو خەڵـك کەوتنە چاوەڕاو بـۆ بنەماڵەی پێغەمبەر ( آل‌بیت )ــ واتا ئـەوانـەی لە ( فاطمـە )ی کچیو « علی‌کوڕی ابـوطالب »کەوتبوونەوە ــ فەرماندەکانی سەر بە ئەبوموسلیمی خوراسانی ــ ( کە لە بنەڕەت‌دا لوڕو خەڵکی نەهاوەند بوو ) لە هەموو لایێکەوە تەنگیان بە دەوڵەت هەڵچنیبوو « مەروان » هەرە دوایترین خەلیفەی ئەمەوی فەرمانی دا بـە « ابن‌هبیرة » ــ کـە یەکێ بوو لە فەرماندەکانی بە سپاوە بچێتە شەڕەوە بۆ بەرانگاریی (قحطبە)ی‌کوڕی شبیب طائی ــ کە یەکێ بوو لە فەرماندەکانی سپای سەر بە ( ئەبوموسلیم ) هوبەیرە لەشکری خۆی ساو داو کەوتەڕێو گەیشتە گوڵاڵە ( جلولاء )و لەوێ لەشکربەزی کردو ئەو سەنگەرو خەنەکانەی تازە کردەوە ــ کە سپای عەجەم لەوەبەر لە شەڕی گوڵاڵە ( جلولاء )دا هەڵیانکەندبوو ــ لـەوێ مایەوە ، « قحطبە »کشا تا گەیشتە کرماشان ، ئنجا کـەوتـەڕێ بـەرەو

حەڵەوانو ، پاشان بەرەو خانەقین •• ئنجا ڕووی کردە « عکبراء »و لەوێوە لە ئاوی دەجلە پەڕی‌یەوەو پێش‌کەوت تا گەیی‌یە « دمما »ی نزیك « انبار »و لەوێ سپابەزی کرد ••»

بەپێی کتێبی « اخباربنی‌العباس »۳/۱۳۷ ئالەم‌کاتەدا « مووسای‌کوڕی سەریی چاوخێل »ی خەڵکی هەمەدان ـ کـە لە حەڵەوان بـوو ـ جاڕی یاخێتی‌و سەرچڵێتی داو حەڵەوانی داگیر کردو فـەرماندارەکانی ڕافڕاندو شاربەدەری کردنو کەوتە چاوەڕاو بۆ « آل‌بیت »و چەك‌وتفاقی خۆی لـە خانەقین قایم کردو نامەیێکی بۆ « قحطبە » نووسی تیا ملکەچێتی‌و پەیڕەوێتی خۆی دەرخست •••

ساڵی ۱۹٦ك = ۸۱۱ زا کە کرمی ناکۆکی لـە نێوان « امین‌و مأمون » کوڕانی « هارون‌الرشید »دا پەیدا بوو و هەردوولا لەشکریان لەیەك کـرد امین داوای « احمد کوڕی مزید »ی کردو چاوی پێ‌کەوت‌و فەرمانی دا بـە « فضل » کە هێزێکی بخاتە ژێر فەرمانو چەند لەشکری‌تری ویست بیداتێ‌و دەستوریشی دا بە « احمد » کـە زۆر بـە پەلە بۆ هەڵکوتانە سەر دوژمن پێشکەوێ‌و شەونخونی بکات • « احمد » بە بیست‌هەزار سوارەوە ـ کە لـە سپاکە هەڵی بژاردبوو ـ کەوتەڕێ « عبداللـە کوڕی حمیدی کـوڕی قحطبە »شی بە بیست هـەزار کەسەوە لەگەڵ خـۆی بردو ڕوویان کردە « حەڵەوان »و بەم هۆیەوە خەلیفە امین « اسد » برازای « احمد »ی لە زیندان ئازاد کردو بەخشی بە ئەو •• « احمدو عبداللە »لە خانەقین سپابەزیان کرد ، بەڵام « طاهر » فەرماندەی سپای « مأمون » هەر لە جێی خۆی مایەوەو بۆ چاوەڕاو دژی سپای خەلیفەو سیخوڕو خەفیەیێکی زۆری بە وڵاتەکەو بەناو سپاکەی امیندا بڵاو کـردەوە ، ئـەم سیخوڕو خەفیانە کەوتنە چاوەڕاوو پڕوپاغەندە : کە گۆیا امین دەستی بەخشش‌و کەرەمی درێژ کردووە بـۆ دەست‌و پێوەندەکانی‌و ڕزق‌و ڕۆزی بە سەریاندا هەڵڕژاندووە ، بـەم جۆرە فڕوفێڵ‌و پڕوپاغەندەیە نێوانی سپاکەیانی پڕ کرد لە بشێونەو ئاژاوە ،

جا هەر خۆبەخۆ لێیان بوو بە شەڕو کوشتارێکی باشیان لەناو خۆیاناکردو گەڕانەوە بەرەو خانەقین بێ ئەوەی هەر لە سنووری لەشکرەکەی « طاهر » نزیك بینەوە ٠ ئنجا « طاهر » سوودی لەم هەراوهوریایە وەرگرت و بەرەو حەلەوان پێش کەوت و لەوێ سپابەزی کــرد » « الکامل ٩٦/٦/٢٦٥٦ » ٠

ــ سالی ٢٠٠ = لـ = ٨١٥ زا « ابوالسرایا کوڕی منصور » لە کوفەوە بەهەشت‌صەت سوارەوە هەلات و ڕووی کردە « قادسیە »و لەوێوە ڕووی کردە « سووس » لە ولاتی خوزستان ، لەو حەلەدا ساماتێکی زۆر لە هەرێمی ئاهوزا ( اهواز )ەوە ئەگوێزرایەوە ، « ابــوالسرایا » پێ‌یاگەیی‌و داگیری کردو دابەشی‌کرد بەسەر هاوڕێکانیا ، کاربەدەستی ولات « حسن کوڕی علی مأمونی » هاتە لای‌و داوای لێ کرد ولاتەکەی بەجێ‌بهێلێ ، «ابوالسرایا» گوێی نەدایێ‌و نەی‌ویست بەبێ شەڕ بڕوات ، ناچار « مأمونی » لەگەلی کەوتە شەڕەوەو شــکاندی‌و لە ولاتەکە دەری‌کردو ڕاوی‌ناو برنداری کــــردو هاوڕێکانی پەرت‌وبلاو کردەوە ٠ « ابــو السرایاو محمــد کوڕی محمــدو ابوالشوك » هەرسێ هەلاتن‌و ڕوویان‌کردە مالەکەی « ابوالسرایا » ــ کە لەو حەلەدا لــە « راس‌عین » بوو ، هەر کــە گەیشتنە گولالە ( جلولاء ) « حمادکوڕی کندغوش » لێیان ڕاپەڕی‌و بە دیل گرتیانی‌و هێنایانی بــۆ نەهرەوان کەلەو حەلەدا « حسن کوڕی سهل » لەوێ سپابەزی کردبوو ، جــا « حسن » دەس‌بەجێ « ابوالسرایا »ی کوشت‌و سەرەکەی نارد بــۆ « خەلیفە مأمون عباسی »و لاشەکەشی لەسەر پردەکەی بەغداد هەلواسی‌و « محمد کوڕی محمد »یشی نارد بــۆ لای مأمون « الکامل ٦/٣٠٩ » ٠

ــ سالی ٢٢٠ لـ = ٨٣٥ زا « معتصم‌عباسی »فەرمانی دا بە «عوجەیف» کــە « زوط »ەکان سەرکوت بکات ، عوجەیف هەلی‌کوتایە سەریان پاش شــەڕو کوشتارێکی زۆر هێنایانی بــۆ بەغداد ، ژمارەیان بە ژن‌و مندالەوە ١٧هــەزار کەس‌بوو ، لەمانە دووازدە هەزاریان شەڕکەر بــوون ، پاشان

زوطەکانگوێزرانەوە بـۆ خۆرهەڵاتی بەغـداو لەوێوە خرانە ژێر دەستی « بشرکوڕیسمیدع »و بردیانی بۆ خانەقینو لەوێوە ڕەوانەی سەر سنووری وڵاتکران بۆ « عینزربه » ، هەر کە گەیشتنە ئەوێ ئنجا ڕۆمەکان دایان بە سەریانداو هەموویان لەناوبردنو کەسیان لێ ڕزگار نەبوو ( الکامل٦/ ٤٤٦ ) •

خەڵکی وڵاتی شام لە سایەی ئـەم زوطانەوە ــ کـە خێوی گامێش بوونو دوور نییە هەر معیدییەکانی ئێستە بووبن ــ بۆ یەکەم جار چاویان بە گامێش کەوت « التنبیەوالاشراف »ی مەسعودی بەفارسی وەرگێڕراو لاپەڕە ٣٣٨ • ــ ساڵی ٢٥٣ك = ٨٦٧ زا خەلیفەی عەباسی « المعتزبالله » لەشکرێکی خستە ڕێ بۆ ڕاونانی « مساورخارجی » ، موساور لە دەوروبەری گوڵاڵە ( جلولاء ) گەیشتە لەشکرەکە کە سەر ئامەدیان کابرایێ بوو ناوی « حطرمس » بوو شکستی پێ داو ڕایفڕاند ( الکامل ٧/١٩٤ ) •

ــ ساڵی ٢٥٦ك= ٨٧٠ « مووسای کوڕی بوغا » کە یەکێ بوو لـە فەرماندە تورکەکانی سپای عەباسی ــ لە خانەقین بوو ، لەوحەلەدا خەلیفەی عەباسی « المهتدیبالله »بە چەشنێکی بەندییانە برا بـۆ زیندانی کۆشك « الجوسق »و « المعتمدعلیالله » لـە شوێنی دانرا بە خەلیفەو بانگەوازی خەلیفەیێتی بە شارو بە وڵاتا جاڕدرا مووسای کوڕی بوغا لـە خانەقینەوە ڕوویکردە سامەڕاء بـۆ ئەوەی دەسبخاتە دەستی خەلیفەی تـازەو گفتی ملکەجێتیو فەرمانبەرێتی بداتێ • لەم حەلەدا هێزەکانی « مساوری خارجی » لەگەڵ لەشکرەکەی بوغادا لـە خانەقین تەقـین بەیەکاو کەوتنە شەڕەوەو ، لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزەکانی « مساور » زۆر بوونو لەشکرەکەی مووسا تەنیا دووصەت کەسێ بـوون ، بەڵام دیسانەوە مووسا بەسەر ئەواندازاڵ بوو ژمارەیێکی زۆری لێ کوشتن • ( الکامل ٧/٢٣٥ ــ ٢٤٠ ) •

ــ ساڵی ٣٢٢ك = ٩٣٣ زا ( هارونی کوڕی غریبالخال ) ــ کە خاڵی

عەباسی یەکان بوو کوژرا ، لە کاتی خۆیا خەلیفە « القاهربالله » سەردارێتیی « ماهالکوفە »ی دابووێ ــ کە شاری دینەوەر بارەگای بوو ــ هەروا سەردارێتیی « ماەسبذان »و هی تریشی دابووێ ، پاشان کە « القاهر »لادراو جبەی خەلافەتی لەشان داڕنراو لەجێی ئەو « الراضی‌بالله »کرا بە خەلیفە ، ئەم هاروونە پەلپی ئەوەی گرتبوو کە دەبێ ببێت بە سەرۆکی دەولەت‌و بۆ ئەم مەبەستە دینەوەری بە جێ هێشتبوو ڕووی کردبووە خانەقین • ئەم کارەی بوو بە هۆی ئەوەی « ابن‌مقلەو ابن‌یاقووت »و دەستەی « حجریەو ساجیە » لێی دلگیربن‌و بە کۆمەلی سکالآیەنە لای « الراضی » ، ئەوسا راضی ڕازی دلی خۆی دەربڕی کە حەزی لە چارەی نی‌یەو خۆشیی پێ‌یان‌ناێ‌و ماوەی دان کە بەرگری بکەن • ( الکامل ٨/٢٨٨ ) •

ــ سالی ٣٥٧ك= ٩٦٣ زا « ابـوالعباس کوڕی‌واصل »ی خسێوی بەصرە کوژرا ئەم کابرایە لە « بهاءالدولة »ی دەیلەمی یاخی بووبوو هەلاتبوو بەرەو خاکی ولاتی ژێردەستی « بدر کوڕی حسن وەیهی »و خۆی گەیاندبووە خانەقین کە ئەو حەلە « جعد کوڕی عوام » سەرداری ئەوێ بوو لە فەرمانبەرانی سەر بە بەدر ، جاپێشوازی لە « ابو العباس »کردو ڕێزی‌لێ‌ناو ئامۆژگاری کرد کە زۆر گورج خانەقین بەجێ‌بهێلێ‌و خۆی بگەیێنێتە لای بەدر ، بەلام ئەبوعەباس ڕایەخی لێ‌ڕاخست‌و بە ناوی ئەوەی کە شەکەت‌و دەیەوێ بحەسێتەوە لێی خەوت هەوالی هەلاتنی گەیی‌بووە « ابو الفتح کوڕی (عناز) »کە لە فەرمان‌بەرانی سەر بە « بهاءالدولە » بوو و لەو حەلەدا نزیکی هەرێمەکە بوو ، لەپڕ هەلی‌کوتایە ناو خانەقینەوەو « ابوالعباس »ی گەمارۆ داو دەسگیری کردو بە دیلی ناردی بـۆ بـەغـداد .ە « عمیدالجیوش » ــ واتا : سەردارسپا ــ لە بەغداوە ناردی بۆ لای « بهاءالدولە » کە لەوحەلەدا لە « واسط » بوو ، لە ڕێ تەتەرێکی « بهاءالدولە » تووشیان بوو و فەرمانی‌دا بە کوشتنی‌و سەرەکەیان‌ناردبۆ «بهاءالدولە»و کرا بەسەر دارێك‌داو بە هەموو خوزستان‌و فارس‌دا گێڕایان ئـەم ڕوداوە لە ١٠ی مانگی صەفەری سالی

٣٥٣كدا بوو • ( الكامــل ٩/١٩٦ ) ــ سالی ٤٣٧ك = ١٠٤٥ زا خێڵێكی « توركمانی غوز » هەڵیكوتایە سەر خانەقین ، ئەمخێڵە بە دوای كۆمەڵێ خەڵكی « حەڵەوان »دا هاتبوون ــ كــە بــە ماڵو منداڵەوە لە ترسی غوز هەڵاتبوون ــ لە خانەقین پێیانا گەیشتنو بەسەریانا زاڵ بــوونو تاڵانیان كردنو بەمجۆرە « غوز »لەم ناوچەیانەدا بڵاو بوونەوە ، هەروا مایدەشتو ئەم ناوەشیان تاڵان كرد • ( الكامل ٩/٥٢٩ )

ــ سالی ٤٣٢ك = ١٠٧٩ زا ئاوی فورات هەستاو تۆگەز هەڵچوو بەم جۆرە هەندێ لە چەرتو ناعورەكانی « هیت »ی تێكوپەكان داو دەروازەی جۆگەی عیسای تێكشكاند••• ڕووباری « تامەڕا »ش ، سیوچەند گەز هەڵچوو كەوتە سەر پردەكانی « طەرارستان »و خانەقین كە هی سەردەمی «كسرا» بوونو مابوونەوە ، هەردوو پردەكەی پچڕاند ( الكامل ١٠/١١٦ )•

لێرەدا دەبێ هەندێ هەڵەی « ابن‌الاثیر » ڕاستبكەینەوە كە بە بیستن تۆماری كردووە(١) ئــاوی « تامەڕاء » ئاوی « حەڵەوان » نی‌یە كــە بەناو خانەقیندا ڕائەبوورێ ، ئاوی سیروانەو (١٥) كیلۆمەتر لە خانەقینەوە دوورە ، سیروان لە چیاكانی « ئەسەد ئاباد »ەوە بەرەولای خۆرئاوا ئەكشێ بەرەوخوار تا تێكەڵ بە چەند شیوو چەماوی گاورودو جوانروودو هی‌چیاكانی شمێرانو دەربەندیخانو ئەمانە دەبێتو لــە ژوور « قزڵڕەباطەوە » تێكەڵ بــە « حەڵەوان » دەبێت ، كە لەمەوبەر ووتبوومان لە «تاق گەڕا»وەدێت••جــا وا دیارە لە سەر ئاوی تامەراء = سیروان لەو هەرێمەدا دووپردی كەڵەكی یابەلەمی هەبووە : یەكێكیان بۆ ئەوانەی لە ژوور هەرێمی خانەقینی ئێستەوە بــوو ، كــە مێژونووسان ناویان‌ناوە پردی « طەرارستان »و ڕەنگە لــە دەوروبەری « كەلاری » ئێستەدا بوبێتو هەر ناوەكە كەلار بووبێتو بــە هەڵە نووسرابێت ، ئەویتریان بۆ ڕێگەكانی كفریو قەرەتەپە كە بێن بــۆ « قزڵڕەباط = خوسرەوئاباد »و لــە خوار ئێستەی پــردەكــەی گوڵاڵە

( جلولاء )ەوە بوویێت ، کە ئێستەش شوێنەواری پردەکان بەدیئەکرێن .٠٠

ـ سالی ٥١٩ك = ١١٢٥ زا لە ١٥ مانگی صەفەردا خەلیفەی عەباسی « المسترشدبالله » لەگەل سەرانی دەولەتەکەیا بە پیادەیی لە «باب‌النصر »وە لە شار دەرچوو ـ کە ئەم دەرگایە هـەر لەو ڕۆژانەدا خرابووە سەرپشت ناونرابوو « باب‌النصر » ـ ڕۆیشت لە دەشتی « شماسیە » لەشکربەزی کردو « یرنقش »یش ، لە « سبتی »یە خەیمەو خەرگای کوتا ، ئنجا خەلیفە کەوتەڕێ تا گەیی‌یە خالص‌و لەوێ بەهێزەوە دابەزی ، کە « طغرل‌سلجوقی » ئەم هەوالەی بیست بەلای ڕاستی خوراساندا لای‌داو دەس‌و پێوەندەکانی کەوتنە تـالان‌و خراپ‌کاری‌و خۆشی لـە « رباط‌جلولاء »ەوەـ کـە دەبێ « قزل‌رباطی »ئـەم دووایی‌یە بێت ـ سپای خـۆی ساو دا .٠ وەزیـــر « جـلال‌الدیـن کوڕی صدقە »بـە هێزێکی گـەورەوە ڕووی تێ‌کردولە « دسکرە= دستگرد » خەیمەو خەرگای کوتا ، ئنجا « طغرل »و « دبیس » ڕوویان کردە ( هارونیە )و خەلیفەش پێشکەوت بـەرەو دەستگردو خۆی‌و وەزیر لەوێ لەشکربەزیان کرد ، ( دبیس‌و طغرل )یش بڕیاریاندا لە دیالی‌و تامەڕاوە بپەڕینەوەوڕووبکەنە پردی « نهروان » ، دەبیس لەوێ بمێنێتەوە بۆ پاراستنی پردەکان‌و کەلەك‌و بەلەمەکان‌و « طغرل » خۆشی بە لەشکرەوە ڕووبکاتە بـەغـدادو داگیری بکات‌و تالانی بکات • جابەپێی ئەم پیلان‌و یاسایە کەوتنەڕێ‌و لە تامەراء پەڕینەوەو « طوغرل » لەنێوان تامەڕاو دیالی‌دا لەشکربەزی کرد ( الکامل ١٠/٦٢٦ ) •

ـ ســالی ٥٢٦ك = ١١٣١ زا کە « سلطان محمد سەلجوقی » کۆچی دوایینی کرد « سلطان سنجر »ڕووی کردە ولاتی چیاو « ملك طغرل کوڕی سلطان‌محمد » ی لەگەل خۆی برد ، کەلەو حەلەدا وەکو یاوەری بـوو ، چوون تا گەیشتنە « ڕەی »و لەوێوە ڕوویان کردە « هەمەدان » • جا ئەم هەوالی گەیشتنەیان بـە هەمەدان گەیشتە خـەلیفـە « المسترشدبالله »و

« سلطان مسعود »ئنجا هەردوولایان بڕیاریان دا کـە بەرانگاری بکـەنو خەلیفە خۆی لە مەیدان‌دابێ ، جا خەلیفە خۆی ئامادە کردو « قراجەساقی »و « سلطان مسعود »و « سلجوق‌شاە » هەرسێ ڕوویان کردە « سلطان سنجر ». بەلآم خەلیفـە « المسترشدباللـە » خـۆی دوواخستو ناردی بـە دوای « قزلجە »داو ملی‌باداو پێی‌وت : ئەوەی تـۆ لێی دەترسای کە « سنجر » لە داهاتوودا بە سەرت‌بێنێ ئەوا من‌خۆم ئێستە بەسەرت‌دێنم . پاش ئـەوە لەسەرخۆ کەوتەڕێ تا گەیشتە « خانەقین »و لەوێ خەیمەو خەرگای هەڵدا ( الکامل ١٠/٦٧٦ ) .

ـ سالی ٥٦٨ك = ١١٧٢ زا کە هێشتا « ئیلدەکز=ئیلدەنز » لە ژیان‌دا بوو « پەرچەم »ی ئیوانی (ئیواقی)ی تورکمان بە کۆمەڵێ تورکمانەوە دای بەسەر هەندێ ناوچەی هەمەدان‌دا هەروا دینەوەریشیان‌تالآن‌کردو پەلاماری ناموسی خەلکیان دا ، ئیلدەنز کە ئەم هەواڵەی‌بیست ، لەوکاتەدا لـە نەخچەوان بوو ، بەهێزێکی گورج‌وگۆڵەوە بە بنەوبارێکی سووکەوە بە پـەلـە ڕاپەڕیو کەوتەڕێ بۆ سەرکوت‌کردنی « پەرچەم »و هەڵی‌کوتایە سەری ، پەرچەم لەترسا هەلآتو سەربەرەوخوارەوەبوو بەرەو بەغـداد « ئیلدەنز » دوای‌کەوتو ڕاوی‌نا . خەلیفە وای گومان کرد کە ئەم ڕاونانە پیلانەو مەبەست ئەوەیە : کە « ئیلدەنز » لەپڕ خۆی بکات بە شاری بەغدادا ، جا لە لایێکەوە دەستی کرد بە هێزکۆکردنەوەو شوورەبەستن‌ولەلایێکی‌ترەوە یەکێکی بە دیاریو دەهەنـەوو خـەلآتو نازناوی زلـەوە بـۆی نـارد «ئیلدەنز» لە خەیالی خەلیفەحالی بوو پۆزش‌نامەیێکی بۆناردو تیی‌دانووسی : لەم شالآوەدا تەنیا مەبەست سەرکوت‌کردنی پیاوخراپانو جەردەکان بوو . ئنجا ئەو لە پردەکەی خانەقین نەپەڕیەوەو گەڕایەوە ( الکامل ١١/٣٩٤ ) لە « الکامل »دا وەکو من بزانم ئیتر ناوی شاری خانەقین نەهاتووە لەگەڵ ئەوەش‌دا کە شالآوی « هولاکو »ی تەتەری بۆ سەر بەغدا سالی ٦٥٦ك = ١٢٥٨ زا لـە ڕێی خانەقینەوە بووە ، بەلآم لـەم باسەدا ناوی خانەقـین

نەهاتووە ، دوور نی‌یە لەو ماوەیەدا وێرانە بووبێت •

ــ ساڵی ٦٨٥ك = ١٢٨٦ زا « ئــەمیر موظەفەر » ــ باپیرە گەورەی بنەماڵەی ئەتابەگیی موظەفەریی شیراز ــ خۆی گەیاندە شیرازو چووە ڕیزی تورکەرانی « ئەمیر ســورغوظە قەرەخەطائی »و خزمەتی بەجێ‌هێنا ، پاش ئەو ، خزمەتی چوارکەسی تری لە پادشایانی مغولیش کرد ، یەك لەدوای یەك ، کە ئەمانە بوون : « ئەرغون ــکەی‌خاتوو ــ غازان ــ ئولجایتوو = خدابەندە » • تاریخ ادبی ایران تالیف ادوارد براون وەرگێڕانی علی اصغر حکمت بە فارسی لاپەڕە ٢١١ ) •

ــ ساڵی ٦٩٦ك= ١٢٦٦ زا « باینجار « ــ کە یەکێ بوو لە فەرماندەکانی « غازان‌خان » ــ کابرایێکی « حاجی‌نارین » ناوی بــەدیل گرت‌و هێنــای بەرەو مێرگی خانەقین ( بلدةالمرج )و پاش تاڵان‌کردنی ماڵ‌و سامان ئنجــا «ئەمیر نورین » خستی‌یە زیندان‌و ، پاش لێکۆڵینەوەی تەواوو خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵە بەڵگەیانەی دەربارەی نیشان‌درابوو خنکاندرا ، هەروا سامان‌و ماڵەکەشی سەرپاك داگیرکرا ( تاریخ‌غازان بە زمانی فارسی لاپەڕە ١١٠ ) •

ــ ساڵی ٧١١ك ١٣١١ زا موظەفەر لــە خانەقــین گەیشتە پێشگای ئولجایتوو ( خدابندە ) جا فەرمانی‌دا فەرمانڕەوایی‌یەکی بەرین‌و پان‌وپۆڕی خرایە ژێر دەسەڵاتەوە ( تاریخ‌ادبی ٢١١ ) •

ــ ساڵی ٨٣٦ك = ١٤٣٢ زا « شاە محمد قەرە یوسف » بڕیاری دا کە بەغدا داگیر بکات‌و سپای بەڕێ‌خست‌و لە « بعقــوبە » لەشکریەزی کردو فەرمانی‌دا : بە تاڵان‌کردنی هەرێمەکە ، جا گرانی‌و قات‌وقڕی کەوتەوە ، ناچار لەوێوە گوێزایەوە بۆ دەرتەنگ ( حەڵەوان ) بە نیازی ئەوەی خەڵەو گژوگیای وڵاتەکە بخوات‌و دەرتەنگی گەمارۆدا ، لــەم حەڵەدا ئیسپان ( اصفهان )ی برای ــ کەوالیی بەغداد بوو ــ لەماڵا نەخۆش بوو ، لە تاوا

ڕاپەڕیو بەسپاوە لە بەغداوە کەوتەڕێو شاڵاوی بردە سەر « شاەمحمد »بێ ئەوەی بزانێ چ خەیاڵێ لە کەللەیداوە ، جا پێشکەوتو گەیی‌یە خانەقین پاشان گەڕایەوە ( تاریخ غیاثی لاپەڕە ٢٥٤ ) ٠

ــ ساڵانی ٩٣٢ ــ ٩٤٢ك = ١٥٢٥ ــ ١٥٣٥ زا هەرێمی بەغدا کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئێرانەوە ، پاش ئەوەی کە شاە طەهماسپی صەفەوی بە فرۆفێڵی هاوڕچی برای ذول‌فیقار خانی موصلۆی کوردی کەلوڕیان کوشتو بەغدایان لە سەردارە کوردەکە وەرکرتەوە ــ ئنجا سوڵطان سولەیمان کە نازناوی « قانوونی »بەخۆیەوە نابوو ، هاتەجۆشو شاڵاوێکی زۆر بەهێزی کرد بەرەو بەغداد بۆ رزگارکردنی لە چنگی « صەفەوی »و لەو حەلەدا « محمدخان تکلویی » فەرمانڕەوای بەغدا بوو ــ بە ناوی صەفەوی‌یەکانەوە ــ جا توانای شەڕی نەبوو حەزی لەوە بوو کە بەغدا بەجێ‌بهێڵێو بڕواتەوە بۆ ئێران ، بەڵام « ئولامەتکلویی » هانی دەداکە بەغداد لەدەس‌نەدات ، تا ئەوەتا شای ئێران بە سپاوە بۆ یارمەتیو کۆمەکی بەڕێوەوەیە ، جا ئەم قاوە لە شاری بەغدادا بڵاو دەکرایەوە کە هێزی شاە ئەوا گەیی‌یە خانەقینو خودی شاە طەهماسپ جڵەوکێشی سپاکەیە ، ئنجا تەکلویی‌یەکان کۆبوونەوەو بڕیاریان دا کە بەغداد چۆڵ نەکەنو بەرگری لێ بکەن « القرون الاربعة الاخیرة فی العراق »تەئلیفی میستەر لونگریك ، وەرگێڕانی جەعفەر خەیاط بۆ عەرەبی لاپەڕە ٢٧ ــ ١٠ »٠

ــ ساڵانی ١١٣٥ ك ٣٦ ك = ١٧٢٢ ــ ١٢٢٣ زا حەسەن پاشای والیی بەغدا مەترسیی ئەوەی لێ‌نیشت کە نەوەك دەوڵەتی ئەفغان لەناکاو هەڵکوتێتە بەصرەو داگیری بکات ، چونکە دەوڵەتی ئەفغان کەوتبووە پەرەسەندنو تەنینەوەو بەشێ لە خاکی ئێرانی داگیرکردبوو ، جا لەم‌بارەوە پەیکی نارد بۆ سوڵطانی عوثمانیو داوای ڕاپێشاندانی لێ‌کردو لەم بارەوە تەگبیر چی‌یە ؟ تا پێش‌دەستی بکات ، سوڵطان لە وەرامدا فەرمانی دایێ کە لە قۆڵی

کرماشانەوە شالاّو بکاتە سەر ئێرانو داگیری بکاتو خۆی ئەرکی فەرماندیی سپاکە بگرێتە ئەستۆ ، جا حەسەن پاشا لەگەڵ ئەوەشدا کە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بوو ، چاکی کرد بە کەمەرداو ئامادە بوو ، تەنانەت کە « عبدالرحمان »ی زاوای کەلەو حەلەدا سەرداری کەرکوك بوو گەیی یە دەنگیا ، جا پشتئەستوورانە بە هەموو جەختو مەردایێتی یەکەوە ڕێی ئێرانی گرتەبەرو بەهەمو تۆپخانەو لەشکرو هێزەکانیەوە ـ کە ساڵەهابوو بۆ ڕۆژێکی وەها مەشقی پێدەکردنو پرچەکی دەکردن ، ڕوی کردە خانەقین ، لەوێ بەگو ئاغاو کوێخا کوردەکانو سەرۆکی دەولەتۆکە بچووکە خۆماڵی‌یەکان بەهێزو دەسو پێوەندەوە دوای کەوتنو سپا پێشکەوت تا گەیی‌یەکرماشان ، بەم جۆرە شارەکەداگیرگراو ، فەرماندەی شارەکە کەناوی « عبدالباقی‌خان »بوو بێ‌لاوجمو بەرگری کلیلی شارەکەی هێناو دایە دەستی ، جا لەو کاتەوە هەرێمەکە دانرا بە یەکێك لە ویلایەتەکانی سەر بە سوڵطان ( القرون ٠٠٠٩٠ لاپەڕە ١٦٢ ) بەڵام ئەم بێ‌هێزیو کەمذاتیو وەرەبەرداوی‌یەی دەولەتی ئێران زۆری نەکێشا ، هەرکە « نادرشاه = طەهماسب قولی »هاتە سەر تەخت ، ئێرانی زیندووکردەوە جا لەمانگی ربیع الاولی ساڵی ١٤٣ك = ١٧٣٠ زا سپای کێشا بۆ شەڕ بەرامبەر بە سپای عوثمانی کە هەمەدانی داگیرکردبوو ، ئەو قەلایە بەهێزترین پاڵپشتی بوو ، کە شەڕ گەرم بوو « عوثمانپاشا » ناچاربوو بکشێتەوە بۆ قەلاکانو سپاکەی لەگەڵ سپای تەیسورپاشای والیی واندا یەکدیگیر بکات ، بەڵام « نادرشاه » دەرفەتی نەدانو بەسەریانا زاڵ بوو ، هەردوو پاشا لە شەڕا کوژرانو تۆپخانەکانیان داگیرکراو تالاّنێکی زۆریان لێ بەجێما ، ئنجا نادر شاه هاتە ناو شاری هەمەدانەوە بێ ئەوەی هیچ قۆرتو کوسپێکی بێتە ڕێو ، بەرانگاریی هەبێ جا خەلکی شار بە چەپلەڕێزانو هەلهەلە هەلدانەوە پێشوازیی نادرشاو سپایان کردو هێزەکەی عوثمانی کەلەناو هەمەدان بوو کشایەوە بەرەو کرماشانو هەمو چەكوتفاقو گرانباری بە جێ ما ٠ ئا بەم

ڕەنگە هێزی عوثمانی خاکی ئێرانی بەجێهێشت و گەڕایەوە پشتی کۆنەسنوورەکەی « زەهاو ــ خانەقین » ( القرون الاربعة ١٦٨٠٠٠٠٠ و خلاصة تاريخ الكورد وكوردستان ٢١١ ) ٠

« ماوێتی »

# پلەکانی ئاوەڵناو
# لە زمانی کوردیدا

د•ئەوڕەحمانی حاجی مارف
بەشی کوردی ـ کۆلێجی پەروەردە
زانکۆی بەغدا

لە هەندێ لەو کارانەدا کە لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە نووسراون کێشەی « پلەکانی ئاوەڵناو » لە بەشی « وشەڕۆنان »دا باس‌کراوە[1] و لە هەندێ بەرهەمیش‌دا لە باسی «جۆرەکانی ئاوەڵناو»دا لێی کۆڵراوەتەوە[2]• بۆ ڕەت‌کردنەوەی دانەنانی پلەکانی ئاوەڵناو بە حاڵەتی ڕێزمانیو تێ‌گەیشتنی پێوەندی ( درێژ ـ درێژتر ـ درێژترین ) بە نیشاندانی پێوەندیی وشەی جیاواز ، نەك فۆرمی جیاوازی یەك وشە ، گەلێك بەڵگەی زمانەوانی هەیە •

نەك لەبارەی خاسیەتی ڕۆنانی پلەکانی ئاوەڵناوەوە ، بەڵکو لەبارەی خاسیەتی حاڵەتی ڕێزمانیی پلەکانی ئاوەڵناوەوە ئەوە شایەتی دەدا ، کە لە فۆرمی هەمەچەشنی حاڵەتی پلەکانی ئاوەڵناودا واتای لێکسیکی ئاوەڵناو هەر یەك شتە • ڕاستە لە یەکەم تەماشاکردن‌دا ، زۆر جار وا دێتە پێش چاو ، کە وا جیاوازی لە نێوان پلەکانی ئاوەڵناودا دەبێتە شتی جیاواز ، واتە بەوێنە ـ درێژ و درێژتر و درێژترین ـ وا پێ‌دەچێ واتای شتی جیاواز بگەیەنن • بەڵام لە ڕاستی‌دا ـ درێژ و درێژتر و درێژترین ـ خاسیەتی هەر یەك شت ڕادەگەیەنن ، بەتایبەتی نیشانەی درێژی • بەڵام لە حاڵەتی ( درێژ ) خاسیەتی واتای سەربەخۆیی بێ‌پێوەندێتی بە شتی ترەوە نیشان

دەدا • لە حاڵەتی ( درێژتر )دا هەر ئەو خاسیەتە واتای بەندێتیو پێوەندێتی نیشان دەدا بە شتێ تروەوە لە ڕێی بەراوردکردنیانەوە • فۆرمی ( درێژتر ) دوو شت ( یان دوو پۆل یان دوو دەستە ••• ) بەرانبەر یەکتر ڕادەگرێ • یەکێکیان لە ئاست ئەوی تردا پتر ( درێژ )ە • لەمەوە دەبینین لە بەکارهێنانی ئاوەڵناودا لـە پلەی بەراورددا لـە پێکهاتنیدا پێشبەندی ( لە ، ژ ••• ) هاوبەشی دەکات ، وەك :

منیش لە تۆ زیاتر

پەسەندکەرو گوێ‌لێ‌گر

( گۆران ، ل ١٠٥ )

لـە حاڵەتی ( درێژترین )دا نیشانەی درێژی ، هەروەك لـە حاڵەتی ( درێـژتـر )دا سەرلەنوێ نیسبی واتا دەدا ، بـەڵام جیاوازی لـەگـەڵ ( درێژتر)دا ئەوەیە کە فۆرمی ( درێژترین ) وا دەگەیەنێ ، کە ئەم نیشانەیە لە پلەیەکی باڵادایە لە ئاست هەموو حاڵەتەکانی تری هەمان نیشانەدا • بـەم پێیە ( درێژترین ) وا دەردەخا کە خاسیەتی ئەو نیشانەی شتە لەگەڵ هەموو پۆلەکانی ئەم یان ئەو شتەدا بەراورددەکرێ ، کە خاوەنی ئەو نیشانەیەنو لە نێوان هەموویاندا ئەم پلەی باڵایانـە • شت هەیە خۆی لە ئەسڵدا درێژ نی‌یە ، بەوێنە ( دەرزی ) ، بەڵام دەتوانێ وەك هەرە درێژ خۆی بنوێنێ لـە بەراوردکردنیدا لەگەڵ کۆمەڵە دەرزی تردا • لەمەوە دەردەکەوێ ئەگەر شت بەتەنیا وەربگیرێ ، ئەوە لەباری خاسیەتی درێژی‌یەوە هـەر دەشێ وەك ( درێژ ) تەماشابکرێ ( دەرزی درێژ ) • ئەم فۆرمەش فۆرمی چەسپیوی ئاوەڵناوە • بەکارهێنانی فۆرمی ( درێژتر ) یان ( درێژترین ) ، ئەوە نیشان دەدا ، کە شتەکە بە تەنیا تەماشا نەکراوە ، بەڵکو لە بەرانبەر هاوجنسەکانی ڕاگیراوە(٣) •

هەر ئەو نیسبی‌یەت ڕاگەیاندنەی دەلالەتە ڕێ بە فۆرمی پلەی بەراوردو پلەی بالاَ لە نێو ڕیزە وشەی تری هاوخاسیەت‌دا شوێنی هەمیشەیی بۆ خۆیان بدۆزنەوە • بە نموونە ، ئەگەر لەنێو ئەو ڕیزە وشانەدا کە خاسیەتی ڕادەی گەرمی‌و ساردی لە یەك نزیك دەخاتەوە ، ناوی وشـەی « فێنك » بێنین ، ئەوە دەبینین جێگایێکی دیاری‌کراوی لـە نێوان وشـەکانی « گەرم »و «سارد »دا هەیە• بەلاَم هەرچی کێشەی دەست‌نیشان‌کردنی شوێنی فۆرمی « فێنکتر »ە شتێکی ترەو جێی لێدوانە : دەمی بوونی نیسبی‌یەت لە گەیاندنی واتای دەلالەتی « فێنکتر »دا پێوەندی ناوبراوی لـەگـەڵ « گـەرم »و « سارد »دا تێك دەدا .• لە ڕاستی‌دا ئەو جۆرە حاڵەتانەی وەك : ( ئەمڕۆ ساردە ، بەلاَم لەگەڵ ئەوەش‌دا لە دوێنێ گەرمترە ) نیشانی ئەوە دەدات ، کە جیاوازی لەگەڵ « فێنك ، فێنکتر »دا ، ئەوەیە دەتوانێ وا ڕابگەیەنێ کـە بە بێ‌نیسبی‌یەت « ساردتر »ە •

بەو پێ‌یە لە هەرسێ فۆرمی پلەکانی ئاوەڵناودا مەبەست هـەر یەك دەلالەتە ، بەلاَم جیاوازیی پلەی بەراوردو پلەی بالاَ لەگەڵ پلەی چەسپیودا ، ئەوەیە ئەوان خاسیەتی نیسبی‌یان تێدایە • پلەی بەراوردو پلەی بالاَ شتێك بەجیا نیشان نادەن ، بەلکو نیشانی بەراوردیان دەدەن لەگەڵ شتی تردا •

« نیسبی‌یەت » واتای پلەی بەراوردو پلەی بالاَ یەك دەخاو پێکەوە بەرانبەر پلەی چەسپیو ڕایان دەگرێ • بە واتایێکی دی سێ پلەی ئاوەڵناو لە یەك ڕادەدا نین : بەگشتی دۆخی پلەی ئاوەڵناو دابەش دەبێ بەسەر پلەی چەسپیوو پلەی نیسبی‌دا • هەرچی پلـەی نیسبی‌شە دابەش دەبێ بەسەر پلەی بەراوردو پلەی بالاَدا •

لەبەر ئەوەی هەموو پلەکانی ئاوەڵناو هەر یەك شت نیشان دەدەن ، بۆیە ڕاست نی‌یە وەك وشـەی جیاجیا تەماشابکرێن ، واتە وشەی نـوێ ڕۆنانێن ، بەلکو فۆرمی جۆربەجۆری یـەك وشـە دەردەبڕن • کەوابوو

مەسەلەکە وشەگۆڕی‌یە ، نەك وشەڕۆنان [٤] •

ئەو بارو دۆخەی کە وا ژمارەیێکی زۆر لە ئاوەڵناو پلەی بەراوردو پلەی باڵایان لێ پەیدا نابێ ، دژی ئەوە ناوەستێ کە پلەی بەراوردو پلەی باڵا بە حاڵەتی ڕێزمانی دابنرێن • وەك دەزانین لە بەشە ئاخاوتنەکانی تریش‌دا هەندێ وشە هەن بەر ئەم یان ئەو حاڵەتی ڕێزمانی ناکەون‌و ئەمە نابێتە کۆسپ‌و بەرهەڵست لە ڕێگای بوونی دەستوورە گشتی‌یەکەدا • جا بۆیە سەیر نی‌یە ئەگەر هەندێ ئاوەڵناو پلەی بەراوردو پلەی باڵایان نەبێ • ئەمەش بەندە بەوەوە کە وا ئەو دەلالەتەی ئەو ئاوەڵناوە دەی گەیەنێ لە چۆنیەتی‌دا مەودای بەراوردی نەبێ ••• بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا ، دەلوێ واتای ئەو جۆرە وشانە بە ڕێگایێکی تر دەربڕرێ ــ واتە بە گۆڕینی واتایان دەتوانن ئەو خاسیەتە وەربگرن‌و لە پلەی بەراوردو پلەی باڵادا بەکاربهێنرێن • بۆ نموونە :

پلەی بەراورد :

ئەمڕۆ پرچی لە دوێنێ پتر زێڕین بوو •

پلەی باڵا :

ئەمڕۆ پرچی لە هەموو ڕۆژ پتر زێڕین بوو[٥] •

لەبارەی ئەوەوە ، کە پلەکانی ئاوەڵناو فۆرمی ڕێزمانی جیاوازی وشەن ، نەك وشەی جیاجیان ، هەروەها ئەو ڕاستی‌یەش شایەتی دەدا ، کە هەموو پلەکان هەمیشە بە ڕێك‌وپێکی لە یەك ڕەگەوە سازدەکرێن ، لە کاتێك‌دا ئەو وشانەی دەلالەتی جیاواز نیشان دەدەن خاوەنی ڕەگی جیاوازن ، وەك : سارد ، فێنك ، گەرم •••

لە سەرەتادا جیاوازی لە نێوان پلەکانی ئاوەڵناودا لە زمانە هیندو ئەوروپایی‌یەکان‌دا بەندبوو بە حاڵەتی تاك‌و جووت‌و کۆوە • پلەی چەسپیو

پێوەندی‌یێکی دیاری‌کراوی بە ژمارەی تاکەوە هەبوو • پلەی بەراورد پێوەندی بە جووتەوە ، پلەی باڵا بە کۆوە هەبوو • پاشماوەی ئەو پێوەندی‌یە تاکو ئێستا لە هەندێ زمان‌دا ماوەتەوە ، بەتایبەتی پێوەندیی کۆنی پلەی بەراورد بە ژمارەی جووتەوە •

بوونی سێ حاڵەت بە دوو ــ واتە نەمانی حاڵەتی جووت‌و بوونی بە کۆ ، بووە هۆی تێکدانی پێوەندیی پلەی ئاوەڵناو بە فۆرمی ژمارەوە • بەوێنە فۆرمی پلەی باڵا هاتە سەر ئەو بارەی بە هەمان دەلالەت نەك هەر لەگەڵ کۆمەڵێ شت‌دا بەکاربهێنرێ‌و بەراوردبکرێ ، بەڵکو لەگەڵ دوو شتیش‌دا بەرانبەر یەکتر ڕابگیرێن ، کە زووتر ئەمە نەدەگونجا(٦) •

ئەگەرچی پلەکانی ئاوەڵناو حاڵەتی ڕێزمانین ، بەڵام هەندێ جار وا ڕوودەدات ئەو جیاوازی‌یەی پلەکان گەشەدەکات بۆ بوون بە وشەی جیاواز •

❋ ★ ❋

لە زوربەی زمانەکانی جیهان‌دا ئاوەڵناو سێ پلە ( ١ ــ چەسپیو ، ٢ ــ بەراورد ، ٣ ــ باڵا )ی هەیە • بۆنموونە لە زمانی لاتینی‌دا « پلەی چەسپیو gradus positivus »و « پلەی بەراورد gradus comparativus » و «پلەی باڵاــ gradus superlativus » بەرچاودەکەوێ • بۆ سازکردنی پلەی بەراورد لە زمانی لاتینی‌دا نیشانە ( ior ) کە هە جنسی نێرو مێ‌یەو ( ius ) کە هی جنسی بێ‌لایەنە دەخرێتە سەر ڕەگی ئاوەڵناو ، بەوێنە : longus , a , um » ــ درێژ » long - ior، ــ درێژتر « ( بۆ جنسی نێرو مێ ) long - ius، درێژتر » ( بۆ جنسی بێ‌لایەن ) • پێکهێنانی پلەی‌باڵاش بە هۆی لکاندنی نیشانەکانی (issimus) بۆ نێر ، (issima) ــ بۆ مێ ، (issimum) - بۆ بێ‌لایەن » دەوەیە بە ڕەگی

ئاوەڵناوەوە • وەك : « long - issumus درێژترین » ( بۆ جنسی نێر ) ، « long - issuma درێژترین » ( بۆ جنسی مێ ) ، « long - issimum - درێژترین » ( بـۆ جنسی بێلایـەن ) • جگەلەو ڕێـگا مۆرفۆلۆژی‌یە ، هەروەها هەندێ ئاوەڵناو لە ڕێگای لێکسیکی( وەصفی ، تە حلیلی )یەوە پلەی بەراوردو پلەی باڵایان پێ دەدرێ • بە وێنە وشەی « magis - پتر ، زیاتر » لە پێش پلەی چەسپیودا دادەنرێ‌و واتای پلـەی بەراورد پـەیـدا دەبێ ، یاخود وشـەی « maxime لە هەموان پتر ، لە هەموان زیاتر » دەخرێتە بەردەم پلەی چەسپیوو واتای‌پلەی باڵا سازدەبێ ...(٧)

لە زمانی فەرەنسی‌دا پلەی بەراورد (Le comparatif) پلەی باڵا ( Le superlatif ) بە یاریدەی ئاوەڵکرداری چەندێتی سازدەبن‌و فۆرمی ئاوەڵناوەکە هیچ ناگۆڕێ • پلـەی بەراورد ئەگەر بـۆ دەربڕینی چـۆنیتی‌یێکی بـەرزتـر بێ ، ئـەوە وشـەی « plus - پتر ، زیاتر » بەکاردێنرێ • بێتو مەبەسـت لـە ڕادەی چـۆنێتی‌یەکە نزمتر بێ ، ئـەو دەم وشـەی « moins ــ کەمتر » دەوترێ • کاتێ شتە بەراوردکراوەکان لە یەك ڕادەدا بن ، ئەوسا وشەی « aussi ــ هەر هێندەی » یان Si ــ هێندەی » بەکاردەبرێن • بەشی دووەمی بەراوردەکەش بەیاریدەی ئامرازی ( que )ەوە بە بەشی یەکەمەوە دەبەسترێتەوە ... هەرچی پلەی باڵاشە بە یاریدەی ئامرازی ( le , la , les ) سازدەبێ‌و لـە پێش وشـەی دووەمی بـەراوردکراوەکەشـەوە پێشبەندی (de) دادەنرێ ...(٨)

پلەی بەراوردو پلەی باڵا لە زمانی ڕووسی‌دا لە دوو ڕێگەوە سازدەبن : ١ ــ سادە ( واتە ڕێگەی مۆرفۆلۆژی ) ، ٢ ــ ناسادە ( واتـە ڕێگەی

لێکسیکی ) • ڕێگەی سادە بە یاریدەی هەندێ نیشانە پێك دێ : بۆ پلەی بەراورد بە زۆری نیشانەی « ee (eu) » یش ناوناوە • پلەی باڵا بە هۆی نیشانەی « ییشی ( ئەییشی )»یەوە ڕۆدەنرێ • هەرچی ڕێگەی ناسادەشە ، ئەوەیە کە بۆ پلەی بەراورد وشەی « پۆلێ — پترزیاتر »و بۆ پلەی باڵا وشەی ساشیی ، ساشای ، ساشۆی هەرە » دەوری پێکهێنانی ئەو حاڵەتە دەبینن[٩] •

لە زمانی ئاوێستادا بۆ پێکهێنانی پلەی بەراوردو پلەی باڵا دوو حاڵەت هەبوو :

١ — پێکهاتنی ڕاستەوخۆ لە ڕەگەوە •

لەم حاڵەتەدا پلەی بەراورد نیشانەی « yash , yash یەش ، یاش »[١٠] وەردەگرێ و پلەی باڵاش نیشانەی « Ishta — یشتە»ی[١١] دەچێتە سەر •

٢ — پێکهاتن لە قەدی ئاوەڵناوەوە •

لەم بارەدا پلەی بەراورد نیشانەی « TARA - —تەرە »[١٢] وەردەگرێ و لە چەند فۆرمێکیش‌دا شێوەی « ARA - — ەرە » دەبینرێ • هەرچی پلەی باڵایە نیشانەی « TAMA - تەمە »ی پێوە دەلکێ و ناوەناوەش شێوەی « AMA » »بەرچاو دەکەوێ[١٣] •

لە زمانی فارسیی ناوەڕاست ( پەهلەوی )دا پلەی بەراورد بە یاریدەی نیشانە ( تەر ) پێك‌دێ ، وەك : « سەخت + تەر سەختتەر » ، « سپووك ( سووك ، ئاسان ) + تەر سپووکتەر » ••• چەند وشەیێکی کەمیش لە ڕێگای گۆڕینی دەنگی ناوەندەوە پلەی بەراوردیان

وەردەگرت ، « کـەم ( کەم ) ←««« کێم ( کەمتر ) » ، « ڤەسر ( فـرە ، زۆر ) ←««« ڤێس ( فرەتر ، زۆرتر ) » ، « ڤەه ( باش ) ( باشتر ) »... نیشانەی هەرە باوی پلـەی بالاّ « تـوم » بوو ، وەك : « خوەس ( خاس ، باش ) ←««« خوەستوم ( خاسترین ، باشترین ) »... هەرچی نیشانەی ( یست )ە کـەمتـر بەکاردەهێنرا ، وەك : « مەسیست ( مەزنترین ) »...

لە ڕستەدا کە بەراوردی دوو شت دەکرا پێشبەندی « هەرچ » یـان « کوو »... بەکاردەهێنران ، کە واتای « لـە »ی کوردی دەگەیەنن . هەرچی پێشبەندی ( هەرچ )ە بۆ پلەی بالاّش بەکاردەهێنرا ...[14]

لە زمانی فارسیی نوێدا نیشانەی ( تەر ) پلەی بەراوردو ( تەر + ین ) پلەی بالاّ سازدەکەن[15] .

پلەی بـەراورد لە دیالێکتی ڕۆژئـاوای زمانی بلووجیدا بە یاریدەی نیشانەی ( تر ) پێكدێو لە دیالێکتی ڕۆژهەلاّتیشدا بە هۆی ( تر ، تەر )ەوە. پلەی بالاّش لە هەردوو دیالێکتدا لە پلەی بـەراوردو هەنـدێ جێنـاو پەیدادەبێو هەندێ وشەش لە دیالێکتی ڕۆژئاوادا بـە یاریدەی نیشانەی ( ترین ) سازدەبێ[16] .

لە زمانی پشتۆدا پلەی بەراورد بە یاریدەی پێشبەندی[17] (تر) پێكدێو پلەی بالاّش بە هۆی دەستەواژەی ( تر تولو )ەوە سازدەبێ ، وەك :

احمد تـر محمود مشردی ( ئەحمەد لـە مەحموود گـەورەتـرە )
احمد تـر تولو مشردی ( ئەحمەد لـە هەموان گـەورەترە )[18] .

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو لە ڕووی پلەوە سێ جۆرە :

١ ـ پلەی چەسپیو .
٢ ـ پلەی بەراورد .

٣ ــ پلەی باڵا •

پلەی چەسپیو کە ئاوەڵناوێکی ڕووتەو هیچ نیشانەیێکی مۆرفۆلۆژی نیە ( تیژ ) ، گەرم ، سوێر ، سوور ، ترش ، تاڵ ، سەوز ، ئازا ، ناسك ، پاك ••• بێبەرهەم ، بەختەوەر ، ئاگادار ، غەمناك ، نازدار••• سەرگەرم ، قوڕبەسەر ، سەربەست ، ڕاستگۆ••• ) دەبێتە بناغەی دروستبوونی پلەی بەراوردو پلەی باڵا •

چەند نموونەیێك :

دەموت دو چاوی خۆمە ئــەگــەر ( بەکرەجۆ )یی ئەشك
نەبوایە تیژو بێثــەمــەر و گــەرم و سوێـــر و سوور

( نالی ، ل ١٨٠ )

لــە جێمانەوە ترشــ و تــالــت دەکــا
ترێ بوو بە سرکە ، عەسەل بوو بە سەم
( مەحوی ، ل ٢٣٦ )

لە زمانی ئەدەبیی کوردیدا بۆ ڕۆنانی فۆرمی پلەی بەراورد دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە :

١ ــ ڕێگەی مۆرفۆلۆژی[١٩] ، کــە ئەویش بــە یارمەتی نیشانەی ( تر )ە ، دەخرێتە سەر ئاوەڵناوی چەسپیو •

وەك :

خۆش + تــر        خۆشتر

چاك + تـر چاكتر
باش + تـر باشتر

نموونـە :

زەردەخەنەکەت پڕ نەشئە وەك مەی
گڕوگاڵەکەت خۆشتر لە صەد نـەی
( بێکەس ، ل ١٥٤ )

وتی : ڕاستە منیش باوەڕ ئەکەم‌و ئەزانم کە وایەو بۆ ئێمە ئەمە چاکەو لەوە چاکتر و باشتر چارەیێك نی‌یە •

( لە خەوما ، ل ٦١ )

لەو ڕستەیەش‌دا کـە بەراوردی تێـدا دەکرێ پێشبەندی ( لـە ) دەخرێتە نێوان ئەو دوو وشەیەوە یان ئەو دوو دەستەواژەیەوە یان ئەو دوو ڕستەیەوە ــ بە واتایێکی‌تر ئەو دوو شتەوە ــ کە بەراورد دەکرێن[٢٠] •

وەك :

ترێ لە سێو خۆشترە
ترێ کەلکی زۆرەو لە سێویش خۆشترە

نازەنین لە تۆ زیرەکترە
نازەنین ئەگەرچی کچێکی سستە ، بەلام لە تۆ زیرەکترە
زانین لە نەزانین چاکترە
زانین ئەگەر کەمیش بێ لە نەزانین هەر چاکترە
یەك لە دوو ئاسانترە
یەك جار بێیت لە دوو جار ئاسانترە •
•••هتد •

لە تێکڕای ئـەو نموونانەدا دەبینین ، ئـەو ئاوەڵناوانەی نیشانەی ( تر )یان وەرگرتووەو پلەی بەراورد ڕادەگەیەنن ، کەوتوونەتە دوا ئـەو دوو وشەیەوە ، کە لەگەڵ یەکتردا بەراورد کراون... بەڵام دەبێ ئـەوە لە بیر نەکەین ، کە لە زمانی کوردیدا ئەوەش دەبینرێ ، کـە ئاوەڵناوەکە دەکـەوێتـە نێوان دوو وشە یـان دوو دەستەواژە یـان دوو ڕسـتـە بەراوردکراوەکەوە .. وەك :

کانیێکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو :
لە بنیا بلەرزی مرواری زیخو چـەو ،
جوانترە لە لای من لە دەریای بێسنوور
(گۆران ، ل ٤٦)

زاوای بەردەرگای ئاواتی دڵ ( عیو! )
بووکی ڕازاوەی جوانترە لـە گوڵ ( عیو! )
( گۆران ، ل ١٤٩ )

... کابرای کاروانچی وتی باوکم خـوا هەڵناگرێ ئێوە سـەعاتێ زیاترە ، بەم تاریکەو سەرماو لێزمەیە ، ئێمەتان لەم قوڕەدا ڕاگرتووە .
( لە خەوما ، ل ٣٤ )

لـەو بەرزیەدا ئاوازی شایی
بەرزتر لە تەپڵو ئاوازەی شایی

...هتد .

ئەو ڕێگە سـەرەکیەی لـە زمانی ئەدەبیی کوردیدا فۆرمی پلەی بەراورد ڕۆدەنێو لێی دواین ، لە ناوچەی موکریانو سۆران ... یشدا بە

هەمان شێوە دەبینرێن • بەوێنە :

خولا لە سولتان مەحموودی گەورەترە

( تحفەء مظفریە ، ب ١ ، ل ١٨٦ )

ئەوان لــە مــە بە غیرەتترن

( تحفــەء مظفریــە ، ب ٢ ، ل ٥ )

ڕۆلە ، ئەو ئەنگوستیلەی هەلگرە ، لە پادشایەتیی تۆ چاترە •

( تحفەء مظفریــە ، ب ١ ، ل ١٩٦ )

•••و گەلێکی تر •

کوڕە کەچەر وەرە پێشتر
دەم‌و لێوت کەللەی شەکر
ئەتۆ لۆ من لە برام چێتر

( فۆلکلۆر ، ل ١١٩)

•••و گەلێکی تر[٢١] •

٢ ــ ڕێگەی لێکسیکی[٢٢] ، ئەمیش بــە یارمەتیی وشــەی وەك ( پتر ، زیاتر ، زۆرتر ، کەمتر••• ) سازدەبێ •

وەك :

پتر جوانە
زیاتر ئازایە
کەمتر ترشە
زۆرتر باریکە
•••هتد •

ئـەم ڕێگەیە بـە هەمان شێوە لـە بـەشـە دیالێکتی موکریانو سۆران ••• یش‌دا خۆی دەنوێنێ •

هەرچی نیشانەی ( تـر )ە ، کـە لـە بەشە دیالێکتەکانی سلێمانیو موکریانو سۆران •••دا نیشانەی بەراوردە لـە شێوەی هەوراماندا لـە وێنەی ( تەر )دا بەدەردەکەوێ ، وەك ( مەزتەر )•••[٢٣] •

بۆ نموونە :

فەرشێ پەی شیرین شۆخ شیرین ڕەنگ
خاستەر جە دیبای کارخانەی فەرەنگ

( خانای قوبادی ، ل ٦١ )

نمانا ظولمەت چیهرەی سەوادی
سیاتەر جە بەخت ( خانای قوبادی )

( خانای قوبادی ، ل ٥٧ )

واتش : ئەی مەژنوون سالار سەرمەشق
بەدبەختەر جە من تۆ جە سەودای عەشق

( میرزا ئۆلقادر ، ل ٩١ )

تێبینی :

لە بەشە دیالێکتی هەورامانی‌دا دوو شت سەرنج ڕادەکێشێ :

١ ــ ئەو نمونانەی لـەبـەر دەستتان ، ئەوە نیشاندەدەن ، کـە ئاوەڵناوەکە دەکەوێتە نێوان دوو شتە بەراوردکراوەکەوە ، نەك دوایانەوە •

٢ ــ ئەو پێشبەندی ( لە )یەی لە دیالێکتی خوارووداو ئەو ( ژ )ەی لە دیالێکتی ژووروودا لە بەراوردەکەدا دەور دەبینێ ، لەم بەشە دیالێکتەدا لە شێوەی ( جە )دا بەدەردەکەوێ •

لە ئەدەبی زووی کاکەیی‌یەکان‌دا ، وەك ناوچەی هەورامان نیشـانەی

( تەر ) بەکارهێنراوە • هەرچی پێشبەندەکەیە لە شێوەی ( چە )دایە • بەڵام ئەدەبی نوێی کەوتۆتە ژێـر تەئسـیری زمانی ئەدەبیو نیشانەی ( تـر )و پێشبەندی جێی ( تەر )و ( چە )یان گرتۆتەوە •

نموونە بۆ ئەدەبی کۆن :

موئمین ئەو کەسەن بۆ چە قاڵ

ویش کەمتەر گێرۆ چە ئەدنای ماڵ

( حیلمی ، ل ٨٥ )

نموونە بۆ ئەدەبی نوێ :

یەك لە یەك ڕەشتر زوڵف لەگەڵ پەرچەم

گۆنای گوڵێك بوو لە باخچەدا کەم

( سەی وەهاب ، ل ٨٧ )

وێڕای ئـەو دەستوورە گشتییانەی خۆنواندنی پلـەی بەراورد ، چەند حاڵەتێکی دیش دێتە پێش چاو ، کـە بـە پێویستی دەزانم سەرنجی خوێنەریان بۆ ڕابکێشم :

١ ـ ڕستەی وا هەیە ، ئەگەرچی ئاوەڵناوەکەی نیشانەی ( تـر )ی پێوەیە ، بەڵام پێشبەندی ( لـە )و ئەو شتەی لە گەڵی بەراورد دەکرێ ، تێدا نییە • ئەمیش سێ جۆرە :

أ ـ لە ڕستەکانی پێشتردا ئەو شتەی لە گەڵی بەراورددەکرێ وتراوە • بە نموونە لە دێڕی ( ٩ ـ ١٠ )ی کتێبی « لە خەوما »دا وتراوە : « ئەویش وتی باشە ، بـەڵام جارێ هـەر لیرەکان بگۆڕینەوە باشترە » • ڕاسـتە لەم ڕستەیەدا ئاشکرا نییە کە گۆڕینەوەی لیرە لە گۆڕینەوەی چ دراوێکی دی چاکترە • بەڵام لە دێڕی ( ٧ ـ ٨ )دا ناوی « بانقەنەوت »و « هەزار

ڕوپیەیی » براوە ، کەواتە کورتەی وتراوەکە ئەمەیە « گۆڕینەوەی لیرەکان لە بانقەنەوتو هەزار ڕوپیەیی چاکترە » •••

(ب) لە ڕستەکانی پێشتردا ، ئەگەرچی ئەو وشەیە یان ئەو دەستەواژەیە یان ئەو ڕستەیەی لە گەڵی بەراورددەکرێ دەقاودەق نەوتراوە ، بەڵام بە شێوەیێکی تر نیشان دراوە • بە نموونە لە لاپەڕە (٥٠)ی هەمان کتێبدا قارەمانی چیرۆکەکە بە دوورو درێژی باسی ئەوە دەکات ، کە بە پەیدابوونی هەندێ پیاوی زاناو تێگەیشتوو دڵی خۆشدەبێ ••• و ئنجا لە دوا دێڕدا دەڵێ : « هەتا ئەهات ئومێدم زلتر ئەبوو » • بێ گومان دیارە خاوەنی ئەو وتانە مەبەستی ئەوەیە بڵێ : « هەتا ئـەهات ئومێدم لە ئومێدی جاران زلتر ئەبوو » •

قارەمانی هەمان چیرۆك لە لاپەڕە ( ٣٢ )ەوە تا کۆتایی لاپەڕە (٣٤) بەسەرهاتو لێقەومانو نەگبەتیو تەنگوچەڵەمەو نەهاتی خۆی دەگێڕێتەوەو لە کۆتاییدا دەڵێ : « خوا لەوە خراپتر نەدا » • لێرەدا (لە) پێشبەندەکەیەو (وە)ش کە کورتکراوەی ( ئەوە )یە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو بەسەرهاتەکە •

(ج) ئەو شـتەی بەراوردەکەی لەگەڵ دەکرێ لە هیـچ شوێنێکدا نەوتراوە ، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەیە • بەوێنە لە دێڕی (٦)ی لاپەڕە (٥٣)ی بەرهەمی ناوبراوی مامۆستا جەمیل صائیبدا وتراوە : « وا چاکە ئەم ئیشانە سەعاتێك زووتر جێبەجێ بکرێ »و پێشتریش هیچ ئیشارەتێك نییە بـۆ ئەوەی « ئەو ئیشانە » لە کاتی خۆی دوا خرابێ یان پێویست بێ لەپێش وەختدا جێبەجێ بکرێن ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەرۆکدا دیارە کـە مەبەست وایە : « وا چاکە ئەم ئیشانە ( لە کاتی خۆی ••• ) زووتر جێبەجێ بکرێن » •

٢ ــ شێوە بەراوردێك هەیە هەردوو شتە بەراوردکراوەکەی تێدایە ، بەڵام پێشبەندی (لە) نییەو ئامرازی ( یا ، یان ، یانە ، یاخود •••) بەشداری

دەکات : ئەمیش دوو چەشنە :

(أ) ئەوانەی ئاوەڵناوەکەی نیشانەی (تر) وەردەگرێ •

وەك :

نەسرین جوانترە یان لانە •

ڕاوی کەروێشکێ خۆشترە یانە ئەو ماچانە •

( تحفهء مظفریه ، ب ۱ ، ل ۳۵۵ )

(ب) ئەوانەی ئاوەڵناوەکەی نیشانەی (تر)ی ناچێتە سەر ، وەك :

ڕوومەتی کاکە مەم زەریفە ، یان چراو فەنەرە

( تحفهء مظفریه ، ب ۱ ، ل ۲۲۸۵ )

•• هتد •

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروووش‌دا هەر (تر) نیشانەی پلەی بەراوردە ، بەڵام پێشبەندی ( ژ ) لە جێی (لە) دێت •

نموونەیێك :

مە ژ زولفێن د بوتان ڕشترە بەخت

سەحەران تێت پەری پێ نـە حسێن

( جزیری ، ل ۳۲۰ )

شەڕ ژ بێکاری‌یێ چێترە

( کوردۆ ، ل ۲٤۰ )

هەبی نەبی چو ژ خودێ‌و پێغەمبەرا مەستر نەبی

( خالید حسەین ، ل ۷ )

••• و گەلێکی تر •

لـــه دیالێکتی کرمانجیی ژووررووش‌دا ، هەروەك دیالێکتی کرمانجیی خواروو ، ئەوەش بەدی دەکرێ ، کە ئاوەڵناوەکە بکەوێتە نێوان دوو بەشە بەراورد کراوەکەوە • وەك :

دەوێ جیربانذی چێترە ژ ماسێ نە جیربانذی

( کوردۆ ، ل ٢٣٥ )

لەم دیالێکتەش‌دا هەروەك لە دیالێکتی خوارووداد ، ئەو شێوە بەراوردە هەیە ، کە ئامرازی ( یا ، یان ••• ) لە بریتی پێشبەندی ( لە ) بەشداری دەکات • وەك :

ئەز جاترم یان تۆ ؟

( خالید حســەین ، ل ٢٦ )

لە بەشە دیالێکتەکانی کوردەکانی سۆڤێت‌دا هەندێ جار بەبێ پێشبەندی (ژ) بەراوردەکە پێك‌دێ ــ واتە (ژ) بەشداری ناکات .• وەك :

❋ کەچکا من کەچکا تە ڕندترە[٢٤]

❋ نیاز من ڕندتر لۆ دکە
❋ ڕێ‌یا تە ئی مە درێژترە
••• هتد[٢٤] •

لە تەك ئەو ڕێگە مۆرفۆلۆژی‌یەدا ، ڕێگەی لێکسیکی‌ش هەیە ، کە بە هۆی وشەی (دها)وە[٢٥] سازدەبێ .• وەك :

ئەز قیزا دها بەدەو بخوەزم

ــ واتە ( من کچێکی پتر جوانم بوێ )[٢٦]

لە بەشە دیالێکتی کوردی ئەرمەنستان‌دا وشەکانی ( ژ ، هێ ، داها /

دها )و له بەشه دیالێکتەکانی تری کوردەکانی سۆڤێتدا ( ژه ، هی ) لەگەڵ پلەی چەسپیو دێنو پلەی بەراورد پێك دێنن • لەم بارەدا پێشبەندی (ژ/ژه) له پێش ئەو وشەیەوه دادەنرێ که بەراوردەکەی لەگەڵدا دەکرێو وشەکانی ( هێ ، هی ، داها / دها له پێش ئاوەڵناوەکەوه •

وەك :

* ئەو ئی ژ ته ئاقله ( ئەو پتر له تۆ ئاقله ـ ئەو له تۆ ئاقڵتره ) •
* ئەلەگەز بڵنده لێ ئێگرداغ هێ بلنده ( ئەلەگەز بڵنده ، بەڵام ئاگریداغ پتر بلنده ـ ئەلەگەز بڵنده ، بەڵام ئاگریداغ بڵندتره ) •
* ناها مه رِند دژین ، لێ سبا ئەمه هێ ( داها/دها ) رِند بژین ( ئێستا ئێمه باش دەژین ، بەڵام سبەینێ پتر باش بژین ـ ئێستا ئێمه باش دەژین ، بەڵام سبەینێ باشتر بژین ) •
* ئەم سالا ۱۹٦۰ دها رِند بخەبتن ( ئێمه له سالی ) ۱۹٦۰دا پتر باش کاردبکەین ( ـ ئێمه له سالی ۱۹٦۰دا باشتر کاردبکەین ) •

••• هتد[۳۷]

له زمانی ئەدەبیی کوردیدا پلەی باڵاش هەروەك پلەی بەراورد له دوو رِێگەوه رِۆدەنرێ :

۱ ـ رِێگەی مۆرفۆلۆژی ، که ئەویش به یارمەتی نیشانەی ( تر + ین ←←← ترین ) سازدەبێ • واته یان (ین) دەخرێته سەر رِێژەی پلەی بەراورد یان (ترین) دەخرێته سەر پلەی چەسپیو • وەك : جوانترین ، ئازاترین ، ناسکترین •••

ئەمەویٚ کە دەرچووم لەم دیٚیە بەیانی
خاتیرەم هەلگریٚ جوانترین نیشانی !

( گۆران ، ل ٢٦ )

کاتیٚ نیشانەی (تر) یاخود ( تر + ین ) دەخریٚتە سەر وشەییٚك ، هەندیٚ دیاردەی فۆنەتیکی دیٚتە گۆڕیٚ :

١ ــ ئەگەر وشە کۆتایی بــە دەنگی (ت) بیٚتو دەنگی پیٚشیشیەوە نەبزوێن ، ئەوە لە دەربڕیندا یەکیٚك لەو دوو (ت)ە ــ واتە (ت)ی کۆتایی وشەکە یان (ت)ی سەرەتای نیشانەکە ــ قووت دەدریٚ • ئەمەش بەر یاسای کورتکردنەوەو تیٚداچوون[٢٨] دەکەویٚ • وەك :

کورت + تر ( تر + ین ) ⟵ کورتر ، کورترین
پت[٢٩] + تر ( تر + ین ⟵ پتر ، پترین
درشت + تر ( تر + ین ) ⟵ درشتر ، درشترین
ڕاست + تر ( تر + ین ) ⟵ ڕاستر ، ڕاسترین
خەست + تر ( تر + ین ) ⟵ خەستر ، خەسترین

٢ ــ بیٚتو وشــە کۆتایی بە دەنگی ( ت ) بیٚتو دەنگی پیٚشیشیەوە بزوێن یان نەبزوێنی ( و ــ W )و ( ی ــ Y ) بوون ، ئــەوە هەردوو ( ت )ەکە دەوترێن • وەك :

( ا ) : مات + تر ( تر + ین ) ⟵ ماتتر ، ماتترین
( ە ) : بلیمەت + تر ( تر + ین ) ⟵ بلیمەتتر ، بلیمەتترین
( وو ) : پەڕپووت + ( تر + ین ) ⟵ پەڕپووتتر ، پەڕپووتترین
( و ) : قوت + تر ( تر + ین ) ⟵ قوتتر ، قوتترین

( ی )       : زیت + تر ( تر + ین ) ⟵ زیتتر ، زیتترین
( ێ )       : شێت + تر ( تر + ین ) ⟵ شێتتر ، شێتترین
(و      ) :چەوت + تر ( تر + ین )⟵ چەوتتر ، چەوتترین •
••• هتد •

٣ ـ ئەگەر وشە کۆتایی بە دەنگی ( د ) بێت ، ئەوە لە دەربڕیندا ( د )ەکە ناوترێ • هۆی ئەمەش کاسۆرکردنە یان تواندنەوە[٣٠] •
وەك :

زیاد + تر ( تر + ین ) ⟵ زیاتر ، زیاترین

بلند + تر ( تر + ین ) ⟵ بلنتر ، بلنترین
توند + ( تر + ین ) ⟵ تونتر ، تونترین
سارد + تر ( تر + ین ) ⟵ سارتر ، سارترین

٤ ـ یێتو وشە کۆتایی بە دەنگی ئاوازەداری ( ز ، ژ ••• ) بێ ، ئەوە کپ دەبن و وەك ( س ، ش ••• ) دەوترێن • لێرەدا بەر یاسای تواندنەوە دەکەون • وەك :

بەرز + تر ( تر + ین ) ⟵ بەرستر ، بەرسترین

تیژ + تر ( تر + ین ) ⟵ تیشتر ، تیشترین

٥ ـ ئەگەر وشەیێك کۆتایی بە هەر دەنگێکی بزوێن یان نەبزوێـن (جگە لە ت ،د،ز،ژ) بێت ، ئەوە بێ هیچ گۆڕێنێك « تر ( تر + ین ) » وەردەگرێ ، وەك :

گەورە + تر ( تر + ین ) ⟵ گەورەتر ، گەورەترین

سپی + تر ( تر + ین ) ⟵ سپی‌تر ، سپی‌ترین
ماندوو + تر ( تر + ین ) ⟵ ماندووتر ، ماندووترین
••••••
خراپ + تر ( تر + ین ) ⟵ خراپتر ، خراپترین
سوور + تر ( تر + ین ) ⟵ سوورتر ، سوورترین
تەڕ + تر ( تر + ین ) ⟵ تەڕتر ، تەڕترین
پیس + تر ( تر + ین ) ⟵ پیستر ، پیسترین
باش + تر ( تر + ین ) ⟵ باشتر ، باشترین
پاك[٣١] + تر ( تر + ین ) ⟵ پاکتر ، پاکترین
تاڵ + تر ( تر + ین ) ⟵ تاڵتر ، تاڵترین
نەرم + تر ( تر + ین ) ⟵ نەرمتر ، نەرمترین
جوان + تر ( تر + ین ) ⟵ جوانتر ، جوانترین
خاو + تر ( تر + ین ) ⟵ خاوتر ، خاوترین

••• هتد •

ئەو ڕێگە سەرەکی‌یە ( واتە ــ ڕێگەی مۆرفۆلۆژی ) ، کە لە زمانی ئەدەبیی کوردی‌دا فۆرمی پلەی باڵا ڕۆدەنێ‌و لێی دواین ، لە ناوچەی موکریان[٣٢] وسۆران ••• یش‌دا بە هەمان شێوە دەبینرێ •

٢ ــ ڕێگەی لێکسیکی • ئەمیش دوو جۆری هەیە :

(أ) بەیارمەتی وشەی « هەرە »و ئاوەڵناو لە پلەی چەسپیودا • وەك :
هەرە شیرین ، هەرە ئازا ، هەرە گەورە •
ئازاد کوڕی هەرە گەورەی مام بارامە

(ب) بە یارمەتی دەستەواژەی وەك ( لە هەموو ( هەمووشت ) ، لە هەموان ، لە تەواویان ، لە سەرپاکیان ، لە سەرتاپایان ، لە گشت ، لە

تێکرا ...)و ئاوەڵناو لە پلەی بەراورددا .

نموونە :

جگە لەوەش لە هەموو شت خراپتر :

دڵ خاڵی یە ، کوورەم تیا نی‌یە ئاگر ،

( گۆران ، ل ١١٥ )

لە هەموان پێشتر ســای سینە سافان

مخدومی ( معدوم ) مەولەوی جافان

( پیرەمێرد ، ل ٢٤٤ )

ئەو دوو جۆرەی ڕێگەی لێکسیکی ، کە لە زمانی ئەدەبی‌دا هەیەو لێی دواین ، بە هەمان چەشن لە بەشە دیالێکتی موکریان‌و سۆران ... یش‌دا دەبینرێ .

نموونە :

بەزمی ئەمشەو لە هەموو شەوان زیاترە

( تحفەء مظفریە ، ب ١ ، ل ١٨٦ )

ئەمنیش یەکم لەوان عالەمان ، خۆدەگرم ، لە هەموان کەمتر

( تحفەء مظفریە ، ب ٢ ، ل ٣٤٢ )

نیشانەی ( تر + ین ⟵ ترین ) ، کە لە بەشە دیالێکتەکانی سلێمانی‌و موکری‌و سۆران ...دا نیشانەی پلەی باڵایە ، لە شێوەی هەورامان‌دا لە وێنەی (تەر + ین ⟵ تەرین)دا بەدەردەکەوێ[٣٣] ، وەك (کەمتەرین...) .

نموونە :

هەر گاە جە ڕووی لوتف ، زوڵفان عەنبەرین

ئــەر پەرسی ، ئــەحــواڵ ، بەندەی کەمتەرین

( صەیدی ، ل ١٦١ )

لـه ئـەدەبی کۆنی کاکەییەکانیش‌دا ، هەروەك ناوچەی هەورامان ( تەرین ) بەکارهێنراوە •

نموونە :

مەعلووم جە فـیرقـەی گوناهکارانم
کـەلب کـەمتەریـن قاپی یـارانـم
( حیلمی ، ل ٣٦٠ )

لە بەشی هەرە گەورەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا نیشانەیێکی مۆرفۆلۆژی تایبەتی نی‌یە ، کـە پلەی بالآی پێ رۆبنرێ(٣٤) ، بۆیە ئـەو مەبەستە بە ڕێگەی لێکسیکی سازدەبێ • ئەم ڕێگە لێکسیکی‌یەش بە هۆی چەند وشەیەکەوە پێك‌دێ :

( أ ) بە یاریدەی وشەی « هـەرە »وە ، کـە لە پێش ئاوەڵناوی چەسپیوەوە دێت • ئەمەش ڕێگەی هەرە باوەو لە زوربەی زۆری دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا دەبینرێ •

چەند نموونەیێك :
ئەحمەدێ خانی مێرەکی هەرە مەزن بوو •
نەسرین کەچەکی هەرە جوان و زیرەکە •

( ب ) لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی یەکێتی سۆڤێت‌دا بە هۆی وشەی « لاپ » ەوە کـە هەر مانای « هـەرە » دەگەیەنێ پلـەی بالآ سازدەبێ • وشەی « لاپ »یش هەروەها دەکەوێتە پێش ئاوەڵناوی چەسپیوەوە • وەك :

ئادەمێ لاپ باش ( ئادەمیزادی هەرە باش )
کەچکێ لاپ ڕنـد ( کچی هەرە جوان )(٣٥)

( ج ) لە ناوچەی بادینان « هـەر ێ ، هـەر یا ، هەر یێد » لـە پێش

ئاوەڵناوی پلەی بەراوردەوە بەکاردێنن‌و پلەی باڵا دروست دەبێ • وەك :

هەر یا شیرتر
هەر یا بلنتر(٣٦)

( د ) لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی ئەرمەنستان‌و زمانی ئەدەبی‌یان‌دا « هەری » بـۆ نێرینەو « هەرە » بـۆ مێ‌ینەو بۆ کۆ ، « تەوری » بـۆ نێرینەو « تەورە » بۆ مێ‌ینەو بۆ کۆ ، کە واتای « هەرە » دەگەیەنن ، بـۆ سازکردنی پلەی باڵا بەکاردێنرێن‌و دەخرێنە پێش پلەی چەسپیوەوە(٣٧) •

( هـ ) لە بەشە دیالێکتەکانی کوردەکانی سۆڤێت‌دا بە یارمەتی وشەی وەك : ( حەموو ، حەمووشك ، تەڤ ، تەمام ، گشك ، گشت ، گشتیك ، سافـــك ••• )و پێشبەندی ( ژ ) پلــەی باڵا سازدەبێ(٣٨) • لــەم بارەدا ئاوەڵناوەکە لە پلەی چەسپیودایە • بەڵام لە هەندێ بەشە دیالێکت‌دا ناوەناوە ئاوەڵناوەکە نیشانەی (تر)ی بەراوورد وەردەگرێ(٣٩) ، (٤٠) ••• لە ناوچەی بادینان‌دا بە پێچەوانەوە ئاوەڵناوەکە پتر نیشانەی ( تـر )ی لەگەڵ دێت • وەك :

ڕابە خوە بکــە عەتار••• هندە گوستیلکا بکرە لگەل بازنکا لگەل خوەببە ••• گوستیلەکێ ژ هەمیا جوانترو مەستر ژەهری بکەو •••

( خالید حسەین ، ل ٢٧ )

زوربەی نووسەرانی ڕێزمانی کوردی وایان داناوە ، کە گوایا پلەی بەراوردو پلەی باڵا تەنیا تایبەتن بە ئاوەڵناوی چۆنێتی(٤١) • ئەگەرچی بە زۆری وایە ، بەڵام وردبوونەوەو لێکۆڵینەوە ئەوە ئاشکرا دەکەن ، کـە نەك تەنیا هەندێ ئاوەڵناوی نیسبی ، بەڵکو چەند بەشە ئاخاوتنێکی دیش نیشانەی پلەی بەراوردو پلەی باڵا وەردەگرن •

ئاشـــکراترین پاشـــگر کە یاریدەی ڕۆنانی سیفەی نیسبی بـدات ،

پاشگری ( ی )یە • ئەم پاشگرە کاتێك دەچێتە سەر ناوێکی سادە دەیکاتە ئاوەڵناوێکی دارێژراوو واتای نیسبی دەگەیەنێ ، وەك (کورد + ی ←——— کوردی،جیهان + ی ———← جیهانی•••) • جا بەتایبەتی نیشانەی ( تر ) بــە ڕەوانی دەچێتە سەر ئەو جۆرە وشانەو دەوترێ ( کوردیتر ، جیهانیتر••• )

ئەو جۆرە ناوانەش ، کە واتای چۆنێتیو دەلالەتی شت نیشاندەدەنو بە تایبەتیش ئەوانەیان کە دوو واتا دەبەخشن ــ واتە بۆ ناوو بۆ ئاوەڵناو بەکاردێنرێن ــ دیسان بە ئاسانی نیشانەی ( تر ) یان ( ترین ) وەردەگرن[٤٢] ، وەك : بیابان ، گومان ، پیاو ، کەر ، سەگ ••• هتد •

چەند نموونەیێك :

هەچ کوێ ئەچین بیابانتر
جێگای ترســو گومانتر
( گۆران ، ل ١٠٨ )

هەندرێن لە ئازاد پیــاوترە •

هەندرێن پیاوترین کەسی ئەم گەڕەکەیە •

هەروەها جێناوی خۆیی ( خۆ )و جێناوی چەندێتی ( چەند )و جێناوی نەفی ( هیچ )•••یش دەتوانن ئەو نیشانەیە وەربگرن •

وێڕای ئەو سێ پلەیە ( چەسپیو ، بەراورد ، باڵا )ی ئاوەڵناو ، هەروەها دیاردەی هێزپێدانو بێهێزکردن ، گەورەکردنو بچووككردنەوە ، بــەرز و نزم کردنەوە••• ی ڕادەی چۆنێتی ئاوەڵناویش هەیە ، کە ئەویش لە زمانی کوردیدا لە چەند ڕێگایەکەوە سازدەبێ :

١ ــ بە یاریدەی هەندێ پێشگر •

بەنموونە لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووداپاشگری ( کەلە ، ۆکە ، ۆلە ، ۆڵ ••• )و لە دیالێکتی کرمانجیی ژوورووداپاشگری ( ۆتانکی ،ۆکی، ۆلەکی••• ) • وەك :

کەلە ــ جوانکەلە

ۆکە ــ گێلۆکە
ۆڵە ــ نەرمۆڵە
ۆڵ ــ شڕۆڵ
...هتد .
ۆتانکی ــ ڕەشۆتانکی
ۆکی ــ زەرکۆکی
ۆڵەکی ــ سۆرۆڵەکی
...هتد .

٢ ــ بە هۆی دووپات کردنەوەی ئاوەڵناوەکەوە . ئەمیش چەند جۆرێکە :

(أ) دووپات کردنەوەی ئاسایی .

ئەم حاڵەتە لە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردیدا وەك یەك دەبینرێن. وەك :

ڕەش ڕەش

بەرامبەر بە تۆ دوو چاوی ڕەش ڕەش
کە ناز ئەفرۆشن بە کەچ نیگای گەش !...
( گۆران ، ل ١٥٤ )

جوان جوان

چەمی تانجەرۆی سەردەمی نیسان
پڕە لە وێنەی سروشتیی جوان جوان ،
( گۆران ، ل ١٧٧ )

(ب) دووپات کردنەوەیێك کە یەکەم بەش پاشگری (ی) وەردەگرێ. ئەم حاڵەتەش تەنیا لە دیالێکتی ژووروودا هەیە ، وەك :

سۆری سۆر

ڕەشی ڕەش
ساری سار
... هتـد .

(ج) دووپات کردنەوەیێك کە هەردوو بەشەکە پاشگر وەربگرن . بەشی یەکەم پاشگری (ی) وەردەگرێو دووەمیش (ۆتانکی) . ئەمەش تایبەتە بە بەشە دیالێکتی کوردەکانی ئەرمەنستان . وەك :

سۆری سۆرۆتانکی
ڕەشی ڕەشۆتانکی

( د ) لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ژمارەیێك ئاوەڵناو هەیە لە کاتی دووپاتکردنەوەدا بەشی دووەم پاشگری ( ی ، کی ، ۆکی ) وەردەگرن . ئەو دووپاتکردنەوەیەی بە یاریدەی ئەو پاشگرانە سازدەبن لە ڕووی واتاوە هیچ جیاوازییان نییـە . تێـکڕایان پلەی بەرزی چۆنێتی ڕادەگەیەنن . وەك :

سـۆر ــ سـۆری
سـۆر ــ سـۆرکی
سـۆر ــ سـۆرۆکی
تال ــ تالی
تال ــ تالکی
تال ــ تالۆکی
... هتد[٤٣] .

٣ ــ دانانی وشەی وەك ( زۆر ، فرە ، هێند ، هێندە ، پڕ ، چەند ، چەندە، یەکجار ، گەلێ ، گەلێك ، گەلە ، گەلەك ، دەها ، کەم ، پچ ، پچێك ،پچەك..) لە پێش ئاوەڵناوەکەوە .

سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی

بـه دارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی
( گۆران ، ل ١٢٧ )

پێستی ڕوومەتیان هێندە ئەستوورە
تـەڕیو تەریقی زۆر لـەوان دوورە
( پیرەمێرد ، ل ٢٤٢ )

پڕبلندە ئاستانا دەورەیێ
دێ بلندکە نالیا فریاد من
( پەرتۆیێ هەکاری ، ل ١٧٩ )

مالەك گەلە زەنگین هەبی ...
( خالیـد حسەیـن ، ل ١٦ )

شەمامەی چەند شیرینە
هەردووك لە باغەل دەنێ
( فۆلکلۆر ، ل ٨٤ )

بەژنی چەندە بڵندە
مامزی گـەرمەڵانێ
( فۆلکلۆر ، ل ٨٤ )

...و گەلێکی دی .

ئەنجام :

١ ـ لە زوربەی زمانەکانی جیهاندا ئاوەڵناو سێ پلە ( ١ ـ چە سپیو ، ٢ ـ بەراورد ، ٣ ـ باڵا )ی هەیە و لـە زمانی کوردی‌یشدا هەر بـەو چەشنە یە .

٢ ـ لـەبـەر ئـەوەی هەموو پلەکانی ئاوەڵناو هـەر یـەك شت نیشان دەدەن ، بۆیە ڕاست نی‌یە وەك وشەی جیا جیا تەماشا بکرێن ـ واتە

وشەی نویّ ڕۆنانین ، بەڵکو فۆرمی جۆربەجۆری یـەك وشە دەردەبڕن • کەوابوو مەسەلەکە وشەگۆڕی‌یە ، نەك وشەڕۆنان ••• جا ڕاست نی‌یە ، کە هەندیّ لـەو کارانەی لەبارەی ڕێزمانی کوردی‌یەوە نووسراون ، کێشەی « پلەکانی ئاوەڵناو »یان لە بەشی « وشەڕۆنان »دا باس‌کردووە •

٣ ــ لە هەرسیّ فۆرمی پلەکانی ئاوەڵناودا مەبەست هەر یەك دەلالەتە ، بەلاّم جیاوازیی پلەی بەراوردو پلەی بالاّ لەگەڵ پلەی چەسپیودا ، ئەوەیە ئەوان خاسیەتی نیسبی‌یان تێدایە • پلەی بەراوردو پلەی بالاّ شتێك بەجیـا نیشان نادەن ، بەڵکو نیشانی بەراوردیان دەدەن لەگەڵ شتی تردا •

( نیسبی‌یەت ) واتای پلەی بەراوردو پلەی بالاّ یەك دەخاو پێکەوە بەرانبەر پلەی چەسپیو ڕایاندەگریّ • بە واتایێکی‌دی سیّ پلەی ئاوەڵناو لە یەك ڕادەدا نین : بەگشتی دۆخی پلەی ئاوەڵناو دابەش دەبیّ بەسەر پلەی چەسپیوو پلەی نیسبی‌دا • هەرچی پلەی نیسبی‌شە دابەش دەبیّ بـە سەر پلەی بەراوردو پلەی بالاّدا •

٤ ــ لە سەرەتادا جیاوازی لـە نێوان پلەکانی ئاوەڵناودا لـە زمانە هینـدو ئەوروپا کانْدا بەند بـوو بە حاڵەتی تاكو جووتو کۆوە • پلەی چـەسپیو پێـوەندی‌یێکی دیاری‌کراوی بـە ژمارەی تاکـەوە هەبوو • پلەی بەراورد تاکو ئێستا لە هەندیّ زمانْدا ماوەتەوە ، بەتایبەتی پێوەندیی کۆی پلەی بەراورد بە ژمارەی جووتەوە •

٥ ــ لە زمانی کوردی‌دا پلەی چەسپیو ئاوەڵناوێکی ڕووتەو هیچ نیشانەیێکی مۆرفۆلۆژی نی‌یە •

٦ ــ لـە زمانی کوردی‌دا بۆ ڕۆنانی پلـەی بەراورد دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە :

یەك ــ ڕێگەی مۆرفۆلۆژی ، کە ئەویش لە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی ( کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی خواروو )ی کوردی‌دا بە یارمەتیی نیشانەی ( تر ) سازدەبیّ ، کە دەخرێتە سەر ئاوەڵناوی چەسپیو • نیشانەی بەراورد

لە شێوەی هەورامانو ئەدەبی زووی کاکەیی‌یەکاندا لە وێنەی ( تـەر )دا بەدەردەکەوێ • لەو ڕستەیەش‌دا کە بەراوردی تێدادەکرێ لـە کرمانجیی خوارووداپێشبەندی ( لە )و لە کرمانجیی ژووروودا پێشبەندی ( ژ ) دەخرێتە نێوان ئەو دوو وشەیەوە یان ئەو دوو دەستەواژەیەوە یان ئەو دوو ڕستەیەوە ، کە بەراورد دەکرێن • ئـەو پێشبەندە لە بەشـە دیالێکتی هەورامان‌دا لـە شێوەی ( جە )و لە ئەدەبی زووی کاکەیی‌یەکان‌دا لە وێنەی (چە)دا دەبینرێن•

دوو ــ ڕێگەی لێکسیکی • ئەمیش لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووداب ە یارمەتیی وشەی وەك ( پتر ، زیاتر ، زۆرتر ، کەمتر•••• ) سازدەبێ‌و لـە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بە هاریکاریی وشەی ( دها )وە پێك‌دێ •

وێڕای ئەو دەستوورە گشتی‌یانەی خۆنواندنی پلەی بەراورد ، چەند حاڵەتێکی دیش دەبینرێن :

( أ ) ڕســتەی وا هەیە ، ئەگەرچی ئاوەڵناوەکەی نیشانەی ( تــر )ی پێوەیە ، بەڵام پێشبەندی (لە ، ژ •••)و ئەو شتەی لەگەڵی بەراورد دەکرێ ، تێدا نی‌یە •

( ب ) شێوە بەراوردێك هەیە هەردوو شتە بـە بەراوردکراوەکـەی تێدایە ، بەڵام پێشبەند نی‌یەو ئامرازی ( یا ، یان ، یانە ، یاخود ) بەشداری دەکات •

٧ ــ لە زمانی ئەدەبیی کوردی‌دا پلەی باڵاش هەروەك پلەی بەراورد لە دوو ڕێگەوە ڕۆدەنرێ :

یـەك ــ ڕێــگەی مۆرفۆلۆژی ، کە ئەویش بـە یارمەتیی نیشانەی ( تر + ین ⟵ ترین ) سازدەبێ • واتە یان ( ین ) دەخرێتە سەر ڕێژەی پلەی بەراورد یان ( ترین ) دەخرێتە سەر پلەی چەسپیو • ئەو نیشانەیە لـە شێوەی هەورامانو ئەدەبی زووی کاکەیی‌یەکاندا لە وێنەی ( تەر + ین ⟵ تەرین )دا بەدەردەکەوێ •

دوو ـ ڕێگەی لێکسیکی • ئەمیش دوو جۆرە :

( أ ) بە یارمەتیی وشەی « هەرە »و ئاوەڵناو لە پلەی چەسپیودا •

( ب ) بە یارمەتیی دەستەواژەی وەك ( لە هەموو ، لە هەموو شت ، هەموان ، لە تەواویان ، لە سەرپاکیان ، لە سەرتاپایان ، لە گشت ، لەتێکڕا••• ) •

لە بەشی هەرە گەورەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا نیشانەیێکی مۆرفۆلۆژیی تایبەتی نی‌یە ، کە پلەی باڵای پێ ڕۆبنرێ ، بۆیە ئەو مەبەستە بە ڕێگەی لێکسیکی سازدەبێ • ئەم ڕێگە لێکسیکی‌یەش بە هۆی چەند وشەیەکەوە پێك‌دێ :

( أ ) بە یاریدەی وشەی « هەرە »ەوە ، کە لە پێش ئاوەڵناوی چەسپیودا دێ •

( ب ) لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی سۆڤیەت‌دا بە هۆی وشەی « لاپ »ەوە ، کە هەر مانای « هەرە » دەگەیەنێ •

( ج ) لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی ئەرمەنستان‌و زمانی ئەدەبی‌یان‌دا « هەری » بۆ نێرینەو « هەرە » بۆ مێینەو بۆ کۆ ، « تەوری » بۆ نێرینەو « تەورە » بۆ مێینەو بۆ کۆ ، کە واتای « هەرە » دەگەیەنن •

( د ) لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی سۆڤیەت‌دا بەیارمەتیی وشەی وەك : (حەموو ، حەموو شك ، تەڤ ، تەمام ، گشك ، گشت ، گشتێك ، سافك•••) •

(ه) لە ناوچەی بادینان‌دا بە یارمەتی « هەر یێ ، هەر یا ، هەر یێد •••»

٨ ــ زوربەی نووسەرانی ڕێزمانی کوردی وایان داناوە ، کە گوایا پلەی بەراوردو پلەی باڵا تەنیا تایبەتن بە ئاوەڵناوی چۆنێتی • ئەگەرچی بە زۆری وایە ، بەلاّم لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەمان ئاشکرا کردووە ، کە نەك

تەنیا هەندێ ئاوەڵناوی نیسبی ، بەڵکو چەند بەشە ئاخاوتنێکی دیش نیشانەی پلەی بەراوردو پلەی باڵا وەردەگرن •

٩ ــ وێڕای ئەو سێ پلەیە ( چەسپیو ، بەراورد ، باڵا )ی ئاوەڵناو ، هەروەها دیاردەی هێزپێدانو بێهێزکردن ، گەورەکردنو بچووك کردنەوە ، بەرزو نزمکردنەوە•••ی ڕادەی چۆنێتی ئاوەڵناویش هەیە ، کە ئەویش لە زمانی کوردیدا لە چەند ڕێگەیەکەوە سازدەبێ •

( أ ) بە یاریدەی هەندێ پێشگر •
( ب ) بە هۆی دووپاتکردنەوەی ئاوەڵناوەکەوە •
( ج ) دانانی وشەی وەك ( زۆر ، فرە••• ) لە پێش ئاوەڵناوەکەوە •

١ ــ بۆ نموونە :

أ ــ نووری عەلی ئەمین ، گرتنی کەلێنێکیتر لە ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٣٤ ــ ٣٥ •

ب ــ محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٩ •
•••و هەندێکیتر •

٢ ــ بەوێنە :

ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمانو زانستەکانی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٨٧ ــ ٨٩ :

أ ــ ڕای مامۆستا صادق بەهائەدین ، ل ٨٧ •
ب ــ لێکدانەوەی د• نەسرین فەخری ، ل ٨٧ •
ج ــ بۆچوونی مامۆستا نووری عەلی ئەمین ، ل ٨٩ •
•••و گەلێکیتر •

٣ ـ ئا• ئی• سامیرنیتسکی ، مۆرفۆلۆژیی زمانی ئینگلیزی ، مۆسکۆ ،
١٩٥٩ ، ل ١٥٦ ـ ١٥٧ •
٤ ـ هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٨ •
٥ ـ لە وتارێکی دیدا بە درێژی لەو جۆرە حاڵەتانە دەدوێین •
٦ ـ سەرچاوەی ناوبراو ، ئی • ئا • سامیرنیتسکی ، مۆرفۆلۆژیی زمانی
ئینگلیزی ، ل ١٥٩ •
٧ ـ بڕوانە :
أ ـ ن• م• لێمپێل ، زمانی لاتینی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ١١٦ ـ
١٢٤ •
ب ـ ڤ• ن• یارخۆ ، ڤ• ئی• لۆبۆدی ، زمانی لاتینی ، چاپی
دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ٥٢ ـ ٥٥ •
٨ ـ ئی• ئۆ• کۆستیتسکایا ، ڤ• ئی• کارداشێڤسکی ، ڕێزمانی
فەرەنسی ، چاپی حەوتەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ٤٦ ـ ٤٨ •
٩ ـ ئی• ئا• گولانۆڤ ، مۆرفۆلۆژیی زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، چاپی
دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ١٠٢ ـ ١٠٤ •
١٠ ـ لە هیندی کۆن‌دا دەبێتە « یەس ، یانس » •
١١ ـ لە هیندی کۆن‌دا بووە بە « یشتهە » •
١٢ ـ لە هیندی کۆنیش‌دا هەر « تەرە »یە •
١٣ ـ س• ن• سۆکۆلۆڤ ، زمانی ئاوێستا ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ ، ل ٤٢ ـ
٤٣ •
١٤ ـ ڤ• س• ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ،
١٩٦٦ ، ل ٥٣ ـ ٥٤ •
١٥ ـ ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی ، تهران ،
١٣٤٣ ، ل ٥٦ ـ ٥٧ •
١٦ ـ ڤ• ئا• فورۆلۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٣٠ •

١٧ ــ بینیمان لــه زمانەکانیدیدا ( تــر ) نیشانەیە ، بەلام لــە پشتودا پێشبەندە •
١٨ ــ ن• ئا• دڤوریانکوڤ ، زمانی پشتو ، موسکو ، ١٩٦٠ ، ل ٤٠ •
١٩ ــ ئەم ڕێگەیە دەشێ پێشی بوترێ شێوەی سادە یان شێوەی ڕۆنراو •
٢٠ ــ باسی شوێنی هاتنی پێشبەندی ( لە ) لە باری پلەی بەراورددا لای نووسەرانی ڕێزمانی کــوردی بــە جۆری جیاواز دەربــڕاوە • بەوێنە :

د• قەناتی کوردۆ دەڵێ : «••• ( لە ) دەکەوێتە پێش ئەو ناوەی پلەی زمتری پێ دەبەخشرێ » (د• قەناتی کوردۆ ، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیو سۆرانی ، بەغدا ، ١٩٨٤ • د• کوردستان موکریانی لە ڕووسیەوە کردوویە بــە کوردی ، ل ١٠٥ ) • لــە بارەی ئەم دەربڕینەی مامۆستا کوردۆوە سێ سەرنج نیشاندەدەین :

١ ــ ڕاست نییە وا دەرببڕێ ، کــە ئــەو وشەیەی بەراوردەکەی لەگەڵدا دەکرێ دەبێ ناو بێ ، چونکە هەندێ بەشە ئاخاوتنی دیش ، وەك ( جێناو ، چاوگ ، ژمارە •••) دیسان لە نێوانیاندا بەراورد دەکــرێ • وەك :

تۆ لە من ئازاتری
ڕۆیشتن لە ڕاکردن خۆشترە
پێنج لە چوار زیاترە

٢ ــ نەك مەرج نییە ئەو شتەی بەراوردەکەی لەگەڵ دەکرێ هــەر ناوبێ ، بەلکو مەرج نییە وشەیەکیش بێ ، چونکە وەك ئاشکرایە ، دەشێ دەستەواژەیێك یاخود ڕشتەیەکیش بێ • بە نموونە :

نەسرین لە هەزار پیاوی ترسنۆك باشترە •

نەسرین لە ئەو پیاوانەی هەمیشە نووستوون باشترە •

٣ ـ ڕاستە ، کە دەوترێ « ئازاد لە نەوزاد ئازاترە ، نەسرین لە لانە جوانترە ••• » ئەوە پلەی زمتر بە وشەی دووەم دەبەخشرێ ـ واتە بە « نەوزاد »و « لانە » ـ جا ئەمە وا ناگەیەنێ ، کە هەمیشە پلەی زمتر بە وشەی دووەم دەدرێ • وەك دەزانین ، ئاوەڵناوی واش هەیە پلەی زمتر بدا بە وشەی یەکەم ، نەك دووەم • بە نموونە ئەگەر بوترێ « ئازاد لە نەوزاد ( سووکترە ، زمترە ، پیسترە ، خراپترە ، گێلترە••• ) ، نەسرین لە لانە ( ناشیرینترە ، وشکترە ، چەوتترە ، سستترە••• ) » ، ئەوە وشەی یەکەم ـ واتە « ئازاد »و « نەسرین » ـ پلەی زمتریان پێدراوە •••

کەواتە وشەی یەکەم نە مەرجە هەر ناو بێ و نە مەرجیشە هەمیشە پلەی زمتر بە وشەی دووەم ببەخشرێ •

لە کتێبی قوتابخانەکاندا لەبارەی شوێنی پێشبەندی (لە)وە نووسراوە : « ( لە ) دەخرێتە نێوان هەردوو ناوەکەوە » ( زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٦٩ ) • دەربارەی ئەم دەربڕینەش دوو تێبینی دەخەینە پێش چاو :

١ ـ بەڵێ لە ڕستەی وەك « دارا لە ئاری باشترە »دا پێشبەندی (لە) نێوان هەردوو ناوەکەدایە ، بەڵام ئەگەر بوترێ « دارا کوڕێکی چاکەو یارمەتی هەژاران زۆر دەدات و لە ئاری باشترە » ، ئەوە ناکەوێتە نێوان دوو ناوەکەوە ، بەڵکو دەکەوێتە پێش ناوی دووەم • یێتو بوترێ : « پیاوی ئازا لە پیاوی ترسنۆك باشترە » ، ئەوە دەکەوێتە نێوان دوو دەستەواژەوە ••• هتد •

٢ ـ ئەگەرچی باشە دانەران لە پەراوێزدا ، ئەوەیان وتووە ، کە « دەتوانین لە جێی دوو ناوەکە ، ڕاناویش بەکاربهێنین » (ل ٦٩) ، بەڵام

وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە ، دەشێ هەندێ بەشە ئاخاوتنی دیش بەکاربهێنرێ .

د ــ کەریمی ئەیووبی‌و د. ئی . ئا . سمیرنۆڤا ( دیالێکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ ، ل ٣٩ )و د. نەسرین فەخری‌و د. کوردستان موکریانی ( ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٢ ، ل ٩٢ )و د. زارێ یووسف ( دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨٥ ، ل ٣٨ ) ... وایان دەربڕیوە ، کە (لە) دەکەوێتە پێش ئەو ناوەی بەراوردەکەی لەگەڵ دەکرێ . ئەم نووسەرانەش کەوتوونەتە دوو هەڵەوە :

١ ــ وەك وتمان ئەو وشەیەی بەراوردەکەی لەگەڵ دەکرێ ، مەرج نی‌یە هەر ناو بێ‌و بەڵکو دەشێ ( جێناو ، چاوگ ، ژمارە ... ) ش بێت .

٢ ــ بەشی دووەمی بەراوردەکە نەك هەر مەرج نی‌یە ناو بێ ، بەڵکو مەرج نی‌یە وشەیەکیش بێ ، چونکە هەڵکەوتی زمانی کوردی ئەوە نیشان دەدا کە ئەو شتەی بەراوردی لەگەڵدا دەکرێ ، دەشێ لە دەستەواژەیێك یان ڕستەیەکیش پێکهاتبێ .

(٢١) لەم بەشە دیالێکتانەش‌دا ، هەروەك زمانی ئەدەبی ، ئەو حاڵەتەش دەبینرێ ، کە ئاوەڵناوەکە بکەوێتە نێوان دوو بەشە بەراوردکراوەکەوە . بە نموونە :

مامەکە هەیە لە زووری
سەری گەورەترە لە ( هووری )
( فۆلکلۆر ، ل ١٢ )

(٢٢) ئەم ڕێگەیە دەشێ پێشی بوترێ ڕێگەی نادە یان شێوە وەسفی .

(٢٣) محەمـەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٨٨ •

(٢٤) بڕوانە : د• چەرکەزی بەکۆ ( باکاییڤ ) ، زمانی کوردەکانی سۆڤیت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ١١٧ •

(٢٥) شایانی باسە ، د• قەناتی کوردۆ باسی ئەو جۆرە بەراوردەی کردووە ، بەڵام لەوەدا باش بۆی نەچووە ، کە دەڵێ :

لە کرمانجیی خوارووداا لە بڕیتی (دها) وشەی ( هێشتا ) ئەو دەورە دەبینێ ( د• قـەناتی کوردۆ ، ڕێزمانی کوردی بـە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیو سۆرانی ، بەغدا ، ١٩٨٤ • د• کوردستان موکریانی لە ڕووسیەوە کردوویە بە کوردی ، ل ١٠٥ ) • هۆی ئەم هەڵەیەش ئەوەیە ، کە وشەی ( دها ) لە کرمانجیی ژووروودا دوو مانای سەرەکی هەیە : (١ ــ هێشتا ، ٢ ــ زیاتر ، پتر ) • جا نووسەر ئەگەر مانای دووەمی ( دها )ی وەربگرتایە ، ئەوە تووشی ئەو هەڵەیە نەدەبوو •

(٢٦) د• قەناتی کوردۆ کە ئـەو نموونەیـەی کردووە بە دیالێکتی خواروو ، وتوویە : « من کچەکەی هێشتا جوانم دەوێ » •

(٢٧) بڕوانە : د• چەرکەزی بەکۆ ( باکاییڤ ) ، زمانی کوردەکانی سۆڤیت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ١١٧ ــ ١١٨ •

(٢٨) بـۆ وەرگرتنی زانیـاری لەبارەی یاسـای کورتکردنەوەو تێداچوونەوە ، بڕوانە : د• ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٥٤ •

(٢٩) واتای : کەم ، تۆز ، پچ ••• دەگەیەنێ •

(٣٠) بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی یاسای کلۆرکردنو تواندنەوەوە ،

بڕوانه : د• ئەورەحمانی حاجی مارف ، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ١١٨ — ١٢٧ •

(٣١) بەڵام وشـەی (چاك) لە تێـوانیان‌دا بێژۆکە و زۆرجار دەنگی (ك) ەکەی قووت دەدرێ‌و دەوترێ ( چاتر ، چاترین ) •
وەك :

پۆستبەکۆلی ( عامیری ) فەرمووی کەوا بۆ پوختە بوون
جەوتی سـەرکێوان گەلێ چاتر لە ( تالی شـــاری )یە
( نالی ، ل ٥٨٠ )

بێ دیتن‌و بێ واسطە چاتر لە من‌و تۆ
هیچ کەس نی‌یە نەیناسێ ئەگەر شێتە ئەگەر ژیر

بە خەندێکی دلی بیماری ئەو چاوانە مەشکێنە
لە ئەم گوڵقەندە مەحروومم مەفەرموو بەلکو چاتر بم
( وەفایی ، ل ٥٥ )

ئێستا ئەمن چلۆن وەدەربکەوم ؛ بۆ هیچ شاران ناچێ ڕێگایە •
وەرە ، میر بمکوژە ؛ چاتـرە گەردنت بێ خـۆش‌و ئازایە ؛
( تحفەء مظفریە ، ب١ ، ل ٣٨٠ )

دەنگی (ك)ی وشەی (چاك) وەنەبێ هەر لە باری وەرگرتنی نیشانەی ( تر ، ترین )دا تێدابچێ ، بەلکو ئەو دیاردەیە لە باری ئاساییش‌دا دەبینرێ •
وەك :

شیعری من کامیان چا بێ

ئەم جا بێ فرمێسك نابێ

( گۆران ، ل ١٠٤ )

(٣٢) د. کەریمی ئەیووبی‌و د. ئی . ئا . سمیرنۆڤا لە لاپەڕە (٣٩)ی کتێبی « دیالێکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ »دا دەڵێن : «ئاوەڵناو کە لە پلەی باڵادا بێ‌و بە یارمەتی پاشگر ( ڕاستتر ــ نیشانە ــ ئەوڕەحمان)ی (ترین) پێکهاتبێ دەوری دیارخەر دەبینێ‌و دەچێتە پێش ناوەکەوە ، وەك : گەورەترین شاری یەکێتی سۆوێت مەسکەوە » . دەبوو نووسەرانی ئەو کتێبە ، وشەی ( دەشێ ، دەلوێ ... ) لەگەڵ ئەو ڕستەیاندا دابنێن ، چونکە مەرج نی‌یە هەمیشە ئاوەڵناوەکە پێش بکەوێ‌و وەك ئاشکراشە ، تەنانەت لەو نموونەیەدا کە کردوویانە بە بەڵگەی ئەو ڕایەیان ، ڕەنگە وا ڕەواتر بێ ، کە ناوەکە پێش بخرێ‌و بوترێ : « مەسکەو گەورەترین شاری سۆوێتە » .

(٣٣) بڕوانــە : محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٨٨ .

(٣٤) لە ناوچەی بادینانی کوردستانی عیراقدا نیشانەی ( تر + ین ⟵ ترین ) بەکاردێنرێ . ( بڕوانە : ١ ــ د. مەکسیمی خەمۆ ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق کتێبی «وڵاتان‌و میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیك‌و ناوە ڕاست » ، ب ٧ ، یەریڤان ، ١٩٧٥ ، ل ٣٣١ ؛ ٢ ــ ئەدەبی‌یاتی ئەو ناوچەیە . بۆ نموونە :

ئەڤ چوە پارستنە مەسیرێن هێزە

( خالید حسەین ، ل ٤ )

(٣٥) بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، د. چەرکەزی بەکۆ ( باکاییڤ ) ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، ل ١١٩

(٣٦) بڕوانــە : د. مەکسیمی خــەمۆ ، زمانی کوردەکانی بادینانی

کوردستانی عێراق ، ل ۳۳۱ •

(۳۸) بڕوانه : سەرچاوەی ناوبراو ، د• چەرکەزی بەکۆ ، زمانی کوردەکانی سۆڤیێت ، ل ۱۲۰ ــ ۱۲۱ •

(۳۸) هەمان سەرچاوه ، ل ۱۲۱ •

(۳۹) هەمان سەرچاوه ، ل ۱۲۱ ــ ۱۲۲ •

(٤٠) له شێوەی کەلهوڕیش‌دا هەروەك دیالێکتی ژووروو به دەگمەن نیشانەی (ترین) بەکاردێنرێ • بۆ سازکردنی ڕێژەی پلەی بالاّ به زۆری دەستەواژەی ( له گشت ، له هەمگ ••• ) دەور دەبینێ • وەك :

وەیس‌مرا له گشت ( له هەمگ ••• ) پیاگەیل دێکەگەمان گەوراتره •

(٤١) بەوێنه :

( أ ) نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ۱۹٦۰ ، ل ۱۱٤ ــ ۱۱٦ •

(ب) عەبدوللاّ شاڵی‌و ••• ، زمان‌و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، بەغدا ، ۱۹۷٦ ، ل ٦۸ •

( ج) د• قەناتی کوردۆ ، ڕێزمانی کوردی ( به کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو‌و خواروو ) مۆسکۆ ، ۱۹۷۸ ، ل ۸۰ ــ ۸۲ (به زمانی روسی)؛ ل ۱۰۵ ــ ۱۰۷ ( به زمانی کوردی ) •

••• و هەندێکی تر •

(٤۲) شایانی باسه د• چەرکەزی بەکۆ باسی ئەو حاڵەتەی کردووه • بڕوانه : سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۱۲۲ •

(٤۳) شایانی باسه مامۆستا قەناتی کوردۆ باسی ئەو دیاردانەی کردووەو منیش له باسی ئەو کێشەیەدا کەڵکێکی زۆرم له کارەکەی ئەو وەرگرتووه

( بڕوانــه : د. قەناتی کوردۆ ، دەستووری زمانی کوردی بـەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروووو خواروو ، مۆسکۆ ، ۱۹۷۸ ، ل ۸۱ ــ ۸۲ ) .

لێرەدا به پێویستی دەزانم پەنجه بـۆ ئەوەش ڕابکێشم ، کـه د. کوردستان موکریانی گەلێ بەندی ئەو باسەی به هەڵەو ناتەواویو شێواوی وەرگێڕاوەته سەر زمانی کوردی . بەوێنه د. قەناتی کوردۆ له بەندی (۱۰۲)دا دەڵێ : « بەهێزکردن یان ناســککردنی ڕادەی چۆنێتیی ئاوەڵناو به هۆی دووپاتکردنەوەی ئاوەڵناوەکەوه یان پاشگر خستنه سەری ئەنجام دەدرێ » ( به زمانی ڕووسی ، ل ۸۱ ) . کەچی د. کوردستان بەو جۆرەی خوارەوەی وەرگێڕاوه : « به هێزترین پلەی ئاوەڵناوی چۆنی ، ئەو ئاوەڵناوەیه ، که سوفیکی ئەوەڵناوی لەگەڵدا بـەکار دەهێنرێت » ( بـه زمانی کوردی ، ل ۱۰٦ ) ...

❊ ★ ❊

## پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣ | ماهشەرەف‌خانم « مەستوورە »ی ئەردەڵانی « بەشی یەکەم » |
| | « وەرگێڕانی د. حسن جاف‌و شوکور مستەفا » |
| | **عەبدوڕڕەزاق بیمار** |
| ٥٥ | سەرنجێك لە هۆنراوەی ئەحمەدی |
| | **د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر** |
| | بارودۆخی کوردستان‌و گەلی کورد لە سەدەی ١٦ هەم‌دا « شوکور مستەفا |
| ١١٥ | لە ئازەربایجانی‌یەوە کردوویە بە کوردی » «بەشی‌دووەم » |
| | **د. زەنوون محەمەد پیریادی** |
| ١٨٠ | لێکۆڵینەوەکانی پیری |
| | **عبداللطیف عبدالمجید بۆ لەچاپدانی ئامادەکردووە** |
| ٢٠٧ | لاس‌و خەزاڵ |
| | **د. عبدالستار طاهر** |
| | کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبە کوردی‌یەکان لە نیو سەدەدا ـ ١٩٠٨ ـ |
| ٢٧٠ | ١٩٥٨ |
| | **محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی** |
| ٣٣١ | خانەقین لە مێژوودا |
| | **د. ئەوڕەحمانی حاجی‌مارف** |
| ٣٥٦ | پلەکانی ئاوەڵناو لە زمانی کوردی‌دا |

## الفهرست


| الموضـوع | الصفحة |
|---|---|
| ماهشرف خانم « مستوره » الاردلانية تاريخ اردلان « القسم الاول » | ٣ |
| **( ترجمة د. حسن الجاف وشكور مصطفى )** | |
| **عبدالرزاق بيمار** | |
| ملاحظات حول منظومة « احمدى » | ٥٥ |
| **د. شمسى محمد اسكندر** | |
| اوضاع كردستان والشعب الكردى في القرن السادس عشر « ترجمة شكور مصطفى من الآذربايجانية » « القسم الثانى » | ١١٥ |
| **د. ذنون محمد پيريادى** | |
| بحوث حول الشيخوخة | ١٨٠ |
| **عبداللطيف عبدالمجيد** | |
| « بيت لاس وخزال » ( اعداد للطبع ) | ٢٠٧ |
| **د. عبدالستار طاهر شريف** | |
| الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ ــ ١٩٥٨ | ٢٧٠ |
| **محمد جميل الروزبيانى** | |
| خانقين في التاريخ | ٣٣١ |
| **د. عبدالرحمان معروف** | |
| مراتب الصفة فى اللغة الكردية | ٣٥٦ |

١٠٠٠ دانه لەم ژمارەیە لەچاپدراوە
لێبوونەوە لە چاپ لە ١٩٨٨/١/٢٥دا

دانەی بە دوو دینارو نیوە

له کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە ١١٨ی ساڵی ١٩٨٨ی دراوەتێ

# مجلة المجمع العلمي العراقي
# « الهيئة الكردية »

**THE JORNAL OF THE IRAQI ACADEMY**
**(( KURDISH CORPORATION ))**

**المجلد الثامن عشر والتاسع عشر**
**١٩٨٨**

VOLUME 18 , 19
1988

**ثمن النسخة ديناران ونصف**

---

مطبعة المجمع العلمي العراقي

**بغداد**